# کورتە مێژووی مرۆڤ



وەرگێڕان و نووسینی لە ئاڵمانییەوە: نادر فەتحی بۆکانی (شوانە)

www.rojhalat.de www.bokan.de

# کورتە مێژووی

# مرۆڤ



**وەرگێڕان و نووسینی لە ئاڵمانییەوە: نادر فەتحی بۆکانی (شوانە)**

**گەڵاڕێزانی ساڵی ٢٠٢٠**

www.rojhalat.de - www.bokan.de

redaktion@rojhalat.de

## پێرست:

**پێش گوته:** ........................................................ ٧
نووسراوکانی کاك "نادر فەتحی (شوانە)" لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان..... ١٢
زانستی ئێمە سەبارەت بە گەردوون ........................................ ١٩
مەکان(شوێن، جێگا) و کات ........................................ ٢٨
کوانتوم یا تیئۆری وردیلەکان........................................ ٣٧
لێککشانەوەی گەردوون........................................ ٤٦
ڕێگایەکی لێڵ و نا شەفاف ........................................ ٥٢
ماکەکان و هێزی سرووشتی........................................ ٥٥
چاڵی ڕەش ........................................ ٦٣
ڕابردوو و چارەنووسی گەردوون ........................................ ٦٩
تەرمە ژێرزەوییەکان ........................................ ٨٥
گرنگایەتی گەورەیی مێشك ........................................ ٨٨
گرنگایەتیی ئاگر و "سیستەمی زنجیرە خواردەمەنیی" ........................................ ٩٣
شوێنەوارەکانی هۆمۆ ساپیەن........................................ ٩٥
گەشەسەندن و ژیانی مرۆڤی هۆمۆ ساپیەن ........................................ ٩٩
ژیانی بە کۆمەڵ ........................................ ١٠٤
مۆتاسیۆنی ژێنێتیکی........................................ ١٠٧
نهێنیی سەرکەوتوویی مرۆڤی هۆمۆساپیەن ........................................ ١١٠
مێژوو و بیۆلۆژی ........................................ ١١٢
چۆنییەتی ژیانی "مرۆڤی سەردەمی بەرد" ........................................ ١١٥
پێکهاتنی یەکەمین کۆمەڵگاکان........................................ ١١٩
ژیانی ڕاوکەر و کۆکەر بە پێی ناوچە و کات ........................................ ١٢٣
یەکەمین کۆمەڵگای پێشکەوتووی سەردەمی بەرد ........................................ ١٢٦
پێکهاتنی خوڕافات و ئایین........................................ ١٢٨

شەڕخواز یا ئاشتییخواز؟ ............................................................ ١٣٢
بێدەنگی مرۆڤی سەردەمی بەرد ............................................................ ١٣٥
رۆڵی مرۆڤ لە هەنبەر تووناکردنی چەشنەکان ............................................................ ١٣٧
کۆچی مرۆڤی هۆمۆساپیەن بۆ قوڕنەی ئەمریکا ............................................................ ١٤١
مرۆڤ، گەورەترین مەترسییە بۆ ئاژەڵ و ژینگە ............................................................ ١٤٤
شۆڕشی ئابووریی ............................................................ ١٤٧
دەستپێکی ژیانی مودێرن ............................................................ ١٥٥
شۆڕشی ئاسوودەخوازی ............................................................ ١٦٠
قوربانیانی گەشەسەندن ............................................................ ١٦٣
دروستکردنی دوڕگەی چێکراو ............................................................ ١٦٧
بیرکردنەوەی مرۆڤ لە داهاتوو ............................................................ ١٧٠
دۆزینەوەی ڕێك و پێکیی ............................................................ ١٧٣
باوەڕ، کێو لە جێی خۆی هەڵدەقەنێ ............................................................ ١٨١
ڕێکوپێکی چلۆن پێکهاتووە؟ ............................................................ ١٨٣
جێگای پاشەکەوتکردنی مێشکی مرۆڤ سنووردارە ............................................................ ١٨٨
خەت و نووسراوە ............................................................ ١٩١
پەرجۆی بورۆکراسی ............................................................ ١٩٤
زمانی ژمارەکان ............................................................ ١٩٦
مێژوو دادگەر نییە ............................................................ ١٩٨
دروستبوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان وەك بازنەیەکی شەیتانی ............................................................ ٢٠٢
کۆمەڵگا جیاوازەکان، ژن و پیاو ............................................................ ٢٠٧
جنسییەتی کۆمەڵایەتی و بیۆلۆژیکی ............................................................ ٢١١
هێزی ماسوولکە ؟! ............................................................ ٢١٤
"ژێن" و باوك سالاری ............................................................ ٢١٧
یەکگرتوویی مرۆڤایەتی، "تیری مێژوو" ............................................................ ٢١٩
تێکدانی دنیا بچووکەکانی سەر زەوی ............................................................ ٢٢٢
دوورەدیمن و دوورنمای جیهانی ............................................................ ٢٢٦

www.rojhalat.de / www.bokan.de
بۆن و چێژی "پارە"........................................................................ ٢٢٩
لە ڕاستیدا "پارە" چلۆن کار دەکا؟ .................................................. ٢٣٢
کارتێکەریی "زێڕ و پارە" لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگاکان.................................. ٢٣٥
بەهای پارە ............................................................................ ٢٣٨
ئارەزووی فەرمانڕەوایی.................................................................. ٢٤٠
خەڵکانی ناوچەی فەرمانڕەوایی ئیمپراتورییەکان ........................................ ٢٤٣
یەکەم ئیمپراتۆرییەکان ................................................................... ٢٤٧
هەموو لەژێر میچێکدا ...................................................................... ٢٤٩
تواندنەوەی نەتەوەکان لەناو ئیمپراتۆرییەکاندا .......................................... ٢٥١
حاکمی دادپەروەر و حاکمی دیکتاتۆر ................................................... ٢٥٤
ئیمپراتۆری نوێی جیهانی ................................................................... ٢٥٦
یاسای ئایین................................................................................ ٢٥٨
بێ دەنگیی و بێ دەستەڵاتی ئاژەڵی دەستەمۆکراو ....................................... ٢٦١
سەردانەواندن بۆ بوت و خوداکان چ سوودێکی هەیە ..................................... ٢٦٤
یەکتا پەرەستی (تەك خودایی) ........................................................... ٢٦٧
بەربەرەکانی نێوان چاکە و خراپە........................................................... ٢٧٠
یاسای سرووشتی ............................................................................ ٢٧٤
مرۆڤ و باوەڕ................................................................................ ٢٧٩
نهێنیی سەرکەوتوویی ....................................................................... ٢٨٥
شۆڕشی زانستیی ............................................................................ ٢٩٠
میکرۆئورگانیزمەکان و شۆڕشی زانستیی..................................................... ٢٩٣
کارتێکەریی سیاسی و ئابووری لەسەر شۆڕشی زانستیی..................................... ٢٩٥
جیاوازیی زانستی دوێنێ و ئەوڕۆ ........................................................... ٢٩٨
زانست، هێزە ............................................................................... ٣٠١
پێشکەوتوویی ئیدیال ........................................................................ ٣٠٤
پڕۆژەی گیلگامێش ......................................................................... ٣٠٦
پەرجۆی زانست ............................................................................. ٣٠٩
پەیوەندی نێوان زانست و ئیمپراتۆری ..................................................... ٣١٢

بۆچی ڕاست ئورووپا بووە زلهێز؟ ........................................................ ٣١٦
هەڵس و کەوتی سەرکەوتوویی........................................................ ٣٢١
نەخشەی جوگرافیایی وڵاتان........................................................ ٣٢٤
هێرشکاری بۆ سەر دنیای دەوروبەر ........................................................ ٣٢٧
زمان و نووسراوەی لەبیرکراو........................................................ ٣٣١
ئایینی سەرمایەداریی ........................................................ ٣٣٥
تۆپەڵە بەفرێك کە بەردەوام گەورەتر دەبێتەوە........................................................ ٣٣٩
لەژێر ناوی سەرمایەداری ........................................................ ٣٤٣
جەهەنەمی سەرمایەداریی ........................................................ ٣٤٦
ڕەوڕەوەی ئابووریی ........................................................ ٣٥٠
پەرجۆی وزە........................................................ ٣٥٣
دەریایەك لە وزە ........................................................ ٣٥٦
شۆڕشی پیشەسازیی و کاردانەوەکانی ........................................................ ٣٦٠
کڕین و فرۆشی دنیای ئەمڕۆ........................................................ ٣٦٤
شۆڕشێکی بەردەوام ........................................................ ٣٦٧
سەردەمی مودێرن ........................................................ ٣٧٠
کۆتایی پێهاتنی بنەماڵە و پەیوەندایەتی کۆمەڵگاکان........................................................ ٣٧٣
کۆمەڵگای چێکراو و دۆزراوەی دەستی مرۆڤ ........................................................ ٣٧٨
بەرەو پێشچوونی بەردەوام........................................................ ٣٨١
ئاشتی و ئاسایش لەمرۆدا ........................................................ ٣٨٤
ڕووخانی ئیمراتۆرییەکان........................................................ ٣٨٧
ئاشتی ئەتۆمی........................................................ ٣٨٩
بەختەوەرانە تا ڕۆژی کۆتایی پێکەوە ژیانیان دەکرد ........................................................ ٣٩٣
چلۆنایەتی پێوانی بەختەوەری ........................................................ ٣٩٧
بەختەوەریی کیمیایی........................................................ ٤٠٣
مانای ژیان........................................................ ٤٠٨
خۆت بناسە........................................................ ٤١١

www.rojhalat.de / www.bokan.de

کۆتایی پێهاتنی سەردەمی مرۆڤی هۆمۆساپیەن ........................................ ٤١٥
مشك و مرۆڤ ........................................................................ ٤١٩
گەڕانەوەی نئاندرتاڵەکان ............................................................ ٤٢٣
ژیانی بیۆنیك ........................................................................ ٤٢٦
ژیانێکی جیاواز ...................................................................... ٤٣٠
"یەکتا بوون" Singularity ......................................................... ٤٣٢
گوتەی کۆتایی "لە ئاژەڵەوە بوون بە خودا" ........................................... ٤٣٧

## پێشەکی وەرگێڕ:

نیزیکەی ١٣،٧ ملیارد ساڵ بەر لە ئێستا، بەهۆی تەقینەوەی مەزنەوە، ماکە، وزە، شوێن و کات پێکهاتن. مرۆڤ مێژووی ئەو تایبەتمەندییە سەرەکییانەی ئونیوێرسامی بە "فیزیك" ناودێر کردووە. نیزیکەی ٣٠٠ هەزار ساڵ دواتر ماکە و وزە بە دووقۆڵیی بنەمای ئاڵۆزی ئەتومیان پێکهێنا کە ئەوانیش بوونە هۆی پێکهاتنی مولوکوولەکان. هەروەها مرۆڤ مێژووی ئەتۆم، مولوکوولەکان و هەڵس و کەوت و کاردانەوەکەیانی ناو ناوە زانستی"کیمیا" (شیمی).

٣،٨ ملیارد ساڵ لەوەپێش لەسەر پلانێتی زەوی چەند مولکوولی تایبەت، بە هۆی پەیوەندیی ئاڵۆزی مابەینیانەوە بوونە هۆی پێکهاتنی ستروکتوورێکی ئاڵۆز کە مرۆڤ ناوی 'ئەندام' ی لەسەر داناوە. مێژووی ئەندامەکان بە زانستی"بیۆلۆژی" دەناسرێت . ٧٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستاش ئەو ئەندامانە بوونە هۆی پێکهاتنی ستروکتووری ئاڵۆزی وەك "هۆمۆ ساپیەن" و لە کۆتاییدا دەسپێکێك بۆ گەشەسەندنی فەرهەنگی مرۆڤایەتی کە مرۆڤ ناوی "مێژوو"ی لەسەر داناوە.

مێژووی کولتوور و فەرهەنگی مرۆڤایەتی لە ڕێگەی سێ شۆڕشی مەزنەوە دیاری کراوە. **"شۆڕشی ناسین"** ٧٠هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، کە یەکەمین ڕەوڕەوەی مێژووی وەڕێخست؛ **"شۆڕشی ئابووری"** نیزیکەی ١٢ هەزار ساڵ لەمەوبەر، بووە هۆی گورجکردن و هەڵسووڕانی زیاتری ئەو ڕەوڕەوەیە؛ و **"شۆڕشی زانستیی"** کە نیزیکەی ٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەستیپێکردووە، دەکرێ ببێتە هۆی کۆتایی پێهێنانی مێژوو، یاخود بە پێچەوانە، دەسپێکێکی نوێ بۆ مرۆڤ و مێژووی جیهان.

ئەو نووسراوەیە ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو سێ شۆڕشە چ کاردانەوەیەکیان لەسەر مرۆڤ و دنیای دەوروبەری بووە یاخود لە داهاتوودا دەیانبێت.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

مرۆڤ زۆر پێشتر لە دەسپێکی مێژوو هاتۆتە سەر گۆی زەوی. یەکەمین چەشنی ئاژەڵ کە لە ڕوانگەی بیچم وشێوازەوە زۆر نیزیك بووە لە مرۆڤ، نیزیکەی ٢،٥ ملیارد ساڵ بەر لە ئێستا هاتوونەتە سەر سەکۆی ژیان. بەڵام بە درێژایی چەندین ملیۆن وەچە نەیانتوانیوە خۆیان لە ئاژەڵەکانی تر جیا بکەنەوە و بە ناچاریی جێگای خەو و راو و ژیانیان لەگەڵ ئەوان بەش کردووە. ئەگەر ئێمە بمانتوانیبایە بگەڕێینەوە ٢ ملیۆن ساڵ پێش ئێستا و پیاسەیەك بە لێرەوارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئافریقادا بکەین، ڕەنگە تووشی چەندین گرووپ مرۆڤ بوایەین کە لە ڕوانگەی بیچم و شێوازی جەستەیان زۆر لە ئێمە چووبان. دایکانی پەشێو، کۆرپەکانیان لە باوەش گرتبێ و منداڵان لە قوڕو چڵپاو دا خەریکی یاریی کردن بن. لە هەر کەنارێکەوە دەنگی پێکدادانی بەرد بیسرابا، کە لاو و کیژەکان بۆ راهێنان یان دروستکردنی کەرەسە و کاری دەستیی، یەکەمین هەنگاوەکان هەڵدێنن و هەوەها زۆر ڕووداوی تریش ... .

ئەو مرۆڤانە وەك ئاژەڵ ژیانیان کردووە، خەمی منداڵ و بنەماڵەکانیان خواردوە و بۆ پاڕاستنی خۆیان و منداڵەکانیان پەیتا پەتا لەگەڵ کارەساتە سرووشتییەکان و ئاژەڵە دڕندەکان بەربەرەکانیان کردوە و ڕەنگە هیچکات بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە ڕۆژێك منداڵەکانیان بتوانن سەفەر بۆ سەر پلانێتی مانگ بکەن، ئەتۆم لێك بڵاو بکەنەوە، کۆدی "ژێن" بکەنەوە یا کتێبی مێژوویی بنووسن.

بوونەوەرناسان گیاندارانیان بە سەر چەندین گرووپدا دابەش کردووە. بە گشتیی ئەو ئاژەڵانەی لەگەڵ یەکتردا جووتگیری دەکەن و منداڵیان دەبێت، خراونەتە ناو گرووپێکەوە. بۆ وێنە ئەسب و کەر، تایبەتمەندییەکانیان زۆر لێك نیزیکە بەڵام وەك نیزیکی جنسیی هیچ تامەزرۆییەکیان بۆ یەکتر نییە مەگەر ئەوی لە لایەن مرۆڤەوە بە زۆری لێك نیزیك بکرێنەوە، بەڵام بەرهەمی ئەو نیزیکییە توانایی منداڵبوونی نابێت. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو دوو ئاژەڵە دوو چەشنی جیاوازن. لە لایەکیتریشەوە زۆر چەشنی سەگ هەن کە وەك شکڵ و بیچم جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتردا هەیە بەڵام توڵەکانیان دەتوانن لەیەکتر ئاوس بن. شێر، بەبر، پڵینگ و زۆر ئاژەڵی تر باوەکوو چەشنەکانیان وەك یەك نین بەڵام دەخرێنە ناو گرووپێکەوە. بە گشتیی بوونەوەرناسان "ناو" ی ئاژەڵ بە دوو وشەی لاتینی ناودێر دەکەن. (ناوی لاتینی یەکەم، گرووپەکە دیاری دەکا و ناوی دووهەم، چەشنی ئاژەڵەکە) بۆ وێنە ناوی شێر ناودێرە بە "پانترا لێۆ" (*Panthera leo*). یا "هۆمۆساپیەن" (*Homo sapiens*) کە

"هۆمۆ' وەك گرووپ بە مانای مرۆڤ و "ساپیەن" بەمانای (زانا)، چەشنی مرۆڤەکە دیاری دەکات.

گرووپەکان دەخرێنە ناو بنەماڵەوە و پێکەوە گرووپیکی گەورەتر پێکدێنن، وەك گرووپی پشیلە کە پیکهاتووە لە شێر، پلینگ و... یا گرووپی سەگ کە هەموو چەشن سەگەکان، رێوی، گورگ و ... هەروەها سرووشتییە کە "هۆمۆساپیەن" یش بنەماڵەی خۆی هەیە. ساڵیانی زۆر مرۆڤ پێی وابوو کە "هۆمۆساپیەن" هیچ پەیوەندییەکی بە ئاژەڵەکانی ترەوە نییە، بە بێ خوشك و برا و دایك و بابە و منداڵی تاقانەی سرووشتە. بەڵام ئەمڕۆ دەزانین کە وا نییە. چ پیمان خۆش بێ و چ نا، ئێمە پەیوەندیی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ بنەماڵەی گەوری "مەیموون-مرۆڤ"وە هەیە. نیزیکترین خزمی مرۆڤ شامپانزەکانن و بەدوای ئەوانیشدا "گوریلا" و "ئۆران ئۆتان" ەکانن کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ نیزیکەی شەش ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا.

بەدوای لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل سەبارەت بە "بۆشایی"، "کات" و بە گشتی "کاکەشان" لە سەر ئەو زانیارییانەی بە شێوەی کتێب یاخود فیلم یا لە ئینترنێتدا سەبارەت بە گەردوون (ئۆنیورسام) بڵاو کراونەوە، هاتمە سەر ئەو باوەڕە کە خۆم لەسەر ئەوبابەتە بە گوێرەی ئەو شتانەی کە هەن و ئەو تیۆریانەی کە تا ئەمڕۆ لەسەر ئەو بابەتە گوتراون و نووسراون، بۆ ئاسانکاری و ڕێکوپێك کردن و کۆ کردنەوەی زانیاری بۆ خوێنەری کورد، چەند لاپەڕەیەك بنووسم.

پێموایە زۆر کەسیتریش هەر وەك خۆم، دایم ئەو پرسیارانە لە میشکیاندابوە کە: گەردوون **لە کوێوە دێ؟ دەستپێکی چۆن و بۆچی بوە؟ ئایا کۆتاییەکی هەیە؟ ئەگەر نا، ئەو کۆتاییە چلۆن دەبێ؟ و ...** و زۆر پرسیاری تریش کە هەموو مرۆڤێکی ئاساییش لەخۆی دەکات. بە بڕوای من ئەو پرسیارانە و دۆزینەوەی وڵامیان پەیوەندی بە هەموومانەوە هەیە. زانستی مودێڕنی ئەمڕۆ وا ئاڵۆز و تێکەڵپێکەڵ بوە کە تەنیا پسپۆڕانی تایبەت بەو دیاردەیە بە یارمەتی بیرکاریی زانستی دەتوانن وەڵام بۆ ئەو پرسیارانە بدۆزنەوە. پسپۆڕان هەوڵ دەدەن ئاکامی کارەکەیان واتە دیاریکردنی چارەنووسی گەردوون بە شێوەیەکی ساکار و بە بێ فورمۆلی ویشکی بیرکاری بۆ

www.rojhalat.de / www.bokan.de
خوێنەران وا بنووسن کە بە بێ زانیاریەکی تایبەت لەسەر زانستی سرووشتی، بتوانن لێی تێبگەن و وڵامی پرسیارەکانیان بدۆزنەوە.

هەر وەك دەگوترێ، ئەو نووسراوە یاخود کتێبانەی، فورمۆلی بیرکاری زۆریان تێدا گونجاندراوە، خوێنەریان کەمە و کەمتر کەس خۆیان لێ دەدات. هەر بەو هۆیە منیش بە نۆبەی خۆم هەوڵی ئەو ئاسانکارییە لەو نووسراوەیەدا دەدەم و جگە لە فورمۆلە بەناوبانگەکەی "ئاڵبرت ئەنشتاین" واتە ($E = mc^2$)، کە ناکرێ چاوپۆشی لێبکردرێ، هیچ فورمۆلێکی تر لەو نووسراوەیەدا ناگونجێنم.

لە حاڵەتی ئاساییدا زۆر کەس لە بابەتی زانستی دوورەپەرێزی دەکەن. پیاو وەبیر وانە ماندووکەرەکانی قوتابخانە دەخاتەوە کە مامۆستا لەسەر تیۆرییەکی ویشکی فیزیك دەدوا! بەڵام ئەوەیکە ئەو جۆرە بابەتانە دەتوانن زۆر سەرنجڕاکێش بن، کەم کەس دەیزانن. لە بڵاوکردنەوەی تەوەرەکاندا، مرۆڤ دەبێ هەمیشە هەوڵی بڵاوکردنەوەی بابەتەکان بە لایەنی چاك و خراپییەوە بدات و بە تایبەت لە ڕاستیی لانەدات. لەو نووسراوەیەدا هەوڵم داوە بە شێوەیەکی سیستماتیك بابەتەکان بەدوای یەکتردا بێنم و هەر بەو هۆیە ڕەنگە تەنیا بەشێك لە نووسراوەکە ئەو مانایە نەگەیێنێت کە وا من دەمهەوێت بە خوێنەری بدەم. هەر بۆیە باشتر وایە خوێنەران هەموو بەشەکانی ئەو نووسراوەیە بخوێننەوە.

ئەو نووسراوەیە بە زمانێکی سادەی لۆژیکەوە لەگەڵتان دەدوێت. بۆ تێگەیشتن لەو نووسراوەیە هیچ پێویست بەوە ناکات خوێنەر زانیارییەکی زۆری سەبارەت بە زانست هەبێت! بە بڕوای من جاری وایە مرۆڤی ئاسایی بۆچوونی لەسەر ڕاستییەکان باشترە لە زانایان. زۆر کەسێش هەن لەخۆیان ڕانابینن لە بەرابەر وتەی زانایاندا ئاخفتن بکەن، ئەگەرچی بە دڵ بۆچوونەکەشیان پێ دروست نەبێت! ئەو شتە سەبارەت بە هەموو بوارەکانیترێش وەك سیاسیی، ئایینی، ئابووری و ... هەر ڕاستە. هەروەها زۆر گرنگە مرۆڤ ئەوشتانەی جا لە هەر بوارێکدا دەیبیستێت، لەپێشدا بە باشی گوێی بۆ ڕابگرێت، هەڵی سەنگێنێت و ئینجا بڕیاری لەسەر بدات. بەداخەوە لە زۆربەی بارودۆخەکاندا باوەڕپێکردنە، نەك تێگەیشتن. ئێمە دەبێ فێربین مێشکی خۆمان بۆ ڕووداوەکان وەکارخەین و ئەو شتانەی وا بۆمان ئاسایی نیین و لێی تێناگەین لەخۆوە نەیانسەلمێنین. بڕواکردنی بەردەوام بە بێ بیرلێکردنەوە، یەك لەو دێوەزمانەیە کە بەرگری لە ئازاد بوونمان دەکات. ئەوە سەلمێندراوە کە هەر کەس لە مێشکی خۆی بۆ

هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوەکان کەڵك وەرگرێت، هەمیشە ئاکامێکی باشتر وەدەسدێنێت. دیارە هیچکام لە ئێمە بێ هەڵە نیین! بەڵام ئەوە زۆر گرنگە کە هەرکام لە ئێمە جێ پێی خۆمان هەبێت و بتوانێن باس لەسەر بۆچوونەکانمان بکەین!

لێرەدا جێگای خۆیەتی ڕێز و خۆشەویستی خۆم بۆ بەڕێز کاك ئەنوەر لە ناخی دڵمەوە دەرببڕم کە بە پێداچوونەوە و ساغکردنەوەی هەڵەکانم یارمەتی داوم و بابەتەکەی بۆ ڕازاندوومەتەوە. دەستی خۆش و هیوادارم لە ژیانیدا سەرکەوتوو و بەختەوەر بێ.

نادر فتحی (شوانە)            گەڵاڕێزانی ساڵی ٢٠٢٠ زایینی " ئاڵمان "

## نووسراوکانی کاك "نادر فەتحی (شوانە)" لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان

**ئەنوەر سوڵتانی**

کاك نادر خزمەتکارێکی بێ دیعایەی میللەتەکەیەتی. من ئەوە بە گوێرەی ئەزموونی کارکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵیدا دەڵێم و هیچ زیادەڕۆییەك نابێت ئەگەر ئەوەی لێ زیاد بکەم کە خەڵکێکی کەمم بینیوە وا پڕ بە دڵ خەریکی کار و خەبات لە پێناو بەختەوەریی گەل و نیشتمانەکەمان بن، بێ ئەوەی ئارەزووی ناودەرکردن و "بە مامۆستابوون" بکەن! ئەوەی نادر لە ماوەی دە پازدەساڵی ڕابردوودا کردوویەتی ئەگەر خەڵکانی دیکە بیانکردایە ئێستا دەیان جار بانگ کرابوونە سمینار و کۆڕ و کۆبوونەوە و سەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکان، بەڵام ئەو بە بێ چاوەڕوانی لە کەس و بێ ئەوەی بیەوێت ناودەربکات، کار و خزمەتی خۆی درێژە پێداوە و هەتا ئەمڕۆش هەر لەو ڕێگا پیرۆزە لاینەداوە.

کاك نادر وەرگێڕ، نووسەر و بەڕێوەبەری ماڵپەڕێکی پێشکەوتنخواز وەك "ڕۆژهەڵات-بۆکان"ە و ئەرکی بەڕێوەبردنی سایتەکە خستوویەتە پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و خوێنەرانەوە. سەرەڕای کاروباری ژیانی ڕۆژانە و بەڕێوە بردنی ماڵپەڕەکەش، خەریکی نووسین و وەرگێڕانی چەندەها بابەتی زانستییە - بوارێك کە کەمتر کەسی دیکە خۆی پێوە ماندوو دەکەن. ئەو بە باوەڕێکی پتەوەوە دژ بە خوڕافات و دیاردە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگا وەستاوە و ئەوەی نووسیویە و لە ئاڵمانییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی، هەمووی ڕوونکەرەوەی زەین و چرای ڕێگای ژیانی سەربەست و کۆمەڵگای ڕەها لە خوڕافە و نەریتی داڕزیوی کوردەوارییە.

بۆ ناسینی زیاتری ئەو کەسایەتییە هەڵکەوتووەی کۆمەڵگاکەمان، با سەرەتا سەیری لیستەی نووسراوە و وەرگێڕاوەکانی بکەین کە لە سەر ماڵپەڕی ڕۆژهەلات بڵاو بوونەتەوە:

چاوخشاندنێك بە لیستەکەدا هەندێك ڕاستیمان بۆ دەردەخات:

**ئا.** هەڵبژاردنی ئەو وتارانە و نووسین یان وەرگێڕانیان بەهەڵکەوت نەبووە، بەڵکوو بیرێکی تیژ و ڕوانگەیەکی ڕوونی سیاسی - کۆمەڵایەتی لەپشت هەڵبژاردنی بابەتەکان و تەرکیز لەسەر ناوەرۆکی هاوبەشیان بووە؛

**ب**.خاوەنی ئەو ڕوانگەیە، بەختەوەریی مرۆڤ و سەرکەوتوویی کۆمەڵگای بە ئامانج گرتووە و هەر بۆیەش توانیویەتی لە ناو سەرقاڵیی ژیان و کاری ڕۆژانەدا کاتی پێویست بۆ خوێندنەوە و وەرگێڕانیان تەرخان بکات؛

**پ**. خاوەنی ئەو ڕوانگەیە ئاگاداری ئەو ڕاستیەش هەیە کە بەربەرەکانی کردنی ئیرتیجاع لە سەردەمی برەوی ئیسلامی سیاسیدا کارێکی هاسان نییە، بەڵام ئەو بوێرانە بەگژ کۆسپەکانی سەر ڕێگای ژیانی ئازاددا چووە و نەترسانە زیانەکانی خوڕافاتی خستۆتە ڕوو- کارێك کە زوربەی ئێمە دەیزانین بەڵام چاوی لێ دەپۆشین!

**ت.** هیچکام لە بابەتی نووسراو و تەرجەمەکراوی ئەو قەڵەمە، عەوام پەسند و بازاڕی نین، بەڵکوو لە هەموویاندا بنەما و ماکی باوەڕە ئیرتیجاعییەکان کراوەتە ئامانج و کۆمەڵگای لە مەترسییەکانی ئاگادار کردۆتەوە.

**د.** باوەڕی قایم بە ڕێبازەکە وایکردووە لە خۆدەرخستن و ناودەرکردن دوور بکەوێتەوە و سەری تەنیا بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەوە گەرم بێت- هەر ئەوەش درێژەدان بە ڕێبازەکەی بۆ گونجاوتر کردووە.

ڕوانین بە نموونەیەکی کەم لە کارەکانی نادردا ڕاست بوونی بۆچوونەوەکانی سەرەوە دەردەخات:

www.rojhalat.de / www.bokan.de

لە سەرەتای کتێبی "ڕاستییەکانی گەشەسەندن" نووسینی مامۆستای زانکۆی فرایبۆرگ ئۆلریش کوتچێرا دا وەرگێڕ بەرپرسیایەتی خۆی بە نیسبەت خەڵك بەم شێوەیە دەردەبڕێت: *"دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە، بە ئەرکێکی گرنگم زانی بۆ زانیاریی لاوانی کورد وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی"* و لە درێژەیدا بەرپرسیایەتییەکی دیکە لە خۆی پیشاندەدات، ئەویش بە نیسبەت نووسەری کتێبەکە و مافی کۆپی ڕایتسی ئەو: *"نامەیەکم بۆ نووسەری کتێبەکە لە زانستگەی فرایبۆرگی ئاڵمانیا نووسی و داوای ئیزنی وەرگێڕانی کتێبەکەم لێکرد. ڕێزدار کووتچێرا بە میهرەبانییەوە قەبووڵی کرد، منیش لە لایەن خوێنەرانی کورد و خۆمەوە سپاسی دەکەم. هیوادارم ناوەرۆکەکەی شایانی کەڵك لێوەرگرتنی خوێنەران بێت."* ئینجا وەڵامی نووسەر ڕادەگەیەنێت کە بۆی نووسیوە: *"...سپاس. ئێوە دەتوانن نووسراوەکەم وەرگێڕن. خۆشحاڵم لەوەی کتێبەکەی منتان پێ باشە، بە هۆی ڕەخنەی توندی من لە هێزی خوڵقێنەر، کتێبەکەم لە لایەن ژمارێك لە خوێنەرانەوە پەسند نەکراوە...."*

باوەکوو هەر ئەو چەند وشەیەی نووسەر ناوەرۆکی کتێبەکەمان بۆ دەردەخات، بەڵام با سەیرێکی کتێبەکەش بکەین و چەند دێڕێکی پێشەکییەکەی بخوێنینەوە بۆ ئەوەی گرنگایەتی کتێبەکەمان بۆ دەربکەوێت: *"لە پەنا کتێبی ئایینی ئینجیل و لە کولتووری دنیای مەسیحیدا، هیچ پەرتووکێك بەڕادەی کتێبی "سەبارەت بە سەرچاوەی چەشنەکان" (On the Origin of Species) ی چاڕلز داروین (١٨٠٩ – ١٨٨٢) نەیتوانیوە کارتێکەری لەسەر <u>بۆچوون و تێگەیشتنی مرۆڤ سەبارەت بە سروشت و دنیای دەوروبەری مرۆڤ</u> هەبێت..."*

ئەوە ڕاست ئەو شتەیە کە وەرگێڕ بە شوێنیدا دەگەڕێت: کارتێکەریی زانایانە لە سەر مرۆڤ و بەتایبەت مرۆڤی کورد، بۆ ئەوەی لە گێژاوی خورافەی ئایینی بێتە دەر و ڕاستەڕێی زانست و ئەندێشە بگرێتەبەر. بۆ ئەم کارەش کتێبێکی دیکە ئامادە دەکات: "کورتە مێژووی مرۆڤ" و لەوێدا هۆکاری پەرەسەندنی 'مرۆڤی ساپیەن' لە نێئاندرتاڵەکانی ناو ئەشکەوت و لە ئەنجامدا باڵاکردن و گەیشتنیان بە پلەی مرۆڤی خاوەن بیری ئەمڕۆیی، بەم شێوەیە دەناسێنێت: "گەورەیی قەبارەی مێشك، خاڵێکە کە مرۆڤ لە هەموو گیانلەبەرەکانی دیکەی ئەم جیهانە جیادەکاتەوە... تایبەتمەندییەکیتر، لە سەر دوو قاچ ڕاوەستان، ڕاست بەڕێدا ڕۆیشتن و ئازادبوونی دەستەکانیەتی... کە کردوویەتە مرۆڤ" ئینجا باسەکە دەگەیەنێتە مەسەلەی سەرهەڵدانی ئایین لە

کۆمەڵگای مرۆڤی خاوەن بیر (ساپیەن) دا و دەڵێ مەرگ بۆ مرۆڤی ساپیەن دیاردەیەکی نەناسراو بوو و لە ئەنجامدا هێزێکی ئەبەدییان بە ڕۆحی مردووەکان دەبەخشی، ئینجا ئەم ئاکامە لە قسەکانی وەردەگرێت: "ئانیمیزم یان باوەڕ بە ڕۆح لە لایەن مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەرەوە، دەبێ وەك سەرەتایەك بۆ دروستبوونی هەزاران باوەڕ، بۆچوون، فەرهەنگ، داب و نەریت و ئایین سەیر بکرێت." واتە ئایین و کەسایەتییەکی خوڵقێنەر هەردوکیان ئاکامی بیرکردنەوەی ساپیەنە سەبارەت بە قۆناغی دوای مردن کە بەهۆی نەبوونی زانستی ئەمڕۆییەوە لە مێشکی خۆیاندا جێگریان کردووە و تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە.

شوێنی ئەو ڕەوتە لە کتێبەکانی دیکەشیدا هەڵدەگیرێت. لە کتێبی "مێژووی دواڕۆژی مرۆڤ"دا، پرسی ڕابردووی مرۆڤی خاوەن بیر شوێنی خۆی دەداتە داچارەنووسی دواڕۆژی ئەو مرۆڤە و ئەو جیهانەی وا لەبەردەستیدایە: "ئایا هومۆساپیەنەکان دەکەونە چ دۆخێکەوە ئەگەر لە داهاتوودا بە هێزی تیکنۆلۆژی، بوونەوەرێکی نوێ (هۆمۆی نوێ) بخوڵقێت کە بە ڕادەی جیاوازیی نێوان هۆمۆساپیەن و نیئاندرتاڵ، جیاوازیی ڕوونی لەگەڵ مرۆڤی ئەمڕۆییدا هەبێت؟"

بۆ کەسێك کە بەو شێوەیە خەمی مرۆڤایەتی دەخوات و سەیری جیهانی دواڕۆژی بە تێکنۆلۆژی ڕێبەرایەتیکراو دەکات، ئاشکرایە لە دواکەوتوویی کۆمەڵگاکەی خۆی ڕەنج بکێشێت و لەبیری پێشکەوتنیدا دەبێت. سەرەکیترین نیشانەی ئەو دواکەوتووییە، واهەیە دوورمانەوە لە زانستی ڕۆژ، درێژەی پەیوەندە کۆنە عەشیرەتیەکان و بەهێزبوونی ئایین بێت. مەسەلەی ئایین و ئەو بەربەستانەی وا لەسەر ڕێگەی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای کوردەوایی داناون، گەلێك هەستیار و بۆ هەندێك کەس بڤە دەنوێنن هەربۆیەش خۆ لە قەرەی نادەن. هۆکارەکەشی ڕوونە: کۆمەڵانی خەڵك بە درێژایی چاردە سەدە لەگەڵیدا ژیاون و خوویان پێگرتووە و بەهۆی بیرکردنەوە لە بەسەرهاتی نادیاری دوای مردن و ئەو ترسەی کە خورافات لەدڵی خستوون و مەترسیی گۆڕەوشار و پردی سیڕات و مالیکی دۆزەخ، دەرەتانی بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زانستییانەی دیاردەکەی بە تەواوەتی لێ سەندوون.

باشە، لە دۆخێکی ئەوتۆدا دەبێ چی بکرێت؟ بۆ ڕووناکبیرێکی بێدەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەویش لە دەرەوەی وڵات، جگە لە ئەرکی ڕوونکردنەوە و هەوڵ لە پێناو بردنی زانست بۆ ناو کۆمەڵانی خەڵك، چی دیکە لە کردن دێت؟

ڕاست لەو بوارە تایبەتەدایە کە کاك نادر ٨ کتێبی لە زمانی ئاڵمانییەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی: "دیاردەی ئایین"، "مێژووی درۆیینی ئایین"، "ئایا مرۆڤ خودای خوڵقاندووە؟"، "قورئان، پەیامی خۆشەویستی، پەیامی ڕق و کینە"، "ئایا هومێدی ڕزگارکردنی ئایینی ئیسلام هەر ماوە؟"، "ئیسلامی فاشیستی"، "قورئان، محەمەد و ئیسلامی فاشیستی"، "محەمەد و تۆڵەسەندنەوە". ئەو، کە خۆی و بنەماڵەکەی پێشینەیەکی ئایینییان هەیە، هیچ کێشەیەکی کەسی لەگەڵ باوەڕی تاکەکەسیی ئیمانداراندا نییە و ئەو کتێبانەش کە تەرجەمەی کردوون لە ڕاستیدا بۆچوونی خەڵکانی دیکەن، بەڵام ئایا ئەرکی ڕووناکبیرێك ئەوە نییە کە سەرچاوەکانی بیر و هزری پێشکەوتووی ڕۆژەڤ بخاتە بەردەستی کۆمەڵگا و بڕیاردانی کۆتایی بسپێرێتە دەستی خەڵکەکە خۆیان؟

ئایا کەسانی وەك حاجی قادری کۆیی، کەماڵ فەوزی، قانع، موفتی پێنجوێنی، شێخ بابای غەوساباد، جەمیل سیدقی زەهاوی، سەیفولقوزات، لاهووتی کرماشانی و گۆرانیش کە پێشڕەو بوون بۆ هێنانی خوێنی تازە بۆ ناو دەمارە وێشکهەڵاتووەکانی کۆمەڵگاکەمان و هەتا ئێستا و بۆ هەمیشەش کۆمەڵگای کوردەواری بە ڕێزەوە سەیریان دەکات، جگە لە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە مەزنە کارێکی دیکەیان کردبوو؟ ئەگەر مەلای گەورەی کۆیە "هەتا مردن بۆ کوردان دەناڵی" و هاواری دەکرد "هەتا شێخێ لە کوردستان بمێنێ / ئومێدی زیندەگانیت قەت نەمێنێ" و ئەگەر جەمیل سیدقی زەهاوی خۆی بە فیدای حەکیمی "عەقڵ' دەکرد و دەیگوت "تەنیا فەرمانی سروشتە من دەجووڵێنێتەوە و هەرگیز لە تاریکایی ڕێگای جیهاندا جگە لە عەقڵ، پشت بە هیچ چرایەك نابەستم و فریوی حۆری و مەعادی مەلایانیش ناخۆم"، ئایا هەمان ئەو کارەیان نەکرد کە نادر ئێستا دەیکات؟ ئایا وەرگێڕان و نووسینی بێ هەست وخوستی ٨ بەرگ کتێبی زانستی لە بواری سەرچاوەکانی سەرهەڵدانی ئاییندا نایسەلمێنێت کە نادریش چۆتە ڕیزی ئەو پێشڕەوانەی کۆمەڵگای کوردەوە؟ ئایا هیچکام لە نووسەران و وەرگێڕانی کوردی هاوسەردەمی ئێمە ئەوەندە بوێر بوون بتوانن لەجیاتی شەڕە پەڕۆ و سووکایەتیکردن بە یەکتر، نەك هەشت بەڵکوو دوو کتێبی ڕوونکەرەوە لەو بوارە

گرنگەدا تەرجەمە بکەن؟ کێی دیکە تا ئەو ڕادەیە سەرەکیترین ئەرکی ڕووناکبیری کوردی سەردەمی ئێمەی بەڕێوەبردووە و پەنجەی ناوەتە سەر ئەو هۆکارە بنەرەتییەی دواکەوتوویی کۆمەڵگاکەمان؟

سەرەڕای ئەو ئامانجە بەرزە، من کە زۆر و کەم، ڕۆژانە یان هەفتانە لەگەڵیدا پەیوەندیم هەیە، هەرگیز نادرم نەبینیوە بە ڕق و کین و نەفرەتەوە سەیری دیاردەیەك و کەسایەتییەکی ناو کۆمەڵگا بکات و لە پشتە سەر سەبارەت بە کەسێك بدوێت، ئەوەش خاڵێکی بەهێزی دیکەی کەسایەتیی ئەو گەورەپیاوە هەڵکەوتووەیە. تەنانەت کاتێ ئەو کتێبانە وەردەگێڕێتە سەر زمانی نەتەوایەتیمان کە بەرپەرچی کۆنەپەرستی و باوەڕی خورافیی ناو کۆمەڵدا دەدەنەوە، هەرگیز هەڵوێستێکی توند وتیژ بەرانبەر بەو باوەڕانە و بانگدەرەکانیان ناگرێت و سووکایەتییان پێناکات؛ بە پێچەوانە کتێبێکی وەك "ئایا هومێدی ڕزگارکردنی ئایینی ئیسلام هەر ماوە؟" تەرجەمە دەکات، کە وتووێژێکی دوو لایەنەی نێوان لایەنگرێك و دژبەرێکی ئایینەکەیە و لەوێدا بایەخ و مافی یەکسان بە مەلای خاوەن ئیمانی موسوڵمان دەدات چی دەیەوێت بیڵێیت، بێ ئەوەی دوور ونزیك بەرگریی لێبکات. ئەوە ئەو دەرسەیە کە من و زۆرکەسی دیکە دەبێ لە شێوازی کارەکانی نادر فێربین و لە جیاتی دەمارگیری و لایەنگریکردنی توندوتیژانە، مەنتیق و عەقڵ بکەینە داوەری نێوان خۆمان و ناحەزانی بیروباوەڕمان.

****

من ئەم چەند دێڕە وەك واجبێکی کەفایی سەبارەت بە کەسایەتییەکی خزمەتگوزاری گەل دەنووسم کە ساڵانێکی زۆر، دوور لە هات و هاواری ڕووناکبیرانە، هێمن و لەسەرخۆ، خەریکی نووسین و وەرگێڕانی ئەو هەموو کتێب و وتارە گرنگانە بووە و لەسەر ماڵپەڕێکیش بڵاوی کردوونەتەوە کە خۆی کارگێڕ و بەرێوەبەریەتی. من ساڵانێکی زۆرە لە پەیوەندی ڕۆژانە و هەفتانەی کاك نادردام، زۆر وتار و زنجیرە بابەتم سەبارەت بە نووسراوە و کتێبی خەڵکانی جۆربەجۆر لە سەر ماڵپەڕەکەی ئەو بڵاو کردۆتەوە بێ ئەوەی ئاماژەیەك بە کارەکانی ئەو بکەم و بێ ئەوەی ئەو کەسایەتییە هەڵکەوتەیەش لێم بڕەنجێت و جارێك پێم بڵێ ئاخر جەنابی ناماموستا! تۆ کە پێتوایە

www.rojhalat.de / www.bokan.de

عەڕش و قوڕش دەگەڕێی بۆ ئەوەی سەرچاوەیەکی سەبارەت بە بۆکانی تێدا بدۆزیتەوە، بۆچی لە بن گوێی خۆتدا کارەکانی من نابینی!

ئێستا کە تاقەتی نووسینم کەم بووە و بەرەو ئەوە دەچم بەتەواوەتی بیوەستێنم، دەمەوێت بە چەند دێڕێکیش بێت پێ لەو هەڵەیە و ئەو ناتەواوییە گەورەیەی کارەکانم بنێم و لەو و لەخوێنەرانی بابەتەکانم داوای لێبووردن بکەم. نادر شایانی ڕێزلێنانی زۆر لە لایەن کۆمەڵگاکەمانەوەیە و من بەم چەند دێڕە بەشێکی کەم لەو ئەرکە بەجێ دەهێنم، ئیتر دوای من چی دەبێت و چی دەکرێت، دەوەستێتە سەر ڕووناکبیرانی بەرپرسی کورد و ئەوانەی وا چێژیان لە نووسراوە و تەرجەمەکانی ئەو وەرگرتووە، دیارە لە پێش هەمووشیاندا نووسەران و هاوکارانی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات-بۆکان؛ بەڵکوو ئەوان لە من واقیعیتر بڕواننە دەوروبەریان.

لەندەن     ١٦ /٥/ ٢٠٢٠

## زانستی ئێمە سەبارەت بە گەردوون

زۆربەی مرۆڤ، ڕۆژ و شەو تێپەڕ دەکەن بە بێ ئەوەیکە بزانن سیستەمی هەتاوی چۆن کار دەکا. بیر لەوە ناکەنەوە چ مکانیزمێك دەبێتە هوی پێکهاتنی ڕۆشنایی هەتاو. جگە لە منداڵەکان کە زانستیان بۆ پرسیارکردنی لەو بابەتانە کەمە، زۆر کەم لە مرۆڤ بیر لەوە دەکەنەوە کە سرووشت بۆ هەیە، بۆچی ئاوایە، ڕابردووی ئێمە و دنیای دەوروبەرمان چۆن بووە، داهاتوومان چێ لێدێت، بۆچی ئێمە ڕابردوومان وەبیردێتەوە بەڵام داهاتوو نا، بۆچی گەردوون هەیە، "چاڵی رەش" چییە و زۆر پرسیاری دیکەش. بەداخەوە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ئەم جۆرە پرسیارانە لە لایەن دایك و باوك و مامۆستای قوتابخانەوە بە هۆی زەختی ئایینەکان زۆر بە پارێزەوە وڵام دەدرێنەوە و لە ڕاستیدا پرسیاری سەبارەت بەو بابەتانە کە بوون و نەبوونی هێزێکی یەکتا دەخاتە ژێر پرسیار، لە کۆمەڵگای ئەوڕۆی ئێمەدا گوێبیستی زۆر کەمە.

گەورە پیاوێك، کە گوایە "بێرتراند رووسل"(Bertrand Russell) ١٨٧٢—١٩٧٠ بووە، جارێك لە کۆنفرانسێکی ئەستێرەناسیدا سەبارەت بە کاکەشان ئاخەفتنی دەکرد. ئەو، وێنەیەك دەخاتە بەرچاوی بەشدارانی کۆنفرانسەکە سەبارەت بە گەڕانی زەوی و بارودۆخی ڕۆژ و هەروەها خولانەوەی ئەستێرەکانی تر و بە گشتی بارودۆخی گالاکسی. دوای تەواو بوونی کونفرانسەکە ژنێکی پیری باڵا بچووك کە لە گووشەیەکی سالۆنەکە ڕاوەستاوە، بە دەنگی بەرز دەڵێ: "ئەوشتانەی ئەمڕۆ باستان لێکرد هیچی وا نییە! لە ڕاستیدا زەوی وەك تۆپ نییە و بەڵکوو تەخت و خڕە وەك ژێرپیاڵە کە لەسەر پشتی کیسەڵێك ڕاوەستاوە". رووسل روی تێدەکا و بە پێکەنینەوە دەڵێ: ئەدی کیسەڵەکە لەسەر چی ڕاوەستاوە؟ پیرەژن وەڵامەداتەوە: کوڕی خۆم، بە لاوێتی و زانستی کاڵی خۆت مەنازە، کیسەڵەکە لەسەر پشتی کیسەڵێکی ترە و هەربەو شێوەیە کیسەڵ لەسەر پشتی کیسەڵە تا بێ کۆتایی!

ئەمڕو بەپێی زانستی نوێ بە هەرکەس بڵێی زەوی لەسەر پشتی کیسەڵ ڕاوەستاوە، سەر ڕادەوەشێنێت و پێت پێدەکەنێت. ئەو تێڕادیویە لە کوێوە دێت؟ سەبارەت بە گەردوون چ دەزانین و ئەو زانستە لە کوێوە هاتوە؟ ئایا لە ڕاستیدا گەردوون دەستپێکێکی هەبووە؟ ئەگەر ئەرێ، ئەوە کەنگێ بوە؟ کات چییە؟ ئایا ئەو "کات"ە تەواوبوونی هەیە؟ زانستی نوێ فیزیك وڵامی هەندێك لەو پرسیارە کۆنانە کە ساڵیانە مرۆڤیان بەخۆوە سەرقاڵ کردوە، دەداتەوە. ڕەنگە لە داهاتوودا وڵامی ئەو پرسیارانە زۆر سرووشتی و ئاسایی بن و مرۆڤی ئەوکات بە زانستی ئەمڕۆی ئێمە پێبکەنێت. بەڵام ئەوە تەنیا داهاتووە، وڵامی هەموو ئەو پرسیارانە "جا هەرچییەك کە هەبێ"، دەداتەوە.

٣٤٠ ساڵ پێش زایین، فیلەسۆفی یوونانی "ئاریستۆتلس" ئەرەستو (Aristoteles) (ساڵی ٣٨٤ پێش زایین تا ٣٢٢ پێش زایین)بۆ قانع کردنی خۆی دوو هۆکاری هێناوەتەوە کە زەوی نابێ تەخت و بەڵکوو وەك تۆپێکی خڕ بێت. **یەکەم**، ئەو بۆی ڕوون ببۆوە کە کاتێ زەوی دەکەوێتە مابەینی ڕۆژ و مانگ، سێبەری زەوی لەسەر مانگ هەمیشە "خڕ" دیارە. ئەگەر تەخت بایە دەبوو سێبەرەکەی جاروبار تەنیا خەتێك بوبایە. و **دووەم**، ئەو پرسیارە کە کاتێك ئێمە سەیری ئاوی دەریا دەکەین و لە دوورەوە کەشتیەك بە ئیمە نزیك دەبێتەوە، بۆچی لە پێشدا چارۆکەی کەشتییەکە دەبینرێت و پاشان کەشتییەکە خۆی وەدیار دەکەوێت. "ئاریستۆتلس" لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکانی تر هەموویان بە دەوری زەویدا دەگەڕێن. بەو شێوەیە کە زەوی لە مابەین و ناوەندی کاکەشان دایە. لە ساڵی ٢٠٠ ی دوای زایین "پتۆلەمیوس" (Ptolemäus) (ساڵی لەدایکبوونی ڕوون نییە و دەبێ ١٦٠ ی زایینی کۆچی دوایی کردبێ) لەسەر ئەو بۆچوونەی "ئاریستۆتلس"، مودێلێکی دروستکرد کە زەوی وەك ناوەند و لە دەوریشی ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکان و پلانێتەکانی(گەرووکەکانی) ناسراوی ئەوکات کە بریتی بوون لە "مێرکور"، "ڤینووس" ، "مارس"، "یوپیتر" و "ساتۆرن" بە دەوریدا دەگەڕان.




لەو مودێلەدا دوورترین تۆخ ئەستێرەکانن کە دەوروبەری زەویان لەپانتاییەکی بێکۆتاییدا لە باوەشی خۆیان گرتووە. ئەو مودێلەی "پتۆلەمیوس" لە لایەن کلیسای مەسیحییەکانەوە وەك وێنەی گەردوون پەسەندکرا و دواتر بەهەشت و جەهەنەمیشیان لە نێوان ئەستێرەکان واتە تۆخی ئاخردا جێکردەوە.

مودێلێکی ساکارتر لە ساڵی ١٥١٤ لە لایەن "نیکۆلاوس کۆپێرنیکۆس"ی (Nikolaus Kopernikus) (١٤٧٣ - ١٥٤٣) لەهستانی پێشکەش کرا، کە سەرەتا لە ترسی سووتاندن بە دەستی مەسیحییەکان، بە شێوەی نهێنی بڵاوی کردەوە. ماوەی نزیکەی ٣٠ ساڵ دواتر، لە ساڵی ١٥٤٣دا، مودێلەکەی بە ئاشکرا بڵاو کرایەوە. ئەو لە مودێلەکەیدا "ڕۆژ"ی لە ناوەند و "زەوی" و پلانێتەکانی دیکەشی لەدەوری ڕۆژ دانابوو کە بە دەوریدا دەخولانەوە. لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو مودێلە بە شێوەیەکی وردتر نزیکەی ١٠٠ ساڵ دوای دروست بوونی ئەو مودێلە و لە لایەن دوو ئەستێرەناسی بەناوبانگی ئەوکاتە "یۆهانس کێپلر"ی (Johannes Kepler) (١٥٧١ - ١٦٣٠) ئاڵمانی و "گالیلە"ی (Galileo Galilei) (١٥٦٤ - ١٦٤٢) ئیتالیاییەوە، درێژەی پێدرا. ساڵی ١٦٠٩، کاتێك "گالیلە" بە تلەسکۆپەکەی چاوی لە ئاسمان دەکرد، سرنجی بۆ چەند مانگی بچووك ڕاکێشرا کە بە دەوری "یوپیتر"دا دەخولانەوە. ئەو بۆی ڕوون بۆوە کە

www.rojhalat.de / www.bokan.de

مەرج نییە پلانێتەکان بە دەوری زەویدا بخولێنەوە. هاوکات لەگەڵ "گالیلە"، "یۆهانس کێپلر"ی ئاڵمانی بۆی دەرکەوت کە خولاندنەوەی پلانێتەکان نەك بەشێوەی بازنە، بەڵکوو بەشێوەی لاکێشەیە (فۆڕمی هێلکە). ئەستێرەناسانی ئەوکاتە سەریان لە هێزی کێشیی ناو پلانێتەکان لە کاکەشان سووڕمابوو و ئەوەی کە چ هۆیەك دەبێتە هۆکاری پێکەوەڕاگرتن و لێك بڵاو نەبوونەوەی ئەو هەموو ئەستێرەیە!

وڵامی ئەو پرسیارە ماوەیەك دواتر و لە ساڵی ١٦٨٧دا و لە لایەن فیلەسۆف، سرووشت ناس و بیرکاری مەزن، "ئیزاك نیۆتۆن" ەوە (Isaac Newton) (١٦٤٣ - ١٧٢٧) درایەوە. ئەو کارە یەکێك لە کارە هەرە گرنگەکان لە بواری ئەستێرەناسیدا بوو کە تا ئەو کاتە زانستی فیزیك شۆڕشی وای بە خۆیەوە نەدیبوو. لەو کارەدا نیۆتۆن نەتەنیا تیئوری جوڵانەوەی جەستە و بیچم لە "بۆشایی" و "کات" دا دیاری دەکات، بەڵکوو ئامێرێکی مودێرنی بیرکاری دەخولقێنێ بۆ شیکردنەوەی ئەو جموجۆڵانە و پێوانی مەودای مابەینی پلانێتەکان. سەرەڕای ئەوانەش، "یاسای هێزی کێشیی گشتیی" لە نێوان جەستەکان لە کاکەشاندا دیاری دەکات، واتە هەرکام لەو جەستانە بە هۆی هێزێکەوە بۆ لای یەکتری دەکێشرێن. هەرچەند جەستەکان گەورەتر و نزیکتر لەیەك بن، بەو ئەندازەیەش هێزەکە گەورەترە. هەر ئەو هێزەش دەبێتە هۆی بەربوونەوەی شتەکان لە سەر زەوی.[١]



[١] (حەکایەتە بەناوبانگەکە کە گوایە "نیۆتۆن" کاتێک بیری "هێزی کێشیی" کەوتۆتە مێشکیەوە کە لە ژێر دارسێوێکدا دانیشتوە و سێوێکی بەسەردا بەربۆتەوە.)

نیۆتۆن هەستی بەوە کردبوو کە تیۆرییەکەی سەبارەت بە هێزی کێشی، لە کاکەشان بە پێچەوانەی زەوی ڕاست دەرنایە، چونکە بە پێی یاسای هێزی کێشیی دەبوایە لە کاکەشاندا ئەستێرەکان بۆ لای یەکتری رابکێشرێن، بەڵام هیچ وەڵامێکی بۆ ئەوە نەبوو.

لە ساڵی ١٦٩١دا، "نیۆتۆن" بروسکەیەکی نارد بۆ "ریچارد بێنتلی" ( Richard Bentley) (١٦٦٢ - ١٧٤٢) کە یەکێك لە پسپۆڕانی ئەوکات بوو لە بواری ئەستێرەناسی، و لەوێدا ڕوونی کردوە ئەستێرەکان کاتێك بۆ لای یەکتری رادەکێشرێن، کە ژمارەی ئەستێرەکان لە کاکەشاندا "کۆتایی" هەبێت. بەڵام ئەگەر ژمارەیان بێ کۆتایی بێت و ئەستێرەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دابەشکرابن، بەهۆی ئەوەیکە ئیتر هیچ خاڵێکی ناوەندی بەدی ناکرێ کە بۆ لای یەکتر رابکێشرێن، ئەو دەبێتە هۆی رانەکێشان و مانەوەی ئەستێرەکان لە جێگای خۆیان. بەپێی ئەو تیۆرییە، لە کاکەشانێکی بێ بندا هەرکام لە ئەستێرەکان دەتوانن خاڵی ناوەندی بن، چونکە لەهەر خاڵێکەوە کە سەیر بکەین، بێ کۆتایی ئەستێرەی لە دەوروبەرە کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لە بۆشاییدا دابەش کراون.

دوای ماوەیەکی زۆر لە تێپەڕبوونی تیۆریەکەی "نیۆتۆن"، مرۆڤ هاتە سەر ئەو باوەڕە کە چ کاکەشان بێ بن بێت و چ نا، بە پێی یاسای "نیۆتۆن" دەبووایە ئەستێرەکان هەموو بۆ لای یەکتر رابکێشرێن. ئەمڕۆ ئەوەش دەزانین کە ژمارەی ئەستێرەکانی کاکەشان بێ کۆتایی نییە و تەنانەت بیری ئەویکە گەردوون دەکرێ لێك بکێشرێتەوە واتە ئەستێرەکان لێك دوور ببنەوە، لە سەدەی بیستەمدا کەوتۆتە مێشکی مرۆڤەکانەوە.

تەنانەت ئەو کەسانەی کە بە پێی یاسای هێزی کێشی "نیۆتۆن" دەبوو بیانزانیبایە کە گەردوون ناتوانێ پتەو و یاخود نەگۆڕ(دەست لێنەدراو) بێت، نەهاتنە سەر ئەو قەناعەتە ئەگەری لێك کشانەوەی پلانێتەکان لە گەردووندا بدەن.

بە گشتی ئەوکات دوو تیۆری سەری زانایانی بەخۆیەوە قاڵ کردبوو. وایان دانابوو کە کاکەشان یا ساڵیانی زۆرە بەو فۆڕم و شێوەیەی کە هەیە، هەبووە و یا ئەوەیکە کاکەشان کەم یا زۆر بەو شێوەیەی کە ئێمە ئەمڕۆ دەیبینین، ماوەیەکی درێژ نییە داڕێژرابێت.

دیارە لەسەر چۆنییەتی دەستپێکی گەردوون زۆر لەمێژە مرۆڤ خۆی پێوە ماندوو کردوە و بە هەر شێوەیەك بۆی مومکین بووبێت، ویستوویەتی بزانێ ئەو دەستپێکە کەنگێ و چۆن بووە. هێندێکی زۆر لە ئەستێرەناسان و بە تایبەت ئەوانەی لەژێر زەختی ئایینە ئیبراهمییەکانن: جوولەکە، مەسیح و ئیسلامدا بوون، هەوڵیان داوە دەستپێکی گەردوون بە کاتێکی دیاریکراوی نەهێندە دوور بلکێنن. ئەوە بۆ ئەوان زۆر گرنگ بوو کە دنیا دەبێ کاتێکی دیاریکراو دامەزرابێت، بۆ ئەوەی فەلسەفەی دروستبوونی گەردوون و دنیا لە لایەن هێزێکی ئاسمانییەوە بسەلمێنن.

ئاوگووستینوس "Augustinus" (٣٥٤ - ٤٣٠) لە نووسراوەیەکدا بە ناوی "وڵاتی خودا"، ڕایگەیاند:

*"فەرهەنگ و زانستی ئێمە پەیتا پەیتا بەرەو پێش دەچێ، ئێمە دەبێ وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە کێ بۆتە هۆی پێکهێنانی دنیا و هەموو لایەنە تێکنیکییەکانی. من پێموایە کە مرۆڤ و تەنانەت گەردوونیش هێندە کاتێکی دوور نییە کە لە لایەن خوداوە خوڵقێندراوە!"* ئاوگووستینوس لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دنیا و مرۆڤەکانی ٥٠٠٠ ساڵ بەر لە زایین خوڵقێندراون.

ئاریستۆتلس "Aristoteles" و زۆربەی فیلەسۆفە یوونانییەکان دژ بە بۆچوونەکەی ئاوگووستینوس، لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە مرۆڤ و دنیای دەوروبەری هەمیشە هەبوون و تەنانەت بە هۆی هەستانی سیڵاو و لافاو و کارەساتە سرووشتییەکانی ترەوە زۆرجار ناچار بە دەستپێکی نوێی ژیان بوونەتەوە.

ئەو پرسیارانەی کە ئایا دەستپێکی گەردوون کەنگێ بوە و ئەویکە لە ڕوانگەی مەکانەوە بێ کۆتایی بووە یان نا، دواتر ئیمانوئێل کانت "Immanuel Kant" (١٧٢٤ – ١٨٠٤) لە ساڵی ١٧٨١ و لە نووسراوەیەکیدا، بە ناوی "رەخنەی عاقڵانە " بە تێر و تەسەلی خستۆیەتە ژێر لێکۆڵینەوە. " کانت" لەسەر ئەو دوو بارودۆخە کە گەردوون زۆر لەمێژە هەیە یا نا، بە هێنانەوەی بەڵگە بۆ هەر دوو حاڵەتەکە زۆر دواوە و تێز و ئانتی تێزی بۆ ساز کردوون. ئەو گوتوویەتی لەهەر دووحاڵدا دەبێ "کات" بێ کۆتایی بێت.

لەسەر دروستبوونی گەردوون لە کاتێکی دیاریکراودا، گوایە لە ئاوگووستینوس پرسیار کراوە "ئەگەر تەمەنی گەردوون زۆر لە مێژینە نییە، ئەدی خودا ئەو ماوە بێ کۆتاییەی پێش دروستکردنی گەردوون چی کردوە"؟ لەسەر ئەو پرسیارە دوو جۆر وڵام لە نووسراوەکاندا هاتوون:

وڵامی ١ : *"ئەو ماوەیەی پێش دروستکردنی گەردوون، خودا خەریکی دروستکردنی جەهەنم بووە بۆ ئەو کەسانەی ئەو جۆرە پرسیارانە دەکەن"!*

وڵامی ٢ : *"کات، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دروستبوونی گەردوونە کە خودا دایناوە و پێش ئەو بوونی نەبوە"!*

تا ئەو کاتەی زۆربەی مرۆڤ پێیانوابێت کە دنیا نەگۆڕە و گۆڕانکاری بەسەردا نایە، ئەو پرسیارەش دێتە گۆڕێ کە ئایا ئەوە، دەستپێکێکی هەبوە یا نا. لە ساڵی ١٩٢٩دا، کەسیك بە ناوی ئەدوین هابل "Edwin Hubble" (١٨٨٩ - ١٩٥٣) ڕوونی کردەوە کە گالاکسییەکان لێك دوور دەبنەوە، بە شێوەیەك کە بە تێپەڕبوونی کات، ئەستێرەکان لێك دەکشێنەوە. ئەوەش بەو مانایەیە کە ئەگەر بۆ دواوە بگەڕێینەوە، دەبێ ئەستێرەکان و گالاکسییەکان لێك نزیك ببوونەوە، یانی ئەوە دەگەیێنێ کە زۆر لەمەوبەر، واتە دە تا بیست میلیارد ساڵ پێش ئێستا، گالاکسییەکان نزیك یەك و لە یەك جێ بووبن. بە پێی ڕوونکردنەوەکەی "ئەدوین هابل" سرنجی زانست بۆ سەلماندنی دەستپێکی گەردوون لە کاتێکی تایبەتدا بە ڕاشکاوی راکێشرا.

لێکۆڵینەوکانی "ئەدوین هابل" گومانی ئەوەیان دەدا کە گەردوون لە کاتێکی دیاریکراودا کە "تەقینەوەی مەزن" یا تیۆری "**BingBang**"ی پێ دەگوترێ، دەستپێکرابێت. لە بارودۆخێکی ئاوادا هەموو یاسا سرووشتییەکان پووچەڵ دەکرێنەوە و پێشبینی داهاتووش ئیتر نامومکین دەبێت. پیاو دەتوانی بڵێ کە "کات"یش هەر لەگەڵ ئەو تەقینەوە دەستی پێکردوە، چونکە پێش تەقینەوەکەمان بۆ ساغ نابێتەوە و ناتوانین بزانین چ قەوماوە. ئەوەیکە ئەگەر گەردوون لێك دەکشێتەوە، سەلماندنی بوونی فیزیکیی "دەستپێکێکە" لە کاتێکی تایبەتدا. تەنانەت مرۆڤ دەتوانێ بیری ئەوە بکاتەوە کە دنیا لە کاتی تەقینەوکەدا یاخود دوای ئەو دروست بووە، بەڵام نەك پێش تەقینەوەکە.

ئەگەر ئێمە بمانهەوێ خۆمان بە پرسیارەکانی سەبارەت بە گەردوون و ڕوونکردنەوەی دەستپێك و تەواوبوونی ئەوەوە ماندوو بکەین، دەبێ زۆر بە ڕاشکاوی بزانین کە تیۆری زانستی بە چ مانایەکە. **تیۆری لەسەر گەردوون یا لەسەر بەشێك لەو، بریتین لە بوونی یاسای زانستی کە بە شێوەی مودێلێکی تایبەت لە لایەن خاوەن تیۆرییەکەوە ڕوون دەکرێتەوە و بە تێپەڕ بوونی کات بە چاوەدێری و لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی کەسانیتر، ڕاستبوون یا ناڕاستبوونیان دەسەلمێندرێت.** تیۆری تەنیا لە چواچێوەی بیرکردنەوەی ئێمەدا بوونی هەیە و لە ڕاستیدا بوونی نییە. تیۆری وا هەن کە هەرگیز ناتوانرێ ڕاستییەکەیان بسەلمێندرێ.

لە کردەوەدا زۆرتر ئاوایە کە تیۆریەکی نوێ تەواوکەری تیۆری پێشوویە. لە ڕاستیدا مەبەستی زانست بۆ ڕوونکردنەوەی ناشەفافییەکان گەیشتن بە یەك تیۆریە کە بتوانی هەموو گەردوون بگرێتەوە. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە دوو بۆچوون هەن. **یەکەم،** یاساکانی زانستی کە بە ئێمە دەڵێن، بە هۆی تێپەڕبوونی کات و لە ماوەی پرۆسەی کاتیدا گەردوون چی لێ دێت و چ گۆڕانکارییەکی بەسەردادێت. **دووەم،** پرسیار لەسەر بارودۆخی پێکهاتنی سەرەتای گەردوونە. ژمارەیەك لە زانایان لەسەر ئەو باوەڕەن کە زانست دەبێ هێزی خۆی تەنیا لەسەر قۆناغی یەکەم تەرخان بکا و قۆناغی دووەم دابندرێ بۆ "متافیزیك" یا "ئایینەکان".

لە ڕاستیدا دۆزینەوەی تیۆرییەك کە بتوانێ چۆنییەتی گەردوون ڕوون بکاتەوە، زۆر دژوارە. بە جێگای ئەوە هەوڵ دەدەین کێشەکە بەسەر چەند لەتە تیۆریدا دابەش کەین و هەر کام لە بەشەکان جیاواز و بە تەنیا لەژێر چاوەدێری بگرین. ئەگەر گەردوون و بنەماڵەکانی، هەموویان بەیەکەوە پەیوەندیان هەبێت و بەیەکەوە بەسترابنەوە، بە لەتکردن و بەشکردنی تیۆرییەکە زۆر دژوارە ڕێگایەکی گشتی بدۆزرێتەوە کە هەڵەی تێدا نەبێت. بەڵام لە ڕابردووشدا ئەزموون پێشانی داوە کە بەو شێوەیەش دەکرێ ڕێگا چارە بدۆزرێتەوە و سەرکەوتوویی وەدەست بهێندرێت. ئێمڕۆ فێرکاریی فیزیك هەوڵی ڕوونکردنەوەی گەردوون لەسەر دوو تیۆری بنەڕەتی دەدا. "تیۆری ڕەوایی گشتی" و " "تیۆری میکانیکیی وردیلە بچکۆلەکان".

"تیۆری ڕەوایی گشتی" لەسەر پەیکەر و چۆنییەتی پێکهاتنی گەردوون واتە ماکرۆسکۆپ(گەورە) دەدوێت کە لە "چەند کیلۆمترەوە دەستپێدەکا هەتا یەك ملیۆن ملیۆن ملیۆن ملیۆن(یەك + ٢٤ سیفر) کیلۆمتر"، واتە ئەو مەودایەی کە مرۆڤ لە

گەردووندا دەتوانێ ببینێت. لە بەرامبەر ئەودا "تیۆری میکانیکیی وردیلە بچکۆلەکان" باس لە میکرۆسکۆپ(چکوولە) دەکا کە لە "یەك لە ملیون ملیۆن ی سانتی مترەوە دەست پێدەکا".

بەداخەوە ئەو دوو تیۆرییە لکاندیان بەیەکەوە نامومکینە، چونکە ناکری هەردووکیان دروست بن. یەکێك لە هەرە کارە دژوارەکانی ئەوڕۆی فێرکاری فیزیك، گەڕان بە شوێن تیۆرییەکی نویَ دایە کە هەردووك تیۆرییەکان بگرێتەوە، واتە گەڕان بە شوێن تێئۆرئ "هێزی کێشیی وردیلە بچکۆلەکان". بەداخەوە تیۆرییەکی وا تا ئەوڕۆ نەدۆزراوەتەوە و ڕەنگە زۆر لێی دوور بین. بەڵام تا ئێستا زۆر تایبەتمەندیی ناسراون و دیتراونەتەوە کە ڕەنگە رێگاخۆشکەر بێ بۆ گەییشتن بەو تیۆرییە.

ئەگەر مرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕە بێ کە گەردوون نەك بە هەڵکەوت بەڵکوو بە هۆی یاسای تایبەت بەڕێوەدەچێت، دەبێ ئەو تیۆرییە بەشکراوانە هەموویان وەسەریەکبخاتەوە و تیۆرییەکی گشتی لێ ساز بکات کە چۆنییەتی گەردوون ڕوون بکاتەوە.

## مەکان(شوێن، جێگا) و کات

چۆنیەتی جووڵانەوەی جەستەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی گالیلە و نیۆتۆن. پێش ئەوان مرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە "هەموو ئەو یاسایانەی سرووشت دیاری کردوون، دەکرێ لە رێگای بیرکردنەوە رێگاچارەیان بۆ بدۆزرێتەوە و هیچ پێویست بە چاوەدێری و تاقی کردنەوە و کۆنترۆڵیان نییە. بارودۆخی جەستەکان لە حاڵەتی ئاساییدا مەنگ و ڕاوەستاون و تا هێزێك نەبێتە هۆی پاڵپێوەنانیان، لە جێی خۆیان ناجوڵێنەوە. جەستە قورسەکان بە خێرایی زیاتر بۆسەر زەوی بەردەبنەوە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ جەستە سووکەکان، چونکە بە هۆی قورسایی زۆرتر زەوی گورجتریان بۆ لای خۆ رادەکێشێ". تا پێش گالیلە هیچ کەس سرنجی بەوە نەدابوو بزانێ جەستە بە قورسایی جیاواز و بیچمی جۆراوجۆر بە یەك خێرایی بەردەبنەوە یا نا؟ گالیلە لە تاقیکارییەکدا چەند جەستە تۆپەڵە ئاسن بە قورسایی جۆرواجۆری لە زەویەکی لێژ و سافدا بەردایەوە. ئەو حاڵەتە هەر وەك بەربوونەوە بە شێوەی "شاقول"ە بەڵام باشتر و کاراتر دەکری تۆپەڵەکان چاوەدێری بکرێن، چونکە خێراییەکەیان کەمترە. لەو تاقیکردنەوەدا گالیلە بۆی ڕوون بۆوە کە هەموو جەستەکان ئەگەرچی قورساییشیان وەك یەك نین، بە یەك خێرایی و هاوکات بەردەبنەوە. بۆ نموونە ئەگەر تۆپێك لە لێژێکەوە بەردەینەوە کە درێژایی لێژەکە دە میتر بێ و بەرزاییەکەی یەك میتر، ئەگەر تۆپەکە دوای یەك خول نزیکەی یەك میتر رێگا ببڕێ، دوای دوو خول دوو میتر لە خۆلدا و ... و هەربەو شێوەیە خێراییەکەی گورجتر دەبێتەوە جا قورساییەکەشی هەر چەند بێ فەرقی پێ ناکا (بۆ سەلماندنی ئەو یاسایە دواتر بە ووردی باسی لێدەکەین). دیارە ئەگەر مرۆڤ "تۆپەڵە ئاسنێك" لە گەڵ "پەڕێك" بە یەکەوە بەرداتەوە، تۆپەڵە ئاسنەکە زووتر دەگاتە سەر زەوی. هۆیەکەشی ڕوونە کە پەڕەکە بەهۆی گوشاری هەوا بەرگری لە خێراییەکەی دەکرێت.

نیۆتۆن لە ساڵی ١٦٨٧ و لە پەیوەندی لەگەل خێرایی جەستەکاندا دەڵێ: "جەستەکان لە بۆشاییدا ڕێگایەکی ڕاست دەپێون و خێراییەکەیان نەگۆڕ دەمێنێتەوە". کە دواتر بە **یەکەم یاسای نیۆتۆن** نێودێر کرا. ئەدی جەستەکان چییان لێدێ ئەگەر هێزێك ببێتە

هۆی پاڵپێوەنانیان؟ ئەوە **دووەم یاسای نیۆتۆنی** پێکهێنا کە دەڵێ: "جەستەکان توندییان پێ دەدرێ، بەو مانایە کە گۆڕانکاری بەسەرخێراییەکەیان دادێ لە پەیوەندی لەگەڵ هێزەکەدا. ئەگەر هێزەکە دووبرابەر بکرێ توندیەکەشی دوو بەرابەر زیاد دەبێ. لەگەڵ ئەوەش توندیەکەی لە پەیوەندی لەگەڵ گەورەیی جەستەکەدا، کەم دەبێتەوە. ئەگەر گەورەیی جەستەکە دووبەرابەر بێ و هێزەکەش هەر وەك خۆی بمێنێتەوە، توندیەکەی نیوە دەبێت"(لێرەدا پێویستە سرنج بدەنە جیاوازی لە نێوان دوو چەمکی خێرایی و توندیی.)[2]

هاوکات لەگەڵ یاسای جووڵانەوەی جەستەکاندا نیۆتۆن یاسای "هێزی کێشی"ی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ: هەر جەستەیەك جەستەیەکیتر بە هۆی هێزێك بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، گەورەیی هێزەکە لە پەیوەندی لەگەڵ گەورەیی جەستەکاندا، هاوتەریب زیاد دەکا.

گەورەیی هێزی مابەینی دوو جەستەی "ئا" و "ب" دوو جار زیاد دەکات ئەگەر گەورەیی یەکێك لە جەستەکان، (دایبنێن "ئا") دوو جار بەرزبێتەوە. ئەگەر گەورەیی یەکێك لە جەستەکان دوو بەرابەر و ئەوی تر سێ بەرابەر بێتەوە، هێزی مابەینیان شەش بەرابەر دەبێتەوە. لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بۆچی جەستەکان بە قورسایی جۆرواجۆرەوە پێکەوە بەردەبنەوە: جەستەیەك بە قورسایی دووبەرابەرەوە بە هێزی کێشی دووبەرابەر بەرەو زەوی دەکێشرێت، بەڵام چونکە گەورەییەکەشی دووبەرابەرە، ئەوە دەبێتە هۆی نیوە بوونی توندیەکەی. بە پێی یاسای دووهەمی نیۆتۆن پەیوەندی ئەو دوو تایبەتمەندییە تەواوکەری یەکترن و لەهەر حاڵدا توندیەکەیان بەرابەر دەمێنێتەوە هەر بۆیەش بە یەك خێرایی بەردەبنەوە.

ئاریستۆتلس و نیۆتۆن هەردووکیان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە کات نەگۆڕە و وەك خۆی دەمێنێتەوە. بەو مانایە کە دەکرێ "کات" لە نێوان دوو دیاردەدا دیاری بکرێ و بپێورێ، بەڵام کاتەکە نەگۆڕ دەمێنێتەوە، جا چاوەدێرەکە یاخود ئەو کەسەی دەیپێوێ

---

[2] باشترین نموونە بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە ئۆتۆمۆبیلە. هەرچەند هێزی مۆتۆری ئۆتۆمۆبیلەکە زیاتر بێ، بەو ئەندازەیەش توندیەکەی زیاتر دەبێت. بەڵام هەچەند ئۆتۆمۆبیلەکە قورستر بێ، بەو ئەندازەیەش خێراییەکەی کەمتر دەبێتەوە ئەگەر هێزی موتورەکەی هەروەک خۆی بمێنێتەوە.

لەهەر بارودۆخێکدا بێت. بۆ نموونە ئەگەر تۆپێکی پینگ پۆنگ لەسەر مێزێکی ناو شەمەنەفەرێکدا کە بە خێراییەکی بڵێین ١٠٠ کیلۆمتر لە کاتژمێردا لە حاڵی ڕۆیشتندایە، هەڵبەزێنینەوە، پێوانی کاتی مابەینی چەند جار هەڵبەزینەوەی تۆپەکە بۆ ئەو کەسەی لەناو شەمەنەفەرەکە دایە و بۆ ئەو کەسەی لە دەرەوە، شەمەنەفەرکە بە خێرایی ١٠٠ کیلۆمتر لە کاتژمێردا لەبەرچاویەوە تێپەڕ دەبێت، وەك یەکە!

بە گشتی، دیاردەی خێرایی تیشك بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٦٧٦دا، یازدە ساڵ پێش تیۆری نیۆتۆن سرنجی کەسێکی بە ناوی ئۆلە کریستیان رۆمەر " Ole Christensen Rømer" (١٦٤٤ - ١٧١٠) کە خەڵکی دانمارك بوو، بۆ لای خۆی راکێشا. ئەو کاتێك جووڵانەوەی مانگەکانی دەوری "یوپیتر"ی چاوەدێری دەکرد، بینی، مانگەکان کە بە مەزندەی ئەو دەبوایە لە کاتەکانی تایبەتدا ببیندرایەن، درنگتر یاخود زووتر دەبینران. هۆیەکەشی ئەوەیە کە چونکە تەوەرەی پلانێتەکان لە خولاندنەوە بەدەوری ڕۆژدا حاڵەتی لاکێشە (فۆڕمی هێلکە)یان هەیە، و مەودای مابەینی زەوی و پلانێتەکانی تر تا ڕۆژ جۆرواجۆرە و لەگەڕان بەدەوری ڕۆژدا مەوداکەشیان دوور و نزیك دەبێتەوە، کاتی دیار بوونی مانگەکان بە هۆی دووری و نیزیکی رێگاکە دەگۆڕدرێت. هەر بۆیە "ئۆلە کریستیان رۆمەر" لە پەیوەندی لەگەڵ مەودای ڕۆژ و "یوپیتر" دا چونکە مەوداکە دوورتر یا نزیکتر دەبوونەوە، تیشکی مانگەکانی زووتر یا درنگتر دەدیت. بە پێوانی ئەودەمی کە "ئۆلە کریستیان رۆمەر" لەسەر خێرایی تیشکی کردبوو، دەبوایە تیشك لە چرکەیەکدا ٢٢٤٠٠٠ کیلۆمتر بپێوێ کە ئەمڕۆ ئەو خێرایی یە بە نزیکەی ٣٠٠٠٠٠ کیلۆمتر لە چرکەدا دەناسرێت.

تیۆری سەبارەت بە تیشك بە شێوەیەکی چروپڕ، یاخود وردتر لە ساڵی ١٨٦٥دا و لە لایەن فیزیکزانی ئینگلیزیەوە بە ناوی جێمز کلێرك ماکسوێل " James Clerk Maxwell" (١٨٣١ - ١٨٧٩) کەوتە ژێر لێکۆڵینەوە. ئەو توانی دوو تیۆری سەبارەت بە "هێزی ئەلەکتریکی" و "هێزی ماگنێتی" واتە هێزی ئاسن ڕفێن، لە ژێر یەك تیۆری بە ناوی "ماگنێتیسمی ئەلەکتریکی" دابڕێژێت. معادلە(هاوکێشە) بیرکارییەکانی "ماکسوێل" پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە لە پەیوەندی مابەینی ئەو دوو هێزە واتە "ماگنێتیسمی ئەلەکتریکی"دا، مەیدانێکی شەپۆلی پێك دێت بە خێراییەکی "کۆنستانت" واتە نەگۆڕ. ئەگەر درێژایی شەپۆلەکە (مەودای مابەینی دوو پریۆد) میترێك یاخود زیاتر بێت، ئەوە شەپۆلی رادیۆیی پێك دێت. شەپۆلی کورت تر وەك لە ئامێری "میکرۆ

وەیڤ" (ئامێریکی گەرمکەری ئەلەکتریکییە)دا، کە درێژاییەکەیان لە چەند سانتی مەتر تێپەڕ ناکات و هەروەها شەپۆلی لەویش کورت تر وەك "تیشکی سوور" بە درێژایی یەك لەسەر هەزاری، سانتی مەترە. ئەو تیشکەی کە دەبیندرێت(وەك تیشکی ڕۆژ) درێژایی شەپۆلەکەی لە مابەین ٤٠ تا ٨٠ لەسەر ملیۆنی، سانتی مەترە. شەپۆلی زۆر کورتتریش وەك "شەپۆلی ئەوپەڕی وەنەوش" یا "شەپۆلی ئامێری وێنەهەڵگری پزشکی" (رۆنتگەن) و "شەپۆلی پرشنگی گاما"ش هەن کە بۆ ئێمە ئەمڕۆ ناسراون.




بە پێی تیۆرییەکەی "ماکسوێل" شەپۆلی رادیۆیی یان شەپۆلی تیشك، خێرایی نەگۆڕیان هەیە. ئەگەر مرۆڤ دایبنێ کە تیشك بە خێراییەکی تایبەت دەستپێدەکات، بۆ پێوانی خێراییەکەی دەبێ لە چ دیاردەیەك کەڵك وەرگیرێت؟ بەو هۆیە پسپۆڕانی ئەوکات دیاردەیەکیان بە ناوی "ئێتار" Äther(air) لە پەیوەندی لەگەڵ پێوانی خێرایی، پێوە زیاد کرد و ئیتر بۆ پێوانی خێرایی ئەو دیاردەیەشیان لەبەرچاو دەگرت. وەك چۆن شەپۆلی دەنگ لە هەوادا بڵاو دەبێتەوە، زانایانی ئەوکات پێیان وابوو کە شەپۆلی تیشکیش لە ناو "ئێتار"دا بڵاو دەبێتەوە. لەسەر باوەڕی ئەودەم دەبووایە بۆ ئەوەی پێوانی خێرایی تیشك دروست دەربێت، هەمیشە ئەو پێوانە لە ئاراستەی جووڵانەوە یاخود خولانەوەی زەویدا بێت. لەساڵی ١٨٨٧دا، "ئالبرت میشێلسۆن" Albert Michelson (١٨٥٢ - ١٩٣١) کە دواتر وەك یەکەم ئەمریکایی خەڵاتی نۆبێلی فیزیکی وەرگرت، بە دوای تاقیکردنەوەیکدا بۆی دەرکەوت کە پێوانی خێرایی تیشك چ لە ئاڕاستەی جوڵانەوەی زویدا بێ و چ نا، هیچ جیاوازییەکی نییە و خێراییەکە لە هەرحاڵدا وەك یەکن.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

لە نێوان ساڵەکانی ١٨٨٧ تا ١٩٠٥دا، پسپۆرانی ئەو بوارە تاقیکردنەوەیەکی زۆریان بەڕێوەبرد. بەتایبەت فیزیکزانی هولەندی بە ناوی "هێندریك لۆرێنس" Hendrik Lorenz (١٨٥٣ - ١٩٢٨)، پێیوابوو شتەکان وێکدێن یا کاتژمێرەکان هێدیتر کاردەکەن ئەگەر لە ناو"ئێتار"دا جوڵە بکەن. تا ساڵی ١٩٠٥، کە فەرمانبەرێکی ئاسایی و نەناسراوی ئەوکات بە ناوی ئاڵبرت ئەنشتاین Einstein Albert (١٨٧٩ - ١٩٥٥) لە نووسراوەیەکدا ڕایگەیاند کە دیاردەی "ئێتار" زیادی یە و هیچ پێویست بەوە ناکات کە بۆ پێوانی خێرایی تیشك کەڵکی لێوەربگیرێت. هەر ئەو بۆچوونەی ئەنشتاین چەند حەوتوو دواتر لە لایەن بیرکاری فەرانسی بە ناوی "هێنڕی پۆینچار" Henri Poincaré (١٨٥٤ - ١٩١٢) یشەوە بڵاو بۆوە.

دوو تیۆری گەورە لە سەدی بیستەمدا ئاڵ و گۆڕیان بەسەر بنەماکانی پێکهاتنی دنیا هێنا: **تیئۆری ڕەوایی ئەنشتاین و تیئۆری کوانتوم یا تیئۆری وردیلەکان:**[٣]

## تیئۆری ڕەوایی ئەنشتاین

ئەنشتاین تیئۆری نیۆتۆنی کردە سەرەتایەك بۆ گەیشتن بە تیئۆرییەکەی خۆی. نیۆتۆن لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە **"کات"** بەردەوام و سەربەخۆ بە بێ کاردانەوەی دیاردەکانیتر، تێپەڕ دەبێت. گەورەترین سەرکەوتوویی تیئۆری نیۆتۆن لەسەر گەردوون ئەوە بوو کە بە یارمەتی فۆرموولەکانی دەتوانرا جموجۆڵی پلانێتەکان پێشگۆیی بکرێت. لە یاسای نیۆتۆندا، کات و شوێن "بەستێن"(زەمینە)یەکی پاسیڤ بوون بۆ ڕووداو. بەستێنێك کە هیچ کاریگەریەکی لەسەر پێکهێنانی ڕووداوەکان نییە. کات لە شوێن جیا کرابۆوە. لەسەر باوەڕی ئەو سەردەمە، کات "هێڵێك" بوو کە لەهەر دوو سەرەوە بە بێ کۆتایی درێژدەبۆوە. کات بە بێکۆتایی سەلمێندرابوو. بڕوایان بەوە بوو کە هەمیشە بووە و هەمیشەش دەمێنێتەوە. لەکاتێکدا زانیاران و پسپۆران دەڵێن ڕواڵەتی فیزیکی گەردوون، کەم و زۆر چەندین هەزار ساڵ لەمەوبەر داڕێژراوە.

---

[٣] (مەبەست لە وردیلەکان لێرەدا پرۆتون، نۆترۆن، ئەلکترۆن و ... گردیلەکانی ناو "ئەتۆم"ن)

ئێمە دایدەنێین کە گەردوون لەڕاستیدا وەك پسپۆران دەڵێن، تەنیا چەندین هەزار ساڵە دامەزراوە. ئەدی ئەو بێکۆتاییە ساڵانەی (ئەگەر تیئۆری نیۆتۆن ڕاست بێت و کات بێ کۆتاییە)، پێش دامەزراندنی چ بووە؟ بۆچی خودا ئەو هەموو کاتە دەستی ڕاگرتبوو؟

یا دایدەنێین کە گەردوون لە مێژە هەیە زۆر زۆر لەمەو بەر، بۆچی ئەدی ئەو شتانەی دەبوو ڕوویاندابایە، نەقەوماون! بۆچی ئەو مێژووە بە کۆتایی نەگەیشتووە و تەواوی نەهاتووە!

هەرکام لەو دوو بۆچوونە ژیربێژ یاخود مەنتقی خۆیان هەیە، ئەگەر بە چاویلکەی مودێلی بیرکاری(ماتەماتیك) نیوتن تەماشای بکەین، کە "کات هێڵێکی بێنیهایەت پێکدێنی بە بێ کارتێکەری گەردوون و ئەو شتانەی لە دەور و بەری ڕوودەدا"!

ئەنشتاین لە ساڵی ١٩١٥دا، مودێلێکی تازەی پێشکەش کرد بە ناوی "تیئۆری نسبییەت(ڕەوایی) گشتی". لەو تیئۆرییەیدا شێوەی "کات"ی نیۆتۆن کە "سەربەخۆ و بەبێ پەیوەندی لەگەڵ قابغێك، سەکۆیەك ویا بەستێنێك (زمینە یەك) " لەحاڵی ڕۆیشتن دابوو، ئیتر نەدەبیندرا، بەڵکوو کات و شوێن پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لە گەڵ ئەوکەسە یا مرۆڤە هەبوو، کە سەیری دەکا(چاودێر). تێپەڕ بوونی کات پەیوەندی لەگەڵ جووڵانەوە هەیە. هەرچەند خێراتر بێ، کات هێدیتر تێپەڕ دەبێت. ئەگەر ئێمە بمانەوێ دوو کاتژمێر هەڵسەنگێنین ، کە یەکیان لای ئێمە و لەناو ژووری دانیشتندا بە دیوارەوە هەڵواسراوە، ئەویتر لەناو کەشتی فەزایی بەخێرایی لە ڕۆیشتن دایە، بۆمان دەردەکەوێ کە کاتژمێری ناو کەشتییەکە هێدیتر کار دەکا! چەند ساڵ پێش ئەو تیئۆرییە، ئەنشتاین لە خۆی پرسیبوو، "چ دەقەوما ئەگەر مرۆڤ بیتوانیبایە شان بە شان و لەگەڵ تیشك بڕۆیشتبایە؟". ئەورۆ وڵامەکە دەزانین. لە ڕوانینی ئەوکەسەوە کە لەگەڵ تیشکەکە دەڕوا، کات رادەوەستێ! ئەوە "تیئۆری تایبەتی نسبییەتی(ڕەوایی)" ئەنشتاینی پێدەڵێن. بۆ سەلماندنی ئەو تیئۆرییە پسپۆران و زانیاران بەڵگە و نموونەی زۆریان هەیە. بۆ وێنە پسپۆران بە ئامێرێکی تایبەت وردیلەکان(گردیلەکانی ناو ئەتۆم) بە توندییەکی زۆر کە نیزیك بە خێرایی تیشکە، وەجووڵانەوە دەخەن. ئەگەر دایبنێین کە لە کاتی ئاساییدا تەمەنی وردیلەکان ٢ میلی چرکە بێت، لە کاتی خێراییدا بە راشکاوی چوار و یا پێنج بەرابەر زیاتر دژین! هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو کاتژمێرە

دەڕوونیەی کە ژیانییان بۆ دیاری دەکا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو کاتژمێرەی کە ئێمە کاتی پێڕادەگرین، زۆر هێدیتر تێپەڕ دەبێ! هۆکینگ ئەو کاتەی بە "کاتی کەسێتی" ناو دەبات.

ڕەنگە زۆر کەس بیر لەوە بکەنەوە کە ئەگەر مرۆڤ بیتوانیبایە بە خێرایی تیشك بجوولێتەوە ، بۆ هەمیشە گەنج دەمێنێتەوە و بەسەر دێوەزمەی پیریدا زاڵ دەبێت. بەڵام بەداخەوە ئاوا نییە، چونکە تەنیا تیشکە کە دەتوانی بە خێرایی تیشك بگات. هەر شتێك جگە لە تیشك ئەگەر بیهەوێ بە خێرایی تیشك بگا، لە لایەکەوە حاڵەتێکی قورسی تێدا پێکدێ کە پێشگری لە خێرایی دەکا، بەو جۆرە کە وزە (ئینرژی) یەکی بێ کۆتایی دەوێ بۆ ڕاگرتنی خێراییەکەی، و لە لایەکی ترەوە هەر جەستە یا شتێك بە خێرایی تیشك بگا، مولوکۆلەکانی وا لێك بڵاو و گەورە دەبنەوە کە جێگابوونەوەیان لە بۆشاییدا زۆر دژوارە! ئەوە بە ڕوونی هەموو ڕۆژێك لە لایەن فیزیکزانانەوە دەسەلمێندرێ، کە کاتێك وردیلەکان خێراییان پێدەدرێ، لە پەنا ئەوەیکە تەمەنیان زیاتر دەبێ، قورسایی و گەورەییشیان زیاتر دەبێت!

لە ژیانی ڕۆژانەدا هیچ کەس لە کاتی جووڵانەوەدا هەست بە درێژبوونی تەمەن ناکات، چونکە ئەو جووڵانەوە و چالاکیانەی ئێمە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ خێرایی تیشك بەڕێوەی دەبەین، زۆر کەمتر لە خیرایی تیشکە! خێرایی تیشك تەنیا پێکهاتەی فورمۆلی ئەنشتاینە کە ناگۆڕێ و هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە. هەموو پێکهاتەکانی دیکە بەستراونەتەوە بە تیشك. خێرایی تیشك نزیکەی ٣٠٠٠٠٠ کیلۆمترە لە چرکە دا، کە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت. ئەگەر کەسێك بتوانێ بە خێرایی نیوەی خێرایی تیشك و شان بە شانی تیشك بڕوا و لەو حاڵەتەدا خێرایی تیشك بپێوێ، خێراییەکەی هەر ٣٠٠٠٠٠ کیلۆمتر لە چرکەدایە! شتێکی باوەڕپێنەکەرە، بەڵام ئەوە ڕاستییە.

بەو پێیە کە کات لە پەیوەندی لەگەڵ توندی و خێراییدا هێدیتر دەبێتەوە، تیئۆرییەکەی نیۆتۆن لە خێرایی زۆردا بە هەڵە دەردەچێ. هەر بۆیە ئەنشتاین دیاردەی **"شوێن- کات"**ی بە تیئۆرییەکە زیادکرد. "شوێن- کات" بریتییە لە چوار ڕەهەند. یانی لە ڕاستیدا ئەنشتاین بە سێ ڕەهەندی شوێن کە بریتین لە درێژایی، پانی و بەرزایی، ڕەهەندی "کات"یشی پێوە زیاد کرد.

بەڵام ئەو تیئۆرییە پێکهاتەیەکی کەمە. ئەویش هێزی کێشی (Gravitation) ە. گەردوون بۆیە بەو شێوەیەیە کە ئێمە دەیبینین، چونکە هێزی کێشی هەیە. لە ڕاستیدا ئەوە هێزی کێشییە کە هەموو ئەو شتانەی لەگەڵ یەك ڕاگرتووە. ئەگەر بمانەوێ هێزی کێشیی لەگەڵ تیئۆرییەکەی ئانشتایندا تێکەڵاو بکەین، سەر و بنی تێکدەچێ! ئەنشتاین ساڵیانی زۆر حەولی پێوەلکاندنی تیۆرییەکەی و کات و شوێن لەگەڵ هێزی کێشی دا. وێدەچوو کە هێزی کێشیی لە گەڵ تیۆرییەکەی ئەنشتاین ناگونجێت. ئەو هەستی بەوە کردبوو کە لە بارودۆخێکی تایبەتدا کارتێکەری هێزی کێشیی و کارتێکەری توندی(شتاب) وەك یەکن! لە پەیوەندی لەگەڵ سێوەکەی نیوتۆندا کە بۆ سەلماندنی هێزی کێشی زەوی کەڵکی لێ وەرگرت، **ستیڤن هۆکینگ** "Stephen Hawking " (١٩٤٢ - ٢٠١٨) دەڵێ ئەگەر زەوی تەخت بایە پیاو دەیتوانی بڵێ کە سێوەکەی نیۆتۆن بەهۆی هێزی کێشی زەوی، کەوتە خوارێ و یا دەشتوانین بڵێین کە زەوی و نیۆتۆن بە هۆی توندی(شتاب) بۆ لای سێوەکە چوون!

لە ساڵی ١٩١٢دا، ئەنشتاین دەڵێ: گەورەیی(حەجم) و وزە، بەشێوەیەك "شوێن-کات" خواردەکەنەوە یا خود ڕێگاکەی لە هێڵێکی ڕاست لادەدەن! ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە، کاتێك بۆ نموونە پلانێتێك کە لە "شوێن- کات" دا تێپەڕ دەبێت و لە تێپەڕبوونیدا هەولی هێلێکی نزیك و ڕاست دەدا، بەهۆی خواربوونەوەی "شوێن- کات"، ڕێگاکەی خوار دەبێتەوە. ئەنشتاین لە ساڵی ١٩١٥دا، دەڵێ ئەو دیاردەیەی کە ئێمە وەك هێزی کێشیی زەوی دەیبینین، بەهۆی خواربوونەوەی "شوێن- کات" پێك دێت. بۆ سەلماندنی ئەو تیۆرییە بەڵگە هەیە. ساڵی ١٩١٩ دەبا ڕۆژ بگیرایە. ئەوکات چەند ئەستێرەناسی ئینگلیزی سەیری ئەستێرەیەکیان دەکرد کە دەبا بەهۆی ڕۆژگیران بکەوتبایەتە پشت ڕۆژەوە و نەدیترابایە. بەڵام بە پێچەوانە، ئەستێرەکە لە پەنا ڕۆژ دەدیترا. گەورەیی ڕۆژ، "شوێن- کات"ی بە دەوری خۆیدا خوارکردبۆوە. لە ڕاستیدا، ڕۆژ تیشکی ئەستێرەکەی کەوانە کردبوو و بە دەوری خۆیدا خواری کردبۆوە.

کەوابوو، دەتوانین بڵێین کە گەورەیی یا حەجمی ئەستێرەکان، "شوێن- کات" خواردکەنەوە و ڕووخسارێکی کەوانی پێ دەدەن. ئەو خواربوونەوەیە دەبێتە هێزی کێشیی و هۆی جووڵانەوەی ئەستێرەکان و هەر بەو شێوەیە ئەستێرەکان دەبنە هۆی خواربوونەوەی "شوێن- کات" و... هەروەها درێژەی دەبێ تا بێکۆتایی. ئەوە "تیئۆری

www.rojhalat.de / www.bokan.de
نسبییەتی(رەوایی) گشتی" ئەنشتاینی پێدەڵێن. دواتر هەر لەم نووسراوەیەدا لەسەر ئەو بۆچوونە دەدوێین.

جارێکی تر تایبەتمەندییەکانی تیئۆری نسبیەتی ئەنشتاین دووپات دەکەینەوە:

- کات بە شێوەیەکی نەگۆڕ یا کۆنستانت تێپەڕ نابێت بەڵکوو پەیوەندی بە جووڵانەوەوە هەیە.

- هەرچەند شتەکان گورج تر بجوولێنەوە، بەو ڕادەیە "کاتی کەسێتی" ئەوان، هێدیتر دەبێتەوە.

- شوێن بە سێ ڕەهەندی خۆی و کات بە یەك ڕەهەندەوە "شوێن - کات" پێك دێنن کە چوار ڕەهەندە.

- گەورەیی و حەجمی ئەستێرەکان "شوێن- کات" خوار دەکەنەوە.

- دیاردەی جووڵانەوەی ئەستێرەکان بە هۆی کاردانەوەی "شوێن- کات" پێکدێت.

بە پێی تیئۆری نسبیەتی ئەنشتاین دەتوانرێ پێکهاتەی گەردوون دیاری بکرێت. زانایانی ئەو بوارە دەڵێن گەردوون تا دێت گەورەتر دەبێتەوە، بەو مانایە کە پلانێتەکان لێك دوور دەبنەوە. یانی بەو پێیە دەبێ ئەگەر بۆ دواوە بگەڕێینەوە، پلانێتەکان لەیەك نزیك ببوونەوە. ئەوەندە دەگەڕێینەوە دواوە تا هەموو پلانێتەکان وا لەیەك نزیك بنەوە کە لە یەك جێی و لەسەر یەك قەڵاپچن بۆبن. هۆکینگ بە لەبەرچاوگرتنی تیئۆری نسبییەتی ئەنشتاین، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پێکهاتنی گەردوون لەو کاتەوە دەستی پێکردوە.

بەهۆی چکوولەبوونی ماکەکان، تیۆری نسبییەتی(رەوایی) ئەنشتاین ناتوانێ بزانێ هاوکات و یا پێش پێکهاتنی گەردوون چلۆن بووە. بۆ تێگەیشتن لەودیاردەیە پێویستیمان بە تیئۆریەکی دیکە هەیە بە ناوی تیئۆری"کوانتوم یا تیئۆری وردیلەکان".

## کوانتوم یا تیئۆری وردیلەکان [٤]

ئەو تیئۆرییەش هاوکات لەگەڵ تیئۆری نسبییەتی ئەنشتاین پێکهاتووە. پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو تیئۆرییە، با بزانین دەسکەوتەکانی زانستیی فیزیك لە سەرەتاکانی سەدەی ١٩دا چۆن بووە. ئەودەم فیزیکزانان دەیانتوانی بە کەڵك وەرگرتن لە هێزی کێشیی نیۆتۆن، تەوەرەی ئەستێرەکان و مەوداکەیان بە وردی بپێون. "لاپلاس" فیزیکزان و ئەستێرەناسی فەرانسەوی لەسەرئەو باوەڕە بوو کە ئەگەر ئێمە بتوانین هاوکات، **"شوێن"** و **"خێرایی"** هەموو وردیلەکان دیاری بکەین، دەتوانین پێکهاتە، مێژوو، داهاتوو و ڕابردووی گەردوون بە وردی بزانین و پێشبینی بکەین!

لەسەر ئەو باوەڕەی نیۆتۆن و لاپلاس دەبوو هەموو ڕووداوەکانی گەردوون، هەر ڕووداوەیەکی سەر زەوی، مێژووی مرۆڤ و هەموو گیانلەبەرەکان، هەر بیرکردنەوەیەك، لە سەرەتاوە تاکوو کۆتایی پێکهاتنی ئەو دنیایە، دابینکرابێت و ئێمە هیچ دەسەڵات و گۆڕانکارییك نەتوانین پێك بێنین! لە حاڵێکدا تیۆریی کوانتوم بە پێچەوانەی ئەو باوەڕەی لاپلاس و نیۆتۆن دەڵێ: کە لە دنیای وردیلەکاندا ناتوانین بڵێین لە چاوتروکانێکیتردا، چ دەقەومێت.

لە ساڵی ١٩٠٠دا، یەکەم بۆچوون لەسەر تیۆری کوانتوم دۆزرایەوە. "مارکس پلانك"ی ئاڵمانی لەو ساڵەدا سەبارەت بە تایبەتمەندی وردیلەکان، ڕوونیکردەوە کە وردیلەکان دەتوانن تیشکی نوور لە خۆیاندا ڕابگرن.

هەر بە دوای ئەوەشدا ئەنشتاین لە ساڵی ١٩٠٥، دیاری کرد کە هێندێك پێکهاتە، کاتێك تیشکیان لێدەدرێت، ئەلکترۆنیان لێ ئازاد دەبێت. ئەو دیاردەیەی ئەنشتاین لە

---

[٤] (مەبەست لە وردیلەکان لێرەدا پرۆتۆن، نۆترۆن، ئەلکترۆن و ... گردیلەکانی ناو ئەتۆم)ن.

دواییدا بووە هۆیەکی سەرەکی بۆ زانستی سازکردنی کامێرای فیلم و پاش ساڵێك، جایزەی نۆبێلی بۆ فیزیك پێ وەرگرت.

کوانتوم(کوانتا) لە ڕاستیدا وزەیەکی زۆر بچووك یا یەکەیەکی (بەشێکی) زۆر چکوولەی تیشکە کە بەداخەوە لەسەر زانیاری ئەوڕۆ ناتوانرێ هاوکات شوێن و خێرایی (تیئۆری لاپلاس) ئەوان دیاری بکا.

تایبەتمەندییەکانی وردیلەکان:

- ناتوانرێ هاوکات شوێن و خێرایی وردیلەکان دیاری بکردرێت.

- وردیلەکان حاڵەتێکی ڕوون، شوێنێکی تایبەت، خێراییەکی دیاریکراویان نییە، تا ئەوکاتەی نەیان پێواون.

تا ئەو کاتەی ئیمە نەتوانین شوێن و خێرایی وردیلەکان دیاری بکەین ناتوانین سەبارەت بە ڕابردوو، داهاتوو و یا ئێستای دنیای خۆمان بدوێن. ئەوەی کە هەیە تەنیا بە هەڵکەوتە.

تیئۆری "تایبەتی نسبییەت(ڕەوایی)" لە دنیای وردیلەکاندا بە دەستگای توندکەر، باس لە خێرایی نزیك بە خێرایی تیشك دەکا. تیئۆری "نسبییەتی(ڕەوایی) گشتی" بارودۆخێك ئاشکرا دەکات کە لەوێدا هێزی کێشیی زەوی کاربەدەستە و باس لە پلانێت و تەوەرەکەیان و تەواوی گالاکسی و شتی ماکرۆسکۆپ(گەورە)، واتە ئەو شتانەی دەتوانین ببینین و دەستی لێبدەین، دەکات. لە لایەکیکەوە، "کوانتوم" تیئۆری دنیای میکرۆسکۆپی ڕوون دەکاتەوە. لە دنیای ئەوڕۆدا لە نێوان ئەو دوو تیئۆرییەدا (ماکرۆسکۆپ و میکرۆسکۆپ) پەیوەندیەك پێکهاتووە کە تیئۆرییەکی تازەی بەناوی "سترینگ" دروست کردووە کە زۆربەی زانیاران وەك هەنگاوێکی تازە و مودێرن بۆ دیتنەوەی ناشەفافییەکان و ڕوونکرنەوەی ڕاستییەکانی هەڵدەسەنگێنن.

ڕەنگە ڕۆژێك سەرکەوتوویی و زانیاریی لەو بوارەدا هێندە پێشکەوتووبێت کە مرۆڤ بتوانێ وڵام بۆ هەموو پرسیارەکان بدۆزێتەوە. مرۆڤ ئەوڕۆ لە فانتازیا و

فیلمدا سەفەر بۆ داهاتوو و ڕابردوو دەکات، ڕەنگە، کاتێك بگات کە لە ڕاستیدا بتوانین بەو خەیاڵانەی ئەوڕۆ بگەین.



**بۆمبی ئەتۆم**

زانیارییەکانی ئەنشتاین سەبارەت بە فۆرمولی "ووزە" لایەنێکی زۆر نەرێنی(مەنفی) و دژی مرۆڤانەی لە لایەن سیاسەتمەدارانی ئەوکاتی ئەمریکاوە بۆ کوشتاری مودێرن بە دیاری هێنا و بوو بە هۆی پێکهێنانی پڕۆژەیەك بە ناوی "پڕۆژەی مانهاتن". بە بیانوی گەشەپێدانی زانیاری و کاری زانستی و بە وردبوونەوە لە فۆرمولەکەی ئەنشتاین بۆ گەیشتن بە ئامانجە شەڕخوازییەکانیان، ئەو پڕۆژەیە بوو بە هۆی سازکردنی بۆمبی ئەتۆم ولە ڕاستیدا بۆمبارانکردنی شارەکانی هیرۆشیما و ناکازاکی لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینی لێکەوتەوە. ئەنشتاین هاوکاری پڕۆژەی "مانهاتن"ی نەکرد و لە بەکارهێنانی دەسکەوتەکەی، بۆ کاریکی ئاوا سامناك، هەستی بە ترس و نیگەرانییەکی زۆر کرد.

گرنگترین دیاردەی "تیۆریی نیسبی" بەو شێوەیەی کە ناوبردراوە ئەوەیە کە دەڵێ: "یاساکانی سرووشتی بۆ هەر چاودێرێکی لە حاڵی جووڵانەوەدا، بە بێ لەبەرچاوگرتنی خێراییەکەیان، وەك یەکە". بەو مانایە کە پێوانی خێرایی تیشك بۆ هەموو چاودێرەکان دەبێ یەك ئەندازە بێت، جا جووڵانەوە یاخود حەرەکەتی چاودێرەکان چ لە ئاراستەی بڵاوبوونەوەی تیشکدا بێت و چ نا.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

هەروەك فۆرمۆڵە بەناو بانگەکەی ئەنشتاین دەڵێ : ( $E = mc^2$ )

لەم فورموولە دا، (E) بەواتای وزە، (m) بە واتای قورسایی و کێش و (c) بە مانای خێرایی تیشکە.

هەروەها ئەو یاسایەی کە دەڵێ : **"هێچ شتێك ناتوانێ بە خێرایی تیشك بگات، جگە لە تیشك خۆی"**. هەر شتێك بتوانێت بە ١٠ لە سەدی خێرایی تیشك بگات، گەورەییەکەی [٠،٥] زیاد دەکات و لە ٩٠ لە سەدی خێرایی تیشك گەورەییەکەی دوو بەرابەر دەبێتەوە. هەرچەندە شتەکان بە خێرایی تیشك نزیك ببنەوە بەو ئەندازەیەش گەورەتر دەبنەوە بە شێوەیەك کە بۆ جووڵانەوە، زیاتر و زیاتر "وزە" یان پێویست دەبێت. هیچ شتێك، ناتوانێ بە خێرایی تیشك بگات، چونکە بۆ گەیشتن بە خێرایی تیشك پێویستیی بە وزەیەکی بێکۆتایی هەیە.

"تیۆریی نیسبی" لە پەیوەندی لەگەڵ "کات" و "شوێن" دایە کە جیاوازی خۆی لەگەڵ تیۆری نیۆتۆن دیاریدەکات. ئەگەر برووسکەی تیشکێك لە شوێنکەوە بۆ شوێنێکیتر ڕەوانە بکەین،(بۆ نموونە لە خاڵی "ئا"وە بۆ "ب"، و چاودێرەکان بە مەودای جۆرواجۆر بە مەبەستی پێوانی خێرایی تیشك لە نێوان دوو خاڵەکەدا دابەش بکەین)، بە گوێرەی تیۆری نیۆتۆن دەبێ هەر چاودێرێك سەبارەت بە دێژایی کاتی ڕەوانەکردنی تیشك، پێوانەکانیان وەك یەك بن (چونکە کات نەگۆڕە)، بەڵام درێژایی رێگاکە جیاوازییان هەیە (چونکە دیاردەی"شوێن" دەگۆڕدرێت)، جا بۆ پێوانی خێرایی تیشك مەودای رێگاکە بەسەر کاتی پێویستدا، دابەشدەکرێت. هەر بەو هۆیە ئاکامی پێوانی خێرایی تیشك بۆ هەرکام لە چاودێرەکان بە پێی تیۆری نیۆتۆن جیاوازی دەبێت.

بەڵام بەپێی "تیۆریی نیسبی"، ئاکامی پێوانی هەموو چاودێرەکان لەمەڕ خێرایی تیشك وەك یەکن. "تیۆریی نیسبی" ئێمە مەجبوور دەکات کە ئەو وێنەیەی سەبارەت بە "کات" و "شوێن" تا ئەو کات بوومانە، بێگۆڕیین. ئێمە دەبێ بە هۆی "تیۆریی نیسبی" ئەو باوەڕە بەخۆمان بسەلمێنین کە "کات" و " شوێن" لە پەیوەندی لەگەڵ یەکدان و ئەو پەیوەندییە دەبێتە هۆی پێکهاتنی دیاردەیەکی نوێ بە ناوی "شوێن-کات".

ئێمە دەزانین کە بۆ دیاریکردنی شوێنگەی خاڵێك، پێویستیمان بە سێ ڕەهەند یا سێ یەکە هەیە. بۆ نموونە دەتوانین بڵێین، شوێنگەی خاڵێك لە ژورێکدا، ٤ متر لە دیواری

ڕاست و ٣ متر لە دیوارەکەی ترەوە و ٢ متر لە زەویەوە بەرزە. یاخود، بە سێ ڕەهەندی درێژایی و پانایی و بەرزایی شوێنگەی خاڵێك دیاری بکەین. بەڵام بۆ دیاریکردنی شوێنگەی "مانگ" یا پلانێتەکانیتر ناکرێ و ناتوانین بەو شێوەیەی سەرەوە تەنیا لە سێ ڕەهەند کەڵك وەرگرین، چونکە پلانێتەکان دایم لە جووڵانەوەدان و شوێنگەیان دەگۆڕدرێت، کەوابوو پێوانەکەمان ڕاست دەرنایت. بەو هۆیە، ئەنشتاین بە سێ ڕەهەندی درێژایی و پانایی و بەرزایی، ڕەهەندی چوارم واتە "کات" یشی پێوە زیاد کرد. دیارە هێنانە بەرچاوی مەکانێکی دونیای چوار ڕەهەندی زۆر دژوارە. لە ڕاستیدا سێ ڕەهەندیش لەو پەیوەندییەدا هەر هاسان نییە.

هەر وەك گوتمان، لە تیۆریی "ماکسوێل"دا خێرایی تیشك وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەبێ پەیوەندی لەگەڵ خێرایی ناوەندیی تیشکەکە (سەرچاوەی تیشکەکە، بۆ نموونە ڕۆژ). ئەو تیۆرییەی "ماکسوێل" دوای پێوانێکی زۆر ورد، سەلمێندراوە و ڕاستییەکەی ڕوون بۆتەوە. دەتوانین بڵێین، برووسکەی تیشکێك کە لە کاتێکی دیاریکراودا لە شوێنێکی دیاریکراوەوە بۆ بۆشایی دەنێردرێت، بە شێوەی تیشکێکی "بازنەیی" وەڕێدەکەوێت کە گەورەییەکەی و شوێنگەکەی پەیوەندی بە خێرایی ناوەندیی تیشکەکەوە نییە. دوای ماوەی یەك لە سەر ملیۆن چرکە، تیشکەکە بە شێوەی بازنەیی بە نیوتیری ٣٠٠ مەتر پاندەبێتەوە و دوای دوو لە سەرملیۆن چرکە، ٦٠٠ مەتر و هەر بەو شێوەیە گەورە دەبێتەوە. وەك هاویشتنی بەردێکە لەناو ئاو. لەو شوێنەی بەردەکە دەکەوێتە ناو ئاوەوە، بازنەیەکی شەپۆلیی پێك دێت کە نیوتیرەکەی گەورە دەبێتەوە و شەپۆلەکە دەبێتە هۆی گەورەبوونەوەی بازنەی شەپۆلەی ئاو. ئەگەر بمانهەوێت ئەو وێنەیە بە شێوەی سێ ڕەهەندی نیشان بدەین، وەك وێنەی (ژمارە١) ی لێدێت.



وێنەی ژمارە 1

ئەگەر بمانهەوێت تیشکی وەڕێکەوتوو لە خاڵێکی تایبەتەوە بە شێوەی چوار ڕەهەندی کە بە "برووسکەی تیشك" ناونراوە بیهێنینە سەر کاغەز، دەتوانین لە کاتی ئێستای ڕووداوەکەوە، داهاتوو و رابردوی تیشکەکەش وەك وێنەی (ژمارە ٢) دیاری بکەین.



وێنەی ژمارە ٢

ئەگەر کارلێکەری هێزی کێشیی لەبەرچاو نەگرین، هەروەك ئەنشتاین لە ساڵی ١٩٠٥دا ڕایگەیاند، باس لەسەر " تیۆری تایبەتیی نسبییەت" دەکردرێت. ئێمە دەتوانین بۆ هەر رووداویك لە "شوێن-کات"دا، "برووسکەی تیشك"(کە تەواوی پرۆسەکانی تیشك لە کاتی وەڕێکەوتنییەوە هەتا ئاکام پێشان دەدات) دیاری بکەین، چونکە خێرایی

تیشك لە هەر بارودۆخێكدا و بۆ هەر لایەنێك، وەك خۆی دەمێنێتەوە، هەموو برووسکەکانیش وەك یەك و بۆ یەك لایەن دەڕۆن. ئەو تیۆرییە دەیسەلمێنێ کە خێرایی هیچ دیاردەیەك ناتوانێ لە خێرایی تیشك زۆرتر بێت. ئەوەش بەو مانایەیە کە ڕێگای هەر ڕووداویك لە ناو شوێن و کاتدا دەبێ وەك هێڵێك لە ئاراستەی "برووسکەی تیشك"دا وەڕێکەوێت.

ئەنشتاین لە ڕوانگەی ئەو بۆچوونە شۆڕشگێرانەی کە "هێزی کێشیی لە بۆشاییدا هێزێکی تایبەتە"، هاتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەستێرەکان لە پەیوەندی لەگەڵ گەورەیی پلانێتەکان بە جێی هێزی کێشیی، بە هۆی دیاردەی چەماوەبوون, پلانیتەکان وەجووڵە دەخات.

بە پێی "تیۆریی نیسبی گشتی" هەر بیچم یا شکڵێك لە "شوێن-کات"ی چوار ڕەهەندیدا، هێڵێکی ڕاست دەپێویت. بەڵام بۆ ئێمە وەك چاوەدێر کە تەنیا بە شێوەی سێ ڕەهەندی دەتوانین ببینین، بە شێوەی خوارەوەبوو و چەماوە دێتە بەر چاو.

هەر بەو هۆیە، "تیۆریی نیسبی گشتی" دەڵێ کە تێپەڕبوونی تیشك لە ناو بازنەی کێشییەوە دەبێتە هۆی خواربوونەوەی تیشکەکە. بەو مانایە کە تیشکی ئەستێرەکان بەهۆی هێزی گەورەیی ئەستێرەکانی تر دەچەمێنەوە. بۆ نموونە وەك لە وێنەی ٣دا ڕوونکراوەتەوە، تیشکی ئەستێرەکە بە هۆی هێزی گەورەیی ڕۆژ چەماوەتەوە و وێدەچێ کە ئێمە ئەستێرەکە لە شوێنێکی تر ببینین.




(وێنەی ژمارە ٣)

www.rojhalat.de / www.bokan.de

تەنانەت برووسکەی تیشکیش بە تێپەڕبوون لە "شوێن-کات"دا گۆڕانی بەسەردادێت. بەهۆی چەمانەوەی "شوێن-کات"ەوە، وێدەچێ تیشك لە تێپەڕبوونی لە بۆشاییدا ڕێگایەکی ڕاست نەپێوێت. هەر بۆیە "تیۆریی نیسبی گشتی" دەڵێ کە تیشك لە تێپەڕبوونی لە ناو بازنەی هێزی کێشیی لەسەر هێڵێکی ڕاست نامێنێتەوە و دەترازێت. (وێنەی ژمارە ٣)

لەڕاستیدا زۆر دژوارە ئەو دیاردە سەرسووڕهێنەرانە لەژێر چاوەدێری بگرین، چونکە ڕووناکایی ڕۆژ و ئەستێرەکانی تر کە لە ئاسماندا بڵاو دەبێتەوە، دەبنە کوسپ بۆ چاوەدێری وردی ئەو دیاردانە لە لایەن پسپۆڕانەوە. بەڵام کاتێك ڕۆژ دەگیرێت، واتە مانگ دەکەوێتە نێوان ڕۆژ و زەوییەوە، بۆ پسپۆڕان کاتێکی ئەگەرچی کەم بەڵام زۆر گرنگ و بە کەڵکە بۆ سەلماندنی تیۆرییەکانیان. بۆ نموونە تیۆریی ئەنشتاین لەمەڕ چەمانەوەی تیشك لە ساڵی ١٩١٥دا، بە هۆی شەڕی جیهانی، نەتوانرا تاقی بکرێتەوە. هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، لە ساڵی ١٩١٩دا، ئەستێرەناسێکی ئینگلیزی لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا چاوەدێریی ئەستێرەیەکی دەکرد کە دەبووا لە کاتی خۆرگیراندا نەدیترابایە و لە پشت خۆردا بشاردرابایەتەوە، بەڵام هەر وەك ئەنشتاین لە تیۆرییەکەیدا پێشبینی کردبوو، تیشکی ئەستێرەکە بە دەوری خۆردا چەمابۆوە و کەوانەی کردبوو و دەتواندرا ببیندرێت. هەر ئەو بەڵگەیە بوو بەهۆی ناساندنی ئەنشتاین بۆ گشت جیهان و توانی لە فەرمانبەرێکی ئاساییەوە خۆی بگەێنێتە بەرزترین ئاستی زانستیی کە تا ئەوڕۆش نووسراوەکان و تیۆرییەکانی جێی لێکۆڵینەوە و سەرسووڕمانن.

یەکێکیتر لە پێشبینییەکانی "تیۆریی نیسبی گشتی" ئەوە یە کە لە نیزیکبوونەوەی تیشك بە پلانێتەکان، بوو نموونە لە نزیکبوونەوەی تیشکی خۆر بە زەوی، دەبوایە "کات" هێدیتر تێپەڕ بووبایە. ئەو هێدیبوونەوەی کات لە پەیوەندی لەگەڵ وزە و فریکانس (واتە ژمارەی شەپۆلی تیشك لە یەك چرکە)ی تیشکدا پێکدێت. هەرچەندە وزەکە زۆرتر بێت بەو ئەندازەیەش فریکانسەکەی زیاددەکات. کاتێك تیشك لە بازنەی کێشیی زەویدا وەڕێبکەوێت، وزەیەکی زۆری بۆ جووڵانەوە پێویست دەبێت کە ئەوە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی فریکانسەکەی. ئەو تیۆرییە لە ساڵی ١٩٦٢دا، بەهۆی دامەزراندنی دوو کاتژمێری تایبەت لە بەرزترین و نەزمترین جێگای تاقگەیەك تاقی کراوە و سەلمێندرا کە کاتژمێرەکەی خوارەوە هێدیتر لە کاتژمێرەکەی سەرەوە کار

دەکات. هویەکەشی ئەوەیە کە "شتەکان" هەرچەند بە زەوی نزیکتر ببنەوە هێزی کێشییان لە لایەن زەوییەوە گەورەتر دەبێتەوە کە ئەوە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی وزەی تیشکەکە و لە ئاکامدا کەم بوونەوەی فریکانسەکەی. بەو پێیە ئەگەر دوو منداڵ کە بە یەك زگ لە دایك بووبن، یەکیان لە لۆتکەی چیا و ئەویتریان لە کەنار دەریا گەورە بکرێن، منداڵی یەکەم دەبێ زووتر لە دووهەمی پیر بێت. دیارە جیاوازییەکەیان یەکجار زۆر نییە بەڵام بە پێی "تیۆریی نیسبی گشتی" ئەوە ڕاستە.

لە "تیۆریی نیسبی گشتی"دا "شوێن" و "کات"، دوو دیاردەی هەرە گرنگی "گەردوون"ن. کاتێك بیچمێك وەڕی دەکەوێت یاخود پلانێتێك وەجووڵە دەکەوێت، دەبێتە هۆی خواربوونەوە و چەماوەیی شوێن و کات و هەروەها ئەو خواربوونەوەیە دەبێتە هۆی جووڵانەوەی پلانێتەکان و کارتێکەری لەسەر بنەماڵەکانی گەردوون و لە ڕاگرتنی جموجۆڵ ئەوان.

## لێككشانەوەی گەردوون

کاتێك لە شەوێكی ڕوون و بێهەوردا سەیری ئاسمان دەكەین، ئەو خاڵە ڕووناكانەی وا دەیانبینین لەبەر چاوی ئێمە زریوە و تریفەیان دێت و ئەگەر بە هەڵكەوت بتوانین پلانێتەكانی وەك "ڤینووس"، "مارس"، "یوپیتر" و "ساتۆڕن"، یا چەند لە ئەستێرەكانی دیكەی ئاسمان كە وەك خۆری خۆمانن بەڵام بەو جیاوازییەی كە زۆر لێمان دوورن، لەژێر چاودێری بگرین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە دووری و نزیكی و شوێنگەی ئەو خاڵە تیشكانە بەهۆی خولانەوەی زەوی بە دەوری خۆر و بە دەوری خۆیدا، هەروەها بەهۆی جووڵانەوە و خولانەوەی هەموو پلانێتەكان و ئەستێرەكانیتر، بەردەوام لە گۆڕاندان.

نزیكترین ئەستیرە بە زەوی ئەستێرەی پرۆكسیما سێنتاوری (Centauri Proxima)یە كە نزیكەی ٢٣ بلیۆن (واتە ٢٣ ملیۆن ملیۆن) مایل لە ئێمە دوورە. دەكرێ بڵێین كە چوار ساڵی تیشكی لێمان دوورە. بە زمانێكی ساكارتر دەتوانین بڵێین تیشكی ئەو ئەستێرەیە چوار ساڵی پێویستە تا بە ئێمە بگات. زۆربەی ئەستێرەكانی دیكەی ئاسمان كە بە چاو دەبیندرێن، زیاتر لە چەند سەد ساڵی تیشكی لە ئێمە دوورن. بۆ هەڵسەنگاندنی مەودای ئەستێرەكانیتر تا زەوی، لە خۆری خۆمانەوە، تەنیا ماوەی هەشت خولیك پێویستە تا تیشكەكەی بگاتە سەر زەوی. تا ئێستا لە لایەن ئەستێرەناسانی جیهانەوە ژمارەیەكی زۆر ئەستێرە تا ئەو جێگایە چاو هەتەری لێدەكات، دیتراونەتەوە. وێنەی ئەوڕۆی ئێمە لە گەردوون لە نزیكەی ٨٥ ساڵ بەر لە ئێستا دەستی پێكرد، كاتێ ئێدوین هابل دیاری كرد كە لە پەنا گالاكسی ئێمەوە چەندین گالاكسی دیكە هەن و لە نێوانیاندا بە مەودایەكی زۆر بۆشایی گرتوویەتی. بۆ سەلماندنی ئەو تیۆرییە دەبوو هابل هەوڵی پێوانی مەودای مابەینی گالاكسییەكان بدات. ئەو گالاكسییانەی بە چەندسەد هەزار ساڵی تیشكی لە ئێمەوە دوورن و پێوانیان زۆر دژوارتر لە پێوانی مەودای ئەستێرەكانی نزیك بە زەوییە كە دەكری ڕاستەوخۆ بیانپێوین. بەو هۆیە هابل ناچار بوو بە پێوانی ناڕاستەوخۆی مەودای مابەینی گالاكسییەكان. دیتنی تیشكی ئەستێرەكان لە لایەن ئەستێرەناسانەوە بە دوو هۆكارەوە بەستراوەتەوە. یەكەم چەندە تیشك لە خۆی

دەداتە دەرێ واتە (هێزی تیشکەکە) و دووهەم چەندە لە ئێمە دوورە(مەوداکەی تا زەوی). ئەوە ڕوونە کە ئێمە دەتوانین ڕۆشنایی و دووری ئیستێرەکانی نزیك خۆمان بپێوین. لە ئەنجامی ئەو پێوانەدا دەتواندرێت هێزی تیشکی ئەستێرەکەش بەراوەرد بکرێت. ئەگەر ئێمە هێزی تیشکی ئەستێرەکانی گالاکسییەکانیتر بزانین، دەتوانین مەوداکەیان تا زەوی بە پێچەوانەی پێوانەکەی ئەستێرەکانی نزیك خۆمان بپێوین. هابل ئەوەی سلماندبوو کە چەشنێکی تایبەت لە ئەستێرەکان هێزی تیشکی وەك یەکیان هەیە ئەگەر ئەوەندە لێمان نزیك بن کە بتوانین بیانپێوین. ئەگەر بێتو ئەو چەشنە ئەستێرانە لە گالاکسییەکانی تردا ببینینەوە، دەتوانین هێزی تیشکەکەیان مەزەندە بکەین و لەرووی ئەوەوە مەوداکەیان تا زەوی بپێوین. هەر بەو شێوەیە هابل مەودای مابەینی گالاکسییەکانی دەپێوا. ئێمە ئەوڕۆ دەزانین کە گالاکسی ئێمە واتە "ڕێگای شیری" یەك لە چەندین ملیارد گالاکسییە کە ئەستێرەناسان بە یارمەتی تلەسکۆپە مودێرنەکانیان دیارییان کردوە و هەرکام لە گالاکسییەکانێش چەند میلیاد ئەستێرەیان تێدایە. ئەمسەر تا ئەوسەری "ڕێگای شیری" نزیکەی سەدهەزار ساڵی تیشکی یە و گالاکسی "ڕێگای شیری" بە هێمنی بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە.

ئەستێرەکان هێندە لە ئێمە دوورن کە وەك خاڵێکی تیشکانی دەنوێنن. گەورەیی و بیچمەکەیان لەو دوورەوە ناتوانین مەزندە بکەین. ئەدی ئەو وڵامە دێتە پێش کە بۆ دیاری کردنی هێزی تیشکەکەیان چۆن دەتوانین بزانین کام چەشن ئەستێرەن؟ نیۆتۆن ئەوکات ئاشکرای کرد کە تیشکی تاو لە تێپەڕبوون لەناو شیشەوە لە بارۆدۆخێکی تایبەتدا، ڕەنگە ڕاستییەکانی وەدیاردەکەوێت کە بە ناوی "پریسما" یا "سپێکترۆم" یا ڕەنگی کۆلکەزێرینە ناسراوە. ئەگەر تلەسکۆپێك بەرەو ئەستێرەیەك یاخود گالاکسییەك بگرین، دەتوانین بە هۆی ئەو تیشك(ڕەنگ)انەی کە لەخۆیانی دەدەنە دەرێ، چۆنییەتی "سپێکترۆم"کەیان دیاری بکەین. "سپێکترۆم"ی هەرکام لە ئەستێرەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە و تەنانەت لە رووی ڕووناکی و تاریك بوونی ڕەنگەکانەوە دەتواندرێت گەرمای ئەستێرەکەش دیاری بکردرێت. لەرووی ژماری ڕەنگەکانەوە، یاخود ئەوەیکە لە چەند ڕەنگ پێکهاتبێتن بە یارمەتی زانستی شیمی دەتواندرێت دیاری بکردرێت ئاتمسفر (هەوا)ی ئەستێرەکە لە چ چەشن ماکەیەك پێکهاتووە.

www.rojhalat.de / www.bokan.de



پریسما، ڕەنگەکانی "سوور"، "نارنجی"، "زرد"، "سەوز"، "شین" و بنەوش لە تیشکی سپی خۆر کاتی تێپەڕبوون لە ناو شیشەوە دیاری دەکات.

کاتێك ئەستێرەناسان لە سەدەی بیستمدا خەریکی دیاریکردنی "سپێکترۆم"ی ئەستێرەکان لە گالاکسییەکانی تر بوون، شتێکی سەیریان بۆ ڕوون بۆوە: لە ئەستێرەکانی گالاکسی خۆماندا تایبەتمەندیەکانی تیشکەکەیان بە شێوەیەکە کە هەموو ڕەنگەکانی تێدا بەکار نەهێندراوە. ئەو تایبەتمەندییە لە ئەستێرەکانی گالاکسییەکانیتریشدا هەر هەبوو. بەڵام لە گالاکسییەکانیتر هەرهەموو بە شێوەیەکی ڕێژەیی بۆ لای کوتایی "سپێکترۆم"ی ڕەنگەکان کە رەنگی سوورە، هەڵکشابوون.

بۆ تێگەیشتن لەو دۆزینەوەیە دەبێ پێشتر بزانین کە تیشك پێکهاتووە لە درەوشانەوە یاخود شەپۆلی بازنەی ئەلکترۆماگنێتی. فریکانسی تیشك زۆر بەرزە و لە نێوان چوارسەد و حەوسەد بلیۆن شەپۆل لە چرکەدایە. چاوی مرۆڤ هەست بە جیاوازی فریکانسی تیشك بە هۆی خێراییەکەی ناکات و دەتوانێ تەنیا بەشێوەی رەنگی جۆرواجۆر بیانبینێت. بەو شێوەیە کە کەمترین فریکانس بەرەو کوتایی "سپێکترۆم"ی رەنگی سوور و زۆرترین فریکانس بەرەو کوتایی "سپێکترۆم"ی رەنگی شین دەچێت. ئەگەر داینێین ناوەندێکی تیشك یاخود بۆ نموونە ئەستێرەیەکمان هەبێت، دوورابیەکەی لە ئێمەوە نەگۆڕ و شەپۆلی فریکانسەکەشی هەر وەك خۆی بمێنێتەوە. بەو پێیە دەبێ فریکانسی شەپۆلەکانی کە ئێمە وەریاندەگرین لەگەڵ فریکانسی شەپۆلی ئەو ناوەندەی لێی دێتە دەرێ، بەرابەر بن(چونکە مەوداکە و شەپۆلەکانمان نەگۆڕداناوە). ئێستا دایدەنێین کە ئەو ئەستێرە یاخود ناوندە تیشکە وەجوڵە دەکەوێت و بۆ لای ئێمە دێت. هەرچەند بە ئێمە نزیکتر بێتەوە بۆ گەیشتن بە ئێمە کاتی کەمتری دەوێ و لە ئاکامدا فریکانسەکەی زیاتر دەبێت. بە پێچەوانە، ئەگەر ئەستێرەکە لە ئێمە دوور ببێتەوە، مەودای تیشکەکە سەبارەت بە ئێمە زیاتر دەبێت و فریکانسەکەشی هێدیتر دەبێتەوە. بە پێی ئەو بووچوونانە دەبێ "سپێکترۆم"ی رەنگی ئەو ئەستێرە یا ناوەندە تیشکەی کە

لە ئێمە دوور دەبێتەوە بەرەو سووری هەڵکشێ و "سپێکترۆم"ی رەنگی ئەو تیشکەی کە پێمان نزیك دەبێتەوە، بەرەو رەنگی شین هەڵکشێت. ئەو دیاردەیە "دووپل ئێفێکت"ی پێ دەڵێن. بە زمانێکی سادەتر بۆ دیاریکردنی دوور و نزیکبوونەوەی ئەستێرەکان لەیەکتر، دەتواندرێت لەو دیاردەیە واتە چۆنییەتی "سپێکترۆم"ی ڕەنگەکان کەڵك وەربگیترێت.

کاتێك هابل بوونی گالاکسییەکانیتری سەلماند، ساڵیانی درێژ کاتی خۆی بۆ پێوان و دیاریکردنی "سپێکترۆم"ی ئەستێرەکان تەرخان کرد. ئەوکات بە پێی یاسای نیۆتۆن ژمارەیەك لە پسپۆڕان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەستێرەکان لیك نزیك دەبنەوە، و ژمارێکیش دەیانگوت کە گەردوون نەگۆڕە، هەر بۆیە دۆزینەوەی "سپێکترۆم"ی بەرەو رەنگی سوور، لە سەدەی بیستمدا مۆژدەیەکی مەزن بوو بۆ ئەستێرەناسان. پێوانەکان ئەوەیان دەسەلماند کە هەموو ئەستێرەکان لێکدەکشێنەوە. تەنانەت هابل لە ساڵی ١٩٢٩دا، دیاری کردبوو کە ئەو ڕاستییە بە هەڵکەوت نییە و هەرچەند ئەستێرەکان لە یەکتر دوورتر بن بەو ئەندازەیە خێراتریش لێك دوور دەبنەوە.

دۆزینەوەی لێککشانەوەی گەردوون لە سەدەی بیستمدا، یەك لە شۆڕشە هەرە مەزنەکانی مێژووی ئەستێرەناسی تا ئەو کاتە بوو. تا ئەو کاتە مرۆڤ نەیتوانیبوو لەو باوەڕە خۆ رزگار بکات کە: "چۆنییەتی و داڕژانی گەردوون نەگۆڕە". زۆربەی پسپۆڕانی ئەو بوارە نەیانتوانیوە تا ئەو کاتە خۆ لەو دیوەزمەیە رزگار بکەن. تەنانەت "ئەنشتاین"یش لە ساڵی ١٩٠٥دا، دوای داڕشتنی "تیۆریی نیسبی گشتی" باوەڕی بەوە بووە کە گەردوون نەگۆڕە. بەدوای ئەنشتایندا ژمارەیەك لە پسپۆڕان و زانایان وەك "ئەلکساندر فریدمەن" Alexander Friedmannی رووسی (١٨٨٨ - ١٩٢٥) و ئاڕنۆ پێنزیاس Arno Penzias (١٩٣٣) و رۆبرت ویلسۆن Robert Wilson ی ئەمریکایی (١٩٤١) و زۆر کەسانیتر تیۆری و مودێلی زۆریان پێشنیار کردوە و هەوڵی ڕوونکردنەوەی بارودۆخی گەردوون و چۆنیەتی مێژووی کاکەشان و گالاکسییەکانیان داوە و هەرکام بۆچوون و تایبەتمەندی تایبەتی خۆیان هەبووە کە بۆ کورتکردنەوەی بابەتەکە من لێرەدا باسیان لێناکەم.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

چۆنییەتی گەورەبوونەوەی گەردوون یا لێککشانەوەی ئەستێرەکانی کاکەشان و هەروەها بە چ خێراییەك ئەوانە لێکدەکشێنەوە، دەتوانرێت بە هۆی دیاردەی "دووپل ئێفێکت"ەوە بە راشکاوی دیاری بکرێت. بەڵام پێوانەکانمان بە وردی و سەدلەسەد نیین بەو هۆیە کە ئێمە هەر وەك پێشتریش باسمان لێکرد، ناڕاسەوخۆ دەیانپێوین. ئێستاکە دەزانین گەردوون لە ماوەی چەند ملیارد ساڵدا پێنج تا دە لەسەد گەورە دەبێتەوە. بە پێی ئەو پێوانانە دەبێ مەودای مابەینی گالاکسییەکان لە ڕابردوودا واتە دە تا بیست ملیارد ساڵ لەمەوبەر، سیفر بووبێت. ئەو کاتە واتە کاتی تەقینەوەی مەزن دەبێ ئاوسان(پتەو بوونەوەی ماکە) و چەماوەیی "شوێن-کات" لە گەردووندا یەکجار زۆر و بێکۆتایی بووبێت. جا چونکە زانستی بیرکاری لەگەڵ ژمارەیەکی بێکۆتایی هیچ بەرهەمێك ناداتە دەست، دەتوانین بڵێین کە "تیۆریی نیسبی گشتی" پرۆسە یاخود خالێکی کاتیی لە ڕابردووی گەردووندا، (تەقینەوەکە) دیاری دەکات کە خۆی(تیۆرییەکە) پیش تەقینەوەکە یاخود هاوکات لەگەڵ تەقینەوەکە تێکدەشکێت و دەپووچێتەوە. بەداخەو زانست ناتوانێت پێشبینی بکات کە پێش تەقینەوەکە چ قەوماوە یا بارودۆخی گەردوون چۆن بووە. هەر بەو هۆیە دەبێ لەسەر زانستی ئەوڕۆ ئیتر باس لە چۆنیەتی پێش تەقینەوەکە نەکەین و تا داهاتوو ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە بەردێکی قورسی لەسەر دانێن و دابنێین کە کات لەگەڵ تەقینەوەکە دەستیپێکردوە. زۆر کەس پێیانخۆشنییە ئەو بۆچوونەیان گوێ لێبێت کە "کات دەستپێکێکی تایبەتی هەبووە". ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بێت کە ئەو بۆچوونە تام و بۆنی سەلماندنی هێزێکی یەکتا واتە "خودا"ی لێدێت. هەر بەو هۆیە کلیسای کاتۆلیکەکان ئەو مودێلە واتە تەقینەوەیان بە شتێکی ئیلاهی زانی و لە ساڵی ١٩٥١دا، رایانگەیاند کە ئەو مودێلە لە ئاڕاستەی کتێبی ئایینی ئینجیلدایە و هەوڵێکی زۆریان بۆ سەلماندنی ئەو تیۆرییە دا.

پسپۆران لە هەموو گۆشەکانی ئەو جیهانەوە بۆ ڕوونکردنەوی تیۆریی تەقینەوەی مەزن هەوڵ و تاقیکارییەکی زۆریان داوە. بۆ نموونە یەك لە تاقیکارییەکان لە ساڵی ١٩٦٣ لە لایەن دوو پسپۆری رووسیەوە بە ناوەکانی یێڤگینی لیفشیچ Jewgenii Lifschitz (١٩١٥ - ١٩٨٥) و ئیساك چالاتنیکۆڤ Isaak Chalatnikow (١٩١٩) بەڕێوە چووە. ئەوان زەختیان لەسەر ئەوە کردوە کە تەقینەوەی مەزن یەك لە دیاردەکانی تایبەتیی مودێلی "ئەلکساندر فریدمەن" ە کە نزیکترین و پەسەند ترین تیۆرییە بۆ پێشاندانی ئونیوێزامێکی ڕاستەقینە. ئەوان دیارییان کرد کە بە مەرجێك "تیۆریی نیسبی گشتی" ئەنشتاین ڕاست بێت، دەبێ ئەو تەقینەوەیەش ڕاستیی بووبێت.

بەڵام ئەو پرسیارەیان بێوڵام هێشتەوە کە کەنگێ "تیۆریی نیسبی گشتی" زەختی لەسەر ئەوە کردووە کە ئونیوێزام **"دەبێ"** بە هۆی تەقینەوە پێکهاتبێت و "کات"یش دەستپێکی هەر بەو هۆیەوە بووبێت. لە ساڵی ١٩٦٥دا، وڵامی ئەو پرسیارە بە شێوەی پێشنیار لە لایەن بیرکار و فیزیکزانی ئینگلیزییەوە بە ناوی رۆگر پێنرۆس Roger Penrose (١٩٣١) درایەوە: بەهۆی هەڵسوکەوتی پڕشنگی تیشك لە "تیۆریی نیسبی گشتی"دا و ئەو ڕاستییەی کە هێزی کێشیی تەنیا وەك هێزێکی ماگنێتی کارلێکەریی هەیە و دەکرێت ئەستێرەیەك کە لەژێر کاریگەری هێزی کێشیی خۆیدا تێکبڕووخێت و بە تایبەت لە جێگا یاخود شوێنێك کە نەتوانی لێی دەرباز بێت و وا لەخۆیدا وردوپرد بێت کە تەنیا ماکەکەی بە شێوەیەکی بێکۆتایی لە بۆشاییدا ئاوسان بێت. بەو شێوە لەناوچوونە کە ئەستێرەیەك یا گالاکسییەك لەبەرچاو لادەچێ و وێدەچێت کە هیچ جێپێیەکی لێ بەجێنەمابێت، **"چاڵی ڕەش"**ی پێدەڵێن. لە یەکەم سەیرکردنی ئەو بۆچوونەی "پێنرۆس"دا وێدەچێ کە ئەوە تەنیا ئەستێرەکان و گالاکسییەکان دەگرێتەوە و هیچ پەیوەندییەکی بە پرسیارەکەوە نەبێت. بەڵام ئەگەر مرۆڤ وردتر سەیری ئەو بۆچوونە بکات، دەکرێ بە پێچەوانەی ئەو ڕووداوەیە کە ئەستێرە یا گالاکسی تێك بڕووخێن، بتوانرێت بە هۆی ئاوسان و چەمانەوەی "شوێن- کات"، تەقینەوەش پێك بێت.

بە پێی ئەو بەڵگانەی لە نووسراوەکەدا هاتوون، دەکرێت بڵێین کە گەردوون بە ڕاشکاوی لێکدەکشێتەوە. کشانەوەی گەردوون بۆچوونی تەقینەوەی مەزن دەسەلمێنێت. هاتنە سەر ئەو باوەڕەش کە بەداخەوە تیۆریەکەی ئەنشتاین تەواو نییە و چونکە ناتوانێ کاتی پێش تەقینەوەکەمان بۆ دیاری بکات، وەك لەتە تیۆری سەیر بکرێت. ئەو ڕاستییە کە تیۆرییەکەی ئەنشتاین هیچ وڵامێکی بۆ دنیای میکرۆسکۆپ واتە دنیای وردیلە بچکوولەکان نییە هانمان دەدات بۆ ڕوونکردنەوە و چۆنییەتی پێکهاتنی گەردوون، تیۆرییەکی نوێ بخوڵقێنین کە لە هەردوو تیۆری واتە ماکرۆسکۆپ و میکرۆسکۆپ پێکهاتبێت.

## ڕێگایەکی لێڵ و نا شەفاف

سەرکەوتوویی تیۆریی زانستی بە تایبەت تیۆریی هێزی کێشیی نیۆتۆن، لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا، بیرمەندی فەڕانسەوی بە ناوی مارکووس دێ لاپلاس Marquis de Laplace (١٧٤٩ - ١٨٢٧)ی هاندا بۆ کردنەوەی باسێکی نوێ. لاپلاس بە هێنانەگۆڕێی ئەو باسە کە: کێشەی گەردوون لەسەر بنەمای یاساکانی زانستیی بیرکاری و فیزیك دەتواندرێت پێشبینی چونییەتی گەردوون بکات و بە تەواوی بارودۆخی گەردوون ڕوون بکاتەوە بەو مەرجەی بارودۆخی گەردوون لە کاتێکی دیاریکراودا بۆ ئێمە ڕوون بێت. ئەگەر بۆ نموونە شوێن واتە شوێنگە و خێرایی "خۆر" و پلانێتەکانیترمان لە کاتێکی دیاریکراودا بۆ ڕوون بێت، یاخود هاوکات شوێنگە و خێرایی وردیلە بچکۆلەکان بتوانین دیاری بکەین، دەمانتوانی بە پێی یاساکانی نیۆتۆن چۆنییەتی داهاتووی سیستەمی هەتاویی بپێوین و دیاری بکەین. لاپلاس بەوەش وازی نەهێنا و ڕایگەیاند کە هەموو شتێکیتر و تەنانەت هەڵسوکەوت و ڕابردوو و داهاتووی مرۆڤەکانیش بەو یاسایانە دیاری دەکردرێت.

ئەو بۆچوونە بووە هۆی شەپۆلێکی گەورەی دژایەتی بە تایبەت ئایینییەکان دژ بە لاپلاس. بە تاوانی خودا نەناسی و دژایەتی لەگەڵ ئایینەکان و خۆتێهەڵقوتاندن لە کاری خودادا، هێرشکارییەکی زۆری پێکرا. سەرەڕای ئەوانەش تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ئەو بیرە زانستییەی ئەو لەناو پسپۆڕانی ئە بوارەدا هەر مایەوە.

یەك لە یەکەم نیشانەکانی پووچەڵکردنەوەی ئەو بۆچوونەی لاپلاس ، پێوانی دوو پسپۆڕی ئینگلیزی بە ناوەکانی لۆرد رایلیگ Lord Rayleigh (١٨٤٢ - ١٩١٩) و سیر جێمز جێنز Sir James Jeans (١٨٧٧ - ١٩٤٦) بوو سەبارەت بە بیچم یا جەستەیەکی ئاگرین وەك ئەستێرە کە بە بێکۆتایی وزەی لێدەبێتەوە. بە پێی یاسای پەسەندکراوی ئەوکاتە، جەستەیەکی ئاگرین شەپۆلی ئەلکترۆماگنێتی (وەك شەپۆلی رادیۆیی، تیشك یا پرشنگی وێنەهەڵگری پزشکی) بە گەورەییەکی وەك یەك لەخۆی دەداتە درێ بە بێ پەیوەندی لەگەڵ فریکانسەکەی. بەپێی ئەو بۆچوونە، دەبووایە

**گەورەیی وزەی** جەستەیەکی ئاگرین کە شەپۆلی فریکانسەکەی یەك تا دوو بلیۆن چرکە بێت، لەگەڵ جەستەیەکی ئاگرین کە شەپۆلی فریکانسەکەی دوو تا سێ بلیۆن چرکەیە، وەك یەك وابێت و هیچ جیاوازییکیان نەبێت. جا چونکە ژمارەی شەپۆلەکان لە چرکەدا بێکۆتاییە، بەو هۆیەوە، وزەی کوتایی یاخود وزەی گشتیی دەبوو بە بێکۆتایی بایە. لەو پەیوەندییەدا "مارکس پلانك" Max Planck (١٨٥٨ - ١٩٤٧) لە ساڵی ١٩٠٠دا، دەڵێ کە تیشکی ئامێری وێنەهەڵگری پزشکی بە شێوەی شەپۆل ناتوانێ بێکۆتایی و تەنیا لە چوارچێوەیەکدا کە ناوی "کوانتۆم"ی لێنرا، تیشکی لێ ببێتەوە. هەرکام لەو "کوانت"انەش وزەیەکی تایبەت بەخۆیان هەیە کە لە پەیوەندی لەگەڵ فریکانسەکەیدا گەورەیی تیشکەکەش هاوتەریب (واتە هاوتا لگەڵ یەکتر زۆر و کەم دەبن) دەگۆڕدرێت.

لە ساڵی ١٩٢٦دا، فیزیکزانێکی ئاڵمانی بە ناوی "وێرنەر هایزنبێرگ" Werner Heisenberg (١٩٠١ - ١٩٧٦) خەونەکانی لاپلاس بۆ پێوان و دیاریکردنی شوێنی وردیلە بچکۆلەکان پووچەڵ کردەوە. "وێرنەر هایزنبێرگ" دەڵێ: بۆ دیاریکردنی شوێنگە و خێرایی وردیلە بچکۆلەکان دەبێ مرۆڤ بتوانێت جێی ڕاستەقینەکەیان زۆر بە وردی دیاری بکات. بۆ ئەو پێوانە ڕێگایەك هەیە و ئەویش ئەوەیە : کە پێش پێوانیان یاخود دیاریکردنی شوێن و خێراییەکەیان وردیلە بچکۆلەکان لە ژێر تیشکەوە تێپەڕیان بکەین. چونکە وردیلە بچکۆلەکان دەتوانین بە هۆی لە بریسکدانەوەی تیشکەکە(ئەو تیشکەی لە خۆیاندا ڕاگرتووە) ببینین، شوێنیان و خێراییەکەیان بپێوین. بۆ پێوانی زۆر ورد و دیاریکردنی شوێنگە وردیلە بچکۆلەکان دەبێ مەودای مابەینی شانەی تیشکەکە بپێوین. بۆ دیاریکردنی شوێنی ڕاستەقینەیان دەبێ شەپۆلی تیشکەکە یەکجار زۆر چکوولە بێت بەو شێوەیە کە مەودای مابەینی شانەی شەپۆلەکان زۆر کەم بن. بە پێی یاسای "کوانت"ەکان ناتوانین شەپۆلەکە زۆر چکوولە بکەینەوە. واتە لانی کەم دەبێت یەك "کوانت"مان هەبێت. وزەی ئەو "کوانت"ە دەبێتە هۆی گۆڕانی خێرایی وردیلە بچکۆلەکان. بە زمانێکیتر دەتوانین بڵێین کە ئەگەر بمانهەوێت شوێنی ڕاستەقینەی وردیلە بچکۆلەکان دیاری بکەین دەبێ شەپۆلی تیشکەکە کورت بکەینەوە، و هەرچەند فریکانسی شەپۆلی تیشکەکە کورتتر بێت بەو ئەندازەیەش "کوانت"ەکان وزەیان زیاتر دەبێت کە ئەوەش دیسان دەبێتەوە هۆی گۆڕانی خێراییەکەیان. بەو پێیە "وێرنەر هایزنبێرگ" سەلماندی کە ناکرێت هاوکات شوێن و خێرایی وردیلە بچکۆلەکان بپێوین!

ئەو دیاردەیە بەناوی "دووپاتبوونەوەی ناشەفاف" ناودێر کرا. کە ئەوە بووە هۆی پووچەڵکردنەوەی تیۆرییەکەی لاپلاس.

به هۆی دیاردەی "دووپاتبوونەوەی نا شەفاف" ناکرێت ئەو ئەزموون یاخود تاقیکارییانە بە وردی پێشبینی بکرێت، کاتێك مرۆڤ نەتوانێ بارودۆخی کەرەسەکانی گەردوون بە وردی بپێوێت! پسپۆران لە سەدەی بیستەمدا بۆ تەواو کردنی تیۆرییەکەی "وێرنەر هایزنبێرگ" هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە تیۆرییەکی نوێ بخۆڵقێنن بە ناوی "کوانت"ی مکانیکی کە بۆ دیاری کردنی بارودۆخی گەردوون دوو دیاردەی "خێرایی" و "شوێن"ی ماکەکان نەك بە تەنیا بەڵکوو هەردووکیان پێکەوە و لە یەك چوارچێوەدا بە شێوەی "کوانت" بیانپێون.

بەگشتی "کوانت"ی مکانیکی لە تاقیکارییەکاندا نەك تاقە ئەنجامێك بەڵکوو یەك زنجیرە ئانجام پێکدێنێت و دەیخاتە بەر دەمی چاوەدێر کە زۆر یا کەم شێوەی هەڵکەوتی دەبێت. ئەنشتاین زۆر جار دژ بەو بۆچوونە ڕاوەستاوە و تەنانەت لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوە دا گوتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێ : **"خوا لە کارەکانیدا مۆرە هەڵ ناخا"**.

بەڵام زۆربەی زانایانی تری ئەو بوارە ئەو تیۆرییەیان وەلانەنا چونکە تاقیکارییەکان لە ئاڕاستەی ئەو بۆچوونەدا بوون. جگە لە بواری فیزیك واتە سەبارەت بە دیاریکردنی بارودۆخی گەردوون، لە هەموو بوارەکانی تر وەك شیمی و بیۆلۆگی و بەتایبەت لە کەرەسەی ئەلکترۆنیکی وەك ترانزیستۆڕ بۆ دروستکردنی تەلەویزیۆن و کامپیۆتر لەو تیۆرییە کەڵك وەردەگیردرێت.

"تیۆریی نیسبی گشتی" ئەنشتاین لەسەر بارو دۆخی گەردوون بەگشتی وێدەچێت ڕاست بێت بەڵام سەبارەت بە "دووپاتبوونەوەی نا شەفاف" لە "کوانت"ی مکانیکی ڕاست دەرنایەت چونکە بازنەی هێزی کێشی کزە. بەڵام لە دوو نموونەدا وەك "چاڵی ڕەش" و "کاتی تەقینەوەی گەورە" بەهۆی بازنەی هێزی کێشیی یەکجار زۆر گەورە، تیۆرییەکەی ئەنشتاین ڕاست دەردێت!

## ماکەکان و هێزی سرووشتی

"ئاریستۆتلس"(Aristoteles) پێیوابوو، هەموو شتێك لە گەردووندا لە چوار ماکەی سەرەکی "زەوی"، "هەوا"، "ئاگر" و "ئاو" پێکهاتووە. ئەو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە هەموو ماکەکان لەت دەبن بەو مانایە کە دەتوانرێت ماکەکان بە بێکوتایی ورد بکرێنەوە و هیچ ماکەیەك لە دنیادا نییە کە "نێوك"ەکەی وا پتەو بێت کە لەت نەکرێت واتە نەشکێت. لە بەرابەر ئەو بۆچوونەی "ئاریستۆتلس" دا چەند لە زانایانی ئەوکاتی یوونان وەك "دێموکریت" Demokrit (لە یونان ژیاوە) دەیانگوت کە هەمووشتێك پێکهاتووە لە چەشنی جۆرواجۆری ئەتۆم (لە زمانی یوونانیدا ئەتۆم بە مانای "نەشکاو" هاتووە). زیاتر لە چەند سەدە لەسەر ئەو دوو بۆچوونە شەڕ و وتووێژ کرا بە بێ هێنانەوەی بەڵگەیەکی پەسەندکراو. لە ساڵی ۱۸۰۳دا، شیمی و فیزیکزانی ئینگلیزی بە ناوی "جۆن دالتۆن" John Dalton (۱۷٦٦ - ۱۸٤٤) ڕوونی کردەوە کە ئەتۆم لە بارودۆخێکی تایبەتدا لەت دەبێت و دەبێتە هۆی پێکهاتنی "مۆلۆکول". شەڕی ئە دوو بۆچوونە کاتێك کوتایی پێهات کە لە ساڵی ۱۹۰۵دا، ئەنشتاین لە تاقیکارییەکدا چەند حەوتوو پێش بڵاوکردنەوەی نووسراوەی بەناوبانگی لەسەر "تیۆریی نیسبی تایبەتیی"، ئەوی سەلماند کە ئەتۆم لەت دەکرێت. هەروەها لە ساڵی ۱۹۱۱دا، فیزیکزانی ئینگلیزی بە ناوی "ئێرنست ڕۆزێرفۆرد" Ernest Rutherford (۱۸۷۱ - ۱۹۳۷) دیاری کرد کە بنەمای ناوەندی هەر ئەتۆمێك لە "ناوك"ێکی ئەرێیی پێکهاتووە کە ئەلکترۆن بە دەوریدا دەخولێنەوە. لە سەرەتاوە زانایان پێیان وابوو کە "ناوك"ی ئەتۆم پێکهاتووە لە ژمارێکی زۆر ئەلکترۆن و وردیلەی بە باری ئەلکتریکی ئەرێیی(پرۆتۆن). لە ساڵی ۱۹۲۳دا، کەسێك بە ناوی "جیمز چادویك" James Chadwick (۱۸۹۱ - ۱۹۷٤) دۆزییەوە کە لە "ناوك"ی ئەتۆم جگە لە پرۆتۆن، "نۆترۆن"یشی تێدایە کە گەورەییەکەی وەك پرۆتۆنە بەڵام هیچ بارێکی ئەلکتریکی نییە. "جیمز چادویك" بۆ ئەو دۆزینەوەیە خەڵاتی نۆبێلی وەرگرت.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

تا ٢٠ ساڵ لەوەپێش، پرۆتۆن و نۆترۆن هەرکام وەك "ئیلەمینت" واتە یەکەکی تاك سەیر دەکران. بەڵام ئاکامی تاقیکردنەوەکان سەلماندیان بەتایبەت کاتێك بە خێراییەکی زۆر پرۆتۆن بە پرۆتۆن یان پرۆتۆن بە ئەلکترۆن، دابدرێن، لەت دەبن(دەشکێن) و ڕوون بۆوە کە لە ڕاستیدا ئەوانیش خۆیان لە یەکەی بچوکتر پێکهاتوون. لە ساڵی ١٩٦٩دا، لە ئەنستیتۆی کالیفورنیا فیزیکزانێك بە ناوی "مووری گێل مارین" Murray Gell-Marin (١٩٢٩) کە چالاکییەکی زۆری لەسەر سەلماندنی ئەو بۆچوونە کە دواتر ناوی "کوارك"ی Quarks یان لەسەر دانان، کردبوو خەڵاتی نۆبێلی پێ وەرگرت.




"کوارك" چەشنی جۆرواجۆری هەیە. ناوی شەش چەشن یا "فلاۆرس" «Flavours» هەن کە ناوەکانیان بریتین لە: «up», «down»,«strange», «bottom», «charm»و«top». هەر کام لە "فلاۆرس"ەکان دەتوانن سێ ڕەنگیان هەبێت، "سوور" و "سەوز" و "شین".[٥]

هەر پرۆتۆن یا نۆترۆن پێکهاتووە لە سێ "کوارك". یەك پرۆتن پێکهاتووە لە دوو Up-Quarks و یەك دانە Down-Quark. یەك نۆترۆن پێکهاتووە لە دووDown-Quarks و یەك دانە Up-Quark. بەو هۆیەی کە شەپۆلی تیشك تەنانەت لەو ئەتۆمانە زۆر گەورەترە، هیچکات ناتوانین سەیریان بکەین یاخود بە چاو بیانبینین. ڕەنگە تەنیا بەوە قەناعەت بکەین کە مرۆڤ توانیوێتی بچووکترین ماکەی سرووشتی بدۆزێتەوە.

---

٥ (دیارە نابێ لەبیرمان بچێت کە چونکە گەورەیی ئەو وردیلانە تەنانەت لە مەودای شەپۆلی تیشکی بینراو، زۆر بچووکترە، ناتوانن ڕەنگیان هەبێت. ئەوە تەنیا ناوێکە کە فیزیکزانانی سەردەم کە وادیارە فانتازیان زۆر بەقەوەتە، لەسەریان داناون!)

هەموو ماکە ناسراوەکانی گەردوون خراونەتە ناو دوو گرووپەوە. گرووپی نیوە[١/٢] کە هەموو ماکەکانی ناو گەردوون دەگرێتەوە و گرووپی (٠) ، (١) و (٢) کە وڵامدەری هێزەکانی مابەین ماکەکانن.

ئەو ماکە بچکۆلانەی هێزهەڵگرن، بەپێی گەورەیی هێزیان و رادەی بچووکی یان گەورەییان، بەسەر چوار دەستە دا دابەش دەبن. ئەوەش بڵێم کە ئەو دابەشکردنە بوونی ڕاستی نییە و تەنیا یارمەتییەکە بۆ ئاسانکاریی و ڕوونکردنەوەی لەتە تیۆرییەکان. مەبەست لە تەواوی ئەو کارانە دۆزینەوەی تیۆرییەکی یەکدەستە بۆ ڕوونکردنەوەی پێکهاتی گەردوون .

دەستەی یەکەم **هێزی کێشیی** یە. ئەو هێزە بۆ هەموو شتێکە واتە بۆ هەر ماکەیەك لە پەیوەندی لەگەڵ گەورەیی و وزەکەیدا یە. هێزی کێشیی لەناو ئەو چوار هێزادا لە هەموویان کزترە. ئەوەندە کزە کە ئێمە تەنانەت هەستی پێناکەین. هێزی کێشیی دوو تایبەتمەندیی هەیە: یەکەم، تەنیا لە ماکەکانی زۆر گەورەدا هەستی پێدەکرێت و دووەم، هەمیشە و دایم وەك هێزیکی کێشیی دەمێنێتەوە.

دەستەی دووەم **هێزی ئەلکترۆماگنێتی** یە. ئەو هێزە تەنیا لە مابەین وردیلەکانی وەك ئەلکترۆن و کوارك کە باری ئەلکتریکیان هەیە پێکدێت، نەك مابەین هێزی کێشیی کە باری ئەلکتریکیان نییە! ئەو هێزە یەکجار زۆر گەورەترە لە هێزی کێشیی. واتە هێزی ئەلکترۆماگنێتی یەك ملیۆن ملیۆن ملیۆن ملیۆن ملیۆن ملیۆن ملیۆن (١ + ٤١ سیفر)جار گەورەترە لە هێزی کێشیی. دوو چەشن باری ئەلکتریکی هەن. ئەرێیی و نەرێنی. هێزی مابەینی دوو باری ئەرێیی بەرابەرە لەگەڵ هێزی مابەینی دوو باری نەرێنی. هێزی مابەینی باری ئەرێیی و باری نەرێنی دەبێتە هۆی کێش یاخود بۆلای یەکتر چوون. بیچمیکی گەورەی وەك زەوی یا ڕۆژ ژمارەی باری ئەرێیی و نەرێنیان بەقەد یەکەن هەر بەو هۆیە چونکە هێزی کێشیی یا لێك کشانەوەی ماکەکان بەرابەرە، بۆلای یەکتر ناچن یاخود لێك جیا نابنەوە. هێزی ئەلکترۆماگنێتیی لە مەودای زۆر کەمدا وەك مەودای مابەینی ئەتۆم یا مولوکولەکان، یەکجار زۆرە. هێزی کێشیی ئەلکترۆماگنێتیی لە مابەین باری نەرێنی ئەلکترۆن و باری ئەرێیی پرۆتۆن لە ناوەندی ئەتۆمدا دەبێتە هۆی خولانەوەی ئەلکترۆن بە دەوری ئەتۆمەکاندا، هەر وەك هێزی

www.rojhalat.de / www.bokan.de
کێشیی مابەین زەوی و ڕۆژ کە دەبێتە هۆی خولانەوەی زەوی بە دەوری ڕۆژدا. کاتێك "ئەلکترۆن" لە خولگە یاخود شوێنی سوڕانەوەکەیدا بەهۆی نیزیکبوونەوەی بە ناوەندی ئەتۆمێکیتر، جێگا بگۆڕێت، وزە ئازاد دەکات کە ئەوە دەبێتە هۆی پێکهاتنی "فۆتۆن"ێك کە وەك تیشکێکی دیار دەتوانرێت بە چاو ببیندرێت بەو مەرجەی مەودای شەپۆلەکەی دروست بێت.

دەستەی سێەم بە ناوی **[هێزی"ناوك"ی بێ هێز]** ، کە وڵامدەری رادیۆئاکتیڤە و کارلێکەری دەخاتە سەر هەموو ماکەکانی گرووپی نیوە[١/٢]. بەڵام کارلێکەری لەسەر گرووپەکانی (٠) ، (١) و (٢) وەك "فۆتۆن" یا هێزی کێشیی نییە. هەر وەك چۆن پێشتر باسمان لێکرد کە ماکسوێل هێزی ئەلکتریکی و ماگنێتی خستە ژێر یەك تیۆرییەوە بە ناوی "ماگنێتیسمی ئەلەکتریکی"، لێرەشدا دوو کەس بە ناوەکانی "عەدوس سەلام" Abdus Salam (١٩٢٦) لە لەندەن و "ستیون واینبێرگ" Steven Weinberg (١٩٣٣) لە زانکۆی هاڕواڕدەوە لە ساڵی ١٩٦٧دا، بە بێ پەیوەندی لەگەڵ یەك و هاوکات لە دوو شوێنی جیاوازەوە تیۆریی بردنە ژێر یەك چەتری "ماگنێتیسمی ئەلەکتریکی" و [هێزی"ناوك"ی بێ هێز] یان داڕژاند. بە پێی ئەو تیۆرییە رایانگەیاند کە لە پەنا "فۆتۆن"دا، سێ ماکەی‌تر هەن کە دەبنە هۆی گۆڕانکاری هێزەکان بە ناوەکانی (W+)، (W-) و (Z٠)[واتە Z ی سیفر]. گەورەیی هەرکام لەوانە نیزیکەی ١٠٠GeV یا ١(ملیارد ئەلکترۆن وولْت)ە.

دەستەی چوارەم بە ناوی **[هێزی"ناوك"ی بەهێز]** ئەو هێزەی کە "کوارك"ەکان لە پرۆتۆن و نۆترۆندا و هەروەها پرۆتۆن و نۆترۆنەکان لە ناوکی ئەتۆمدا بەیەکەوە رادەگرێت بە **[هێزی"ناوك"ی بەهێز]** ناودێر کراوە.

بە پێی ئەو ڕاستییە کە چونکە ئێمە لەو چوارچێوەیەدا ناتوانیین "کوارك" یا "کلۆن"[٦] چاوەدێری بکەین، بوونیان لەبەرچاوی ئێمە حاڵەتی متافیزیکی هەیە. ئەوەش دەزانین کاتێك وزەیان کەمە، دەکرێت تایبەتمەندییەکانیان دیاری بکرێت و لە کاتی وزەی زۆر بەهێزدا، هەموویان وەك یەکن و جیاوازی لەناویاندا نابیندرێت.

---

[٦] [کلۆن بە مانای بەشبوون بە شێوەی بەرابەرە]

هێنانە ژێر یەك تیۆریی "ماگنێتیسمی ئەلەکتریکی" و [هێزی"ناوك"ی بێ هێز]، بووە هۆی تاقیکارییەکی زۆر لە لایەن پسپۆرانی ئەو بوارە و ناوی "یەکییەتی تیۆری مەزن"یان لەسەر دانا کە شێوەی کورتکراوی بە ئینگلیزی "GUT" بە مانای Grand Unified Theory یە. ڕەنگە ئەو ناوەی بۆیان هەڵبژاردوە زۆر پڕ بە پێستی نەبێ و لە سەری زیاد بێت، چونکە زۆربەی بەرهەمەکان ژمارەی بیرکارییین و بە بڕوای زۆر یەك لە زانایان تیۆرییەکی زۆر تەواو نییە، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش دەکرێ ڕێگاخۆشکەرێك بێت بۆ پێکهێنانی تیۆرییەکی هاوبەش لە داهاتوودا بۆ ڕوونکردنەوەی ناشەفافییەکان.

بە گشتی ئەو تیۆرییە دەڵێ: توانایی "هێزی ناوك" کز دەبێت ئەگەر وزەکەمان [زۆر] یاخود گەورە بێت. لە بەرابەر ئەوەشدا دەڵێ: هێزی "ماگنێتیسمی ئەلەکتریکی" و [هێزی"ناوك"ی بێ هێز] (کە دەتوانن لێك نیزیك ببنەوە بەڵام هیچکات ناتوانن بە یەك بگەنەوە)، بەهێزتر دەبن ئەگەر وزەکەمان گەورە بێت. لەگەڵ وزەیەکی یەکجار زۆر کە ناوی "یەکییەتی وزەی مەزن" یان لەسەر داناوە، هەرسێ هێزەکان بە قەرا یەك دەبن و لە باری تواناییەوە هیچ جیاوازییەکیان نابێت. مرۆڤ بە وردی نازانێت توانایی هێزی "یەکییەتی وزەی مەزن" چەندەیە، بەڵام پسپۆڕان توانایی ئەو هێزە بەلانی کەم بە هەزار ملیۆن ملیۆن (یەك بلیارد) GeV دادەنێن. ئامێری تاقیکاری بۆ ئەو مەبەستە تا ئەوڕۆ، دەتوانن بە چەند هەزارGeV بگەن، بەڵام ئامێرێك کە بتوانیت خێرایی وردیلە بچکۆلەکان بە وزەی "یەکییەتی وزەی مەزن" بگەیێنێت و وەجووڵەیان بخات، دەبێ گەورەییەکەی بە قەرا سیستەمی هەتاویی بێت و شتێکی ئاوا ڕەنگە هیچکات بە هۆی باری قورسی ئابوورییەوە پێك نەیەت! لێرەشدا هەر وەك تیۆریی "ماگنێتیسمی ئەلەکتریکی" و [هێزی"ناوك"ی بێ هێز] لە وزەی کەم و ڕادەی نزمدا دەکرێت تاقیکارییان لەسەر بکردرێت.

لایەنی سرنجڕاکێش لەو تیۆرییەدا ئەو بۆچوونەیە کە پرۆتۆنەکان وەك پێکهێنەری بەشێکی گەورەی ماکەکان، لەناکاو دەشکێن و دەبنە ئانتی ئەلکترۆن. هۆیەکەشی ئەوەیە کە کاتێك بە وزەی "یەکییەتی وزەی مەزن" بگەن، ئیتر هیچ جیاوازیەك لە مابەین "کوارك"ەکان و ئانتی ئەلکترۆن بەدی ناکرێت. لە حاڵەتی ئاساییدا وزەی سێ "کوارك" لە پرۆتۆنێکدا ناتوانێ ببێتە هۆی ئاڵ و گۆڕی ئانتی ئەلکترۆن. ئەگەری

چاوەدێریکردنی گۆڕینی پرۆتۆن بە ئانتی ئەلکترۆن هێندە کەمە(١ + ٣٠ سیفر ملیۆن ساڵ) کە دەتوانین بڵێین نزیك بە نا مومکینە. تا ئەوڕۆ تاقیکاری بۆ شکاندنی پرۆتۆن و نۆترۆن پێك هاتوون، بەڵام هیچ بەڵگەیەك بۆ ئەو ڕووداوە لە دەست دا نییە.







ئەگەر تاقیکردنەوەی ئەو ئاڵوگۆڕە دژوارە و ناکرێت ئەوەندە ملیۆن ساڵ بۆ چاوەدێری کردن ڕاوەستین، وێنا کردنی چۆنیەتی پێکهاتنی گەردوون ناچارمان دەکات بە شێوەی بەرئاوەژوو واتە پێچەوانە، پێکهاتنی پرۆتۆن و "کوارك"ەکان لە بارودۆخی سەرەتای پێکهاتنیانەوە بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە. ماکەی پێکهاتنی زەوی بەشی زۆری "پرۆتۆن" و "نۆترۆن"ە کە ئەوان خۆیان لە "کوارك" پێکهاتوون. بەو جۆرەی کە دیارە ئەو تایبەتمەندییە بۆ هەموو ماکەکانی تری گالاکسی‌یەکانیتریش هەر دروستە. تەنانەت دەتوانین بڵێین کە تەواوی گەردوون دەبێ لەو ماکانە پێکهاتبێت. هەر بۆیە زۆربەی پسپۆران لەسەر ئەو باوەڕەن کە هەموو گالاکسییەکان واتە تەواوی گەردوون لە "کوارك" پێکهاتوە و نەك لە " ئانتی کوارك".

بۆچی دەبێ ژمارەی "کوارك"ەکان زیاتر بن لە ژمارەی " ئانتی کوارك"ەکان؟ بۆچی ژمارەیەکی بەرابەریان نییە؟ ئێمە دەبێ خۆمان بەختەوەر بزانین کە ژمارەی "کوارك"ەکان زیاترە لە ژمارەی "ئانتی کوارك"ەکانن یا بەرابەر نین، چونکە ئەگەر وا نەبوایە، بە زۆترین کات دەبوونە هۆی لەناوبردنی یەکتر و گەردوونێکی پڕ لە تیشکمان دەبوو، بەڵام بە بێ ماکە یاخود بە بێ گالاکسی و ئەستێرە و پلانێتەکان و لە ئاکامدا بە بێ هیچ روح لە بەرێك! زۆربەی تیۆرییەکانی ئەوڕۆ بوونی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە ژمارەی "کوارك"ەکان زیاترە لە ژمارەی "ئانتی کوارك"ەکان،

ئەگەرچی لە کاتی تەقینەوەی مەزندا دەبێ ژمارەیان بەرابەر بووبێت. "یەکییەتی تیۆری مەزن" یاخود "GUT" کە پێشتر باسمان لێکرد لەژێر کارلێکەری وزەیەکی یەکجار زۆر دەبێتە هۆی گۆڕینی "کوارك" بە "ئانتی ئەلکترۆن". هەر بەوشێوەیە دەتوانن بە پێچەوانەش ببنە هۆی گۆڕینی "ئانتی کوارك " بە " ئەلکترۆن " و هەروەها لە " ئەلکترۆن" و " ئانتی ئەلکترۆن"ەوە بۆ "ئانتی کوارك" و "کوارك".

لە سەرەتای سەردەمی پێکهاتنی، کاتێك گەردوون یەکجار زۆر داغ بوو و وزەی ماکەکان ئەوەندە بووە کە توانای ئەو ئاڵوگۆڕیان هەبووە، هۆیەکەی دەبێ چی بووبێت کە زیاتر "کوارك" پێکهات تا "ئانتی کوارك"؟ هۆیەکەی ئەوە بووە کە یاساکانی زانستی فیزیك بۆ وردیلە کان و دژبەرەکانیان(ئانتی وردیلە) لە هەموو خاڵەکاندا وەك یەك نە بوون. تا ساڵی ١٩٥٦، مرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە یاساکانی زانستی فیزیك لەو بوارەدا سێ بەشی P,C وT دەگرنەوە. بەشی C دەڵێ کە یاساکان بۆ وردیلەکان و دژبەرەکانیان وەك یەك وان. بە پێی بە شی P یاساکان بۆ هەرکام لە بارودۆخەکان واتە سووڕاندنی وردیلەکان بۆ چەپ یا سووڕاندن بۆ ڕاست، وەك یەکن (واتە جووڵانەوەی بە پێچەوانەی وردیلەکان). بەشی T دەڵێ کە ئەو سیستەمە لە حاڵەتێکدا دەگەڕێتەوە بۆ دواوە، واتە بۆ ئەو بارودۆخەی کە پێشتر تێیدا بووە، ئەگەر ڕێگا یا ڕەوتی جووڵانەوەکانی هەموو وردیلەکان و ئانتی وردیلەکان پێچەوانە بکەینەوە! بەو مانایە، یاساکان بۆ هەردوو ڕێگاکان وەك یەك دەبن.

لە ساڵی ١٩٥٦دا، دوو فیزیکزانی ئامریکایی بە ناوەکانی"چوونگ داو لی" Lee Tsung-Dao (١٩٢٦) و "چێن نینگ یانگ" Chen Ning Yang (١٩٢٢) ڕوونیان کردەوە کە بە تایبەت سەبارەت بە بەشی P بەو شێوەیەی پێشتر نییە. دوای تاقیکاریی هاوکارێکی ژنیان بەناوی "چیین شیونگ" کە "ناوك"ی ئەتۆمی لە مەیدانی ماگنێتیسمی لێکبڵاو کردەوە و سەلماندی کە ئەلکترۆنەکان بۆ هەردوو جەمسەرەکان ئازاد دەبن و شەرت نییە کە هەموویان بۆ لایەك بچن! ئەو تاقیکارییە بووە هۆی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل بۆ دوو ئەمریکایی ناوبراو. جگە لەوە دۆزراوە کە بەشی C یش وانییە و گەردوون بەو شێوەیەی کە هەیە دەکرا بە پێچەوانەش هەر دروست ببوایە! بە پێی ئەو بۆچوونە دەبووا یاسای فیزیك بۆ حاڵەتی پێچەوانە کردنەوەی ڕێگای جووڵانەوەی وردیلەکان، بگۆڕدرێت وەك لە بەشی T پێشتر باسمان لێکرد. بە لێك کشانەوە و وردە

ورده سارد بوونەوەی گەردوون " کوارك" و "ئانتی کوارك" بوونە هۆی لە ناوبردنی یەکتر. بەڵام بەو هۆیەی ژمارەی "کوارك "ەکان زیاتر لە "ئانتی کوارك"ەکان بوون، بەشێك لە "کوارك"ەکان مانەوە و بوونە هۆی پێکهاتنی ئەو شتانەی وا ئێمە ئەمڕۆ دەیانبینین و تەنانەت بوونە هۆی پێکهاتنی ئێمە و هەموو گیانلەبەرانی ئەو گەردوونە. ئەو تیۆرییە مەزنە، هێزی کێشیی ڕوون ناکاتەوە. بەڵام بە هۆی هێزێکی وا کەم کە کارلێکەرییەکی ئەوتۆی لەسەر دنیای گەردیلەکاندا نییە، دەکرێ چاوپۆشی لێبکەین. بەڵام لە مەودا دوورەکاندا و بۆ بارودۆخی گەردوون دەبێ هێزی کێشیی رۆڵی ڕوونکەرەوەی سەرەکی هەبێت.

## چاڵی ڕەش

لە ساڵی ١٩٦٩دا، بیرمەندێکی ئەمریکایی بە ناوی "جان وێلەر" John Wheeler (١٩١١ - ٢٠٠٨) ویستی وشەیەکی پڕ بە پێست بدۆزێتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی تیۆرییەکەی خۆی. ئەو باوەڕە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە دووسەدساڵ لەمەوبەر. گەڕانەوە بۆ کاتێك کە لەسەر ووشەی "تیشك" دوو تیۆریی هەبوون. یەکەمیان کە تیشك لە شەپۆل پێکهاتووە و ئەویتریان دەگەڕێتەوە بۆ کاتی نیۆتۆن کە دەڵێ تیشك لە وردیلەکان پێك دێت. ئێمە ئەمڕۆ دەزانین کە هەردووك تیۆرییەکان ڕاستن. بە پێی زانستی مکانیکی "کوانتا"، تیشك هەم لە وردیلەکان و هەم لە شەپۆل پێکهاتووە. ئەگەر وای دانێین کە تیشك لە شەپۆل پێکهاتووە، ڕوون نییە کە چۆن سەبارەت بە هێزی کێشیی هەڵسوکەوت دەکات. بەڵام ئەگەر دابنێین تیشك لە وردیلەکان پێکهاتووە، دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بین کە کارلێکەریی هێزی کێشیی لەسەر ئەو وەك کارلێکەری هێزی کێشییە لەسەر فیشەکی تۆپ یاخود ڕاکێت. لەسەرەتاوە مرۆڤ پێی وابوو خێرایی وردیلەکانی تیشك بە بێکۆتایی یە. هەر بەو هۆیە هێزی کێشیی ناتوانێت کارلێکەری لەسەر تیشك بکات واتە هێدی بکاتەوە! بەڵام کاتێك دۆزراوە کە خێرایی تیشك کۆتایی هەیە، لە لایەن "ڕۆمەر" Rømer ەوە گوترا کە هێزی کێشیی دەتوانێت کارلێکەرییەکی زۆری لەسەر تیشك هەبێت. لەسەر ئەو بۆچوونە "جان میتشێل" John Mitchell (١٧٢٤ - ١٧٩٣ ) لە ساڵی ١٧٨٣دا لە لەندن، درکاندی: ئەستێرەیەك بە گەورەیی و پتەویی زۆر، دەبێ بازنەیەکی وا گەورەی هێزی کێشیی هەبێت، کە هیچ تیشکێك ناتوانێ لێی دەرچێت! تیشکەکان پێش ئەوەی بتوانن وەرێبکەون یا لە ئەستێرەکە دوور کەونەوە، هەر لە بان یاخود ڕووکاری ئەستێرەکەوە لە لایەن بازنەی هێزی کێشیی ئەستێرەکەوە، هەڵدەلووشرێن. "جان میتشێل" ڕایگەیاند کە ژمارێکی زۆر لەو چەشنە ئەستێرانە هەن. سەرەڕای ئەوەیکە ئێمە ناتوانین بیان بینین، چونکە تیشکەکەیان بە ئێمە ناگات، بەڵام هەست بە هێزی کێشییەکەیان دەکەین. ئەو شێوە ئەستێرانە ئەمڕۆ بە ناوی "چاڵی ڕەش" نێو دەبردرێن واتە جێگایەکی بەتاڵ و تاریك لە بۆشاییدا.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

چەند ساڵ دواتر تێزێکی لەو چەشنە لە لایەن ماركووس دێ لاپلاس Marquis de Laplace (١٧٤٩ - ١٨٢٧) ەوە بە بێ ئاگادار بوون لە بۆچوونەکەی "جان میتشێل"، بڵاو کرایەوە. ئەو بۆچوونەی لاپلاس تەنیا لە چاپی یەکەمی کتێبێکەیدا بە ناوی "نیشاندانی سیستەمی جیهانی" باسی لێکرا و دواتر واتە لە چاپەکانی تری ئەو کتێبەدا، ئەو بۆچوونەی قرتابوو! ڕەنگە دوای چاپی یەکەمی کتێبەکە لاپلاس ئیتر باوەڕی بەو تێزە نەمابێت. لە سەدەی ١٩دا، ئەو تێزەی لاپلاس دیسان زیندوو بۆوە. وا دیاربوو کە دەتوانرێت بە تیۆری شەپۆل هەمووشتێکی ڕوون بکرێتەوە. بەڵام ئەو پرسیارە لەسەر تیۆری شەپۆل هەبوو کە ئایا هێزی کێشیی کارلێکەری لەسەر تیشك هەیە؟

لە ڕاستیدا ناتوانین لە هێزی کێشیی نیۆتۆندا تیشك لەگەڵ فیشەکی تۆپ هەڵسەنگێنین، بەو هۆیەی کە خێرایی تیشك نەگۆڕە. کاتێك فیشەکی تۆپ لە زەویەوە ئاوردەدرێ، بەهۆی هێزی کێشییەوە خێراییەکەی هێدیتر دەبێتەوە و لە ئاکامدا کاتێك وزەکەی تەواو دەبێت، بەردەبێتەوە. بەڵام "فۆتۆن"ی تیشك لە بەرابەر ئەودا دەبێ بەرەو سەرێ خێراییەکەی وەك خۆی بمێنێتەوە و هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نەیەت. چۆن دەکرێت هێزی کێشیی نیۆتۆن کارلێکەری لەسەر تیشك هەبێت؟

لە ساڵی ١٩١٥دا، ئەنشتاین تیۆرییەکی ڕوونی سەبارەت بە کارلێکەری هێزی کێشیی لەسەر تیشك لە "تیۆریی نیسبی گشتی"دا بڵاو کردەوە. تێگەیشتن لەو تێئورییە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەستێرەکاندا کاتێکی زۆری خایاند.

بۆ وێناکردنی چۆنییەتی پێکهاتنی "چاڵی ڕەش" لە پێشدا پێویستیمان بە پرۆسەی پیکهاتنی ئەستێرەکان هەیە. ئەگەر بەشێکی یەکجار زۆر گاز (کە زۆربەی "هیدرۆژێن"ە) بە هۆی هێزی کێشییەوە بۆ ناوخۆ دابڕووخێ، ئەستێرە پێکدێت. ئەو تێکرووخان و لیکدران و لێکخشانە، بە خێراییەکی یەکجار زۆر دەبێتە هۆی پێکهێنانی گەرمایەکی لەڕادەبەدەر. لە ئاکامدا "گاز"ەکە وا داغ دەبێت کە ئەتۆمەکانی هیدرۆژێن ئیتر لێکناکشێنەوە، بەڵکوو یەك دەگرن و دەبنە هۆی پێکهاتنی "هێلیۆم". گەرمای لەرادە بەدەری پێکهاتوو، دەبێتە هۆی تەقینەوەیەکی گەورە و لە ئاکامدا ڕووناکبوونی ئەستێرەکە. بەرزبوونەوەی پلەی گرما بە هۆی تەقینەوەکە، دەبێتە هۆی بەهێزبوون و گوشار هێنانی زیاتری گازەکان تا ئەو جێگایەی کە هێزەکەیان دەگاتە هێزی کێشیی. لەو حاڵەتەدا ئیتر گازەکان وێکنایەن و وەك "باڵۆنی هەوا"، کە گوشاری هەواکە دەبێتە هۆی گەورەبوونەوەی باڵۆنەکە و خۆڕاگری جلی باڵۆنەکە هەوڵی ڕاگرتن و

هاوسەنگی باڵۆنەکە دەدات. بەهۆی ڕاگرتنی هاوسەنگی مابەین هێزی کێشیی و دەرفرتاندنی گەرمای نێوەوە واتە ناوەندی ئەستێرەکە، ئەو حاڵەتە نەگۆڕە بۆ ماوەیەکی زۆر دەهێڵێتەوە و لە ڕاستیدا بەو شێوەیە ئەستێرەکان پێکدێن. هەچەند ئەستێرەکە گەورەتر بێت بەو ئەندازەیەش زیاتر دەتوانێت بە هۆی گەرمای زۆرەوە، هاوسەنگی خۆی لەگەڵ هێزی کێشیی ڕابگرێت و زیاتر درێژە بە تەمەنی بدات. "ڕۆژ"ی خۆمان تا نزیکەی پێنج ملیارد ساڵیتر گەرما و هێزی خۆڕاگرتنی هەیە. لەوانەیە دوای تێپەڕبوونی سەد ملیۆن ساڵ، گەرما و تیشکی ئەستێرەکان لەناو بچن و کوێر ببنەوە کە ئەوە لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ تەمەنی گەردووندا کاتێکی کورتە. ئەگەر هێز و گەرمای ئەستێرەیەك کوێر بێتەوە، سارد دەبێتەوە و دەست دەکات بە وێکهاتن و پووچانەوە و چکوولە بوونەوە.

ئەگەر ئەستێرەیەك وێکبێت، بازنەی هێزی کێشیی بەهێزتر دەبێت. بەتایبەت لە بەشی سەرەوە یا رووکاری ئەستێرەکە. ئەو بازنە بەهێزە دەبێتە هۆی خواربوونەوەی تیشکی ئەستێرەکە. هەرچەند هێزی کێشیی ئەو بازنەیە زۆرتر بێت، بەو ئەندازەیەش زیاتر تیشکەکەی دەچەمێتەوە تا ئەوجێگایەی ئیتر تیشکی ئەستێرەکە دەگەڕێتەوە بۆ ناو خۆی. لەو حاڵەتەدا چونکە تیشکەکە نادرکێتە دەرێ و بۆ ناوەوەی ئەستێرەکە دەگەڕێتەوە، چاوەدێریکردنی لە لایەن ئێمەوە زۆر دژوارە. کاتێك ئەستێرەیەك کە لە حاڵی چکوولە بوونەوە دایە، نیوەتیرەکەی وا بچووك بێتەوە کە بەهۆی بازنەی زۆر بەهێزی کێشیی ئیتر تیشکی لێدەرنەچێت و ئێمە نەتوانین بیبینین، بەو دیاردەیە دەڵێن "چاڵی ڕەش".

بۆ تێگەیشتن لەو دیاردەیە و ئەوەیکە مرۆڤ چ دەبینی، ئەگەر چاوەدێری بکردبایە، یاخود چلۆن ئەستێرەیەك دەکەوێتە ئەو بارۆدۆخەی کە دەبێتە هۆی هەڵلوشینی لە لایەن "چاڵی ڕەش"ەوە، دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگرین کە بە پێی "تیۆریی نیسبی"، کات رەوا و بێمەرج نییە، واتە بگۆڕە. هەرکام لە چاوەدێرەکان کاتی تایبەت بەخۆیان دەپێون. بەهۆی بازنەی هێزی کێشیی، "کات" بۆ کەسێك کە لە سەر ئەستێرەیەك ئەو پێوانە دەکات جیاوازی دەبێت لەگەڵ کەسێك کە بە مەودایەکی زۆر دوورتر لەو ئەستێرەیە پێوان بکات.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

بەگشتی، تیۆریی وێنای "چاڵی ڕەش" لە ڕوانگەی بۆچوون یاخود تیۆرییەکانی ئەنشتاین بە یارمەتی زانستی بیرکاری پێکهاتبوو. لە ساڵی ١٩٦٣دا، ئەستێرەناسێك بە ناوی "مارتین شمیدت" Maarten Schmidt (١٩٢٩) لە کالیفۆڕنیا بیچمێك کە وەك ئەستێرە دەچوو و تیشکێکی زۆر کەمڕەنگی لێدەبۆوە، و"سپێکترۆم"ەکەی بەرەو سوور هەڵکشابوو، دۆزییەوە. ئەو بیچمە زۆر لەوە گەورەتر دەبوو ئەگەر لە لایەن بازنەی هێزی کێشیی یەوە پێکهاتبا! ئەگەریش بە هۆی "سپێکترۆم"ی بەرەو سوور هەڵکشاوی بازنەی هێزی کێشییەوە پیك هاتبایە، دەبوو گەورەیی ئەو بیچمە ئەوەندە مەزن بایە و هێندە لە ئێمەوە نیزیك بایە کە کارلێکەری لەسەر سیستەمی هەتاوی دانابایە. "سپێکترۆم"ی بەرەو سوور هەڵکشاویشی پێشاندەری ئەوەیە کە بە هۆی لێککشانەوەی گەردوون پێکهاتووە. ئەوەش دیسان بەو مانایەیە کە دەبێ مەوداکەی زۆر لە ئێمە دوور بێت. ئەوەیکە دەتوانیین بیبینین سەڕەرای مەودای زۆر دووری لە ئێمەوە، دەبێ ئەو بیچمە تێشکێکی یەکجار زۆری هەبێت یاخود وزەیەکی یەکجار مەزن لەخۆی بداتە دەرێ. تەنیا شتێك کە بتوانێت ئەو وزە گەورەیە لە خۆی بداتە دەرێ کۆبوونەوەی ئەستێرەکان یاخود، گالاکسییەکان لە یەك شوێنی تایبەتدایە. تا ئەوڕۆ زۆر شوێنی لەو چەشنە لە لایەن ئەستێرەناسانەوە دوزراونەتەوە کە دەتوانین بۆ سەلماندنی بوونی "چاڵی ڕەش" کەڵکیان لێوەربگرین.

یەکێکیتر لە بەڵگەکانی سەلماندنی بوونی " چاڵی ڕەش" لە لایەن کەسێك بە ناوی بانوو"جۆسێلین بێل" Jocelyn Bell (١٩٤٣) لە ساڵی ١٩٦٧ دا دۆزرایەوە. "بێل" دیتبویەوە کە شتێك لە ئاسمانەوە بە شێوەی ڕێکوپێك و بە دوای یەکدا، لە ڕێگای شەپۆلی رادیۆییەوە "ئیمپولز"(سیگناڵ) دەنێرێت. لەپێشدا پێی وابوو کە ئەو "ئیمپولز"انە لە لایەن گیانلەبەرانی تری گەردوونەوە دەنێردرێت و بەو شێوەیە ڕەنگە بیانهەوێت پەیوەندیی لەگەڵ زەوی بگرن! دواتر دۆزرایەوە کە ئەوە بوونی ئەستێرەی نۆترۆنی دەسەلمێنێت. نیوەتیرەی ئەستێرەیەکی نۆترۆنی دەبێ نزیکەی ١٦ کیلۆمتر بێت. کە ئەوە لەگەڵ ئەو گەورەییەی کە ئەستێرەکان لە کاتی چکوولەبوونەوەیاندا بەرەو ئاڵوگۆریان بۆ "چاڵی ڕەش" لانیکەم هەیانە. بەڵام چلۆن دەکرێت هەست بە بیچمێك کە هیچ تیشکێك لەخۆی نەداتە دەرێ و ئەوەندە لە ئێمەوە دوور بێت، بکردرێت؟ وەك ئەوەی کە پیاو لەتاریکیدا لە پشیلەیەکی ڕەش بگەڕێت! بەڵام بەختەوەرانە ڕێگایەك هەیە کە پیاو بتوانێت لێیبگەڕێت. "جان میتشێل" John Mitchell لە ساڵی ١٧٨٣ لە نووسراوەیەکیدا دەڵێ: " چاڵی ڕەش" بەهۆی هێزی کێشییەکەی، کارلێکەری لەسەر

بیچمەکانی جیرانی خۆی دەکات. ئەستێرەناسان سیستەمی جۆرواجۆر دەناسن کە لە هێندێکیاندا دوو ئەستێرە بەدەوری یەکتردا دەخولێنەوە. سیستەمی واش هەن کە ئەستێرەیەکی بریقەدار بەدەوری بیچمێکی نادیاردا دەخولێتەوە. دیارە پیاو ناتوانێت بە ڕاشکاوی بڵێت کە ئەو چەشنە بێچمە نادیارە دەبێ "چاڵی ڕەش" بێت! چونکە ئەوە دەتوانێت ئەستێرەیەکی کزی نزیك بە کووژانەوە بێت کە تیشکەکەی هێندە کزە، ئێمە نەتوانین بە چاو بیبینین. لە لایەکی ترەوە بەهۆی لێکبڵاوبوونەوەی ماکەکانی دەوروبەری ئەستێرەکە (ئەستێرە دیارەکە) [وێنەی ژمارە ٤] و نزیکبوونەوەیان لە بیچمە نادیارەکە، جۆڵانەوەیەکی بە شێوەی دووکەڵ (واتە بە دەوری خۆیدا پێچ بخواتەوە) پێکدێی و وا داغ دەبێت کە لەخۆی تیشکی x، واتە تیشکی لە چەشنی وێنەهەڵگری پزشکی دەداتە دەرێ. ئەو مکانیزمە کاتێك روودەدات کە بیچمەکە بچووك بێت کە ئەوە هەمیسان روودەکاتەوە بۆ لای ئەستێرەیەکی نۆترۆنی یاخود "چاڵی ڕەش".




(وێنەی ژمارە ٤)

ئێمە ئێستا دەزانین کە لە گالاکسی خۆماندا "چاڵی ڕەش" ێکیان بە ناوی Cygnus X-۱ دۆزیوەتەوە وهیچ جێگای گومان نییە کە لە مێژووی گەردوونێکی ئاوا گەورەدا کە ئەو هەموو گالاکسیانەی لەخۆ گرتووە ژومارێکی پتر لە "چاڵی ڕەش" و بیچمی هاوچەشن هەبن کە ڕەنگە لە داهاتوودا بتوانن ڕووناکی بخەنە سەر زانستی مرۆڤ.

بۆ ڕوونکردنەوەی بارودۆخی ڕابردوو و داهاتووی گەردوون تاك تاكی ئەو دیاردانە و بەتایبەت، دۆزینەوەی هەرچی زیاتری (بۆ نموونە "چاڵی ڕەش") دەتوانێت رۆڵێکی گرینگ لە چارەنووسی گەردووندا هەڵسووڕێنێت.

لە ساڵی ١٩٧٠دا، کەسێك بە ناوی "ستی ون هۆکینگ " Stephen W. Hawking (١٩٤٢ - ٢٠١٨) کە بە گشتی زۆر لەمێژ بوو خۆی بە پرسیاری سەبارەت بە "چاڵی ڕەش"ەوە ماندوو کردبوو، ڕایگەیاند هەر شتێك کە گەرمای هەبێت دەبێ تیشك لەخۆی بداتە دەرێ. بەو هۆیە "چاڵی ڕەش"یش دەبێ و ناچارە تیشکی لێببێتەوە، ئەگەرچی کەمیش بێت!

## ڕابردوو و چارەنووسی گەردوون

ئانشتاین لە "تیۆریی نیسبی گشتی"دا دەڵێ: دەستپێکی "شوێن-کات"، "سینگولار"یەتی[٧] تەقینەوەی مەزن بووە و تەواوبوونیشی یا بە تێکرووخانی تەواوی گەردوون و یا بە رووخانی ناوچەیەك لە گەردوون، وەك پێکهاتنی "چاڵی ڕەش" لە لایەن ئەستێرەکانەوە کە بەشێك لە گەردوون دەگرێتەوە، پێکدێت(واتە "کات" لە چاڵە ڕەشەکاندا بە پێوانەی ئێمە لەدەرەوەی ئەو دیاردەدا، ڕادەوەستێ) و ئەو بیچمەی دەکەوێتە ناو "چاڵی ڕەش"ەوە، هەموو تایبەتمەندییەکانی لەناودەچێت و تەنیا "بازنەی هێزی کێشیی" دەمێنێتەوە و هەر بەوش دەتوانین هەست بە بوونی "چاڵی ڕەش" بکەین. بەڵام ئەگەر کاردانەوەی "کوانت"ەکان لەبەرچاو بگرین، گەورەیی و یاخود وزەی ماکەکان لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ گەردوون، لە کاتێکدا "چاڵی ڕەش" و لەگەڵ ئەو هەر "سینگولار"ێکیشی بۆ نێوەوەی خۆی تیشك دەهاوێژێت. لەڕاستیدا لە گەردوون چ دەقەومێت ئەگەر بازنەی هێزی کێشیی ئەوەندە بەهێز بێت کە ئیتر نەتوانین "کوانت"ەکان چاودێری بکەین؟ ئایا گەردوون لە ڕاستیدا دەستپێك و یاخود تەواوبوونی هەیە؟

"ستێفان هاوکینگ" لە نووسراوەیەکیدا لەسەر بارودۆخ و چۆنییەتی گەردوون ئاوا دەنووسێت : لە سەدەی حەفتاکاندا تەواوی کاتی خۆمم بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر "چاڵی ڕەش" تەرخان کردبوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٨١وە بەولاوە، هەمیسان سەرنجم بۆ ڕابردوو و چارەنووسی گەردوون ڕاکێشراوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا دەبوو بەشداربام لە کونفرانسێك کە لە لایەن کاربەدەستانی کلیسا لە واتیکان بەڕێوە دەچوو. کلیسای کاتۆلیکەکان ئەو کات[٨] لە پەیوەندی لەگەڵ "گالیلە"دا هەڵەیەکی گەورەیان کردبوو[کە ڕۆژ بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە]. تازە دوای تێپەڕبوونی چەندین سەدە بە

[٧] (Singularity) بە مانای بنەما و یەکە تاقانەکان

[٨] پێشتر هەر لەو نووسراوەیەدا باسم لێکردووە(نووسەر)

www.rojhalat.de / www.bokan.de
بانگهێشتنی پسپۆران، دیانهەویست خۆیان سەبارەت بە بارودۆخی تازەی زانستیی تەیار بکەن. دوای تەواوبوونی کونفرانسەکە ڕێگایان پێداین لەگەڵ "پاپا"دا دیدار بکەین. ئەو بە ئێمەی گوت، هیچ ناکۆکییەك نایتە سەر ڕێگای زانست ئەگەر بیهەوێت لێکۆڵینەوە لەسەر گەردوون و تەقینەوەی مەزن بکات. بەڵام زانست بۆی نییە خۆی تاقیکاری لەسەر تەقینەوەکە بکات، چونکە ئەوە دەست تێوەردانە لە کاری خودا! من خۆشحاڵبووم کە "پاپا" ئاگاداری وتارەکانی من لە کۆنفرانسەکەدا نەبوو، ئەو بابەتانەی من لە کۆنفرانسەکەدا باسم لێکردن، بۆنی ئەوەیان لێ دەهات کە گەردوون نە دەستپێکێکی تایبەتی بووە و نە هیچ هێزێکیش بۆتە هۆی پێکهێنانی!

پێش ئەوەی بچینە سەر بۆچوونی پسپۆڕان سەبارەت بە مێکانیزمی مکانیکی "کوانتا" کە چلۆن کارلێکەری لەسەر پێکهات و ڕابردوو و چارەنووسی گەردوون دادەنێت، دەبێ بەگشتی باس لەسەر مێژووی باوەڕپێکراوی گەردوون بکەین کە بە "مۆدێلی داغی تەقینەوەی مەزن" ناوبراوە. مێژووی پێش تەقینەوەکە لە "مودێلی – فریدمەن"دا شیکراوەتەوە. لەو چەشنە مودێلانە دا مرۆڤ دێتە سەر ئەو باوەڕە کە بە لێککشانەوە و گەورەبوونەوەی گەردوون هەموو بنەماڵەکان و بەشدارانی ناو گەردوون سارد دەبنەوە (ئەگەر گەردوون دووبەرابەر بێتەوە، نیوەی گەرماکەی لە دەست دەدات.)

بەو پێیەی کە گەرما پێوانی مامناوەندی وزە یا خێرایی وردیلەکانە، دەبێ ئەو فێنکبوونەوەی گەردوون کارلێکەری لەسەر ماکەکانی ناوەوەی وردیلەکان دابنێت. لە گەرمای یەکجار زۆردا، وردیلەکان وا بەگورج دەخولێنەوە کە هێزی مابەینی ملوکولەکان یاخود هێزی "ماگنێتیسمی ئەلەکتریکی" و هێزی کێشیی هیچ کارلێکەرییەکی لەسریان نابێت. بەڵام لەگەڵ ساردبوونەوە یاخود فێنك بوونەوەیاندا، مرۆڤ چاوەڕوانی ئەوە دەبێت کە وردیلە چکوولەکان بۆ لای یەکتر ڕادەکێشرێن. لەوەش زیاتر، گەرماکە بەوە بەستراوەتەوە کە چ چەشنی وردیلەیەك لە گەردووندا هەن. لە گەرمای یەکجار بەرزدا وردیلەکان هێندەیان وزە هەیە کە لە بەربەرەکانی لەگەڵ یەکتردا دەتوانێت وردیلە - ئانتی وردیلە- جووت، پێك بێت، سەرەڕای ئەوەیکە دەکرێت ژمارەیەك لە وردیلەکان لە رووبەروو بوونەوە لەگەڵ ئانتی وردیلەکاندا، لە ناو بچن. لە گەرمای کەمتردا، وردیلەکان وزەیان کەمترە، بەو شێوەیە، وردیلە - ئانتی

و وردیله - جووت، زۆر هێدیتر دەتوانن پێکبێن، واتە پرۆسەی لەناوچوون خێراترە تا پرۆسەی پێکهاتن.

بە پێی ئەو بۆچوونە، گەورەیی گەردوون لە کاتی تەقینەوەکەدا سیفر بووە و ئەوەش ئەوە دەگەیێنێت کە بێکۆتایی گەرم بووە. لەگەڵ گەورەبوونەوەی گەردوون دەبووا گەرماکەی کەمتر ببێتەوە. چرکەیەك دوای "تەقینەوەی مەزن" دە میلیارد پلە لە گەرماکەی کەم بۆتەوە. ئەو گەرمایە نزیکەی هەزار بەرابەری گەرمای ناوەندی ڕۆژە. ئەو چەشنە گەرمایە دەکرێت بە بۆمبی هیدرۆژێنیش پێك بێت. لەو کاتەدا ئەو ماکانەی گەردوونیان پێك هێناوە بەشێکی گەورەیان بریتیبوون لە "فۆتۆن"ەکان، "ئەلکترۆن"ەکان، "نۆترۆن"ەکان[٩]، ئانتی وردیلەکانیان و هەروەها پرۆتۆن و نۆترۆنەکانیان. بە گەورە بوونەوە، واتە لێککشانەوە و فێنکبوونەوەی زیاتری گەردوون، ئەو خێراییەی لە لێکدرانی "ئەلکترۆن"ەکان – ئانتی "ئەلکترۆن"ەکان-جووتەکان پێك هاتبێت، و ئەوخێراییەی یەکتریان پێ لە ناوبردبێت، دەبێ کەم بووبێتەوە. زۆربەی "ئەلکترۆن"ەکان و ئانتی "ئەلکترۆن"ەکان یەکتر لە ناودەبەن و لە ئاکامدا فۆتۆن پێك دێت و ژومارێکی کەم "ئەلکترۆن" دەمێننەوە. بەڵام "نۆترۆن"ەکان و "ئانتی نۆترۆن"ەکان یەکتر لە ناونابەن، چونکە ئەوان لەگەڵ خۆیان و وردیلەکانی تر لەژێر هێزێکی زۆر کزی " هێزی"ناوك"ی بێ هێز " دان. ئەوان دەبێ ئێستاش هەر مابن. ئەگەر بمانتوانیبا چاوەدێریان بکەین، بەڵگەیەکی زۆر باش دەبوون بۆ گەرمای بێکۆتایی ئەو کاتی گەردوون. بەداخەوە وزەیان ئەمڕۆ زۆر لەوە کزترە کە ئێمە بتوانین چاوەدێریان بکەین و یاخود بیانپێوین. بەڵام ئەگەر "نۆترۆن"ەکان خاوەن گەورەیی بووبان(هەر وەك لەساڵی ١٩٨١دا، بە پێی تاقیکارییەکی زانیارانی رووسی کە هێشتا نەسەلمێندراوە و هیچ بەڵگەیەکیان بۆ ئەو بۆچوونە بەدەستەوە نییە)، دەمانتوانی بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بیاندۆزینەوە: ("نۆترۆن"ەکان دەیانتوانی چەشنە فۆڕمێکی هەرکام لە ماکەکانی ناو تاریکی بن بە هێزێکی گەورەی کێشییەوە کە پێشگری لە لێککشانەوە و گەورەبوونەوەی گەردوون بکەن و بەرەو تێکرووخانی ڕێنوێنی بکەن).

---

[٩] (وردیلەی یەکجار زۆر سووک، کە تەنیا لە لایەن هێزی کێشیی و هێزی"ناوک"ی بێهێز کارلێکەریان لە سەر دەکردرێت)

نزیکەی سەد چرکە دوای تەقینەوەی مەزن پێشبینی دەکرێت کە لە گەرماکەی یەك ملیارد پلە کەم بووبێتەوە (گەرمای ناوەندی ئەستێرەکان). لەو گەرمایەدا ئیتر "پرۆتۆن"ەکان و "نۆترۆن"ەکان وزەی پێویستیان نییە تا هێزی کێشیی ناوەندیی "ناوك" پووچەڵ بکەنەوە و لەئاکامدا لە لایەن ناوکی ئەتۆم و بە هۆی بوونی هیدرۆژێن، "ناوك"ی هیلیۆم کە دوو پرۆتۆن و دوو نۆترۆنی لەخۆگرتووە، پیکبێنێت.[10] بە پێی زانستی بیرکاری لەو بارودۆخەدا نزیکەی یەك لە چواری "پرۆتۆن"ەکان و "نۆترۆن"ەکان دەبنە هۆی پێکهێنانی "ناوك"ی هیلیۆم و بەشێکی بچووکیش هیدرۆژێن و یەکە قورسەکانی تر.[11] چەند کاتژمێرێك دوای تەقینەوەکە دەبێ پیکهاتنی هیلیۆم و یەکەکانی‌تر کۆتایی هاتبێت. بەدوای ئەوە دا بە بۆچوونی زانایان، بۆ ماوەی زیاتر لە یەك ملیۆن ساڵ، گەردوون پرۆسەی لێککشانەوەی دەستپێکردووە. دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە، کاتێك گەرماکەی تەنیا بە چەند هەزار پلە گەییشتووە، "ئەلکترۆن" و "ناوك"ەکان بۆ ڕاگرتنی هێزی "ماگنێتیسمی ئەلەکتریکی" بەینی خۆیان، ئیتر وزەی پێویستیان نەبووە، و ئەوە بۆتە هۆی هاوبەشییان لەگەڵ ئەتۆمەکان. بەو کارە هاوبەشە، گەردوون دەستیکردوە بە لێککشانەوە و فێنك بوونەوە. لەو شوێنانەدا کە هێزی کێشیی بە هۆی پتەوبوونی ماکەکان زۆر بەهێز بووە، زۆر بەهێمنی لیککشاوەتەوە. ئەوە لەدایکبوونی گەردوون بووە.

بەدوای ئەو پرۆسەیەدا، هیدرۆژێن و هیلیۆمی گالاکسییەکان بوونەتە هۆی پێکهێنانی "هەور و هەڵم" کە لە ژێر کارکێکەری هێزی کێشیی تیکرووخاون و بە هۆی لێکدران و لێکخشانی ئەتۆمەکان لەناو خۆیاندا، گەرمایەکی زۆر پێکهاتووە تا لە ئاکامدا وەها پلەی گەرما چۆتە سەرێ... وەك لە بەشەکانی پێشوو باسمان لێکرد، بۆتە هۆی پێکهێنانی ئەستێرەکان و پلانێتەکان.

---

[10] (لەبارودۆخێکی یەکجار دەگمەندا دەکرێت کە یەکەیەکی زۆر قورسی وەک "لیتیۆم" و "بریلیۆم"یش پێکبێنن).

[11] (وێنەیەکی لەو چەشنە لە ساڵی ١٩٤٨دا، لە لایەن فیزیکزان جۆرج گامۆڤ (George Gamov)ەوە پێشنیار کراوە).

دوو لە سەدی "ڕۆژ" پیکهاتووە لە یەکە قورسەکان، چونکە ڕۆژ ئەستێرەیکە لە بەرەی دووەم یا سێەم، کە نزیکەی چوار و نیو ملیارد ساڵ لەمەوبەر لە هەور و هەڵمی گازاوی پێکهاتووە. بەشی هەرە زۆری ئەو گازە بۆتە هۆی پێکهاتنی ڕۆژ و هێندێکیش لەو گازە، تێکەڵاو لەگەڵ یەکە قورسەکان، پلانێتەکانی تر وەك زەوییان پێکهێنا کە بەدەوری ڕۆژدا دەسووڕێنەوە. زۆر لەمەوبەر "زەوی"ش یەکجار زۆر داغ بووە و هەوا یاخود "ئاتمۆسفێر"ی بە دەورەوە نەبووە. بە هۆی تێپەڕ بوونی کات، سارد بۆتەوە و دوای پرۆسەیەکی زۆر، "ئاتمۆسفێر" پیکهاتووە. لە بارودۆخی سەرەتای پێکهاتنی "ئاتمۆسفێر"دا هیچ زیندەوەریك نەیتوانیوە بژی، چونکە "ئۆکسیژێن"ی تێدا نەبووە بەڵکوو گازێکی یەکجار زۆر کە بۆ ئێمە و گیانلەبەرانی تر ژاراویی بووە. لەو بارودۆخەدا تەنیا گیانلەبەری زۆر ئاسایی توانیویانە بژین. مرۆڤ لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە ئەو چەشنە گیانلەبەرانە لەناو ئاوی دەریاکاندا پێکهاتوون. تاقەمێك لەو گیانلەبەرە ئاساییانە "هیدرۆژێن"یان وەرگرتووە و "ئۆکسیژێن" یان لە خۆیان داوەتەدەرێ. ئەو ئاڵوگۆڕە بۆتە هۆی گۆڕانی "ئاتمۆسفێر" و پاش پەرەسەندنی گیانلەبەران، بارۆدۆخێك پێکهاتووە کە ئێمە و هەموو گیانلەبەرانی دیکە بتوانین درێژە بە ژیان بدەین.

ئەو وێنەیە لەگەردوون واتە لە بارۆدۆخێکی وا پڕ تینەوە و لێککشانەوە و ساردبوونەوەی و پێکهاتنی دنیای ئێمە، لەگەڵ هەموو تاقیکارییەکان و چاوەدێرییەکان یەك دەخوێنێتەوە و دەیسەلمێنن کە دەبێ بەو شێوە بووبێ ، سەرەڕای ئەوەش، ئەو پرسیارانەی خوارەوە بێ وەڵام دەهێڵێتەوە:

- بۆچی بارودۆخی سەرەتایی گەردوون وا داغ بووە؟

- بۆچی گەردوون (ئەگەر مرۆڤ تەواوی گەردوون بەگشتی وەك ژوورێکی گەورە سەیر بکات)، ئاوا پێکهاتەیەکی هاوسانی هەیە؟ بۆچی لە هەموو خاڵێکی ئەو ژوورە گەورەوە و لەهەموو لایەکەوە وەك یەك دەنوێنێ؟ و زۆر پرسیاری دیکەش ... .

www.rojhalat.de / www.bokan.de

ئەگەر گەردوون لەڕاستیدا لەباری شوێنەوە بێکۆتاییە، یاخود بێکۆتایی کاکەشان هەن، بەو شێوەیە ڕەنگە لە بەشێك لەوانەدا دەستپێکیان لەگەڵ یەك و وەك یەك بووبێت. مرۆڤ ناتوانێ بڵێ هەموویان هەر بەهەڵکەوت پێکهاتوون. لە لایەکی ترەوە، دەتوانین باوەڕ بەوە بێنین کە ڕەنگە ئەو بارودۆخەی بۆ پێکهاتنی گەردوون پێویستە، بووبێتە هۆی پێکهاتنی ئەو پێکهاتە هاوسانانە. یاخود لەو جێگایانەی وا بارودۆخەکە فەراهەم نەبووە، نە گەردوون ، نە گالاکسییەکان یاخود ئەستێرەکانیش پێك نەهاتوون.

هەروەك دیترا تا ئێرە لە باسەکەماندا، گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر "کات"دا هاتووە. تا پێش ئەو سەدەیەی ئێمە تێیدا دەژین، مرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە "کات" دیاردەیەکی نەگۆڕە. بە دوای باوەڕپێکردن بە تیۆریی نیسبیەت، بەهۆی نەگۆڕیی لە خێرایی تیشکدا، "کات"ی نەگۆڕ فڕێدرا و هاتینە سەر ئەو باوەڕە کە کات ناتوانێت نەگۆڕ بێت! لە هەوڵدان بۆ یەکخستنەوەی هێزی کێشی و مکانیکی "کوانتا"، لە"کات" وەك تایبەتمەندییەکی زۆر گرنگ کەڵك وەردەگیرێت کە ئاڕاستەکەی (چ بۆ پێشەوە یاخود بۆ دواوە بێت) هێچ جیاوازییەك پێکناهێنێت! لە بەرابەر ئەوەدا، لە دنیای ڕاستقینەدا هەر وەك ئێمە هەموو دەیزانین، جیاوازییەکی گەورەی "کات"ی لە مابەین بۆ پێشەوە چوون و بۆ دواوە گەڕانەوەدا هەیە. جیاوازی مابەینی داهاتوو و رابردو لەکوێوە دێت؟ بۆچی ئێمە ڕابردوومان وەبیر دێتەوە بەڵام سەبارەت بە داهاتوو هیچ بیرێکمان بۆ ناکرێتەوە؟ یاساکانی سرووشتی ناتوانن هیچ جیاوازییەك لە مابەین داهاتوو و ڕابردوودا دابنێن. وەك پێشتر باسمان لێکرد (یاساکانی زانستی فیزیك لەو بوارەدا سێ بەشی **P,C**و**T** دەگرنەوە. بەشی **C** دەڵێ کە یاساکان بۆ وردیلەکان و دژبەرەکانیان وەك یەك وان. بە پێی بەشی **P**، یاساکان بۆ هەرکام لە بارودۆخەکان واتە سووڕاندنی وردیلەکان بۆ چەپ یا سووڕاندنیان بۆ ڕاست، وەك یەکن (واتە جووڵانەوەی بە پێچەوانەی وردیلەکان). بەشی **T** دەڵێ کە ئەو سیستەمە لە حاڵەتێکدا دەگەڕێتەوە بۆ دواوە، واتە بۆ ئەو بارودۆخەی کە پێشتر تێیدا بووە، ئەگەر ڕێگا یا ڕەوتی جووڵانەوەکانی هەموو وردیلەکان و ئانتی وردیلەکان پێچەوانە کەینەوە! بەو مانایە کە یاساکان بۆ هەردوو ڕێگاکان وەك یەکن) ئەو یاسایانە هەڵسوکەوتی ماکەکان لە بارودۆخێکی ئاساییدا دیاری دەکەن. بەڵام لە دنیای ڕاستەقینەدا ئەو شتانە نامومکینە. ئەگەر یاسا سرووشتییەکان نە بە تێکەڵاویی و کاری بە کۆمەڵی **C** و **P** و نە بە **P،C** و **T** گۆڕانکاریان بەسەردا بێت، دەبێ و ناچارین کە لە **T** بەتەنیایی و بەبێ گۆڕانکاریی

بمێیننەوە. سەرەڕای ئەوەش جیاوازییەکی گەورە لە مابەین بەرەوپێشچوون و گەڕانەوە لە دنیای ڕاستەقینەی ژیانی ڕۆژانە دا هەیە.

بۆ نموونە ئەگەر پیاڵەیەك پڕ لە چایی لەسەر مێزێك داندرابێت و کاتی هەڵگرتنی لەسەر مێزەکە لەدەستمان بەربێتەوە، پیاڵەکە دەبێتە هەزار لەتی چکوولە و چاییەکەش دەڕژێت. ئەگەر لەو بارودۆخە فیلمبەرداری بکەین دەتوانین زۆر ئاسایی بڵێین بۆ پێشەوە یاخود بۆ دواوە بگەڕێتەوە! ئەگەر فیلمەکە بۆ دواوە بگێڕینەوە، چاییەکە بە هەموو لەتکەکانی پیاڵەکەوە لەناکاو وێکدێن و دیسان لەسەر مێزەکە دادەندرێنەوە. بەڵام ئایا لە دنیای ڕاستەقینەدا دەتوانین شتێکی وا چاوەدێری بکەین؟ ئەو چەشنە ڕووداوانە پەیوەندییان بە دیسیپلین واتە ڕێکوپێکی و بێ دیسیپلینی یا ناڕێکوپێکییەوە هەیە! دەتوانین تەنیا بڵێین " پیاڵە چاییەکی ساخ و لەسەر مێز داندراو، نیشانەی ڕێکوپێکی و ئەوەی شکاوی ڕژاو، نیشانەی ناڕێکوپێکییە"! مرۆڤ دەتوانێ بەراحەتی پیاڵەیەك بشکێنێت و ئەو بارودۆخەی پێشتر باسمان لێکرد پێکبێنێت، بەڵام پێچەوانەکەی نەگونجاوە! ڕەنگە ناوی "پووتسلە" بۆ هەموومان ئاشنا بێت. "پووتسلە" چەشنە وێنەیەکە بە فۆڕمی جۆرواجۆر لەتکراوە کە هەموو لەتەکان پێکەوە وێنەیەکی تەواو پێکدێنن. یاری "پووتسلە" زیاتر بۆ منداڵان و لاوانە و بۆ ڕاهێنانی مێشك کەڵکی لێوەردەگرن. کاتێك "پووتسلە"ەکە دەستلێندراوە، وێنەکە تەواوە و بە شێوەی ڕێکوپێکە. بەڵام کاتێك بمانهەوێ ئەو یارییە دەستپێبکەین دەبێ وێنەکە بۆ نموونە لەسەر فەڕشی ناوماڵ بڵاو کەینەوە. کە ئیتر لە شێوەی ڕێکوپێکی دەردێت و هێچ وێنەیەك بەدی ناکات، چونکە ناڕێکوپێکییە. هەرچەند زیاتر لەتە وێنەکان لێکدەین و تێکەڵاویان کەین، بەو ئەندازەیەش دژوارتر دەتوانین ڕێکوپێکی کەینەوە. بەو چەشنە نموونانە دەتوانین لە جیاوازی مابەینی داهاتوو و ڕابردوو تێبگەین.

زۆربوونی ئەو چەشنە "ناڕێکوپێکییە" لەگەڵ "کات" نموونەیەکە کە زانایان ناوی "کاتی ڕەهەندی"یان ("کات"ێك کە ڕەهەندەکەی بەرەو داهاتوو یاخود ڕابردوو دیاریکراوە) لەسەر داناوە بۆ جیاکردنەوەی ڕابردوو لە داهاتووی دیاردەکان، بە شێوەیەك کە "کات"ەکە ڕەهەندی دیاردەکە دیاریدەکات. بەلانی کەم سێ جۆر "کاتی ڕەهەندی" هەن: کاتی ڕەهەندی "تێرمۆ دینامیك" کە ڕەهەندی "کات"ەکە بەرەو ڕێکوپێکی دیاری دەکا؛ کاتی ڕەهەندی "پسیکۆلۆژی"، ئەو ڕەهەندانەی کە دەبێتە هۆی

www.rojhalat.de / www.bokan.de

وەبیر هێنانەوەی بیرەوەرییەکانی ئێمە سەبارەت بە ڕابردوو، نەك داهاتوو و کاتی ڕەهەندی "کۆسمۆلۆژی"، ئەو ڕەهەندە "کات"ەی کە وا گەردوون تێیدا لێکدەکشێتەوە و گەورە بوونەوەی دیاریدەکات، نەك تێکپووچانەوە و چکوولە بوونەوەی!

یاسا سرووشتییەکان هەست بە هێچ جیاوازییەك لە مابەین بەرەوپێشچوون یا گەڕانەوەی "کات" ناکەن. پەرەگرتنی تێگەیشتنی مرۆڤ لە گەردوون، گۆشەیەکی بچکوولانەی ڕێکوپێکیە لە ناو گەردوونێکی ناڕێکوپێکدا. ئەگەر ئێمە کتێبێکی ٢٥٠ لاپەڕەیی بخوێنینەوە و بەبێ کەم وکوڕی هەموو وشەکانی کتێبەکەمان لەبیربێت، لە مێشکماندا نزیکەی دوو ملیۆن خانە[١٢] پڕدەکاتەوە بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبە زیاتر لە هەزار کالۆریی ڕێکوپێکمان بەهۆی خواردەمەنی بە شێوەی گەرمای ناڕێکوپێك لە ڕێگای ئارەقەوە لە هەوادا ئازاد کردوە. ئەو کارەی ئێمە کارلێکەری بە قەرا بیست ملیۆن ملیۆن ملیۆن خانە (لێرەدا بە مانای بەشێکی بچکوولانەیە لە گەردوون) لەسەر ناڕێکوپێکی گەردوون داناوە کە دە ملیۆن ملیۆن ملیۆن جار زیاترە لە وەرگرتنی ڕێکوپێکیی مێشك.

زۆر دژوار دەکرێت لەسەر مێشکی مرۆڤ بدوێین، چونکە سەبارەت بە چۆنییەتی کاری مێشك و چۆنییەتی ڕاگرتنی زانیاریی و بیرەوەرییەکان لە میشکدا، زانیاریی زۆر وردمان نییە. بەڵام زۆر بەوردی دەزانین کە مێشکی کامپیوتر بۆ ڕاگرتنی زانیارییەکان چلۆن کاردەکات. بەوهۆیە، بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەهەندی "پسیکۆلۆژی"، لە چۆنییەتی کارکردنی مێشکی کامپیوتر کەڵك وەردەگرین. من پێموایە ئەوە جێی باوەڕە کە ڕەهەندی "پسیکۆلۆژی" ناتوانێت جیاوازی مابەینی کامپیوتر و مرۆڤ دیاری بکات، هەر بەو هۆیەوە، ئەو بۆچوونە دەکرێت لەسەر مرۆڤیش ڕاست بێت.

لەڕاستیدا مێشکی کامپیوتر هەروەك دەزانین تەنیا دوو بارودۆخ دەناسێت، ژمارەکانی سیفر"." یا یەك "١". (بۆ ئەوەی لە بابەتەکە دوور نەبینەوە هەر ئەوندە بەسە کە بزانین "."(سیفر) بە مانای "نا" یا "ناڕاست" و "١" بە مانای "ئا" یا "ڕاست"، لە دنیای کامپیوتردا داندراوە). نموونەیەکی سەرەتایی، کەرەسەی "چۆرت یا چۆرتکە"یە. کە پێش دۆزینەوەی کەرەسەی ئەلکترۆنیکی حیسابکەر لە زۆربەی بوارەکان بەتایبەت لە بازاردا بۆ حیسابکردن کەڵکیان لێوەردەگرت. هەروەك دەزانین

---

١٢ (خانە لێرەدا بە مانای ئەو سلولانەی مێشکە کە زانیارییەکان لەخۆیاندا ڕادەگرن.)

"چۆرت" پێکهاتووە  لە چەند ریزەبەرد کە بەهۆی تیلێکەوە بەدوای یەکدا ڕێزکراون. بەردەکان دوو لایەن یاخود هەر وەك مێشکی کامپیوتر دوو بارودۆخیان هەیە. یا بەشێوەی ناڕێکوپێك (ئەو بارودۆخەی هێشتا بۆ حساب کەڵکیان لێوەرنەگیراوە) و یا ڕێکوپێك(ئەو بارودۆخەی دەخوێندرێنەوە و بۆ حسابکردن هاتوونەتە ئاراوە) کەڵکیان لێ وەردەگیرێت. بۆ کامپیۆتریش ئەوە هەر ڕاستە کە پێش ئەوەی زانیارییەك بدرێتە مێشکی کامپیوتر، بارودۆخەکەی ناڕێکوپێکە و بە پێچەوانەش، کاتێك زانیارییەکە درا بە کامپیوتر بارودۆخەکە ڕێکوپێکە. بەو مانایە کە ئەو شتانە یاخود ئەو تایبەتمەندییانەی بۆ ڕاگرتنی زانیاری لە مێشکی کامپیوتر پێویستمان پێی هەیە، هەن و بوونیان هەیە بەڵام لە بارودۆخێکی ناڕێکوپێکدان. بۆ ئاڵوگۆڕ کردن لە بارودۆخی ناڕێکوپێکەوە بۆ ڕێکوپێك،  پێویستیمان بە وزەیەك هەیە کە ئەو زانیارییانە لە مێشکی کامپیوتر یاخود "چۆرت"ەکەدا ڕابگرێت. ئەو وزەیە بۆ "چۆرت" هێنان و بردنی بەردەکانە لە لایەن دەستی مرۆڤەوە و بۆ کامپیوتریش هەروەك دەزانین وزەی ئەلکتریکی (باتری، کارەبا و...)یە کە دەبێتە هۆی ڕاگرتنی زانیارییەکان. ئەو وزەیە (واتە وزەی ئەلکتریکی) بەپێی ئاڵوگۆڕی وزەکان، دەبێتە وزەی گەرمایی و ئەویش بە چەشنی ناڕێکوپێك لە گەردوودا بڵاو دەبێتەوە. ئەوە سەلماندراوە کە گەورەبوونەوەی ناڕێکوپێکیی وزەی گەرمای کامپیوترەکە زیاترە لە ڕێکوپێکیی مێشکی کامپیوتر بۆ ڕاگرتنی زانیارییەکان. بەزمانێکیتر، کامپیوترەکە ڕەهەندی وەبیرهاتنەوەی ڕابردووی لە ئاراستەی ڕەهەندی گەورەبوونەوە و زیاد بوونی ناڕێکوپێکیدایە. لێرەدا دەتوانین هەست بە بوونی ڕەهەندی کاتیی بکەین و ئەوەیکە لایەنی "پسیکۆلۆژی" مێشکی مرۆڤەکان لە ڕەهەندی ["تێرمۆ دینامیك"] ەوە دیاری دەکرێت. هەر وەك کامپیوترەکە، ئێمەش دەبێ زنجیرە زانیارییەکەمان وەبیربێتەوە، کە لە ئاراستەی گەورەبوونەوە یاخود زیادبوونی ناڕێکوپێکیدایە. ناڕێکوپێکی بە تێپەڕبوونی "کات" گەورەدەبێتەوە، چونکە ئێمە "کات" لە ئاڕاستەی ڕەهەندی گەورەبوونەوەی ناڕێکوپێکیدا دەپێوین.

ڕەنگە لە خۆمان بپرسین: ئایا دەبێ ڕەهەندی "تێرمۆ دینامیك" ڕاست بێت؟ بۆچی گەردوون لە ئاخری "کات"ەوە، ئەو "کات"ەی کە ئێمە ناوی ڕابردووی لێدەنێین، لە بارودۆخێکی زۆر باشی "ڕێکوپێك"ییدا، دەبێت کۆتایی پێبێت؟ یاخود بۆچی ڕەهەندی ئەو "کات" ەی وا ناڕێکوپێکی تێدا گەشەدەستێنێت، دەبێ هاوڕێی لێککشانەوەی گەردوون بێت؟

www.rojhalat.de / www.bokan.de

له "تیئۆری نسبییەتی گشتی" كلاسیكدا ناتوانین بزانین دەستپێكی گەردوون چلۆن بووە، چونكە هەموو یاسا سرووشتییەكان لە كاتی تەقینەوەكەدا پووچەڵ دەبنەوە و هێچ بایەخێكیان نامێنێت. گەردوون دەكرێ لە بارودۆخێكی بەرابەر و ڕێكوپێكدا لەدایك بووبێت. بە پێی ئەو چاوەدێریانەی كە زانایان تا ئەوڕۆ كردوویانە بەرەو ڕەهەندەكانی "تێرمۆ دینامیك" و "كۆسمۆلۆگی" ڕێنوێنی دەكرێت. ڕەنگە بە پێچەوانەش دەستپێكی گەردوون لە بارودۆخێكی شپرزە و ناڕێكوپێكدا بووبێت. بەڵام ئەگەر ئاوا بایە بە پێی ئەو لێدوانانەی پێشتر باسمان لێكرد و ئەو ڕاستییەی كە ناڕێكیوپێكی زیاترە لە ڕێكوپێكی، دەبووا ئەمڕۆ گەردوون بە شێوەیەكی بێكۆتایی شپرزە و تێكەڵپێكەڵ بایە. سەرەڕای ئەوەش، ئەو بارودۆخە لە ئاراستەی چاوەدێرییەكانی زانایاندا نییە! هەروەك دەبیندرێت، "تیئۆری نسبییەتی گشتی" كلاسیك، پێشبینی رووخانی خۆی دەكات. ئەگەر چەماوەیی "شوێن- كات" بەهێز بێت، كارلێكەری هێزی كێشیی "كوانت"ەكان بایەخدار دەبن و "تیئۆری نسبییەتی گشتی" كلاسیك ئیتر لە بارودۆخیكدا نییە كە بتوانێت وڵامدەرەوەی چۆنییەتی دەستپێكی گەردوون بێت. ئێمە پێویستیمان بە تیئۆریی "كوانت"ەكان هەیە بۆ زانینی چۆنییەتی دەستپێكردنی گەردوون.

هەر وەك پێشتر باسمان لێكرد، دۆزینەوەی تیۆرییەكی یەكدەست كە بتوانێت وڵامدەرەوەی ڕوونكردنەوەی تەواوی گەردوون بێت، زۆر دژوارە. بە جێی ئەوە، هەوڵی لەتكردنی تیئۆرییەكان و شیكردنەوەی بۆچوونەكانمان سەبارەت بە چۆنییەتی پێكهاتنی گەردوون دا. بەهیوای دۆزینەوەی تیئۆرییەكی یەكدەست كە وڵامدەرەوەی هەموو پرسیارەكانی سەبارەت بە گەردوون بێت. واتە، گەڕان بەدوای تیئۆرییەكی وا كە زانایان بە " یەكێتی فیزیك" ناوی دەبەن. ئەنشتاین زۆربەی كاتەكانی كوتایی ژیانی خۆی لەسەر دیتنەوەی ئەو چەشنە تیئۆرییە دانا، بەڵام بەئاكام نەگەیشت، ڕەنگە هۆی بە ئاكام نەگەییشتنی ئەنشتاین ئەوە بووبێت كە [كات، هێشتا وا نەگەیبوو. زانیارییەكان لەسەر تیئۆرییەكانی هێزی كێشیی و ماگنێتیسمی ئەلەكتریكی و هێزی ناوك، بێهێز بوون و ...]. بەستێن(زمینە) بۆ دیتنەوەی تیئۆرییەكی وا ئەوڕۆ بە هۆی زانیاری زیاتری زانایان لەسەر بارودۆخی گەردوون زیاترە. دۆزینەوەی چۆنییەتی پێكهاتن و مكانیزمی ناوەوەی "ئەتۆم" ئەو هیوایە بەهێزتر دەكات. لە ساڵی ١٩٨٤دا، تیئۆرییەكی نوێ بە ناوی تیئۆریی"سترینگ" داندرا. لەو تیئۆرییەدا دیاری كرا كە وردیلەكان تەنیا خاڵێكی بچكولانە لە گەردووندا نیین، بەڵكوو درێژاییەكی تایبەت بە خۆیان هەیە كە بە دوو شێوەی "سترینگ"ی كراوە و "سترینگ"ی داخراو دەنوێنن. (وێنەی ژمارە ٥)




وێنەی ژمارە ٥

"سترینگ" مێژوویەکی سەیری هەیە. لە کوتایی سەدەی هەشتادا دۆزرایەوە. وردیلەکان، بۆ نموونە پرۆتۆن و نۆترۆن وەك شەپۆل لەسەر داوی(سترینگ) سەیر دەکران. هێزی زۆر بەهێزی مابەینی وردیلەکان کە بەشەکانی "سترینگ" پێکدێنن وەك داوی جاڵجاڵوکە پێکەوە نووساون. لە ساڵی ١٩٧٤دا، دوو زانای ئەو بوارە بە ناوەکانی "جۆویل شێرك" Joël Scherk (١٩٤٦ - ١٩٨٠) لە پاریس و "جۆن شوانس" John Schwanz لە کالیفۆرنیا، نووسراوەیەکیان بڵاوکردەوە و ڕوونیان کردبۆوە کە بەهۆی تیئۆریی "سترینگ"یش دەکرێت هێزی کێشیی شیبکرێتەوە، بەو مەرجەی هێزێکی زۆر مەزنی "سترینگ"ی هەبێت کە نزیکەی هەزار ملیۆن ملیۆن ملیۆن ملیۆن ملیۆن ملیۆن (واتە ١ + ٣٩ سیفر لە ئاخریەوە) تۆن بەهێز بێت. لە بارودۆخێکی ئاساییدا، ئاکامی تیئۆریی"سترینگ" هەر وەك تیئۆریی"نسبییەتی گشتی" یە. بەڵام لە مەودای زۆر کەمدا (یەك لە سەر ١+ ٣٣ سیفری سانتیمیترێکدا) جیاوازییان دەبێت. کاری ئەو دوو زانایە بە هۆی پشتنەگرتنی زۆربەی فیزیکزانانی ئەوکاتە، لەبیرچۆوە. بەهۆی مردنی "جۆویل شێرك"، تەنیا "جۆن شوانس" کە یەك لە داهێنەرانی تیئۆریی"سترینگ" بوو مایەوە. لە ساڵی ١٩٨٤دا، لەناکاو سرنج بۆ ئەو تیئۆرییە پەرەیگرت، کاتێك "جۆن شوانس" بە هاوکاری "مایك گریین" Mike Green لە لەندەنەوە نووسراوەیەکی نوێی بڵاو کردەوە و لەویدا ڕایگەیاند وردیلەکان بەردەوام بە لایەنی چەپدا و بەشێوەی لاکێشە (فۆڕمی هێلکە) دەخولێنەوە، بەشێوەیەك کە ئەو

www.rojhalat.de / www.bokan.de

خولانەوەیە هەر دووپات دەبێتەوە، دیسان سرنجی زۆربەی زانایانی بۆ ئەو تیئۆرییە ڕاکێشاوە. کێشەی گەورەی ئەو تیئۆرییە ئەوەیە کە بۆ تێگەیشتن و چاوەدێریکردنی پێویستە بەجێی چوار ڕەهەندی، بەشێوەی تەنانەت ٢٦ ڕەهەندی سەیر بکرێت! کەڵك وەرگرتن لە ڕەهەندی وا زۆر، بۆ کورتکردنەوەی ڕێگای دووری مابەینی ئەستێرەکان و گالاکسییەکانە: دایدەنێن ئەو شوێنەی ئێمە تێدا دەژین، تەنیا دوو ڕەهەندی هەبایە. وەك لایەنی سەرەوەی بازنەیەك، (وێنەی ژمارە ٦) لێرەدا بە ڕوونی دەبینین کە مەودای مابەینی دوو خاڵی A و B لە حاڵەتی دوو رەهندیدا درێژترە تا سێ ڕەهەندی. بەو شێوەیە هەرچەند ژمارەی ڕەهەندەکان زیاترە بن مەوداکانێشیان نزیکتر دەبنەوە.




وێنەی ژمارە ٦

بۆ وێنە وەك چۆن کاتێك لە پێشەوە سەیری ڕووبەری سەرەوەی پرتەقاڵ دەکەین، ڕووبەرێکی خڕی تەپۆڵکیی دیارە و کاتێك لە مەودایەکی دوورەوە سەیری بکەین وەك ڕووبەرێکی تەخت بەدیدەکرێت، دەتوانین "شوێن- کات"یش وا سەیر بکەین: لە مەودای زۆر کەمدا بە شێوەی ١٠ ڕەهەندی و زۆر بەباشی چەماوەتەوە، بەڵام لە مەودای دوورەوە چەماوییەکەی و ڕەهەندەکانی ئیتر نابیندرێن! ئەگەر ئەو وێنەیە دروست بێت، کێشەیەکی تریشی هەیە کە بۆچی تەنیا بەشیك و نەك هەموو ڕەهەندەکان بۆ نێو خۆیان تێکپووچاونەتەوە؟ گوایە لە کاتی زۆر کۆن و لە گەردووندا، هەموو ڕەهەندەکان زۆر بە هێز چەماوە و تێکپووچاوە بوون. بۆچی سێ ڕەهەندی شوێن وەك "درێژایی" و "پانی" و "بەرزایی" و ڕەهەندی "کات"، لێك بڵاو بوونەتەوە و ڕەهەندەکانی تر هەر بە شێوەی خۆیان ماونەتەوە؟

بەڕاستی بڵێی مرۆڤ بتوانێ لە داهاتوودا تیئۆرییەکی یەك دەست بدۆزێتەوە؟ بۆ ئەو خۆزیایە سێ ڕێگا هەیە :

١. تیئۆرییەکی یەك دەست، بوونی هەیە و مرۆڤ ڕۆژێك لە ڕۆژان دەیدۆزێتەوە.

٢. تیئۆرییەکی یەکدەست بۆ ڕوونکردنەوەی گەردوون بوونی نییە و تەنیا لەتە تیئۆریی یەکجار زۆر هەن و ئەو تیئۆرییانە ڕووناکایی دەخەنە سەر هەرکام لە بەشەکان.

٣. هیچ تیئۆرییەك لەسەر بوونی گەردوون نییە .

لەگەڵ دۆزینەوەی میکانیکی "کوانتا"، زانایان هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە دیاردەکان و ڕووداوەکان ناکرێ و ناتواندرێ بە تەواوی و وردی پێشبینی بکردرێن. بەهۆی ئەو زانیارییانەی وا ئەمرۆ لەسەر گەردوون هەیە دەتوانین بە ڕاشکاوی خاڵی سێەم وەلانێین. ویستی ئێمە تەنیا پێکهێنانی سیستەمێکی یاسای زانستییە کە بە یارمەتی ئەو بتوانین ڕووداوەکان لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەدا ڕوون بکەینەوە.

بار و دۆخی دووەم، واتە تیئۆرییەکی زۆری بەشکراو، زۆربەی ئەو ئەزموونانەی تا ئەوڕۆ هەوڵی بۆ دراوە دەگرێتە بەر. جار بەدوای جاردا و بە پێی تێپەڕبوونی کات، پێوانەکان لە هەموو لایەنەکان تەواوتر و وردتر بۆنەتەوە. چاوەدێرییەکان بوونەتە هۆی سەلماندن یاخود وەلا نانی بۆچوونە هەڵەکان. بۆ ڕاستکردنەوەی بۆچوونە هەڵەکان، ئاڵوگۆڕ بەسەر تیئۆرییەکانداهاتووە و پەیتا پەیتا لە ڕاستییەکان نزیك دەبینەوە. جا زۆر سەیر نییە بەرەی داهاتوو بتوانن تیئۆرییەکی یەکدەست بۆ ڕوونکردنەوەی پێکهاتنی دنیای ئێمە بدۆزنەوە.

ئێمە خۆمان لە دنیایەکی سەیردا دەبینین. دەمانهەوێ لە هەمووشتێکی دنیای دەوروبەری خۆمان تێبگەین. پرسیار لە خۆمان دەکەین: چۆن گەردوون پێکهاتووە؟ ئێمە چ رۆڵێکمان لەویدا هەیە؟ لە کوێوە هاتوە و ئێمە لە کوێوە هاتووین؟ بۆچی ڕووداوەکان ئاوان و بە پێچەوانە نیین؟ و ...؟

www.rojhalat.de / www.bokan.de

کاتێك دەمانەوێ وڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، هەر کەس بە پێی زانست و بۆچوونی، دنیایەك بۆخۆی دروست دەکات و وێنەیەکی تایبەت لە دنیا پێکدێنێت و لەوێدا درێژە بە ژیان دەدات. کەسانێك پێیانوایە دنیا واتە زەوی لەسەر پشتی کیسەڵ و ژمارێك دەڵێن زەوی لەسەر پشتی گایە و ئەویش لەسەر پشتی ماسییەکە کە لە ئاوێکی بێ بندا مەلێ دەکات! ئایینەکان هەرکام دنیایەکی خۆیان هەیە! دنیای زانستیی ئەمڕۆی ئێمەش سەدان تیئۆری تەواو نەکراو و نەسەلمێندراو دەخولقێنێت و ئەویش خۆی دنیایەکی تایبەت بەخۆی پێکدێنێت. ئەگەر لە دنیای زانستیدا بەهۆی بیرکاری و یاساکانی فیزیك وێنەیەکی وردتر و تەواوتر لە بۆچوونەکانیتر پێکدێنێت، بەڵام بەداخەوە ئەویش تەنیا هەر تیئۆرییەکە وەك ئەوانی تر! تا ئێسا کەس نەیتوانیوە لە ژێر زەوییەوە بێکۆتایی کیسەڵ لەسەر پشتی کیسەڵ بە چاوەکانی ببینێت، بەڵام لە بەرابەردا تا ئێستا کەسیش "سترینگ"ی نەتوانیوە چاوەدێری بکات! بەڵام تیئۆریی کیسەڵ و گا ناتوانن ڕاست بن چونکە دەبووا زەوی لە کەنارەکانیدا لێوارێکی هەبایە و مەترسی بەربوونەوە ببایە!

یەکەم تیئۆرییەکان بۆ ڕوونکردنەوەی گەردوون لە لایەن مرۆڤە کونجکاوەکان و خوڕافاتیەکان و دواتر ئایینەکانەوە کە ڕووداوەکانیان بە پێی زانست و بۆچوونی خۆیان و ڕووداوە سرووشتییەکانەوە (وەك: چۆمەکان، کێو یا شاخەکان، بیچمی ئاسمانی وەك ڕۆژ و مانگ و ...) لێکداوەتەوە. هەڵسوکەوت لە بەرابەر ئەو بۆچوونانە بە باوەڕێکی قورسەوە بۆ یارمەتیدانی کاروبار و پەیوەندییان بە بەرەکەت بوونی مەزرا و نەخۆشییەکان و ... دنیای بچکۆلانەی خۆیانەوە بوە. لەگەڵ تەواوی ئەوانەدا مرۆڤ وردە وردە هەستی بە بوونی یاسا و دووپاتبوونەوە و ڕێکوپێکی و سەقامگیری دەکرد: ڕۆژ دایم لە ڕۆژهەڵاتەوە وەدەردەکەوت و لە ڕۆژئاواوە دەچووە خوارەوە، بە بێ پەیوەندی لەگەڵ ئەوەیکە مرۆڤ قوربانی بۆ ڕۆژ بدابایە یاخود نا! ڕۆژ، مانگ و پلانێتەکانیتر بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لە هاتوچۆدا بوون و مرۆڤ دیتوانی پێشبینیان بکات. لە سەرەتاوە ئەو ڕێکوپێکیی، دووپات بوونەوە و یاسا سرووشتییانە، لە بواری ئاسترۆنۆمی (ئەستێرەناسی) و تاقەمە بارۆدۆخی تردا، خۆیان پێشان دەدا. بەڵام بەدوای پێشکەوتوویی مرۆڤەکان لە باری کولتووری و زانستییەوە، پەیتا پەیتا یاسا و ڕێکوپێکیی زیاتریان دۆزییەوە، بەتایبەت لە سێ سەد ساڵی ڕابردوودا. سەرکەوتوویی ئەو یاسایانە لە سەدەی ١٩دا، "لاپلاس"ی وا لێکرد کە وەك "فاڵ گر" سەبارەت بە داهاتووی گەردوون بڵێت: "سیستەمێکی یاسایی پێکدێت، کە هەموو پێکهاتەکانی

گەردوون بە وردی ڕوون دەکاتەوە بە مەرجێك لە کاتێکی دیاریکراودا شوێنگەکان دیار بن." ئەو بۆچوونەی "لاپلاس" لە دوو لایەنەوە ناتەواو بوو. یەکەم، ئەو ڕوونی ناکاتەوە ئێمە چلۆن دەتوانین ئەو یاسایانە بناسین، دووهەم باس لەسەر بارودۆخی سەرەتایی گەردوون هەرناکات و هەردووکیان بە ڕێی خودا دا بەڕەڵا دەکات. ئەو بۆچوونە وا پێشان دەدات کە خودا چارەنووسی دەستپێکی گەردوون و یاساکان کە هەڵسوکەوت لەسەر بەڕێوەچوونی ڕووداوەکان پێکدێنێت، دیاری دەکات. ئێمە ئەوڕۆ دەزانین کە بۆچوونەکانی لاپلاس ڕاست دەرنەکەوتن یاخود نەك بەو شێوەیەی ئەو دەیویست! ئەوەش دەزانین کە بە پێی تاقیکارییەکانی مکانیکی "کوانتا"، هاوکات ناتوانین شوێنگە و خێرایی وردیلەکان بپێوین! مکانیکی "کوانتا"، دواتر ئەو کێشەیە چارەسەر دەکات، بەپێی ئەو تیئۆرییەی، "کوانت"ەکان کە دەڵێت: "وردیلەکان هیچ شوێن و خێراییەکی دیاریکراویان نییە و بەڵکوو بە شێوەی شەپۆل بەدی دەکرێن". تیئۆریی "کوانت"ەکانیش هەمیسان وەك "فاڵ گر" سەبارەت بە یاسا لە پەیوەندی لەگەڵ شەپۆلدا دەڵێت: "ئەگەر مرۆڤ شەپۆلێك لە کاتێکی دیاریکراودا بناسێت، دەتوانێت لە کاتی دواتردا بیپێوێت"! ڕەنگە لەڕاستیدا ئەوە هەڵە بێت کە وردیلەکان دەبێ شوێن و خێراییان هەبێت و ئێمە دەبێ تەنیا وەك شەپۆل سەیریان بکەین! هەوڵی زانایان دۆزینەوەی ئەو یاسایانەیە کە بە هۆی ئەوان بتواندرێت چۆنییەتی ڕووداوەکان پێشبینی بکەن. لەو نووسراوەیەدا باس لەسەر زۆربەی ئەو یاسایانە و بەتایبەت هێزی کێشیی کە چۆنییەتی گەردوون دیاری دەکەن، کرا. بەو هۆیەی کە هێزی کێشیی وەك هێزێکی کێشەر کارلێکەری هەیە، دەبێ یا گەردوون لێك بکشێتەوە و یاخود لێك نزیك بێتەوە. بە پێی "تیئوریی نسبییەتی گشتی" دەبێ لە ڕابردوودا گوشارێکی بێکۆتایی هەبووبێت کە وا تەقینەوەی مەزن پێکهاتبێت کە دەستپێکی کات دیاری دەکات، و هەروەها بە پێچەوانە کردنەوەی ئەو ڕووداوە، و تێکرووخانی تەواوی گەردوون، سەرلەنوێ گوشارێکی بێکۆتایی لە داهاتوودا پێك بێت کە ببێتە هۆی کۆتایی کات.

ئەگەر ئێمە تیئۆری "کوانت"ەکان لەگەڵ "تیئوریی نسبییەتی گشتی" پێکەوە ببستێنەوە، وێدەچێت بارودۆخێکی نوێ پێکبێت: شوێن و کات دەتوانن پێکەوە شوێنێکی چوار ڕەهەندی پێکبێنن. وێدەچێت ئەو تیئۆرییە زۆربەی تایبەتمەندییەکانی چاوەدێریی گەردوون ڕوون بکاتەوە. ئەو تیئۆرییە تەنانەت دەتوانێت "ڕەهەندی کاتی"یش ڕوون بکاتەوە.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

ئەگەر ئەو کاتە بگات کە مرۆڤ بتوانن تیئۆرییەکی یەکدەست بدۆزنەوە، دەبێ ئاکامەکە وا بێت کە هەموو کەس لێی تێبگات نەك تەنیا ژومارێك زانای ئەو بوارە. ئەوکات هەموو زانایان، فیلەسۆفان، سرووشتناسان و خەڵکی ئاساییش پێکەوە دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە کە بۆچی ئێمە و گەردوون هەبوونمان هەیە. ئەگەر ئێمە بمانتوانیبایە وڵامی ئەو پرسیارە بدۆزینەوە، ئەوکات لە بەرنامە و پلانی خوداش تێدەگەیشتین!

## تەرمە ژێرزەوییەکان

مێژووی نهێنی "هۆمۆساپیەن" بەوەش تەواو نابێ و پێش ئەوەی لەسەر گۆی زەوی بەتەنیا بمێنێتەوە، خوشك و برایەکی زۆریی بووە کە هیچکامیان نەیانتوانیوە وەچەی خۆیان ڕابگرن و بتوانن شان بەشان و هاوکات لەگەڵ برا و خوشکەکانی ئەمڕۆیی خۆیان ژیان بکەن. دیارە ئێمە ناوی "مرۆڤ"، تەنیا لەسەر خۆمان دادەنێین بەڵام پێش ئێمەش زۆر چەشنی تری مرۆڤ لەسەر ئەم هەردە ژیاون. ئەوانیش مرۆڤن، چونکە پەیوەندییەکی یەکجار زۆر نیزیکیان لەگەڵ ئێمە هەیە و بەشێك لە گرووپی "هۆمۆ" یاخود "مرۆڤ" لە ئەژمار دێن کە نیزیکەی ٢،٥ ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا لە گرووپیکی مەیموونی باشوور بە ناوی (Australopithecus) کەوتوونەتەوە. نیزیکەی ٢ ملیۆن ساڵ لەوە پێش ئەو یەکەمین مرۆڤانە وڵاتی کۆنی خۆیان کە ڕۆژهەڵاتی ئافریقا بووە، بەجێ هێشتوە و بەرەو باکووری ئافریقا، ئورووپا و ئاسیا وەڕێ کەوتوون. لەبەر ئەوەی تێپەڕکردنی ژیان و مانەوە و خۆڕاگریی مرۆڤ لە لێرەوارە هەمەڕەنگە و جیاوازەکانی ئورووپا چالاکی و لێهاتوویەکی تری بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ لێرەوارە گەرمەکانی ئیندۆنیزی، پێویست بووە، گەشەسەندن و چەشنی ژیانی ئەو کۆچبەرانە بە شێوەی جیاواز بەڕێوەچووە و ئەزموونەکەی بۆتە هۆی پێکهاتنی چەند چەشنی جیاواز کە لە لایەن زانایانەوە نێودێر کراون.

لە ئورووپا و ڕۆژئاوای ئاسیا مرۆڤی پەرسێنراو بە ناوی نئاندرتال کە ئاسەواریان بۆ یەکەم جار لە ناوچەی نئاندرتال لە وڵاتی ئاڵمان دۆزرایەوە، نێودێر کرا. ئەو مرۆڤانە کۆرپەیەکی قایم و پڕ لە ماسوولکەیان بووە کە بۆ خۆڕاگریی لە بەرانبەر کەش و هەوای ساردی "سەردەمی سەهۆڵ" زۆر گرنگ و پێویست بووە. هاوکات لە دورگەی ئیندۆنیزی "جاوە" چەشنە مرۆڤێك بە ناوی "هۆمۆ زۆلۆئێنزیس" ( Homo soloensis) ژیاوە کە تایبەتمەندیی ئەندام و ساختاری جەستەیان تایبەت بە سەحرا و بیابان بووە. هەروەها هەر لە ئیندۆنیزی چەشنە مرۆڤێکی تر بە ناوی "هۆبیتس" (Hobbits) ژیاون کە ناوی زانستییەکەی "هۆمۆ فلۆرێزیەنسیس"ە ( Homo

www.rojhalat.de / www.bokan.de

floreiensis). ئەو مرۆڤانە قەڵافەتێکی بچکولەیان بووە کە گەورەیی جەستەیان تەنیا یەك میتر و قورساییان ٢٥ کیلۆ بووە. بەڵام سەرەڕای چکوولەییەکەیان ترسەنۆك نەبوون و تەنانەت فیلیان راو کردووە. (ئەگەر چی فیلەکانی ئەو ناوچەیە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ فیلی ناوچەکانی تری زەوی چکوولەتر بوون). لە ناوچەکانیتری ئاسیا چەشن مرۆڤێکیتر بە ناوی "هۆمۆ ئێرێکتووس" (Homo erectus) ژیاون کە بە ملیۆنان ساڵ خۆڕاگرییان کردووە و یەك لە بەتەمەنترین مرۆڤەکانی سەر زەوی لە ئەژمار دێن.

کاتێك زانایان لە ساڵی ٢٠١٠ زایینی لە ئەشکەوتێکی سیبیری بە ناوی "ئەشکەوتی دێنیسۆڤا" (Denissowa) زەوییان هەڵکۆڵی، قامکێکی مرۆڤیان دۆزییەوە کە دوای تاقیکاریی و ئانالیزەکردنی ژێنێتیکی، بۆیان ڕوون بۆوە ئەو چەشنە تا ئەو کات بۆ زانایان نەناس بووە و ناوی دێنیسۆڤا" (Denissowa)یان لەسەر دانا. کێ دەزانێ، چەندین وەچە و چەشنیتری مرۆڤ چاوەڕوانن لە لایەن مرۆڤی ئەوڕۆییەوە لە ئەشکەوتەکان و دۆرگەکانیتری ئەم هەردە، بدۆزرێنەوە؟



ڕەنگە وێنەی مرۆڤەکانی ئەو کات بەو شێوازە بووبێ: لە چەپەوە ( Homo rudolfensis) مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ئافریقا نیزیکەی ٢ ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا، (Homo erectus) مرۆڤی قوڕنەی ئاسیا ٢ ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا هاتوونەتە سەر گۆی زەوی و پەنجا هەزار ساڵ پێش ئێستا وەچەیان لە ناو چووە و هەروەها مرۆڤی نئاندرتال لە ئورووپا و ڕۆژئاوای ئاسیا چوارسەد هەزار ساڵ بەر لە ئێستا هاتوونەتە سەر زەوی و تا ٣٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لەو ناوچانە ژیاون.

سرووشتییە، هاوکات لەگەڵ ڕەوتی گەشەسەندن و گۆڕانی ئەو مرۆڤانە لە ئورووپا و ئاسیا، گەشەسەندنی مرۆڤەکانی ئافریقاش نەوێستاوە و ئەوانیش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. هاوسەنگیی مرۆڤایەتیی، چەندین چەشنی نوێی مرۆڤی بە دیاریی هێنا. لە ناو ئەواندا "هۆمۆ رۆدۆلفێنسیس" (Homo rudolfensis)، "هۆمۆ ێیرگاستێر" (ergaster Homo) و لە کۆتاییدا چەشنی ئیمە کە بە ناوی "هۆمۆ ساپیەن" ( Homo sapiens) ناسراوە.

تاقمێك لەو چەشنە مرۆڤانە جەستەیان بچکوولانە بوون و هەندێکیشان باڵابەرز. ژمارێکیان راوچەییەکی بە توانا و بڕێکیان وێگیتاریا یاخود گیاخۆر بوون. بڕیکیان تەنیا لە دوڕگەیەکدا دەژیان و ئەوانیتر بەسەر قوڕنەکاندا بڵاو ببوونەوە. بەڵام هەر هەموویان بەشێك لە گرووپی "هۆمۆ" یاخود مرۆڤ بوون و هەموویان بە مرۆڤ لە ئەژماردێن.

ماوەیەکی زۆر مرۆڤ پێیوابوو، کە بە شێوەی کۆلکەی بنەماڵە، چەشنەکانی "ergaster"، "erectus"و "نئاندرتال" بەدوای یەکدا دێن و لە کۆتاییدا دەگا بە ئێمە واتە هۆمۆ ساپیەن. بەو بۆچوونە هەڵەیە مرۆڤ پێیوابووە کە تەنیا چەشنێك لە مرۆڤ لە سەر زەوی ژیاوە و دوای تیاچوونی چەشنێك، ئەویتری لێ پێکهاتووە. ئەوڕۆ دەزانین کە لە ڕاستیدا لە ۲ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستاوە هەتا نیزیکەی ۱۰ هەزارساڵ پێش ئەوڕۆ، چەندین چەشنی مرۆڤ هاوکات لە ناوچەکانی ئەم پلانێتە پێکەوە ژیاون. بۆچی نا؟ ئێمە خۆمان شاهیدین کە ئەوڕۆ لەسەر زەوی چەندین چەشنی "رێوی"، "ورچ" یا "بەراز" لەسەر زەوی هاوکات پێکەوە دەژین! سەد هەزار ساڵ پێش ئێستا لای کەم شەش چەشن مرڤ هاوکات لەسەر زەوی ژیاون. ئەگەر ئێمەی ساپیەن ئەمڕۆ بە تەنیا ماوین و تەنیا چەشنی تاقانەی مرۆڤین کە خۆڕاگریمان کردوە و وەچەکەمان لەناو نەچووە، پرسیاری زۆر دروست دەکا، بەڵام بەو شێوەیەی لە درێژەی ئەو نووسراوەیەدا دەیبینین، دەبێ "هۆمۆ ساپیەن" بارودۆخ و تایبەتمەندییەکی جیاواز لە وەچەکانی پێشووی خۆی بووبێ، کە ئەوڕۆ بە تەنیا ماوەتەوە و توانیویە زیندوو بمێنێتەوە!

## گرنگایەتی گەورەیی مێشك




سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانی مابەین مرۆڤە هەمەڕەنگەکانی سەر ئەم هەردە کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هاتوون و چوون، زۆر خاڵی هاوبەشیشیان لە نێوان دا هەیە کە هەر هەموویان لە ژێر ناوی مرۆڤدا کۆدەکاتەوە. خاڵێکی زۆر گرنگ واتە "گەورەیی مێشك"، مرۆڤ لە هەموو گیانلەبەرانی تری ئەم جیهانە جیا دەکاتەوە. ئاژەڵە مەمکدارەکان بە قورسایی ٦٠ کیلۆگرام، مێشکیان تەنیا ٢٠٠ کۆبیك سانتیمترە، لەحاڵێکدا گەورەیی مێشکی هۆمۆ ساپیەن بە قورسایی ٦٠ کیلۆگرام، نیزیکەی ١٢٠٠ تا ١٤٠٠ کۆبیك سانتیمترە، کە ئەوە خۆی جیاوازییەکی بەرچاو و بڕیاردەرە. یەکەمین مرۆڤەکان کە ٢،٥ ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا ژیاون، باوەکوو بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ هۆمۆ ساپیەن مێشکیان بچووکتر بووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش مێشکیان لە هەموو ئاژەڵەکانیتر بە قورساییەکی وەك یەك، گەورەتر بووە و لە پرۆسەی گەشەسەندندا بە پێی کات، ئەو جیاوازییە بە شێوەیەکی بەرچاو، گەورەتر بۆتەوە.

لەڕاستیدا مێشکێکی گەورە پێویستیشی بە هێزێکی مەزن و وزەیەکی تایبەتی هەبووە. باوەکوو مێشکی هۆمۆ ساپیەن تەنیا ٢ تا ٣ لە سەدی قورسایی جەستەکەیەتی، بەڵام نیزیکەی ٢٥ لە سەدی وزەی پێویست بۆ لەش بۆخۆی تەرخان دەکا. بۆ هەڵسەنگاندن: مێشکی مەیمونەکانیتر تەنیا ٨ لەسەدی وزەی پێویست بۆ جەستەیان بە مێشکیان دەگا. پێشینیانی ئێمە بەهایەکی زۆریان لەسەر گەورەیی مێشکیان داوە: یەکەم: دەبوو بۆ وەدەستهێنانی خواردەمەنی کاتێکی زۆر تەرخان بکەن و دووهەم: دەبوو دەرسەدێکی زۆر لە هێز و وزەی پێویستی ڕاهێنانی ماسولکەکانیان لە پێناو پەروەردەکردنی مێشکیاندا دابنێن. ڕەنگە مرۆڤ بە هێزی مێشکی، چەشنەکانی مەیمونی لە ناو گۆشەی

قەفەسدا راگرتبێ، بەڵام ئەگەر بێتە سەر هەڵسەنگاندنی هێزی جەستە، مەیموون دەتوانی مرۆڤ وەك بووکە پەڕۆ لەت و کوت بکا و هەڵیدڕێ.

وێدەچێ مێشکێکی گەورە سوودیشی بۆیان بووبێ، دەنا هۆمۆساپیەن بە سەرێکی وا گەورەوە شانسی درێژەدان بە ژیانی زۆر کەم دەبوو. بەڵام ئەوەی کە گەورەبوونەوەی مێشك و کەم بوونەوەی ماسولکە چ سوود یا زیانێکی بۆ مرۆڤی ئەوکات هەبووە، خۆی پرسیارێکی گرنگە. لە سەردەمی ژیانی ئاڵبرت ئانشتایندا ڕەنگە پرسیاری وا، زۆر ساکار هاتبێتە بەر چاو، بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ کە ئانشتاین بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مرۆڤی سەردەمی پێشوو، سەردەمێکی هێندە دوور نییە. بە درێژایی دوو ملیۆن ساڵ مێشکی مرۆڤ بەردەوام گەشەی سەندووە و گەورەتر بۆتەوە، بەڵام جگە لە چالاکی وەك بەرد فڕێدانێك و دارتاشینێك، هیچ سوودێکیتری بۆ مرۆڤ نەبووە. لە ڕوانگەی گەشەسەندنەوە، پێشکەوتوویی مێشکی مرۆڤی ئەوکات جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئاژەڵانی تر نەبووە و ئەو جیاوازییە کاتێك خۆی نواند کە مرۆڤ بە کەڵك وەرگرتن لە مێشکی، خۆی کردە سەروەری ئەم جیهانە.

یەك لە تایبەتمەندییە بڕیاردەرەکانی تر جگە لە مێشکی گەورە، کە مرۆڤی ئەوکاتی لە ئاژەڵەکانی دیکە جیا دەکردەوە، لەسەر دوو قاچ ڕاوەستان و ڕاست بەڕێداڕۆیشتنی بووە. توانایی لەسەر دوو قاچ ڕاوەستان لە لایەکەوە بووە هۆی ئازادکردن و کەڵك وەرگرتن لە دەستی و لە لایەکیتریشەوە بووە هۆی باشتر دۆزینەوەی خواردەمەنی و خاستر چاوەدێریکردنی دوژمنەکانی واتە ئاژەڵە دڕندەکان. ئەو دەستانەی تا ئەوکات تەنیا بۆ رۆیشتن کەڵکی لێ وەردەگرتن، ئیتر ئازاد ببوون و بۆ کاری گرنگی داهاتوو پەروەردە دەکران. بە پێی کات و بە بەردەوام کەڵك وەرگرتن لە دەست بۆ کاری جۆراوجۆر، بووە هۆی گۆڕانکاری پیداهاتنی ماسولکە و دەمارەکانی دەست و مرۆڤ توانایی ئەوەی بۆ پێکهات، کاری زەریف و ئاستەم بە دەستەکانی بەڕێوە بەرێ. مرۆڤ لە داهاتوودا توانی، بە کەڵکوەرگرتن لە دەستی، کەرەسەی ئاڵۆز بۆ هاسانکردنەوەی ژیانی دروست بکات. دۆزراوەکانی کەوناراناسی بۆ کەڵك وەرگرتنی مرۆڤ لە کەرەسەی ئاڵۆز دەگەڕێنەوە بۆ ٢،٥ ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

بەڵام ئەوەش بڵێین، لەسەر دوو قاچ ڕۆیشتن خاڵی نەرێنیشی هەبوو. مەیموونەکانی پێش ئێمە بە درێژایی ملیۆنان ساڵ بۆ ڕۆیشتن و ڕاکێشانی جەستەیان لەسەر چوار دەست وقاچ، ئێسقانی جەستەیان بە چەشنێك پەرەی ساندبوو، کە زۆر بە هاسانی و ڕاحەتی دەیانتوانی هات و چۆ بکەن. ئەو گۆڕانکارییە واتە ڕۆیشتن لەسەر دوو قاچ، گوشاری دەخستە سەر ئێسقانەکانی لەش، بەتایبەت ئێسقانی پشت کە دەبوو سەری زلی مرۆڤ کە پەیتا پەیتا گەورەتریش دەبۆوە، لەگەڵ خۆی ڕابکێشێت. ئازاد بوونی دەستەکان، لە پرۆسەی داهاتووی ژیاندا ئازاری پشت و مل ئێشەی بۆ مرۆڤ بە دیاری هێنا.

بە تایبەت ڕاست ڕۆیشتن لە مرۆڤی مێ ینەدا بووە هۆی باریك بوونەوەی ئێسقانی دەوری کەمەر و تەنگبوونەوەی ئەو کاناڵەی منداڵی لێ دەهاتە دەرێ. بەهۆی گەورەبوونەوەی هەرچی زیاتری سەری منداڵەکانیش، زاووزێ ببوە هوی مەترسییەکی گەورە لەسەر ڕێی منداڵبوونی دایکەکان. ئەو دایکانەی وا منداڵیان زۆر زووتر لە کاتی ئاسایی لە دایك دەبوو، بەوهۆیەی سەریان هێشتا بەتەواوی پەرەی نەستاندبوو و هێشتا چکوولە بوو، زیندوو دەمان و مناڵی زیاتریان لێ دەبۆوە. بە پێی کات، سرووشت و پڕۆسەی لە دایك بوونی مرۆڤ کورت و کورتتر دەبۆوە. هەر وەك ئێستا بە چاوی خۆمان دەیبینین، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئاژەڵەکانیتر، مناڵی مرۆڤ بە نیوەکاریی دێنە سەر دنیا. جگە لە منداڵی مرۆڤ کە لە تەمەنی ساواییدا بە بێ یارمەتیی دایك و باوك ناتوانێ درێژە بە ژیان بدات، بێچوولەی هەموو ئاژەڵەکانیتر دەتوانن لە ماوەیەکی زۆر کورت دا بە بێ یارمەتی دایك وبابیان، لە سەر پێی خۆیان ڕاوەستن و دنیای دەوروبەریان بناسن.

ئەو ڕاستییە واتە جیابوونەوەی ڕێگای ژیانی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵەکانیتر، بەهۆی گەورە بوونی مێشك، لە لایەکەوە چالاکیی و لێهاتوویی بۆ مرۆڤ بە دیاری هێیناوە و لە لایەکیتریشەوە زۆر کێشەی بیۆلۆژیکی بۆ دروست کردوە. دایکانی بە تەنیا، کاتێك ناچار بە لەکۆڵکردن و هەڵگرتن و ڕاکێشانی منداڵەکانیان لەم لا بۆ ئەولا دەبوون، زۆر ئەستەم توانیویانە خواردەمەنی بۆ خۆیان و منداڵەکانیان ئامادە بکەن. بەو هۆیە هەڵبژاردەی سرووشتیی، شانسی مانەوەی بەو مرۆڤانە داوە کە بە شێوەی کۆمەڵ، هاوکاریی گشتیی و پەیوەندیی سوسیالیی و کۆمەڵایەتییان لەناودا بووە. بێچوولەی ئاژەڵەکان وەك بەرهەمی کارخانەیەك بە کامیلی و داڕژاو دێنە سەر دنیا، لە حاڵێکدا

منالّی مرۆڤ بە ناتەواوی وەك بەرهەمێکی خاو لەدایك دەبن. هەر بۆیەش هەموو فەرهەنگ و کولتورێك دەتوانێ بە ئیشتیای خۆیان ئەو منداڵە خاوە، پەروەردە بکات، دابیرِێژێت و ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێنێت. بەرهەمەکەشی ئەورِۆ بە چاوی خۆمان دەبینین کە یەکێك وەك مەسیحی، ئەویتر یەهوودی، ئەمیان موسوڵمان، ئەویتریان بوودایی یا خود وەك شەڕکەر، سوسیالیست، کومونیست، سەرمایەدا و ... ڕادەهێنرێن!

بە راشکاوییەوە دەتوانین بڵێین مێشکێکی گەورە کە بۆ هاسانکاریی و بەکارهێنانی کەرەسەکانی ژیان ، لێهاتوویی تێگەیشتن و هەوڵ بۆ پێکهێنانی سترۆکتۆری ئاڵۆزی کۆمەڵگای پێکهێناوە، توانیویە شانسێکی باش بۆ مانەوە و درێژەپێدان بە ژیان و نەفەوتانی وەچەکانی مرۆڤی هۆمۆ ساپیەن مسووگەر بکات. لە ڕوانگەی ئەورِۆیی ئێمەوە گەڵێك ڕوونە کە مرۆڤ سەروەریی خۆی وەك بەهێزترین گیانلەبەری سەر زەوی، تەنیا بە هۆی ئەو لێهاتوویی و تایبەتمەندییە تاقانەیەوە دەزانێ. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو تایبەتمەندییانە، بە درێژایی نیزیکەی ٢ ملیۆن ساڵ لە ئیندۆنیزییەوە هەتا دوڕگەکانی سپانیا ژمارەی مرۆڤ زیاتر لە یەك ملیۆن کەس نەبوون و لە ئەوپەڕی ترس و بێ متمانەیدا لەناو ئاژەڵە دڕندەکاندا ژیانیان کردووە و زیاتر لە ڕێگەی گیا وگژ، میوەکان، جڕوجانەوەر و ئاژەڵی بچووك، هەروەها بەرماوەی ئاژەڵە گەورەکانەوە، خۆیان زیندوو ڕاگرتووە. بۆ هێنانە دەرێی مێشکی ناو ئێسقانەکانی ئاژەڵانیتر، کەڵکیان لە کەرەسەی بەردین وەرگرتووە. بەڵام بۆچی تەنیا موخی ئێسقان؟ وەڵامەکەی زۆر ڕوونە: کاتێك ئاژەڵێکی دڕندە وەك شێر راویان کردووە، مرۆڤەکان خۆیان حەشار داوە و بە سەبر و حەوسەلە چاوەدێریی تێربوونی مام شێریان کردووە. دوای رۆیشتنی مام شێر ئەوجار نۆبەی رێوی و چەقەڵ و ئاژەڵەکانیتر هاتوە و لە کۆتایی هەموو ئەوانەدا بە سەبرا و زۆر بە ترس و لەرزەوە لە بۆسە هاتوونەتەدەرەوە و لەو "سیستەمە زنجیرە خواردەمەنییە"دا تەنیا ئێسقانەکەیان وەبەرکەوتووە.

دوای ماوەیەك مرۆڤی هۆمۆ ساپیەن لە ناوەڕاستی ئەو "سیستەمە زنجیرە خواردەمەنییە"دا جێی گرتبوو. مرۆڤ بۆ ماوەی ملیۆنان ساڵ تەنیا ڕاوی ئاژەڵە بچووکەکانیان کردووە و هاوکات لەگەڵ ئەوەی خۆیان ڕسق و ڕۆزی ئاژەڵە دڕندەکانیتر بوون، تەنیا ئەو شتانەیان خواردووە کە وەدەستیان کەوتبێ. نیزیکەی ٤٠٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا چەشنەکانی مرۆڤ بە شێوەی بەردەوام دەستیان بە ڕاو و

www.rojhalat.de / www.bokan.de

خواردنی ئاژەڵە گەورەکانیش کردووە و لە ماوەی ١٠٠ هەزار ساڵی ڕابردوودا خۆیان گەیاندۆتە لای سەرەوەی ئەو "سیستەمە زنجیرە خواردەمەنییە". ئەو سەرکەوتووییە بۆتەهۆی کارتێکەرییەکی بەرچاو لە ژیانی داهاتوویاندا. مرۆڤ تا ئەوکات خووی بەوە نەگرتبوو کە لە لای سەرەوەی ئەو "سیستەمە زنجیرە خواردەمەنییە"دا راوەستێت و نەیتوانیوە بە شێوەی ئەرێیی لەو بارودۆخە کەڵك وەربگرێت. بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئاژەڵە ڕاوچییەکانیتری وەك شێر یا نەهەنگ، کە بە ملیۆنان ساڵ لە سەرەوەی ئەو سیستەمە بوون و بە شێوەی سرووشتیی هەڵس و کەوتیان لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی خۆیان کردووە، مرۆڤ نەیتوانیوە دەوری خۆی بە باشی بەڕێوەبەرێت. زۆربەی کارەساتە مێژووییەکانی مرۆڤ، هەر لە توونا کردنی ژیانی مرۆڤێکی بێ هەژمار لە شەڕەوە هەتا کاوڵکردنی ژینگە، نەیتوانیوە بە باشی ڕۆڵی خۆی بەڕێوە بەرێ.

## گرنگایەتیی ئاگر و "سیستەمی زنجیرە خواردەمەنیی"



گرنگترین هەنگاو بۆ گەییشتن بە لووتکەی"سیستەمی زنجیرە خواردەمەنیی" کۆنترۆڵکردنی ئاور لە لایەن مرۆڤەوە بووە. بە وردی ڕوون نییە مرۆڤ کەنگێ و چلۆن ئاگری لە ژێر کۆنترۆڵی خۆی گرتووە، بەڵام بە پێی دۆزراوەکان دەبێ لە ۳۰۰ هەزار ساڵ بەر لە ئێستاوە ئاگر وەك کەرەسەیەکی ئاسایی، هاوڕێی زۆربەی مرۆڤی سەر زەوی بووبێ. بوونی ئاور، لە لایەکەوە کانییەکی ڕۆشنایی بۆ شەوانی تاریکی مرۆڤ دروست کردبوو و لە لایەکیتریشەوە گەرمای پێ دەگەیاند و هاوکاتیش چەکێکی بەکەڵك بوو دژ بە شێر و ئاژەڵە دڕندەکانیتر. ئەوکات مرۆڤ بە ئانقەست بەشێکی لێرەوارەکانیان ئاگر تێبەر دەدا و دوای کوژانەوەی ئاورەکە ئاژەڵە برژاوەکان و میوە و دانەوێڵەکانیان کۆ دەکردەوە. بەڵام باشترین کەڵکی ئاگر بۆ مرۆڤ پەڕینەوە لە قۆناغی خاوخۆرییەوە بۆ چێژ وەرگرتن لە کێشتی کوڵاو و برژاو بوو! هونەری کێشت لێنان هەلێکی باشی بۆ ئاڵوگۆڕی خواردەمەنیی مرۆڤ لە داوێنی سرووشتدا پێکهێنا. دانەوێڵە و گیای وەك گەنم، برینج و پەرەلماسی کاڵ  کە خواردنیان تا ئەو کات بۆ مرۆڤ زۆر گرنگ نەبوو، بەهۆی ئاگر، هاتنە سەرووی لیستی خواردەمەنییەکانیەوە. ئاگر بووە هۆی گۆڕانکاریی بەسەرداهاتنی حاڵەتی کیمیایی و بیۆلۆژیکی مرۆڤ. گەرمای ئاگر لە لایەکەوە باکتری و میکرۆبی خواردەمەنییەکانی تاونا دەکرد و لە لایەکیترەوە هاسانکاریی بۆ جوون و هەزمی باشتری خواردەمەنییەکانی پێکدێنا. لە حاڵێکدا ئاژەڵەکان بەتایبەت میموونەکان کە لە ڕۆژدا پێنج تا هەشت کاتژمێری کاتی

خۆیان بە کاوێژ و جوون و خواردنەوە خەریك دەکرد، مرۆڤ کاتێکی زۆر کەمتری بۆ خواردەمەنییە کوڵاو و برژاوەکان دەویست.

بەهۆی دۆزینەوەی ئاگر، مرۆڤ توانی دەست بەسەر زۆربەی خواردەمەنییەکانی ناو سرووشت دا بگرێت، کاتێکی زۆر پاشەکەوت بکات، کە پێشتر بۆ خواردن بەهەدەری دەدا و هەروەها بەهۆی کوڵین و برژاندنی خواردەمەنییەکان بە پێی کات ددانەکان و ریخۆڵەیان گۆرانکاریی بیۆلۆژییکیان بەسەردا بێ، واتە ددانەکانی چکوولە و زەریف و رێخۆڵەشی کورت ببێتەوە. چەند لە زانایان پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان خواردەمەنی کوڵیو و برژاو و کورتبوونەوەی رێخۆڵە و هەروەها گەورەبوونەوەی مێشك دا دەبینن. هەروەك مێشکێکی گەورە پێویستیی بە وزەی زۆر هەیە، ریخۆڵەی درێژیش وزەیەکی زۆری بەخۆی تایبەت داوە. هاوکات لەشی مرۆڤ ئەو تواناییەی نەبووە کە وزە هەم بە ریخۆڵەی درێژ و هەم بە مێشکێکی گەورە بگەیێنێ، هەر بۆیە گەشەسەندن بەهۆی هاسانکاریی خواردن، بۆتە هۆی کورتکردنەوەی ریخۆڵە کە ئەو هەلەی بۆ مێشك پێکهێناوە گەورەتر بێتەوە. ئاگر بۆتەهۆی جیاکردنەوە و پێکهاتنی مەودایەکی مەزن لە مابەین مرۆڤ و ئاژەڵەکاندا.

سپاس بۆ ئەو دۆزینەوەیە کە بەهۆی ئاگر و دەستبەسەرداگرتن و سەروەریی مرۆڤ بەسەر خواردەمەنیی و ئاژەڵە سرووشتییەکاندا توانی هاسانکاریی بۆ داهاتووی خۆی پێکبێنێ. توانایی و هێزی ئاژەڵەکان لە سرووشتدا پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هێزی ماسوولکە و تایبەتمەندیی جەستەیاندا هەیە. پێش دۆزینەوەی ئاگر، مرۆڤ بەهۆی هێزی کزی لەشی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئاژەڵەکانیتردا، شانسێکی زۆری بۆ درێژەپێدان بە ژیانی نەبووە. بەڵام ئاگر نەتەنیا مرۆڤی گەیاندە سەر لوتکەی خواردەمەنییە سرووشتییەکان، بەڵکوو پلەی سەروەری بەسەر ئاژەڵە درەندەکاندا بۆ مسووگەر کرد، کە تا ئەوکات تەنیا خۆی لێ دەشاردنەوە.

## شوێنەوارەکانی هۆمۆ ساپیەن

یەکەمین هۆمۆ ساپیەن کەنگێ هاتوونەتە سەر گۆی زەوی و لە کوێ ژیاون؟ لەسەر ئەو پرسیارە هیچ وەڵامێکی سەداوسەد نییە، جگە لە هەندێك تێیۆری؛ بەڵام زۆربەی زانایان لەسەر ئەو خاڵە ساغبوونەتەوە کە ١٥٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا چەشنە مرۆڤێك ژیاون کە لە ڕوانگەی ئاناتۆمییەوە لە مرۆڤی مودێرنی ئەوڕۆ زۆر نیزیك بوون. هەمیسان زانایان لەسەر ئەو بۆچوونە سوورن کە هۆمۆ ساپیەن نیزیکەی ٧٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ئافریقاوە بەرەو وڵاتە عەرەبییەکانی ئەوڕۆیی وەڕێکەوتوون و لەوێشەوە بە گورجی خۆیان لە ئورووپا و ئاسیادا بڵاوکردۆتەوە.




کاتێك هۆمۆ ساپیەن هاتنە ناوچە عەرەبییەکان، لە ئورووپا و ئاسیا مرۆڤەکانیتریش وەك نئاندرتاڵ دەژیان. ئەدی ئەوان چییان لێ بەسەرهات؟ لەسەر ئەو پرسیارە دوو چەشنە بۆچوون هەیە:

یەکەم تێیۆری باس لە نیزیکی و تێکەڵاویی ئەو مرۆڤانە و تەنانەت نیزیکی سێکسیی پیاو و ژنەکانیان لە یەکتر دەکات، کە دەبێ بووبێتە هۆی پێکهاتنی مرۆڤێکی نوێ بە تێکەڵاویی "ژێن" ی چەشنەکان.

دووهەم تێیۆریی بەربەرەکانی و شەڕ و کوشت و بڕی چەشنەکانە دژ بە یەکتر. بە پێی ئەو تێیۆرییە، مرۆڤی کۆچبەری ئافریقا لە ڕوانگەی تێگەیشتوویی‌یەوە زۆر لە هی ئاسیا و ئورووپا پێشکەوتووتر بوون و هەر ئەوەش بۆتە هۆی لەناوچوون و توونابوونی مرۆڤەکانی ئاسیا و ئووروپا کە بەداخەوە تا ئەوڕۆ جگە لە نئاندرتاڵەکان، هیچ ئاسەوارێکی ژێنتیکییان لێ بەجێ نەماوەتەوە. ئەگەر ئەو تێیۆرییە ڕاست بێ، بە پتوونی مرۆڤی ئەوڕۆی سەرزەوی نەوەی ئەو مرۆڤانەن کە ٧٠هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لە ئەفریقاوە روویان لەم شوێنانە کردووە.

لە ڕوانگەی گەشەسەندنی زانستییەوە، ٧٠ هەزار ساڵ کاتێکی زۆر درێژ نییە. ئەگەر تێیۆری بەربەرەکانی چەشنە مرۆڤەکان دژ بە یەکتر ڕاست بێ، هەموو مرۆڤەکانی ئەوڕۆیی کەم یا زۆر، دەبێ "ژێن"ەکانیان وەك یەك بێ و جیاوازیەکی ئەوتۆیان لە نێواندا نەبێ. بەڵام ئەگەر تێیۆری تێکەڵاویی مرۆڤەکان ڕاست بێ، دەبێ جیاوازیی ژێنێتیکی لە نێوان مرۆڤەکانی ئاسیا، ئافریقا و ئورووپا دا بەرچاو بێ. بە پێی دۆزراوەکان بەڵگە بۆ هەر دووك تێیۆریی هەن. ڕەنگە لەو نێوەدا خاڵی بڕیاردەر مرۆڤی نئاندرتاڵ بێ. ئەو مرۆڤانە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مرۆڤی ئەوڕۆ، بەخۆوەتر بوون، ماسوولکەیان زیاتر بووە و هەڵس و کەوت و خۆڕاگرییان لە هەمبەر بارودۆخی ساردی ئەو کات، باشتر بووە لە هی ئێمە و هەروەها مێشکیشیان وەك ئێمە گەورە بووە. ئەوانیش کەڵکیان لە کەرەسەی هاسانکەرەوەی ژیان و ئاگر وەرگرتووە، ڕاوچییەکی زۆر بە توانا بوون و بە پێی دۆزراوەکان خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەوانیش مردووەکانی خۆیان بە ڕێزەوە ناشتووە و خۆیان بە نەخۆش و مرۆڤە بێ هێزەکانەوە ماندوو کردووە. کۆنەناسان ئێسقانی نئاندرتاڵیان دۆزیوەتەوە کە ساڵانی درێژ سەرەڕای ناتەواوی و ئیفلیج بوونیان، درێژەیان بە ژیان داوە کە ئەوە خۆی بەڵگەیە بۆ پارێزگاریی بنەماڵەکانیان لەو مرۆڤە نەخۆشانە.

بەڵام ڕەنگە گوشارهێنانی مرۆڤی هۆمۆ ساپیەن بووبێتە هۆی لەناوچوونی نئاندرتاڵەکان. ئاخرین ئاسەواری مرۆڤی نئاندرتاڵ بەهۆی دۆزینەوەی ئێسقانەکانیان

لە باشووری ئیسپانیا لە لایەن کۆنەناسانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا کە لە ڕوانگەی کاتیی گەشەسەندنەوە، دەبێ وەك دوێنێ ئێواریێ بووبێ.

لە ڕوانگەی تێیۆریی تێکەڵاوییەوە، مرۆڤی نئاندرتاڵ بە تەواوی توونا نەبوون و مرۆڤی ئەوڕۆیی هەڵگری بەشێك لە "ژێن"ەکانیانن. بە پێی دۆزراوەکانی چەند دەیەی ڕابردوو، وێدەچێ تێیۆریی بەربەرەکانی بەڵگەی زیاتری بۆ کۆکرابێتەوە. بە تایبەت کاتێ ساڵی ٢٠١٠ کۆدی "د.ن.ئا"ی مرۆڤی نئاندرتاڵ لە ئێسقانە دۆزراوەکان کە چوار ساڵی تەواو لە لایەن زانایانەوە کاری لەسەر کرابوو، کرایەوە. بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ "د.ن.ئا"ی مرۆڤی ئەوڕۆ، تەنیا ٤ لە سەدی "ژێن"ی هۆمۆ ساپیەن لە مرۆڤی نئاندرتاڵەوە بە هۆمۆساپیەن گەییوە.

جێی باوەڕە کە کێبەرکیی نێوان هۆمۆ ساپیەن و نئاندرتاڵ شێوەی خوێناوی بەخۆیەوە گرتبێ و بووبێتە هۆی توونابوونی نئاندرتاڵەکان. هەر وەك مێژووش نیشانی داوە و دەیدا، مرۆڤی هۆمۆ ساپیەن بە درێژایی ژیانیان هیچکات تولەرانس و خۆ لێبوردنیان تەنانەت لە هەمبەر نەتەوەکانیتری خۆشیاندا نەبووە. نموونەیەکی زۆر لە چەوسانەوە و توونا کردنی نەتەوەکان لە مێژوودا تۆمار کراون کە بەهۆی جیاوازی ڕەنگی پێست، نەتەوە، فەرهەنگ، بۆچوون و بەتایبەت ئایینەوە، پێکهاتوون. کاتێ هۆمۆ ساپیەن بەزەیی بە هاوچەشنی خۆیدا نایە، بۆ دەبێ تولورانس و خۆلێبوردویی لە هەمبەر چەشنەکانیتری وەك نئاندرتاڵدا بووبێ و بەزەیی پێدا هاتبێ!

بەهەر حاڵ مێژووی ئەو چەشنە مرۆڤانە هەر جۆرێك بووبێ، ئەگەر لە بەرچاوی خۆمان وێنای بکەین کە هاوکات لە پەنا هۆمۆ ساپیەن، چەشنە مرۆڤیتر وەك نئاندرتاڵیش ژیانیان بکردبایە، بڵێی هەڵس و کەوتی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی نێوانیان چلۆن دەبوو؟ یاخود بڵێی گەشەسەندنی ئایین چلۆن دەبوو؟ بڵیی لە کتێبە ئایینییەکاندا نووسرابایە کە نئاندرتاڵەکانیش لە ئادەم و حەوا کەوتوونەتەوە؟ بڵێی لە قورعاندا جێگایەکی بەهەشتیان بۆ نئاندرتاڵەکان تەرخان کردبایە؟ بڵێێ کارل مارکس داوای یەکیەتیی پرۆلتاریایی هەموو جیهانی بە نئاندرتاڵەکانیشەوە کردبایە؟ یاخود بڵێی مافی مرۆڤی جیهانی نئاندرتاڵەکانیشی لەژێر چەتری خۆی بگرتایە؟

له ۳۰ هەزار ساڵی ڕابردووەوە ئێمەی هۆمۆ ساپیەن خوومان بەوە گرتووە کە تاقانە مرۆڤی سەر زەوی بین. وێناکردن و ئەو بۆچوونە کە لە پەنای چەشنە مرۆڤەکانیتر ژیانی هاوکات و هاوبەشمان هەبێ ، بۆ ئێمە زۆر دژوارە. بە بوونی برا و خوشکیتر ئەو باوەڕە کە ئێمەی هۆمۆ ساپیەن تاقانەی سەر زەوین و جیاوازیمان لەگەڵ گیانلەبەرانیتر دا هەیە، تێگەییشتوویی ئێمەی سەرتۆپی خوڵقاندن لە لایەن خوداوەوەی، دەخستە ژێر پرسیارەوە. کاتێ چارلز داروین ڕوونی کردەوە کە مرۆڤ تەنیا یەك لە ئاژەڵەکانی سەر زەوییە، ئەو بۆچوونە بۆ زۆربەی مرۆڤ و بەتایبەت مرۆڤی هاودەورەی خۆی، جێی ناباوەڕیی و سەرسووڕمان بوو، کە مرۆڤیش تەنیا ئاژەڵێکە. تەنانەت ئەوڕۆش زۆربەی مرۆڤ بەتایبەت لایەنگرانی ئایینیەکان ئەو ڕاستییە نابینن و پێیان وایە کە مرۆڤ جیا لە ئاژەڵ و بە شێوەیەکی تایبەتی خوڵقێنراوە. ئایا ئەگەر نئاندرتاڵەکان ئەوڕۆ لەگەڵ ئێمە لەسەر زەوی ژیابان، هەر ئەو بۆچوونەیان دەبوو؟ لەوانەیە هەر ئەو هەڵس و کەوتەش بووبێتە هۆی توونابوونی چەشنەکانیتری مرۆڤ.

هۆی سەرکەوتوویی هۆمۆ ساپیەن بۆ مانەوەی بە تەنیایی چی بووە؟ چلۆن توانیومانە بەو خێراییە چەشنەکانیتر کە ساڵیانی درێژ لەسەر ئەم هەردە ژیاون، لە ناو بەرین؟ بۆچی مرۆڤێکی بەهێزی وەك نەئندرتاڵ نەیتوانیوە لە بەرابەر ئێمەدا خۆڕاگریی بکات؟

## گەشەسەندن و ژیانی مرۆڤی هۆمۆ ساپیەن

ئەو "هۆمۆ ساپیەن"ەی نیزیکەی سەدهەزار ساڵ لە ڕۆژهەڵاتی ئافریقا ژیانی کردووە، لە ڕوانگەی بیچم و شکڵ و شەمایلەوە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئێمە نەبووە و مێشکیشیان بە گەورەیی مێشکی ئیمە بووە، بەڵام ئایا هەر وەك ئێمە بیریان کردۆتەوە یاخود وەك ئێمە ئاخەفتنیان کردووە؟ بە ئەگەری زۆر نا. ئەوان کەڵکیان لە کەرەسەی سازکراوی تایبەتیی وەرنەگرتووە، لە هێزی توانایی و مێشکیان یارمەتییان وەرنەگرتووە و بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ چەشن مرۆڤەکانیتر هیچ خاڵێکی بڕیاردەر و جیاواز لەوانیان نەبووە. بە پێچەوانە کاتێ سەد هەزارساڵ بەر لە ئێستا بە خۆتێرادیوی خۆیان لە ڕۆژهەڵات و ناوچەکانی ژیانی نئاندرتاڵەکاندا بینییەوە، نەیانتوانیوە بۆ ماوەیەکی درێژ خۆڕاگریی بکەن. ئێمە نازانین هۆی نەمانەوەیان لەو ناوچانەدا کەش و هەوا، باکتری و میکرۆبی تایبەتیی ئەوناوچانە بووە یاخود مرۆڤی نئاندرتاڵ بوون، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هۆمۆ ساپیەن خۆیان کشاندەوە و ئەو ناوەندانەیان بۆ نئاندرتاڵ و مرۆڤەکانیتر خاڵی کرد.

هەرەس هێنان لەو کارەیاندا بەڵگەیە بۆ ئەوەیکە لێهاتوویی مێشکی ئەوکاتی مرۆڤی هۆمۆ ساپیەن جیاوازیی بووە لەگەڵ مرۆڤی ئەمڕۆ. ئەوان ڕەنگە شکڵ و شەمایلیان وەك ئێمە بووبێ، بەڵام بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئێمە، هێزی چالاکیی، هێزی فێربوون، بەکارهێنانی مێشك و هێزی پەیوەندیی و زانیارییان بەرتەسك و کەم سنوور بووە. ڕەنگە هیچ سوودێکی نەدەبوو ئەگەر بمانویسبایە مرۆڤی ئەوکات فێری زمانێکی مودێرن، ئایین یاخود تیئۆری گەشەسەندن بکەین! بە پێچەوانە ڕەنگە بۆ ئێمەش زۆر دژوار بایە کە زمانی ئەوان فێر بین یا هەڵسو کەوت بە مێشك و بۆچوونی ئەوان بکەین!

بەڵام وێدەچێ ڕۆژێك، کاتێکی لەبار هەڵکەوتووە و نیزیکەی ٧٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا هۆمۆ ساپیەن دەستی کردووە بە کەڵکوەرگرتن لە توانایی مێشکی. ئەوکات

چەند گرووپێکی نوێی مرۆڤی هۆمۆ ساپیەن قوڕنەی ئافریقایان بەجێ هێشتوە. ئەمجارەیان ئەوان نە تەنیا لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا بەڵکوو لە تەواوی پلانێتەکە گوشاریان بۆ مرۆڤی نئاندرتاڵ و مرۆڤەکانیتریان هێناوە. لە ماوەیەکی کورتدا خۆیان لە ئوروویا و ڕۆژئاوای ئاسیا بڵاو کردەوە و ٤٥ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا بە شێوەیەك بەسەر دەریادا خۆیان گەیاندۆتە ئوسترالیا کە تا ئەو کات قاچی هیچ مرۆڤێك بەو ناوچەیە نەگەییبوو. توانیان لۆتکە دروست کەن، کەڵك لە تیر و کەوان و تەنانەت دەرزی درووومانیش وەربگرن بۆ درووونی جل و بەرگی گەرم بۆ زستانیان. دۆزینەوەی یەکەمین کارەدەستییە هونەرییەکان و هەروەها دەستپێکی باوەڕی ئایینی و سەوداکردن و پێکهاتنی چینەکانی کۆمەڵگا، دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمە.



فیگوور یاخود مجسمەی "بە سەر شێر و بە جەستە مرۆڤ"، لە ئەشکەوتی بەردینیی ئالب"Alb" لە ئاڵمان کە بۆ ٣٢ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە و بە یەك لە هەوەڵین کارەکانی هونەری مرۆڤ لە ئەژمار دێ، بەڵگەیە بۆ باوەڕی ئایینی و لێهاتوویی مرۆڤ بۆ وێناکردنی ئەو شتانەی تەنیا بە فانتازیا خۆیان خوڵقاندوویاننو بوونی ڕاستیان نییە.

زۆربەی زانایان لەسەر ئەو بۆچوونەن کە لەو سەرەمەدا مرۆڤی هۆمۆ ساپیەن بە شێوەیەکی بەرچاو لێهاتوویی کەڵکوەرگرتن لە مێشکی پەرەسێنراوتر بووە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ چەشن مرۆڤەکانیتر.

ئەو مرۆڤانەی نئاندرتاڵەکانیان لەناو برد، بەسەر زەریاکاندا پەڕانەوە، ئوسترالیایان داگیر کرد و مجسمەی شێر- مرۆڤیان داتاشیوە، هەڵس و کەوت و قسەکردنیان دەبێ وەك ئێمە وابووبێ.

ئەگەر بمانتوانیبایە لەگەڵ پێکهێنەری ئەو مجسمەیە بە شێوەیەك پەیوەندی بگرین، بە ئەگەری زۆر ئەو دەیتوانی زمانی ئێمە فێر بێ و بە پێچەوانەش ئێمە بتوانین بە زمانی ئەو ئاخەفتن بکەین. دەمانتوانی زانستی خۆمانیان پێ بڵێین و لێی بپرسین چلۆن سەیری ئەم دنیایە دکا. پێکهاتنی بیرکردنەوە و پەیوەندیی نوێ، کە ٧٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەستیپیکردوە و نیزیکەی ٣٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستاش کۆتایی پێهاتووە، بە "شۆڕشی ناسین" مەنشوورە. چی بۆتە هۆی پێکهاتنی ئەو شۆڕشە؟ بەداخەوە هیچ وەڵامیك بۆ ئەو پرسیارە نییە. مەنشوورترین تێئۆری لەسەر ئەو تەوەرە، دەڵێ: ئەو شۆڕشە بەهۆی "مۆتاتسیۆن" Mutation واتە گۆڕانکاری ژێنێتیکی لە هۆمۆ ساپیەندا بووە هۆی چالاکبوونی لێهاتوویی فێربوون. بەڵام بۆچی ئەو گۆڕانکارییە تەنیا لە چەشن مرۆڤی هۆمۆ ساپیەندا پێکهاتووە؟ تا ئەو جێگایەی زانیاریی ئەوڕۆ پێمان دەڵێ، دەبێ تەنیا بە هەڵکەوت بووبێ.

بەڵام بە جێی گەڕان بەدوای چۆنیەتی پێکهاتنی ئەو مۆتاتسیۆنە، گرنگتر ئەوەیە کە سەرنج بدرێتە ڕەوتی مێژووەکەی. تایبەتمەندیی ئاخەفتن و قسەکردنی نوێی مرۆڤی هۆمۆساپیەن چ بووە، کە بۆتە هۆی دەستبەسەرداگرتن بەسەر تەواوی دنیادا؟ خۆ زمانەکەی یەکەم زمانی سەر زەوی نەبووە. تەنانەت هەرکام لە بوونەوەرەکانیتریش زمانی خۆیان هەبووە و هەیانە. تەنانەت حەشەڕەکانی وەك زەردەواڵە و مێلوورەش سیستەمیکی پەیوەندییان هەیە کە دەتوانن ئاڵ و گۆڕی زانیاریی لەگەڵ یەکتردا بکەن(بۆ وێنە لەسەر خواردەمەنی یاخود هەست بە مەترسیکردن). زۆربەی ئاژەڵەکان وەك مەیموونەکان، بە دەنگی بەرز لەگەڵ یەکتر دەدوێن. فیلەکان و نەهەنگەکانیش زۆر بە ڕاشکاوی سیستەمی پەیوەندیی و گۆزتنەوەی زانیاریی تایبەت بە خۆیان هەیە. تووتی لێهاتوویی لاساییکرنەوەی زمانی ئێمەیان هەیە. ئەدی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ بوونەوەرەکانیتر، چ خاڵیکی تایبەت لە ئاخەفتنی مرۆڤدا هەیە کە توانیویە پەرە بە زمانی بدا؟ بە راشکاوی دەتوانین بڵێین: لە زمانی ئێمەی مرۆڤدا بەهۆی وشەی یەکجار زۆر و لێهاتوویی رێك و پێککردنی وشەکان و دروستکردنی دێر، دەتوانین زانیاریی

www.rojhalat.de / www.bokan.de

لەسەر ژینگە و هەڵس و کەوتەکان بە شێوەیەکی بەرچاو و ورد وەربگرین، پاشەکەوتیان کەین و ڕاگوێزی نەوەکانی داهاتوومانی بکەین.

جێی سەرسووڕمانە کە مرۆڤ بە گشتیی دەتوانێ زانیارییەکی زۆر لە مێشکی دا ڕاگرێ. هەڵس و کەوت لەگەڵ مرۆڤەکانیتر بکات و یاسا و شێوە و چۆنیەتی ژیانی دیاری بکات و بتوانێ لە گرووپی گەورە و مەزن بۆ هەڵسووڕانی کار و ژیانی بەکۆمەڵ، سیستەمی نوێ بدۆزێتەوە.

خاڵی بەرچاو و بڕیاردەر لە لێهاتوویی زمانی مرۆڤ لەوە دا نییە کە ئێمە دەتوانین زانیارییەکانی ژینگە، مەترسییەکان و هەموو تایبەتمەندییەکانی ژیان راگوێزی نەوەی داهاتوو بکەین، بەڵکوو نوکتەی سەرنجڕاکێش لێرە دایە کە ئێمە ئاڵ و گۆڕی زانیاریی لەسەر ئەو تەوەرانە دەکەین کە تەنانەت بوونی ڕاستەقینەشیان نییە. وادیارە لێهاتوویی و دۆزینەوەی چیرۆك و دروستکردنی مێژوو، تایبەت بە مرۆڤی هۆمۆساپیەن بێت. حیماسە، گێڕاوە، خوڕافات، خوداکان و ئایینەکان لە پەیوەندیی لەگەڵ "شۆڕشی ناسین" دا هاتوونەتە گۆڕێ. ڕەنگە ئاخەفتنی بوونەوەرەکان سنووردار بێ و تەنیا بە گوتنی دەنگێك یاخود جووڵانەوەیەکی تایبەت یەکتری ئاگادار کەنەوە، بەڵام بە هۆی پانتایی لە ڕادەبەدەر و بێ سنووری زمانی مرۆڤ، تەنیا مرۆڤ توانیویە ڕەوایەت و چیرۆکی خەیاڵی بهۆنێتەوە و وەك مێژوو دەرخواردی وەچەکانی داهاتووی بدات. بەڵام گرنگایەتیی دۆزینەوەی بیری فانتازیا و خەیاڵاوی لە کوێ دایە؟ ئایا چیرۆکی خەیاڵی ڕێگای مرۆڤ ناگۆڕێ؟ ئایا ئەوە تەنیا کات بەهەدەردان نییە کە چیرۆکی خەیاڵی وەك دێو و جندۆکە وئایین و هتد... بخولقێنین. ئایا مەترسی بۆ مانی وەچەی مرۆڤ دروست نابێ ئەگەر سەری خۆمان بە ڕەوایەت و خوڕافاتەوە خەریك کەین؟

بەڵام وێدەچێ مرۆڤ بە درێژایی مێژوو لە پێکهاتنی بوتەکان، خوداکان و ئایینەکانەوە هەتا دروستکردنی ناسیۆنالیزم و رەگەز پەرستیی، تەنیا و تەنیا وەدوای خەون و خەیاڵەکانی کەوتبێ و بە هیچ شێوەیەك نەیهەوێ دنیای ڕاستەقینە بسەلمێنێ.

ئەو تایبەتمەندییانە دەیسەلمێنێ کە مرۆڤی هۆمۆساپیەن لێهاتوویی دروستکردنی گرووپی زۆر مەزن بە شێوەیەکی بەربڵاوی هەیە. مێلوورە و زەردەواڵەش بە شێوەی کۆمەڵ دەتوانن لەگەڵ یەکتردا بژین، بەڵام تا سنوورێکی دیاریکراو. شامپانزە و مەیموونەکانیتریش تەنیا لە گرووپێکی دیاریکراوی خۆیاندا متمانە بەیەك دەکەن. بەڵام

هۆمۆساپیەن بە پێچەوانەی ئەو بوونەوەرانە دەتوانن لە بازنەیەکی زۆر گەورەتر دا تەنانەت لەگەڵ مرۆڤی بێگانەش هاوکاریی بکەن و ژیانی هاوبەش پێك بێنن. هەر بەو هۆیەشە، لە کاتێکدا مێلوورەکان بۆ درێژەدان بە ژیانیان بەرماوەی ئێمە کۆ دەکەنەوە و مەیموونەکان لە قەفەسەکانی باغی وەحشدا بە هەویای فڕێدانی میوە و خواردەمەنی لە لایەن مرۆڤن، هۆمۆساپیەن سەروەری بەسەر جیهاندا دەکات.

## ژیانی بە کۆمەڵ

شامپانزەکان وەك نیزیکترین خزم بە ئێمەی مرۆڤ لە گرووپی بچووکدا کە ژمارەیان لە نیزیکەی بیست کەس تێپەڕ ناکات، لەگەڵ یەکتر دەژین. ئەوان لە ناو گرووپەکەیاندا دۆستایەتی زۆر پتەو پێکدێنن و بە یەکیەتیی و هاودەنگی دژ بە دوژمنانیان ڕادەوەستن. لە گرووپەکەدا هەمیشە یەك لە ئەندامان وەك گەورە یاخود سەرکردە دەناسرێ و هەموو ئەندامانیتر پەیڕەوی لێ دەکەن و سەری بۆ دادەنەوێنن، هەر وەك چۆن مرۆڤ سەر بۆ خودا، شا، شێخ یاخود گەورەی کۆمەڵگا دادەنەوێنن. سەرکردەی گرووپەکە هەوڵ دەدا کە یەکدەنگی و ئارامیی بخاتە ناو مێگەلەکەوە. زۆر جار لە لایەن زانایانەوە چاوەدێری کراوە کە ئەگەر دوو شامپانزە کێشەیان لە نێواندا بووبێ، گەورەی کۆمەڵ نێوانجیگەریی کردوون و هەوڵی کۆتایی هێنان بە کێشەکەیانی داوە. هەموو شامپانزەکانی ناو گرووپەکە گەورەی کۆمەڵ وەك سەرکردەی خۆیان دەسەلمێنن، باشترین خواردەمەنی وەبەر دەکەوێ و بە بێ بەرگرێلێکردنی، هەرکات پێیخۆش بێ، ئێزنی نیزیکی لەگەڵ شامپانزە مێوەکانی دەبێ.

سەیر ئەوەیە کە دوو شامپانزەی بێگانە کە چاویان بە چاوی یەکتر نەکەوتبێ و هەرگیز لەگەڵ یەکتر یاریی، بەربەرەکانی یاخود زۆرانیان نەگرتبێ و یەکتریان نەدۆزیبێ، هیچکات متمانە بەیەکتر ناکەن و یارمەتی یەکتر نادەن. لە سرووشتدا ژمارەی گرووپی شامپانزەکان لە بیست تا بیست و پێنج سەر تێپەڕ ناکا. گرووپی لەوە گەورەتر لە ڕوانگەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە زۆر ناسوبات و لاواز دەنوێنن.

زۆر کەم بینراوە کە گرووپەکان هاریکاری یەکتر بکەن. بە پێچەوانە ئەو بوونەوەرانە پەیتا پەیتا لەسەر خواردەمەنی و جێی ژیان لە بەربەرەکانی دژ بەیەکتردان و بەو جۆرەی لە لایەن زانایانەوە چاوەدێری کراوە، لە نێوانیاندا شەڕی بەردەوام و تەنانەت کۆمەڵکووژی بۆ لەناوبردن و تووناکردنی گشت گرووپەکە بەڕێوەچووە. ژیانی یەکەم مرۆڤەکانیش دەبێ بە شێوەیەکی هاوچەشن بەڕێوەچووبێ و تەنانەت هۆمۆساپیەن لە هەوەڵەوە هەر هەمان ڕێ و شوێنی گرتبێ.

مرۆڤی سەردەمی کۆن بە گشتیی وارسکە(غەریزە) یەکی سوسیالیی واتە کۆمەڵایەتییان تێدابووە کە توانیویانە دەستی دۆستایەتی و هاوکاری بۆ لای یەکتر درێژ کەن، کۆمەڵ پێکبێنن و پێکەوە ڕاو بکەن و لە بەرەیەکدا بە یارمەتی یەکتر دژ بە دوژمنانیان ڕاوەستن. بەڵام هەر وەك شامپانزەکان ئەو وارسکەیە سنوورێکی دیاریکراو و بەرتەسکی بووە. کاتێك گرووپەکان گەورەبوونەتەوە، بەهۆی نەبوونی ئورگان یاخود ڕێکخراوەیەکی ڕێك وپێك لێك جیا بوونەتەوە و چەند گرووپی بچووکتریان پێکهێناوە. تەنانەت ئەگەر لە جێگایەکی پڕ بیت و بەرەکەتدا ٥٠٠ مرۆڤ پێکەوە ژیابان، باوەکوو خواردەمەنی و جێگای کافی بۆ هەموویان هەبووە، نەیانتوانیوە لە کۆمەڵی گەورەدا لەگەڵ یەك بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ژیان بکەن.

بەڵام چلۆن هۆمۆساپیەن توانیویە ئەو سنوورە بشکێنێ و کۆمەڵگای گەورە پێکبێنێ؟ چۆن توانیویە شاری گەورە دروست بکا و سەدان هەزار مرۆڤی تێدا جێ بکاتەوە؟ نهێنیی سەرکەوتوویی و تێپەڕبوون لەو سنوورە دەبێ هۆیەکەی زمانی یەکگرتوو و هەروەها داب و نەریت، فەرهەنگ و باوەڕی گشتیی هاوبەش بووبێ. هەرکام لە کۆمەڵە پێکهاتووەکانی مرۆڤ لە سەدەی ئەنتیك و ناوەڕاستەوە بگرە هەتا دنیای مودێرنی ئەوڕۆیی مێژوویەکی هاوچەشنیان بووە کە بناغە و بنەماکەیان تەنیا پەیوەندیی بە مێشکی مرۆڤەوە بووە.

هەروەك دەزانین بە گشتی "باوەڕ" پێکهاتووە لە گێڕاوە، خوڕافات، ئەفسانە، چیرۆك و داب و نەریتەکان، کە وەچە بە وەچە راگوێزراون و بە نەوەکانی داهاتوو ئەسپێردراون. دوو مرۆڤی موسوڵمان یاخود مەسیحی ئەگەر یەکتریش نەناسن، بەهۆی باوەڕەکەیان، بە بێ کێشە دەتوانن هەست بە نیزیکی بکەن و لێك حاڵی بن. دوو کەسی کورد یا هەر ناسیۆنێکیتر باوەکوو یەکتریش نەناسن، بەهۆی هەستی نەتەوەییەوە دەتوانن بێ کێشە باسی هاوبەش دامەزرێنن. تەنانەت ئەو تایبەتمەندییانە و هەست بە نیزیکی کردنە دەتوانێ لە مابەین دوو یا چەند کەس کە کاری هاوچەشن دەکەن، سیستەمی ژیانی وەك یەکیان هەیە، باوەریان بە ئیدئۆلۆژییەکی وەك یەك هەیە، پێك بێت.

مێژووی ئەو چەشن سیستەمانە بۆیە بوونیان هەیە چونکە تەنیا ئێمەی مرۆڤ لە مێشکی خۆماندا پێکمانهێناون و بۆ یەکتریمان گێڕاونەتەوە. خوداکان، نەتەوەکان، پارە، مافی مرۆڤ و یاساکان لە ڕاستیدا تەنیا لە دنیای چێکراوی ئێمەی مرۆڤدا بوونیان هەیە.

مرۆڤی ئاسایی سەردەمی پێشوو، کۆمەڵەکەیان توانیوە ڕاگرن چونکە باوەڕیان بە ڕۆح یاخود خوڕافاتێکی هاوچەشن بووە. مانگە شەوان لە دەوری ئاگر کۆبوونەتەوە و کاتی خۆیان بەوەوە خەریك کردووە کە چلۆن ژیانی خۆیان پارێزگاریی بکەن، یاسا بۆ بەڕێوەبردنی باشتری کۆمەڵ دابنێن یاخود وەڵام و ڕێگاچارە بۆ پرسیارەکانیان و بە تایبەت ترس لە مردنیان بدۆزنەوە. لە ڕاستیدا هەموو یاساکان، ئیدیۆلۆژییەکان و باوەڕەکان تەنیا فانتازیا و خەون و خەیاڵاتی مرۆڤەکانن و تا ئەو کاتەی باوەڕمان پێیان هەبێ زیندوون و هەر کات باوەڕمان پێیان نەما، ئیتر دەمرن و توونا دەکرێن.

## مۆتاسیۆنی ژێنێتیکی

ساڵی ١٩٩٠ ڕژیمی ئەمریکا پڕۆژەی کردنەوەی کۆدی"د. ن. ئا"ی مرۆڤی هۆمۆساپیەنی وەڕێ خست. هەشت ساڵ دواتر ئیدارەیەکی بچووك بە ناوی "Celera" ئەو ئەرکەی هاوکات لەگەڵ پڕۆژە ئەمریکاییەکە وەڕێ خست و سەرەڕای ئەوەیکە ڕژیمی ئەمریکا لە ڕوانگەی کاتییەوە زۆر لە پێشتر بوون، ڕێکخراوەی "Celera" توانی بۆ یەکەم جار سەرجەم کۆدی "د. ن. ئا"ی مرۆڤ بکاتەوە و دیاریی بکات. بەو شێوەیە وەك خاوەنی سەرەکی ئەو تەوەرە، هەر کەس یاخود هەر ڕێکخراوەیەك بیهەوێ کەڵك لە کۆدی کراوەی "د. ن. ئا" وەربگرێ دەبێ پرس بەو ئیدارەیە بکات و ئیزنی ئەوان وەربگرێ.

ئەو کارە بە درێژایی مێژووی مرۆڤ بەشێکی زۆری بەهۆی زمانی چێکراو و دروستکراو لە لایەن مرۆڤەوە وەدی هات. زمانێك کە مرۆڤ شتی وای پێ دروست دەکات و وێنا دەکات کە لە دنیای ڕاستیی فیزیکیدا بوونیان نییە. بۆ وێنە جندۆکە، دێو، هەژدیها، ئیدئۆلۆژییەکان، ئایینەکان و ... کە نە لە ئەلکترۆن و نە لە پرۆتۆن یاخود ئەتۆم ساز کراون و بەڵکوو تەنیا چێکراوی خەون و خەیاڵات و بەرهەمی گێڕانەوە و چیرۆکی گوتراو لە لایەن مرۆڤەکانەوەن. بە درێژایی هەزاران ساڵ تۆڕێکی مەزن لەو چەشن خوڕافاتە لە لایەن مرۆڤەوە کۆکراونەتەوە و دەست بە دەست و زار بە زار بۆ وەچەکانی داهاتوو ڕاگوێزراونەوە، بە شێوەیەك کە مرۆڤ ئەو خەونانە زۆر لە شتە ڕاستەقینەکانیان بەهێزتر و جیددیتر داناوە.

بەڵام کاتێ بە وردی سەیری ئەو خەونە چێکراوانە وەك پارە، ئایین، ئیدئۆلۆژی، ماڤی مرۆڤ، و ... بکەین، دەبینین کە تەنیا و تەنیا لە چیرۆك و گێڕانەوەکاندا بوونیان هەیە. ئەگەر بەهۆیەك ئیتر باسیان لێ نەکەین و بیریان لێ نەکەینەوە، بە گورجی لە مێژوودا دەسڕێنەوە و ئیتر بوونیان پووچەڵ دەکرێ و هیچ ئاسەوارێکیان لێ نامێنێتەوە.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

ئەکادیمییەکان ئەم چەمکانە کە ئێمە لە ئەفسانە و چیرۆکەکاندا دەیانخوڵقێنین بە "خەیاڵ"، "بنیاتنانی کۆمەڵایەتی" یان "واقیعی دروستکراو" ناودەبەن.! بەڵام لە ڕاستیدا هەموو دۆزراوەیەکیش درۆ نییە. من درۆم کردووە ئەگەر بڵێم لەسەر چۆمی شێرێکم بینی، لەکاتێکدا ئەو شتە بوونی نەبووبێ. درۆ کردن شتێکی تایبەت بە مرۆڤ نییە. تەنانەت ئاژەڵەکانی وەك مەیموونیش درۆ دەکەن.

مەیموون ناسان زۆربەی دەنگی مەیموونەکانیان وەرگێڕاوەتەوە. بۆ وێنە کاتێ شێر دەبینن، دەنگێکی تایبەت لەخۆیان دەردێنن کە مەیموونەکانیتری پێ ئاگادار دەکەنەوە. بەڵام جاری وابووە کە مەیموونێك بۆ کۆکردنەوە و وەدەستهێنانی خواردەمەنی، ئەو دەنگەی لەخۆی دەرێناوە و مەیموونەکانیتری پێ کشاندۆتەوە و ترساندووە، لە کاتێکدا هیچ شێرێك لەگۆڕێدا نەبووە.

بەڵام جیاواز لە درۆ، دۆزینەوەی "ڕاستییەك" لە ڕوانگەی مرۆڤەوە دەبێتە هۆی باوەڕکردنی بە چیرۆك، گێڕاوە یا ڕووداوێك. تا ئەو جێگایەی بەکۆمەڵ باوەڕیان بەو شتە هەبێ، بەهێز دەبێ و وەك باوەڕێکی ڕاستەقینەی لێدێ. زۆربەی جادووگەران ڕەنگە درۆزن بن و بۆ فریودان و رووتاندنەوەی مرۆڤ ئەو کارە بکەن، بەڵام تاقەمێکیان باوەڕیان بە کارەکەیان هەبووە و خوداکان و دێو و درنجەکانی ناو گێڕانەوەکەیان بە ڕاستەقینە داناوە. زۆربەی ملیۆنێرەکان باوەڕیان بە پارە هەیە! زۆربەی لایەنگرانی مافی مرۆڤ، باوەڕیان بە بوونی مافی مرۆڤ هەیە!

ئەو لێهاتووییەی بە یارمەتی ئەو، تەنیا بە قسە و گێڕانەوە، ڕاستەقینەیەکی پێ دروست بکرێ، دەبێتە هۆی یەکگرتوویی چەندین گرووپ مرۆڤ، کە تەنانەت لە ڕوانگەی نەتەوەیی، فەرهەنگ، داب ونەریت و زمانیشەوە جیاوازییان هەبێ. هەر ئەو یەکگرتووییە دەکرێ بە هۆی گێڕانەوەی شتێکی نوێ، یاخود گۆڕانکاری بەسەر داهێنانی گێڕاوە کۆنەکە، تێك بدرێ. پێموایە پێویست بە نموونە ناکات و مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە شۆڕش و گۆڕانبەسەرداهاتنی کۆمەڵگاکان.

بە سەیرکردنی ڕابردوو، تا ئەو جێگایەی بتوانین بە یارمەتی ئەو داهاتوو پێشبینی بکەین، هەمیشە مرۆڤ توانیویە و دەتوانێ بە هۆیەك لە هۆیەکان سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، باوەڕەکان، داب و نەریت و خوو و خدەکان بگۆڕێ. تەنانەت

مرۆڤ توانیویە گۆڕانکاریی بەسەر سەرچاوە سرووشتییەکان، جوگرافیا و ژینگەش دا بێنێ.

موتاسیۆنی ژێنێتیکی لە مرۆڤدا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکەنی کۆمەڵگا، زۆر بە سەبرا بەڕێوە دەچێ و گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. دوو ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا بەهۆی موتاسیۆنی ژێنێتیکی چەشن مرۆڤێکی نوێ بە ناوی هۆمۆ رێکتووس پێکهاتن. ئەو مرۆڤە یەکەمین کەرەسەی بەردینی دروست کرد. بەڵام بەهۆی نەگۆڕانی ژێنێتیکی، زیاتر لە یەك ملیۆن ساڵ بە بێ ئاڵوگۆڕ بەسەرداهاتن تەنیا لە کەرەسەی بەردینی کەڵك وەرگرتووە. لە حاڵێکدا بۆ گۆڕینی کۆمەڵگاکان لەمڕۆدا نە پێویستی بە مۆتاسیۆنی ژێنێتیکی هەیە و نە گۆڕانکاریی جوگرافیایی و لە کاتێکی زۆر کەمدا دەکرێ چەند جار سیستەمی بەڕێوەبردن بگۆڕدرێ.

## نهێنیی سەرکەوتوویی مرۆڤی هۆمۆساپیەن



ڕەنگە لە ڕوانگەی هێزی لەشییەوە، لە بەربەرەکانی نێوان مرۆڤی هۆمۆساپیەن و نئاندرتاڵدا، هۆمۆساپیەنەکان هیچ شانسێکیان نەبووبێ، بەڵام لە ماوەی درێژخایەندا بەهۆی چالاکی و توانایی ڕاگرتنی بیرەوەرییەکان و گێڕانەوەی مێژوو و ئەزموونی ڕووداوەکان و لێهاتوویی مرۆڤی هۆمۆساپیەن بۆ گواستنەوەیان بۆ وەچەکانی داهاتووی و کەڵك وەرگرتن لە مێشك و زانیارییە ڕاگیراوەکان، وەك چەکێکی بڕیاردەر مرۆڤی نئاندرتاڵی بەرەو توونابوون هیدایەت کردووە. سەرەڕای ئەوەش وێدەچێ مرۆڤی نئاندرتاڵ ئەو لێهاتووییەی نەبووبێ کە بتوانێ بە شێوەی کۆمەڵی گەورە هاوکاری یەکتر بکەن. دیارە ئێمە ناتوانین بچینە ناو مێشکی مرۆڤی نئاندرتاڵەوە بۆئەوەی بزانین چی لە مێشکیاندا ڕووی داوە، بەڵام بەڵگەی زۆر دۆزراونەتەوە کە بەرتەسك بوونی ڕادەی بیرکردنەوەیان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مرۆڤی هۆمۆساپیەن دەسەلمێنێ. بە دۆزینەوەی کەرەسە و بەڵگە بەجێماوەکانی مرۆڤی هۆمۆساپیەن لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە ئورووپای ناوەندیی کە بۆ ٣٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، بە ڕاشکاوی دەبینرێ کە تەنانەت سەودا و کڕین و فرۆشی کەرەسەکان

بەڕێوە چووە لە حاڵێکدا بارودۆخێکی هاوچەشن تا ئەوڕۆ سەبارەت بە مرۆڤی نئاندرتاڵ نەبینراوە.

نموونەیەکیتر لە باشووری ئافریقا و لە دوڕگەی ئیرلەندی نوێ کە دەکەوێتە باکووری گینیای نوێ، ئەو مرۆڤە هۆمۆساپیەنانەی لەوێ ژیاون، لە شیشەیەکی گڕکان بە ناوی ئوبزیدیان"Obsidian" بۆ دروستکردنی کەرەسەی ڕاوکردن و پێداویستیی ڕۆژانەیان کە زۆر تیژ و مەحکەم بوون، کەڵکیان وەرگرتووە. لێکۆڵینەوەکان نیشان دەدەن کە ئەو شیشانە لە دوڕگەی بریتانیای نوێ کە چوارسەد کیلۆمیتر لەوێ دوورە، هێنراون. دەبێ تاقەمێك لەو مرۆڤانە مەلێوان یاخود بەلەم لێخوڕێکی چالاك و بە توانا بووبن کە توانیویانە بۆ هێنانی شیشەی گڕکان ئەو ڕێگا دوورە بپێون. تەکنیکی ڕاوکردن یەك لە نموونەکانیترە کە مرۆڤی هۆمۆساپیەن لە نئاندرتاڵ جیا دەکاتەوە.

نئاندرتاڵەکان بە گشتی وەك بەڵگە دۆزراوەکان دەیسەلمێنن، بە تەنیا ڕاویان کردووە. بەڵام هۆمۆساپیەن بە کۆمەڵ و پلانی پێشتر داڕشتوو ئەو کارەیان بەڕێوە بردووە. تەنانەت هۆمۆساپیەن توانیویانە لە ماوەیەکی کورتدا بە هاوکاریی یەکتر، کۆمەڵە مێگەلێکی گەورەی ئەسب یا ئاژەڵەکانیتر گەمارۆ بدەن و لە جێگایەکی پێشتر دیاریکراودا کۆیان بکەنەوە. ئارشیۆلۆگەکان(کۆنەناسان) جێگای تایبەت بە قەسابی و کوشتنەوەی ئەو ئاژەلانەیان لە لایەن هۆمۆساپیەنەکانەوە دۆزیوەتەوە کە بە کۆمەڵ ڕایانگرتوون. تەنانەت لە چەند ناوچە پەرچین و کەرەسەی ڕاگرتنی بە کۆمەڵی ئەو ئاژەڵانە دۆزراونەتەوە.

ئەگەر لە ڕاستیدا بەربەرەکانی لە مابەین ئەو دوو مرۆڤەدا پێکهاتبێ، نئاندرتاڵەکان هەر وەك ڕەڤە ئەسپەکان و ئاژەڵەکانیتر بەهۆی لێهاتوویی و کەڵکوەرگرتنی مرۆڤی هۆمۆساپیەن لە مێشکی، هیچ شانسێکیان بۆ سەرکەوتوویی نەبووە.

## مێژوو و بیۆلۆژی




ئەو نهێنییە کە هێزی مەزنی هەڵبژاردەی سرووشتی بۆتە هۆی پێکهاتنی مرۆڤی هۆمۆساپیەن و هەروەها ئەو مێژوویەی کاردانەوەکەی هەڵس و کەوتی مرۆڤ سەبارەت بە ژیانی و جیا کردنەوەی لە ئاژەڵەکانیتر بۆ مسسوگەر کرد، ناومان ناوە: **"فەرهەنگ"**. کاتێ ئەو فەرهەنگە بۆ یەکەمجار پێکهات، بە بێ پسانەوە دەستی بە گەشەسەندن کرد و یەکەکانی چۆنیەتیی ژیانی مرۆڤیان تۆمار کرد کە بە ناوی **"مێژوو"** مەنشوورە. شۆڕشی پێکهاتنی مرۆڤی هۆمۆساپیەن بووە هۆی لێکدابڕان لە بیۆلۆژی و خۆناسینی سەربەخۆی مرۆڤ. لێرە بەولاوە گۆڕانکاریی مرۆڤایەتی ئیتر نەك بە هۆی بیۆلۆژی بەڵکوو بەهۆی نووسینی مێژوو پێکهات.

ئەوە بەو مانایە نییە کە مرۆڤی هۆمۆساپیەن و فەرهەنگەکەی خۆیان لە یاساکانی بیۆلۆژیکی بە تەواوی جیا کردبێتەوە، بەڵکوو ئێمە هەر وەك پێشتر ئاژەڵین و "ژێن"ەکەمان چوارچێوەی جەستەیی، ڕۆحیی و هەستەکانمان بۆ دیاری دەکەن. ژینگە و بارودۆخی سرووشتمان هەر لەو ماکانە پێکهاتوون کە مرۆڤی نئاندرتاڵ،

شامپانزەکان و هەموو ئەو ئاژەڵانەی پێش ئێمە تێدا ژیاون. هەر چەند بە وردی ماکە سرووشتییەکان، هەستی ئیمپاتی واتە سۆزداریی و بنەڕەتی پێکهاتنی بنەماکان ووردتر سەیر بکەین، جیاوازیی بیۆلۆژیکی مابەین ئێمە و چەشن مەیموونەکانیتر زیاتر لێك نزیك دەبنەوە.

بە هەڵسەنگاندنی مرۆڤ بەتایبەت لەگەڵ شامپانزەکان چ وەك تاکە کەس و چ وەك کۆمەڵ، بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر هاوچەشنیی و وێکچوونیان بەدی دەکرێ. گەورەترین جیاوازی مابەین ئێمە و ئەو مەیموونانە لە هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی و بەتایبەت لە ژیانی هاوبەش بە شێوەی کۆمەڵی بەربڵاو و زۆر گەورە دا خۆی نیشان دەدا. ئەو لێهاتووییە واتە ژیان بەشێوەی رێك و پێك لە کۆمەڵگای گەورە، ئێمەی مرۆڤی گەیاندۆتە سەر لوتکەی سەروەریی ئەم جیهانە.

دیارە بۆ گەیشتن بەو سەروەرییە تاقمێك لە تایبەتمەندیی و تواناییەکانی تریش پێویست بوون، بۆ وێنە: زمان و توانایی کەڵك وەرگرتن و دروستکردنی کەرەسە و پێداویستییەکانی ژیان، بەڵام ئەو لێهاتوویە هیچ سوودێکی نەدەبوو ئەگەر ئێمە نەمانتوانیبایە لە کۆمەڵی گەورەدا لەگەڵ یەکتر ژیانی هاوبەش بکەین.

چۆنە، ئەمڕۆ دەتوانین بۆمبی ئەتۆمی دروست کەین، لە حاڵێکدا ٣٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا بە کەرەسەی ساکار ڕاومان دەکرد؟ لە ڕوانگەی بیۆلۆژیکییەوە لێهاتوویی دروستکردنی کەرەسەی ژیان لە ٣٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستاوە هیچ ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. ئالبرت ئەنشتاین لە ڕوانگەی توانایی کاری دەستییەوە زۆر ماهیر تر لە مرۆڤی سەردەمی "ڕاوکەر و کۆکەر" نەبووە. ئەدی چی بۆتە هۆی پێکهاتنی ئەو لێهاتوویەی مرۆڤ بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئاژەڵەکانی پێشویدا بوویە؟

بە ڕاشکاوییەوە دەتوانین بڵێین تەنیا و تەنیا کاری گرووپی و تۆمارکردنی ئەزموونی کاری مرۆڤەکانی پێش ئێمە و درێژەپێدان و گەشەسەندن و ئەسپاردنیان بە مرۆڤی داهاتوو بوونەتە هۆی ئەو پێشکەوتوویی و جیاوازییە مەزنەی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵەکانیتر. ئەوەش ڕوونە کە ئەو جیاوازییە نەك لە ڕوانگەی بیۆلۆژیکییەوە، بەڵکوو بە گشتیی تەنیا هەڵس و کەوت و ژیانی کۆمەڵایەتیی و کاری گرووپی بوونەتە هۆی رەخساندنی هەلێکی وا گرنگ لە ژیانی مرۆڤدا.

لە کاتێکی کەمدا دەکرێ بەردی تیژی سەر نێزەی کەرەسەی ڕاو یاخود شەڕ لە لایەن تاکە کەسێکەوە ئامادە بکرێ، بەڵام بەڕێوەبردنی پڕۆژەیەکی ئەتۆمی کاری تاکە کەس نییە و ملیۆنان مرۆڤی ئەم جیهانە بە شێوەی پرۆسەیەکی کاتیی بەشداریان تێدا کردووە. جا لە دەرهێنانی ئۆرانیۆم لە زەویەوە بگرە هەتا فیزیکزانان کە بە فۆرمولی درێژی بیرکاری هەڵس و کەوتی ماکەکان و گەردیلە بچکوولەکانیان دیاری کردووە.

دوای شۆڕشی پێکهاتنی مرۆڤی هۆمۆساپیەن پەیوەندی مابەین بیۆلۆژی و مێژووی مرۆڤایەتی بەو شێوەیە دیاری دەکرێ:

- زانستی بیۆلۆژی قابغێك یا چوارچێوەیەك پێکدێنی کە توانایی و هەڵس و کەوتی مرۆڤی هۆمۆساپیەن لەخۆی دەگرێ و گشت مێژووی مرۆڤایەتی تەنیا لە نێوان ئەو چواچێوە زانستییەی بۆمرۆڤی داناوە، دیاری دەکا.

- ئەو چوارچێوەیەی بۆ مرۆڤی هۆمۆساپیەن دیاری کراوە، لە ڕادەبەدەر گەورەیە و ئیمکانی یاری و هەڵسووڕانی زۆری پێدراوە. بەهۆی دۆزینەوەی زمان، مرۆڤ توانایی و لێهاتوویی پێکهێنانی یاری زۆرتری لەو مەیدانەدا بۆخۆی دروست کردووە کە وەچە بە وەچە کامیلتر و پێشکەوتووتر دەبێتەوە.

- بۆ تێگەیشتن لە هەڵس و کەوتی مرۆڤی هۆمۆساپیەن دەبێ ئاڵوگۆڕ و گەشەسەندنی مێژویی خۆمان سەیر کەین. ئەگەر ئێمە تەنیا لەو سنوورە دا ڕاوەستابایەین کە زانستی بیۆلۆژیکی بۆی دیاری کردووین، بە ڕاشکاوی نەماندەتوانی بەو شێوازەی ئەوڕۆ لە ئاژەڵانیتر سەرکەوتووتر بین.

بە پێی ئەو زانیارییانەی ئێمە تا ئەوڕۆ لەسەر ژیانی مرۆڤی پێش خۆمان هەمانە، لە ٣٠ هەزار ساڵ پێش ئێستاوە، لە ڕوانگەی جەستەیی، ڕۆحی و لێهاتوویی ئیمپاتیی واتە سۆزدارییەوە، هەڵس و کەوتیان هەر وەك ئێمە وا بوون و جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئێمە نەبووە. کاتێ بەیانی لە خەو هەستاون، چیان کردووە؟ خواردنی بەیانیی یا نیوەڕۆیان چی بووە؟ کۆمەڵگاکەیان چلۆن بووە؟ لە بنەماڵەی بچووکدا ژیانیان کردووە؟ بڵێی جێژن، خوو و خدە، رەوشت و وەرزشیان ناسیبێ؟ شەڕیان بەڕێوە بردووە؟ هەوڵ دەدەین هەموو ئەو هەڵس و کەوتانەیان لە بەشەکانی داهاتوودا شی کەینەوە و مێژووی ژیانی مرۆڤ لە سەردەمی بەردەوە بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە.

## چۆنییەتی ژیانی "مرۆڤی سەردەمی بەرد"



بۆ ناسینی سرووشت و مێژووی ڕابردوو دەبێ پشکنینێك لەسەر "مرۆڤی سەردەمی بەرد" یاخود "ڕاوکەر و کۆکەر" بکەین. تەمەنی زیاتری مێژووی مرۆڤی هۆمۆساپیەن بە شێوەی ئاکارکێویی(دڕندە) و دوور لە شارستانی تێپەڕ بووە. بەرپرسانی بەشی گەشەسەندنی زانستی لەسەر ئەو باوەڕەن کە مێشکی مرۆڤ لە سەردەمی پێش دۆزینەوەی کاتی وەرزێری و کەشاوەرزیەوە هەتا ئەوڕۆش بە شێوەی هەڵس و کەوتی "ڕاوکەر و کۆکەر" پرۆگرامیرە یاخود بەرنامەڕیزی کراوە. هەڵس و کەوتی خواردن، ناکۆکی، شەڕ و پێکدادانی نێوان مرۆڤەکان و هەروەها دۆخی ژیانی سێکسیمان لە بەربەرەکانی نێوان مێشکی سەردەمی بەرد و دنیای کامپیۆتری ئەوڕۆیی دایە. لە ژینگەی مودێرنی ئەوڕۆییدا بە ڕاشکاوی باشتر و زیاتر بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەردەمی پێشوو لە کانیە سرووشتییەکان کەڵکوەردەگرین. باوەکوو ژینگەی ئەوکات و ئێستا جیاوازییەکی گەورەی نەبووە، بەڵام سەرەڕای تەمەندرێژیی مرۆڤی سەردەم بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەوکات، زۆربەی مرۆڤ هەست بە تەنیایی و  ژیانی پڕ لە سترێس دەکەن. بۆ تێگەییشتنی ئەو بارودۆخە، دەبێ ئێمە دنیای ژیانی ئاکارکێویی ئەوکات کە تا ئێستاش بێ دەسەڵات و بە بێ ویستی خۆمان

تێدا دەژین، بناسین. بۆچی بە پێی کات جەستەی مرۆڤ قەڵەوتر دەبێتەوە؟ کۆمەڵگای مودێرنی پیشەسازیی ئەوڕۆ لەژێر لایەیەکی چەوری و شیرینیدا دەناڵێنێ. مرۆڤی مودێڕن خەریکی خواردنە، تەنانەت ئەوکاتەش کە هیچ برسیشی نەبێ. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە بەوەش رازی نابین و هەتا ئەو جێگایەی دەتوانین پاروو بەدوای پاروو، شیرینی و چەوری و هەر شتێکی لەبەر دەستماندا بێ و وەگیرمان بکەوێ، تێی دەئاخنین. هوی ئەو هەڵس و کەوتەی ئیمە خوو و خدە و شێوەی خواردنی پێشینیانمانە. لە دنیای ئەواندا شەکر زۆر بە ئاستەم وەگیر دەکەوت. مرۆڤی ٣٠ هەزارساڵ بەر لە ئێستا تەنیا لە میوە سرووشتییەکاندا شیرینی چێژ دەکرد و ماکەی شیرینی پێویست بۆ مێشك و لەشی خۆی لە سرووشت وەرەگرت. بە پێی کات چێژ وەرگرتن لەو ماکە خۆشە بۆی بوو بە خوو و خدە و بۆ گەیشتن بە کالۆریی پێویست بۆ لەشی، وەك پرۆگرامێکی نەگۆڕ لە "ژێن"یدا جێگر بوون. لە دنیای مودێڕنی ئەوڕۆدا خواردەمەنیی شیرین و بەتایبەت شەکر سەرەڕای بەدیاری هێنانی زۆربەی نەخۆشییەکانی ژیان، وەك یەك لە هەرە گرنگترین پێداویستییەکانی ژیانی لێهاتووە. تئۆریی کارتێکەری خوو خدەی خواردەمەنی لەسەر "ژێن"ی مرۆڤ ئەوڕۆ لە لایەن زانایانەوە سەلمێندراوە.

ئەوکات لە کۆمەڵگادا پەیوەندیی ژن و مێرد بە شێوەی ئەوڕۆیی نەبووە. ژنان لەگەڵ زۆربەی پیاوانی کۆمەڵگا نیزیکی سێکسیان هەبوو. ژیانیان بە شێوەی کۆمەڵ بووە و بنەماڵەی بچووك بوونی نەبووە و منداڵەکان بە گشتی لە لایەن هەموو بەشدارانی کۆمەڵگاوە چاوەدێری و گەورە کراون و ڕاهێنراون. بەو هۆیەی پیاوەکان نەیاندەزانی کام لە منداڵەکان هی ئەوانن، بە بێ جیاوازیی ئاگاداریی هەموو منداڵەکانیان دەکرد و وەك یەك گەورەیان دەکردن. ئەو بۆچوونە خەیاڵات نییە و هەڵس و کەوتی هاوچەشن ئەوڕۆش لە زۆربەی ئاژەڵەکاندا و بەتایبەت نیزیکترین ئاژەڵ بە ئێمەی مرۆڤ واتە شامپانزەکاندا دەبینرێ.

بەداخەوە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لەسەر چۆنییەتی ژیانی بنەماڵەی سەردەمی بەرد یاخود مرۆڤی "ڕاوکەر و کۆکەر" بەدەستەوە نییە. هەروەها هیچ بەڵگەیەك یا نووسراوەیەك، جگە لە ئێسقان و بڕێك کەرەسەی بەردین، بەڵگەیەکیتر بەدەستەوە نییە کە مرۆڤ بتوانی سەداوسەد بڕیار لەسەر ژیانی مرۆڤی ئەوکات بدات. مرۆڤی ئەو سەردەمە زۆربەی کەرەسەی ژیانی خۆی کە دەکرا ئەوڕۆ وەك بەڵگە بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنییەتیی ژیانیان کەڵکی لێ وەرگرین، لە دار دروست دەکرد کە

بەداخەوە هەر وەك دەزانین لە ڕوانگەی کاتییەوە زۆر زوو لە ناو دەچن و ئاسەواریان لێ بەجێ نامێنێ.

بە پێچەوانەی مرۆڤی سەردەمی بەرد کە هیچ ئاسەوارێکی ئەوتۆیان لەخۆیان بەجێ نەهێشتووە، مرۆڤی مودێرنی ئەوڕۆیی خاوەنی هەزاران بەڵگە و شت و مەکی گشتیی و کەسیین کە زۆر جار لەبیریان دەچێتەوە چی و چەندیان هەیە. کاتێك ماڵەکەیان بگۆڕن، ئەوکات دەزانن کە چەندە شت و مەکی ئیزافییان هەیە کە زۆر کەم کەڵکیان لێ وەردەگرن. لە کاتێکدا مرۆڤی "ڕاوکەر و کۆکەر" هەموو ڕۆژێکی ژیانیان لە جێ گۆڕکێدابوون و بەردەوام کەرەسە و شتی پێویست بۆ ژیانیان بە بێ کەڵکوەرگرتن لە شەمەنەفەر، ئوتومۆبیل یاخود تەنانەت ئاژەڵی بارکێش لەگەڵ خۆیان گێڕاوە. ئەگەر کۆنەناسانی داهاتوو خۆیان بە پشکنینی چۆنیەتی ژیانی مرۆڤی مودێرنی ئەوڕۆوە خەریك بکردایە، تەنیا کافی دەبوو کێوی زوباڵەی کەرەسەی ئیزافی کە بە حیسابی کاولکردنی ژینگە پێکهاتووە، بپشکنن، ئەوکات بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە مرۆڤی سەردەم بۆ راحتبوونی ژیانی خۆی چ کارەساتێکی گەورەی بەسەر ژینگە و جیهانی خۆیدا هێناوە.

ئەگەر ئێمە بمانەوێ بە هۆی کەرەسەی بەجێماوە لە مرۆڤی سەردەمی بەرد زانیاریی لەسەر چۆنیەتیی ژیانیان وەدەست بێنین، تەنیا وێنەیەکی نا شەفاف و لێڵمان وەدەست دەکەوێ. بۆ وەلانانی ئەو کێشەیە، زانایان پشکنین لەسەر ئەو کۆمەڵگایانە دەکەن کە تەنانەت تا ئەوڕۆش بە شێوەی سەردەمی ڕاوکەر و کۆکەر دەژین. بەڵام ئەو کارەش زۆر ساکار نییە. دیارە دەکرێ چاوەدێریی و پشکنینی ئەو گرووپە مرۆڤانە بکرێ، بەڵام زۆر چەتوون دەتوانین هەڵس و کەوتی ڕاستەقینەی مرۆڤی ئەوکاتیان تێدا بدۆزینەوە، چونکە:

**یەکەم،** ئەو چەشن گرووپانە لەژێر کارتێکەری مرۆڤی دەوروبەریان واتە کۆمەڵگای ئابووری ئەوڕۆییدان و زۆر چەتوون دەتوانین بڵێین کە مرۆڤی سەردەمی بەردی ٣٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستاش ژیانی هاوچەشنیان بووە. **دووهەم،** ئایا گرووپی ڕاوکەر و کۆکەری ئەوڕۆیی دەیانتوانی لەژێر بارودۆخی کەش و هەوای ئەوکات یاخود بە بێ سیستەمی ئابووری و کەشاوەرزیی ئەمڕۆیی ژیان بکەن؟ ئەو مرۆڤ و

www.rojhalat.de / www.bokan.de

نەتەوانەی ئەو سەردەمە خۆیان لەگەڵ بارودۆخی زۆر دژواری دەشتە ویشك و برینگەکانی باشووری ئەفریقا راهێنابوو، بە هیچ شێوەیەك ناکرێ لەگەڵ مرۆڤی ئەوڕۆیی کە دەور و بەریان پڕ لە باغی میوە و گیا و ماکەی خواردەمەنییە، هەڵبسەنگێنین. **سێهەم،** شێوەی ژیانی گرووپە مرۆڤەکانی بە جێماوە لە "ڕاوکەر و کۆکەر" نە تەنیا بە پانتایی قوڕنەکان جیاوازییان لەگەڵیەکتردا هەیە، بەڵکوو تەنانەت لە ناوچە نیزیکەکان و لە پەنای یەکتریش شێوەی هەڵس و کەوت و داب و نەریتیان جیاوازیی هەیە. بۆ وێنە مرۆڤی ئابووریگینز "Aborigines" لە ئوسترالیا کە پێش ئەوەی ئینگلیزییەکان بیانکەن بە کۆلۆنی خۆیان، نیزیکەی سێ سەد تا حەوسەد هەزار "ڕاوکەر و کۆکەر" لە دوو سەد تا شەش سەد گرووپی بچووك و گەورەدا لەو ناوچەیە دەژیان. هەرکام لەو گرووپانە زمان، ئایین و داب و نەریتی تایبەت بەخۆیان هەبوو. لە تاقەمێکیاندا پیاو سالاریی باو بووە و لە هێندێکیشیاندا دایك رۆڵی سەرەکی گێڕاوە.

زانایان دەڵێن بەو پێیە، کۆمەڵگای سەردەمی "ڕاوکەر و کۆکەر"ی کۆن کە دەبێ ژماریان نیزیکەی پێنج تا هەشت ملیۆن مرۆڤ بووبێ، هەر وەك مرۆڤەکانی ئوسترالیا لە هەزاران گرووپ و نەتەوەی جیاواز پێکهاتبن و هەر بەو شێوەیە و جیا لە یەك ژیانیان کردبێ و فەرهەنگ و داب و نەریت و ئایینی جیاواز لە یەکیان پێکهێنابێ.

## پێکهاتنی یەکەمین کۆمەڵگاکان

سەررەڕای ئەوەیکە ناتوانین بە ڕاشکاویی و سەداوسەد بڵێین کە ژیانی مرۆڤ پێش دۆزینەوەی سیستەمی ئابووری، چلۆن بووە، بەڵام دەکرێ بە گشتی وێنای بکەین، ژیانی ئەوکاتی مرۆڤ لە گرووپی بچووك کە لە سەد کەس زیاتر تێپەڕ نەبووە، پێکهاتبوو. ژیانی وەرزێری و کۆمەڵگای پیشەسازیی پێکهاتووە لە ژیانی هاوبەشی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵی ماڵیی. بە راشکاوییەوە دەتوانین بڵێین ئاژەڵی ئەهلی یاخود ماڵیی بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگای پێکهێناوە. بۆ وێنە لە وڵاتی نیوسەیلاند ٤،٥ ملیۆن مرۆڤ لەگەڵ ٥٠ ملیۆن مەڕ دەژین.



دۆستایەتیی مرۆڤ و سەگ

سەگ یەکەمین ئاژەڵ بووە کە مرۆڤی "هۆمۆ ساپیەن" کاتێکی زۆر بەر لە شۆڕشی وەرزێریی، دەستەمۆی کردووە. زانایان لەسەر ژیانی هاوبەشی مرۆڤ و سەگ لەسەر یەك بۆچوون نین، بەڵام لای کەم بە پێی دۆزراوەکان ئەو دۆستایەتییە دەگەڕێتەوە بۆ پازدە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا. بە درێژایی هەزاران ساڵ مرۆڤ کەڵکی لە سەگ بۆ ڕاو و شەڕ و بەربەرەکانی لەگەڵ ئاژەڵی دڕندە وەرگرتووە. تەنانەت لە چەند قۆناغی ژیانی هاوبەشی مرۆڤ و سەگدا بینراوە کە هەردووکیان کاتی مردن وەك یەك نێژراون و ڕێزیان لێگیراوە. بە پێی ژیانی هاوبەشی لەمێژینەی مرۆڤ و سەگ کە چەندین وەچەی خایاندووە، ئەو دوو بوونەوەرە توانیویانە لەگەڵ یەکتر پەیوەندیی نیزیکیان بێ و تەنانەت گوێڕایەڵی یەکتر بکەن و هەروەها لێکتر تێبگەن. بەوهۆیەی

سەگ توانیبووی متمانە و دوستایەتیی و هاوکاریی خۆی بۆ مرۆڤ بسەلمێنێ، و هەروەها تەفاقی ڕۆژانەی خۆی لە لایەن مرۆڤەوە دابین بکات، وەچەی خۆیان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئاژەڵەکانیتر باشتر راگرتووە و بە پێی کات ژمارەشیان زیاتر بووە. ئەو دۆستایەتییە دێرینەیەی مرۆڤ و سەگ بۆتە هۆی پێکهاتنی هەستێکی ئیمپاتی واتە سۆزداریی دوولایانە، کە تا ئەوڕۆش بەردەوام ماوەتەوە.



ئێسقانی بەجێماوەی ژنێکی پەنجا ساڵە لەگەڵ ئێسقانی سەگێك، پێکەوە لەناو قەبرێکدا نێژراون. ئەو دۆزراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ١٢ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا کە لە باکووری ئیسرائیل دۆزراوەتەوە و لە مووزەی " Kibbutz Ma‘ayan Baruch" ڕاگیرراوە.

کۆمەڵەی گرووپێك پێکهاتبوو تەنیا لە ئەندامانی بنەماڵە و دۆستانی زۆر نیزیك. تەنیامانەوە و ژیانی بە تەنیایی بۆ مرۆڤی ئەو سەردەمە زۆر نامۆ بووە. کۆمەڵە مرۆڤی جیران لەسەر کانزا سرووشتییەکان و داب و نەریت و خوو و خدەکان، پەیتا پەیتا لە شەڕ و بەربەرەکانی دژ بە یەکتردا بوون. بەڵام گرووپی واش هەبوون کە لەگەڵ دەر و جیران پێکهاتوون، دۆستایەتیان بووە و تەنانەت ئەندامانی بنەماڵەیان لەگەڵیەکتردا گۆڕیوەتەوە و لەگەڵ یەك جێژن و بۆنەکانیان بەڕێوە بردووە. کاری هاوبەشی گرووپەکان یەك لە گرنگترین تایبەتمەندیی مرۆڤی هۆمۆساپیەن بووە. جاری وا بووە کە دوو یاخود چەند گرووپی جیران هێندە نیزیکایەتیان بووە کە وەك یەك بنەماڵە لەگەڵ یەکتردا هەڵس و کەوتیان کردووە. بە پێی کات زمانی هاوبەش و خوو و خدەی وەك یەکیان گرتووە، جێژن و داب و نەریتیان پێکەوە بەڕێوەبردووە.

ئێمە نابێ پەیوەندیی نێوان گرووپەکان دەستی کەم بگرین. ئەگەر ئەو نیزیکییە تەنانەت لە چوارچێوەی ڕاوکردن و جێژنگرتنی هاوبەش دا بووبێ، هێشتا هەنگاوێکی ئەرێنی بووە بۆ گەشەسەندنی ژیانی هاوبەش. بەرە بەرە بە نیزیك بوونەوەی گرووپەکان لەگەڵ یەك، گۆڕینەوە و کڕین و فرۆشی شتومەکی لوکس وەك نینۆکە شەیتانە، بەردی ڕەنگاوڕەنگ و بەردی چەخماخ و... بەڵام هیچ بەڵگەیەك تا ئەوڕۆ نەدۆزراوەتەوە کە مرۆڤی ئەوکات ماکەی خواردەمەنی، میوەجات، گۆشت و شت و ماکیتریان گۆڕیبێتەوە یاخود خەریکی کرین و فرۆشی ئەو ماکانە بووبن. مرۆڤی ئەوکات بەسەر ناوچەیەکی گەورەدا بڵاو کرابوونەوە و پێش شۆڕشی ئابووری ژمارەی مرۆڤی سەر زەوی زۆر کەم بووە و لە هەشت ملیۆن کەس تێپەڕی نەکردووە. زۆربەی گرووپەکان بە شێوەی عەشایری بەدوای دۆزینەوەی ماکەی خواردەمەنی پەیتا پەیتا لە جێگۆڕکێدا بوون. هاتو چۆی مرۆڤی ئەوکات بەسترابۆوە بە وەرزەکانی ساڵ، کۆچی ئاژەڵەکان و چەرخەی ڕووانی گیا و دارستانەکانەوە. کۆچ و کۆچبەریی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بەڕێوە دەچوو کە ئەو پەڕەکەی لە چەند کیلۆمیتری چوارگۆشە تێپەڕ نەدەبوو، مەگەر ئەوەیکە کارەساتێکی سرووشتیی یاخود شەڕێکی قورس و خوێناویی ببوایەتە هۆی ناچارکران بە بەجێهێشتنی بەتەواوی ناوچەکە. کۆچکردن بووە هۆی بڵاو بوونەوەی مرۆڤ لە هەموو قورنەکانی ئەم جیهانە. مانەوەی درێژخایەنی مرۆڤ لە ناوچەیەکدا بەسترابۆوە بە سەرسەوزیی و پڕ بیت و بەرەکەتبوون و دەوڵەمەندبوونی ناوچەکە لە ڕوانگەی ماکەی خۆراکییەوە. ئیشك کردنی ماکە خۆراکییەکان لە ناوچە ئیشکاییەکان و بە شێوەی سەهۆڵکردنیش لە سەرجەمەکانی زەوی، بوونە هۆی نیشتەجێبوونی درێژخایەنی مرۆڤ لە ناوچەکاندا. بە تایبەت لە دەوری زەریاچە و چۆمەکان مرۆڤێکی زیاتریان لێ کۆ بۆوە. ماوەیەکی زۆر پێش شۆڕشی وەرزێری گوند و شارۆچکە پێکهاتن. لە دوڕگەکانی ئیندونێزی ٤٥ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا ماسیگران کۆمەڵە مرۆڤیان پێکهێناوە.

بە کۆ کردنەوە و ئیشککردنی میوەجاتی سرووشتیی، گیا و ریشەی دارەکان و هەروەها گۆشتی ڕاوکراوی ئاژەڵەکان، ژیانی ئابووری خۆیان دابین دەکرد. بەرە بەرە و بە پێی کات، هونەری کۆکردنەوە و ڕاگرتنی میوە و دانەوێڵەکان بۆ وەرزە دژوارەکانی ساڵ، هەروەها دۆزینەوە و کەڵك وەرگرتن لە کەرەسە و دورینی بەرگ

بۆ خۆڕاگری لە هەمبەر وەرزی سەرما، کۆمەڵگای مرۆڤی گەورە و گەورەتر دەکردەوە.

بەڵام مرۆڤ تەنیا خواردەمەنی و سووتەمەنی سرووشتی کۆ نەدەکردەوە بەڵکوو زانیاریشی لەگەڵ خۆی و بۆ وەچەی داهاتووی خۆی دەگوێستەوە. بە بێ کەڵکوەرگرتن لە چۆنیەتیی و ئەزموونی ژیان لە یەکتر، نەیاندەتوانی درێژە بە ژیان بدەن. بۆ مانەوەیان لە جێگایەکی تایبەت دەبوو زانیارییان لەسەر چۆنەتیی و تەمنی گیا و دار و ئاژەڵەکانی ناوچەکە هەبێ. هەروەها دەبوو لە گۆڕانکاریی وەرزەکانی ساڵ، نیشانەکانی تووش بوون لەگەڵ ویشکساڵی و کارەساتە سرووشتییەکان، تێبگەن. هەموو بەشدارانی کۆمەڵگا لەگەڵ ئەو چەشن هەڵس و کەوتانەی ژیان ئاگادار دەکرانەوە و هەرکام لە ئەندامان دەیانتوانی کار و باری پێویستی ڕۆژانەیان بەڕێوەبەرن. ڕاوچییەکان زانستێکی زۆر باشیان بۆ ڕاوکردن لەسەر ناوچەکە هەبوو. ڕۆژ بە ڕۆژ بە کۆکرنەوەی ئەزموون لەسەر ڕاو و ژینگە، ئەو زانیارییە زیاتر و باشتر دەبۆوە و کاری وەچەکانی داهاتووی ساکارتر دەکردەوە. هەر وەك دەبینین لە ژیانی پیشەسازی و مودێڕنی ئەوڕۆییدا، بۆ درێژەپێدان بە ژیان، مرۆڤ پێویستیی بە فێربوونی هەموو چالاکیی و فڕو فێڵەکانی ژیان نییە.

## ژیانی ڕاوکەر و کۆکەر بە پێی ناوچە و کات



لە ڕاستیدا مرۆڤ هەست دەکات، ژیانی ڕاوکەر و کۆکەر بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ژیانی وەرزێریی، شوانیەتی یا کرێکاری سەر مەزرا، زۆر ئارامتر و ئاسوودەتر بووە. بەڵام بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مرۆڤی مودێرنی ئەوڕۆیی کە لە حەوتوودا لە نێوان ٤٠ تا ٤٥ کاتژمێر و تەنانەت لە وڵاتانی جیهانی سێهەم لە نێوان ٦٠ تا ٨٠ کاتژمێر کار دەکات، ئەو کات ئەوپەڕەکەی ٣٥ تا ٤٠ کاتژمێر لە حەوتوودا کاریان کردووە. بە هەر سێ ڕۆژ جارێك چوون بۆ ڕاوکردنی ئاژەڵەکان. لە ڕۆژدا ٣ تا ٦ کاتژمێر بە ڕاوکردنەوە خەریك بوون و بۆ تێرکردنی گرووپەکەیان بە گشتیی لەوچەند کاتژمێرە زیاتریان پێویست نەبووە. تەنانەت لە ناوچە پڕبیت و بەرەکەتەکاندا مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەر کاتێکی زۆر کەمتریشیان بۆ کارکردن تەرخان کردووە. سەرەڕای ئەوانەش کاری ناو ماڵیشیان زۆر کەمتر بووە. ئەوان مەجبوور بە قاپ شوشتن نەبوون، فەرشیان گەسك لێ نەداوە و پێویستیان بەوە نەبووە کە بیر لەوە بکەنەوە کە چلۆن پارەی مانگانەیان بۆ کرێ ماڵ، ماکەی خۆراکیی وماڵیات... وەدەست بێنن.

لە دنیای ئابووری ئەو کاتدا زۆر پێشەی سەرنجراکێشتر هەبووە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەردەمی وەرزێری یاخود سەردەمی پیشەسازی مودێرن. بۆ وێنە کارگەرێکی

ژنی چینی کاتژمێر حەوتی بەیانی لەماڵ دەچێتە دەرێ. بەدوای تێپەڕکردنی شەقامە قوراویەکان، بۆ ماوەی ١٠ کاتژمێر لە پشت کەرەسەیەکی ماندووکەر دادەنیشێ. کاتژمێری حەوتی ئێوارە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی. لەوێش دەبێ خەریکی قاپ و کەوچك شوشتن، جل و بەرگ شوشتن و کارەکانیتر بێ. هەموو ڕۆژێکی وەك خەونێکی ناخۆش هەر دووپات دەبێتەوە. بەڵام ٣٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا ژنێکی چینی بە کاوەخۆ کاتژمێری ٨ی بەیانی لە خەو هەستاوە و لەگەڵ چەندین هاوسێیدا وەڕێ کەوتوون. گرووپەکە بە پشوودان لە نێوان لێرەوارە سرووشتیەکاندا خەریکی دۆزینەوەی کارگ، گیا و ماکە خواردەمەنییەکان بوون. بۆ نیوەڕۆ گەڕاونەتەوە ماڵێ، چێشتیان ئامادە کردووە، رایانبواردوە و لەگەڵ منداڵەکانیاندا یاریان کردووە. سرووشتییە کە جار و بار کەوتوونەتە بەر هێرشی بەبرێکی برسی یاخود مار پێوەیداون، بەڵام لە کارەساتی لێکدانی ئوتومۆبیل و بۆگەن و دووکەڵی پیسی کارخانە بەدوور بوون.

ئەو خواردەمەنییانەی کۆیانکردوونەتەوە و یاخود ئەو ئاژەڵانەی ڕاویان کردوون، بە شێوەی ڕاستەقینە سرووشتیی بوون. شتێکی سەیریش نییە، چونکە مرۆڤی ئەوکات بە ملیۆن ساڵ تەنیا خۆیان بەو خواردەمەنییانە تێر کردووە و جەستەیان بە تەواویی خۆی لەگەڵ ئەو بارودۆخە ڕاهێناوە. بە پێی فوسیلە دۆزراوەکان مرۆڤی ئەو کات زۆر کەم تووشی برسێتی و کەمیی خواردەمەنی هاتوون و ژیانێکی سالمتریان لە نەوەکانی داهاتوویان بووە. باوەکوو تەمەنی مامناوەندیان تەنیا لە نێوان سی تا چل ساڵدا بووە، بەڵام هەرکام لەوان ئەگەر تەمەنی منداڵیان سالم و بە بێ نەخۆشیی تێپەرکردبێ، زیاتر لە چل ساڵیش ژیاون.

سەرکەوتوویی مرۆڤی کۆکەر و ڕاوکەر کە بە دوور لە برسێەتی بووە و زۆربەیان سالمتر ژیاون، دەگەڕێتەوە بۆ هەمەڕەنگیی و فەراوانیی ماکە خواردەمەنییەکان. وەرزێر و مرۆڤی دواتر فەراوانییەکی ئەوتۆیان لە خۆاردەمەنییەکانیاندا نەبووە. زۆربەیان تەنیا بە گەنم، جۆ و هەندێکیشیان بە برینج و یەرەڵماسی خۆیان تێر کردووە. ئەو خواردەمەنیانە نەیانتوانیوە هەموو ویتامینەکانی پێویست بۆ لەشی مرۆڤ دابین بکەن. هەر بەو هۆیەش مرۆڤ زۆر زووتر تووشی نەخۆشییەکان دەبوون. لە ناوچەیەکی وەرزێری و کەشاوەرزیدا کە ماکەی خوادەمەنیی مرۆڤ تەنیا لەسەر گەنم، یاخود یەرەڵماسی ساغ ببۆوە، بەهۆی هاتنی سیڵاو یا کارەساتە سرووشتییەکان، مرۆڤی

کۆمەڵگای دەخستە ژێر مەترسیی برسێیەتی و تەنانەت مەرگیش. زۆربەی نەخۆشییەکانی مرۆڤ کە لە کۆمەڵگاکانی وەرزێری و کەشاوەررزی و هەروەها پیشەسازیی تووشی دەبن وەك : ئاوڵە، سوورێژە و نەخۆشیی سیل، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕاگرتنی ئاژەڵی ماڵیی و دوای شۆڕشی وەرزێری. بەڵام ڕاوکەر و کۆکەر کە ئەوپەڕەکەی سەگیان راگرتبێ، لە نەخۆشیی وا بەدوور بوون.

## یەکەمین کۆمەڵگای پێشکەوتووی سەردەمی بەرد

بەهۆی هەست بە چێژی ژیان کردن، کاری کەم و شێوازی سالمی ژیان، زانایان و مێژووناسان ئەو سەردەمەیان بە یەکەمین کۆمەڵگای پێشکەوتوو و دەوڵەمەند(لە ڕوانگەی پیت و بەرەکەتییەوە) ناو بردووە. باوەکوو لە مێژوودا مرۆڤی سەردەمی بەرد لە زۆربەی مرۆڤی وەرزێری و کۆمەڵگای پیشەسازیی باشتر ژیاون، بەڵام ژیانی دەوروبەریان دەبێ زۆر چەتوون و بێ بەزەییانە بووبێ. ئەو کات نەخۆشیی، بە گەنجی مردن و کارەساتە سرووشتییەکان ژیانیان پێ تاڵ کردبوون. تەنانەت کەوتنە خوار لەسەر دارێکەوە یاخود هێرشی ئاژەڵێك دەبووە هۆی برینداربوونیان و لە کۆتاییدا بەهۆی کەمبوونی زانیاریی پزیشکی دەبوو لە تەمەنی گەنجیداماڵئاوایی لە ژیانیان بکەن. ئەو مرۆڤانەی بە شێوەی کۆمەڵی گەورە لەگەڵ یەکتردا دەژیان، لای کەم ئاگاداریی نەخۆشەکان و بریندارەکانیان دەکرد. بەڵام گرووپە بچووکەکان لە بارودۆخی وادا بۆ جێگۆڕکێ و ڕاوکردن و درێژەپێدان بە ژیانیان ناچار بە کوشتنی نەخۆش و بریندارەکانی ئەندامانی بنەماڵەی خۆیان دەکران.

گرووپی ئاشێ "Aché" کە تا ساڵەکانی ١٩٦٠ وەك ڕاوکەر و کۆکەر لە نێوان لێرەوارەکانی پاراگۆیە "Paraguay" لە هات و چۆدابوون، ڕووناکایی دەخەنە سەر سێبەری بەجێماوە لەسەر ژیانی ئەوکاتی مرۆڤی سەردەمی بەرد. ئەگەر کەسێکی ناسراو و ناوداری ناو کۆمەڵەکە بمردبایە، بە هۆی داب و نەریت و بە شێوەی سوننەتی کچێکیان دەکوشتەوە و لەگەڵیان دەناشت. ئەگەر پیرە ژنێك ببوایەتە سەرباری کۆمەڵەکە بە پێی داب و نەریت گەنجێك لە پشتەوە خۆی لێ نیزیك دەکردەوە و بە تەور دەیکوشت!

سەرەڕای ئەو داب و نەریتە سەیر و سەمەرانە، کۆمەڵی ئاشێ لایەنی زۆر ئەرێیشیان بووە. وەك کۆمەڵناسان کە ساڵیانی درێژ لە لایان ژیاون دەگێرنەوە: زۆر کەم دەبینرا لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵی ئاشێ دا شەڕ و کێشە پێك بێ. ژن و پیاو دەیانتوانی بە ئیشتیای خۆیان هاوسەر بگۆڕن. بەردەوام پێدەکەنین، کەسیان بە ناوی سەرۆك لە کۆمەڵدا نەبووە. بە گشتیی مرۆڤێکی قانع بوون، هیچ هۆگریی و

پێخۆشبوونیان بۆ سەرکەوتوویی لە ژیان یاخود دەوڵەمەندبوون نەبووە. سازگاربوون بۆ ژیانی هاوبەش و دۆستایەتی باش بۆ ئەوان زۆر گرنگتر بووە لە هەموو شتەکانیتری ژیان. کوشتنی منداڵ، نەخۆشەکان و پیرەکان بۆ ئەوان وەك "سزاریەن یاخود کورتاژ"ی منداڵ ئاسایی بووە. لە ڕاستیدا کۆمەڵگای ئاشێ هەر وەك هەموو کۆمەڵگاکانیتری سەر ئەم هەردە زۆر ئاڵۆز بووە و ناکرێ بەهۆی داب و نەریتی سەیر و سەمەرِیانەوە بە مرۆڤی خراپ و نەباش لە قەڵەم بدرێن.

## پێکهاتنی خوڕافات و ئایین

سەبارەت بە خوڕافات و ئایینی مرۆڤی سەردەمی بەرد چ زانیارییەکمان هەیە؟ زۆربەی زانایان لەسەر ئەو بۆچوونە سوورن کە مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەر داب و نەریت و باوەڕیکی سەیر و سەمەرەیان سەبارت بە ڕۆح کە بە گشتیی ناوی ئانیمیسم "Animism"یان لەسەرداناوە، بووە. ئانیمیسم لە وشەی لاتینیی ئانیما"Anima" وەرگیراوە و بە مانای ڕۆح هاتووە. ئانیمیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە هەر ناوچەیەك، هەر ئاژەڵێك، هەر گیاو گژ و هەر دیاردەیەکی سرووشتییی، وریایی و ئاستەمیی خۆی هەیە. بۆ وێنە ئەوان پێیانوایە کە زەوی سەر لووتکەی کێوێك دەتوانێ هەست، ئارەزوو و نیاز و خواستی خۆی هەبێ. هەروەها ئەو زەوییە دەتوانێ خۆی لەسەر هەڵس و کەوتێکی مرۆڤ تووڕە بکات، یاخود لەسەر هەڵس و کەوتێکیتر خۆشحال. مرۆڤ دەتوانێ لەگەڵ گاشەبەردەکان بدوێ و ئارامیان بکاتەوە و یاخود هەڕەشەیان لێ بکات! ئەو یاسایە بۆ جۆگەڵە، کانی، مشك و سەگ و گورگ و ڕێوی و هتد... دەتوانێ دروست بێ. لە پەنا ئەوانەش ڕۆحی مردووەکان و بوونەوەری بێ لەش جیهانیان داگرتووە کە دواتر لە مێژووی مرۆڤدا بە جندۆکە و پەری و ئەو چەشن نێوە سەیر و سەمەرانە ناسراون. بۆ ئانیمیستەکان سنوورێك لە مابەین مرۆڤ و ئاژەڵەکانیتردا نییە. بەهۆی زمان، گۆرانی و سەما و داب و نەریت، ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتردا پەیوەندی دەگرن و لە یەکتر تێ دەگەن. بۆ وێنە ئەگەرکەسێك نەخۆش بکەوێ، دەکرێ لەگەڵ ئەو ڕۆحە قسە بکرێ کە بۆتە هۆی پیکهاتنی نەخۆشییەکە و بۆ چارە کردنی، ڕۆحەکە بترسێندرێ. بە پێی نیاز دەکرێ یارمەتی لە ڕۆحێکیتر بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکە وەربگیرترێ. سەیر ئەوەیە کە ئەو ڕۆحە تایبەتییە وەك خودا و بوت سەیر نەکراوە، بەڵکوو بۆ وێنە وەك ڕۆحی ئاسکێك، بەردێك، دارێك یا چۆمێکی تایبەت چاولێکراوە.



رەسمێکی ١٥ تا ٢٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لە ئەشکەوتی لاسکاوکس"Lascaux" ی فەرنسا دۆزراوەتەوە. ئەو رەسمە بە چ مانایە و چێ تێدا دەبیبین؟ تاقەمێك لە پسپۆران دەڵێن: "لەو رەسمەدا وێنەی پیاوێك دەبینرێ کە سەری وەك سەری باڵەندەیە و لە لایەن گایەکی دڕندەوە دەکووژرێ. لە ژێر ئەو پیاوەوە باڵەندەیەکیتر دەبینرێ. ئەو باڵندەیە ڕۆحی پیاوەکەیە کە لە کاتی مردنیدا لەشی بەجێ دەهێڵێ!" بەڵام بە داخەوە هرگیز ناتوانین بزانین کە ئەو بۆچوونە ڕاست یا نا.

ئانیمیسم ئایینێکی تایبەت نییە. بەڵام دەکرێ وەك سەرەتایەك بۆ دروستبوونی هەزاران باوەڕ، بۆچوون، فەرهەنگ و داب و نەریت و ئایین کە لە داهاتوودا لە لایەن مرۆڤەوە خولقێندراون، سەیر بکرێ. هەر کام لەو بیر و بۆچوونانە چۆنیەتیی سەیرکردنی مرۆڤ بە پێی زانستی کاتیی نیشان دەدەن. ئەگەر ئێمە بڵێین زۆربەی مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەری ئەو سەردەمە ئانیمیست بوون، هەر وەك ئەوەیە بڵێین زۆربەی مرۆڤی ئەوڕۆیی باوەڕی ئایینیان هەیە. ئانیمیسم و ئایین هەردووکیان پەیوەندیی و هەڵس و کەوتی نێوان مرۆڤ و بوتەکان یا خوداکان بەیان دەکەن. گوتەی سەرەکیی "باوەڕ بە خوداکان" مرۆڤەکان و نەتەوەکانی ئەم جیهانە دەگرێتەوە وەك: رابینی یەهوودی لە لەهستان سەدەی ١٨، گرووپی ڕاوکەری ژنان (هێکسە) پوریتانا لە سەدەی ١٧، ئایینییەکانی مکزیك سەدەی ١٥، سۆفییەکانی ئێران سەدەی ١٢، ویکینگەکان لە سەدەی ١٠، ڕۆمییەکانی سەدەی ٢ و چینیەکانی سەدەی یەکەم و ...هتد. لە مابەین وێنا کردنی ئایین و بەڕێوەبردن و دامەزراندنیان لە ڕوانگەی کردەوەیی لە لایەن ئەو گرووپانەوە، دنیایەك مەودا هەیە. ڕەنگە بەو ڕادەیەش جیاوازیی وێناکردنی ئایین لە نێوان کولتوور و فەرهەنگی گرووپەکانی مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەردا بووبێ.

ڕەنگە نەتەنیا ئایینی جیاوازیان بووە، بەڵکوو هەر کام لە ئایین و باوەڕەکان مێژوو و شۆڕشی تایبەت بە خۆیان بووبێ.



مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەر نیزیکەی نۆهەزار ساڵ بەر لە ئێستا ئەو وێنەیەیان کە بە ناوی "ئەشکەوتی دەستەکان" مەنشوورە لە ئەشکەوتێکی ئارژانیتین لەخۆ بەجێهێشتووە. بەداخەوە کەس نازانێ مەبەست لەو جێ دەستانەی لەخۆیان بەجێ هێشتووە چییە، بەڵام بەڵگەیەکی سەیر و سەمەرەیە بۆ دنیای ئەو سەردەمە.

لەسەر زانیاریی بە وردی ئایین لەو سەردەمەدا هەر هەوڵدانێك تەنیا بۆچوون و لێکدانەوەیە و هیچیتر. چونکە هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەو سەردەمە بەجێ نەماوە کە بە شێوەی زانستیی بسلمێندرێ. هەروەها لەسەر پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی مرۆڤی سەردەمی بەرد هیچ زانیارییەکی ئەوتۆمان نییە. لە زوونگیر "Sungir" ی رووسیە کۆنەناسان قەبرستانێکیان لە ڕاوکەری فیلی مامووت دۆزیوەتەوە کە نیزیکەی ٣٠ هەزار ساڵ تەمەنیەتی. لە یەك لەو قەبرانەدا ئەستوونی(ئێسکە رووتە) پیاوێکی ٥٠ ساڵەیان دۆزیوەتەوە کە زنجیرێکی مروارید لە عاجی فیلی مامووتی لەگەڵدا نێژراوە. بە گشتی سێ هەزار مرواریدیان لەو قەبرانەدا دۆزیوەتەوە. لە دەوری سەری پیاوەکە ملوێنکێك لە ددانی رێوی هەڵواسراوە و ٢٥ بازنەی عاجی فیلی لە دەستدا بووە کە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ قەبرەکانیتر بە راشکاویی زۆر جیاوازیی هەبووە. بەو هۆیە، کۆنە ناسان پێیان وایە کە ئەو پیاوە دەبێ یا سەرکردەی گرووپ و یاخود سەرکردەی ئایینی بووبێ.

هەروەها کۆنەناسان لە قەبرێکدا دوو ئەستوونیان دۆزیوەتەوە کە سەریان بەسەری یەکەوەیە و بە درێژایی راکشاون. یەك لەوان کوڕێکی ١٢ تا ١٣ ساڵەیە و ئەویتریان

کچێکی ۹ تا ۱۰ ساڵە. کوڕەکە پێنج هەزار مرواری و ۲۵۰ ددانی ڕێوی پێدا هەڵواسراوە. (بۆ ملوێنکێکی ۲۵۰ ددانیی دەبێ لای کەم ٦۰ ڕێویان ڕاو کردبێ) کچەکە ۲۵۰ مرواری پێوە هەڵواسراوە. لە دەور و بەری ئەو دوو ئەستوونانە کەرەسە و شت و مەك کە لە عاجی فیل دروستکراون، دەبیندرێ. زانایان لەسەر ئەو باوەڕەن کە کارکردن لە سەر تاقە دەنکێك مرواری دەبێ لای کەم ٤٥ خولی پێویست بووبێ. بۆ کارکردن لەسەر ئەو ۱۰ هەزار مرواریی‌یەی لەو قەبرەدا دۆزراوەتەوە ۷۵۰۰ کاتژمێر یاخود ۳ ساڵ کار پێویستە. جێی باوەڕ نییە کە ئەو منداڵانە بەو تەمەنە کەمەوە سەرکردە بووبن. تەنیا هۆ بۆ ئەو کارە دەبێ وێناکردن و بەڕێوەبردنی داب و نەریت و فەرهەنگی ئەو مرۆڤانە بووبێ. ڕەنگە منداڵی سەرکردەی شەڕ یا ئایینی بووبن.

ڕەنگە هیچکات وەڵامێکی سەداوسەد نەتوانین بۆ ئەو منداڵانە بدۆزینەوە بەڵام ئەوان بەڵگەیەکی زۆر گرینگن کە ۳۰ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا مرۆڤ توانیویە هەڵس و کەوتێکی کۆمەڵایەتیی- سیاسیی بدۆزێتەوە کە جیاوازییەکی مەزنی لەگەڵ "ژێن" و هەڵسو کەوتی ئاژەڵەکاندا هەبووە.

## شەڕخواز یا ئاشتییخواز؟



تاقەمێك لە پسپۆران دنیای ڕاوكەر و كۆكەر لەگەڵ بەهەشت هەڵدەسەنگێنن و پێیانوایە شەڕ و ئاشتی لەگەڵ شۆڕشی كەشاوەرزی و زەویداری لە دایك بووە، واتە ئەو كاتەی وا مرۆڤ دەستیكردوە بە كۆكردنەوە و ڕاگرتنی شت ومەك و ماڵ و ماڵاتی كەسیی. تاقەمێكیش لە زانایان بە پێچەوانە سەردەمی بەرد بە سەردەمێكی پڕ لە تووڕەیی و خوێنین دادەنێن. هەردووك تیئۆرییەكان لەسەر بەڵگەی زۆر كەم و لاوازی دۆزراوە لە لایەن كۆنەناسانەوە داڕشتراوە و جێی متمانە نین.

مرۆڤی بەجێماوە لە سەردەمی بەردی ئەوڕۆیی لە ناوچەكانی وەك ئارکتیس "Arktis" و كالاهاریی "Kalahari" هەوڵ دەدەن بەدوور لە شارستانیت و لەو ناوچانەی ژمارەی مرۆڤ زۆر كەمترن ژیان بكەن، كە ئەوە خۆی دەرەتانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمن و مرۆڤەكانیتر كەم دەكاتەوە و ئاشتیخوازیی و نەك شەڕخوازیی ئەو مرۆڤانە دەگەیینێ.

تەنیا لە مابەین سەدەی نۆزدە و سەرەتاكانی سەدەی بیستەم لە دوو ناوچەی باكووری ڕۆژئاوای ئەمریكای باكوور و هەروەها باكووری ئوستراليا شەڕی چەكدارانە لە نێوان قەبیلە و گرووپەكانی مرۆڤی ڕاوكەر و كۆكەر لە لایان پسپۆرانەوە گومان

دەکرێ. بەداخەوە دۆزراوەکانی کۆنە ناسیی بەڵگەیەکی ئەوها نادەنە دەست کە شەڕخوازیی ۳۰ هەزار ساڵ بەر لە ئێستای ئەو مرۆڤانە بسەلمێنێ. ئەو کات نە حەساریان بووە و نە دیوار، نە نارنجۆك و نە شمشیر، هەروەها لە ڕوانگەی ئەوڕۆشەوە ناتوانین بزانین ئەگەر شەڕێکیش رووی دابێ، لە چ کەرەسەیەك و چ چەکەمەنییەك کەڵکیان وەرگرتووە. لەو فوسیل و ئێسقانانەی لێشیان بەجێ ماوە، زۆر بە چەتوونی دەکرێ بزانین کە ئەوکات چ قەوماوە. شکانی ئێسقان دەکری لە شەڕ، ڕووداو و یاخود کەوتنە خوارەوە لە جێگایەکی بەرز یا لە ڕاوکردندا پێك هاتبێ. هەروەها پیش پیشەسازیی مودێڕن ۹۰ لە سەدی مرۆڤی ئەوکات بەهۆی برسیەتی، سەرما و نەخۆشییەکان لەناو چوون، نەك بەهۆی چەکەمەنی یا کەرەسەی شەڕ. لە وڵاتی پرتەقاڵ چوارسەد لاشەی مردوو کە هی سەردمی پێش پیشەسازیی بوون لە لایەن پسپۆڕانەوە ، پشکێندراون. دوای پشکنینی ئێسقانەکانیان ڕوون بۆتەوە کە لەو هەموو لاشەیە تەنیا دوو کەسیان بەهۆی شەڕ لە ناو چوون. لە ئیسرائیلیش ئەو تاقیکارییە لەسەر چوارسەد لاشە بەڕێوەچووە کە تانیا یەك کەسیان کاسەی سەری شکاوە و دەتوانێ لە شەردا کووژرابێ. لە "دۆناوتال"ی ئاڵمان چوارسەد لاشە کەوتنە ژێر زەڕەبینی پسپۆران کە وێدەچێ ۱۸ کەسیان بەهۆی شەڕ و ڕووداوی تووڕە لەناوچووبن.

ئەگەر دنیای ئەوڕۆی خۆمان لەگەڵ ئەو سەردەمە هەڵبسەنگێنین، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە مرۆڤ لە ڕوانگەی شەڕخوازییەوە نەتەنیا گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، بەڵکوو شەڕخوازتریش بۆتەوە، وەك: شەڕەکانی جیهانی یەك و دوو، شەڕی ناوخۆی چینییەکان، جینۆسایدی ئەرمەنی و کورد، کامبۆج، کۆنگۆ، ویتنام و ... زۆر شەڕی دڕەندانەیتریش. دەتونین بە راشکاوییەوە بڵێین: "دۆناوتال"ی سەردەمی بەرد ڕەنگە تەنیا بە قەرا سەدەی بیستەم خوێناوی بووبێ.

لە "Jebel Sahaba"ی سوودان قەبرستانێکی ۱۲ هەزار ساڵە دۆزراوەتەوە. لە لەشی ۲٤ کەس لە ٥۹ لاشەی ئەو قەبرستانە جێی برینداربوون و تیر و کەرەسەی شەڕی ئەو کات لە پەنا ئێسقانەکانیان دۆزراوەتەوە. ئێسقانەکانی ژنێك لە ۱۲ جێگاوە بریندار بووە. لە "Nördlinger Ries"ی ئاڵمان ۳۳ کاسەی سەری ژن و منداڵ دۆزراونەتەوە

www.rojhalat.de / www.bokan.de

که له دوو گرووپدا له چاڵ خستراون و هەموویان بەهۆی شکاندنی کاسەی سەریان له ناوچوون. به ئەگەری زۆر ئەو مرۆڤانه کۆمەڵکوژی کراون.

بەڵام ئەو دۆزراوانه چ زانیارییەکمان لەسەر مرۆڤی کۆکەر و ڕاوکەر یاخود مرۆڤی سەردەمی بەرد دەدەنێ؟ دۆزراوەکانی پرتەقاڵ و ئیسرائیل ئاشتی مرۆڤی ئەوکات دەسەلمێنن و مەیدانی شەڕی "Jebel Sahaba" و "Nördlinger Ries"ش شەڕ و تووڕەیی مرۆڤی ئەو سەردەمه نیشان دەدەن. وەڵامەکه ڕوونه و به بڕوای زۆربەی پسپۆران نه ئەم و نه ئەویانه. هەر وەك مرۆڤی ئەوڕۆیی گرووپەکانی مرۆڤی سەردەمی بەرد به پێی فەرهەنگ و بۆچوون جیاواز بوون و هەرکام به پێی ستروکتوور و شکڵی کۆمەڵگاکەیان هەڵس و کەوتی جیاواز له یەکتریان کردووه. ناوچەیەك له ئاشتی و سەبووری و تولەرانسدا ژیاون و ناوچەیەکیتریش شەڕخواز و یا له لایەن شەڕخوازانەوه هێرشیکی خوێناویان کراوەته سەر.

## بێدەنگی مرۆڤی سەردەمی بەرد

زۆر چەتوون دەکرێ جێ پێی مرۆڤی سەردەمی بەرد بناسرێ و چۆنیەتیی ڕووداوەکان و پێکهاتەکانی ئەوکات ڕوون بکرێتەوە. هەر کات گرووپێك لە هۆمۆساپیەنەکان هاتبێتن بۆ دۆڵ و شاخ و یا ئەو شوێنەی مرۆڤی نئاندرتاڵ ژیانیان لێ کردووە، دەبێ ساڵیانی درێژ شەڕ و تراژێدی و کارەسات لە نێوانیاندا بەڕێوەچووبێ. بەداخەوە لەو ڕووداوانە و پیکدانانەدا جگە لە چەند ئێسقان و کەرەسەی ئاسایی، هیچیتریان لێ بەجێ نەماوەتەوە. بەهۆی ئەو دۆزراوانەوە زانایان توانیویانە تا ڕادەیەك ئاناتۆمی، تێکنۆلۆژی، چەشنی خواردەمەنی و تەنانەت ستروکتوری کۆمەڵایەتیان دیاری بکەن. بەڵام ناتوانرێ دیاری بکرێ هەڵسوکەوتی گرووپە جیرانەکانی ساپیەن لە گەڵ یەکدا چلۆن بووە.

لە پشت ئەو پەردە بێدنگییە چەندین هەزار ساڵ مێژووی مرۆڤایەتیی شاردراوەتەوە و بە دڵنیاییەوە لەو کاتە دوور و درێژەوە تا ئەوڕۆ چالاکیی بێ ژومار لەسەر سەکۆی شانۆی ژیانیان پێکهاتووە وەك: شەڕ و شۆڕش و بزووتنەوەی ئایینی بە شێوەی بەردەوام، باس و لێکۆڵینەوەی قووڵی فیلەسۆفی و هەروەها نموونەی بێ ژوماری کاری دەستی و هونەری. ڕەنگە لەو کاتە دوور و درێژەوە ناپلیۆنگەلێکی زۆر بوونەتە هۆی پێکهاتنی ئیمپراتووریەکان و بێتهۆڤێنەکان بە فووتێکردنی قامیشەکان و بلوێرەکان، سۆزی ناسکی مرۆڤیان وەگڕ خستبێ، بەڵام ئەوانە تەنیا حەدس و گومانن و ناتوانین سەدا و سەد دروستبوونیان بسەلمێنین و خۆمانی پێ دڵنیا بکەین. پەردەی بێدەنگی هێندە ئەستوورە کە ئێمە ناتوانین بزانین ئایا ئەو ڕووداوانە لەڕاستیدا پێکهاتوون یا نا؟

زانایان تەنیا ئەو پرسیارانە دادەڕێژن، کە بتوانن بە ڕاشکاوی وەڵامی بۆ بدۆزنەوە. تا ئەو کاتەی مرۆڤ نەتوانێ بەهۆی ماشێنی کاتیی بۆ دواوە بگەڕێتەوە، بە ڕاشکاویی ناتوانێ بزانێ چ خەون و خەیاڵاتێك لە مێشکی مرۆڤی سەردەمی بەرد دا بووە، یاخود

www.rojhalat.de / www.bokan.de

کام سیاسەت بۆتە هۆی وە لەرزە خستنی دنیای ئەوان. بەڵام سەرەڕای ئەوانەش زۆر گرنگە ئەو پرسیارانە لەخۆمان بکەین کە بە چەتوونی وەڵامی بۆ دەدۆزرێتەوە، چونکە ناکرێ مێژووی ٦٠ تا ٧٠ هەزارساڵ ڕابردووی مرۆڤ بە ئاسانی بۆ ژێر فەڕش گەسك بکرێ و بڵێین مرۆڤی ئەو کات هیچکارێکی ئەوتۆی بەڕێوە نەبردووە کە بۆ ژیانی ئەوڕۆی ئیمە گرنگایەتی هەبێ!

لە ڕاستیدا مرۆڤی سەردەمی بەرد دەبێ کار و هەنگاوی زۆر گرنگیان بەڕێوەبردبێ. ئەوان نەتەنیا ئاڵ و گۆڕیان بەسەر شێوەی بیرکردنەوە و هەستپێکرنی ئێمەدا هێناوە بەڵکوو کارتێکەریان لەسەر ژینگەی ئێمەشدا بووە. ئەو ماجەراجوویانەی بۆ ناوچەکانی سیبری یاخود سارا ئیشکەکانی ئوسترالیا و لێرەوارە وەحشیەکانی ئامازۆن دەچن، پێانوایە تا ئەو کات کەس قاچی لەو ناوچە سرووشتییانە دا نەناوە. بەڵام ئەوە تەنیا خەون و خەیاڵە، مرۆڤی سەردەمی بەرد و ڕاوکەر و کۆکەری ئەوکات زۆر پێش ئێمە ئەو ناوچانەیان ناسیوە و تراژێدیان لە دوورترین و ترسناکترین ناوچەکانی سەر زەوی پێکهێناوە. لە بەشەکانی داهاتوودا دەبینین کە چلۆن ڕاوکەر و کۆکەرەکان پێش ئەوەی یەکەمین گوندەکان پێکبێنن، دەبنە هۆی گۆڕینی سرووشتیی ژینگە.

## ڕۆڵی مرۆڤ لە هەنبەر تووناکردنی چەشنەکان

پێش دەسپێکی شۆڕشی بڵاوبوونەوەی مرۆڤ بەسەر هەموو قوڕنەکانی زەویدا، مرۆڤ تەنیا لە ئەفریقا و ئاسیا دەژیان. دیارە لە توانایی مرۆڤی ئەوکاتدا بوو کە بتوانن بە دروستکردنی لۆتکە و بەلەم بەسەر ئاودا خۆیان بە دوڕگەکانی دەورووبەریان بگەێینن. بۆ وێنە ۸٥۰ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دوڕگەی فلۆرێس "Flores" ی پرتەقاڵ لە لایەن مرۆڤی ئەوکاتەوە دۆزراوەتەوە. بەڵام بەسەر ئۆقیانووس و زەریا گەورەکاندا نەیانوێراوە تێپەڕ بن هەر بۆیەش ئەوکات توانایی ئەوەیان نەبووە بگەنە قوڕنەکانی ئوسترالیا، ئامریکا و دوڕگەکانی ماداگاسکار و هاوایی.

ئۆقیانووس و زەریاکان نەتەنیا وەك لەمپەرێك پێشیان بە مرۆڤ گەتبوو بەڵکوو زۆربەی ئاژەڵ و گیا و لێرەواریش ڕێی دەربازبوونیان نەبوو. هەر بۆیە دوڕگەکان بە پێی تایبەتمەندیی کەش و هەوا و بارودۆخ، ئاژەڵ و گیای تایبەت بەخۆیان تێدا پەروەردە ببوو. ئەرکی گرنگی مرۆڤی هۆمۆساپیەن شکاندنی ئەو سنوورانە و گەشەسەندنی بیۆلۆژیکی و ڕاگوێستنی ئاژەڵ و گیای قوڕنەکان بۆ هەموو ناوچەکانی سەر زەوی بوو.

بە دوای شۆڕشی ناسین، مرۆڤی ساپیەن لە ڕوانگەی تەکنیکیی و توانایی بەڕێوەبردن و هەروەها خەون و فانتازیاکردن توانیان لە سنووری قوڕنەکانی ئاسیا و ئافریقا تێپیڕ بن و خۆیان لەسەر زەوی بڵاو بکەنەوە. مەزنترین کۆچیان بۆ ئوسترالیا نیزیکەی ٥٤ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا بوو. بۆ گەیشتن بە ئوسترالیا مرۆڤی ساپیەن دەبوو لە چەندین ڕێگای ئاویی سەر ئۆقیانووسەکان تێپەڕ بن کە لای کەم سەدان کیلۆمیتر پانتاییان بوو. بە پێی دۆزراوەکان ٤٥ هەزار ساڵ پێش ئێستا لە دوڕگەکانی ئیندۆنێزی یەکەمین نەتەوەی دەریاوانی پێکهاتن. مرۆڤی ئەوکات توانی لۆتکەی وا ساز کات کە بتوانی مەودایەکی زۆر لەسەر ئۆقیانووسەکان بۆ ماسیگرتن، کاری بازرگانی و پشکنینی دنیای دەورووبەری، بە ئەرخەیانییەوە پێ بپێوێ.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

هەر کام لە ئاژەڵە شیردەرەکانیتر کە بە جێی ژیان لە ئیشکانی، ناو ئاویان هەڵبژارد، وەك دێلفین و گامێشی ئاوی و ... لای کەم سەدان هەزار ساڵیان کات پێویست بوو بۆ گۆڕانکاریی ئەندامەکانی جەستەیان، تا توانیان خۆیان لەگەڵ جیهانی ئاو سازگار بکەن. "ساپیەن" ی پەرەسێندراو لە چەشن مەیموونێکی قوڕنەی ئافریقا، توانی لە ماوەیەکی کورتدا ببێ بە دەریاوانێکی ماهیر و بە پێچەوانەی نەهەنگ ناچار نەبوون ساڵیانی درێژ ڕاوەستن تا لووتیان بۆ پشت سەریان بگوزرێتەوە.

لە ڕاستیدا تا ئەوڕۆ لە لایەن کۆنە ناسان و پسپۆرانەوە هیچ لۆتکەیەکی ٤٥ هەزار ساڵ کۆن یا گۆندێکی ماسیگریی نەدۆزراوەتەوە، و دەبێ بڵێین کارێکی زۆر ساکاریش نییە، بەڵام پشکنینەکان تەنیا ئەو تیئۆرییە دەسەلمێنن کە مرۆڤی ساپیەن توانیویە ڕێگای تا ئوسترالیای پێ بپێوێ. مرۆڤ تەنیا بوونەوەری تاقانەی شیردەرە کە توانیویە لە ئەفریقا و ئاسیاوە قاچی لە قوڕنەکانیتر دابنێ.

بە پێی دۆزراوەکانی ناوچەکانی قوڕنەی ئوستراليا مرۆڤ لەوێ لەگەڵ دنیایەکی پڕ لە ئاژەڵی سەیر و سەمەرە و دڕندە ڕووبەڕوو بوون. بۆ وێنە کانگۆرۆ کە ٢٠٠ کیلۆ قورسایی و باڵایان نیزیکەی ٢ میتر بەرز بوون، باڵەندەی گەورە کە بە قەرا دوو بەرابەری "وشتر- مریشك"ی ئەوڕۆیی گەورە بوون و مار بە درێژایی پێنج میتر و ... دوای تێپەڕبوونی کەمتر لە هەزاران ساڵ ئەو ئاژەڵە گەورانە کە ساڵیانی درێژ لەو ناوچانەدا ژیاون و وەچەی خۆیان زیندوو ڕاگرتووە، لەناو چوون. لە لایەکەوە لە ٢٤ ئاژەڵی ئوسترالیایی کە قورساییان لە ٥٠ کیلۆ زیاتر بووە، ٢٣ چەشنیان بە تەواویی لە ناو چوون. هەروەها وەچەی تاقەمێك ئاژەڵی بچکوولانەش بۆ هەمیشە توونا کران. لە لایەکیتریشەوە زنجیرەی خواردەمەنیی و ئێکۆ سیستەمی ئوستراليا بە تەواوی لێك بڵاو بۆوە و گۆڕانکاریی بەسەرداهات. ئایا مرۆڤی هۆمۆساپیەن بووە هۆی ئەو ئاڵ وگۆڕە؟

پسپۆران بە ڕاشکاویی هاوکاریی مرۆڤی هۆمۆساپیەن لەو توونابوونەدا دەسەلمێنن. سێ بەڵگە بۆ ئەو بۆچوونە بوونیان هەیە کە مرۆڤی پێش ئێمە لەو وەچەکوژی و گۆڕانکاریی کەش و هەوای ئەوناوچەیە دا دەستیان تێدا بووە.

**یەکەم:** ٤٥هەزار ساڵ بەر لە ئێستاش کەش و هەوا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بەڵام کارتێکەریەکی ئەوتۆی نەبووە کە بە تەنیا ببێتە هۆی لەناوچوونی ئەو هەموو

ئاژەڵە. لەوڕۆدا هەر ئالۆ گۆڕێك بە کەش و هەواوە دەبەستنەوە، لە حاڵێکدا لەوەتی زەوی هەیە هەمیشە کەش و هەواش لە گۆڕانکاریدا بووە. هەر ١٠٠ هەزار ساڵ یەکجار لەسەر زەوی سەردەمی سەهۆڵبەندان دووپات بۆتەوە. جاری ئاخر نیزیکەی ٧٥هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەستی پێکرد و ١٥ هەزار ساڵ بەر لە ئێستاش کۆتایی پێ هات. دیپرۆتۆدۆن "Diprotodon" ئاژەڵێکی گەوری ئوسترالیایی بوو کە ١،٥ ملیۆن ساڵ واتە لای کەم دە سەهۆڵبەندان ژیاوە، بۆچی ڕاست ٤٥ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا وەچەی لەناو چووە؟ ئەگەر ئەو توونا بوونە تەنیا لەسەر ئەو وەچەیە بایە، ڕەنگە مرۆڤ بە سرووشتی چەسپاندبا، بەڵام ٩٠ لە سەدی ئەو بوونەوەرانە کە لە سەردەمی سەهۆڵبەندانەکاندا گیانیان ڕزگار بووە، هاوکات لەگەڵ دیپرۆتۆدۆن لەناو چوون! باوەکوو بەڵگەی ڕاستەوخۆ بە دەستەوە نییە، بەڵام زۆر بە چەتوونی دەتوانین باوەڕ بکەین کە مرۆڤی هۆمۆساپیەن دەستی لەو کارەدا نەبووبێ.

**دووهەم:** ئەگەر گۆڕانی کەش و هەوا لە ئیشکانی ببێتە هۆێ لەناوچوونی ئەو هەموو چەشن ئاژەڵە، دەبێ ئاژەڵی ناو ئاویش بە هەمان ڕادە لەژێر مەترسی لەناوچووندا کەوتبن. بەڵام لەو سەردەمەدا هیچ نیشانەیەك لە توونابوونی ئاژەڵی ناو ئاو بەدەستەوە نییە. بەو پێیەی کە مرۆڤ بە گشتیی ڕاوکەری ئاژەڵە ئیشکانییەکان بووە، ئەگەر بەرپرس بێ بۆ لەناوچوونی ئاژەڵی ئەو سەردەمە، وەڵامی پرسیاری لەناو نەچوونی ئاژەڵی ناو ئاو دەدرێتەوە.

**سێهەم:** بە پێی مێژوو، هەر کات مرۆڤ پێی لە دنیایەکی نوێ دانابێ، لەناوچوونی وەچەی ئاژەڵەکانی بەدواوە بووە. بۆ وێنە توونا کردنی فیلی مامووت لە دوڕگەی وارانگل "Wrangel" دەکەوێتە ٢٠٠ کیلۆمیتری باکووری سیبریەوە. ملیۆنان ساڵ ئەو ئاژەڵە تووکدارە لە بارودۆخی جۆراوجۆری کەش و هەوادا خۆی زیندوو ڕاگرتووە، کەچی بە کۆچی مرۆڤ بۆ ئەو ناوچانە ماوەیەکی زۆری نەکێشاوە و وەچەیان توونا کرا! ١٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا تەنیا لە چەند دوڕگە نەبێ، هیچ فیلێکی مامووت لە ئیشکانییەکاندا نەبینراون و بە داگیرکردنی یەك بەدوای یەکی دوڕگەکان لە لایەن مرۆڤەوە، لە ٤ هەزار ساڵ پێش ئەوڕۆوە ئیتر وەچەی فیلی مامووت بە تەواوی لەناو چوون.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

ئەگەر تووناکردنی وەچەی ئاژەڵ تەنیا بە ئوسترالیا کۆتایی پێهاتبایە، ڕەنگە هێشتا مرۆڤ بە تەنیا بەرپرس نەبایە، بەڵام هەرجێگایەك پێی تێ ناوە، تەنگەی بە ئاژەڵ هێناوە و سرووشتیانی گۆڕیوە. ئەو مرۆڤانەی نیشتەجێی ئوسترالیا بوون، تەنیا بە تێکنۆلۆژی مرۆڤی سەردەمی بەرد تەیار بوون، ئەدی چلۆن توانیویانە ئەو کارەساتە بەسەر ئەو هەموو ئاژەڵە دڕندانەدا بێنن؟ بۆ ئەو بۆچوونە سێ ڕوونکردنەوە هەن کە تەواوکەری یەکترین:

**یەکەم:** بە پێی بۆچوونی پسپۆران ئەو ئاژەڵە گەورانەی لە ئوسترالیا وەچەیان لەناو چووە، زۆر بە کوندی و هێمنی زاو زێیان کردووە و وەچەی خۆیان بڵاو کردۆتەوە. هەرکام لەوان ئەوپەڕی دوو بێچوولەیان لێ بۆتەوە کە لە نێوان لەدایکبوونی بێچوولەکانیشدا مەودایەکی کاتێی گەورەی تێکەوتووە. بەهۆی کوشتنی بەردەوامیان لە لایەن مرۆڤەوە، نەیانتوانیوە میزانی زاوزێی سرووشتیی خۆیان ڕاگرن و بەوهۆیە بە پێی کات وەچەیان کەم بۆتەوە و لە نەهایەتدا لەناو چووە.

**دووهەم:** مرۆڤی هۆمۆساپیەن کە لە توانایی دابووە هەموو چەشنە مرۆڤەکانیتری سەر ئەم هەردە لەناو بەرێ، بە تێکنیکی ئاگرکردنەوە تەیار بووە و باوەکوو لە ڕوانگەی توانایی لەشییەوە زۆر لاوازتر لە ئاژەڵەکان بووە، توانیویە بە ئاورتێبەردانی لێرەوارەکانیان ئەژنۆیان پێ بدا و تووانایان بکات. بەڵگە بۆ ئەو بۆچوونە چەشن دارێکە بە ناوی ئۆکالیپتۆ "Eukalyptu" کە زۆر زوو ئاور دەگرن و پێش چوونی مرۆڤ بۆ ئەو ناوچانە، ئەو چەشن دارە بوونیان نەبووە. وێدەچێ مرۆڤی ئەو سەردەمە ئەو دارەی وەك چەك لەگەڵ خۆی گێڕابێ.

**سێهەم:** ڕاوکردنی بەردەوام و ئاڵوگۆڕی کەش و هەوا بە دووقۆڵی رۆڵێکی مەزنیان لە تووونابوونی ئەو ئاژەڵانەدا گێڕاوە. هەر وەك پێشتریش باسمان لێوەکرد، بە شێوەی بەردەوام کەش و هەوا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و بە درێژایی چەندسەد هەزار ساڵ نەبۆتە هۆی تووونابوونی بوونەوەران، بەڵام ئەمجارەیان کاتێ ٤٥ هەزارساڵ بەر لە ئێستا سرووشت و کەش و هەوای ئەو بوونەوەرانە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و مرۆڤیش وەك فاکتەرێکی گرنگ لە ناوچەکە بووە، بە دوو قۆڵی بوونەتە هۆی تووناکردنی ئاژەڵەکان.

## کۆچی مرۆڤی هۆمۆساپیەن بۆ قوڕنەی ئەمریکا

مرۆڤی هۆمۆساپیەن بە تووناکردنی ئاژەڵەکانی ئوسترالیا، جێ پێییەکی بەرچاو، ڕوون و مەزنی لەخۆی بەجێ هێشتووە. هەروەها بەرپرسە بۆ کارەساتێکی سرووشتیی گەورەتر لە دوو قوڕنەی ئەمریکا. مرۆڤی هۆمۆساپیەن یەکەم چەشنی مرۆڤە کە خۆی گەیاندۆتە ئەو دوو قوڕنەیە. ١٤ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا یەکەم مرۆڤەکان لە ڕێگای ئیشکانی کە وەك پردێك ئەوکات باکووری ڕۆژهەڵاتی سیبری بە باکووری ڕۆژئاوای ئالاسکاوە دەنووساند، بە پێیان خۆیان گەیاندۆتە ئەو قوڕنانە. ئەو کۆچە، ڕەنگە سامناکتر و ترسهێنەرتر لە سەفەری زەریایی مرۆڤ بۆ ئوسترالیا بووبێ، چونکە بۆ تێپەڕبوون لەو پردە ئیشکانییە، مرۆڤ دەبوو خۆی لەگەڵ بارودۆخی تایبەت بەو ناوچەیە کە لە زستاندا دایم کەش هەوا تاریکە و سەرما بە نیزیکەی ٥٠ پلەی ژێر سیفر دەگات، خوو بدات.

هیچکام لە چەشن مرۆڤەکانیتر پێیان لە ناوچەی سیبری نەناوە. تەنانەت نئاندرتالەکانیش کە خۆڕاگرییان لە هەمبەر سەرما یەکجار زۆر بووە، بڕیاری کۆچکردنیان بۆ ناوچە گەرمەکانی باشوور داوە. بەڵام باوەکوو لە ڕاستیدا جەستەی مرۆڤی هۆمۆساپیەن نەك بۆ ژیان لەناو بەفر و سەهۆڵ بەڵکوو بۆ ناوچە ئەفریقاییەکان گونجاوتر بوو، توانی ڕێگای تێپەڕبوون بەو ناوچانەدا بدۆزێتەوە. بە دروستکردن و لەبەرکردنی کەوشی زستانی و جل و بەرگی دووراو لە پێست و چەرمی ئاژەڵەکان کە بۆ گەرم ڕاگرتنی جەستەیان، دوو قات و سێ قات بەسەر یەکتردا لەبەریان دەکردن، و هەروەها بە دروستکردنی کەرەسەی شەڕ کە بۆ ڕاوکردنی ئاژەڵەکان کەڵکیان لێ وەردەگرت، توانی خۆی زیندوو ڕاگرێ. تەنانەت بە دروستکردنی کەرەسەی شەڕ و تەکنیکی نوێ توانیان ئاژەڵی وەك فیلی ماموت ڕاو بکەن. بەو شێوەیە هەنگاو بە هەنگاو خۆیان لە ناوچەکانی باکووری ئورووپا نیزیك کردەوە.

بەڵام بۆچی ئەوان هاتوونەتە سەر ئەو بۆچوونە کە بەرەو باکووری ئورووپا و سیبری کۆچ بکەن؟ ڕەنگە بەهۆی کارەساتە سرووشتییەکان یاخود بەهۆی شەڕەوە لە لایەن دوژمنانیانەوە ناچار بەو کۆچە کرابن. هەرچۆنێ بووبێ، زۆر بە ژیری ئەو قۆناغەیان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیان گرتووە. بە ڕاوکردنی فیلی ماموت کە بۆ ئەوان وەك سووپەرمارکتێکی گەورەی پڕ لە گۆشت، بەز، چەرم، پێست و عاج بووە، توانیویانە پێداویستییەکانی ڕۆژانەیانی پێ دابین بکەن. ١٦ هەزارساڵ بەر لە ئێستا بەدوای ڕاوی ماموت و ئاژەڵەکانیتردا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سیبرییەوە لەو پردە تێپەڕبوون و خۆیان گەیاندۆتە ئالاسکا. سرووشتییە ئەوان نەیانزانیوە کە دنیایەکی نوێ دەدۆزنەوە. بۆ مرۆڤ و ماموتی ئەوکات وڵاتی ئالاسکا هەر وەك درێژکەرەوەی ناوچەی سیبری هاتۆتە بەرچاو.

ئەوکات شاخە گەورەکانی سەهۆڵینی ئالاسکا سەر ڕێگایان لە مرۆڤ و ئاژەڵ گرتبوو، هەر بۆیە زۆربەیان بەرەو باشوور دەرۆیشتن. ١٤ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا سەردەمێکی گەرما دەستیپێکردووە و سەهۆڵ و بەفری زۆربەی شاخەکان تواونەتەوە و ڕێگایان بۆ کۆچی مرۆڤ و ئاژەڵ بۆ ئەو ناوچانە خۆش کردووە. بەناو ئەو دۆڵە نوێیەدا مرۆڤ بەرەو باکووری قوڕنەکە کۆچیان کردووە و خۆیان لە هەموو ناوچەکە بڵاو کردۆتەوە. چالاکیی و هونەری مرۆڤی هۆمۆساپیەن لەوەدابووە کە توانیویانە خۆیان لەگەڵ کەش و هەوا هەمەڕەنگەکانی ناوچەکان بگونجێنن. هەر وەك چۆن بە گورجی و ئازایی توانیان لە لێرەوارە پڕ دارەکانی ڕۆژهەڵاتی باکووری ئەمریکا ژیان بکەن و خۆ بگونجێنن، خۆیان لەگەڵ ناوچەکانی تر وەك زەلکاوەکانی می سی سی پی و سەحراکانی مکزیك و هەروەها لێرەوارە مێژینەکانی ناوەڕاستی قوڕنەی ئەمریکاش گونجاند. سەیر ئەوەیە، تەواوی ئەو خۆ گونجاندنانە تەنیا چەند هەزار ساڵی پێویست بووە. لای کەم لە ١٢ هەزار ساڵ پێش ئێستاوە مرۆڤی هۆمۆساپیەن لە وڵاتی ئاگر واتە لە دوورترین ناوچە باکوورییەکانی باکووری ئەمریکا ژیاون. هیچکام لە چەشنەکانیتری مرۆڤ و ئاژەڵەکان نەیانتوانیوە کارێکی ئەوها ئاڵۆز و خۆڕاگرییەکی ئاوا هەمە لایەنانە لەخۆیان نیشان بدەن وەك مرۆڤی هۆمۆساپیەن لە خۆی نیشانداوە!

بەڵام بەداخەوە "مرۆڤی ماڵوێرانکەر" ئاسەواری خۆی بەجێ هێشتووە. بە ڕاشکاویی ١٦ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا ئەو ناوچانە واتە دوو قوڕنەی ئەمریکا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەمڕۆ سرووشتێکی گەلێك دەوڵەمەندتریان بووە. کاتێك یەکەمین

ئەمریکاییەکان لە ئالاسکاوە بەرەو باکوور وەڕێکەوتوون، تووشی مامووت، ورچ، شێر، ئەسپ و چەندین چەشنیتری ئاژەڵی سەیر و سەمەرە کە بۆیان نا ئاشنا بوون، هاتوون. چەشن بەبرێکی ددانتیژ لەو ناوچانە ژیاون کە قورساییان بە هەشت تۆن و درێژاییان بە شەش میتر گەییشتوە. تەنانەت لە باشووری ئەمریکا ئاژەڵی شیردەر و خزۆکە و باڵەندەی زۆر گەورەی تێدا ژیاوە. هەر وەك ئوسترالیا، هەر دووك قوڕنەی ئەمریکا وەك تاقیگایەکی گەشەسەندنی سرووشتیی بووە. لێرە ئاژەڵ و گیا و دارستان و لێرەواری تایبەت بە ناوچەکە هەبوون کە بۆ دنیای دەرەوە بە تەواوی نەناسراو و بێگانە بوون.

بەڵام ئەو بارودۆخە بە گورجی گۆڕانکاریی بەسەردا هات. لە ماوەی تەنیا ٢ هەزارەدا بەشێکی بەرچاو لەو سرووشتە دەوڵەمەندە لە ناوچوون. بە بەراوەردی ئەوڕۆی زانایان، لەو ماوە کورتەدا لە باکووری ئەمریکا ٣٤ لە ٤٧ چەشن ئاژەڵی شیردەری گەورە، و تەنانەت لە باشووری ئەمریکا ٥٠ لە ٦٠ چەشن لەناو چوون و لەلایەن مرۆڤەوە وەچەیان توونا کرا. چەندین چەشن ئاژەڵ کە زیاتر لە ٣٠ ملیۆن ساڵ لەو ناوچانە ژیابوون و بە درێژایی چەندین هەزار ساڵ گەشەیان ساندبوو و چەشنی رەنگاوڕەنگیان لێ پێکهاتبوو، بە چاوتروکاندنێك توونا کران.

زانایان بە دەیان ساڵە لە شاخ و دۆڵی ئەو دوو قوڕنەیە خۆیان بە فۆسیلی بەجێماوەی ئەو ئاژەڵانەوە خەریك و ماندوو کردووە و وەك گەنجێکی خاپوور کراو بە حورمەتەوە کۆیان دەکەنەوە و بۆ تاقیگاکانیان دەنێرن. دوای بەوردی سەیرکردن و دۆزینی یەك بە یەکی ئیسقان و فوسیلەکان، بەداخەوە هەموو ئەزموونەکان تەنیا ئەوە دەسەلمێنن کە دەستپێکی ئەو کارەسات و توونا‌کردنانە کە دەگەڕێنەوە بۆ ١١ تا ١٤ هەزار ساڵ لەمەوبەر، لەگەڵ هاتنی مرۆڤ بۆ ئەو ناوچانە بووە.

## مرۆڤ، گەورەترین مەترسییە بۆ ئاژەڵ و ژینگە

ئەگەر ئێمە تەنیا ژمارەی چەشنەکانی ئەو دوو کارەساتە مەزنەی مرۆڤی هۆمۆساپیەن (جگە لە تووناکردنی چەشن مرۆڤەکانیتر)، لە ئوستراليا و ئەمریکا بەسەر ئاژەڵەکاندا هێناویە لەگەڵ ئەو ئاژەڵانەی لەسەر رێگای کۆچەکانی ئەفریقا، ئوروووپا و ئاسیا تووناى کردوون، پێکەوە هەڵبسەنگێنین، دێینە سەر ئەو بڕیارە کە مرۆڤی هۆمۆساپیەن مەزنترین مەترسیە بۆ هەموو بوونەوەرانی سەر ئەم هەردە و هەروەها ژینگە و خۆیشی.



پێش دەستپێکی شۆڕشی ئابووری زیاتر لە ۲۰۰ ئاژەڵی شیردەر کە قورساییان لە ۵۰ کیلۆ زیاتر بووە، لەسەر زەوی ژیاون. ماوەیەك دوای ئەو شۆڕشە و تەنانەت پێش دۆزینەوەی (چەرخ، نووسراوە و کەرەسە و چەکی ئاسنین)، تەنیا ۱۰۰ چەشن لەوان توانیان زیندوو بمێننەوە. لە ماوەیەکی کورتدا مرۆڤی هۆمۆساپیەن توانی نیوەی چەشنی ئەو ئاژەڵانە لەناو بەرێ. دوای شۆڕشەکانیش ئەو کارەساتانە بە چەندین جاریتر خۆیان دووپات کردەوە و مەترسیەکی مەزنیان بۆ ژینگە و ئاژەڵەکانی دروست کردوە.

پشکنین و ئەزموونی دۆزراوەی کۆنەناسان لە دوورگەکان و گۆشە هەمەڕەنگەکانی ئەم جیهانە بەردەوام مێژووییەکی وەك یەك دەگێڕنەوە. لە ڕوانگەی کاتییەوە توونا بوونی ئەو ئاژەڵانەی کە بە سەدان هەزارساڵ لەو ناوچانە ژیاون و هیچ کارەساتێکی سرووشتیی نەیتوانیوە زەفەریان بەسەردا بێنێ، لەگەڵ هاتنی مرۆڤی هۆمۆساپیەن گرێ

دەدرێ. لەو جێگایانەی ئێسقانی مرۆڤی هۆمۆساپیەن دەدۆزرێتەوە، پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تووناوبوونی ئاژەڵەکان بەدی دەکرێ. دوڕگەی گەورەی ماداگاسکار کە دەکەوێتە ٤ سەد کیلۆمیتری ڕۆژهەڵاتی ئافریقا، تەنیا یەك لە نموونە خەمناکەکانی ئەو کارەساتانەن. زیاتر لە ملیۆنان ساڵ ئەو دوڕگەیە پڕ بووە لە چەشنی هەمەڕەنگی گیانداران و دنیایەکی ڕەنگینی پڕ لە بوونەوەری لێ پێکهاتبوو. بۆ وێنە لەوێ چەشن باڵەندەیەك کە بە " فیلی باڵەندە" نێودێر کراون، ژیاون کە بەرزاییان بە سێ میتر و قورساییان بە نیو تۆن گەییوە. بە پێی دۆزراوەکان نیزیکەی هەزار و پێنسەد ساڵ بەر لە ئێستا وەچەی ئەو ئاژەڵە لەپڕێکدا لەناو چوون. زانایان سەلماندوویانە کە ماوەیەك پێش ئەو کارەساتە مرۆڤ پێی ناوەتە ناو ئەو دوڕگەیەوە!



فیلی باڵەندە

لە دەوروبەری ئوقیانووسی ئارام کوشتنی وەچەی ئاژەڵەکان نیزیکەی ٣٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا کاتێك مرۆڤ پێی ناوەتە ئەو ناوچانە، دەستپێکردووە. سەدان چەشنی باڵندە، مێروو، نینۆکەشەیتانە و ئاژەڵێتر لە لایەن مرۆڤەوە توونا کراون. لەوێوە ئەو سێڵاوە ئاژەڵکووژییە بەرەو ڕۆژهەڵات، باشوور و باکوور تا ناوەڕاستی ئەو ناوچانە درێژەی بووە. ٣٢٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا ناوچەکانی فاونا "Fauna"، زامۆئا"Samoa" و تۆنگا"Tonga" کەوتوونەتە بەر هێرشی مرۆڤ و ٢ هەزار ساڵ پێشتریش گەیشتوونەتە ناوچەی "Marquesas" و نیزیکەی ١٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستاش دوڕگەکانی ڕۆژهەڵات ، کۆك "Cook" و هاوایی "Hawaii" یان کاول کردووە. بۆ وێنە دوڕگەی گالاپاگۆس "Galapagos" لە باشووری ئەمریکا، چوونکە تا سەدەی

نۆزدەهەمیش لە هێرشی مرۆڤ بەدوور بووە، دنیایەکی ڕەنگینی پڕ لە ئاژەڵ لێ پێکهاتووە.

ئەگەر ئێمە ئەو دوو هێرشەی مرۆڤ بۆ سەر ژینگە و ئاژەڵەکان کردوویەتی لەگەڵ هێرشی سێهەم کە تا ئەوڕۆش بەردەوامە هەڵبسەنگێنین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە مرۆڤ مەترسیدارترین گیاندارە بۆ ژیان و ژینگە لەسەر زەوی. ئەگەر ئێمە ژمارەی تووناکراوانی ئاژەڵ و هەروەها کاولکردنی ژینگە مان بە دەستی مرۆڤ بە وردی بزانیبایە، ڕەنگە ئەوڕۆ پارێزگاریمان لەو کارەساتە دەکرد و بارودۆخەکەمان بە جیددی دەگرت. بەتایبەت بۆ بوونەوەرانی ناو ئاوەکان ئەو کارە گرنگایەتییەکی حەیاتیی دەبوو. بە پێچەوانەی ئاژەڵە ئیشکانییەکان، بوونەوەری دەریایی لە هێرشەکانی یەکەم و دووهەمی مرۆڤدا پارێزراو مابوونەوە و زیانێکی ئەوتۆیان پێ نەگەییبوو. بەڵام بە پیسکردنی ئاوەکان لە لایەن کارخانەکان و بە گشتی پیشەسازیییەوە و ڕاوکردنی لە ڕادەبەدەری ماسیی و بوونەوەرانیتری دەریایی، لە چەند دەیەی ڕابردووەوە زۆربەی وەچەی ئەو بوونەوەرانە لەناو چوون و توونا کراون. ئەگەر ئیمەی مرۆڤ بەو خێراییەی پێشوو ئەو کاولکارییە درێژە پێبدەین، نەهەنگ، نەقە، کووسە و دیلفینەکانیش وەك فیلی مامووت بۆ هەمیشە لەژێر قەبر دەنێین. ئەزموونی ئەو کارە دەبێتە ئەوی کە لە داهاتوویەکی زۆر نیزیکدا ڕەنگە تەنیا مرۆڤ و چەند ئاژەڵی خزمەتکاری دەوروبەری مرۆڤ کە وەك کۆیلە هەڵس و کەوتیان لەگەڵ دەکرێ، لەسەر زەوی بمێننەوە!

## شۆڕشی ئابووریی

### گەورەترین ساختەکاریی مێژویی



ئەو وێنە دیوارییە کە لە قەبرێکی میسری دا دۆزراوەتەوە، هی ١٥٠٠ ساڵ بەر لە زایینە و بارودۆخی ئابووری ئەو سەردەمە نیشان دەدا.

بە درێژایی ٢،٥ ملیۆن ساڵ، مرۆڤ زگی خۆی بە گیا، کارگ، سەوزی و ئاژەڵی سرووشتیی تێر ڕاگرتووە کە بە بێ کارتێکەریی مرۆڤ لەسەر زەوی ژیاون و زاوزێیان کردووە. مرۆڤی هۆمۆ ئێرێکتۆس "erectus" ، هۆمۆ ئێرگاستەر "ergaster" و مرۆڤی نئاندرتاڵ بە بێ ئەوەیکە دەست لە ژیانی بوونەوەران وەردەن بۆ درێژەپێدانان بە ژیانیان میوە و گیای لێرەوارەکانیان لێ کردۆتەوە و ئاژەڵە وەحشیەکانیان ڕاو کردووە. ئەوان تەنانەت کاریان بەوە نەبووە کە چلۆن داری سێو پێ دەگا، لە کوێ سەوزی و کارگ شین دەبن یا کام کەڵ لەگەڵ کام گامێش نیزیکی دەکا. چەندین هەزار ساڵ دوای ئەوانیش مرۆڤی هۆمۆساپیەن خۆی لە شێوەی ژیانی بوونەوەران تێوەرنەداوە.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

هەر وەك دەزانین مرۆڤی هۆمۆساپیەن لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقاوە بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆی گەیاندۆتە ئوروپا و ئاسیا و لەوێشەوە پێی گەیشتۆتە ئوسترالیا و ئامریکا و لە تەواوی ئەو قوڕنانە زگی خۆی بە کۆکردنەوەی گیا، کارگ، دانەوێڵە و میوە و هەروەها ڕاوکردنی ئاژەڵی وەحشی تێر ڕاگرتووە. دیارە لەوە زیاتر پێویستییەکیتر بەدی نەدەکرا، ئەگەر ئەو کارە بیتوانیبایە نیازی برسیەتیی مرۆڤ کە چەندین کۆمەڵگای گەورە بە ستروکتووری ئایینی و سیاسی لێ پێکهاتبوو، دابین بکردایە.

ئەو بارودۆخە نیزیکەی ١٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، ئەوکاتەی مرۆڤی هۆمۆساپیەن دەستی لە چۆنیەتیی زاوزێی و ژیانی سرووشتیی تاقەمێك لە گیا و دار و ئاژەڵ وەردا، گۆڕانکاریی بەسەردا هات. مرۆڤی ئەوکات لە بەیانی زووەوە تا ئێوارە کاریان تەنیا ببوە چاندنی ناوکی گیا و میوە و دەستەمۆکردن و لەوەڕاندنی ئاژەڵەکان. بەو کارە هەوڵی زۆرکردنی دانەوێڵە، میوە و گۆشت بۆ تێرڕاگرتنی خۆیان و کۆمەڵەکەیان دا. ئەزموونی ئەو کارە بووە هۆی شۆڕشێك لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ کە بە شۆڕشی ئابووری نێودێر کرا.

شۆڕشی ئابووری نیزیکەی ١١٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و ڕۆژئاوای ئێرانی ئەوڕۆیی دەستیپێکرد. ئەو شۆڕشە کە ناوچەی پڕ بیت و بەرەکەتی کوردنشینی ئەوڕۆیی دەگرێتەوە، دەستیپێکرا، بەڵام بۆ ماوەیەك تەنیا لەو چوارچێوە بچووکەدا بەرتەسك مایەوە. لە سەرەتاوە گەنم و بزن و نیزیکەی ١٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستاش نۆك و ماش، ٧ هەزار ساڵ پێشتر داری زەیتوون، ئەسب ٦ هەزار ساڵ و شەڕابیش ٥٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا شێوەی ژیانی مرۆڤیان بە تەواوی گۆڕی.

سەرەڕای ئەو هەموو دۆزینەوە مودێڕنانە تا ئەوڕۆش نیزیکەی ٩٠ لە سەدی کالۆری پێویست بۆ لەشی مرۆڤ  تەنیا لە چەند گیای سرووشتی وەك گەنم، برینج، گەرمەشانی، پەرەڵماسی هەرزن و جۆ دابین دەکرێ کە پێشینیانی ئێمە لە ماوەی ٩٥٠٠ تا ٣٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستاوە هێناویانەتە ناو لیستی خواردەمەنی مرۆڤەوە. لە ٢ هەزار ساڵی ڕابردووەوە هیچ گیا و ئاژەڵێکیتر کە جێی باسلێکردن بێ، نەهاتۆتە ناو لیستی خواردەمەنی مرۆڤەوە. دەتوانین بڵێین مرۆڤی مودێڕنی ئەوڕۆیی بیر کردنەوەی

لە مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەر دەچێ و خواردەمەنییەکەشی وەك یەکەم وەرزێری سەر ئەم هەردە ماوەتەوە.

زانایان ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە شۆڕشی ئابووری لە ناوچەی پڕ بیت و بەرەکەتی کوردەواریی ئەوڕۆییەوە (مێزۆپێتامیا) خۆی بەسەر تەواوی ناوچەکانیتردا بڵاو کردۆتەوە.

دۆزراوەکانی زانستیی ئەوڕۆ دژ بەو بۆچوونەن و دەڵێن کە ئەو شۆڕشە هاوکات و بێ پەیوەندیی لەگەڵ یەکتر، لە زۆربەی ناوچەکانی سەر ئەم هەردە دەستیپێکردووە. مرۆڤ لە ئەمریکای ناوەندی گەرمەشانی و پاقلەیان چاندووە بە بێ ئەوەی ئاگاداری چاندنی گەنم و نۆکی  مرۆڤی ناوچەی مێزۆپێتامیا بووبن. مرۆڤی باشووری ئەمریکا یەرەلماسی و لاما(چەشن ئاژەڵێکە)یان پەروەردە کردووە بە بێ ئەوەیکە ئاگایان لە کاری جووتیاری مێکزیکی بووبێ. یەکەمین زەویداری چینی برینجیان چاندووە و بەرازیان ئەهلی و دەستەمۆ کردووە. لە باکووری ئەمریکا بۆ یەکەمین جار خەیار و کوولەکە چێندراوە. لە وڵاتی گینیای ئەفریقا  داری موز و شەکەریان چاندووە و هاوکات لە ڕۆژئاوای ئەفریقا وەرزێران سەریان بە چاندنی گەنم و برینج و هەرزنەوە خەریك کردووە. لە سەرەتای ساڵی یەکەمی زایینی زۆربەی مرۆڤی سەر زەوی خەریکی کاری جووتیاری ، زەویداریی و کەشاوەرزی بوون.

بەڵام بۆچی لە مێزۆپێتامیا، چین و ئەمریکای ناوەڕاست شۆڕشی ئابووری دەستیپێکردووە، لەحاڵێکدا ئەو شۆڕشە لە ئوسترالیا، وڵاتانی سکاندیناوی و باشووری ئەفریقا بەڕێوە نەچووە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر ساکارە: مرۆڤ ناتوانێ زۆربەی چەشنی گیا و ئاژەڵ دەستەمۆ بکات. مرۆڤی هۆمۆساپیەن توانیویە فیلی مامووت ڕاو بکات بەڵام توانایی دەستەمۆکردنی ئەو ئاژەڵەی نەبووە. لە هەزاران چەشن ئاژەڵی دڕندە کە لە لایەن مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەرەوە ڕاو دەکران، تەنیا چەند چەشنیان دەستەمۆ کران. شۆڕشی ئابووری تەنیا لەو ناوچانە دەستیپێکرد کە ئەو چەشن ئاژەڵانەی لێ دەژیان.

www.rojhalat.de / www.bokan.de




ئەو ناوچانەی شۆڕشی ئابووریان لێ پێکهات بە پێی کات و بە ڕەنگی ڕەش لەو وێنەیەدا دیاری کراون، دیارە ئەو ناوچانە لە ڕوانگەی رەدەبەندیی کاتییەوە دەتوانن بە هۆی دۆزراوەکانی داهاتوو، گۆڕانکاریان بەسەردا بێ.

ماوەیەکی زۆرە زانست دەیهەوێ ئەو ئاڵوگۆڕەی مرۆڤ لە بارودۆخی پێش شۆڕشی ئابوورییەوە بۆ سەردەمی ئێستای پێکهێناوە بە بازدانێکی مەزنی مرۆڤایەتی بە ئێمە بفرۆشێ و مێژوویەکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە باس لە پێشکەوتوویی و ژیری مرۆڤ دەکات کە گۆیا لە سەردەمی گەشەسەندنەدا مرۆڤ ژیرتر بوونەتەوە و بە پێی کات ئەو ژیرییەی مرۆڤ بۆتە هۆی ئەوەیکە لە نهێنییەکانی سرووشتیی تێبگەن و فێربن چلۆن مەڕ و ئاژەڵەکانیتر دەستەمۆ بکەن و هەروەها چلۆن گەنم بچێنن. بەدوای ئەوانەشدا مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەری ئەو کات لە ناوچە پڕ بیت و بەرەکەتەکان نیشتەجێ بوون و بۆ حەسانەوە و ژیانێکی ئارام کاری کەشاوەرزیان پێشە کردووە.

بەڵام بەداخەوە ئەو بۆچوونە تەنیا چیرۆکێکی خەیاڵییە و بەس. تا ئەوڕۆ نەسەلمێندراوە کە مرۆڤ بەهۆی پرۆسەی گەشەسەندنەوە ژیرتر بووبێتەوە! لە سەردەمی زۆر زوەوە و پێش شۆڕشی ئابووریش بوونەوەران نهێنیە سرووشتییەکانیان ناسیوە، چونکە تەنیا ڕێگای درێژەدان بە ژیانیان ناسینی بە وردی ئەو گیا و ئاژەڵ و ژینگەیە بووە کە زگی خۆیان تێدا تێر کردووە و لێی ژیاون. شۆڕشی ئابووری نەتەنیا

ژیانی ئارامی بۆ مرۆڤ بە دیاری نەهێناوە، بەڵکوو بە پێچەوانە ژیانی وەرزێری و کەشاوەرزی زۆر چەتوونتر، ئاڵۆزتر و پڕکارتر بووە لە ژیانی ڕاوکەر و کۆکەر. مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەر خواردەمەنیان سالمتر بووە، کاریان کەمتر کردووە و زۆر کەمتریش نەخۆشییان گرتووە. هاوکات لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ئابووریی، دیارە ژمارەی چەشنی خواردەمەنی بەرەو زیادبوون رۆییوە بەڵام خۆ خوادەمەنی زۆر بە مانای خواردنی سالم یاخود ئازادیی مرۆڤ نییە. بە پێچەوانە ئەزموونەکەی بووە هۆی گەورەبوونەوەی حەشیمەتی زەوی و لە نەهایەتدا زۆربوونی مرۆڤی خراپ و گەندەڵ. بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ژیانی ڕاوکەر و کۆکەر بە شێوەی مامناوەندی کەشاوەرز و وەرزێر لە ڕۆژدا کارێکی زیاتریان کردوە. بە گشتیی دەتوانین شۆڕشی ئابووریی بە گەورەترین ساختەکاریی مێژوویی ناو بەرین.

بەڵام ئەو ساختەکارییە دەکەوێتە سەر شانی کێ؟ ئەو کارە نە دەکەوێتە سەر شانی شا، نە مرۆڤی ئایینی و نە ماملەچی، بەڵکوو هەڵەی تاقەمێك چەشن گیا وەك: گەنم، برینج و یەرەلماسی بووە. لە ڕاستیدا ئەو دانەوێڵانە بوونە هۆی دەستەمۆکردنی مرۆڤی هۆمۆساپیەن، نەك بە پێچەوانەکەی.

جارێکیتر سەیری شۆڕشی ئابووریی دەکەین بەڵام ئەمجارەیان لە ڕوانگەی گەنمەوە. دە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا گەنم هەر وەك زۆربەی دانەوێڵەکانیتر یەك لە دانەوێڵە سرووشتییەکان بووە کە بە گشتیی تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕواوە. لە ماوەی کەمتر لە چەند هەزار ساڵدا بە گورجی وەك سەرکەوتووترین دانەوێڵە خۆی بەسەر هەموو قوڕنەکانی زەویدا بڵاو کردەوە. لە ناوچەیەکی وەك ناوەڕاستی ڕۆژئاوای ئەمریکا کە چەند هەزار ساڵ بەر لە ئێستا تەنانەت دەنکە گەنمێکی لێ نەڕواوە، ئەوڕۆ ئەگەر مرۆڤ بە سەیارە سەدان کیلۆمیتر بە نێوان مەزراکانی ئەو وڵاتەدا بگەڕێ، بە دەگمەن دەکرێ بە غەیری گەنم دانەوێڵەیەکیتر ببینێ. ئەمڕۆ گەنم زەویەکی بە پانتایی ٢،٢٥ ملیۆن کیلۆمیتری چوارگۆشە (نیزیکەی دە جار گەورەتر لە خاکی بریتانیای گەورە ) داگیر کردووە! بەڵام گەنم چلۆن توانیویە ئەو کارە بکات؟

گەنم مرۆڤی بەستەزمانی هۆمۆساپیەنی بە لاڕێدا برد. ئەو چەشن مەیموون – مرۆڤە ساڵیانی درێژ وەك ڕاوکەر و کۆکەر لە ئارامی و هێمنیدا ژیانی دەکرد، کەچی

www.rojhalat.de / www.bokan.de

گەنم بووە هۆی ئەوەیکە مرۆڤ کاتێکی زیاتر بۆ پەروەراندنی ئەو دانەوێڵەیە تەرخان بکات. تەنانەت دوای ماوەیەکی کاتیی وای لێهات کە مرۆڤی هۆمۆساپیەن لە سەراسەری ئەم جیهانە تەنیا بە چاندنی ئەو دانەوێڵەیەوە خەریك بوون. بەو هۆیەی گەنم گیایەکی زۆر ئاڵۆزە، کارێکی پڕ لە زەحمەت و چەرمەسەریی بۆ مرۆڤ دروست کرد. گەنم لە زەوی بەردیندا بە باشیی پەروەردە نابێ، ناشتوانێ ژیان و ئاوی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی لەگەڵ گیاکانیتر بەش بکات و بەو هۆیە مرۆڤی هۆمۆساپیەن زۆربەی کاری خۆیان لە ژێر گەرمای خۆرەتاودا بە هەڵکۆڵینی دار و بەرد و گیاکانی دەوروبەری گەنمەکەوە خەریك کردبوو. سەرەڕای ئەوانەش گەنم گیایەکی ئەستەمە و زۆر زوو نەخۆش دەکەوێ و دەبوو مرۆڤ ئاگای لە کرم و ئەو بوونەوەرانە بێ کە ئازاریان پێ دەگەیاند. گەنم ناتوانێ بە تەنیا خۆی لە بەرابەر کەروێشك و نینۆکەشەیتانە کە زۆر بە مەیلەوە دەیخۆن، پارێزگاری بکات، ئەو کارەش دەکەوتە سەر ئەستۆی وەرزێران. مرۆڤی بەستەزمانی هۆمۆساپیەن بۆ ئاودانیشی دەبوو لە کانیاو و چۆمەکانەوە بە کۆڵ ئاوی پێ بگەیێنێ و بە کۆکردنەوەی پەین و بڵاوکردنەوەی لەسەر مەزرای گەنمەکە زەویەکەی پەروەردە بکات. ئەو کارانە لەگەڵ مێکانیزمی مرۆڤی هۆمۆساپیەن بە هیچ شێوەیەك سازگار نەبوو. مرۆڤی هۆمۆساپیەن بەهۆی گەشەسەندنەوە بۆ وەسەر کەوتن لە دار و سیپە دانان بۆ ڕاو، ڕاهینرابوو نەك بۆ زەوی کێڵان و ئاو هێنان و ... . پشت، ئەژنۆ، ئێسقانەکانی دەست و قاچ و زۆر یەك لە ئەندامانی لەشی مرۆڤی هۆمۆساپیەن بەهۆی شۆڕشی ئابوورییەوە لە داهاتوودا بە هێشێکی زۆر و چەرمەسەریی بۆ کاری نوێ، دەبوو گۆڕانکارییان بەسەردا بێت. لێکۆڵینەوە لەسەر فوسیل و ئێسقانی دۆزراوەی مرۆڤی هۆمۆساپیەن نیشانی دەدەن کە بۆ خو سازگارکردن لەگەڵ ژیانی نوێ ئازارێکی زۆریان دەبێ کێشابێ. سەرەڕای ئەوانەش کارێ کشاوەرزی هەموو کاتی ئەوانی پڕ کردبۆوە و تا سەردەمی پیری دەبوو لە دەوری مەزرای گەنمەکەیاندا بمێننەوە و ئیتر بۆ ئەوان پشوودان هیچ مانایەکی نەمابوو.

بەڵام چ شتێك بووە هۆی ئەوەیکە مرۆڤی هۆمۆساپیەن ژیانی خۆشی پێشووی لەگەڵ ئەو ژیانە پڕ لە چەرمەسەرییە بگۆڕێتەوە؟ ژیانی نوێ چ خاڵێکی باشیی بۆ ئەو هەبوو؟ تەنانەت خۆراکێکی باشتریش بۆ مرۆڤ نەبوو، چونکە مرۆڤ دەتوانێ بە هەموو خواردەمەنییەك خوو بگرێت و لە ڕاستیدا هەموو شتێك بخوات. پیش شۆڕشی ئابووری هیچ دانەوێڵەیەك لە لیستی خواردەمەنییەکەیدا نەبوو. دانەوێڵەکان بە گشتیی

مێنراڵ یاخود ماکەی ڤیتامینداریان زۆر کەمە و زۆر بە دژواریی هەزم دەکرێن و زیانێکی زۆر بە ددان دەگەیێنن. دانەوێڵە بە گشتی و گەنم بە تایبەت نەتەنیا هیچ پارێزگارییەکی ئابووری بۆ مرۆڤ بە دیاریی نەهێنا بەڵکوو بە پێچەوانە ژیانی کەشاوەرزی بۆ مرۆڤ زۆر ناسەقامتر بوو لە ژیانی ڕاوکەر و کۆکەر. بەهۆی ویشکساڵی و هێرشی کرم و بوونەوەری زیانبار بۆسەر دانەوێڵەکانیان سەردەمێکی دژوار و پڕ لە زەحمەتیان بۆ دروست دەکرا کە بە گیانی هەزاران مرۆڤ بۆیان تەواو دەبوو. بەهۆی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لەسەر جێگایەکی نەگۆڕ، گوشار و مەترسی هێرشی مرۆڤی تووڕە، دز، چەتە، مفتەخۆر، داگیرکەر و برسیشیان لەسەر زیاد کرا.

لێکۆڵینەوەی کۆنە ناسیی نیشانیداوە هەر کۆمەڵگایەکی ئاسایی کەشاوەرزیی بەرەو دروستکردنی گوند یا بنەماڵەیەکی گەورە نەڕۆیبێ، بە شێوەیەکی دڕەندانە لەناو چوون و کارەساتیان بەسردا هاتووە. لە داهاتوودا بەهۆی گەورەبوونەوەی کۆمەڵگا و دروستکردنی شار و دانانی یاسا و هێزی پارێزەری کۆمەڵگا، مرۆڤ لە کارەسات و کاری تووڕەی تاقەمێك دز و چەتە تا ڕادەیەك پارێزراو بوو.

١٥ هەزار ساڵ پێش ئێستا کاتێك مرۆڤ گیا و میوە و کارگی سرووشتییان کۆدەکردەوە و ئاژەڵی وەحشییان ڕاو دەکرد، بۆ وێنە ناوچەیەکی وەك یەریشۆی "Jericho" فەلەستین دەیتوانی کۆمەڵێکی سالمی سەد کەسی تێر بکات. دە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا کاتێ مەزرای گەنم جێی گیا و میوەی سرووشتیان گرتەوە، هەمان ناوچە ناچار بە تێرکردنی هەزاران مرۆڤی نەخۆش و برسیی کرا. بەهای گەشەسەندن نە برسیەتییە و نە ڕەنجکێشان، بەڵکوو (د. ن. ئا.) یە. هەر بەو شێوەیەی سەرکەوتوویی ئابووری کارخانەیەك لەسەر حیسابی بانکی بە دۆلار هەڵدەسەنگێندرێ، بە هەمان شێوە سەرکەوتوویی گەشەسەندنی چەشنەکان بە ژمارەی مولوکوولی (د. ن. ئا.) کەیان بەستراوەتەوە. هەر وەك چۆن کارخانەیەك مایەپووچ دەبێ و دەسمایەکەی لە دەست دەدا، ئەگەر چەشنێك (د. ن. ئا.)کەی لەناو بچێ، ئیتر دەمرێ. لە سرووشتدا ئەو چەشنانە سەرکەوتوون، کە ژمارەی مولکوولی (د. ن. ئا.)یەکی زۆریان بووبێ. شۆڕشی ئابووری بەو شێوەیە خوی ڕادەگرێ: مرۆڤێکی زیاتر تێر دەکات، سەرەڕای ئەوەیکە بارودۆخێکی باشیشیان لە ڕوانگەی سلامەتییەوە نەبێ!

بەڵام بۆ دەبێ مرۆڤی ژێر تەنیا بۆ زۆرکردنی (د. ن. ئا.)ی مرۆڤی هۆمۆساپیەن بە ویستی خۆی ستانداردی ژیانی خۆی بێنێتە خوارێ؟ مرۆڤ بڕیاری لەسەر شۆڕشی ئابووری نەداوە، بەڵکوو تەنیا کەوتوونەتە ناو ئەو داوەی شۆڕشی ئابووریی بۆی ناونەتەوە!

## دەستپێکی ژیانی مودێرن

شۆڕشی ئابووریی خۆی بەرە بەرە سەقامگیر کرد و بۆ ماوەی سەدان و هەزاران ساڵ بەردەوام مایەوە. دیارە مرۆڤی هۆمۆساپیەن کە تا ئەوکات تەنیا گوێز و کارگیان کۆ دەکردەوە و کەروێشك و ئاسکە کێوییان راو دەکرد، وا نەبوو دوای شۆڕشی ئابووری لەپڕێکدا و بە ڕۆژێك لەناو خانووچکەیەکدا دانیشن و بحەسێنەوە، بەڵکوو بە پێچەوانە بەردەوام بە زەوییەکان رادەگەیشتن، گەنم و دانەوێڵەیان دەچاند و بە کۆڵ ئاویان لە چۆمەکانەوە بۆ مەزراکەیان دەکێشا.

مرۆڤی هۆمۆساپیەن نیزیکەی ٧٠ هەزارساڵ بەر لە ئێستا گەیشتۆتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ٥٠ هەزار ساڵ لەو ناوچەیە ژیاوە بە بێ ئەوەیکە خۆی بە زەویدارییە یاخود وەرزێرییەوە خەریك بکات. زۆر چالاکانە ماکەی خوادەمەنی کافی لە ناوچەکە بۆ تێرکردنی خۆی فەراهەم کردووە. بۆ زا و زێ هەر وەك ئاژەڵ لە کاتی خۆشیی و پڕ بیت و بەرەکەتیدا هۆرمۆنی نیزیکی کردنیان ئاکتیو بوە و بەتایبەت کیژە پێگەیشتووەکان زووتر بلووغ بوون و زگیان پڕ بووە و منداڵیان بووە. لە کاتی ناخۆشیشدا هۆرمۆنەکانیان کەمتر ئاکتیوبوون و ماوەیەکی زیاتر نیزیکی یەکتر نەبوون و منداڵی کەمتریان لێ بۆتەوە. ئەو چەشن کۆنترۆڵە سرووشتییە بۆتە هۆی پێکهاتنی مێکانیزمی کولتووری. کۆرپەی ساوا و مناڵە بچکوولەکان کە نەیاندەتوانی خۆیان بەڕێدا بڕۆن و هاتوچۆ و جێگۆڕکێیان چەتوون بووە، لە هەنبەر ئاژەڵە وەحشییەکان وەك بارێك بە کۆڵی گەورەکانەوە قورساییان دەکرد. بەو هۆیە ژنان بە هەر سێ یا چوار ساڵ، منداڵێکیان دەبوو. بەهۆی شیردانی بەردەوامی منداڵەکانیان تا تەمەنی سێ و چوار ساڵە، دەیانتوانی ئەو ریتمە راگرن. (سەلمێندراوە، شیر دانی بەردەوامی دایك پێشگری لە زگپڕبوون دەکات)

لەو سەردەمە دوور و درێژەشدا مرۆڤ بۆ خۆ تێرکردن جار و بار گەنم و دانەوێڵەسرووشتییەکانی تاقی کردۆتەوە. ١٨ هەزار ساڵ پێش ئێستا سەردەمی

www.rojhalat.de / www.bokan.de
سەهۆڵبەندان کۆتایی پێهات و سەردەمی گەرما دەستیپێکرد. بە هاتنی گەرما و گۆڕانی کەش و هەوای ناوچەی ڕۆژهەڵات و بارینی باران، سرووشت بارودۆخێکی باشی لە ڕوانگەی پەروەردەکردنی دانەوێڵەکان و بەتایبەت گەنم بۆ پێکهات. مرۆڤ زیاتر گەنمی دەخوارد و هەوڵی کۆکردنەوە و ڕاگرتنی لە جێگای ئەمن دەدا. بەو هۆیەی دەنکەکانی گەنم بچووکن، کاتی کۆکردنەوە و بردنیان بۆ جێگای ئەمن و ئەنبارەکان، لە ڕێگا دەنکە گەنمیان لێ بەردەبۆوە و بە پێی کات گەنم لە دەوروبەری ئەنبارەکانیان شین دەبوون و بەرە بەرە زەویەکان پڕ ببوو لە مەزرای گەنم. لەو جێگایانەی گەنم و دانەوێڵەکانیتر بە ئەندازەی کافی ڕوابوو، مرۆڤی لێ نیشتەجێ دەبوو و بەرە بەرە لە ژیانی کۆچبەرییەوە بەرەو ژیانی وەرزێری ڕۆیشتن. بەو شێوەیە گوندەکان و دواتریش شارەکان پێکهاتن. جێ پێ و شوێنی ئەو گوندە کۆن و قەدیمییانە لە هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دۆزراونەتەوە، بە تایبەت لە ناوچەی لێوانتە(Levante) کە وڵاتانی خوار ئیتالیا واتە مێزۆپێتامیا دەگرێتەوە وکۆنایەتییان دەگەڕێتەوە بۆ نیزیکەی ۹۵۰۰ تا ۱۲۵۰۰ ساڵ پێش زایین. لە پەنا ئەوەشدا هەندێك لەو مرۆڤانە کە لە ناوچەکەدا بەردەوام نیشتەجێ ببوون، بە شێوەی ڕاوکەر و کۆکەر مانەوە و خۆیان هەم بە ئاژەڵ و گیا سرووشتییەکان و هەم بە دانەوێڵەکان تێر ڕاگرتووە.

ئەو مرۆڤانە بۆ مانەوەی بەردەوام لە ناوچەکە خانووچکەیان ساز کردووە، مێشکی خۆیان بە دروستکردنی ئەنبار و جێی ڕاگرتن بۆ دانەوێڵە لە کاتی قات و قڕییدا خەریك کردووە و بۆ هاسانکاریی و باشترڕاگەیشتن بە زەوییەکانیان، کەرەسەی تایبەتیان دۆزیوەتەوە. بە پێی کات بۆیان ڕوونبۆتەوە بۆ بەرهەمهێنانی باشتری دانەوێڵەکان دەبێ نێوکی گیاکان لە ژێر زەوی بچێنن و کەرەسەی هەڵقەندن و کێڵانیان دروست کردووە. بە پێی کات بۆ بەرهەمهێنانی باشتر، فێر بوون مەزراکانیان لە هێرشی حەشەڕات(مێروو) و ئاژەڵە زیانبارەکان بپارێزن، کوود یاخود ماکەی وزەدەر بە زەوییەکانیان بدەن و سیستەمی کاناڵکێشیی بۆ ئاودان دروست بکەن. هەرچەند زیاتر خۆیان بە زەوییەکانیانەوە خەریك کردووە، بەو ئەندازەیەش لە ڕاوکردنی ئاژەڵ و ژیانی ڕاوکەری دوور کەوتوونەتەوە و بە پێی کات ڕاوکەر بۆتە وەرزێر.

ژنی ناو کۆمەڵگای ڕاوکەر و کۆکەر کە تا ئێستا خۆی بە کۆکردنەوەی گیا و کارگە سروشتییەکانەوە خەریك کردبوو، ئیتر لێرە بەولاوە پیشەی بۆتە کار لەسەر مەزرا و بەکارهێنانی دانەوێڵە بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ تێرکردنی ئەندامانی بنەماڵەکەی.

زانایان لەسەر ئەو بۆچوونەن کە ژیانی وەرزێری بە شێوەی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەناو گوند و شارۆچکەکانی ئەوکات نیزیکەی ١٠٥٠٠ ساڵ بەر لە زایین دەستیپێکردووە. بەهۆی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لە جێگایەکی نەگۆڕ و هەروەها زۆر بوونی ماکەی خواردەمەنی، ژمارەی حەشیمەتی کۆمەڵگاش بە پێی کات زیاتر بۆتەوە. هاوکات لەگەڵ زۆربوونی حەشیمەتی کۆمەڵگاکان بەوهۆیەی منداڵان ئیتر شیری دایکیان کەمتر خواردووە و لە ژینگەیەکی پیس و چەپەڵدا گەورەبوون، ژمارەی مردنی منداڵ لە تەمەنی کەمدا پەرەی سەندووە. لە بنەماڵەی ئەوکاتدا لە هەر سێ منداڵ، یەکیان نەگەیشتووە بە تەمەنی ٢٠ ساڵە و مردووە. بەڵام بەهۆی گەورەبوونەوەی زاوزێی منداڵ، ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵگا زۆر و زۆرتر بۆتەوە. بە پێی کات کار لەسەر مەزرا دژوارتر بووە، منداڵ وەك مێشوولە مردوون و گەورەکان بە ئارەقەی نێوچاوانیان خۆیان و بنەماڵەکەیان تێر ڕاگرتووە.

بە شێوەی مامناوەندی بارودۆخی وەرزێری ١٠ هەزار ساڵ بەر لە زایین زۆر خراپتر بووە لە هی مرۆڤی پێشتریان واتە سەردەمی ڕاوکەر و کۆکەر. بەڵام سرووشتییە کەس سەرنجی بەو ئاڵوگۆڕە نەداوە و خۆی پێوە ماندوو نەکردووە. وەچەکانی نوێ بە شێوەی باب و باپیریان ژیانیان کردووە. بە پێچەوانە کە هەمیشە مرۆڤ لە هەوڵی هاسانترکردن و ڕاحەتبوونی ژیانیدا بووە، ئەو سەردەمە زیاتر مرۆڤی بەرەو گۆڕانکاریی نەرێنی بردووە.

لە لایەکەوە کاری ڕۆژانەی مرۆڤ زیاتر بۆتەوە، و لە لایەکیتریشەوە بەهۆی زۆر بوونی مناڵ نەیتوانیوە پێشبینی چلۆنایەتیی داهاتووی خۆیان و بنەماڵەکەیان بکەن. ئەوان لە ڕوانگەی پزشکییەوە ئاگایان لە سیستەمی کارکردنی جەستەی مناڵان نەبووە کە بە کەمکردنەوەی شێری دایك و تێرکردنیان بە گەنم، زیانیان پێ دەگەیینن. هەروەها نەیانزانیوە بە کۆکردنەوەی دانەوێڵە بۆ کاتی تەنگانە، دز و دوژمن بۆخۆیان دروست دەکەن و ناچار بە دروستکردنی دیوار و قەڵا و دانانی کێشکچی دەبن. بەڵام بۆچی وازیان لەو ژیانە نەهێناوە و نەگەڕاونەتەوە بۆ ژیانی ڕاوکەر و کۆکەری پێشوویان؟ هۆکارەکەی ڕوونە: یەکەم، پێشبینی داهاتوویان بۆ نەکراوە و دووهەم، وەچەی داهاتوو نەیتوانیوە بزانێ پێشتر چی روویداوە. ئەوە یەکەم جار نەبووە مرۆڤ بخرێتە بازنەیەکی شەیتانی کە دەرچوون لێی بۆی دژوار بێ. هەر کام لە ئێمە چەندین جار

لە ژیانماندا شاهید بوین، گەنجی ئەمڕۆیی تووشی بە کارێکەوە دەبێ کە هیچ تامەزرۆییەکی بۆی نییە، لای خۆی مەرج دەبەستێ ئەگەر چەند ساڵێك کارەکە بەڕێوەبەرێ و بڕێك پارە کۆکاتەوە، وازی لێ دێنێ و وەدوای ئەو کارە دەکەوێ کە خۆی پێی خۆشبێ! بەڵام وەك مرۆڤی ئەوکات، هەر پێی کەوتە ناو ئەو بازنەیەوە دەرچوونی لێ چەتوونە و تا پیربوونی درێژەی پێدەدا!؟

سەرەڕای ئەوەیکە ژیانی مرۆڤ بەهۆی کەرەسەی مودێرنەوە هاسانتر بۆتەوە، کات بۆ پشوودانی مرۆڤ زۆر لە جاران کەمترە! نموونەیەك دەهێنمەوە کە پێموایە هەموومان ئاشناییمان لەگەڵی هەیە:

لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین کەرەسەی هاسانکەرەوەی ژیان دروست کراون وەك: کەرەسەی جل شۆر، گەسکی بەرقی، قاپشۆری بەرقی، تەلەفۆن، سەیارە، کامپیۆتر، فڕۆکە، ئیمەیل و ... زۆر کەرەسەیتر کە لە ڕاستیدا تەنیا بۆ گورجکردن و ڕاحەتکردنەوەی کاری ڕۆژانە و پاشەکەوتەکردنی کات بۆ پشوودان دۆزراونەتەوە! جاران پێمان وابوو نووسینی نامەیەك کاتێکی زۆرلە مرۆڤ دەگرێ: دەبوو نامەکە بنووسرێ، پاکەتی بۆ بکڕدرێ، ببردرێ بۆ ئیدارەی پۆست و بنێردرێ. چەندین ڕۆژی پێویست بوو تا بە مەقسەد بگا. بۆ وەڵامەکەشی بە هەمان شێوە کاتێکی زۆری دەکێشا هەتا دەهاتەوە. ئەمڕۆ لە ماوەیەکی کورت واتە چەند خولدا ئیمەیل دەنووسرێ، دەنێردرێ و وەڵامەکەشی دێتەوە. بەڵام ئایا کاتی زۆرترمان بۆ خۆمان هەیە؟ بە پێچەوانە، ئەو کات بۆ نامە نووسین بیرمان لە ناوەڕۆکی نووسینەکە دەکردەوە و بۆ وەڵامەکەشی چاوەڕوانی ناوەڕۆکێکی ئەدیبانەمان لێدەکرد. لەوانەیە لە مانگدا یەك یا دوو نامەمان بنووسیبایە. ئەمڕۆ پەیتا پەیتا و لە چەند خولدا چەندین ئیمەیلمان بۆ دەنێردرێ، بە بێ بیرکردنەوە لە ناوەڕۆکەکەی وەڵامی هەموویان دەدەینەوە. بەو کارە نەتەنیا کاتی زیادیمان بۆ نامێنێتەوە بەڵکوو ژیانمان زیاتر بە کاری بێ ناوەڕۆکەوە خەریك دەکەین و لە نەهایەتدا ماندوو و شەکەتتر لە جاران ڕۆژ تێپەڕ دەکەین.

لێرە و لەوێ، تاك و تووك دەبینرێ مرۆڤ هەن کە هێشتا نامە دەنووسن و پێیان خۆش نییە بە شێوەی دیجیتاڵی ئەو کارە بەڕێوە بەرن. بە دڵنیاییەوە کاتی شۆڕشی ئابووریش مرۆڤ هەبوون کە ژیانی پێشوویان پێ باشتر بووە، بەڵام بەپێی ئەزموونی مێژوی ڕابردووی مرۆڤایەتیی بۆ بەڕێوەبردنی شۆڕشەکان پێویست بە هەموو مرۆڤ نەبووە و سێڵاوی ئاڵوگۆڕەکە هەر وەك ئەمڕۆ ئەوانیتریشی لەگەڵ خۆی وەڕێخستووە.

لە مێژووی ڕابردووی بەرەو مودێرن ڕۆیینی ژیانی مرۆڤ دەتوانین دەرس وەرگرین کە بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵگا ووزەیەکی یەکجار مەزن بەکار هێنراوە، بەبێ ئەوەیکە بزانرێ داهاتووی ئەو گۆڕانکارییانە چی و چلۆن دەبێ و ڕێگاکان بەرەوکوێ لێ دەخوڕدرێ! باشترین نموونە شۆڕشی خەڵکانی ئیران دژ بە ڕژیمی شایی بوو. خەڵك تەواوی وزەی خۆیان بۆ لەناوبردنی بەکارهێنا بۆ ئەوەی داهاتوویەکی باشتریان هەبێ. کەچی خۆیان لە زلْقاوێکەو خستە ناو زلْقاوێکی گەلێك قووڵتر.

## شۆڕشی ئاسوودەخوازی

تیئۆریی ئاسوودەخوازیی و ژیانی مودێرن بۆ مرۆڤ وەك ئەزموونییێکی تاڵی حیسابنەکراو بۆ شۆڕشی ئابووری لە ئەژمار دێ. بەڵام ئەو ئەزموونە هێشتا گونجاوە، چونکە مێژوو نموونەی زۆر تاڵتری بەخۆوە بینیوە. بە دڵنیاییەوە هەمیشە ئاڵترناتیو یاخود ڕێگایەکیتر بۆ هەڵبژاردنی پرۆسەی ژیان هەبووە. بڵێی ئەو کارە تەنیا بۆ وەدیهێنانی ئارەزوو و ئاسایشی ژیانی مرۆڤ نەبووبێ؟ بڵێی وەدوای ئامانجێکیتر نەکەوتبێتن و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بە لاڕێدا کێشرابن و ژیانی خۆیان پێ دژوارتر کردبێ؟

پسپۆران گۆڕانکاریی مێژوویی بە ژمارە و فاکتی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕوون دەکەنەوە و ئەو کارەیان زیاتر لەگەڵ مودێلی بیرکاری دەگونجی. بۆ ڕوونکردنەوەی مێژوویی مودێرن ناکرێ فاکتەری وەك ئیدیۆلۆژیکی یاخود فەرهەنگی پێوە بلکێندرێ، چونکە ئەوان تەنیا بەهۆی بەڵگە نووسراوەکانی مێژوویی ناچار بەو کارە دەکرێن. بۆ وێنە بەڵگەی کافی وەك نامە و بیرەوەریی هەن و دەیسەلمێنن کە شەڕی جیهانی دووهەم نە بەهۆی برسیەتیی و نە بەهۆی گەورەبوونەوەی حەشیمەت هەڵگیرساوە.

بەداخەوە بۆ سەلماندنی سەداوسەدی بۆچوونەکان، مرۆڤی ئەوکات هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆیان لەخۆیان بەجێ نەهێشتووە. بەو هۆیە لە پەیوەندیی لەگەڵ فەرهەنگی کۆن، دەبینین هەمیشە ڕوونکردنەوەی ماتریالیستییان پێوە دیارە. زۆر چەتوون دەتوانین بیسەلمێنین ئەو خەڵکانەی نووسراوە و بەڵگەیان لێ بەجێ نەماوە، نەك بەهۆی بارودۆخی ئابووریی بەڵکوو بەهۆی باوەڕی ڕاستەقینەیان، ڕێگای ژیانیان هەڵبژاردووە.





شوێنەواری بەجێماو لە تەپۆڵکی گوبێکلی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و یەك لە پانزدە ستوونی پێنج میتری ئەو بینایانە کە لە لایەن کۆنەناسانی ئاڵمانیەوە دۆزراونەتەوە.

ساڵی ١٩٩٥ چەند لە کۆنەناسانی ئاڵمانی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا تەپۆڵکێکیان بە ناوی "گوبێکلی"Göbekli پشکنی. لەژێر ئەو تەپۆڵکەیەدا چەندین کۆڵەکەی بەردینان دۆزییەوە کە تاقەمێکیان قورساییان بە حەوت تۆن و بەرزاییان بە پێنج میتر دەگا. لە پەنا ئەو گاشەبەردانەدا بەردێکیان دۆزییەوە کە دەبێ بۆ دارەڕا کەڵکیان لێوەرگرتبێ و قورسایی بە پەنجا تۆن دەگا. تا ئەوڕۆ لە تورکیا زیاتر لە ١٠ بینای لەو چەشنە لە لایەن کۆنە ناسانی ئاڵمانییەوە دۆزراونەتەوە کە گەورەترینیان نێوژێ یەکەی ٣٠ میترە.



"Stonehenge" لە باشووری وڵاتی ئینگلیز

کۆنەناسان جێی هاوچەشنیتریان لە گۆشەکانیتری ئەم جیهانە و بەتایبەت "Stonehenge" لە باشووری ئینگلیز پشکنیوە، و بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ تەپۆڵکی گوبێکلی بەو ئەزموونە گەییون: "Stonehenge" نیزیکەی ٤٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا لە لایەن کۆمەڵگایەکی وەرزێرییەوە دروست کراوە لە حاڵێکدا مێژووی تەپۆڵکی گوبێکلی دەگەڕێتەوە بۆ ١١٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا و وێدەچی لە لایەن مرۆڤی ڕاوکەر و

www.rojhalat.de / www.bokan.de
کۆکەرەوە دروست کرابێ. بەڵام بۆچی مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەر دەبێ جێگایەکی وەك تەپۆڵکی گوبێکلییان بینا کردبێ؟ ئەو بینایە نە لە هێرشی فیلی ماموت پارێزگاریی کردون و نە لە مەترسیی ئاژەڵە دڕندەکانیتری ئەو ناوچەیە. کەوابوو دەبێ مەبەستێکیتریان لە دروستکردنی ئەو بینایە بووبێ. بۆ دروستکردنی ئەو بینایە دەبێ ئەوکات هەزاران کەس لە تایفە و عەشیرەی جۆراوجۆر کاتێکی درێژ پێکەوە هاوکاریی و بەشدارییان تێداکردبێ. زانایان لەسەر ئەو بۆچوونەن هۆکاری بەڕێوەچوونی کارێکی ئەوتۆ دەبێ باوەڕ یاخود ئیدیۆلۆژییەکی هاوچەشن لە نێوان ئەو خەڵکانەدا بووبێت. دواتر پشکنینەکان ڕوونیان کردۆتەوە کە گەنمی پەیوەندکراو(تووزکراو) لە لایەن مرۆڤەوە کە زانایان ساڵیانی درێژ بوو وەدوای دۆزینەوەی یەکەم جێی پەروەردە و تووزکردنی دانەوێڵەکانەوە بوون، لە نیزیکی ئەو ناوچەیە واتە ٣٠ کیلۆمیتری ئەو تەپۆڵکە و لە داوێنی ئاگرفشانی قەرە کێو "Karacadağ" بەڕێوە چووە.

لە شێوەی ئاسایی خۆیدا باو بووە کە هەمیشە مرۆڤ لە جێگایەك نیشتە جێ بێ و دواتر بینا و جێی عیبادەتی تێدا ساز بکات. بەڵام لە تەپۆڵکی گوبێکلی بە پێچەوانە پێشتر بیناکەیان لێ ساز کردووە و دواتر لەوێ نیشتەجێ بوون! زانایان لەسەر ئەو باوەڕەن کە بارودۆخی تەپۆڵکی گوبێکلی و تووزکردنی گەنم بەهۆی مرۆڤی ئەو کات، بە هەڵکەوت نەبووە و دەبێ پەیوەندیان لە نێواندا بووبێ. تەنیا بۆ تێرکردنی زگی مرۆڤ، دروستکردنی بینایەکی ئاوا مەزن پێویست نەبووە، بەڵکوو دەبێ باوەڕ بە ئایین یاخود شتێکی لەو چەشنە وادار بە کارێکی ئەوتوی کردبێتن.

## قوربانیانی گەشەسەندن



پەیوەندی نێوان مرۆڤ و دانەوێڵە و گیاکان، تەنیا رێککەوتنی نێوان مرۆڤ و شەیتان نەبوو، بەڵکوو ئەو پەیوەندییە، ئاژەڵەکانی وەك مەڕ، بزن، بەراز و مریشك، گا و کەڵەباب و ... بوونەوەریتریشی گرتەوە. ڕاوکردن و ماڵیی کردن و دەستەمۆکردنی ئەو ئاژەڵانە ژیانی مرۆڤ و هەروەها ژیانی سرووشتیی ئاژەڵەکانیشی بە تەواوی گۆڕی. مێژووەکە ڕەنگە بەو شێوەیە دەستپێکردبێ: دەبێ مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەر لە هەوەڵەوە مەڕ و بەرازیان ڕاوکردبێ و بۆ تازەڕاگرتنی گۆشتەکەیان ژومارێکیشیان بە زیندوویی هێشبێتەوە. بەرە بەرە ژمارەی ئاژەڵە ڕاگیراوەکان زیاتر بوون و بە پێی کات وەك شێوەی ئاژەڵداری لێهاتووە. هەروەها بۆ پارێزگاریکردن لە هێرشی گورگ و شێر و ئاژەڵە دڕندەکانیتر وردە وردە جێگاوشوێنی تایبەتیان بۆ دروست کردوون. بە پێی کات و تێپەڕبوونی چەندین وەچە، ئەو ئاژەڵە ماڵییانە خوویان بە ژیان لەگەڵ مرۆڤ گرتووە، بێچویان لێ بووە و وەك هاوڕێیەکی ئاسایی ژیانی مرۆڤیان لێ هاتووە.

بە ڕاگرتنی ئاژەڵی وەك مەڕ، بزن، گا، گامێش، کەر، مریشك و کەڵەشێر و ... مرۆڤ توانی لە لایەکەوە خواردەمەنی (شیر، گۆشت و هێلکە و ...) و هەروەها ماکەی وەك پێست و پەشم و ... بۆخۆی دابین بکا و لە لایەکیتریشەوە لەو ئاژەڵانە بۆ کار و باری ڕۆژانە و هێنان و بردنی بار و کێڵانی زەوی و دواتریش بۆ هەڵسووڕاندنی ئاش و ... کەڵك وەربگرێ. لە زۆربەی ئەو کۆمەڵگایانەدا دیارە زیاتر گرنگایەتیی بە کشت و کاڵی دانەوێڵە دراوە بەڵام لە پاناشیدا و هاوتەریب ئاژەڵداریش بەڕێوە چووە.

هاوکات لەگەڵ مرۆڤ، ئاژەڵیماڵیش لەسەر زەوی خۆی بڵاوکردەوە. دە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا ژمارەی ئاژەڵە ماڵییەکانی وەك مەڕ و بزن و مانگا لە چەند ملیۆن تێپەڕ نەدەبوو. ئەوڕۆ ژمارەی ئەو ئاژەڵە ماڵییانە بەو شێوەیەیە: یەك ملیاڕد مەڕ، زیاتر لە یەك ملیاڕد مانگا و نیزیکەی ٢٥ ملیاڕد مریشك و کەڵەشێر لەسەر زەوی دەژین.

لە ڕوانگەی گەشەسەندنەوە کە سەرکەوتوویی چەشنەکان بە بڵاوبوونەوە و زۆربوونی (د. ن. ئا.)یان لەسەر زەوی دەپێورێ، دەبێ شۆڕشی ئابووریی شانسێکی گەورە و مەزنی لە پەنا مرۆڤی هۆمۆساپیەن، بۆ گا و مەڕ و مریشك بە دیاری هێنابێ. بەڵام بەداخەوە گەشەسەندن تاقە پێوەر نییە بۆ سەرکەوتوویی چەشنەکان. گەشەسەندن تەنیا بەرپرسە بۆ مانەوە و خۆزیادکردن، نەك بۆ شانس یاخود ئازار کێشانی ژیانی چەشنەکان. بۆ گەشەسەندن تەنیا ژمارەی چەشنەکان گرنگە نەك چۆنیەتیی هەستکردنیان بە ژیان. ڕەنگە مریشك و مانگا بە سەرکەوتوویی گەشەسەندن لە ئەژمار بێن، بەڵام ئەو دوو ئاژەڵە، ماڵوێرانترین و بەستەزمانترین بوونەوەری سەر زەوین. لە شێوەی ئاسایی و سرووشتی خۆیدا تەمەنی مریشك بە حەوت تا دوازدە و گا بە بیست تا بیست و پێنج ساڵ دەگا. بەڵام هەموومان دەزانین ئەوڕۆ بۆ هەڵسووڕانی بار و دۆخی ئابووری، ژیانی ئەو دوو بوونەوەرە زیاتر لە چەند حەوتوو، و ئەوپەڕەکەی چەند مانگ تێپەڕ نابێ. مرۆڤ لە ڕوانگەی ئابوورییەوە دەڵێ: "بۆچی سێ یا چوار ساڵ دان و ئاو بە مریشك بدەم کاتێك بە چەند حەوتوو قەڵەو دەبێ و کاتی خواردنی دەگا!"

مریشکی هێلکەکەر و گای شیردەر لە بازاری ئابووریدا ئیزنی زیاتریان بۆ ژیان هەیە. بەڵام چەشنی ڕاگرتن و بەدیلکردنیان و ئازاردان و زنجیرکردنیان لە جێگایەکی بچووکدا لەگەڵ ژیانی سرووشتییان بە هیچ شێوەیەك هەڵناسەنگێندرێ.

بۆ کارلێکێشان لە کەر، ئەسپ، ئێستر و وشتر و هەروەها یەخسیرکردن و گوێڕاگرییان لە مرۆڤ، دەبوو خوو، خوڕسکی سرووشتی و چەشنی ژیانیان، هەڵس و کەوتی سێکسی و ئازادی جووڵانەوەیان پێشی پێ بگیرترێ و گۆڕانکاری بەسەردابێ. بۆ بەجێهێنانی ئەو کارە مرۆڤ لە هەر گۆشەی ئەم جیهانە مێتۆدی تایبەت بەخۆیان دۆزیوەتەوە. ئەو ئاژەڵە بێ زمانانە لە قەفەس و تەویلەدا ڕادەگرن، دەیان خەسێنن بۆئەوەی ئیتر هەستی تووڕەیی و وەحشییان توونا بکەن و بە زەربی گۆپاڵ و قامچی و دار ناچار بە کار و گوێڕایەڵییان دەکەن.



ئەو وێنەیە لە قەبرێکی میسری دا ١٢٠٠ ساڵ بەر لە زایین دۆزراوەتەوە و کێڵانی زەوی بە هۆی ئەو ئاژەڵە نیشان دەدا. هەر وەك لە وێنەکەدا دەبینین، ئەو کاتیش هەر بە زەربی قامچی ناچار بە کاریان کردوون.

شیری ئاژەڵ مێتۆد یاخود شێوازێکی تایبەت بەخۆی لە دنیای ئابووریدا دۆزییەوە. مانگا، بزن و مەڕ، تەنیا ئەوکاتە شیریان دەدا کە گوێلك، بەرخ وکاژیلەیان هێنابێتە سەر دنیا، واتە بێچوولەیان لێ بووبایە. لە لایەکیشەوە بۆ ئەوەی ئەو بێچوولانە هەموو شیری دایکیان هەڵنەمژن، مرۆڤ مێتۆدێکی بۆ هەڵسووڕاندنی بازاری ئابووری دۆزیەوە کە ماوەیەکی کورت دوای لە دایکبوونی ئەو بێچوولانە، سەر دەبڕێن، دەخورێن و لە پێستەکەیان کەڵك وەردەگیرترێ. دایکەکانیشیان تا ئەو کاتەی شیر دەدەن، لێیان دەدۆشین و دواتر هەمیسان زگیان پڕ دەکرێتەوە. ئەو مێتۆدە تا ئەوڕۆش هەر بەردەوام ماوە. لە کارخانە مودێرنەکانی ئەوڕۆیی مانگایەك تەمەنی تەنیا بە پێنج ساڵ دەگات. مێتۆدیکیتریش لە ناو جووتیاراندا باوە کە ئیزن بە گوێلکەکان دەدەن بۆ

www.rojhalat.de / www.bokan.de

ماوەیەکی کورت مەمکی دایکیان بمژن، دوای ئەوەی شیرەکە بە باشی بچۆڕێتەوە، بێچووەکە لە دایکی دوور دەخەنەوە و شیرەکە دەدۆشن. بەڵام لەو مێتۆدەدا زۆر جار دایك و بێچووکە، بەرگری لەو کارە دەکەن و دۆشینەکە بۆ مرۆڤ دژوار دەکەن. لە سوودان بۆ فریودانی مانگاکە پێستی گوێلك پڕ دەکەنەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ لە ئاسوودەییدا شیری دایکەکەی بدۆشێ، تەنانەت بۆ ئەرخەیانکردنی مانگاکە، میزی مانگا بە پێستیە پڕکراوەکەدا دەکەن بۆ ئەوەی مانگای دایك بۆنی سرووشتی گۆێلکەکەی بۆ بێ و هیچ بەرگرییەك لە دۆشینی نەکات.

بەڵام لە هەموو کۆمەڵگاکاندا ئاژەڵ بەو شێوە دڕەندانەیە هەڵس و کەوتی لەگەڵ ناکرێ. تاقەمێك لە ئاژەڵەکان ژیانێکی باشیان بۆ دابین کراوە. بۆ وێنە مەڕی پەشمدار، سەگیماڵیی، پشیلە و ئەسپ و ... ژیانێکی باشتریان لە پەنا مرۆڤدا پێ بەخشرا. بە گشتی شۆڕشی ئابووری ژیانێکی پڕ لە چەرمەسەریی بۆ ژمارەیەکی زۆری ئاژەڵەکان بە دیاری هێنا.

## دروستکردنی دوڕگەی چێکراو



شۆڕشی ئابووری یەك لە مشتومڕهەڵگرترین ڕووداوەکانی مێژووییە. لایەنگرانی شۆڕشەکە لەسەر ئەو بۆچوونەن: "ئەو شۆڕشە سەردەمێکی نوێی بۆ پێشکەوتووخوازی و ئاسایش بۆ مرۆڤ بەدیاری هێناوە." ڕەخنەگاران لە هەنبەریدا لەسەر ئەو بۆچوونەن: " کەوتنە ناو داوی کاری وەرزێری و کشاوەرزی، دەستپێکردن بە کۆتایی پێهێنان بووە، چونکە بەو هۆیە مرۆڤی هۆمۆساپیەن پەیوەندیی لەگەڵ ژینگەی سرووشتیی خۆی لێ شێواوە و ڕێگای تەماح و لەخۆ نامۆبوونی پیشە کردووە."

لە ڕاستیدا مەبەست و چاوەڕوانی لێکردن لە شۆڕشی ئابووری هەر شتێك بووبێ، کاتێك دەستی پێکرا، ئیتر مرۆڤ نەیتوانی خۆی لێ ڕزگار بکات. بەدوای چاندنی دانەوێڵە و ئاژەڵداریی، ژمارەی نفووسی مرۆڤ وا بە گورجی بەرەو زۆربوون ڕۆیی کە تەنیا بەهۆی ئەو شۆڕشە دەتوانرا ئەو هەموو مرۆڤە تێر ڕاگیرترێ و بەوهۆیە ڕێگای گەڕانەوە بۆ سەردەمی ڕاوکەر و کۆکەری بەتەواوی لێ بەسترا.

١٢٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا، واتە پێش دەستپێکی شۆڕشی ئابووری ٥ تا ٨ ملیۆن ڕاوکەر وەك کۆچەر لەسەر پلانێتەکە لە هات و چۆ و جێ گۆڕکێ دابوون. هاوکات لەگەڵ سەردەمی نوێ، هێشتا ١ تا ١،٢ ملیۆن ڕاوکەر لە قوڕنەکانی ئەفریقا، ئەمریکا

www.rojhalat.de / www.bokan.de

و ئاسیا مابوونەوە بەڵام لە پەنا ٢٥٠ ملیۆن وەرزێری ئەوکاتدا زۆر لەبەر چاو نەبوون. زۆربەی کەشاوەرزی ئەو سەردەمە لە جێگای نەگۆڕدا خۆیان نیشتەجێ کردبوو، و تەنیا بەشێکی بچووك بە شێوەی عەشیرە لێرە و لەوێ لە هات و چۆدا بوون. کاتێك مرۆڤ بە شێوەی بەردەوام لە جێگایەکی نەگۆڕ جێی خۆی لێ خۆشکرد، ژینگەی ژیانی بەرتەسك کرایەوە. ژینگەی ژیانی مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەر نیزیکەی چەند سەد کیلۆمیتری چوارگۆشەی دەگرتەوە و تەواوی ناوچەکە بە دەشت و لێرەوار و چۆم و کانییەوە، وەك ماڵی ئەوان لە ئەژمار دەهات. بەڵام بە پێچەوانە کار و پیشە و ژیانی کەشاوەرز و وەرزێر تەنیا لەسەر زەوییەکی بچووك، باغچە و خانووچکەی گڵین یا بەردین کە گەورەییەکی لە چەند میتری چوارگۆشە تێپەڕ نەدەبوو، ساغ ببۆوە. وەرزێری ئاسایی ئەو سەرەمە هەستێکی سۆز و بەزەیی لە هەنبەر ماڵی نوێ خۆیدا تێدا پێك هات. ئەو گۆڕانکارییەی لە پرۆسەی چۆنیەتیی ژیانیدا لێ پێکهات، نەك هەر لە ڕوانگەی مەکانییەوە مرۆڤی گۆڕی، بەڵکوو ئاکامی ڕەوانیشی بەدواوە بوو. لێرە بەولاوە نیشتەجێبوونی بەردەوام لە چوارچێوەی خانووچکە و دابڕانی شوێنی ژیانی لەگەڵ جیرانەکان و هەروەها بارودۆخی ڕەوانی، بوونە هۆی پێکهاتنی کولتوورێکی بەرتەسك. زەوی و جێی ژیانی کەشاوەرزی نە تەنیا زۆر لە ناوچەی ڕاوگەی ڕاوکەر و کۆکەر بچووکتر بوو، بەڵکوو شێوەیەکی چێکراویشی هەبوو. لە دنیایەکی سرووشتی و ئاکار- کێویەوە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئاژەڵی سرووشتیی هەبووە، بەرەو دوڕگەیەکی چێکراو هیدایەت کرا و خۆی لە چوارچێوەکی بچووکدا لە ئاژەڵە دڕندەکان و سرووشت جیا کردەوە. دار بڕین، کاناڵ کێشان، زەوی کێڵان، داری میوە چاندن و خانووچکە دروستکردنیان کردە پیشەی خۆیان. ئەو ژینگە چێکراوە تەنیا بۆ مرۆڤ و گیای چاندراو و ئاژەڵە ماڵییەکان دروستکرابوو کە بە حەسارێك یاخود دیوارێکی بەردین لە سرووشت جیا کرابۆوە. کەشاوەرزی ئەو سەردەمە بە تەواوی توانایییەوە هەوڵی دوورڕاگرتنی گیا و ئاژەڵی دڕندەی کێویی لە دوڕگە چێکراوەکەیان بوون و تا سنووری لەناوبردنی هێرشکەران لە جێی و شوێنی ژیانیان پارێزگارییان کردووە. بە تایبەت پارێزگارییان لە خانووچکەکەیان کردووە کە زۆر لایان پیرۆزبووە.

لەوەتا سەردەمی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ دەستیپێکردووە، شەڕێکی بێ ئەمان لە هەنبەر تووناکردنی مێلوورە، جاڵجاڵووکە، قالۆنچەڕەشە و ... کە بە سەرلێشێواوی خۆ بە ماڵی مرۆڤدا دەکەن، لە ئارا دایە. پانتایی زەوی ٥١٠ ملیۆن کیلۆمیتری چوارگۆشەیە کە نیزیکەی ١٥٥ ملیۆن کیلۆمیتری چوارگۆشەی، بریتییە لە زەوی

ڕووتی. تەنانەت تا ساڵی ١٤٠٠ی زایینیش ١١ ملیۆن کیلۆمیتری چوارگۆشە کە ٢ لە سەدی زەوی ڕووت لەخۆ دەگرێ، لە لایەن کەشاوەرز و وەرزێڕەوە کەڵکی لێ وەردەگیرا. زۆربەی زەویی ماوە، یا زۆر سارد، ئیشك یاخود زۆر گەرم بووە و یا بەهۆیەکیتر بۆ کەڵکلێوەرگرتنی مرۆڤ گونجاو نەبووە. تەنیا لەسەر ئەو سەکۆ ٢ لەسەدە بچکوولانەیە، مێژوویی ئابووریی مرۆڤی لەسەر بەڕێوە چووە.

مرۆڤ بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو دوڕگە چێکراوەکەی بەجێ بێڵێ. هەروەها خوویان زیاتر و زیاتر بە شت و مەکی ناو ماڵ دەگرت. ڕەنگە یەکەمین وەرزێڕەکان لە ڕوانگەی ماڵییەوە زۆر هەژار هاتبانە بەرچاو، بەڵام بنەماڵەیەکی ئاسایی، لە ڕوانگەی کۆکردنەوەی کەل و پەلی نێو ماڵ، زیاتر لە هۆزێکی مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەر دەوڵەمەندتر بوون. بۆ بەڕێوەبردنی کار و باری کەشاوەرزی دەبوو کەرەسەی نوێ بدۆزرێتەوە و لە پەناشیەوە زێدەرۆیانە کەرەسەی لوکسی ناوماڵ و هەروەها بە ئەمری حاکمان لەسەر هێزی شانی مرۆڤی ئاسایی بینای سەیر و سەمەرە دروست بکرێن کە بە زوویی ئیتر بە بێ ئەو شتانە، ژیانیان بۆ دژوار ببوو. یەك لە هەرە کارە گرنگەکانی مرۆڤ ڕۆیشین بەرەو باوەڕ و خوڕافات، بە تایبەت بەهۆی ڕووداوەکان و کارەساتە سرووشتییەکانی دەوروبەری بوون.

## بیرکردنەوەی مرۆڤ لە داهاتوو

هاوکات لەگەڵ بەرتەسك بوونەوەی جێگای ژیانی وەرزێران، بە گشتیی بیرکردنەوە لەسەر کات و داهاتووی، کەوتە مێشکی مرۆڤەوە. ڕاوکەر و کۆکەر وزەی خۆیان بۆ پلان و بیرکردنەوە لە حەوتوو یاخود ساڵی داهاتوو تەرخان و خەسار نەدەکرد. بەڵام بە پێچەوانە، وەرزێر فانتازیا و خەونەکانی خۆی لە ساڵ و دەیەی داهاتوویدا سەیر دەکرد.

بۆ مرۆڤی کێوی، ڕابردوو هیچ ڕۆڵێکی گەورەی نەبووە، چونکە تەنیا بەشێوەی "لە دەستەوە بۆ دەم" دەژیان و بەو هۆیەی بەردەوام لە هاتوچۆدابوون، هیچ ئیمکانێکیان بۆ کۆکردنەوە و ڕاگرتنی خواردەمەنیی و شت ومەك و کەل و پەل نەبووە. سرووشتییە ڕەنگە ئەوانیش پلانی داهاتوویان لەسەردابووبێ، کە لە ئەشکەوتەکاندا نیشانە و ڕەسمیان کێشاوەتەوە. ڕەنگە لەو ڕێگایەوە بەهیوا بووبن خۆیان و چەشنی ژیانیان بۆ وەچەی داهاتوویان تۆمار بکەن. یەکگرتوویی و ڕقەبەرایەتیی نێوانیشیان نەخشەی درێژخایەن بوون و زۆر جار ساڵیانی درێژ پێویستیی بە کات بووە هەتا بە یارمەتیی یەکترەوە هاتوون، یاخود تۆڵە یان لە یەکتر سەندۆتەوە. لە دنیای ڕاوکەر و کۆکەردا پلاندانان بۆ داهاتوو، زۆر بە گورجی بە سنوور و ئەنجامی خۆی گەیشتووە. ئاساییە کە ئەو مرۆڤانە سەری خۆیان بە شتێکەوە خەریك نەکردووە کە کارتێکەریی لەسەریان نەبێ و نەزانن کە داهاتوودا چی لێ بەسەردێ.

لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ئابووریدا، داهاتوو بە ڕاشکاوی و جیددی کەوتۆتە مێشکی مرۆڤەوە و بە پێی کات گرنگایەتییەکی وەهای پێدراوە، کە وەپێش کاتی ئێستایان کەوتووە. وەرزێران بۆ کارکردنیان ناچار دەکران زیاتر و زیاتر بیر لە داهاتوویان بکەنەوە. بەر هەمە ئابوورییەکان بەرە بەرە دەکەوتنە ژێر ڕیتمی ساڵانە و دەبسترانەوە بە سەردەمی خەرمان. هێشتا دەورەی خەرمان کۆتایی پێ نەهاتبوو، دەبوو پلان بۆ کاری نوێ لەسەر مەزراکان دابنێن. ڕەنگە دوای خەرمان، مرۆڤ تەفاقی بۆ ڕۆژ و

مانگی داهاتوو هەبایە، بەڵام داهاتووی دووری ناچار بە بیرکردنەوە و کاری بەردەوام لەسەر مەزرای دەکردەوە.

خەمی ژیانی داهاتوو تەنیا بە ریتمی ساڵانە نەبەسترابۆوە، بەڵکوو بە گشتیی لەگەڵ بارودۆخی ناسوباتی ئابووریی گرێدرابوو. بەو هۆیەی مرۆڤ لە گوندەکان خۆیان بە بەرهەمێکی کەمی دانەوێڵە و ئاژەڵەوە خەریك کردبوو، مەترسیی قات و قڕی، سێڵاو یاخود نەخۆشیی هەڕەشەی لێدەکردن. وەرزێران ساڵ بە ساڵ بۆ کۆکردنەوە بۆ کاتی تەنگانە، ناچار بە بەرهەمی زیاتر لەوە دەکران کە خۆیان پێویستیان پێی هەبوو. بە بێ ئەو بەرهەم و انبارکراوانە نەیاندەتوانی پێداویستیی خۆیان دابین بکەن، چونکە زوو یا درەنگ، کارەساتی سرووشتی یاخود ساڵی قات و قڕیان لێ پەیدا دەبوو. ئەو وەرزێرانەی گەش بین بوون و پێشبینی ویشك ساڵییان نەدەکرد، زۆر زوو نابووت دەبوون.

کە وابوو هاوکات لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ئابووری مرۆڤ خەمی بۆ داهاتوو خواردووە. بەیانی زوو لە خەو هەستاوە، سەری بۆ ئاسمان هەڵێناوە: بڵێی ئەو هەورە هەوری باران بێ؟ بڵێی باران بە ئەندازەی کافی بباری؟ بڵێی نەبێتە تۆفان و زیان بە بەرهەمەکە نەگەیێنێ؟ وەرزێری خەمخۆر، وەك زەردەواڵە هەڵسووڕاوە و کاری کردووە. ئەوان داری زیتوونیان چاندووە کە منداڵ و نەوەکانیان دەیانتوانی بەرهەمی لێ وەرگرن. هەرئەوانیش بوونە مۆتۆری وەڕێخستن بۆ پێکهاتنی سیستەمی کۆمەڵگایەکی سیاسیی چەند لایەنە. جیا لە کارەساتە سرووشتییەکان، لە لایەکیتریشەوە هێزبەدەستانی ناوچەکان نەیاندەهێشت وەرزێڕ بە ئاسوودەیی ژیان بکا و دوای ئەو هەموو کارە زۆرە، بحەسێنەوە، پەیتا پەیتا بەرهەمی کارەکەیان بۆخۆیان هەڵدەگرت و بەشێکی کەمیان بۆ وەرزێڕەکان دەهێشتەوە. ماکەی دزراو و وەرگیراو لە وەرزێڕەکان بووە وزەی لێخوڕینی مێژوو و شارستانییەت. کاری وەرزێر و بەرهەمەکانی بوونە هۆکارێك بۆ پێکهاتنی فەلسەفە، سیاسەت، شەڕەکان، هونەر، دروستکردنی کاخەکان، قەڵاکان، خوداکان و پەرستگاکان و بەخێوکردنی شا و سەرباز، مەلا و فەقێ، هونەرمەند و ڕۆشنبیر و ... پێش سەردەمی مودێرن ٩٠ لە سەدی مرۆڤ پێشەیان وەرزێڕیی بووە کە هەموو ڕۆژێك بە عارەقەی نێوچاوانیان موتۆڕی ئابووریی جیهانییان وەڕێخستووە. مێژوو شتێکە کە لە لایەن کەمینەوە

www.rojhalat.de / www.bokan.de
نووسراوە، کەچی بۆ بەخێوکردنی ئەو کەمینەیە دەبوو زۆرینەی مرۆڤ، زەوی بکێڵن، ئاو بکێشن و بەرهەم پێك بێنن.

## دۆزینەوەی ڕێك و پێکیی

بەهۆی بەرهەمی پاشەکەوتکراوی وەرزێران و هەروەها کەرەسەی ڕاگوێستنەوەیان بۆ شار و گوندەکانی دەورووبەر، ژیانی مرۆڤ تا ڕادەیەك ڕێك و پێکتر بووەوە. هاوکات دەرفەتێکی نوێش بۆ پەیوەندیی نێوان شار و گوندەکان و هەروەها مرۆڤ پێکهاتن.

بۆ کەڵك وەرگرتن لەو دەرفەتە نوێیە، ئەگەر مرۆڤ بیویستبایە پێداویستی هەزاران کەس لە شار و گوندەکان و ملیۆنان مرۆڤی ناوچەکە دابین بکات، تەنیا بەرهەمی پاشەکەوتکراو و کەرەسەی هات وچۆ و هێنان و بردنیان کافی نەبوو. هەروەها ئەو کارە بە تەنیایی نەدەبووە هۆی یەککگرتوویی مرۆڤ لە ڕوانگەی دابەشکردنی زەوی، ئاو، ئایین، کێشەی ناو بنەماڵەکان یاخود لە هەنبەرهەڵس و کەوتی شەڕ و کاتی قات و قڕی و ویشکساڵییەکاندا. هەروەها ئەگەر ئەو مرۆڤانە نەیانتوانیبایە یەك بگرن، کێشەیان لە نێواندا بۆ دروست دەبوو، تەنانەت ئەگەر بەرهەمی وەرزێران و ماکەی خواردەمەنی لەوپەڕی گەشەکردنیشدا بایە.

زۆربەی شەڕەکان و شۆڕشەکان بەهۆی کەمبوون یاخود نەبوونی ماکەی خواردەمەنی پێك نەهاتوون. لە لووتکەی شۆڕشی فەڕەنسا وەرزێری برسی ڕانەوەستابوون، بەڵکوو زۆربەیان وەکیل و قازی و ڕۆشنبیری دەوڵەمەند بوون. لە سەدەی یەکەمی زاییندا ئیمپراتۆریی ڕۆم بە ئەوپەڕی هێزی خۆی گەیبوو ولە تەواوی ناوچەکانەوە بە پانتایی دەریای ناوەڕاست مرۆڤ خەریکی کاری بازرگانی، هێنان و بردنی بەرهەم و شتومەکی خواردەمەنی بە کەشتی بۆ ناوچە ڕۆمییەکان بوون. سەرەڕای ئەوەیکە خەڵکیی لە ناز و نیعمەتدا دەژیان، هاوکات بارودۆخی سیاسی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و شەڕی ناوخۆیی لەنێوان خەڵکەکاندا پێکهاتووە.ساڵی ۱۹۹۱ لە یوگوسلاویش باوەکوو قەفەسەی سۆپێرمارکتەکان پڕبوو لە ماکەی خواردەمەنی بەڵام نەیتوانی پێش بە شەڕی خوێناوی نێوان خەڵکەکەن بگرێ.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

بەرپرس بۆ ئەو کارەساتانە ئەو ڕاستییەیە کە ئێمەی هۆمۆساپیەن ئەو وارسکە سرووشتیەمان تێدا پەروەردە نەبووە کە بە بێ کێشە، بۆ ژیانی باشتر هاوکاری یەکتر بین. بە درێژایی ملیۆنان ساڵ مرۆڤ هەمیشە لە کۆمەڵێکی بچووکدا، لە قابغی خزم و کەس، لە گرووپی سنووردارردا ژیانیان کردووە. ئەو چەند سەدەیەی ڕابردووی دوای شۆڕشی ئابووری کافی نییە وارسکەیەکی ئەوتۆ پێکبێنێ کە مرۆڤ بتوانێ ژیانێکی ئارام و بێ شەڕ و قڕە بدۆزێتەوە. سەرەڕای ئەو ناتەواوییە بیۆلۆژیکییە مرۆڤی سەردەمی ڕاوکەر و کۆکەر لە گرووپی چەند سەد کەسیدا بە بێ ئەوەی یەکتر بناسن، لەگەڵ یەك ژیاون و لەگەڵ یەکتردا بێ کێشە ڕاویان کردوە. دیارە ئەو کارە هاوبەشییەش سنووری خۆی بووە و ڕەنگە بەهۆی داب و نەریت و خوڕافاتی وەك یەك پێکهاتبێ. گرووپی هەمەڕەنگ لە ڕوانگەی زانیارییەوە ئاگایان لەیەکتر بووە، شتومەك و ماکەی خواردەمەنی یان لەگەڵ یەکتر گۆڕیوەتەوە و لە ڕێوڕەسمی ئایینی و شەڕ دژ بە دوژمنانیان یەکگرتوو بوون. ئەوەیکە گرووپی هۆمۆساپیەن بە تەنیا ژیاون و تەنیا ئاگایان لە خۆیان بووە، مرۆڤ دەتوانێ بێتە سەر ئەو بۆچوونە کە تەنیا دابونەریت و خورافاتی وەك یەك بوونەتە هۆی ئەو یەکگرتووییە.

داب و نەریت و باوەڕی وەك یەك زۆر لەوە بەهێز تر بوون کە مرۆڤ بیری لێ کردۆتەوە. کاتێ شۆڕشی ئابووری دەروازەی بۆ پێکهێنانی هێزە جیهانییەکان ئاواڵە کرد، بۆ کۆکردنەوە و پتەو کردنی مرۆڤ، چیرۆکی خوداکان، وڵات، نەتەوە، ئایین، قوڕنە و ... شتی هاوچەشنیان دۆزییەوە. هاوتەریب لەگەڵ گەشەسەندنی بیۆلۆژیکی زانستیی کە بە سەبرایی نینۆکە شەیتانە لە ڕێدا بوو، مرۆڤ فانتازیاای خۆی وەکار خست و شتی وای خوڵقاند کە تا ئەو کات پلانێتی زەوی بەخۆیەوە نەیبینیبوو.

لە دەورو بەری ٨٥٠٠ ساڵ بەر لە زایین گەورەترین کۆمەڵگای جیهانی ئەوکات گوندی وەك یەریشۆ"Jericho" بوون کە لە سەد کەس زیاتریان تێدا نەدەژیا. ٧هەزار ساڵ پێش زایین لە ناوچەی ئاناتۆلی تورکییەی ئەوڕۆیی، شوێنێك بە ناوی کاتال هویوك "Çatalhöyük" گەورەترین کۆمڵگای ئەو کاتی سەر زەوی بووە کە لە نێوان ٥ هەزار تا ١٠٠ هەزار کەسی تێدا ژیاوە. لە نێوان ساڵەکانی ٤ و ٥ هەزاری پێش زاییندا لە ناوچە پڕ بیت و بەرەکەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەندین کۆمەڵگای دە هەزار کەسی پێك هاتن کە گوندەکانی دەوروبەریان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. ساڵی ٣١٠٠ ی پێش زایین نیلتال(دۆڵی نیل) "Niltal" وەك یەکەمین یەکگرتوویی

لەگەڵ مونارشی میسر ناسراوە. فەرعوونەکانی میسر بەسەر هەزاران کیلۆمیتری چوارگۆشەی ناوچەکەدا حکوومەتیان کردووە. ٢٢٥٠ ساڵ پێش زایین ئاکادەکان یەکەمین ئیمپراتۆرییان پێکهێنا کە زیاتر لە ملیۆنێك حەشیمەتی لە خۆ گرتبوو و ژمارەی هێزی نیزامییەکەی بە نیزیکەی ٥٤٠٠ کەس گەییوە. هەروەها لە نێوان ساڵەکانی ١٠٠٠ و ٥٠٠ ی پێش زایین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیمپراتۆریی مەزن وەك ئاشوور، بابیلۆن، ماد و فارسەکان پێکهاتن. ئەو هێزانە بەسەر ملیۆنان کەسی ناوچەکاندا حکوومەتیان کردووە و هێزی نیزامیی چەند هەزار کەسییان پێك هێناوە. ساڵی ٢٢١ ی پێش زایین وڵاتی چین بەهۆی سلسلە یاخود خانەدانی "کوین" Qinهۆزەکان یەکیان گرت و ماوەیەك دواتر ئیمپراتۆڕی ڕۆم ناوچەیەکی گەورەی لە ناوچەکانی زەریای ناوەڕاست خستە ژێر حکوومەتی خۆی. ٤٠ ملیۆن کەس لە چین بە دانی ماڵیات بە دەوڵەت، بنەماڵەی پاشا و سەدان هەزار سەرباز و سیستەمی ئیداریی یان بەخێو دەکرد. ئیمپراتۆری ڕۆم لە جەنگەی بەهێزبوونیدا نیزیکەی ١٠٠ ملیۆن کەسی لەژێر حکوومەتی خۆیدا ڕاگرتبوو. ئەو مرۆڤانە بە دانی ماڵیات چەندین بنەماڵەی ماقووڵی رۆمی و نیزیکەی نیو ملیۆن هێزی نیزامییان لەسەر پێ ڕاگرتبوو. بە هێزی ئەو پارانەوە چەندین بینای کولتووریان بنیاد نا کە تا چەندین سەدە دوای ڕۆمییەکانیش هەر کەڵکیان لێ وەردەگیرترا.

هاوکاریی نێوان مرۆڤ هەم لە سەردەمی فەرعوونەکانی میسر و هەم لە سەردەمی ئیمپراتۆریی ڕۆمییەکاندا تەنیا لەسەر بەرژەوەندیی و زەخت و گۆشارهێنان بۆ کۆمەڵگا پێکهاتبوو. بە پێچەوانە زۆربەی ئەو ڕێککەوتنانە بە چەوسانەوە و ڕووتاندنەوەی کۆمەڵگاکان کۆتایی پێدەهات. گەورەترین و مەنشوورترین شانۆخانە و جێ زۆرانی گلادیاتۆرەکانی رۆمیش کە بە عارەقەی نێوچاوانی کۆیلەکان بنیات نرا و تەنانەت دروستکردنی بەندیخانەکان و جێی مرۆڤ کوژی نازیەکانیش پێویستییان بە کاری هاوبەشی نێوان مرۆڤەکانەوە هەبووە.

ئەو کارە بە کۆمەڵانە و پەیوەندیی نێوان مرۆڤ لە سەردەمی مێزۆپێتامیا، هەروەها بنەماڵەی کوین"Qin" لە وڵاتی چین هەتا دەگاتە سەردەمی رۆمییەکان هەر هەموویان بەرهەمی دۆزینەوەی رێك و پێکیی بوون. ئەو هێزەی یاسا و نۆرمانەی کۆمەڵگای پێکەوە ڕادەگرت، لە ڕاستیدا نە وارسکەی لە دایکبووی نێوان مرۆڤەکان بووە و نە

پەیوەندیی کەسیی نێوان مرۆڤ، بەڵکوو تەنیا بەهۆی باوەڕ و داب و نەریت و خوڕافاتی وەك یەك بووە. بەڵام خوڕافات چلۆن توانیویە ناوچەی وا گەورە و مەزن بە پتوونی پێکەوە ڕاگریێ؟ بە دوو نموونەی ناودار ئەو پرسیارە ڕوون دەکەینەوە:

١- کتێبی یاسای هامۆڕابی لە ساڵی ١٧٧٦ ی پێش زایین کە بووە هۆی پێکەوە ژیانی سەدان هەزار مرۆڤ لە ناوچەی بابیلۆنەکان لەگەڵ یەکتر.

٢- یاسای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکاییەکان لە ساڵی ١٧٧٦ ی زایینی کە تا ئەوڕۆش چەشنی پێکەوە ژیانی ملیۆنان کەس لە ئەمریکا دیاری دەکات.

لە ساڵی ١٧٧٦ ی پێش زایین بابیلۆن گەورەترین شاری دنیا بووە، هەروەها ئیمپراتۆریی بابیلۆنەکان بە یەك ملیۆن شاروەندەوە مەزنترین حکوومەتی سەردەمی خۆیان پێکهێناوە. حکوومەتیان بەسەر ناوچەکانی مێزۆپێتامیا، نێوچۆمان لە مابەین چۆمی ئوفرات "Eufrat" و تیگریس"Tigris" کردووە کە ناوچەکانی ئەوڕۆیی عێراق، سووریە و ڕۆژئاوای ئێران دەگرێتەوە. ناودارترین سەرکردەیان کەسێك بووە بە ناوی هامۆڕابی کە یاساکەی بە ناوەوە کراوە. ناوەڕۆکی یاساکان بریتین لە هەوڵدانی پێکهێنانی ڕێك و پێکی لە نێوان مرۆڤدا و هامۆڕابی بەو کارەی ویستوویە خۆی وەك سەرۆکێکی عادڵ و دادوەر، هەروەها خۆی وەك سیمبۆلێك بۆ ژیانی داهاتووی مرۆڤ دەستنیشان بکات و لە ڕاستیشدا وەچەکانی داهاتوو ئەویان وەك سیمبۆلێك سەیر کردووە. یاساکانی, ماویەکی زۆر دوای مردنی و تەنانەت دوای توونا بوونی ئیمپراتۆرییەکەشی، لەناو وەچەکانی داهاتوودا بڵاو کراونەتەوە. ناوەڕۆکی یاساکانی هامۆڕابی دنیای ئەو سەردەمەی مێزۆپێتامیای ڕێك و پێك کردووە.

نووسراوەکەی هامۆڕابی بە ڕوونکردنەوە لەسەر خوداکانی ئانوو "Anu"، ئێنلیل "Enlil" و ماردووك "Marduk" کە مەنشوورترین خوداکانی ئەو سەردەمە بوون، بۆ بەڕێوەبردنی دادوەری و دامەزرانی مافی مرۆڤ، تووناکردن و بەربەرەکانی دژ بە خراپە و تووڕەیی هەوڵیان داوە. نیزیکەی ٣٠٠ نموونەی بۆ ئەو یاسایانە هێناوەتەوە کە هەر هەموویان پرەنسیبێکی وەك یەکیان هەیە: **" ئەگەر کەسێك ئەوە یا ئەم کارە بکات، ئاوا و بەو شێوەیە سزا دەدرێت"**. بۆ نموونە:

یاسای ١٩٦ : مرۆڤێك ئێسقانی مرۆڤێکی "ئازاد لە دایکبوو"ی شکاندووە، ئێسقانی ئەو مرۆڤە دەشکێندرێتەوە.

یاسای ١٩٨ : مرۆڤێك چاوی کۆیلەیەکی کوێر کردووە یا ئێسقانێکی شکاندووە، دەبێ نیوەی پارەی کۆیلەکە بداتەوە.

یاسای ٢٠٩ : مرۆڤێك لە مرۆڤێکی "ئازاد لەدایکبوو"ی داوە و بەو هۆیە توانایی منداڵ دروستکردنی لە دەست داوە، دەبێ ١٠ شێکەل(پارەی یەهوودی) زێو بدات.

یاسای ٢١٠ : مرۆڤێك لە ژنێکی"ئازاد لەدایکبوو"ی داوە و مردووە، دەبێ کچەکەی بکووژرێتەوە.

یاسای ٢١١ : مرۆڤێك لە ژنێکی خراپی داوە و بەو هۆیە توانایی منداڵ دروستکردنی لە دەست داوە، دەبێ ٥ شێکەل زێو بدات.

یاسای ٢١٢ : مرۆڤێك لە ژنێکی ئاسایی داوە و ژنەکە مردووە، دەبێ ٣٠ شێکەل زێو بدات.

یاسای ٢١٣ : مرۆڤێك لە ژنێکی کۆیلەی داوە و بەو هۆیە توانایی منداڵ دروستکردنی لە دەست داوە، دەبێ ٢ شێکەل زێو بدات.

یاسای ٢١٤ : مرۆڤێك لە ژنێکی کۆیلەی داوە و بەو هۆیە گیانی لە دەست داوە، دەبێ ٢٠ شێکەل زێو بدات.

هەروەها هامۆڕابی ڕوونی دەکاتەوە: " *ئەو یاسایانەی هامۆڕابی، پاشای بەهێز بۆی دیاری کردوون، بۆتە هۆی ساڕێژکردنی کۆمەڵگا و دامەزرانی حکوومەتێکی عادڵ. من هامۆڕابیێ، شای تەواو و کامیلم، پەیوەندیی ڕاستەوخۆم لەگەڵ خوداکاندا هەیە.* "

هامۆڕابی بە ئاشکرایی ڕوونی دەکاتەوە کە ڕێك و پێك بوونی کۆمەڵگای بابیلۆنەکان بە گشتی و بۆ هەموو کات لەگەڵ یاساکانی گرێ دراون و ئەو یاسایانەش لە لایەن خوداکانەوە پێی ڕاگەیێندراوە و سەرنجڕاکێش پرنسیپی نابەرابەربوونی مرۆڤی ناو کۆمەڵگایە: یاساکان سێ چەشن یاخود سێ کلاسە لە مرۆڤ دیاری دەکەن:

www.rojhalat.de / www.bokan.de

١. مرۆڤی ئازاد بە دنیا هاتوو

٢. مرۆڤی ئاسایی

٣. مرۆڤی کۆیلە

هەرکام لەو کلاسانە بەها و ئەرزشی خۆیان هەبووە: ژیانی مرۆڤێکی ئاسایی ٣٠ شێکەل زێوی ئەرزش بووە، ژیانی کۆیلە ٢٠ ، بەڵام چاوی مرۆڤێکی ئازاد لەدایکبوو بە پێچەوانە نیزیکەی ٦٠ شێکەل بەهای بووە.

هەروەها ئەو یاسایانە هەڵس و کەوتێکی ئیشك بۆ بنەماڵەکان دیاری دەکات. بۆ وێنە منداڵەکان بە دارایی دایك و باوکیان بەحیساب دێن و خۆیان بە تەنیا هیچ ڕۆڵێکیان لەسەر ژیانی خۆیان نییە. ئەگەر کەنیشکی مرۆڤێکی ئازاد لەدایکبوو لە لایەن مرۆڤێکیتری ئازاد لە دایکبووەوە بکووژرێ، بۆ سزادانی، کچەکەی لێ دەکووژرێتەوە. لێرەدا ئەو کەسەی مرۆڤکوژییەکەی بەڕێوەبردووە، ئازادە و تەنیا منداڵەکەی کە وەك شت و مەکێکی ناوماڵ و دارایی سەیر دەکرێ، سزا دەدرێ و لە ڕوانگەی هامۆڕابی و کۆمەڵگای بابیلۆنەکانەوە بە کارێکی عادڵانە دادەنرێ. یاساکانی هامۆڕابی بەڵێنی بە خەڵکەکان دەدا کە ئەگەر ناوەڕۆکی یاساکان بەڕێوە بەرن و سەری بۆ دانەوێنن، بە دڵنیاییەوە ژیانێکی پڕ لە ئاشتیی و هێمن و ئەرخەیانیان لە کۆمەڵگادا بۆ مسووگەر دەبێ.

سێ و نیو هەزار ساڵ دوای مردنی هامۆڕابی لە نێوان ١٣ کۆلۆنی بریتانیایی لە باکووری ئەمریکادا لە ڕۆژی ٤ی مانگی حەوتی ١٧٧٦ کۆبوونەوە لە شاری فیلادێلفیا پێك دێ و خۆیان لە حکوومەتی مۆنارشی ئینگلیز ڕزگار دەکەن. لە ڕوونکردنەوەی سەربەخۆییەکەیاندا خودای ئەمریکاییەکان هەر وەك خودای هامۆڕابی داوا بۆ مافی مرۆڤ بەو شێوەیە دەکات:

*ئەو ڕاستیانە بە شتێکی ئاسایی دادەنێین، کە هەموو مرۆڤێك وەك یەك خوڵقاون، کە هوموویان لە لایەن خوڵقێنەرەوە بە مافێکی بەرابەرەوە هاتوونەتە سەر دنیا، هەروەها مرۆڤ دابەش نەکراون و لێك جیاواز نین، و ...*

هەر وەك یاسای هامۆرابی، لە ئەمریکاش هەر کەس پرەنسیپە پیرۆزەکە بەڕێوەبەرێ، بەڵێنی کۆمەڵگایەکی پڕ لە ئاشتیی و هێمن و ئەرخەیانی پێ دەدرێ. هەروەها وەك هامۆڕبی وەچەی داهاتووش وا بار دێنن کە چەند سەدە دواتر قوتابیان لە قوتابخانەکان ناچار بە لەبەر کردنی نووسراوەکە بە پتوونی دەکرێن.

هەر دووك نووسراوەکە ئەزموونێکمان پێ دەدەن: هەم یاسای هامۆڕابی و هەم ڕوونکردنەوەی سەربەخۆیی ئەمریکا یاسایەك دەخوڵقێنن کە مەبەستیان مانەوە بۆ هەمیشە و هەموو کاتێکە. سەیر ئەوەیە بە پێی نووسراوە ئەمریکاییەکە هەموو مرۆڤێك وەك یەکن، بەڵام یاسای هامۆڕابی مرۆڤ وەك یەك دانانێ و جیاوازیان دەبینێ. ڕەنگە لەو دوو تێزە جیاوازە دەبێ تەنیا یەکیان ڕاست بێ، کام یەك لەو دوانە ڕاست دەکەن؟ مێژووناسان هەردووکیان بە هەڵە دادەنێن. هەر دووك نووسراوەکان دنیایەك لە بەر چاوی مرۆڤ وێنا دەکەن کە لە لایەن یاساکانیانەوە بۆ هەمیشە و هەموو کاتێك بە ڕاست دادەنرێن. لە لایەکەوە، وەك یەك بوونی مرۆڤ و لەو لاشەوە، جیاواز بوونی مرۆڤ نیشان دەدەن. بەڵام تەنیا سەرچاوە بۆ خوڵقانی ئەو چەشن یاسایانە، خەیاڵ و فانتازیاای ناو مێشکی مرۆڤی هۆمۆ ساپیەنە کە بە دروستکردنی خوڕافات و ئەسپاردنیان بە وەچەکانی داهاتوو ڕێ و شوێن بۆ مرۆڤ دیاری دەکەن. ئەو چەشن یاسایانە لە دنیای ڕاستەقینەدا بوونیان نییە.

سرووشتییە کە ئێمەی مرۆڤ ئەمڕۆ دابەشکردنی مرۆڤ بەسەر سێ دەستەی مرۆڤی ئازاد بە دنیا هاتوو، مرۆڤی ئاسایی و مرۆڤی کۆیلە تەنیا بە بەرهەمی بیری نەخۆش و فانتازیاای دادەنێن، بەڵام وەك یەك بوونی مرۆڤیش بەهەمان شێوە بە خەیاڵ و خەون لە ئەژمار دێن. لە کۆێی ئەم دنیایە مرۆڤ مافیان وەك یەکە؟ یا ڕەنگە مەبەست لە یەك بوون لە ڕوانگەی بیۆلۆژیکییەوەیە؟ ئەگەر سەیرێکیتری یاساکە بکەین کە دەڵێ:

*ئەو ڕاستیانە بە شتێکی ئاسایی دادەنێین، کە هەموو مرۆڤێك وەك یەك خوڵقاون، کە هوموویان لە لایەن خوڵقێنەرەوە بە مافێکی بەرابەرەوە هاتوونەتە سەر دنیا، هەروەها مرۆڤ دابەش نەکراون و لێك جیاواز نین، ...*

ئەگەر باوەڕمان بە زانستی بیۆلۆژی هەبێ، مرۆڤ نەخوڵقێندراوە و بەڵکوو گەشەی سەندووە. سرووشتییە کە هەمووشیان وەك یەك گەشەیان نەساندووە. دۆزینەوە و

دارِشتنی وشەی "وەك یەك بوون" تەنیا پەیوەندیی بە خوڵقاندنەوە هەیە. بەرپرسانی ئەوکاتی ئەمریکا ئەو "وەك یەك بوون"ەیان لە کتێبی ئایینی مەسیحییەوە وەرگرتووە کە دەڵێ: "هەموو مرۆڤێك ڕۆحێکی وەك یەکیان لە لایەن خوداوە پێ دراوە". بەڵام ئەگەر ئێمە باوەڕی ئایینیمان نەبێ، ئەو "وەك یەك بوونە" ئیتر مانای نییە. پایە و کۆڵەکەی زانستی گەشەسەندن لەسەر نابەرابەری و جیاوازی بنیات نراوە. هەر مرۆڤێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە مرۆڤ لە یەکتر جیاواز دەکات. ئەگەر ئێمە ئەو دێرەی سەرەوە بە یاسای بیۆلۆژیکی وەرگێڕینەوە، نابێ ماناکەی ئەوە بێ کە : "هەموو مرۆڤێك وەك یەك خوڵقاون" بەڵکوو دەبێ بڵێین: "هەر مرۆڤێك بە شێوەی جیاواز گەشەی ساندووە".

ئەگەر وشەی "ماف" لە ڕوانگەی بیۆلۆژیکییەوە سەیر بکەین، بیۆلۆژی، ماف ناناسێ، بەڵکوو ئەندام، لێهاتوویی و تایبەتمەندیی دەناسێ. باڵندە هەڵنافڕێ چونکە مافی هەڵفڕینی هەیە، بەڵکوو چونکە باڵی بۆ فڕین هەیە. هەروەها ئەو ئەندام و لێهاتوویی و تایبەتمەندییانە بە هیچ شێوەیەك وەك یەك نین، بەڵکوو جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە. ئەگەر پرسیار بکرێ، مرۆڤ چ تایبەتمەندییەکی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە؟ سرووشتییە دەڵێین "ژیان". بەڵام ئەدی ئازادی؟ زانستی بیۆلۆژی "ئازادی" ناناسێ. هەر وەك چۆن "یەك بوون"یش ناناسێ. ئەو وشانە تەنیا بەرهەمی چێکراوی مێشکی مرۆڤن!

## باوەڕ، کێو لە جێی خۆی هەڵدەقەنێ

ڕەنگە بۆ ئێمە زۆر ساکار نەبێ لە نووسراوە و یاساکانی هامۆڕابی تێ بگەین، بەڵام ناشمانەوێ گوێمان لێ بێ کە مافی مرۆڤیش لەو یاسایانە زیاترە. ئایا کۆمەڵگاکەمان لێك هەڵدەوەشێ ئەگەر ئەندامانی کۆمەڵگا هەست بەوە بکەن کە مافی مرۆڤ تەنیا بەرهەمێکی فانتازیا مرۆڤە؟ مرۆڤی هۆمۆساپیەن بە هەمان ئەندازە مافی سرووشتیی هەیە کە جاڵجاڵووکە، مشك، یاخود شامپانزە هەیانە.

ئەو چەشن ترس و خۆفانە جێی خۆیەتی و شتێکی تەواو سرووشتییە. ڕێك و پێکیی سرووشتی، ڕێك و پێکییەکی بەردەوام و قایمە. ناوەڕۆکەکەی، تەنیا بەو هۆیەی ئێمە ئێتر باوەڕمان پێی نەبێ نەبوونی هێزەکەی بە یەکجاری توونا ناکا. بە پێچەوانە، ڕێك و پێکییەکی چێکراو بەو هۆیەی تەنیا لە خوڕافات و خەون و فانتازیای مرۆڤ پێکهاتووە، بەردەوام لە مەترسی تووناببوون دایە. ئەگەر هیچ مرۆڤێك ئێتر باوەڕی بە تیئۆریی یاخود ئایینێك نەمێنی، بە گۆرجی توونا دەبێ و تێك دەڕووخێ. بۆ مانەوە و ڕاگرتنی ڕێك و پێکییەکی چێکراو یاسای نەگۆڕی لۆژیکی پێویستە کە بۆ بەڕێوەبردنی یاسا چێکراوەکانی هەر سیستەمێك، مرۆڤ بە زۆرەملی لە لایەن پۆلیس، دادگا و مەترسی چوونە ناو بەندیخانەکان ناچار بە سەردانەواندن لە هەنبەر ئەو یاسا دۆزراوانە دەکرێن. ئەگەر مرۆڤێکی سەردەمی بابیلۆنەکان چاوی جیرانێکی کوێر کردبایە، دەبوو هێزێکی بەڕێوەبەر لەکۆمەڵگادا هەبایە کە یاسای "چاو لە بەرابەر چاو"دا بەڕێوەبەرێ. کاتێکیش ساڵی ١٨٦٠ زۆرینەی بەشدارانی کۆمەڵگای ئەمریکا هاتنە سەر ئەو بڕیارە کە کۆیلە ڕەشەکانی ئەفریقاییش مرۆڤن و مافی ئازادییان هەیە، دەبوو شەڕێکی خوێناویی لە نێوان دوو بەرەی باکوور و باشووردا پێك بێ تا مرۆڤی باشووری ئەمریکاش ئازادبوونی مرۆڤی ڕەش پێست بە فەرمی بناسێ.

بەڵام بۆ ڕاگرتنی ڕێك و پێکیی چێکراو، تەنیا هێزی زۆرەملی و ناچارکردن لە لایەن دەم و دەسگاکانی دەوڵەتی کافی نییە. بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارە دەبێ مرۆڤێکی

www.rojhalat.de / www.bokan.de

زۆری کۆمەڵگا قەناعەت یاخود ئیمانیان بەو کارە هێنابێ. چارلز ماوریس دێ تالیراند "CharlesMaurice de Talleyrand" کە لەژێر حوکمرانیی لودویگی شازدە دەستی بەکار کرد و لە خزمەت ناپلئۆن و شۆڕشگێرانی ئەو سەردەمەدا بوو، بۆ کۆتایی هێنان بە سیستەمی مۆنارش، ئەزموونی سیاسیەکەی بەو شێوەیە بەیان کردووە: "ئاغای خۆم، ئێمە دەتوانین لە خەنجەر بۆ هەموو کارێك کەڵك وەر بگرین، بەڵام ناتوانین لەسەری دانیشین. لەوانەیە جاریوایە کەسێك لە ڕوانگەی ئیدیۆلۆژییەوە کارتێکەریی لە سەدان سەرباز زیاتر هەبێ، ئەگەر واش بێ، هەم کاریگەر ترە و هەم لە ڕوانگەی ئابوورییەوە هەرزان ترە."

ئەگەر ڕێکوپێکیی کۆمەڵگا بەهۆی هێزی میلیشیاوە ڕابگیرترێ، ئەو پرسیارە دێتە پێش: چ هێزێك دەبێتە هۆی ڕاگرتنی ڕێکوپێکیی میلیشیا؟ نامومکینە بە یارمەتیی هێزی زۆرەملی بتوانین میلیشیا ئورگانیزە بکەین. لای کەم بەشێکی ئەفسەران و سەربازان دەبێ بە شتێك وەك شەرەف، وڵات، نەتەوە، خودا، پارە یا ... باوەڕیان هەبێ. ڕێکوپێکیی چێکراو و ناسرووشتی کاتێك دەتوانێ کاریگەریی هەبێ کە بەشێکی بەرچاوی بەڕێوەبەرانی باوەڕیان بە ئیدیۆلۆژی یاخود سیستەمێکی هاوبەش هەبێ. ئاپینی مەسیحی نەیدەتوانی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ بەردەوام بمێنێ ئەگەر زۆرینەی بەشدارانی کۆمەڵگا باوەڕیان پێی نەبایە. سیستەمی دێموکراتیکی ئەمریکاش نەیدەتوانی چەند سەدە دەوام بێنێ ئەگەر سەرۆك کۆماران و بەڕێوەبەرانی سیاسیی کۆمەڵگا باوەڕیان بە مافی ئازادیی مرۆڤ نەبایە. هەروەها سیستەمی ئابووری مودێڕنیش نەیدەتوانی چرکەیەك لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ ئەگەر زۆرینەی بەڕێوەبەران و بانکداران باوەڕیان بە سەرمایەداری نەبایە.

## ڕێکوپێکی چلۆن پێکهاتووە؟

چلۆن مرۆڤ ناچار دەکرێن باوەڕیان بە ڕێکوپێکییەکی دۆزراوە و چێکراو وەك ئایین، دێمۆکراسی یا کاپیتالتزم هەبێ؟ یاسای سەرکی دەڵێ: مرۆڤ نابێ تەنانەت بیریش لەوە بکاتەوە کە ئەو ڕێکوپێکییانە بەرهەمێکی فانتازیاا و خەیاڵییە. مرۆڤ دەبێ بەردەوام پێداگری لەسەر ئەوە بکات کە ئەو ڕێکوپێکییەی کۆمەڵگای پێکەوە ڕاگرتووە، مەبەستێکی ڕاستەقینەیە کە لە لایەن خوداکانەوە خوڵقێندراوە یاخود لەسەر یاسا سرووشتییەکان بونیاد نراوە. مرۆڤ بەهۆیە جیاواز نین چونکە هامۆڕابی وای داناوە، بەڵکوو بەو هۆیەی ئێنلیل و ماردووك (خودای سەردەمی سۆمێرەکان)وایان ویستووە. یەکگرتوویی مرۆڤیش بەو هۆیە نییە چونکە بەرپرسانی یاسای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایی ئەوەیان ویستووە، بەڵکوو چونکە خودا وای خوڵقاندوون. بازاری ئابووری بەو هۆیە باشترین سیستەمی ئابووری نییە چونکە بەڕێوەبەرانی قاوی بۆ دەکەن، بەڵکوو چونکە لەگەڵ یاسا سرووشتییەکان زۆر خاڵی هاوبەشیان هەیە!

سەرەڕای ئەوانەش ئەو سیستەمانە بە ساکاری دەتوانن مێشك ودڵی مرۆڤ بەتەواوی بشۆنەوە. لە سەرەتای لە دایك بوونی منداڵەکانەوە پەیتا پەیتا و بەردەوام وەبیر یاسا سەرەکییەکانی ڕێکوپێکیی چێکراویان دێننەوە، یاسایەك کە تەواوی پرۆسەی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە. ئەو یاسایانە لە هەموو جێگایەك خۆ دەردەخەن: لە چیرۆکەکاندا، لە فیلمە سینەماییەکاندا، لە نەققاشییەکاندا، لە شێعرەکاندا، لە مەتەڵەکاندا، لە نوکتەی زانایاندا، لە پرۆپاگاندای سیاسەتوانادا، لە کۆنەناسیدا، لە مۆدەکاندا و هتد... بۆ وێنە لەوڕۆدا باوە تەنانەت منداڵی دەوڵەمەندەکانیش پانتۆڵی جین لەبەریان دەکەن، کەچی لە سەدەی ناوەڕاستدا بە پێچەوانە چونکە یاسای جیاوازبوونی مرۆڤ حاکم بووە، هیچ منداڵێکی ماقووڵ ئیزنی تەنانەت بۆ جارێکیش پێ نەدراوە بەرگی مرۆڤێکی ئاسایی لەبەر خۆی بکات. ئەوکات تەنیا مرۆڤی ماقووڵیان بە ئاغا یا خانم بانگ دەکرد، جیاوازییەك کە لە نێوان مرۆڤی ئەو سەردەمەدا دادەنرا و زۆر جار خوێنیشی لەسەر ڕژاوە. بەڵام ئەوڕۆ هەر مرۆڤێك بە بێ جیاوازی، بە ئاغا و خانم بانگ دەکرێن.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

زانایان وزەیەکی زۆر تەرخان دەکەن لەسەر ئەو ڕێکوپێکییە خۆی لەگەڵ ژیانی ئێمە سازگار کردووە و خوومان پێ گرتووە. سێ فاکتەری سەرەکی بوونەتە هۆی پارێزگاریکردنی مرۆڤ بۆ ڕوونبوونەوەی ناسینی ئەو ڕێکوپێکییە کە ناکرێ بە بەرهێمێکی فانتازیاا و خەیاڵی دانرێ، و لە نەهایەتدا بۆتە مەترسییەکی مەزن بۆ تووناکردنی ژیانی مرۆڤ.

١. ئەو تەکووزی(ڕێکوپێکی) یاخود سەقامە چێکراوە لەگەڵ دنیای ماتریالی چێندراو و تێکەڵاو کراوە. سەرەڕای ئەوەیکە ڕێکوپێکیە دۆزراوەکە تەنیا لە مێشکی ئێمەی مرۆڤدا بوونی هەیە، بەشێوەیەکی جیانەکراوە لەگەڵ دنیای فیزیکی ئێمە پەیوەند دراوە. جوغرافیا، ئاژەڵەکان، بوونەوەری میکرۆسکۆپی، گیا و گژەکان، جەستەی ئێمە، تێکنیك، هەر هەموویان سنوورێکی دیاریکراومان بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕێکوپێکییە بۆ دیاری دەکەن. بەڵام بە پێچەوانە ئەو ڕێکوپێکییە کە لە لایەن خۆمانەوە دۆزراوەتەوە و دامەزراوە، بۆ باشتر بەڕێوەبردنی ئەو سیستەمە، فۆرم و شکڵ بە جوغرافیا، ئاژەڵەکان، بوونەوەری میکرۆسکۆپی، گیا و گژ، جەستەی خۆمان، تێکنیك، و ... دەدا. هەر بۆیە ئەو ڕێکوپێکییە بە پێی کات وا لەگەڵ ڕاستەقینەی ژیانمان تێکەڵاو بووە کە جیابوونەوی لە ئێمە وەك شتێکی نامومکینی لێهاتووە و ناتوانین لە هیچ ئالترناتیوێکیتر بیر بکەینەوە.

وەك دانیشتوویەکی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لەوڕۆدا، مرۆڤێکی باوەڕبەخۆپێکراو و بەتەنیا ماوەمان لێدەرهاتۆە. پێمان وایە ئێمە تاکە کەسین و بەهای ئینسانی ئێمە بەوەوە نەبەستراوەتەوە کە مرۆڤیتری ئەم دنیایە بە چ شێوەیەك لەسەر ئێمە بیر دەکاتەوە. هەرکام لەئێمە تیشکێك لەناو دەڕوونماندا هەیە کە مانا بە ژیانمان دەدا و ژیانمان بایەخدار و بەقیمەت دەکات. لە قوتابخانەکانماندا فێری منداڵەکانمان دەکەین چاوپۆشیی بکەن لە ئازار و جەزرەبە لە لایەن قوتابخانەکانیترەوە، چونکە کەسایەتیی ڕاستەقینەی مرۆڤ بە بۆچوونی ئەوانیترەوە نەبەستراوەتەوە. هەر ماڵێکی مودێرنی ئەوڕۆیی لە چەندین ژووری بچووك پێکهاتووە، بۆ ئەوەی منداڵەکان ژووری تایبەتیی خۆیان هەبێ و لەوێدا بە ئازادی بجووڵێنەوە. ژوورەکە دەرگایەکی هەیە و لە زۆربەی بنەماڵەکاندا باوە کە منداڵ دەرکەی ژوورەکەی پێوەدەدا و یاخود لەسەر خۆی دادەخات. تەنانەت دایك و بابیشیان بە بێ ئیزن وەرگرتن یاخود بە بێ پێشتر لە دەرگا دان، ناتوانن لێیان وەژوور کەون. ژوورەکە بە زەوق و سەلیقەی منداڵەکە جا لە هەڵواسینی وێنە وە هەتا

بەجێ هێشتنی گۆرەویی لەسەر زەوی، دەڕازرێتەوە. هەر منداڵێك لە جێیەکی ئەوتۆدا گەورەبێ، ناتوانێ خۆی لەو جەغزە رەها بکا و بێ ئەوەی خۆی بیەوێ، بەهۆی تایبەتمەندیی دەروونی خۆی کە لەو بارودۆخەدا تێیدا پێکهاتووە، بە ناچار تەنیا بیر لەخۆی دەکاتەوە و خۆی وەك تاك کەوتوو سەیر دەکا.

بە پێچەوانە ئەشرافیانی سەردەمی سەدەی ناوەڕاست بە دڵنیاییەوە نەیاندەتوانی لە چەمکی تاك کەوتوو"تاکە کەس" کەڵك وەربگرن. ئەرزش و بەهای ئینسانییان بەسترابۆوە بە ڕۆڵ و پلە و پایە و چۆنیەتیی سەیرکردنیان لە لایەن مرۆڤی تری کۆمەڵگاوە. ئەوکات کەسێك پێیان پێکەنیبایە، بە تاوانێکی مەزن لە ئەژمار دەهات. ئەشرافیان فێری منداڵەکەنیان کردووە بەرگریی لە ناوە پیرۆزەکەیان بکەن، تەنانەت ئەگەر لەو ڕێگایەدا گیانی خۆشیان بەخت بکەن. وێدەچێ بیری مرۆڤی "تاك کەوتوو" ی سەردەمی مودێرنی ئەوڕۆ، ئیندیویدوالیزم "Individualismus" واتە "تاك مانەوە" لە مێشکی مرۆڤی سەدەی ناوەڕاستەوە سەرچاوەی گرتبێ. ئە ومرۆڤانە ژووری تایبەتیان نە بۆ منالەکانیان بووە و نە بۆ کەسێکیتر. زۆربەی ئەندامانی بنەماڵە ماقووڵەکان لە ژوورێکی گەورەدا پێکەوە دەنوستن. هیچکام لەوان ژووری تایبەت بەخۆیان نەبوو کە لە کاتی پێویست بتوانن بە تەنیا تێیدا بحەسێنەوە. بەردەوام چەندکەسێکیان لە دەوروبەر بووە و نەیانزانیوە چەمکی ئیندیویدوالیزم بە چ مانایە. هەر کەس لە بارودۆخێکی ئاوا دا گەورە ببێ، دێتە سەر ئەو بۆچوونە کە بەها و قیمەتی ئینسانیی بەستراوەتەوە بە کەسایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا و بیر و بۆچوونی ئەندامانی.

٢. ڕێکوپێکیی دۆزراوە، ڕەنگدانەوەی ئارەزووکانی ئێمەن. ئارەزووەکانمان گرنگترین هاندەرن بۆ پێکهاتنی ڕێکوپێکی. زۆربەی مرۆڤ نایانەوێ باوەڕ بکەن ڕێکوپێکیی کە ڕێگای ژیانیان بۆ دیاری دەکات، بەرهەمێکی فانتازیاا و خەیاڵییە، چونکە ئەو چەمکە بە تەواویی بەسەر سۆ و تاسەی مرۆڤدا حاکمە.

هەرکام لە ئێمە لە ناو ئەو سیستەمە چێکراوەدا لەدایك دەبین و ئارەزووەکانمان هەر لە ڕۆژەی یەکەمەوە بە پێی داب و نەریتی پێشتر داڕژاو، بۆ دیاری کراوە. ئێمە وەك مرۆڤێك بە فەرهەنگ و کولتووری کۆمەڵگای ڕۆژئاواییەوە مەزنترین ئارەزووەکانی

دڵمان بە چەمکەکانی ڕۆمانتیك، ناسیۆنالیزم، کاپیتالیزم، سەرمایەداری و دابو نەریتی ئینسانییەوە بەستراونەوە کە سەدان ساڵ بەر لە ئێستا بۆیان دیاری کردوین. زۆرجار کاتێ دوستێکمان بیهەوێ بۆ بڕیارێك، پەندێکمان بداتێ، دەڵێ: "گوێ لە دڵت ڕاگرە بزانە ئەو دەڵێ چی!" بەڵام بیر لەوە ناکەینەوە کە دڵیشمان بەهۆی ئەو دابونەریتانەوە لە چوارچێوەیك خراوە و سەربەخۆ وەڵام ناداتەوە.

لە سەردەمی میسری کۆندا زۆربەی خەڵکیی سەری خۆیان بە کاروباری ڕۆژانەیانەوە خەریك کردبوو و هیچکامیان نەدەهاتنە سەر ئەو بڕیارە کە بۆ پشوودان و حەسانەوە بۆ ماوەی دوو حەوتوو بە سەفەر سەرێکی بابیلۆن بدەن. کەچی لەوڕۆدا بەهۆی دابونەریتی نوێی سەرمایەداریی تەنانەت چەندین جار لە ساڵدا بۆ پشوودان سەفەر بۆ وڵاتانیتر دەکرێ. ئەو داب ونەریتە پێکهاتووە لە تێکەڵاویی دوو یەکەی "رۆمانتیك" و "نیازی کۆمەڵگای سەرمایەداری". ڕوانگەی ڕۆمانتیکیەکەی هانمان دەدا بۆ وەدەستهێنانی ئەزموونی ژیان، جێی متمانەپێکراوی خۆمان بەجێ بهێڵین، بۆ وڵاتێکی دوور و بێگانە سەفەر بکەین، لەگەڵ داب و نەریت، کێشت، مۆسیقا و مرۆڤی نوێ ئاشنا ببین. پەیتا پەیتا و زۆر جار دەبیستین کە دەڵێن: "ئەو ئەزموونە نوێیە چاوەکانمی کردۆتەوە و ژیانمی گۆڕیوە."

لایەنی سەرمایەدارییەکەشی بەڵێنیمان پێ دەدا ئەگەر ئێمە ئاواتی بەختەوەریی خۆمان دەوێ، دەبێ تا ئەو جێگایەی دەتوانین لە کەل و پەل و بەرهەمەکان کەڵك وەرگرین. ئەگەر هەست بە کەمبوونی شتێك لە ژیانماندا بکەین، یاخود کەرەسەیەکمان لێ کۆن و خراپ بێ، بۆ وێنە سەیارە ، جل و بەرگ، کەرەسەیەکی ناو ماڵ، یاخود هەر شتێکیتر، دەبێ بە گورجی بۆخۆمانی دەستوپێ بکەین. لێرەدا لایەنی رۆمانتیکی و هەڵسووڕاندنی سیستەمی سەرمایەداری لەگەڵ یەك دەست بە دەستی یەکتر دەدەن و کولتوورێك دروست دەکەن کە بۆ وێنە شاری پاریس نەك وەك شارێکی ئاسایی، بەڵکوو وەك ئەزموونێکی خەیاڵی بۆ مرۆڤ لێ دروست دەکەن.

٣. ڕێکوپێکیی دۆزراوە، اینترزۆبیەکتیڤ "intersubjektiv"ە، واتە بەرهەمێکە کە هاوکات لە ڕوانگەی چەندین چاوەدێرەوە بناسرێتەوە و جێی لێحاڵیبوون بێ. ئەو ڕێکوپێکییە شتێك نییە کە تەنیا ئارەزوو و فانتازیا کەسێك بێ، بەڵکوو خەونێکە کە سەدان، هەزاران و ملوێنان کەس پێکەوە دەیبینن.

بۆ لێحاڵیبوون لەو چەمکە، دەبێ لە جیاوازیی نێوان ئۆبیەکتیڤ "objektiv" (دیتنی، دیار، خاوەنی)، زوبیەکتیڤ "subjektiv" (زەینی، بیری، هزری، هۆشی) و اینترزۆبیەکتیڤ "intersubjektiv" (خەون و ئارەزوویەکی گشتیی) تێ بگەین.

**ئۆبیەکتیڤ** بە شتێك دەڵێن کە بە بێ بەستراوە بە ئاگاداربوونی مرۆڤەوە، خۆی بوونی هەبێ. بۆ وێنە چالاکی رادیۆئاکتیڤ داب و نەریت نییە. پڕشەنگی ڕادیۆئاکتیڤ پێش ئەوەی لە لایەن مرۆڤیشەوە بدۆزرێتەوە، بەردەوام درەوشاوەتەوە.

**زوبیەکتیڤ** شتێکە کە بوون و وجوودی، بە باوەڕ و بۆچوونی مرۆڤەوە بەستراوەتەوە. هەرکات مرۆڤ باوەڕی پێی نەمێنێ، ئیتر لەبەر چاو گوم دەبێ و بوونی نامێنێ. وەك دیتنی جندۆکە، کەس داتاشین بۆ ئاخەفتن لەگەڵ (زۆر لە منداڵان لەو تەمەنەدا لەگەڵ بووك یاخود شتێکی دیاریکراو بۆ گەیشتن بە ئارەزوەکانیان ئاخەفتن دەکەن.)، ئایینەکان، خوداکان و ...

**اینترزۆبیەکتیڤ** شتێکە کە بەهۆی تۆڕێکی پەیوەندییەوە بوون پەیدا دەکات و باوەڕی زوبیەکتیڤی چەندین مرۆڤ پێکەوە گرێ دەدا. زۆربەی فیگۆرە گرنگەکانی مێژویی اینترزۆبیەکتیڤن وەك: یاساکان، پارە، خوداکان و نەتەوەکان. هەروەها هەر وەك دەزانین یەکگرتوویی ئورووپا، مافی مرۆڤ و یاسای وڵاتەکان تەنیا لە پیوەندیی لەگەڵ ژمارێك مرۆڤدا بوونیان هەیە، هەرکات پەیوەندییەکە تێك بچێت، ئەو چەمکانە هیچ بایەخێکیان نامێنێ.

## جێگای پاشەکەوتکردنی مێشکی مرۆڤ سنووردارە

سرووشتیە هیچکام لە ئێمەی مرۆڤ وەك وەرزشوانێکی ماهیری تۆپی پێ لە دایك نابین. گەشەسەندن، قاچ و دەست و چاوی پی داوین بۆ یاریکردنی تۆپی پێی، بەڵام بۆ کارکردن وەك پرۆفی سرووشتییە یاریکەرەکە دەبێ هەوڵێکی زۆری بۆ بدا و خۆی ڕابێنێ. بە پێچەوانەی مرۆڤ ئاژەڵەکان بۆ وێنە حەشەرەکان بە لێهاتوویی سورشتییەوە دێنە سەر ئەم دنیایە. مرۆڤ بەتایبەت بۆ کاری گشتیی پێویستی بە یاسا هەیە کە بتوانێ ئەندامانی کۆمەڵگا پێکەوە ڕابگرێ. ئێمە بەهۆی مێشکەوە دەتوانین یاسا و زانیارییەکان ڕاگرین و هێشتا جێگا بۆ مۆسیقا، وێنە، ناوەکان و... شتەکانیتریش دەمێنێتەوە.

بەڵام بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگای گەورەی چەندین ملیۆن کەسی کە دبێ زانیارییەکی زۆر مەزن پاشەکەوت بکرێ، مێشکی مرۆڤ ئەو تواناییەی نییە. ئاژەڵەکانیش کۆمەڵگای گەورە پێکدێنن. بەڵام چونکە بەشێکی زۆری زانیاریی پێکەوەژیان بە شێوەی سرووشتی لە مێشکیاندا پاشەکەوت کراوە، دەتوانن کۆمەڵگایەکی تاڕادەیەك مەحکەم پێك بێنن. بۆ وێنە مێشەنگوین هەر لە کاتی لەدایکبونەوە لە (د. ن. ئا.) کەیدا بوی دیاری کراوە کە ئەرکی شاژن، سەرباز یا کارگەری پێ ئەسپێردراوە. کەندووی مێشەنگوین سیستەمێکی بەکۆمەڵی گەڵێك ئاڵۆزی هەیە. هەرکام لە ئەندامان بەشێوەی ژێنێتیکی کاری خۆیان بەڕێوە دەبەن. بەڵام بە پێچەوانە مرۆڤ بەو هۆیەی سیستەمی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگاکەی تەنیا لەسەر دانانی یاسا بونیات ناوە، بەشێوەی ژێنێتیکی بۆ وەچاکانی داهاتووی ڕاناگوێزێ. بۆ بەجێهێنانی ئەو کارە دەبێ هەموو ئەو یاسا و ڕێکوپێکیانەی لە کۆمەڵگادا دانراون، بەشێوەی زانیاریی، کتێب، نووسراوە و... بە وەچەکانی دواتر بسپێردرێ بو ئەوەی کۆمەڵگاکەیان لێك هەڵنەوەشێ. بۆ وێنە هامورابی بڕیاری دا کە مرڤ بەسەر سێ گرووپی "ئازادبەدنیاهاتوو"، "خەڵکی ئاسایی" و "کویلە" دا دابەش بکات. دیارە ئەو کارە ڕێکوپێکییەکی سرووشتی نییە و تەنیا بڕیارێکە کە لە لایەن مرۆڤەوە دراوە و هیچ شوێنەوارێکی لە ناو "د. ن. ئا."ی ئێمەدا نییە. هەروەها لە "د. ن. ئا."ی هامۆرابیدا نەنووسرابوو کە مرۆڤێکی ئازادبەدنیاهاتوو بۆ کوشتنی مرۆڤێکی ئاسایی ٣٠ قرۆشی بڕۆنز تاوان بدا. هامۆڕابی

دەبوو یاساکان، ڕێککەوت و زانیارییەکانی کۆمەڵگا فێری کوڕەکانی بکا و ئەوانیش دەبوو هەمان کار لە هەنبەر جێگرانی داهاتوویان بەجێ بێنن.

لە سەراسەری جیهان زانیارییەکی یەکجار گەورە لە ئاڕشیڤی وڵاتاندا بۆ بەڕێوەبردنی کار و باری مرۆڤ، نە تەنیا یاساکان بەڵکوو زانیاریی گشتیی، زانیاریی زانستی، نیزامی، پزیشکی، فەرهەنگی، مێژوویی، بازرگانی و... کۆ دەبنەوە. بەداخەوە ئەو هەموو زانیارییانە ناتوانرێ لە مێشکی لەقی مرۆڤ دا جێ بکرێنەوە، بە سێ هۆ:

**یەکەم،** جێی ڕاگرتن واتە پاشەکەوتی مێشکی مرۆڤ کەم و سنووردارە. مرۆڤی بلیمەت هەن کە دەتوانن زانیارییەکی زۆر بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مرۆڤی ئاسایی لە مێشکیاندا ڕابگرن، بەڵام مێشکی ئەوانیش سنوور دارە.

**دووهەم،** مێشك لەگەڵ خاوەنەکەی دەمرێ و لەناو دەچێ. واتە زانیاریی مێشکی مرۆڤ تا ئەو ڕادەیە بڕ دەکا کە مرۆڤ لە ژیاندایە. دوای مردن، مێشکیش بە هەموو زانیارییەکانیەوە لە ناو دەچێ.

**سێهەم،** مێشکی مرۆڤ تەنیا دەتوانێ بڕێك زانیاریی تایبەت پاشەکەوت بکات و لەکاری بێنێ.

بۆ مانەوەی مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەر زۆر کارێکی حەیاتی بووە کە تایبەتمەندیی، فۆرم و هەڵس و کەوتی هەزاران ئاژەڵ و گیا لە مێشکیاندا ڕاگرن. بەڵام دوای شۆڕشی ئابووری کە کۆمەڵگاکان گەورەتر و ئاڵۆزتر دەبوونەوە، زانیاریی حەیاتیی گۆڕانکارییان بەسەردا هات و بوون بە ژمارە و تێکست(نووسراوە). مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەر هیچ پێویستییەکیان بە ڕاگرتنی ژمارە نەبووە. لایان گرنگ نەبووە چەند میوە بە دارەون یا چەند ئاژەڵی کێوی لە دەشت و دەوەن دەژین. بەوهۆیە ناچار نەدەکران ئەو چەشن زانیارییانە لە مێشکیاندا ڕاگرن یاخود بەکاری بێنن. بەڵام بۆ بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆرییەك مرۆڤ ناچار بە کەڵکلێوەرگرتن لە ژمارە دەکرا. بۆ وەرگرتنی ماڵیات لە هەزاران کەسی ناو کۆمەڵگا دەبوو مێشکیان لەگەڵ ژمارە ڕابێنن. لەو ڕێگایەوە دەبوو زانیارییەکی مەزن کۆبکرێنەوە و لە کاتی خۆشیاندا بەکاربهێندرێن. بە

www.rojhalat.de / www.bokan.de

گەورەبوونەوەی زانیارییەکان، مێشکی مرۆڤ ئیتر لە تواناییدا نەبووە ئەو کارە بەجێ بێنێ. بەو هۆیەش کۆمەڵگاکانی دوای شۆڕشی ئابووری نەیانتوانیوە پەرە بستێنن و گۆڕانکاریی سەرەکییان تێدا پێك بێت.

یەکەم مرۆڤ کە هەوڵی بەربەرەکانی ئەو کێشە مەزنەی کردووە، سۆمەرەکان بوون کە لە نێوان ساڵەکانی ٣٠٠٠ تا ٣٥٠٠ ی پێش زایین لە باشووری مێزۆپێتامیا ژیاون. لەوێ بەهۆی تیشکی بەتینی ڕۆژ دارەکان پڕ لە میوە بوون و زەویش پڕ بیت و بەرەکەت بووە. بەڵام بەهۆی گەورەبوونەوەی لە ڕادەبەدەری کۆمەڵگاکەیان و بەو هۆیەی مێشکی مرۆڤ توانایی ڕاگرتنی ئەو هەموو زانیارییانەی نەبووە، پێویستییان بە کەرەسەیەك بووە کە بە شێوەیەکیتر زانیارییەکان ئاڕشیڤ بکرێن. بەو کارە زنجیری فیزیکی دەوری مێشك کە سنووردار بووە، پچڕاندرا و ڕێگایەکی نوێ بۆ ئەو کارە لە لایەن مرۆڤی بلیمەتی ئەو سەردەمە دۆزرایەوە و ڕێگاخۆشکەر بوو بۆ پێکهاتنی شارەکان، وڵاتی پاشایی و ئیمپراتۆرییەکان. سۆمەرەکان سیستەمی نووسینان دۆزییەوە کە بە پێی کات مێشکی مرۆڤی لە ڕاگرتنی زانیاریی ڕزگار کرد.

## خەت و نووسراوە

خەت و نووسراوە، تکنۆلۆژیای ڕاگرتن و جێبەجێکردنی زانیارییەکانە  کە بەهۆی پیت، ژمارە یاخود نیشانەکانەوە پاشەکەوت دەکرێن. نووسراوەی سۆمێری تەنیا دوو چەشن نیشانەی هەبووە. یەکیان لە ژمارە پێکهاتبوو، سیستەمێکی تایبەت بە خۆیان هەبوو و بە گشتیی لەسەر ژمارەی ٦ دەخولایەوە. بۆ وێنە١، ١٠، ٦٠، ٦٠٠، ٣٦٠٠، ٣٦٠٠٠ و ... لە سۆمێرەکانەوە سیستەمی ڕۆژ و ٢٤ کاتژمێرو هەروەها  ٣٦٠پلەی بازنەمان پێ گەییوە. چەشنەکەی تریان وێنە یاخود نیشانەکان وەك وێنەی مرۆڤ، ئاژەڵ، کەرەسە، ناوچە و ...  شتەکانیتر نیشان دەدەن کە وەك زانیاری لەسەر بەرد و پێست و ... ڕادەگیران و بە وەچەکانی داهاتوو دەسپێردران.




نموونەی خەتی سۆمێری ٣٠٠٠ تا ٣٤٠٠ ساڵ بەر لە زایین

ئەو کات خەت تەنیا بۆ نیشاندانی وێنەی شتەکان و ژمارە بەکاردەهێندرا. هەرکەس لە ناو ئەو خەت و نووسراوە بەجێماوانەدا بەدوای پیت دا بگەڕێ، کاتی خۆی بە

هەدەر داوە. ئەو پەیامانەی مرۆڤی ئەو سەردەمە لە خۆیان بەجێ هێشتووە، زۆر ئاسایی بوون، نە بیری فەلسەفی تێدابووە و نە شیعر، یاسا، نووسراوەی حیماسی و هەڵبەست یاخود گۆرانی. ئەو زانیارییانە زیاتر خۆیان بە کاروباری ڕۆژانە وەك ژمارەیماڵیات، ژمارەی قەرز و ڕاگرتنی ژمارەی دارایی ماڵ و ماڵاتی مرۆڤەکانەوە خەریك کردووە.

خەتی سۆمێری وەك نووسراوەیەکی تەواو و سیستمێکی ڕاگرتنی زانیاریی لە ئەژمار نایە. سیستەمێکی نووسراوەیی تەواو و کامیل، سیستەمێکە کە بتوانێ زمانی قسەپێکردن، شیعر گۆرانی، نووسراوەی ئەدەبی حیسابات و ... بە تەواوی پێ پاشەکەوت بکرێ. خەتی لاتینی، هیرۆگلیفی میسری یا خەتی بریل هەر هەموویان سیستەمێکی نووسراوەیی تەواون. بەهۆی ئەو خەتانەوە دەکرێ زانیاریی سەبارەت بە شیعر، پەخشان، نووسراوەی مێژویی و یاساکان و هەر نووسراوەیەکیتر بە وردی پاشەکەوت بکرێ. بە پێچەوانە خەتی سۆمەری تەنیا ژمارەی بیرکاریی پێ ڕادەگیرترێ و بۆ وێنە ناکرێ شیعر، کتێبی مێژوویی یا ... شتیتری پێ بنووسرێ.

بەڵام لە ڕاستیدا سۆمێرەکان خەتیان نەدۆزیبۆوە کە شیعر یا نووسراوەی ئەدەبی ڕاستەوخۆ لە زمانەکەیانەوە پێ بنووسن، بەڵکوو ئەو کارانەی پێ بەجێ بێنن کە بە قسەکردن و ئاخەفتن بەڕێوە نەدەچوون. لە ناوچەکانی ئاندن "Anden"ی باشووری ئەمریکا پێش ئەوەی لە لایەن سپانیاییەکانەوە داگیر بکرێن، سیستەمی نووسینی ساکاریان بۆ ڕاگرتنی مێژووەکەیان بەکار هێناوە بە بێ ئەوەی هەست بە ناتەواوییەك بکەن. خەتی خەڵکەکانی ئاندن جیاوازیی سەرەکی لەگەڵ خەتی سۆمێریدا هەیە. بە شێوەیەك کە تاقمێك لە پسپۆران بە خەتی بەحیساب ناهێنن. ئەو خەتە لە گرێی ڕەنگینی تەنافێ دەچێ کە ناوی کویپۆ"Quipu"یان لەسر داناوە. هەرکام لە کویپۆیەکان لە چەندین ڕشتەی جیاوازی تەنافی ئەبریشەم پێکهاتوون. هەر تەنافێك لە چەند گرێ پێکهاتووە. یەك کویپۆ دەتوانێ لە سەدان تەناف بە هەزاران گرێوە پێك بێ. بەهۆی تێکەڵاویی گرێ، تەناف و ڕەنگی جیاواز دەیانتوانی زانیارییەکی زۆری بیرکاریی وەك ماڵیات و حیساباتی ناوچەکانی پێ ڕاگرن.

بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ (ستیکی USB)ی ئەوڕۆیی ڕەنگە ئەو تەناف و گرێی یانە زۆر ساکار و ئاسایی بنوێنن، بەڵام بۆ ڕاگرتنی زانیاریی کەرەسەیەکی گەلێك بەکەڵکهاتوو بۆ ئەو سەردەمە بووە. بە هۆی ئەو تەنافانەوە ساڵیانی درێژ سیستەمە

جۆراوجۆرەکانی ناوچەکە دەوڵەتدارییان پێ کردووە. بە پانتایی ناوچەکانی وڵاتانی ئەوڕۆیی وەك پێروو، ئێکوادۆر و بۆلیوێن، و هەروەها بەشێکی شیلی، ئارژانتین و کولۆمبیا کە ژمارەی شاروەندەکانی ئەو سەردەمەیان بە گشتی بە ١٠ تا ١٢ ملیۆن کەس گەییوە، لەو سیستەمە کەڵکیان وەرگرتووە. تەنانەت چەند ساڵیش دوای داگیرکردنی ئەو ناوچانە لە لایەن ئیسپانییەکانەوە کەڵك لێوەرگرتن لەو سیستەمە یان درێژە پێداوە. بەو هۆیەی ئیسپانیاییەکان خۆیان لە سیستەمەکە نەدەگەیشتن و پێویستیان بە شارەزایانی ئەو چەشن نووسینە هەبوو، و هەروەها دەترسان کە بە شێوەیەك فێڵی ئابوورییان لێ بکرێ دوای قایم کردنی کۆلۆنییەکانیان پیتی لاتینی و ژمارەی عەرەبییان لە جێی دانا.

## پەرجۆی بورۆکراسی

ئارەزووی دێرینی مرۆڤ بووە کە بە تامەزرۆییەوە لە ناوچەی مێزۆپێتامیا جیا لە کۆکردنەوەی ژمارەی ماندووکەری ئابووری، زانیاریی سەبارەت بە چۆنیەتیی ژیان و دەوروبەری خۆی کۆ بکاتەوە و وەك ئەزموونێك بە وەچەکانی داهاتووی بسپێرێ. لە مابەین ساڵەکانی ٣ هەزار و ٢٥٠٠ی پێش زایین دا بۆ گەیشتن بەو ئاواتە هەنگاوی بەرزتر هەڵگیراوە و بەتایبەت خەتی سۆمێری پەرەی سەندوە و خۆی کردۆتە سیستەمێکی نووسینی تا ڕادەیەك پێشکەوتوو کە ناوی خەتی بزماری لەسەر داندراوە. لە ساڵی ٢٥٠٠ پێش زایین بەهۆی ئەو سیستەمە نووسینەوە چۆنیەتیی حوکوومەتکردنی شاکان، تێکستی ئەدەبی و تەنانەت نامە شەخسییەکانیش تۆمار کراون. هەر لەو ساڵانەشدا میسرییەکان خەتی هیرۆگلیف یان دۆزییبۆوە. بەدوای خەتی بزماری و هیرۆگلیف دا خەتیتر وەك خەتی چینی نیزیکەی ١٢٠٠ ساڵ پێش زایین، و خەتی ناوچەی ناوەڕاستی ئەمریکا هەزار تا ٥٠٠ ساڵ پێش زایین، پێکهاتن.

لێرەبەولاوە بەهۆی سیستەمی نووسراوەیی زانیارییەکان ئاستەمتر پاشەکەوت کراون و بە پێی کات بەرەو کامیلبوون ڕۆییون و بۆ کار و مەبەستی نوێ کەڵکیان لێ وەرگیراوە. مێژووی دەستپێکی شیعر، پەرتووکی مێژوویی، چیرۆکی خۆشەویستی، ڕۆمان، نووسراوەی شانۆیی، پەخشان، نووسراوەی ئایینی و پەرتووکەکانیتر وەڕێ کەوتووە. بە گشتی سەرجەم بزووتنەوە ئایینییەکان بە بێ بوونی خەت و ڕاگرتنی نووسراوەکانیان نەیاندەتوانی درێژە بە باوەڕەکەیان بدەن و تا ئەورۆ خۆڕاگریی بکەن.

هاوکات لەگەڵ ڕاگرتنی زانیاریی بەهۆی نووسراوە، سیستەمی بورۆکراسیش پەرەی سەندووە. بە گەورەبوونەوە و هەڵمسانی زانیارییەکان و دانانی یاسای کۆمەڵایەتیی، بورۆکراسیش زیاتر خۆی لە ناو سیستەمی کۆمەڵگاکاندا بڵاو کردۆتەوە و کێشەی بۆ کۆمەڵگا پێك هێناوە.

مێشکی مرۆڤ دەتوانێ زانیارییەکی زۆر لەخۆیدا ڕاگرێ و بە پێی پێویست لە کاتێکی کەمدا داوایان بکاتەوە و بەیانیان بکات. بۆ وێنە مرۆڤ دەتوانێ لە کاتێکی

زۆر کەمدا پێتەختی ئیتالیا لە مێشکی داوا بکات، یا کارەساتێك کە خۆی ئاگاداری بووە وێنای بکات. کەم کەس دەزانن ئەو کارانەی مێشك چلۆن بەڕێوە دەچن، بەڵام تا ئەو جێیەی زانیارییەکان ژمارەیان هێندە زۆر نەبێ کە سەر لە مرۆڤ بشێوێنن، دەتوانێ بە بێ کێشەیەکی گەورە لەخۆیدا ڕایانگرێ. بەهۆی نووسراوە و ڕاگرتنی زانیارییەکان لەسەر کەتیب و ... ئیتر مرۆڤ ناچار بە ڕاگرتنیان لە مێشکیدا نەبووە و خۆی لەو کارە ڕزگار کردووە. بە پێی کات و گەورەبوونەوەی حەشیمەت بۆ ڕاگرتنی زانیارییەکان تەنیا پەڕە کاغەز یاخود کەتیبەیەك کافی نەبووە و بەهۆی گەورەبوونەوەی ژمارەی مرۆڤ دەبوو سیستەمێکی ئیداری پێك بێ کە بە هاسانی بتواندرێ زانیارییەکانی تێدا بدۆزرێتەوە. وێدەچێ دۆزینەوەی سیستەمێکی ئەوتۆ لە دۆزینەوەی خەت ئاڵۆزتر بووبێ.

کۆنە ناسان لەناو کۆمەڵگاکانیتر تەنانەت کۆنتر لە سۆمێرەکانیشدا کەڵکلێوەرگرتن لە خەتیان دۆزیوەتەوە بەڵام بەو هۆیەی نەیانتوانیوە سیستەمێکی گونجاو بۆ ڕاگرتنی زانیارییەکانیان بدۆزنەوە، لە ناو چوون و لەبیر چوونەتەوە. هاوتەریب لەگەڵ دۆزینەوەی خەت لە میسر، چین و ناوچەکانیتر دامەزراندنی قوتابخانە بۆ فێرکردن و ڕاهێنانی مرۆڤ یەك لە هەرە گرنگترین پێداویستییەکان بووە. بەڵگەیەکی ٤ هەزار ساڵ کۆنی ناوچەی مێزۆپێتامیا کە لە لایەن کۆنەناسانەوە دۆزراوەتەوە دەیسەلمێنێ کە بە بێ ڕاهێنان ئەو خەتانە نەیاندەتوانی شوێنی خۆیان لە کۆمەڵگادا قایم بکەن. نووسراوە دۆزراوەکە بەو شێوەیە وەرگێڕدراوەتەوە: من هاتم، دانیشتم و مامۆستا سەیری نووسراوەکەی کردم. "ئێرەی دروست نییە!" مامۆستا گوتی. دەستی دایە شووڵێك و لێی دام...

قوتابییەکان نەك هەر خوێندنەوە و نووسین فێر دەبوون بەڵکوو فێری کەڵکوەرگرتن لە وشەنامە و ساڵنامە و ... دەکران. هەروەها فێری تێکنیکی گەڕان بەدوای وشە و شی کردنەوە و ڕاگرتنی زانیارییەکان دەکران کە مێشکی مرۆڤ لە سنوورێکی دیاریکراودا توانایی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو سیستەمەی نەبووە. بۆ کارکردنی سیستەمێکی ئەوتۆ دەبوو بەشە پاشەکەوت کراوەکان و ئاڕشیڤەکان وا دامەزرێن کە وەك سیستەمی حیسابداری و ئیداری عەمەل بکەن، نەك وەك بیرکردنەوەی مێشکی مرۆڤ.

## زمانی ژمارەکان

لە ماوەی سەدەکانی ڕابردووەوە، جیاوازیی نێوان ئارشیڤکردنی سیستەمی بورۆکراسی و سیستەمی بیرکردنەوەی سرووشتی مرۆڤ تا ڕادەیەکی زۆر گەورەتر بوونەتەوە. هەنگاوی بڕیاردەر لە سەدەی نۆهەمدا بەڕێوەچوو، ئەوکاتەی سیستەمی نووسراوە و ژمارەی بیرکاریی بە دووقۆڵی بەرپرسایەتی کاری ئارشیڤیان لە ئەستۆی خۆیان گرت. ئەو سیستەمە پێکهاتبوو لە دە نیشانە: "لە سیفر(٠)ەوە تا ژمارەی نۆ(٩)" و ناوی سیستەمی ژمارەی عەرەبی لەسەر داندرابوو. لەڕاستیدا هیندییەکان سیستەمی ژمارەیان دۆزیبۆوە، بەڵام دوای گرتنی ئەو ناوچانە لە لایەن حاکمانی عەرەبییەوە، سیستەمی ژمارەیان بە ناوی خۆیان لە ناوچە عەرەبییەکان بڵاو کردەوە و دواتریش بە دەستی ئورووپاییەکان گەییشت. کاتێ ماوەیەك دواتر نیشانەکانیتری بیرکاری وەك کۆکردن کەم کردن، زەرب کردن و دابەشکردنی لێ زیاد کرا، زانستی بیرکاری لە دایك بوو.

باوەکوو نووسراوەی بیرکاریی بۆ هەمیشە وەك سیستەمێکی نووسراوەیی مایەوە، بەڵام وەك زمانێکی ستانداردی جیهانی لێهات و بە پێی کات زیاتر و زیاتر پەرەی سەند. زۆربەی وڵاتانی جیهان بە بێ بەسترەوایی بە زمانەکەیانەوە لەو سیستەمە بۆ ئارشیڤکردن و بەکارهێنان و دەستتێوەردانی زانیارییەکان کەڵك وەردەگرن. هەموو ئەو زانیاریانەی بۆ سیستەمی زمانی بیرکاریی وەرگێڕ دەکرێن، بە شێوەیەکی باش کاریان لەسەر دەکرێ. هەر زانیارییەك بە هۆیەك نەتوانێ خۆی لەگەڵ زمانی بیرکاری بگونجێنێ، سەرنجی نادرێتێ و لەبیر دەچێتەوە.

هەر مرۆڤێك، لە هەر بەشێکی کۆمەڵگادا بیهەوێ کارتێکەریی لەسەر حکوومەتەکان، ڕێکخراوەکان و کارخانەکان هەبێ، دەبێ فێر بێ بە زمانی ژمارە واتە بیرکاری ئاخەفتن بکا. پسپۆران بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن تەوەرەکانی وەك "هەژاریی"، "بەختەوەری" و ڕاستگوویی بۆ سەر زمانی بیرکاریی هەڵگێڕنەوە، بۆ وێنە وەك: مووچەی ڕۆژانە، ئاسایش و ژیانی باشی زەینی مرۆڤ یا قەرزدار بوون.

زۆربەی تەوەرەکانی زانستیی وەك فیزیك یا ئەندازیاریی زانستیی خۆیان لە زمانی نووسراوەیی ڕزگار کردووە و تەنیا بە شێوازی زمانی بیرکاریی دەنووسرێن و بەیان دەکرێن.

$$\begin{aligned}\ddot{\mathrm{r}}_i = \sum_{j\neq i}\frac{\mu_j(\mathrm{r}_j-\mathrm{r}_i)}{r_{ij}^3}\Bigg\{1-\frac{2(\beta+\gamma)}{c^2}\sum_{l\neq i}\frac{\mu_l}{r_{il}}-\frac{2\beta-1}{c^2}\sum_{k\neq j}\frac{\mu_k}{r_{jk}}+\gamma\left(\frac{\dot{s}_i}{c}\right)^2 \\ +(1+\gamma)\left(\frac{\dot{s}_j}{c}\right)^2-\frac{2(1+\gamma)}{c^2}\dot{\mathrm{r}}_i\cdot\dot{\mathrm{r}}_j-\frac{3}{2c^2}\left[\frac{(\mathrm{r}_i-\mathrm{r}_j)\cdot\dot{\mathrm{r}}_j}{r_{ij}}\right]^2 \\ +\frac{1}{2c^2}(\mathrm{r}_j-\mathrm{r}_i)\cdot\ddot{\mathrm{r}}_j\Bigg\} \\ +\frac{1}{c^2}\sum_{j\neq i}\frac{\mu_i}{r_{ij}^3}\left\{[\mathrm{r}_i-\mathrm{r}_j]\cdot[(2+2\gamma)\dot{r}_i-(1+2\gamma)\dot{\mathrm{r}}_j]\right\}(\dot{\mathrm{r}}_i-\dot{\mathrm{r}}_j) \\ +\frac{3+4\gamma}{2c^2}\sum_{j\neq i}\frac{\mu_j\ddot{\mathrm{r}}_j}{r_{ij}}\end{aligned}$$

نموونەیەکی زمانی بیرکاریی

لە چەند دەیەی ڕابردووەوە زمانی بیرکاریی سیستەمێکی نوێی لێ لە دایك بووە، کە تەنیا لە دوو نیشانە پێکهاتووە "٠" و "١". ئەو وشانەی لەسەر کیبۆردی کامپیۆتر دەنووسرێن تەنیا بەهۆی ئەو دوو نیشانەیە، بۆ شێوازی سیفر و یەك هەڵدەگێڕدرێنەوە. نووسراوە وەك کۆیلەی خۆناسینی مرۆڤ لە دایك بووە و وێدەچی مرۆڤی بە تەواوی لەژێر کۆنتڕۆڵی خۆی گرتبێ و بە پێچەوانە مرۆڤی کردبێتە کۆیلەی خۆی. بۆ کامپیۆترەکانی ئەوڕۆیی زۆر چەتوونە زمان، هەست و خەونەکانی مرۆڤی هۆمۆساپیەن بۆ سەر زمانی ٠ و ١ هەڵگێڕنەوە.

بەڵام هێشتا بەو کارە مێژووەکە بە کۆتایی ناگات. ئەوڕۆ لە ناوەندی تاقیکاریی زانستیی چەشن کامۆیۆتێرێك دروستکراوە کە بە بێ کارتێکەری مرۆڤ خۆی سەربەخۆ کار دەکات. لە فیلم و پەرتووکەکانی لەسەر داهاتووی جیهاندا دروستکراون، ژمارەی دیجیتاڵیی ٠ و ١ بەسەر مرۆڤدا زاڵ بوون. ئەگەر ئێمەی مرۆڤ هەوڵ بدەین ئەو ژمارە یاخیی و سەرشێتانە بخەینەوە ژێر کۆنتڕۆڵی خۆمان، وەڵاممان دەدەنەوە: "ئەو کارە تەنیا بە تووانابوونی مرۆڤایەتی لەسەر جیهان تەواویی پێ دێ".

## مێژوو دادگەر نییە

لەڕاستیدا دوای شۆڕشی ئابووری مێژووی مرۆڤایەتی تەنیا لەسەر ئەو پرسیارە هەڵدەسووڕێ: "چلۆن مرۆڤ ژیانی بەکۆمەڵیان ئورگانیزە کردووە، باوەکوو خورسك و سرووشتی ئەو کارەیان نەبووە؟" وەڵامی مرۆڤ لەسەر ئەو کێشەیە، بووە هۆی دۆزینەوەی ڕێکوپێکی و تەنانەت خەتیش. ئەو دوو تایبەتمەندییە بۆشایی بیۆلۆژیکیی مرۆڤیان پڕکردەوە.

بەڵام دۆزینەوەی هاوکاریی هەمەلایەنە و بەکۆمەڵ بۆ هەموو مرۆڤەکان بە تەنیا پڕکەرەوە نەبوو. ئەو کۆمەڵگایانەی لەو کاناڵەوە پێکهاتبوون، زۆربەیان نە بێ لایەن مانەوە و نە دادگەر. ئەوان ڕێکوپێکیان پێکهێنا و مرۆڤیان بەسەر چەند گرووپدا دابەش کرد. تاقەمێکیان هەستی حکوومەتکردنیان تێدا پەروەردە بوو و بڕێکیشیان ملیان بۆ زۆرداران شل کرد و لەژێر گوشار داندران و چەوسانەوە. بۆ وێنە یاساکانی هامۆڕابی ئینسانیان بەسەر مرۆڤی "ئازاد بەدنیاهاتوو" و "کۆیلە"دا دابەش کردبوو. بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە ماڵ و داراییان بەسەر مرۆڤی ئازادبەدنیاهاتوودا دابەشکرابوو و کۆیلە و یەخسیریش بێبەش مابوونەوە.

هەروەها ئەو ڕێکوپێکیەی کۆچبەرانی ئینگلیزی لە باکووری ئەمریکا لە ساڵی ١٧٧٦ بەڕێوەیان برد، مرۆڤیان بەسەر گرووپی جیاوازدا دابەش کرد. لەو کۆمەڵگایەدا پیاو دەستی بەسەر تەکووزی و ڕێکوپێکییدا گرت و ژنیش بێ بەش مایەوە. مرۆڤی سپی پێست کەوتنە بەرەی مرۆڤە باشەکان و دەستیان کرد بە چەوساندەوەی مرۆڤی ڕەش پێست و سوورپێست. زۆربەی ئیمزاکەرانی "ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی" پێشتر خۆیان مرۆڤی ڕەش پێستیان ڕادەگرت و کۆیلەدار بوون. تەنانەت دوای ئیمزاکردنی ئەو ڕاگەیاندنەش نەتەنیا کۆیلەکانیان ئازاد نەکرد بەڵکوو ئەو بێ ویژدانانە بەوهۆیەی ڕەش پێستیان وەك مرۆڤ سەیر نەدەکرد، مافی مرۆڤیان بۆ بەڕێوە نەبردن و بێ بەزەییانە چەوسانەوەی کۆیلەکانیان درێژە پێدا.

سەرەڕای ئەوەش ئەمریکاییەکان کۆمەڵگاکەیان بەسەر دوو بەرەی دەوڵەمەند و هەژاردا دابەش کرد. سەیر ئەوەیە کە زۆربەی مرۆڤ کێشەیان لەگەڵ ئەو فۆرمە نابەرابەرە ئابوورییە نەبوو. بۆ ئەوان زۆرتر یاسای وەك یەك، گرنگ بوو کە هەردووك لا بە چاوێك سەیر بکرێن. تەنانەت مانای وشەی "ئازادی"یش ئەوکات جیاوازیی هەبوو لەگەڵ هی ئەوڕۆ. لە ساڵی ١٧٧٦ وشەی "ئازادی" بۆ مافی مرۆڤی پێست ڕەش یا ژنان بەکار نەدەهێندرا. ئازادی بەو مانایە بوو کە حاکمانی سەردەم خۆ لە کاری خەڵکانی دەوڵەمەند هەڵنەقوتێنن و دەست لە ماڵ و داراییان وەرنەدەن.

ڕێکخستن بەشێوەی ئەمریکایی کۆمەڵگای بەسەر دوو بەرەی دەوڵەمەند و هەژاردا دابەشکرد کە بەچاولێکەریی و لاسایی کردنەوەی یاسای ئایینی و سرووشتیەوە بەڕێوە دەچوو.

مرۆڤە هەوڵدەر و چالاکەکان پاداش دەدران و مرۆڤی تەمبەڵ و تەوەزلیش سزا دەدران. جیاوازیی نێوان مرۆڤی کۆیلە و ئازاد، دەوڵەمەند و هەژار، پیاو و ژن، لەسەر گێڕاوە و چیرۆك بونیات نرابوون. دیارە لە پەنایەوە قاویشی بۆ دەدرا کە ئەو نابەرابەرییانە شتێکی سرووشتییە و هەمیشە وابوو و هەر واش دەمێنیتەوە. بەتایبەت لەسەر دوو بەرەی مرۆڤی کۆیلە و ئازاد دەگوترا کە ئەو کارە دۆزینەوەی مرۆڤ نییە بەڵکوو تەنیا کارێکی سرووشتییە. ئەو جیاوازییە بۆ هامۆڕابی وەك بەشکردنێکی ئیلاهی وابوو. ئەرەستوو پێی وابوو کویلەکان سرووشتێکی کۆیلەییان هەیە و مرۆڤی ئازاد، سرووشتی ئازاد، هەردووکیان لە سرووشتی ڕاستەقینەوە هەڵدەقوڵێن.

ڕاسیستەکان هەمیشە لەسەر ئەو بۆچوونە بوون کە سەروەریی ڕەگەزی سپی بەسەر ئەوانیتردا ڕاستییەکی بیۆلۆژیکییە. سپی پێست بۆیە بیری باشترە و بلیمەتە، چونکە لە ڕوانگەی سرووشتیەوە بلیمەت، بە ئەخلاق و زرینگتر خوڵقێندراون. تاقەمێکیتر بۆ مرۆڤی دەوڵەمەند و هەژار ئارگومێنت دێننەوە کە دەوڵەمەند بۆیە بەسەر هەژاردا زاڵە، چونکە جیاوازیی سەرەکی لە نێوان لێهاتووییاندا هەیە. دەوڵەمەندەکان شیاوی ئەوەن کە ماڵ و دارایی، پێ ڕاگەیشتنی دەرمانی، خوێندنی باڵا، خواردنی باش و ... بۆیان دابین بکرێ. هیندووەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەو جیاوازییە لە لایەن هێزی کەیهانییەوە دیاری کراوە. بە پێی ناودارترین خوڕافاتی هێندووەکان، خوڵقاندن

www.rojhalat.de / www.bokan.de

له لایەن خوداکانەوە بە کەڵکوەرگرتن لە لەشی بوونەوەرێك بە ناوی پورووزا "Purusa" پێك هاتووە. ڕۆژ لە چاوی پورووزا دروست کراوە، مانگ لە مێشکی پورووزا، براهمانەکان(ئایینی) لە دەمی، شەڕکەرەکان لە دەستی، وەرزێر و بازەرگانەکان لە کەمەری و نۆکەر و کەنیزەکانیش لە قاچی پورووزا پێك هاتوون. بۆ کەسێك باوەڕی بەو خوڕافاتە هەبێ، جیاوازی نێوان مرۆڤی ماقووڵ و ناماقووڵ، هەروەها تەفاوەتی مابەین ڕۆژ و مانگ لە لایەن خوداکانەوە دیاری کراوە. چینیە کۆنەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کاتێ خودای ژن نوی وا "Nü Wa" مرۆڤی لە خۆڵ دروست کرد، ئاریستوکراتەکانی لە خۆڵی زەرد و وەرزێڕەکانی لە قوڕی قاوەیی دروست کردوە.

ئەو جیاوازیی و قات بەندییە هەر هەموویان لە فانتازیای مرۆڤەکانەوە سەرچاوە دەگرن. سرووشتییە کە براهمان و کۆیلەکان لە لایەن خوداکانەوە، لە ئەندامی بوونەوەرێك دروست نەکراون بەڵام بەجێی ئەو، یاسا و نۆرم ساز کران کە لە لایەن مرۆڤەوە ۳۰۰۰ ساڵ بەر لە ئێستا دۆزراونەتەوە. هەروەها سرووشتییە هیچ جیاوازییەکی بیۆلۆژیکی لە نێوان مرۆڤی ئازاد و کۆیلە، بوونی نییە بەو شێوەیەی ئەرەستوو باسی لێوە دەکات، بەڵکوو زیاتر یاسا و نۆرمی مرۆڤ بوون کە ئینسانی کۆیلە و ئازادیان پێکهێناوە. لە مابەین ڕەش پێست و سپی پێستدا باوەکوو جیاوازی بیۆلۆژیکی وەك ڕەنگی پێست و فۆڕمی مووی سەر هەیە بەڵام ئەو جیاوازییە هیچ پەیوەندییەکی بە بلیمەت و مۆڕاڵ و ئەخلاقی مرۆڤەکانەوە نییە.

نەتەوەکان لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانەوە بە مەیلەوە گاڵتە بە جیاوازیی کۆمەڵگای نەتەوەکانیتر دەکەن و هی خۆشیان بە باش و ڕاست و بەرحەق دەزانن. ئەورۆ بۆمان ڕوونە کە هیچ نەتەوەیەك باڵادەستیی بەسەر نەتەوەکانیتردا نییە. بەڵام سەیر ئەوەیە بە گشتیی لەسەر جیاوازیی دەوڵەمەند و هەژار، جیاکردنەوەی گەڕەکی دەوڵەمەند و نەدار، دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانەی تایبەتیی بۆ داراکان، کەس دەنگی دەرنایە و بە شتێکی تەواو سرووشتی دادەنرێ.

مرۆڤ ئەو هەستەی تێدا پەروەردە دەبێ کە کۆمەڵگا پێویستیی بە جیاوازیی و قات بەندیی و هەروەها هەڵاواردن هەیە. لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە جیاوازیی ناو کۆمەڵگاکان هەموویان وەك یەك نین بەڵام لە تاقەمێك لەو کۆمەڵگایانە ئەو جیاوازیی و هەڵاواردنە شێوەیەکی نائینسانیی لێ دروست بووە. بە درێژایی مێژوو و بە شێوەی

بەردەوام مرۆڤ هەمیشە هەوڵی پێکهێنانی کۆمەڵگای داوە و بەستراوە بە خەون و فانتازیایەوە جیاوازیی لە نێوان مرۆڤەکاندا دروست کردووە. لە ڕاستیدا بۆ پێکهێنانی چینەکانی کۆمەڵگا تایبەتمەندیی مرۆڤەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن.

## دروستبوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان وەك بازنەیەکی شەیتانی

گشت کۆمەڵگاکان لەسەر دۆزینەوەی سیستەمی هیرارکییەتیی دامەزراون، بەڵام ئەو هیرارکییەتییە دەتوانێ شێوازی جۆراوجۆری هەبێ. ئەو جیاوازییە لە کوێوە دێ؟ بۆچی لە هیندوستان مرۆڤی کۆمەڵگا بەهۆی ئایینەکانیان و لە ئەمریکا بەهۆی رەنگی پێست جیاوازیی چینایەتیان تێدا پێکهێنراوە؟ لە زۆربەی شوێنەکاندا حیماسەیەکی مێژوویی بە درێژایی چەندین وەچە بارودۆخێك یاخود بەرژەوەندیی بۆ گرووپێکی تایبەت بۆ وێنە شەڕکەرە ئازاکان یا ئایینیە پیرۆزەکان پێکدەهێنا و تا مرۆڤی کۆمەڵگا بەربەرەکانیان لەگەڵدا نەکردبایەن، هەروا درێژەی دەبوو.

حاکمان ڕوونیان دەکردەوە کە جیاوازی نێوان خەڵکەکان و چینەکانی کۆمەڵگا شتێکی بە هەڵکەوتی مێژوویی نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکانی کەیهانین. بۆ وێنە بارودۆخی خاوێن بوون و گلاوبوونی مرۆڤ لە کۆمەڵگای هیندووەکاندا کاتێك خەڵکە ئارياییەکان بەسەریاندا زاڵ بوون ڕۆڵێکی ناوەندیی و گەورەی گێڕاوە و مرۆڤی بەسەر دوو چینی هەژار و دەوڵەمەنددا دابەش کردووە. ئەو کاتەی تەنانەت هاتنی خەڵکە ئارییاییەکان لەبیریش چووبوونەوە، هێشتا مرۆڤی کۆمەڵگا پارێزیيان لە تێکەڵاوبوونی مرۆڤی چینە جیاوازەکان دەکرد کە نەکا خۆیانی پێ گڵاو بکەن. ئەو چەشن سیستەمە بە هیچ شێوەیەك پتەو و مەحکەم نەبوو، بە پێچەوانە بە پێی کات چینەکانی کۆمەڵگا خۆیان بەسەر چینی نوێدا دابەش دەکرد و لق وپۆی نوێیان لێ دەبۆوە. لەپڕێکدا لە چەند چینەوە بوون بە زیاتر لە سێ هەزار چەشن بە ناوی "jati" واتە (لە دایك بوو). فرەبوونی چینەکان پرەنسیبی سەرەکی کۆمەڵگای نەگۆڕییوە، کە مرۆڤ چ کار یاخود پۆستێکی لە کۆمەڵگادا بۆ دیاری کراوە، چونکە ئەوە چین یاخود ڕادەی ماقووڵی و پلەی مرۆڤ لەکۆمەڵگادا بوو کە کار و ئەرك، چەشن و چۆنیەتیی خواردن، جێی ژیان و تەنانەت هاوسەری بۆ مرۆڤەکان دیاری دەکرد.

هەر کات کەسبێکی نوێ یا گرووپێکی نوێ لە کۆمەڵگادا پێکدەهاتن، دەبوو خۆیان بسەلمێنن و لە کۆمەڵگادا جێیان بۆ بکرێتەوە. ئەو گرووپانەی وا نەدەسەلمێندران لە

خراپترین بارودۆخدا دەژیان. تەنانەت چینەکانی خوارەوە لە ناوخۆشیاندا جیاوازیان دادەنا و بۆ وێنە پێکەوە خواردنیان نەدەخوارد، دەستیان لە یەکتر نەدەدا یا تەنانەت لەگەڵ یەکتردا زەماوەندیشیان نەدەکرد. لە دنیانی مودێرنی ئەوڕۆی هیندوستاندا سەرەڕای دێمۆکراتیکبوونی کۆمەڵگا هێشتا زەماوەند، کار و پیشە لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی جیددی و ئاشکرا جیاوازییان هەیە.

لە دوو قوڕنەی ئەمریکا سیستەمی هیرارکییەتیی ڕەگەزپەرەستیی بە شێوەیەکی هاو چەشن بەڕێوە چوو. لە سەدەی شازدەوە تا سەدەی هەژدە ملیۆنان کۆیلەی ئەفریقایی لە لایەن داگیرکەرانی ئورووپاییەوە بۆ ئەو دوو قوڕنەیە هێنران کە ناچار بە کار لە سەر مەزراکان و کانزاکان کران. ئەوەیکە ئەو کۆیلانەیان لە ئەفریقا و نەك لە ئورووپا یاخود ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هەڵبژارد، سێ هۆی هەبوو:

- یەکەم قوڕنەی ئەفریقا لە ئەمریکا نیزیك بوو و خەرج و مخارجی ڕێگا زۆر هەرزانتر تەواو دەبوو.

- دووهەم لە ئەفریقا ئورگانیزاسیۆن یاخود گرووپی ڕێکخراوەی کۆیلەداریی بوونی هەبوو و مرۆڤی لە ناوەندی ئەفریقاوە بۆ جێگاکانیتر ڕادەگواست، لە کاتێکدا کۆیلەداریی لە ئورووپا زۆر کەم یاخود نوێ بوو. کڕینی کۆیلە لە بازارێکی کۆیلەداریی زۆر ساکارترە تا دروستکردنی بازارێکی نوێ.

- سێهەم مەزراکان لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، هائیتی و برێزیل بەهۆی نەخۆشییەکانی ماڵاریا و نۆبەتێی زەرد مەترسییان بۆ مرۆڤ پێکدێنا کە پێشتر ئەو نەخۆشییانە لە ئەفریقاوە هاتبوون. نەتەوەی ئەفریقایی بە چەندین وەچە لە هەنبەر ئەو نەخۆشییانەدا سیستەمێکی پارێزراویی لەشییان تێدا دروست کرابوو، بە پێچەوانە ئورووپاییەکان پێی نەخۆش دەکەوتن و لە ڕوانگەی ئابوورییەوە کۆیلەی ئەفریقایی بۆ مەزرادارەکان زۆر هەرزانتر تەواو دەبوو.

بەو هۆیەی مرۆڤی ئەفریقایی سازگاریی جەستەیی لەگەڵ کەش و هەوا پەیدا کردبوو، بوون بە کۆیلەی سەرمایەدارانی ئورووپایی. بەهۆی ئەو سێ خاڵە گرنگانەوە کۆمەڵگای ئەمریکایی بەسەر دوو چینی "سپی"ی ئورووپایی وەك سەروەر و

"ڕەش"ی ئەفریقایی وەك ژێردەست، دابەش کرا. سرووشتییە بەهۆی قازانجی ماڵییەوە هیچ کەس دان بەسەر ئەوەدا نانێ کە مرۆڤی ڕەگەزێکی تایبەت وەك کۆیلە لای خۆیان ڕادەگرن و ئەمریکاییەکان خۆیان هەروەك ئاریا ڕەگەزەکان کە بەسەر هیندوەکانیاندا سەپاندبوو، خۆیان بە دادپەروەر و مرۆڤی باش نیشان دەدا. بۆ بەڕێوەبردنی هەرچی باشتری ئەو سیستەمە و دابینکردنی ڕێکوپێکیی کەڵکیان لە ئایین و زانستی سەردەم وەردەگرت. بۆ وێنە مرۆڤە ئایینیەکان دەیانگوت: "رەش پێستی ئەفریقایی بەرەی کەسێکی ئایینین بە ناوی "هام" کە لە بەر ڕق و بێزاریی باوکی خۆی واتە "نوح" منداڵەکانی بوونەتە کۆیلە." زانستیش لە پەنای ئەو بۆچوونە ئایینییەدا دەیانگوت: "مرۆڤی سپی لە ڕوانگەی بیۆلۆژیکییەوە لە مرۆڤی ڕەش ماقووڵترن، چونکە بلیمەت و ئەخلاقیان باشتر پەرەی سەندووە، و بەوهۆیەی مرۆڤی ڕەش لە پیس و پۆخڵیدا ژیاون لە بەرابەر نەخۆشیدا قایمترن."

ئەو بۆچوون، خورافات و هەڵبەستنانە سەرەڕای بەسەرچوونی سەردەمی کۆیلەداریی، لە کۆمەڵگای ئەمریکادا هەر ماونەوە. سەرەتای سەدەی ١٩ حاکمی جیهانی ئینگلیز کۆیلەداریی لە ئاتلانتیك قەدەغە کرد و ماوەیەك دواتر ئەو کارە یەك بەدوای یەك وڵاتەکانیتریشی گرتەوە. ڕەنگە بە فەرمی کۆیلەداریی ئیتر تەواو بووبێ و نەمابێ، بەڵام بۆچوون و هەڵس و کەوتی ڕاسیستیی و ڕەگەزپەرەستیی لە نێو مێشکی مرۆڤدا هێشتا توونا نەکراوە.

ئەزموونەکەشی وەك بازنەیەکی شەیتانی هەر مایەوە و لە باشووری ئەمریکا بووە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆیی. لەساڵی ١٨٦٥ ڕەشی ئەمریکایی لە تیئۆریدا لە کۆیلەیی ڕزگار کرا و لە بەرابەر یاسادا لەگەڵ مرۆڤی سپی لە یەك ڕەدەدا دانرا. بەڵام دوای دوو سەد ساڵ دواتر بنەماڵەی ڕەش لە هی سپی زۆر هەژار و نەدارتر بوون و مافی ژیانیان لێ زەوت دەکرا. سەیر ئەوەیە مرۆڤ دەبوو بە پێی کات هەست بەوە بکات کە ئەو جیاوازیی و بۆچوونانە تەنیا خورافات و قسەوباسی چێکراوە و مرۆڤی ڕەش پێستیش بە بێ جیاوازی دەتوانی بلیمەت لەخۆی نیشان بدا. بەڵام بە پێچەوانە، بەوهۆیەی زۆربەی کارەباشەکانی ناو کۆمەڵگا بە دەست مرۆڤە سپییەکانەوە بوو، بۆ مرۆڤە سپییەکان زۆر باشتر جێی باوەڕ بوو کە مرۆڤی ڕەش دەست و پێ سپیلکەیە و کاری باشی لە دەست بەر نایە و دەیانگوت: "مرۆڤی رەش چەندین وەچەیە کە بە ئازادیی دەژی، کەچی نە پرۆفسۆر، نە وەکیل و نە دوکتۆریان و ... تێدا

هەڵکەوتووە. ئایا ئەوە بەڵگە نییە بۆ بلیمەت نەبوونیان؟" بارودۆخێکی وەها بۆ مرۆڤی ڕەش لە کۆمەڵگادا پێکهاتبوو کە هیچ کار و پیشەیەکی ماقوڵانەیان بۆ جێ بەجێ نەدەکرا چونکە بە گێژ، ناحاڵی و نەزان دادەنران.

سەرەڕای ئەوەش، بارودۆخەکە هەر بەو کارەساتە کۆتایی پێ نەهات، بەهۆی گەورەبوونەوەی ئەو چەشن تۆمەتانەوە یاسای نوێ پێکهاتن کە یارمەتییان بە مانەوە و ژیانەوەی ڕەگەزپەرەستیی دەدا. بۆ وێنە مرۆڤی ڕەش پێست ئیزنی هەڵبژاردنی نەبوو، منداڵەکانین ئیزنیان نەبوو لە قوتابخانەی سپییەکاندا دەرس بخوێنن، ئیزنیان نەبوو لە دووکانی سپییەکان شت و مەك بکڕن و هەروەها ئیزنی مانەوەیان لە هوتێلی سپییەکاندا پێ نەدەدرا. هۆیەکەشی هەر وەك هەمیشە ئەوە بوو کە مرۆڤی ڕەش پێست پیس و پلۆخە، تەمبەڵ و تەوزەلە، شەڕانی و تووڕەیە و دەبێ لە بەرابەریدا پارێزگاریی بۆ مرۆڤی سپی پێکبێ. تەنانەت لە ترسی نەخۆشیی، مرۆڤی سپی لە جێگای مرۆڤی ڕەشدا نەدەخەوت، لە قاپ و کەوچکیدا کێشتی نەدەخوارد. هەموو ئەو هەڵس و کەوتانە زانایانیان هان دەدا بەڵگەی زیاتر بۆ جیاوازی نێوان مرۆڤی ڕەش و سپی بدۆزنەوە و بیسەلمێنن کە لە ڕوانگەی بیۆلۆژیکیی و بیر و بۆچوونەوە مرۆڤی ڕەش لە سپی نەزمترە.

لەگەڵ دەستپێکی سەدەی بیستەم کێشەی ڕەگەزپەرەستیی زۆر ئاستەمتر و بەرچاوتر بوو لەگەڵ کۆتایی سەدەی نۆزدە. کاتێ کلێنۆن کینگ "Clennon King" خوێندکاری ڕەش لە ساڵی ١٩٥٨ خۆی بۆ زانستگەی می سی سی پی ناونووسی کرد، ناردیان بۆ شێت خانە و دادگاییان کرد. دادوەری دادگاکە گوتوویە دەبێ ئەو کەسە شێت بووبێ کە باوەڕی بەوە بووە دەتوانێ لەو زاننستگەیە خۆی ناونووسی بکا و دەرس بخوێنێ.

پەیوەندیی و نیزیکی سێکسی پیاوی ڕەش و ژنی سپی هێندەیتر ڕەگەزپەرەستەکانی بۆ کینە دژ بە مرۆڤی ڕەش هان دەدا. تەنانەت ئەگەری نیزیکی لەگەڵ ژنی سپی و بە بێ بەڵگەش، دەبووە هۆی کوشتنی مرۆڤە ڕەشەکە. سازمانێکی ڕاسیستیی بە ناوی کوکولووکسکلان "Ku-Klux Klan" پێکهات کە ئەرکیان تەنیا پارێزگاریکردن لە ڕەگەزی سپی و لە ناوبردن و کوشتنی مرۆڤی ڕەش بوو.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

بەپێی کات مرۆڤی رەگەزپەرەست خۆی بەسەر هەموو ناوچەکانی وڵاتدا بڵاو کردبۆوە. تەنیا مرۆڤی سپی پێست مافی ژیانی ئازادی هەبوو. وەك ڕاستییەك جیاوازیی نێوان ڕەش و سپی لە مێشکی مرۆڤدا پاشەکەوت کرابوو. بازنەی شەیتانیی لەو چەشنە دەتوانن خۆیان سەدان و تەنانەت هەزاران ساڵ ڕاگرن و پنج و بناغە لە کۆمەڵگادا قایم کەن. نەزمکردنی کەسایەتیی و سووکایەتیکردن بە ڕەگەزی ڕەش بە پێی کات زیاتر و زیاتر بۆتەوە. دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر دەبوون و هەژارەکان هەژارتر، مرۆڤی زانا زاناتر و هی نەزان نەزانتر.

زۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهان و هیرارکییەتیی هێزە سیاسییەکان بەهیچ شێوەیەك پرۆسەی لۆژیکیان نەپێواوە و تەنیا بەهۆی ڕووداوە مێژووییەکان و بە هەڵکەوت پێکهاتوون و هێزیان گرتووە. بەو هۆیە زۆر گرنگە کە مرۆڤ خۆی بە مێژووەکەیانەوە خەریك بکات.

## کۆمەڵگا جیاوازەکان، ژن و پیاو

لە پرۆسەی مێژووییدا کۆمەڵگاکان چەندین سیستەمی جیاوازی حکوومەتدارییان دۆزییوەتەوە. ڕەچەڵەك و ڕەگەز لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان بینیوە، بەڵام بۆ موسوڵمانان لە سەدەی ناوەڕاستدا ڕەگەز هیچ گرنگایەتییەکی نەبووە. جیاوازیی چینایەتیی لە کۆمەڵگای هیندوستانی سەدی ناوەڕاستدا ڕۆڵی مان و نەمانی بۆ مرۆڤ بووە، کەچی لە ئوروپای مودێرندا ئەو کێشەیە نەناسراوە. بە پێچەوانە هیرارکییەتی نێوان ژن و پیاو لە هەموو کۆمەڵگا ناسراوەکاندا ڕۆڵێکی ناوەندیی گێڕاوە. هەموو کۆمەڵگاکان پێکهاتوون لە ژن و پیاو، لە هەمووشیاندا پیاو وەپێش ژن دەخرێ، واتە پەسەند دەکرێ و بە سەروەری ژن دادەندرێ.

کۆنترین بەڵگەی نووسراوەیی لە چین بە ناوی ئێسقانی ئۆراکل "Orakelknochen" کە ١٢٠٠ ساڵ بەر لە زایین نووسراوە و مرۆڤ بۆ پێشگوویی داهاتوو کەڵکی لێ وەرگرتووە. یەك لە پرسیارەکان ئەوە بووە: "لەدایك بوونی خاتوو هاو (Hao) بە باشی بەڕێوە چووە؟" وەڵامەکەشی ئەوەیە: "منداڵەکە لە ڕۆژی (هیچ گرنگایەتییەك بە ڕۆژەکە نەدراوە!) لە دایك بووە، منداڵەکە سێ حەوتوو و ڕۆژێك درەنگتر هاتۆتە سەر دنیا. چارەڕەش، منداڵەکە کچ بووە." کاتێ حیزبی کومونیستی چین سێ هەزار ساڵ دواتر یاسای یەك منداڵەی لە پارلەماندا بە فەرمی کرد، زۆربەی بنەماڵەکان لەدایکبوونی کچیان بە بەختڕەشی و بەد شانسیی دادەنا. زۆربەی سەرچاوەکان بە بەڵگەوە ڕایانگەیاندووە کە زۆرییەك لە بنەماڵەکان کچی لەدایکبوویان هەر بە ساوایی لە ناو بردووە، و هیوادار بوون کە منداڵی داهاتوویان کوڕ بێ.

لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا ژن وەك دارایی پیاو چاولێدەکراوە جا ئەو کەسە چ مێرد، باوك یا برای ژنەکە بووبێ. لە زۆربەی سیستەمە یاساییەکاندا دەستدرێژیکردنی سێکسی پیاو بۆ سەر ژن وەك ماڵ و دارایی پیاو سەیر دەکرێ، گرنگایەتیی پێ نادرێ و وەك کارێکی تاوان سەیر ناکرێ. بۆ وێنە لە ئنجیلدا لەسەر ئەو کێشەیە هاتووە:

"ئەگەر کەسێ، تووشی کچێکی باکرە بێ، کە هێشتا لە کەس مارە نەکراوە و دەستڕێژی سێکسیی پێ بکا، دەتوانێ بۆخۆی هەڵگرێ، ٥٠ قرووشی زێوین بدا بە باوکی کچەکە، چونکە بەو کارەی هێشی بە کچەکە گەیاندووە دەبێ لەخۆی مارە کا و تا دەمرێ ئاگای لێی بێ.

هەر وەك چۆن ئەگەر مرۆڤ قرۆشێك لەسەر شەقام بدۆزێتەوە، بە دزین لە ئەژمار نایە، دەستڕێژی سێکسیی بە ژنێکی بێ مێرد، وەك هەڵە و تاوان سەیر نەدەکرا. هەروەها ئەگەر مێردێك دەستڕێژی سێکسیی بە ژنەکەی خۆی کردبێ، بە تاوان لە حیساب نەدەهات. تا ساڵی ٢٠٠٦ یش لە ٥٣ وڵاتی سەر زەوی دەستڕێژی سێکسیی بە ژن وەك تاوان سەیر نەدەکرا. لە ئاڵمان لە ساڵی ١٩٩٧ ەوە ئەو کارە بە تاوان دادەنرێ. لە ئوتریش و سویس لە ساڵی ٢٠٠٦ ەوە.

ئایا جیاوازی نێوان ژن و پیاو بەرهەمێکی فانتازیا و خەیاڵییە، هەر وەك جیاوازیی چینایەتیی لە هیندووستان، یا جیاوازیی ڕەگەزپەرستیی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یاخود جیاوازییەکی سرووشتییە؟ یا ئەگەر بە شێوەیەکیتر پرسیار بکەین، ئایا جیاوازیی بیۆلۆژیکی بۆ سەروەریی پیاو بەسەر ژندا لە نێوان ئەو دوو مرۆڤەدا هەیە؟

لە چەندین تەوەر و بابەتی کولتووری - سیاسی و یاساییدا جیاوازیی بیۆلۆژیکی نێوام ژن و پیاو، ڕەنگدانەوەی خۆی نیشان دەدا: بۆ وێنە منداڵ بەدنیا هێنان هەمیشە ئەرکێکی ژنانە بووە، چونکە پیاو منداڵدانی نییە. بەڵام لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا چەندین یاسای کولتووریی و کۆمەلایەتی داندراون کە هیچ فرێکیان بە جیاوازیی بیۆلۆژیکییەوە نییە. زۆربەی ئەو تایبەتمەندییانەی لە کۆمەڵگادا بۆ ژن و پیاو دیاری کراون، بە سرووشتی دادەنرێن. لە سەردەمی دێموکراسی لە یوونان(ئاتن) ٥٠٠ ساڵ بەر لە زایین ژن مافی بەشداریی لە کۆبوونەوەی نێوان خەڵکیدا و یا مافی میانجیگەریی (قازی) بوونی نەبووە. جیا لە چەند بارودۆخی تاقانە، ژنان فیری سەوادی خوێندن و نووسین نەدەکران، ئیزنی فیلەسۆفیکردن، کاری هونەری و یا بازەرگانیان پێ نەدەدرا. هیچکام لە سیاسەتوانان، فیلەسۆفان، ووتەبێژان و هونەرمەندانی یوونان ژن نەبوون. ئایا هیچ وەڵامێك بۆ ئەو پرسیارە هەیە؟ بەڵام لە دنیای مودێرنی ئەوڕۆی یووناندا ژن باوەکوو پۆستی سەرەوەی وڵاتی هێشتا پێ نەدراوە و نیزیکەی ١٢ لە سەدی ژنان لە پارلەماندا بەشدارن، بەڵام هیچ یاسایەك کە پێش بە بەشداریکردنی ژن لە سیاست یا بوارەکانیتر بگرێ، بوونی نییە.

بەڵام لە کوێوە هەست بەوە بکەین کە جیاوازیی نێوان ژن و پیاو پەیوەندییان بە سرووشتەوە هەیە یاخود تەنیا خورافات و فانتازیای پیاوسالاریی بۆتە هۆی پێکهێنانی ئەو یاسایانە. گوتەیەك هەیە کە دەبێژێ: "بیۆلۆژی ئیزن دەدا، بەڵام داب ونەریت و کولتوور قەدەغەی دەکات!" لە لایەکەوە بیۆلۆژی رێگاچارە و ئیمکانێکی زۆری لەسەر رێگای مرۆڤ داناوە، کەچی داب و نەریت و کولتوور ڕیگاچارەکان بەرتەسك دەکاتەوە و مرۆڤ ناچار بە هەڵبژاردنی رێگایەك بە بێ ئالترناتیو دەکات. بیۆلۆژی ئەو ئیمکانە بە ژن دەدا کە منداڵیان ببێ، کەچی داب و نەریت و کولتوور ژن ناچار بە بەرپرسایەتیی بەتەنیا بۆ ئەو بارودۆخە دەکات. سرووشت و بیۆلۆژی ئەو ئیمکانە بە مرۆڤ دەدا کە نیزیکی سێکسیی لەگەڵ یەکتردا بکەن(واتە ژن و پیاو، ژن و ژن، یاخود پیاو و پیاو) کەچی داب و نەریت و کولتوور ئەو کارەیان لێ قەدەغە دەکا و تەنیا ئیزنی نیزیکی پیاو لەگەڵ ژن و ئەویش تەنیا لەسەر مەیل و هەوەسی پیاو دەدا. دیارە داب و نەریت بە مەیلەوە دەڵێ ئەو کارە قەدەغە کراوانە هەڵس و کەوتێکی ناسرووشتین، بەڵام لە ڕوانگەی بیۆلۆژیکییەوە کارێکی تەواو سرووشتییە. هەر کارێك ئیمکانی بۆ پێکهاتن هەبێ، سرووشتییە. کارێکی ناسرووشتیی کە دژ بە یاسا سرووشتییەکان ڕاوەستێ، بوونی نییە، بەوهۆیە شتێکی تەواو نالۆژیکییە کە قەدەغە بکرێ.

لە ڕاستیدا وێناکردنی "سرووشتیی بوون" و "ناسرووشتیی بوون" بۆ مرۆڤ لە بارودۆخی بیۆلۆژییەوە هەڵنەقوڵاوە بەڵکوو لە ئایینەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. سرووشتی بوون بۆ ئایینییەك هیچ شتێکیتر نییە جیا لە سازگاربوون لەگەڵ خودایەك کە سرووشتی داناوە. ئایینیەکان دەڵێن: [خودا پەیکەری مرۆڤی سازکردووە و بۆ هەرکام لە ئەندامانی ئەو پەیکەرە کارێکی دیاریی کردووە. تا ئەو جێگایەی لەو سنوورە دیاریکراوە کە لە لایەن خوداوە بۆ ئەندامەکانی لەش داندراون تێپەڕ نەبین بە کارێکی "سرووشتیی" لە ئەژمار دێن و هەرکات لەو سنوورە تێپەڕ بووین و لە ئەندامەکانمان بە شێوەیەکیتر کەڵك وەربگرین کارێکی "ناسرووشتی"مان بەڕێوە بردووە.]

بەڵام دەزانین کە گەشەسەندن هیچ نیاز و مەبەستێکی نییە. ئەندامەکان خۆیان بۆ مەبەستێکی تایبەت پەرە پێ نادەن و ئاکارەکەیان بەردەوام بە پێی کات گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. هیچکام لە ئەندامانی لەشی ئێمە ئەوڕۆ ئەو کارە ناکا کە چەند ملیۆن

ساڵ بەر لە ئێستا کردوویانە. ئەندامەکان لە پرۆسەی گەشەسەندندا بۆ بەجێهێنانی ئەرکێکی نویێ گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. دم یاخود زار، بۆیە پێکهات کە چەند خانەییەکان بتوانن ماکەی خواردەمەنی لەو ڕێگایەوە بە جەستەیان بگەیێنن. دیارە تا ئەوڕۆش ئەو ئەرکەی هەر لەسەر شانە بەڵام لە پەناشیدا ئەوڕۆ بۆ ماچکردن و ئاخەفتن و هەناسەکێشان و ... کەڵکی لێ وەردەگرین. ئایا ئەو کارانە سرووشتین یا نا؟

## جنسییەتی کۆمەڵایەتی و بیۆلۆژیکی

ڕەنگە بیرێکی نالۆژیکیانە بێ ئەگەر مرۆڤ بڵێ: "بڕیارێکی سرووشتییە کە ژن منداڵی دەبێ، یاخود نیزیکی سێکسیی نێوان دوو پیاو شتێکی سرووشتییە. لەویش بێ ماناتر ئەوەیە کە ژن و پیاو ناچار بە بەڕێوەبردنی ئەو چارەنووسە سرووشتییانە بکرێن. زۆربەی یاسا، ڕێورەسم، دابونەریت، ئەفسانە، چیرۆکی مێژوویی وئەو ئەرکەکانی دەبنە هۆی دیاریکردنی "پیاوبوون" و "ژن بوون"، پەیوەندییان بە خەون و فانتازیای مرۆڤەوە هەیە و نەك بە بارودۆخ و جیاوازی بیۆلۆژیکی ڕاستەقینەی سرووشتی.

لە ڕوانگەی بیۆلۆژیکییەوە مرۆڤ بە دوو چەشنی ژن و پیاو دەناسێندرێ کە مرۆڤێکی پیاوی هۆمۆساپیەن کرۆمۆزۆمێکی "X" و یەکی "Y"، و ژنیش دوو کرۆمۆزۆمی "X" ی هەیە. بەهۆی دوو وشەی چێکراوی "ژن" و "پیاو" ڕوانگەی بیۆلۆژیکی ئەوان نیشان نادرێ بەڵکوو تەنیا دەستەبەندیی کۆمەڵایەتییان دیاری دەکرێ. ڕەنگە مرۆڤ لێرەدا بڵێ کەوابوو ژن و پیاو، هەردووکیان وەك یەك وان، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە مەسەلەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە. "پیاو"ێکی ساپیەن تەنیا کەسێك نییە بە تایبەتمەندییەکی بیۆلۆژیکیی تایبەت، کرۆمۆزۆمی "X" و "Y"، جووتێ گون و پاژێکی زۆر "تێستۆستێرۆن" لە خوێنیدا. "پیاو" زیاتر وشەیەکی دۆزراوە و چێکراوی کۆمەڵگایە. چیرۆك و ئەفسانەکانی مێژوویی ئەرکێکی تایبەتییان بۆ داناوە، (بۆ وێنە بەرپرسایەتیی سیاسیی ناو کۆمەڵگا)، مافێکی تایبەتی پێدراوە، (بۆ وێنە مافی هەڵبژاردن)، هەروەها وەئەستۆگرتنی چەشن کارگەلێکی کۆمەڵگا(بۆ وێنە ئەرکی سەربازیی). هەروەها "ژن"یش مرۆڤێك نییە بە دوو کرۆمۆزۆمی "X"، منداڵدانێك و پاژێکی زۆر "ئستڕۆژێن" لە خوێنیدا. چەمکی ژن زیاتر مرۆڤێکی خانمانەی دۆزراوە لە لایەن پیاوەیە. بە پێی چیرۆك و ئەفسانەکانی مێژوویی یەك لە ئەرکەکانی کۆمەڵگایان بۆ دیاری کردووە (بۆ وێنە منداڵ گەورەکردن)، و هەروەها مافێکی تایبەتیی پێدراوە (بۆ وێنە خۆراگری لە هەنبەر

www.rojhalat.de / www.bokan.de

تووڕەیی پیاو)، دیاریکردنی رۆڵی ژن لە کۆمەڵگا(بۆ وێنە گوێڕایەڵیی لەهەنبەر مێرد). بەو هۆیەی ئەو ئەرکانە بەهۆی ئەفسانە و چیرۆکی مێژوویی و نەك بەهۆی بیۆلۆژیکییەوە بۆیان دیاری کراون، مانای وشەکانی "پیاوەتیی" و "ژنایەتیی" لە کۆمەڵگاکاندا جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵیەکتردا هەیە. جیاوازی بیۆلۆژیکی نێوان ژن و پیاو بە درێژایی مێژوو شتێکی ئۆبیەکتیو و زەینی بووە و گۆڕانکاریی بەسەردا نایە مەگەر ئەویکە بە نەشتەرگەریی و شێوازی چێکراوی ئەوڕۆیی بیانگۆڕن. بە پێچەوانە جیاوازیی کۆمەڵایەتیی تایبەتمەندییەکانی مابەین ژن و پیاو ئینترزۆبیەکتیڤە و پەیتا پەیتا و بە پێی داب و نەریت لە گۆڕاندان.

لە دنیای بیۆلۆژیکیدا زۆر بە ساکاری ئەو کۆرپەیەی لە منداڵداندا "X" و "Y"ی هەبێ دەبێ بە پیاو و ئەگەریش دوو کرۆمۆزۆمی "X"ی هەبێ دەبێ بە ژن. بەڵام لە کۆمەڵگاکاندا بۆ فێربوونی ڕۆڵی ژن و پیاو، ئەرکێکی زۆر ئاڵۆزیان بۆ دانراوە. بەو هۆیەی زۆربەی تایبەتمەندییەکانی ژن و پیاو ژێنێتیکی نین و دەبێ فیری ببن، بەشێوەی ئۆتۆماتیك پیاوێکی بیۆلۆژیکی لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە وەك پیاو، و هەروەها ژنێکی بیۆلۆژیکی لە لایەن کۆمەڵگاوە وەك ژن ناسەلمێندرێن. بەوهۆیەوە پیاو تەواوی ژیانی بەوەوە خەریك دەکات کە لە شەڕ و کێشە نەبڕاوەکانی کۆمەڵگادا پیاوەتی خۆی بسەلمێنێ.

سەرکەوتنیان لەو ڕێگایەدا بە هیچ شێوەیەك گارانتی ناکرێ. بەتایبەت بۆ پیاو، کە بەردەوام ترسیان لە کەوتنە ژێر پرسیاربوونی پیاوەتییەکەیانە. لە کاتێکی زۆر کۆنەوە هەمیشە ئامادە بوون تەنانەت گیانی خۆیان بەخت بکەن بۆ ئەوی ئەوانیتر بەسەریاندا هەڵبڵێن : "بەڕاستی پیاوێکی بە جەرگە"

لای کەم لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئابووری و پێکهاتنی ئایینەکانەوە پیاوسالاریی دەستپێکردووە و رۆڵی پیاو لە کۆمەڵگادا گرنگایەتییەکی زیاتری پێدراوە و ژن وەك مرۆڤی پلە دوو لە کۆمەڵگادا سەیرکراوە. ناوی ژن و پیاو لە کۆمەڵگاکاندا هەرچییەك کە بووبێ، کوڕ بەدنیا هاتن هەمیشە گرنگتر و باشتر بووە لە کچ. ئەو هەڵس و کەوتە بە ناوی پیاوسالاری لە کۆمەڵگاکاندا ناسراوە. کۆمەڵگای پیاوسالاری کۆمەڵگایەکە کە تایبەتمەندیی مرۆڤی "پیاو" بە گرنگتر لەئەژمار دێنێ بە هەڵسەنگادن لەگەڵ مرۆڤی "ژن". پیاوسالاریی فێری پیاو دەکا کە پیاوانە بیر بکەنەوە، پیاوانە هەڵس و کەوت بکەن و فێری ژنان دەکات ژنانە بیر بکەنەوە و هەڵسو کەوتی ژنانەیان هەبێ. هەرکام

لەوان سنووری ئەو جیاوازییە ڕانەگرن تاوان دەدرێن. بەڵام هەر کەسیش سەر بۆ ئەو یاسایانە دانەوێنێ، بە کارێکی سرووشتی دادەندرێ و پاداشیش نادرێ. کاردانەوەکەی بۆ ژنان دەبێتە هۆی بەشدارنەبوونی ئاکتیڤیان لە وەدەستگرتنی هێزی سیاسی، ئابووری و کەمتر ئازاد جووڵانەوەیان لە کۆمەڵگادا. ئەو کارە لە کێبەرکێیەکی ڕاکردن دەچێ کە پێشتر خەڵاتی برۆنز لە لایەن پیاوسالارییەوە بۆ ژن دیاری کراوە.

لێرە و لەوێ تووشی چەند نموونە دەبین کە ژن لەکۆمەڵگادا توانیویە هاوشانی پیاو خوی نیشان بدا وەك مەلەکەی ئیلیزابێتی یەکەم "Elizabeth I" لە ئینگلیز، مەلەکە ڤوو چێتیان "Wu Zetian" لە سەدەی حەوتەم لە چین یا هاتشپسووت "Hatschepsut" فەرعوونی میسر نیزیکەی ١٧٠٠ ساڵ بەر لە زایین. بەڵام ئەو نموونانە تەنیا تاقانەن. لە ماوەی ٤٥ ساڵ حکوومەتی ئیلیزابێتی یەکەم بە پتوونی ئەندامانی پارلمان پیاو بوون، هەموو ئەفسەران و دەرەجەدارانی هێزی نیزامی و هێزی دەریایی پیاو بوون، قازی، دادگەر، ئەسقەف، سەرۆکە ئایینییەکان، قوتابیی زانستگاکان، پرۆفسۆرەکان، شارەدارەکان و تەنانەت هەموو کۆنەناس، شاعیر فیلەسۆف، مۆسیقا زان، زانایان و نووسەرەکانیش هەر هەموویان پیاو بوون.

سیستەمی پیاو سالاریی لە هەموو کۆمەڵگاکاندا یاسای خۆیان داسەپاندبوو. بە شێوەیەك کە ئەو یاسایانە لە هەموو شۆڕشە سیاسییەکان، شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانکارییە ئابوورییەکانیشدا خۆیان ڕاگرتووە و ماونەتەوە.

## هێزی ماسوولکە ؟!

ناودارترین تیئۆری دەڵێ کە پیاو لە ڕوانگەی جەستەییەوە لە ژن بەهێزترە. بۆچوونێکی ئاستەمتر دەڵێ کاتێ پیاو کاری کشت و کاڵی دانەوێڵەی هەڵبژارد، بە کونترۆڵ بەسەر ماکەی خواردەمەنیدا هێزی سیاسی کۆمەڵگای بەدەستەوە گرتوە. ئەو تیئۆرییە دوو خاڵی لاوازی هەیە: یەکەم ئەو گوتەیە کە "پیاو لە ژن بەهێزترە"، ڕەنگە تەنیا بۆ تاقمێك لە چەشنەکانی هێز ڕاست بێ. بە گشتی هێزی خۆڕاگری ژن لە هەنبەر برسیەتیی، نەخۆشیی و ماندوویی زۆر لە هی پیاو زیاترە. ژن هەن کە زۆر باشتر لە پیاو ڕادەکەن و باری قورسی زیاتر لە پیاو هەڵدەگرن.

لە ڕابردوودا کاری وەك قەشەیی، سیاسەت و یاسایی بە ژنان نەدەدرا و زیاتر لە کاری کەشاوەرزی، پیشەسازی و کاروباری ماڵدا چالاك بوون. بەڵام ئەگەر حکوومەتکردن لە کۆمەڵگاکاندا بە پێی هێزی لەشیی و خۆڕاگری بەسەر مرۆڤدا دابەش کرابایە، ژنان زۆر شانسێکی باشتریان بۆ بەدەستەوەگرتنی هێز دەبوو.

بەڵام بە پێچەوانە ئارگومێنتی بڕیاردەر ئەوەیە کە لە کۆمەڵگای مرۆڤدا هیچ پەیوەندییەك لە نێوان هێزی لەشیی و هێزی حکوومەترانیدا نییە و نەبووە. لە ڕاستیدا ئەگەر سەرنج بدەینە کۆمەڵگاکانی جیهان لە زۆربەیاندا حکوومەتی شەست ساڵە کانە بەسەر بیست ساڵەکاندا، باوەکوو هێزی لەشیی بیست ساڵە زۆر لە هی شەست ساڵە زیاترە. ئەگەر هێزی لەشی پێوانەبێ بۆ زۆرداریی هەر زەویدارێکی ئەمریکایی بە بێ کێشە دەتوانرا لە لایەن کۆیلەکانیەوە وەبەر شەق بدرێ، فەرعوونەکانی میسر یا قەشەکانی سەدەی ناوەڕاستیش بە هەمان شێوە. تەنانەت کۆمەڵەکانی ڕاوکەر و کۆکەر لە لایەن مرۆڤی بە لێهاتوویی کۆمەڵایەتییەوە ڕابەری دەکرا نەك لە لایەن پاڵەوانەکانەوە. تەنانەت لە دنیای شامپانزەکانیشدا ئەو شامپانزەیە دەسەلمێندرێ کە بتوانێ لەگەڵ نێر و مێوەکانی دەوروبەریدا باشتر ڕێککەوێ.

هێزی لەشیی مرۆڤ بە درێژایی مێژوو لە پەیوەندیی ناڕاستەوخۆی هێزی حکوومەترانیدا بووە. لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا ئەو مرۆڤانەی کاری جەستەیی

قورسیان لەسەر شان بووە، وەك كێوهەڵقەن، سەرباز، كۆیلە، كاری ناوماڵ یا پیشە كۆمەڵایەتییەكان، لە مرۆڤی ئاسایی پێكهاتوون و بە ڕاشكاویی ماسوولكەی بەهێزتریان بووە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ شا، كەشیش، وەزیر، سەرۆككومار، ژێنڕاڵ یا دادوەرانی وڵاتەكە. ئەگەر هێزی ماسوولكە بڕیاردەر بایە دەبوو مرۆڤی نئاندرتاڵ بەسەر هۆمۆساپیەندا زاڵ بایە. بەو هۆیانە ئەگەر پیاو لە چەند ڕوانگەوە هێزی جەستەییەوە لە هی ژن زیاتر بێ، جێی باوەڕ نییە كە تەنیا هێزی لەشیی بووبێتە هۆی ئەو جیاوازییەیان.

تیئۆرییەكیتر لەسەر ئەو بۆچوونە دەڵێ كە پیاو حكوومەتدارییەكەیان نەك بەهۆی ماسوولكەوە بەڵكوو بەهۆی تووڕەیی و شەڕخوازییانەوە وەدەست هێناوە. بەدرێژایی ملیۆنان ساڵ گەشەسەندن، پیاو بۆ شەڕخوازی و كاری تووڕە باشتر بارهاتووە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ژن. باوەكوو ژن هەمیشە لەژێر میچ و لە ناو ماڵێك لەگەڵ پیاو ژیانی كردووە و لێی نیزیك بووە، بەڵام بەهۆی شەڕخوازی پیاوەكەوە تەنانەت ژنەكانیشیان زۆر جار لێدانیان خواردوە. حاڵەتێكی خۆپەرەستانە كە نەتەنیا بۆ وێنە شەڕەكانیان بە كارێكی پیاوانە ناساندووە، بەڵكوو بەزەییان بە ژن و منداڵەكانی خۆیاندا نەهاتووە و لەگەڵ ئەوانیش بە شێوەی تووڕە هەڵس و كەوتیان كردووە.

هەرچەند لە كۆمەڵگادا شەڕ زیاتر لە هەنبەر نەتەوە و خەڵكەكانیتر بەڕێوە دەچوو، بەو ڕادەیەش هێزی پیاوسالاریی لە كۆمەڵگادا پەرەی ساندووە، چوونكە هەر شەڕ بووە كە شەڕی بەدوادا هاتووە. تاقیكارییە نوێیەكان لەسەر مێشكی مرۆڤ ئەگەری ئەوە دەدەن كە سرووشتی مرۆڤی پیاو، تووڕەتر و شەڕخوازترە لە هی ژن. بە پێی كات بۆ پێكهێنانی ئاشتی و گەیشتن بە بەرژەوەندیی، نەتەوەكان هەوڵیان داوە كە لە ڕێگای سیاسەت و یەكتر قانعكردنەوە ژیانیان درێژە پێبدەن. بۆ ئەو كارەش مرۆڤی تووڕە و شەڕخواز هەڵبژاردەیەكی باش نەبووە. بۆ لەگەڵ یەكتر سازان و پێكهاتن پێویستی بە مرۆڤێك بووە كە بتوانی ویستی دوژمنەكەی بناسێ و لە ڕێگای هێمنییەوە ڕێگا بۆ پێكهاتنەكە خۆش بكا. لە مێژوودا نموونە زۆرن كە ئەو سەرۆك حكوومەتانەی لە ڕێگای هێمنییەوە هەوڵی پێكەوەژیان لەگەڵ جیرانەكانیان داوە، بارودۆخێكی قایم، بەردەوام و درێژتریان بووە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو سەرۆكانەی دەستیان داوەتە كاری ناحەز و شەڕ و شەڕخوازی. بۆ وێنە لە ئیمپراتۆریی ڕۆم ئاوگوستووس

www.rojhalat.de / www.bokan.de

باوەکوو لە ڕوانگەی نیزاومیەوە مرۆڤێکی لاواز بوو، بەڵام حکوومەتێکی تاڕادەیەك باشتر و قایمتری پێکهێنا هەتا جولیۆز سزار و ئەسکەندەر. یا بیسمارك لە ئاڵمان کۆمەڵگایەکی زۆر پتەوتری پێکهێنا هەتا هیتلێر و دارودەستە شەڕخوازەکەی.

## "ژێن" و باوك سالاری

تیئۆری بیۆلۆژیکی لەسەر پێکهاتنی باوك سالاری گومانی ئەوە دەدەن کە پیاو و ژن لە گەشەسەندنی چەند ملیۆن ساڵەیاندا ستراتیژی جیاوازیان بۆ زیندوومانەوەی خۆیان دۆزیوەتەوە. بەو هۆیەی پیاوەکان بۆ پڕکردنی زگی ژنان و بڵاوکردنەوەی "ژێن"ەکایەن بەردەوام دژ بە یەکتر لە ململانی و رکەبەرکێدا بوون، دژبەرەکانیان لە مەیدان وەدەر ناوە. بەو شێوەیە "ژێن"ی ئەو مرۆڤ (پیاو)انەی زێدەخواز، تووڕە و زۆر جیددیتر لە کێبەرکێ کاندا خۆڕاگرییان کردوە و سەرکەوتوون، بە وەچەکانی داهاتوو ڕاگوێزراوە.

بە پێچەوانە، ژنان بۆ دۆزینەوەی مرۆڤێك کە منداڵیان بۆ دروست بکات، ئەو کێشەیەی پیاویان نەبووە. ئەگەر ژنێك پێیخۆشبایە منداڵێکی هەبێ، دەبوو نۆ مانگی ڕەبەق لە زگیدا ڕایبگرێ، گەورەی بکا و خۆراردەمەنی و پێداویستییەکانی ژیانی بۆ دابین بکات، بەڵام بە تەنیا ئەو کارانەی بە بێ پیاو بۆ جێ بە جێ نەدەکرا. بۆ زیندووڕاگرتنی خۆی و منداڵەکەی هیچ ڕێگایەکیتری بۆ نەمابۆوە جیا لە سەر دانەواندن و گوێڕایەڵی لە پیاو. بەو شێوەیەش "ژێن"ی گوێڕایەڵترین و ئاگالەخۆدارترین ژنان بە وەچەکانی داهاتوویان ڕاگوێزراوە. ئەزموونی ئەو دوو ستراتیژییە جیاوازە ئەوە بووە کە لە وەچەکانی داهاتوو و بەتایبەت لە منداڵی نێردا هەڵس و کەوتی تووڕە و شەڕخوازانەیان تێدا پەروەردە بووە کە لە کاری سیاسی و ئابووریدا وەپێش ژنانی خستوون، لە حاڵێکدا ژنان سەریان بۆ پیاوان دانەواندە و جێگایان بۆ خاڵی کردوون و تەواوی وزەی خۆیان بۆ سەرکەوتوویی مێرد و کوڕەکانیان بەکار هێناوە.

دیارە ئەو تێئۆرییەش خاڵی لاوازی خۆی هەیە. بەتایبەت ئەو بۆچوونە کە بۆچی ژنان بۆ مانەوەیان بە پیاوەوە بەستراونەتەوە و نەك بە ژنانیترەوە؟ لە ژیانی سرووشتیی زۆربەی ئاژەڵەکاندا و لە هەڵس و کەوت، ڕاو و ... بوونەوەری مێ گرنگتر لە نێر

له ئەژمار دێ. بۆ وێنه له ژیانی ئاژەڵی وەك فیل، شێر، ...دا زۆربەی ئەرکەکانی ژیان لەسەر شانی مێ یە. دیاره بۆ زیندوومانەوەی وەچەکانیان و دروستکردنی منداڵ پێویستییان به نێر هەیە، بۆ ئەو کاره ستراتێژییەکی هاوبەشیان دۆزیوەتەوه و به شێوەیەکی سرووشتی لەگەڵ یەکتردا هەڵس و کەوت دەکەن که کۆمەڵگاکەیان لێك هەڵنەشێوێ.

ئەگەر سرووشت ئەو چەشن بارودۆخەی بۆ فیل و شێر پێکهێناوه، ئەدی بۆچی نەیتوانیوه بۆ مرۆڤیش سیستەمێکی وا دروست بکا؟ مرۆڤ به هەڵسەنگاندن لەگەڵ زۆربەی ئاژەڵەکان، بوونەوەرێکی زۆر لاواز و بێ هێزه. گەورەترین هێزی مرۆڤ لەوه دایه که دەتوانن له گرووپی گەورەدا و له پەیوەندی و هاوکاریی ڕاستەوخۆی یەکتردا لەگەڵ یەك ژیان بکەن و کۆمەڵگا پێك بێنن. ڕەنگه باشتر وابایه مرۆڤ بڵێ: ژنی بەستراوه به پیاو به لێهاتوویی کۆمەڵایەتیی و نیازەکانیەوه، بۆ مەبەستی هاوکاریی، پیاوی تووڕەی خۆپەرەست، ناچار کراون به ساکاری گوشاریان بۆ بێنن و مانیپۆلیرەیان کەن.

چلۆن بووه که ژنیان به هالیکارییەکەوه بەستۆتەوه که ئەزموونەکەی بووبێته هۆی کۆیله بوونی خۆی. ئەندامێکی هالیکار و چالاك به لێهاتوویی کۆمەڵایەتی، واته "ژن"، بووبێته ژێردەستی گرووپێکی کەمتر هالیکار و ناچالاك له ڕوانگەی کۆمەڵایەتی، واته "پیاو". ئەوه، پرسیارێکی گرنگی مێژووییه لەسەر پێکەوه ژیانی دوو جووتەی پیاو و ژن و هەتا ئەوڕۆش وەڵامێکی سەداوسەدی لۆژیکی بۆ نەدۆزراوەتەوه. ڕەنگه داڕشتنی مەرجه سەرەکییەکان هەڵه بن. بڵێی وا نەبێ که مرۆڤی پیاوی هۆمۆساپیەن نەك بەهۆی شەڕخوازی، هێزی لەشیی، یا لێهاتوویی ململانێکردن دژ به یەکتر، بەڵکوو بەهۆی لێهاتوویی بیرکردنەوه و لێکدانەوەی کۆمەڵایەتیی و هالیکاریی مەزن لەگەڵیەکتردا بەو شێوەیەی که ئەوڕۆ هەیه گەشەی سەندووه؟ لەسەر ئەو پرسیاره مرۆڤ هیچ وەڵامێکی نییه.

## یەکگرتوویی مرۆڤایەتی، "تیری مێژوو"

بەدوای شۆڕشی ئابووریدا چەرخی کۆمەڵگای مرۆڤ بەرەو گەورەیی و ئاڵۆزی وەڕێ کەوتبوو و دۆزینەوەی ڕێك و پێکی کە ڕەمزی پێکەوەڕاگرتنی کۆمەڵگاکان بوو، پاراوتر و ئاستەمتر دەبوونەوە. خوڕافات و ئەفسانە مرۆڤیان لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە وا ڕادەهێنا کە بە شێوازێکی تایبەت بیر بکەنەوە و بە خۆ هەڵواسین بە یاسا چێکراوەکانی کۆمەڵگاکانەوە هەڵس و کەوت بکەن. بەو شێوەیە خورسك و خۆماکی چێکراویان تێدا پێکهات کە پێکەوەژیانی ملیۆنان مرۆڤی گونجاو دەکرد. ئێمە، ئەو شەبەکەیە کە بە هۆی خۆماکی چێکراو پێکهاتووە، ناوی "فەرهەنگ، ڕست یاخود هۆرتە"ی لێ دەنێین. بۆ وێنە: کورد بوون ئوتوماتیك بە مانای بە کوردی بەڕێگادارۆیشتن، بە کوردی جل لەبەرکردن، بە کوردی خواردن، بە کوردی ڕاوەستان و بە کوردی ئاخەفتن و بە کوردی هەڵس و کەوت کردن و ...

تەنانەت تا یەکەم نیوەی سەدەی بیستەم هەر کام لە کۆمەڵگاکان فەرهەنگ و ڕست و هۆرتەی خۆیان بە تەواو و کامیل دادەنا. هەر کام لەوان پێیان وابوو هەر کولتوورێك ڕوانگەیەکی جیهانبینی تایبەت بە خۆیان لە ڕوانگەی سیستەمی کۆمەڵگا، دەستوور و نەریتی یاسایی و سیاسی یەوە هەیە. کاتێ مرۆڤ باس لەسەر فەرهەنگی "سمون" و فەرهەنگی "تاسمانی" دەکرد، بە شێوەیەك نیشانیان دەدا کە ئەو فەرهەنگانە هەر لە سەرەتای ژیانیانەوە، تا ئەمڕۆش بۆچوون، یاسا، داب و نەریتی وەك یەکیان بووە.

ئەمڕۆ مرۆڤ بە گشتی بۆچوونی بە پێچەوانەی هەیە. دیارە هەر فەرهەنگێك تایبەتمەندیی، بەها، یاسا و ستانداردی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام بەردەوامیش لە گۆڕانکاریدان. ئەو گۆڕانکارییانە تەنیا بەهۆی نیزیکبوونەوە لە کولتوورەکانیتر و کارتێکەری ژینگەوە پێك نایەن بەڵکوو بەهۆی خۆگری و سەقامگیری دەروونی خودی کولتوورەکەش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ. تەنانەت کولتوورێکی دابڕاو و بە تەنیا لە ژینگەیەکی ڕاوەستاو و خۆڕاگر ناتوانێ خۆی لەو گۆڕانکارییە دەرباز بکا. بە

پێچەوانەی یاسا سرووشتییەکان کە لەگەڵ یەکتردا کۆکن، هەر کام لە ڕێك و پێکییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤ پڕن لە دژ و پێچەوانەیی. پەیتا پەیتا کولتوورەکان هەوڵ دەدەن ئەو دژ و پێچەوانەییە سەرڕاست کەنەوە، و هەر ئەو هەوڵدانە دەبێتە هۆی گۆڕان بەسەرداهاتنی داب و نەریت و فەرهەنگەکان.

لە سەدەی ناوەڕاستدا مرۆڤ هەم باوەڕی بە ئایین هەبوو هەم بە جوامێری و ئازایی. نموونەیەکیتر ڕێکوپێکی سیاسەتی مودێڕنە. لە شۆڕشی فەڕەنساوە مرۆڤ باوەڕی بە دوو وشەی "ئازادی" و "بەرابەری" وەك بەردی بناغەی ژیان هەیە. بەڵام ئەو دوو چەمکە دژ و پێچەوانەی یەکن. بەرابەری کاتێك پێك دێ کە ئازادی ئەو کەسانەی لێهاتوویی پێشکەوتنیان هەیە، کورت بکرێتەوە. کاتێکیش مرۆڤ ئازادیی بێ سنووری داوا بکا، تەنیا لەسەر حیسابی بەرابەری گونجاو ئەو کارە پێکدێ. بە پێوونی مێژووی سیاسەت لە ساڵی ١٧٨٩ وە وەك سیستەمێکی تاقیکاری هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ ئەو دژ و پێچەوانەییە دەدا. هەر کەس ڕۆمانێکی لە چارلز دیکێنس "Charles Dickens" خوێندبێتەوە، دەزانێ کە وڵاتە لیبراڵە ئورووپاییەکانی سەدەی نۆزدە ئازادیان لە پێش هەموو شتێکەوە دانابوو، کەچی مرۆڤی هەژار لە بەندیخانە دەخران و منداڵی هەتیو فێری دزین دەکران. هەرکەسیش ڕۆمانێکی لە ئەلکساندر زۆلشێنیتچین "Alexander Solschenitzyn" خوێندبێتەوە دەبێ بزانێ کە بەرابەری کومۆنیستی ئیستبدادێکی بێ ڕەحمانەی بەدوادا هات کە دەیویست هەر قۆناغێکی ژیانی مرۆڤ کونترۆل بکا و ئازادی لێ بستێنێتەوە. حکوومەتی سوسیالیش هەوڵ دەدا بە ڕێگایەکی گونجاودا بڕوا، هەر بۆیەش لە هەموو لایەکەوە ڕەخنەی لێدەکرێ.

هەر بەو شێوەیەی لە سەدەی ناوەڕاستدا نەکرا مەسیحییەت و شاسوار لەژێر چەترێکدا پێکەوە بژین، لە دنیای مودێڕنی ئەمڕۆییشدا ناتوانین ئازادی و بەرابەری پێکەوە جۆش بدەین. بەڵام ئەو کارە ناتەواوی و نوقسان بۆ سەدەی ناوەڕاست یاخود دنیای مودێڕنی ئەمڕۆیی نین. بە پێچەوانە دژ و پێچەوانەبوون بەشێکی جیانەکراوەی فەرهەنگ و کولتووری مرۆڤایەتییە. لەوەش زیاتر، ئەوانە موتۆڕی مێژوویین و خوڵق و ورەی ئێمەی مرۆڤ ڕاوەستاو و خۆڕاگرتر دەکەن.

جیاوازیی، ئاڵۆزی، گرژی و تێکهەڵچوون، چاشنی و تام و چێژی هەرکام لە کولتوورەکان دیاری دەکەن. هەر بەو هۆیەش لایەنگری هەر چەشن کولتوورێکی تایبەت، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ کولتوورەکانیتر جیاوازی، توندو تیژی، هەڵوێستگرتن

و تێکهەڵچوونی بەدواوەیە. ئەو دیاردەیە بە شێوازێك ئامادە کراوە، کە ناوی"شوناسی ناهەماهەنگ"ی لەسەر دانراوە:

لە سەرەتاوە، لەژێر ئەو ناوە مرۆڤ هەست بە تێکچوونێکی ڕەوانی دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا مەبەست هەوڵدانێکی حەیاتی بۆ زیندوومانەوەیە. ئەگەر ئێمە لەو بارودۆخەدا نەبایەین کە هەرکام لە ئێمە هەست بە تایبەتمەندیی و نیشانەکانی کۆمەڵگای خۆمان بکەین، زۆر لە مێژ بوو ڕێك و پێکیی ناو کۆمەڵگاکان تێکڕووخابوون و لەناو چووبوون.

## تێکدانی دنیا بچووکەکانی سەر زەوی

کولتور، فەرهەنگ و داب و نەریتی مرۆڤ پەیتا پەیتا لە گۆڕان دایە. بەڵام ئایا ئەو گۆڕانکارییانە لە ڕاستیدا پێك دێن, یاخود تەنیا لە دەوری مودێلێکی تایبەت دەخولێنەوە؟ یا ئەگەر بە شێوازێکیتر پرسیار بکەین: مێژوو بۆ ئەو گۆڕانکارییە ئامانجێکی هەیە؟

دەتوانین بڵێین: بە دڵنیاییەوە مێژوو لەو گۆڕانکارییە ئامانجی خۆی هەیە. ئەگەر ئێمە گەشەسەندنی هەزارەکانی پێشووی قوڕنەکان تا ئەمڕۆ بپشکنین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کولتوور و فەرهەنگی بچووك و ساکار بە پێی کات پەرەیان بۆ هی گەورە و ئاڵۆز سەندووە. دیارە سرووشتییە کە ئەوکارە هەڵسەنگاندنێکی ڕووکاری و گۆترمەییە. ئەو بۆچوونە کاتێك ڕاستە کە ئێمە لە بازنەیەکی گەورە و گشتیدا بیر بکەینەوە. ئەگەر لە چوارچێوەی ماوەیەکی کەمی کاتیدا سەیر بکردرێ ئەو هەستە بۆ مرۆڤ پێکدێ کە کاتێ کۆمەڵە کولتوورییە بچووکەکان لەناو کولتووری گەورەتردا دەتوێنەوە، هاوکاتیش کولتورە مەزنەکان درزیان تێدەکەوێ و هەرەس دێنن. ئیمپراتۆری مەغوولەکان خۆی بەسەر ناوچەکاندا بڵاو کردەوە، زۆربەی ناوچەکانی قوڕنەی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ئورووپایان داگیر کرد، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا هەرەس بێنن. ئایینی مەسیحی ملیۆنان مرۆڤی لە دەوری خۆی کۆکردەوە، کەچی دواتر بەسەر هەزاران دەستە و گرووپدا دابەشکران. زمانی لاتین تەواوی ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی ئورووپای داگیر کرد و لە نەهایەتدا چەندین زمانیتری پێکهێنا و خوێشی ئەمڕۆ ئیتر کەس ئاخافتنی پێ ناکا.

دیارە ئەگەر ئێمە ئامانجێك بۆ ئەو کارانەی مێژوو بەدی بکەین یاخود نا، بە جیهانبینی خۆمانەوە بەستراوەتەوە. ئەگەر ئێمەی مرۆڤ، مێژوو لە بەرزایی هەورەکانەوە سەیر بکەین و ئاوڕێك لە چەندین سەدەی ڕابردوو بدەینەوە، زۆر ئاستەم دەتوانین بڕیار بدەین کە ئامانجی ئەو کارە بەرەو یەکیەتی یاخود لێکدابڕان ڕۆییوە. بەڵام ئەگەر ئێمە هەورەکان لادەین و لە ڕوانگەی سیخوڕی ماهوارەیی سەیری مێژووی هەزارساڵەی مرۆڤ بکەین، بەڕوونی دەبینین کە مێژوو بە بێ وەستان بەرەو

یەکیتی پەرەی سەندووە. لێکدابڕان، بەشبوون و جیابوونەوەی ئایینی مەسیحی یاخود هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریی مەغوولەکان نەبوونەتە هۆی ڕاوەستان یاخود سەبرکردنەوەی موتوڕی مێژوویی.

مۆری گشتی مێژوو لەسەر ئەم جیهانە دەتوانین باشتر بەهۆی دروستبوونی کۆمەڵگا هەمەڕەنگەکان هەست پێ بکەین کە هاوکات لە پەنا یەکتردا بوونیان هەیە. دیارە ئێمە ئەمڕۆ خوومان بەوە گرتووە کە جیهان وەك یەکەیەك سەیر بکەین، بەڵام لە ڕابردوودا زەوی لە گالاکسییەکی ڕاستەقینەی مرۆڤی جیا لە یەك کە هەرکام پلانێتی تایبەت بە خۆیان بووە، پێکهاتبوو.

بۆ وێنە ئەگەر تاسمانیەکان سەیر بکەین، دوورگەکە لە باشووری ئوسترالیا نیزیکەی ١٢ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا ئەو کاتەی سەردەمی سەهۆڵبەندان کۆتایی پێ هات و پلەی ئاوی زەریاکان بەرزبوونەوە، پێکهات و لە قوڕنەی ئوسترالیا جیا بۆوە. چەند هەزار مرۆڤێکی ڕاوکەر و کۆکەر لەسەر ئەو دوورگەیە بە تەنیا مانەوە و تا کۆچی ئورووپاییەکان لە سەدەی ١٩ بۆ ئەو دوورگەیە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ دنیای دەرەوە نەبووە. زیاتر لە دەهەزار ساڵ ئەو مرۆڤانە لەناو دنیایەکی بچووکی خۆیان بەتەنیا ژیاون. هیچ کەس لە بوونی ئەوان ئاگادار نەبوون و ئەوانیش هەستیان بە بوونی جیهانی دەوروبەری خۆیان نەکردووە. بەتەنیا بەربەرەکانیان لەگەڵ بارودۆخی سیاسی، گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی کولتووری کردووە. بۆ قەیسەری چین، شای مێزۆپێتامیا یا سەرۆکی وڵاتانیتر وەك ئەوە وابوو کە ئەو مرۆڤانە لە سەر ئەستێریەکیتر ژیابن. لەڕاستیدا تاسمانییەکان لە دنیای تایبەت بەخۆیاندا دەژیان.

تەنانەت ئەمریکا و ئورووپاش بۆ ماوەیەکی زۆر دنیای خۆیان هەبووە. لە ساڵی ٣٧٨ قەیسەری ڕۆمی فلاویۆس ڤالێنس "Flavius Valens" لە شەڕی ئادریانۆپل "Adrianopel" لە لایەن پارسەکانەوە شکستی هێنا و کووژرا. لە هەمان ساڵدا شا چەك تۆك "Chak Tok" لەلایەن لەشکرێکی "Teotihuacan" تیکالی ئەوڕۆیی گواتمالاوە شکەستی خوارد و کووژرا. هیچ پەیوەندییەك لە ناو ئەو هەرەس پێهاتنانەدا نەبووە. لەڕاستیدا دەکرا شاری ڕۆم لەسەر پلانێتی وێنووس بێ و گواتمالاش لەسەر پلانێتی مارس.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

ژمارەی دنیای تەیبەتیی مرۆڤ لەسەر زەوی چەندە بووە؟ لەوانەیە ١٢ هەزار ساڵ بەر لەئێستا ژمارەیان لە دەیان هەزار جیهانی جیاواز تێپەڕ بووبێ. تا ساڵی ٢ هەزاری پێش زایین ڕەنگە ژمارەییان تەنیا لە چەند سەد جیهان تێپەڕ نەبووبێ. لە ساڵی ١٤٥٠ ی زاییندا ژمارەیان بە ڕاشکاوی کەم بۆتەوە. ئەو سەردەمە کاتێکی کورت پێش دەستپێکی سەفەرە پشکنینەکانی ئورووپایی لەوانەیە دنیای بچووکی وەك تاسمانییەکان زۆر کەم بووبن. زیاتر لە ٩٠ لەسەدی مرۆڤ لە جیهانی گەورەی ئاسیا-ئەفریقادا دەژیان. سێ قوڕنەی ئورووپا، ئاسیا و ئەفریقا لە ڕوانگەی کولتووری، سیاسی و ئابووریەوە بەیەکەوە گرێدرابوون. کولتووری وەك یەك بەهۆی ئایینی هاوچەشن مرۆڤی زیاتر لێك نیزیك دەکردەوە. موسوڵمانێکی نیجیریایی بە بۆنەی زیارەتی حەجەوە دەیتوانێ لە مەککە چاوی بە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا، وڵاتانی باڵکان، مرۆڤی ناوەڕاستی ئاسیا، ئیندۆنێزی و تەنانەت مرۆڤی چینی بکەوێ.

١٠ لەسەدی مرۆڤیتری ئەم جیهانە خۆیان بەسەر چوار دنیای بچووکدا دابەشکردبوو:

**یەکەم** – دنیانی ئەمریکا کە لە ناوەڕاستی ئەمریکاوە هەتا باکووری میکزیکی داگرتبوو.

**دووهەم**- دنیای "ئاند" کە قەراخ ئاوەکانی ڕۆژئاوای باکووری ئەمریکا دەگرێتەوە.

**سێهەم** – دنیای ئوسترالیا لەسەر قوڕنەی ئوسترالیا.

**چوارەم** – دنیای ئوقیانووسیی، کە دوڕگەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئوقیانووسی ئارم لە هاوایی و نیوزێلاند دەگرنەوە.

لە سێ سەد ساڵی ڕابردووەوە هەنگاوی نیزیکبوونەوەی دنیاکانی مرۆڤ لە یەکتر بە شێوەیەکی جیددی گەورە بوونەتەوە. بەشێکی زۆری ئەمریکا لە ساڵی ١٥٢١ دۆزرایەوە کاتێ ئیسپانیاییەکان ئیمپراتۆری ئازتێك یان گرت. گرتنەوەی ڕێگای ئوقیانووسەکانیش هاوکات لە لایەن فێرناندا ماگێلان "Fernanda Magellan" دەستپێکرد. دنیای "ئاند"یش ساڵی ١٥٣٢ کاتێ ئیسپانیاییەکان ئیمپراتۆریی ئینکایان لەناو برد، تێکچوو. دنیای ئوسترالیاش لە ساڵی ١٧٨٨ توونا کرا کاتێ ئینگلیزییەکان دەستیان بە گرتنی ئەو ناوچانە کرد. لە کۆتاییدا تاسمانییەکان لە ساڵی ١٨٠٣ بەهۆی

یەکەمین بە کلۆنیاکردنی ئەو ناوچانە  لە لایەن ئینگلیزییەکانەوە کۆتایی بە دنیاکەیان هێنرا.

ئەمڕۆ هەموو مرۆڤی سەرزەوی لەژێر سیستەمیکی سیاسی، ئابووری وەك یەکدا دەژین و دنیا بەسەر چەندین نەتەوە و وڵاتدا دابەشکراون. لای کەم ئەگەر بە تێئۆریش بێ، هەموو وڵاتان باوەڕیان بە سیستەمیکی دادوەریی و مافی مرۆڤ هەیە.

کولتووری جیهانی بە هیچ شێوەیەك وەك یەك نین. هەر بەو شێوازەی کە جەستەی مرۆڤ لە چەندین ئەندام و خانەی هەمەڕەنگ پێکهاتووە، بە هەمان شێوە کولتووری جیهانیش لە چەندین فۆرم و سیستەمی ژیان و مرۆڤی جیاواز لە بەڕێوەبەرانی سەرمایەدارییەوە هەتا شوانێکی ئەفغانی، پێکهاتووە. سەرەڕای ئەوەش ئەو مرۆڤانە لە بارودۆخێکی تەنگ و پەیوەندییەکی نیزیك لەگەڵ یەکتردا دەژین و کارتێکەرییان لەسەر ژیانی یەکتر هەیە. باوەکوو مرۆڤ پەیتا پەیتا لە شەڕ و کێشەی نێوان یەکتردا دەژین، بەڵام هەموویان ڕوانگەیەکی وەك یەکیان هەیە و لە چەکی وەك یەك کەڵك وەردەگرن. ئەگەر لەمڕۆدا ئێران  و ئەمریکا شەڕە دەندووکەیانە و بەردەوام بە گژ یەکتردا دێن، بەڵام هەردووك لا ئەگەر بە درۆش بێ، بە زمانی نەتەوەیی سیستمێکی سەرمایەداریی، مافی مرۆڤ، سیستەمی ئابووری و فیزیکی ئەتۆمی ئاخافتن دەکەن.

## دوورەدیمن و دوورنمای جیهانی

لە ڕاستیدا خاڵی بڕیاردەر بۆ یەکگرتوویی و بە جیهانی بوونی قوڕنەکان لە چەند سەدساڵی ڕابردووەوە بە دروستبوونی ئیمپراتورییەکان و بەهێزبوونی کاری بازرگانیی دەستپێکرا. مرۆڤی قوڕنەکانی ئەفریقا، ئورووپا، ئەمریکا و ئوسترالیا و ئوقیانووسەکان بەهۆی نیزیکبوونەوەی زیاتر لەگەڵ یەك، پەیوەندییەکی وەهایان پێکهێناوە کە هەموو قوڕنەکانی کردوە بە یەك. ئەدویە و چێشتەخۆشکەری میکزیکی لە کێشتخانەی هیندی تام وچێژ بە خواردەمەنی دەدا و مانگای سپانیایی لە سەر مەزرای ئاراژانتین دەلەوەڕێن. بەڵام ئەگەر لە گۆشەنیگای ئیدیۆلۆژیکییەوە سەیر بکەین، لە دەستپێکی هەزارەی پێش زایینەوە بەهۆی دۆزینەوە گرنگەکان و گەشەسەندنی کۆمەڵگاکان، بیری پێکهێنانی ڕێك و پێکیەکی ئنترناسیۆنالی لە مرۆڤدا پێکهاتووە. مێژوو، لە هەزاران ساڵی ڕابردووەوە بەرەو ئیدەی یەکەیەکی جیهانی وەڕێ کەوتووە بەڵام بیرکردنەوە لە ڕێکوپێکیی جیهانی بۆ مرۆڤ شتێکی ناشوناس و نامۆ بووە.

لە پرۆسەی گەشەسەندندا "هۆمۆ ساپیەن" فیر بووە "ئێمە" و "ئەوانیتر" لێك جیا ڕاگرێ. لە ڕوانگەی خۆمانەوە "ئێمە" ئەو گرووپە بووین کە لە نیزیکایەتی و لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا ژیانمان کردوە و "ئەوانیتر" یشمان هەموویان بە مرۆڤی بێگانەی جیا لە خۆمان زانیوە. جیا لە مرۆڤ هیچکام لە ئاژەڵەکان هۆگرایەتییان بۆ چەشنی پێشینیانی خۆیان نییە. هیچ شامپانزەیەك نایەتە سەر ئەو بۆچوونە کە سەری خۆی بە کێشەی هاوڕەگەزەکانیەوە خەریك بکات. هیچکام لە شێرەکانی سەر ئەم هەردە بیر لەوە ناکەنەوە ببن بە شا و سەرکردەی هەموو شێرەکانی جیهان. هیچ کام لە مێلوورە کاریگەرەکان نایەنە سەر ئەو بڕیارە و بڵێن تێکۆشەران و کارگەرانی مێلوورەی جیهان دەبێ یەکبگرن!

لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ناسیاوی و شارەزایی، مرۆڤ بەرەو بوونەوەرێکی تاقانە پەرەی سەندووە. بە درێژایی مێژوو بەردەوام هەوڵی داوە لەگەڵ بێگانە هاوکاری بکا و بە برا و هەڤاڵ بیانناسێنێ. بەڵام دەشزانین، هەموو مرۆڤێك برای یەکتر نەبوون. لە

جێگایەك، لە ناو لێرەوارێك، لە دۆڵ و ئەشکەوتێکدا، لێرە و لەوێ، کەم یا زۆر مرۆڤ جیا لە یەك ژیانیان کردووە. کاتێ یەکەم فەرعوونی میسر ٥ هەزار ساڵ پێش ئێستا هەوڵی یەکگرتوویی مرۆڤی دا، بۆ خەڵکانی میسر ڕوون بوو کە وڵاتەکەیان سنوورێکی هەیە و لە دەرەوەی ئەو سنووورە مرۆڤی ئاکارکێوی سیپەیان لێ داکوتاون و بۆسەیان لی گرتوون. ئەو مرۆڤە ئاکارکێویانە هەر کارێکیان کردبێ، هەر بە چاوی بێگانە سەیر کراون، هەڵس و کەوتیان هەڕەشەاوی بووە و بەهیچ چەشنێك لە لایەن مرۆڤی ناو کۆمەڵگای میسریەوە نەسەلمێندراون. هەموو دۆزراوەکانیش بۆ ڕێکو پێکی مێژوویی لە لایەن بەشێکی زۆری کۆماڵگاکانەوە نادیدە گیڕاون.

لە هەزارەی پێش زایینەوە سێ هێزی رێك و پێکی جیهانی دروستبووە کە ڕوانگەی هەموو مرۆڤی جیهانی وەك یەکەیەکی یەکگرتوو پێکەوە جۆش داوە.

**یەکەم** هێزی ڕێك و پێکی جیهانی **ئابووریی سرووشتی** یە: ئەوە، ڕێك و پێکیی پارەیە.

**دووهەم** هێزی ڕێك و پێکی جیهانی **سیاسەتی سرووشتی** یە: رێك و پێکیی ئیمپراتۆری.

**سێهەم** هێزی ڕێك و پێکی جیهانی **ئایینی سرووشتی** یە: ڕێك و پێکی ئایینی جیهانی وەك ئایینی بودایی، یەهوودی، مەسیحی و ئیسلام.

بازرگان، حوکومڕان و پێغەمبەران، یەکەم سیستەم بوون کە بە پێچەوانەی "ئێمە" و "ئەوانیتر" هێرشیان کردووە و بە زەبری زۆرەملی یا بە خۆشی قاو و هەوڵی یەکگرتوویی مرۆڤیان داوە. بۆ بازرگانەکان هەموو جیهان وەك بازارێکە و مرۆڤەکانیش مشتەری ئەو بازاڕەن. ئەوان ویستوویانە ڕێك و پێکییەکی ئابووری پێك بێنن کە هاوکات بۆ هەموو مرۆڤی جیهان وەك یەك بێ. بۆ حوکومڕانان، جیهان بە پتوونی وەك ئیمپراتۆرییەك دەنوێنێ و هەموو مرۆڤیش وەك کۆیلە سەیر دەکرێ. ئەوان هەوڵی ڕێك و پێکییەکی سیاسی دەدەن کە بۆ هەموو مرۆڤی جیهان یەك بەهای هەبێ. لە ڕوانگەی پێغەمبەرەکانیشەوە لە سەراسەری جیهان تەنیا ڕاستییەك بوونی هەبووە و مرۆڤیشیان وەك باوەڕپێکراوێك سەیر کردووە. ئەوان ویستوویانە ڕێك و پێکیەکی ئایینی پێك بێنن کە یاساکانیان بۆ هەموو مرۆڤ وەك یەك وابێ.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

هاوکات لەگەڵ سێ هەزار ساڵی مێژووی ڕابردوو، بەردەوام هەوڵی سەرشێتانە بۆ فانتازیای بەیەککردنی جیهان دراوە، بۆ وێنە چلۆن پارە، ئیمپراتۆری و ئایینە جیهانییەکان خۆیان بڵاو کردۆتەوە و بەردی بناغەی گلۆبالیزمی ئەمڕۆییان بونیات ناوە. بە مێژووی سەرکەوتووترین حاکمی جیهانی دەستپێدەکەین کە مرۆڤی بەڕادەیەکی زۆر هۆگری خۆی کردووە. ئەو حاکمە "پارە"یە. ئەو مرۆڤانەی باوەڕیان بە ئایینی وەك یەك نییە و کۆیلەی ژێر فەرمانی شایەکی وەك یەك نین، بەڵام بە مەیلەوە ئامادەن هەر چەشن پارەیەك وەرگرن. ڕەنگە ئوسەما بن لادن ڕقی لە کولتوور، ئایین و سیاسەتی ئەمریکا بووبێ، بەڵام دۆلاری بە تامەزرۆییەوە وەردەگرتوە. چلۆنە پارە ئاوا سەرکەوتووە، لە حاڵێکدا خوداکان و شاکان بەزیون و هەرەسیان هێناوە؟

## بۆن و چێژی "پارە"

ساڵی ١٥١٩ هێرنان کۆرتێس "Hernán Cortés" و هاوڕێیەکانی وڵاتی میکزیکیان داگیر کرد کە تا ئەو کات بەتەنیا مابۆوە و کەس پێیٔ تێ نەکەوتبوو. ئازتێك "Azteken" ەکان هەر بەو شێوەی خەڵکانی ئەو ناوچەیە خۆیان ناو ناوە، زۆر بە گورجی هەستیان بەوە کرد کە داگیرکەرەکان تامەزرۆییەکی زۆریان بۆ ئاسنی زەرد واتە (زێڕ) هەیە و جیا لەو تەوەرە ئاخافتن لەسەر هیچ شتێکیتر ناکەن. "ئازتێك"ەکان زێڕیان دەناسی و بۆ ڕازانەوەی پەیکەر و دروسترکرنی شتومەکیتر لە زێڕ دروستیان دەکردن و بۆ گۆڕینەوە لەگەڵ کەل و پەلی ژیان کەڵکیان لێ وەردەگرت. لەڕاستیدا پارە و پووڵەکەیان تەنیا ناوکی کاکائۆ و پارچە بوو، هەر بەو هۆیەش لە مەبەستی داگیرکەرانی ئیسپانیایی تێ نەدەگەیشتن. ئەو ئاسنە زەردە چ تایبەتمەندییەکی هەبوو کە بۆ گەیشتن بەو مرۆڤ بەسەر لاشەی مردوودا دەڕۆیشتن؟ نە دەخورا، نە دەخواردرایەوە، نە لەبەر دەکرا و هێندەش نەرم بوو کە نەدەکرا کەرەسەی جەنگی لێ دروست بکرێ. کاتێ خەڵکانی ناوچەکە لە "کۆرتێس" یان پرسیار کرد بۆچی ئیسپانیایی ئاوا بەدوای زێڕەوەن، وەڵامی دایەوە: "نەخۆشییەکی دڵیان هەیە کە تەنیا بەهۆی زێڕەوە دەرمان دەکرێ."[١٣]

دیارە "کۆرتێس" بە ڕاشکاوی درووی لەگەڵ کردوون، بەڵام تەنیا لەسەر چەشنی نەخۆشییەکە. لەڕاستیدا ئەوە نەخۆشی دڵ نەبوو بەڵکوو نەخۆشییەکی ڕەوانی و ڕۆحی بوو کە مێشکی زۆربەی مرۆڤی ئاسیا و ئورووپای مەسموم کردبوو. تەنانەت بۆ وەدەستهێنانی ئەو ئاسنە زەردە، سامناکترین مرۆڤە شەڕخوازەکان کە بە خوێنی سەری یەکتر تونی بوون، لەگەڵ یەك ڕێك دەکەوتن.

---

[١٣] Francisco López de Gómara, *Historia de la Conquista de Mexico*, Bd. ١, hrg. v. D. Joaquin Ramirez Cabañes (Mexiko-Stadt: Editorial Pedro Robredo, ١٩٤٣), S. ١٠٦.

نیزیکەی سێ سەدە پێش گرتنی وڵاتی میکزیك، پێشینیانی "کۆرتێس" شەڕێکی خوێناوی ئایینیان دژ بە موسوڵمانەکان لە باکووری ئەفریقا وەڕێ خست. لایەنگرانی مەسیح و باوەڕپێکراوانی ئیسلامی بۆ شادکردنی ڕۆحی خوداکانیان بە هەزاران مرۆڤیان لەو شەڕەدا توونا کرد، زەوییەکانیان کاول کرد، باغەکانیان سووتاند و ئیشلك هەڵگەڕاند و شارە ئاوەدانیەکانیان کاول کرد و کردیانن بە وێرانە. لەو ناوچانەی مەسیحییەکان حاکم بوون، سەرکەوتووییەکەیان نەتەنیا بە کاولکردنی مزگەوتەکان و دروستکردنی کلیسا لە جێی نیشان دا، بەڵکوو بە لێدانی نیشانەی خاچ لەسەر سککەی زێڕ و زێو سپاسی خۆیان بۆ خوداکەیان کە بۆ لەناوبردنی کافر یارمەتی دابوون، دەربڕی. دواتر لە پەنا ئەو سککە زێڕ و زێوانە قەرەپووڵێتریش بە ناوی میلارس "Millares" هەر بە شێوەی سککەی زێڕ دروستکران کە ڕاستەوخۆ لە ڕووی سککەی وڵاتە عەڕەبییەکانەوە کۆپی کرابوون. باوەکوو لەسەر سککەکان ناوی ئەڵڵای بە زمانی عەڕەبی پێوەبوو، سەرەڕای دوژمنایەتیی ئایینی، چونکە مرۆڤ تەنیا تامەزرۆیی بۆ ڕاگرتنی زێڕ هەبوو، هیچ کێشەیەکی لە نێو وڵاتە مەسیحییەکان پێش نەهێنا. [14]

لە بەرەی وڵاتە ئیسلامیەکانیشەوە مرۆڤ بۆ ئەو کارە تولەرانسی نیشان دەدا. بازرگانانی موسوڵمان کە لە باکووری ئەفریقا خەریکی سەودا و کڕین و فرۆش بوون، بە مەیلەوە سککەی وڵاتە مەسیحییەکانیان وەردەگرت. تەنانەت حاکمانی ئیسلامی کە قاوی جیهادیان دژ بە وڵاتە بێدینە مەسیحییەکان دەدا، ماڵیاتیان تەنیا بە سککەی زێڕ لێ داوا دەکردن.[15]

ڕاوکەر و کۆکەر پارەیان نەدەناسی. مرۆڤ پێکەوە ڕاویان دەکرد و هەموو پێداویستی ژیانیان لە ماکەی خواردەمەنییەوە هەتا لیباس، دەرمان و ... بۆخۆیان دابین دەکرد. هەر کام لە گرووپەکان بە پێی ناوچە و توانایی لە بوارێکی تایبەتدا خۆیان ڕاهێنابوو. کاتێ گرووپێك گۆشتی بەویتر دەدا، ئەویتریش لە بەرابەریدا ماکەی دەرمانی یاخود لیباس و پێداویستیتری بۆ دابین کردووە. هاوکات لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ئابووریش گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لەو بوارەدا پێك نەهات. زۆربەی مرۆڤ لە

---

[14] Andrew M. Watson, »Back to Gold – and Silver«, *Economic History Review* ٢٠:١ (١٩٦٧), S. ١١–١٢; Jasim Alubudi, *Repertorio Bibliográfico del Islam* (Madrid: Vision Libros, ٢٠٠٣), S. ١٩٤.

[15] Watson, »Back to Gold – and Silver«, S. ١٧–١٨.

گرووپی بچووکدا لەگەڵ یەك دەژیان و پێداویستییەکانی ژیانیان لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕییەوە.

لەگەڵ گەورەبوونەوەی شارەکان و پێکهاتنی مرۆڤی دەوڵەمەند، مرۆڤ هەوڵی کاری تایبەتیی دا و هەر کەس بە پێی توانایی، خۆی بۆ کارێکی تایبەت ڕاهێنا. لە شارەکان نە تەنیا مرۆڤی دوکتور یا پێڵاودروو بەهۆی کارەکەیانەوە دەیانتوانی ژیانیان بەڕێوە بەرن، بەڵکوو پیشەی وەك نەجار، مەلا، سەرباز و دادوەریش هەر لەسەر هێزی کاری خۆیان بەڕێوە دەچوون. ئەو گوندانەی بۆ بەرهەمێکی تایبەت ناسراو بوون، بۆ وێنە شەراب، ڕۆنی زەیتوون، گەنم یا کەرەسەی ژیان، هەستیان بەوە کرد کە بۆ وەدەستهێنانی پێداویستییەکانی ژیانیان بەشترە خۆیان زیاتر بەو بەرهەمانەوە خەریك بکەن کە زانیاریان لەسەریان هەیە.

کەش و هەوا و چۆنیەتیی بارودۆخی زەوی و مەزراکان لەگەڵ یەکتر جیاوازییان هەبوو. مرۆڤ هەستی بەوە دەکرد کە کاتێ خواردەمەنییەکی تایبەت لە جێگایەکی تایبەت باشتر بەرهەمدەهات، ئیتر خۆی هەوڵی بەرهەمهێنانی نەدەدا و تەنیا ئەو خواردەمەنییانەی بەرهەمدێنا کە بەهرەی بۆی هەبایە.

بە گەورەبوونەوە و لێکهەڵبڕانی پیشەکان لە یەکتر کێشەی گۆڕینەوەی کارەکان لە ناو کۆمەڵەکاندا گەورە دەبوونەوە. چەند لە کۆمەڵگاکان هەوڵیان دا ئەو کێشەیە بەهۆی پێکهێنانی ناوەندێکی ئاڵوگۆڕ چارە بکەن، بەڵام هەرچەند کۆمەڵگا گەورەتر دەبۆوە، بەو ڕادەیەش کارەکە ئاڵۆزتر دەبووەوە، هەر بەو هۆیە مرۆڤ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە "پارە"ی دۆزیەوە.

## له ڕاستیدا "پاره" چلۆن کار ده‌کا؟

"پاره" وه‌ك كه‌رسه‌یه‌كی كڕین و فرۆش له زۆربه‌ی وڵاته‌كان دۆزرایه‌وه. ئه‌و دۆزراوه‌یه نه‌بووه هۆی گه‌شه‌سه‌ندنێكی تكنیكی به‌ڵكوو شۆڕشێكی ڕۆحی و ڕاستییه‌كی زه‌ینی كه تانیا له ناو بیر و زه‌ینی مرۆڤه‌كاندا بوونی هه‌بوو. پاره نابێ ته‌نیا له قه‌ره‌پووڵ یا له كاغه‌ز پێكهاتبێ، به‌ڵكوو ده‌توانێ بۆ هه‌ڵسه‌نگاندن و به‌ها دانان له‌سه‌ر شت و مه‌ك و كه‌ل و په‌لی ژیان، له زۆر شتێكتریش كه‌ڵك وه‌ربگیرترێ. به یارمه‌تی پاره زۆر ساكار و گورج ده‌توانین به‌های به‌رهه‌م و كالای ڕه‌نگاوڕه‌نگ له‌گه‌ڵ یه‌كتردا هه‌ڵبسه‌نگێنین.

له پرۆسه‌ی مێژووییدا چه‌ندین چه‌شن پاره هاتوونه‌ته ناو كۆمه‌ڵگاكان كه قه‌ره‌پووڵ مه‌نشوورترینیانه: له‌ته ئاسنه‌واڵه‌یه‌كی فۆرم پێدڕاو كه به پێی ناوچه‌كان به وێنه‌ی جۆراوجۆره‌وه دروستیان كردووه. به‌ڵام پێش هاتنی ئه‌و قه‌ره‌پووڵه به پێی كولتوور و ناوچه بۆ ئاڵوگۆڕكردن، بۆ وێنه له خوێ، سه‌وزی، میوه، گا، یاقووت پارچه یا خوارده‌مه‌نی و ئاژه‌ڵیتر كه‌ڵكیان وه‌رگرتووه.

له به‌ندیخانه مودێرنه‌كان و ئوردوگای شه‌ڕ بۆ گۆڕینه‌وه‌ی شتومه‌ك زیاتر له جگه‌ره به‌جێی پاره كه‌ڵك وه‌رده‌گرن. ته‌نانه‌ت ئه‌و سه‌ودایه له لایه‌ن ئه‌و كه‌سانه‌ی جگه‌ره‌كێشیش نین سه‌لمێندراوه. زیندانییه‌كی یه‌هوودی سه‌رده‌می نازیه‌كانی ئاڵمانیش گێڕاویه‌ته‌وه كه له‌وێ "جگه‌ره" ته‌نیا پاره‌ی به‌هادار بووه و به‌های هه‌ركام له پێداویستییه‌كان به جگه‌ره دیاری ده‌كرا.

له دنیای مودێرنی ئه‌مرۆیشدا قه‌ره‌پووڵ و ژوماره‌ی بانكی فۆرمێكی سه‌یر و سه‌مه‌ره‌ی پی دراوه. ساڵی ٢٠٠٦ به‌های سه‌رجه‌می وڵاته‌كان ٤٧٣ بلیۆن دۆلار بووه، به‌ڵام به شێوه‌ی قه‌ره‌پووڵ و حیسابی بانكی ته‌نیا ٤٧ بلیۆن دۆلار له بازاردا بوونی ڕاسته‌قینه‌ی هه‌بووه. زیاتر له ٩٠ له سه‌دی پاره‌كان كه زیاتر له ٤٠٠ بلیۆن دۆلار ده‌كا، ته‌نیا وه‌ك ژماره له‌سه‌ر كامپیۆتر پاشه‌كه‌وت كراون. زۆربه‌ی كاری بازرگانی به‌هۆی جێ گۆركێی دیجیتالی ژماره‌كانی بانكی كامپیۆتره‌وه به‌ڕێوه ده‌چن.

تا ئەو جێگایەی ئێمە ئامادە بین هێزی کار و بەرهەمەکانمان بەهۆی جێ گۆڕکێی دیجیتالی کامپیۆتری بانکەکانەوە حیساب بکەین، دەتوانین هەم ساکارتر و هەم گورجتر و بە بێ نیگەرانبوون لە دزینی یا گومبوونی پارە، کارەکانمانی پێ جێ بە جێ بکەین.

لەمڕۆدا کاری بازرگانی ئاڵۆز بە بێ بوونی کەرەسەیەکی وەك پارە نامومکینە. تەنیا بەهۆی بەها و ئەرزشی پارەوەیە کە دەتوانین کاری خزمەتگوزاری و هەروەها بەهای کەل وپەلی پێ دیاری بکەین. کەوابوو پارە کەرەسەیەکی گۆڕینەوەی جیهانییە کە بە یارمەتی ئەوەوە مرۆڤ دەتوانێ هەر کەل وپەلێك لەگەڵ یەکتر بگۆڕێتەوە.

بۆ وێنە دەکرێ کاری "شەڕخوازی" لەگەڵ "زانیاری" بگۆڕینەوە کاتێ سەربازێك زانیاریی و چالاکیی خۆی لە شەڕدا بە پارە بگۆڕێتەوە. یا مرۆڤ دەتوانێ زەوی لەگەڵ وەفاداری بگۆڕێتەوە کاتێ ئاغایەك زەویەکەی دەفرۆشێ بۆ ئەوەی پیاوی پێ بەکرێ بگرێ. مرۆڤ دەتوانێ دادگەری لە بەرابەر سڵامەتیدا بگۆڕێتەوە کاتێ پارێزەرێك کاری خزمەتگوزاری خۆی دەفرۆشێ و بەو پارەیە نەخۆشی خۆی لای دوکتورێك پێ چارە دەکات. تەنانەت زۆربەی ژنانی خۆ فرۆش لە ئوروپا و ڕەنگە هەموو جێیەکیتریش لەشی خۆیان دەفرۆشن و بە دانی بەشێك لەو پارەیە بە مرۆڤی ڕۆحانی و مەلا و شێخ، و کەوتنە ناو جەهەنەمی پێ قەرەبوو دەکەنەوە!

پارە کەرەسەیەکی ساکارە کە کەل و پەل و دارایی مرۆڤ وەك زەوی، ماڵ و بزنی پێ دەگۆڕدرێتەوە و بۆ هەڵگرتن و جێگۆڕکێ و هێنان و بردن زۆر سوك و هاسانە. پارە دەبێتە هۆی گۆڕانی ماکە بۆ شتێکی ڕۆحی. چلۆن ئەو کارە پێکدێ؟ بۆ دەبێ کەسێك زەوییەکی سەرسەوز و پڕ لە بەرهەم لە هەنبەر چەند کوت کاغەز یاخود ژمارەی دیجیتالی کامپیۆتر بگۆڕێتەوە؟ بۆ دەبێ مرۆڤێك هێزی کاری خۆی لە هەنبەر چەند کاغەزی ڕەنگاوڕەنگدا بگۆڕێتەوە؟

مرۆڤ بۆ هەموو ئەو چەشن سەودایانە ئامادەیە چونکە ئێمە متمانە بە بەرهەمی فانتازیای گشتییەوە دەکەین. متمانەکە ئەو کانزایەیە کە قەرەپوولی لێ دروستکراوە. کاتێ کەشاوەرزێکی دەوڵەمەند ماڵ و زەویەکی لە هەنبەر تەلیسێك قەرەپووڵ دەگۆڕێتەوە و بۆ ناوچەیەکیتر دەگوێزێتەوە، ئەو متمانەیەی تێدا پێکهاتووە کە لەوێ

بەهۆی ئەو پارەیە بتوانێ زەوی و ماڵ و حاڵێکیتری پێ دروست بکا. کەوابوو پارە سیستەمێکی متمانەی هەمەلایەنەیە.

ئەو متمانەیە بەهۆی پرۆسە و شەبەکە یاخود تۆڕێکی دووورودرێژی کار و پەیوەندی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە پێکهاتووە. بۆچی من باوەڕم بە قەرەپووڵ و حیسابی بانکی هەیە؟ چونکە جیران و هاوساکانیشم باوەڕیان پێی هەیە. جیران و هاوساکانیشم بۆیە باوەڕیان پێی هەیە، چونکە من باوەڕم پێی هەیە. ئێمە هەموومان باوەڕمان پێی هەیە چونکە شا و مەلا و شێخ و ... باوەڕیان پێی هەیە. ئەگەر بە ڕادەی کافیشمان لەو پارەیە نەبێ، قەرزداری شا دەبین و خودای مەلاش دەمانخاتە ناو جەهەنەمەوە و دەمانسووتێنێ.

سیستەمی ماڵیی پەیوەندییەکی زۆر تەنگەبەری لەگەڵ سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەیە و بەو هۆیەشەوە بەرپرس بۆ پێکهاتنی زۆربەی قەیرانی ماڵیی، لایەنی سیاسیەکەیەتی و نەك فاکتەری ئابووری. سەیر ئەوەیە کە پێنج هەزار ساڵ بەر لە ئێستا پارە هاوکات لەگەڵ خەت لە مێزۆپێتامیا و لەناو سۆمێرەکاندا دۆزراوەتەوە. هەر بەو هۆیەی خەت یاخود نووسراوە وەڵامێك بۆ چالاکی ئیداری بووە، پارەش وەڵامێك بووە بۆ پێداویستییەکانی ئابووری ئەو سەردەمە کە پەیتا پەیتا گەورەتر دەبوونەوە.

یەکەم قەرەپووڵی مەنشووری مێژوویی بەهۆی شای لیدەکان بە ناوی ئالیات "Alyattes" لە ناوچەی ڕۆژئاوای تورکیەی ئەمڕۆیی بینڕاوە کە ساڵی ٦٤٠ پێش زایین دروستکراوە. ئەو قەرەپووڵانە قورساییەکی وەك یەکیان بووە و نەخش و نیگاری لەسەر کێشراوەتەوە. زۆربەی پارە و قەرەپووڵی ئەوڕۆیی لەدایکبوو و پەرەسێنڕاوی قەرەپووڵی لیدەکانە.



قەرەپووڵێکی سەردەمی لیدەکان

## کارتێکەریی "زێڕ و پارە" لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگاکان

متمانە بە قەرەپووڵی ڕۆمییەکان بە ڕادەیەك زۆر بوو کە مرۆڤی دەرەوی سنوورەکانیش بە تامەزرۆییەوە وەریان دەگرت. لە سەدەی یەکەمی زایینیدا ئەو قەرەپووڵانە تەنانەت لە بازاڕی هیندوستانیش سەودا دەکران. سەرەڕای ڕێگای دووری نێوان هیندوستان و ڕۆم متمانەپێکردن بە قەرەپووڵی ڕۆمییەکان لای مرۆڤی هیندی بەڕادەیەك زۆر بوو کە حاکمانی هیندی ناوی دێناریووس"Denarius" یان لەسەر قەرەپووڵی خۆیان دانابوو. تەنانەت دواتریش خەلیفەکانی ئیسلامی ناوی دیناریان ڕاستەوخۆ وەرگرت و تا ئەمڕۆش لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکان دینار مایەوە.

هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی قەرەپووڵ بە ستیل و فۆرمی لیدی لە زەریای ناوەڕاست و هیندوستان، لە چین قەرەپووڵی بڕۆنز، زیو و زێڕ دروستکران. هەردووك سیستەمەکە خاڵێکی هاوبەشیان هەبوو ئەویش کەڵکوەرگرتن و بەکارهێنانی کانزای پڕبەها بوو کە کاری بازرگانی لە ناوچەیەکی پان و بەریندا پەرەپێدا و خەڵکەکانی ئەو ناوچانەی لێك نیزیك کردەوە. هەتا دوورترین ناوچەکانی ئەم هەردە، بازرگانی ئورووپایی، موسوڵمان و تەنانەت حاکمانیش هەڵگری ئەو سیستەمە بوون و سەریان بۆ دادەنەواند. هاوکات لەگەڵ دەستپێکی سەردەمی نوێ، هەموو وڵاتانی جیهان زێڕ و زێویان وەك قەرەپووڵ لا بە ئەرزش بوو و کاری بازرگانیان پێ بەڕێوە دەبرد. دواتر هەرکام لە وڵاتەکەن پووڵی خۆیان دروست کرد وەك فوند لە ئینگلیز و دۆلار لە ئەمریکا.

پێکهێنانی پووڵێکی هاوبەش کە لەلایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە بسەلمێندرێ، بووە هۆی دانانی بەردی بناغەی بازارێکی ئابووری - سیاسی جیهانی. مرۆڤ هەرکام زمانی تایبەتی خۆیان هەبوو، لەژێر گوێڕایەڵی حاکمی جیاوازدا بوون و سەریان بۆ خودای جیاواز دادەنەواند بەڵام هەر هەموویان باوەڕیان بە زێڕ، زێو و قەرەپووڵی

www.rojhalat.de / www.bokan.de

دروستکراو لەو کانزایانە هەبوو. بە بێ بوونی ئەو باوەڕە گشتییە دروستکردنی بازاڕێکی جیهانی نامومکین دەبوو. بەهۆی ئەو زێڕ و زێوانەی حاکمانی ئورووپایی سەدەی شازدە لە ئەمریکا دۆزیانەوە توانیان لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هاوریشم، دەفروئامانی چینی و ئەدویەجاتی پێ بکڕن و گەشەسەندنی ئابووری لەو ناوچانەی پێ مسووگەر بکەن.

بەڵام چلۆن بوو کە چینی، هیندی، موسوڵمان و سپانیایی کە کولتووری جیاواز لە یەکتریان هەبوو و لە هیچ بوارێکدا لەگەڵ یەکتر سازگارییان نەبوو، پێکەوە هەموویان باوەڕیان بە زێڕ و پارە پەیدا کرد؟ پسپۆڕانی بواری ئابووری بۆ ئەو پرسیارە وەڵامیان هەیە. هەرکات دوو ناوچە لە ڕوانگەی ئابووریی و بازرگانییەوە لێك نیزیك ببنەوە، بە ناچار هەوڵ دراوە بەهای پێداویستییەکانی ژیان لەگەڵ یەکتردا ڕێك بخەن.

بۆ تێ گەیشتن لەو کارە بارودۆخێکی خەیاڵی دروست دەکەین: دایدەنێین کاتێ پەیوەندی بازرگانی بەردەوام لە مابەین هیندوستان و ناوچەکانی زەریای ناوەڕاست پێکهاتووە، هیندییەکان هیچ تامەزرۆییەکیان بۆ زێڕ نەبووبێ و کانزاکان لەوێ بێ ئەرزش بووبن. بەڵام لە ناوچەکانی زەریای ناوەڕاست زێڕ و کانزاکانیتر بەهایەکی زۆریان بۆ دانراوە. چ دەقەومێ؟ سرووشتییە بازرگانەکانی نێوان ئەو دوو ناوچانە کە بەردەوام لە هات و چۆدا بوون، هەست بە جیاوازی بەها و نرخی نێوان ئەو ناوچانە دەکەن. بۆ ئەو بازرگانانە دووکان و بازارێکی زۆر باش دەکرێتەوە کاتێ زێڕ لە هیندوستانەوە بە هەرزان بکڕن و لە ناوچەکانی زەریای ناوەڕاست بە گران بیفرۆشنەوە. بەو کارەیان داواکاریی و تامەزرۆیی ناو کۆمەڵگای هیندوستانیان بۆ زێڕ بەرز کردۆتەوە و هاوکاتیش بەهای زێڕ چۆتە سەرێ. لەولاشەوە زێڕ لە ناوچەکانی زەریای ناوەڕاست هێندە زۆر دەبێ کە دەبێتە هۆی هێنانە خواری بەهاکەی. دوای ماوەیەکی کورت لە هەر دووك ناوچەکان بەهای زێڕ وەك یەکتری لێدێ. ئەو ڕاستییە کە مرۆڤی ناوچەی زەریای ناوەڕاست باوەڕیان بە زێڕ هەیە، دەبێتە هۆی ئەوەیکە مرۆڤی هیندوستانیش باوەڕ بە زێڕ پەیدا بکەن تەنانەت ئەگەر خەڵکانی هیندوستان هیچ پێویستی یاخود هیچ کەڵکێکیش لە زێڕ وەرنەگرن.

ساڵیانی درێژە فیلەسۆفان، بیرمەندان و پێغەمبەران هەوڵ دەدەن پارە وەك بنچ و بنەڕەتی هەموو خراپیی و گڵاوییەك بە مرۆڤ نیشان بدەن، بەڵام لە ڕاستیدا پارە وەك لووتکەی تولەرانسی ئینسانی لێهاتووە. پارە لە هەر زمانێك، یاسایەك، فەرهەنگێك،

ئاییینێك و لەهەر هەلس و کەوتێکی کۆمەڵایەتی تولەرانسترە. پارە تەنیا سیستەمی دروستکراو لە لایەن مرۆڤەوەیە کە وەسەر هەر کولتوورێکی ئینسانی کەوتووە و لە ئایین، جنسییەت، نەتەوە، تەمەن و هیچ تایبەتمەندییەکیتری ئینسانی ناپرسێ.

## بەهای پارە

پارە لەسەر دوو پرەنسیپی جیهانی ساغ بۆتەوە:

یەکەم پرەنسیپی جیهانی "گۆڕینەوە": بەپارە دەتوانرێ زەوی لەهەنبەر وەفاداریی، دادپەروەریی لە بەرامبەر سلامەتی و شەڕخوازیی بە زانست بگۆڕدرێتەوە.

دووهەم پرەنسیپی جیهانیی "متمانەپێکردن"ە: بە پارە وەك کەرەسەیەك دەتوانن دوو مرۆڤ لەسەر هەر پرۆژەیەك پێکەوە هاوکاری بکەن.

بەهۆی ئەو دوو پرەنسیپەوە دەتوانن ملیۆنان مرۆڤ کە تەنانەت یەکتریش نەناسن و هیچکات یەکتریان نەبینیوە، پێکەوە کاری بازرگانی، سەودا و کڕین و فرۆش بکەن. بەڵام ئەو قازانجە کاتییە خاڵێکی نەرێنیشی هەیە کە ئەو سەودایانە چونکە لە ڕێی دوورەوە بەڕێوە دەچن و مرۆڤەکان یەکتر ناناسن و نابینن، لە ڕوانگەی داب و نەریت، پەیوەندیی و ئەرزشی ئینسانییەوە کەسایەتییەکی سارد و سڕ لە مرۆڤەکاندا پێکدێنێ.

کۆمەڵگای ئینسانی، هۆز و بنەماڵە هەمیشە ئەو هەستەیان لە مرۆڤدا پێکهێناوە کە بەهاکانی ناو کۆمەڵگا وەك شانازیکردن، متمانەپێکردن، ئەخلاق و خۆشەویستیی لە سەرووی هەمووشتێکەوە دانراون و زۆر بە نرخ حیسابیان بۆ کراوە. ئەو بەها ئینسانیانە لەو سەوداکردنانەدا توونا دەکرێن. تەنانەت ئەگەر لەو بازاڕانەدا نرخێکی باشی بۆ دیاری بکرێ، دەبوو سەرەڕای ئەوەش مرۆڤی بە ویژدان کاری بێ ئەخلاقی لێ نەوەشێتەوە، هیچ دایك و باوکێکی ئاسایی منداڵی خۆیان وەك کۆیلە نەفرۆشن، مرۆڤی بە ئیمان هیچکات نەبێتە هۆی کوشتنی مرۆڤێکیتر، پێشمەرگەیەکی بە ئیمان هیچکات وڵاتەکەی بە پارە نەفرۆشێ و ... .

بەڵام پارە هەمیشە هەوڵی داوە لەو سنوورە ئینسانیانەش تێپەڕ بێ و مرۆڤ ناچار بە شکاندنی ئەو چەشن پەیمانە ئینسانیانە بکا. زۆر جار لە مێژوودا دایك و باوك ناچار بە فرۆشتنی چەند لە منداڵەکانیان کراون بۆ ئەوەی بتوانن منداڵەکانیتریان لە برسیەتی

پێ ڕزگار بکەن. باوەڕپێکراوی ئایینی مرۆڤیان کوشتووە، دزی و درۆیان کردوە بۆ ئەوەی پەرە بە باوەڕەکەیان بدەن و هەروەها پێشمەرگەش هەبوون کە وەك جاش بۆ گەییشتن بە پارە بەها ئینسانییەکان و هەڤالانی خۆیان لەژێر پێ ناوە و خیانەتیان بە خەڵك و خاکەکەیان کردووە.

باوەکوو پارە متمانە لە نێوان مرۆڤی بێگانەدا پێکدێنێ، لایەنێکی ڕەشیتریشی هەیە کە ئەو متمانەپێکردنە نەك لە نێوان کۆمەڵ یاخود مرۆڤدا بەڵکوو لە سیستەمێکی نائینسنیدا پێك دێ. ئێمە نە متمانە بە مرۆڤی بێگانە دەکەین و نە بە جیرانەکانمان، بەڵکوو تەنیا بە قرۆش و قەرەپوولێك کە دەکەوێتە دەستمانەوە. ئەگەر پارەیان پێ نەمێنێ، متمانەکەش کۆتایی پێ دێ. ئەگەر هێزی پارە بەربەندی کۆمەڵگاکان، ئایینەکان و وڵات درز تێ بخات و بیانشکێنێ، کۆمەڵگای جیهانی وەك گۆڕستانێکی سارد و سڕی لێدێ.

بەو هۆیانە مێژووی ئابووری جیهان وەك سەمای مەیموونی لێ هاتووە. لە لایەکەوە هێزی پارە ئەو بارودۆخە بۆ مرۆڤ پێکدێنێ کە لەگەڵ مرۆڤی بێگانە بە بێ کێشە سەودا و کڕین و فرۆش بکا، هاوکاتیش دەبێ بترسێ کە بەهای ئینسانی و پەیوەندیی ناو مرۆڤ و کۆمەڵەکان نەخرێنە ژێر مەترسییەوە. بە دەستێکمان بەربەندی کولتوور و دابونەریت و کۆمەڵگا دەڕووخێنین و بە دەستەکەیترمان بەربەندیتر ساز دەکەین بۆ پارێزگاریی لە توونابوونی کۆمەڵگا، داب و نەریت ئایین و ژینگە.

ئەمڕۆش پەرە بەو بۆچوونە دەدرێ کە بازار هەمیشە سەرکەوتوو دەبێ، ئەو بەربەندانەی لە لایەن شا، ئایین و کۆمەڵگاکانەوە دروست کراون، ئیتر ناتوانن خۆڕاگری لە گوشاری پارە بکەن. بەڵام ئەوە بۆچوونێکی ساویلکەیە. شەڕی سامناك، فناتیکی ئایینی و شاروەندی پەرۆش و دوودڵ هەمیشە توانیویانە سنوور بۆ کاری بازرگانی دیاری بکەن و ڕێگایەکی نوێی بۆ دابنێن. بەو هۆیە یەکیەتیی مرۆڤایەتی نابێ وەك پرۆسەیەکی ئابووری سەیر بکرێ. بۆ لێ حاڵیبوون لە پێکەوە ژیانی مرۆڤ بە داب و نەریتی جیاواز دیارە نابێ کارتێکەریی پارە و زێڕ لەبیر کەینەوە، بەڵام ئەوەشمان نابێ لەبیرچێتەوە کە کارتێکەری باوەڕ و شمشیر لە سەر مرۆڤ زۆر زیاتر بووە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ پارە.

## ئارەزووی فەرمانڕەوایی

ڕۆمیی کۆن خوویان بە هەرەسهێنان و نسکۆی نیزامی گرتبوو. هەر وەك زۆربەی ئیمپراتوورییەکانی مێژوویی دەیانتوانی لە هەنبەر هەرەس هێنان خۆڕاگری بکەن چوونکە دوور یا زوو سەرکەوتوویی هەر بۆ ئەوان دەبوو. هەر ئیمپڕاتۆرییەك دوای شکست پێهێنانێك توونا بێ، ئیتر ئەوە ئیمپراتووری نییە.

لەو سەردەمەدا کە ڕۆمییەکان سەلووکی و مەقدونیەکانیان تێکشکاندبوو و بەسەر تەواوی ناوچەی زەریای ناوەڕاستدا حوکمڕانیان دەکرد، کۆمەڵێك لە هۆزی سەلکەکان "Seleukiden" بە ناوی نۆمانتیا "Numantia" لە بەرابەر ڕۆمییەکاندا ڕاوەستان و زیانێکی زۆریان پێ گەیاندن. ساڵی ١٣٤ پێش زایین سەبری حاکمانی ڕۆمی لە هەنبەر بۆمانتیاکان بەسەر چوو و ژێنراڵێکی ڕۆمیی بە ناوی سکیپۆ ئێمیلیانووس " Scipio Aemilianus" بە ٣٠ هەزار سەربازەوە هێرشی کردە سەریان. دەوری ناوچەکەیانی دا، پەیوەندیی لەگەڵ دنیای دەرەوەی لێ دابڕین بەو هیوایەی برسیەتی بتوانی بە چۆکیاندا بێنێ. زیاتر لە ساڵێك چاوەڕوان بوون هەتا هەموو ماکە خۆراکیەکانیان تەواو بوو. کاتێ ئەو خەڵکە بینیان کە هیچ هومێدێکیان نییە، ناوچەکانیان ئاگر تێبەردا. زۆربەی شەڕکەرەکانیان بۆ ئەوی نەکەونە دەست ڕۆمییەکان و نەبنە کۆیلە، دەستیان کرد بە خۆکوژی.

دواتر خۆڕاگری ئەو خەڵکە بووە سومبولێك بۆ خۆشەویستی و ئازادی لە ئیسپانیا. کتێب لەسەر ئەو کوشتارە نووسرا، شاعیران و نەققاشان جێژنیان بۆ ئەو شۆڕش و خۆڕاگریە گرت و بە قەڵەم و ڕەنگ ڕازاندیانەوە. لە ساڵی ١٨٨٢ لە بەجێماوەکانیان بینایەکی مێژوویی نەتەوییان لێ دروست کرد. نۆمانتیا کۆنەکان وەك سومبولێکی ئازادی و خۆڕاگری بوونە نموونە بۆ دنیای مودێرنی سپانیا.

ئەو ئیسپانیاییانەی بەجەرگبوونی خەڵکانی نۆمانتیایی بە پیرۆز دادەنێن زۆربەیان لایەنگری کلیسای ڕۆم - کاتۆلیکن، کە سەرکردەیان تا ئەوڕۆش لە ڕۆم دادەنیشێ و بە زمانی لاتینی خوداکەیان ستایش دەکەن. حاکمانی ڕۆمی بە تەواوی توانییانەوە

هەوڵی لەناوبردن و شاردنەوەی ئەو مێژووەیان کردووە. دیارە ئەو مێژووە چونکە هەرەسی هێناوە بە چیرۆکێکی باش لە ئەژمار نەهاتووە. ئێمە زیاتر گوێ بۆ ئەو چیرۆکانە ڕادەگرین کە قارەمانەکەی لە هەنبەر دێوی تووڕەی ناو چیرۆکەکە سەرکەوتوو بێ. بەڵام مێژوو عادڵ نییە. زۆربەی داب و نەریت و فەرهەنگی ڕابردووی مرۆڤ درەنگ یا زوو لە لایەن ئیمپڕاتۆرییەکانەوە هەڵلووشڕاون و توونا کراون بەشێوەیەك کە هەرگیز ئیتر ناوێکیان لێوە نەهاتووە. دیارە خودی ئیمڕاتۆرییەکانیش ڕۆژێك لەناو دەچن و توونا دەکرێن. زۆربەی خەڵکەکان و نەتەوەکانی سەدەی بیست و یەکەم بەجێماوەی ئەم یا ئەو ئیمپڕاتۆرین.

ئیمپڕاتۆری یاخود فەرمانڕەوایی ڕێك و پێکییەکی سیاسییە کە دوو تایبەتمەندیی بەرچاوی هەیە. یەکەم، بۆ ئەوەی فەرمانڕەواییەك پێك بێ، دەبێ بتوانێ بەسەر خەڵك و نەتەوەیەکی زۆردا حکوومەت بکا کە هەرکام لەوانیش ناوچە و فەرهەنگی تایبەت بە خۆیان هەیە. دووهەم فەرمانڕەوایی هەمیشە تینووی پان و بەرین کردنەوەی سنوورە کەیانن و هیچکات ئیشتیایان تەواو نابێ و تێر نابن. وڵاتی ئینگلیزی ئەمڕۆیی سنووری دیاریکراوی خۆی هەیە و لەوە زیاتر تێپەڕ ناکا، بەڵام سەدەیەك پێشتر دەکرا هەر ناوچەیەکی ئەم هەردە بەشێك لە ئیمپڕاتۆری ئینگلیزبێ.

جیاوازیی فەرهەنگی و ناوچەیەکی حوکمڕانی بەردەوام نەتەنیا شوناسێکی تایبەتی بە فەرمانڕەوایی دەدەن، بەڵکوو جێگایەکی ناوەندیی لە مێژوودا بۆ تەرخان دەکەن. بە هۆی ئەو دوو تایبەتمەندییەوە دەکرێ چەندین نەتەوەی جیاواز لەژێر چەترێکدا کۆبکرێتەوە و مرۆڤ و وڵاتەکان لێك گرێ بدرێن.

ئێمە دەبێ ئەو شتە لەبەر چاو بگرین کە فەرمانڕەواییەکان بەهۆی جیاوازی فەرهەنگی نێوان مرۆڤەکانەوە سنوور پێکدێنن، نەك بەهۆی چەشنی حکوومەت، گەورەیی یا ژمارەی شاروەندەکانی. بۆ وێنە فەرمانڕەوایی نابێ هەمیشە بەهۆی هێرشکارییەوە پێکهاتبێ: ئیمپڕاتۆری ئاتێنەکان لە یونان لەسەر هاوکارییەکی ئازادانەی مرۆڤ پێکهات. هەروەها فەرمانڕەوایی نابێ بە تەنیا لە لایەن کەسێکەوە بەڕێوە بچێ: زلهێزی ئینگلیزی کە یەك لە مەزنترین ئیمڕاتورییەکانی مێژوو بوو، لە لایەن پارلمانێك کە کەم تا کورت هەڵبژاردەی دیموکڕاتیکی بوو، بەڕێوە دەچوو. هەروەها

حاکمانی مودێرن وەك هولەند، فەڕەنسا، بلژيك و ئەمریکاش کەم تا کورت بە شێوازێکی دیموکڕاتیك بەڕێوە دەچوون.

گەورەییش هیچ ڕۆلێکی بەرچاوی لە فەرمانڕەواییدا نییە و دەتوانێ حکوومەتێکی بچووکیش ئەو کارە بەجێ بێنێ. ئەو سەردەمەی ئاتێن حکوومەتی دەکرد، نەتەنیا هەموو یونانی لەژێر حکوومەت دا نەبوو بەڵکوو ژمارەی شاروەندەکانی زۆر کەمیش بوون: ناوچەی حوکمڕانی ئازتێکەکان بە قەرا نیوەی میکزیکی ئەمڕۆیی نەدەبوو. بەڵام هەر دووك ئیمپڕاتۆرییەکان بە پێی کات ناوچەکانی دەوروبەریان خستە ژێر فەرمانی خۆیانەوە. ئاتێن لە نیزیکەی سەد ناوچەی خودموختار و ئیمپڕاتووری ئازتێکەکان لە ٣٧١ نەتەوە و هۆزی جیاواز پێکهاتبوون، دیارە ئەگەر مرۆڤ باوەڕ بە کتێبیماڵیاتییەکەیان بکا.

ئەو پێکەوە ژیانە ڕەنگە تەنیا بەوهۆیە مومکین بووە، چونکە لە ڕابردوودا بە ڕاشکاوی نەتەوەیەکی زیاتر بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەمڕۆ بوونیان هەبووە و کەمتریان ناوچەی حوکمڕەوایی خۆیان هەبووە.

## خەڵکانی ناوچەی فەرمانڕەوایی ئیمپراتورییەکان

چێژوەرگرتن لە وشەی ئیمپراتۆری لەمرۆدا زۆر باو نییە و هیچ بانگەوازێکی باشیشی نییە. لە وشەنامەی جنێوی سیاسیدا وشەی "ئیمپریالیست" بەدوای وشەی "فاشیست"دا دێ. ئەو سیستەمە بە دوو هۆ رەخنەی لەسەرە:

١. ئیمپراتۆری لە کردەوەدا سەرناکەوێ. لەمڕۆدا بە شێوەی درێژخایەن ناموومکینە چەندین خەڵك لەژێە حکوومەتێکدا کۆ بکرێتەوە.

٢. تەنانەت ئەگەر ئەو کارە مومکینیش بێ، سیستەمەکە جێی متمانە نییە چونکە هەم داگیرکەر واتە "سەرکەوتوو" و هەم ژێردەست واتە "گرتوو"ەکە، هەردووکیان کارتێکەریی نەرێنی لەسەر یەکتردا دادەنێن. لەمڕۆدا هەرکام لە خەڵکەکانی سەر ئەم هەردە مافی سەربەخۆیی و هەبوونی وڵاتی خۆیان هەیە.

لە ڕوانگەی مێژووییەوە خاڵی یەکەم بێ مانایە و خاڵی دووهەم لای کەم جێی پرسیار و گوماناوییە. لە ڕاستیدا سیستەمی ئیمپراتۆری لە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵی ڕابردووەوە سیستەمێکی حکوومەتی وڵاتەکان بووە. زۆربەی مرۆڤی سەر ئەم هەردە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە ژێر چەتری ئەو سیستەمەدا ژیاون. ئیمپراتۆری سیستەمێکی تا ڕادەیەك مەحکەم، پتەو و بەهێز بووە. بۆ زۆربەی ئیمپراتورییەکان زۆر ساکار بوو شۆڕشی خەڵکان ئارام بکەنەوە. مەگەر ئەوەیکە هێرشێکی بیانی یا دابەشبوونی ئیمپراتورییەکە بووبێتە هۆی ئازاد بوونی خەڵکەکان. زۆربەی ئەو خەڵکانە بەو هۆیەی سەدان ساڵ لەژێر سیستەمی ئیمپراتورییەکاندا دەتوانەوە، ئیتر زمان و فەرهەنگ و داب و نەریتی خۆیان لە دەست دەدا و هیچ تامەزرۆییەکیان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ حاکمان بۆ ئازادبوونیان نەدەماوە.

بۆ وێنە کاتێ ئیمپراتۆری ڕۆژئاوای ڕۆم لە ساڵی ٤٧٦ی زایینی بەهۆی هێرشی هۆزە گێرمانەکان تێك ڕووخا، خەڵکەکانی وەك نۆمانتیر "Numantier"، ئارووێرنەر

www.rojhalat.de / www.bokan.de
"Arverner"، هێلوێتیر "Helvetier"، زامنیتیر "Samniter"، لوزیتانیر "Lusitanier"، ئومبریر "Umbrier"، ئێترووسکە "Etrusker" و سەدان خەڵکیتر لە ژێر وێرانەی ئیمپراتووریەکەدا مانەوە و لێیان ڕانەپەڕین، چونکە وەچەکانی ئەو خەڵکانە ساڵیانی درێژ بوو خوداکان و زمان و دابونەریتی خۆیان لە دەست دابوو و وەك خەڵکانی ڕۆمی بیریان دەکردەوە و هەڵس و کەوتیان دەکرد.

زۆر جار ڕووخانی ئیمپڕاتورییەك بە مانای ئازادبوون و ڕزگاربوونی خەڵکەکان نییە. بە پێچەوانە تەنیا هێزێکیتر جێی خاڵیی حکوومەتەکەی پێشووی دەگرێتەوە. ئەو پرۆسەیە لە هیچ جێگایەکی ئەم هەردە بەقەرا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووپات نەبۆتەوە. بارودۆخی سیاسی ئەمڕۆی ئەو ناوەندە تەنیا بەهۆی چەند هێزی ناوچەکە بەڕێوە دەچوو و زۆربەی خەڵکەکان لەژێر یەخسیری حکوومەتی نادێموکراتیکی هێزەکانی ناوچەکەدا دەمانەوە. نیزیکەی ٣هەزار ساڵ بەر لە ئێستا واتە ساڵی ٨٠٠ی پێش زایین، بارودۆخێکی هاوچەشنی خەڵکانی ژێر فەرمانڕەوایی ڕۆم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکهات. لە ئیپراتۆری ئاشوورییەکان واتە ٨٠٠ ساڵ پێش زایینەوە هەتا ڕووخانی ئیستعماری فەرنساییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیمپراتۆری بەدوای ئیمپراتۆری هاتوونەتە سەر کار. کاتێ ئینگلیزەکان و فەرنساییەکان هەرەسیان بەو هێزانە هێنا خەڵکانی وەك ئەرامیان "Aramäer"، ئامۆنیت "Amoniter"، فینیقیەکان "Phönizier"، فیلیسترەکان "Philister"، موئابەکان "Moabiter"، ئیدومەکان "Edomiter" و هەموو ئەو خەڵکانەی لەژێر حوکومڕانیی ئاشووڕەکاندا بوون، زۆر لە مێژ بوو توابوونەوە، لەناو چووبوون و ئاسەواریشیان لێ نەمابوو.

سرووشتییە کە یەهوودی، کورد، ئەرمەنی، و گورجییەکان خۆیان بە بەرماوەی هەموو ئەو خەڵکانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنێن. بەڵام ئەوانە خەڵکێکی تاقانەن و تەنانەت ئیدعاکەشیان زێدەڕۆیی مرۆڤە. بۆ وێنە ڕێك و پێکیی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوەی یەهوودی ئەمڕۆیی زیاتر بەهۆی ئیمپراتورییەکانی ڕابردووی پێکهاتووە هەتا سەردەمی شاکانی یۆدا. ئەگەر داوید "David" شا، بیتوانیبایە لە کونێکەوە کنیسەیەکی ئورشلیمی ئەوڕۆیی سەیر کردبایە، سەری سووڕ دەما کە مرۆڤ جل وبەرگی ڕۆژهەڵاتی ئورووپایان لەبەر دایە و بە زاراوەی ئاڵمانی - ییدیش

"Jiddisch" ئاخافتن دەکەن و باوەڕیان بە تێکستێکی بابیلۆنی وەك تلموود "Talmuds" هەیە.

ڕاگرتن و ساغکردنەوەی ئیمپراتورییەکان زیاتر بە ڕژانی خوێن و چەوسانەوەی خەڵکەکانەوە بەسترابۆوە. شەڕ، بە کۆیلە کردنی مرۆڤ، ماڵوێرانی، ڕاوەنان و مرۆڤ کوژی کەرەسە و بەرهەمی ئیمپراتورییەکان بووە. کاتێ ڕۆمییەکان ساڵی ٨٣ی زایینی هێرشیان کردە سەر سکاتلەندی ئەمڕۆیی و لەگەڵ خۆڕاگریی کالێدۆنیەر "Kaledonier" ڕووبەڕوو بوونەوە، زۆر زوو و بە ساکاری تەواوی وڵاتەکەیان لێ کاول کردن. کاتێ سەرکردەی ڕۆمییەکان داوای ئاشتی لەو خەڵکە کرد، لە وەڵامدا سەرکردەی کالێدۆنیەکان کە کەسێك بووە بە ناوی کالگاکۆس "Calgacus" گوتوویەتی: "بۆ کاول کردن، کوشتن و دزی لێکردن ناوی خۆیان ناوە ئیمپراتۆر. ئەوان کەلەوایەك لە کارە شەڕخوازیی لەخۆیان بەجێ دێڵن و ناوی دەنێن ئاشتی."

بەڵام ئیمپراتۆری هەمووشی هەر کاولکاریی و بەجێهێشتنی کەلەوا لە خۆ نەبووە. هەر کەس سووکاتەتی بە ئیمپراتوریی بکا، سووکایەتی بە بەشێکی گەورەی فەرهەنگی مرۆڤ کردووە. بە وەدەستهێنانی کەل و پەل و غەرامەتی شەڕ تەنیا پشتیوانی کارو باری نیزامی نەدەکرا بەڵکوو پشتیوانیان لە فیلەسۆف، هونەر، هونەرمەند و مافی مرۆڤیش دەکرا. زۆربەی کارە هونەرییەکانی مرۆڤایەتیی جیهان بوونی خۆیان بەهۆی ڕاوڕووتکردنی خەڵکەکانی ژێر دەست دەزانن. میوەی ئیمپریالیزمی ڕۆمی بریتی بوون لە گوتەکان و نووسراوەکانی سیسروو "Cicero"، سنکا "Seneca" و ئاگوستین "Augustinus".

تەنانەت ئەگەر فەرهەنگ و نووسراوە مێژوویەکانیش لەبەر چاو نەگرین، و تەنیا ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ سەیر بکەین، لە زۆربەی کولتووری مودێرنی ئەمڕۆییدا ئاسەواری میراتی ئیمپریالەکان دەدۆزینەوە. ئەمڕۆ زمان، ئاخافتن، بیرکردنەوە و خەونەکانیشمان پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پێشینیانمان هەیە کە لەژێر هێزی شمشیر و زۆرداری حاکمانی ئیمپراتورییەکان ناچار بە ڕاهێنانی هەڵە کراون. زۆربەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە زمانی ئیمپراتوری "هان" ئاخافتن دەکەن. زۆربەی مرۆڤی دوو قوڕنەی ئەمریکا بە زمانی چوار وڵاتی داگیرکەر واتە سپانیا، پرتەقاڵ،

www.rojhalat.de / www.bokan.de
فەڕانسا و ئینگلیزی ئاخافتن دەکەن. میسریی مودێرن بە زمانی عەڕەبی ئاخافتن دەکەن، خۆیان پێ بە نەتەوەی عەڕەبە و خۆیان بە ئیمپراتوری عەڕەبی سەدەی حەوتەمەوە دەناسێنن، لە حاڵێکدا سەردەمی خۆی لە چەندین نەتەوەی جیاواز پێکهاتبوون و هتد... !

## یەکەم ئیمپراتۆرییەکان

یەکەم ئیمپراتۆری کە بە دڵنیاییەوە زانیاریمان لەسەری هەیە، ئیمپراتۆری ئاکادەکانە "Akkadisch" کە شاکەیان سارگۆن "Sargon" (نیزیکەی ٢٢٥٠ ساڵ پێش زایین) بووە. سارگۆن پاشاییەکەی لە شارێکی بچووکی میزۆپتامیا(نێوان چۆمان) بە ناوی کیش "Kisch" دەستپێکردووە. لە ماوەی چەند دەیە دا دەستی بەسەر هەموو ناوچەکانی ناوچۆماندا داگرتوە. سارگۆن بە شانازییەوە گوتوویەتی: "هەموو دنیا لە ژێر حوکمی مندایە". لە ڕاستیدا ئاکاد لە دوڕگەی فارسەوە هەتا زەریای ناوەڕاست کە وڵاتەکانی ئەمڕۆیی عێراق، سوریا، هەروەها بەشێکی ئێران و تورکیای گرتۆتەوە، خستۆتە ژێر حوکمی خۆی. ئیمپراتۆرییەکەی ماوەیەکی کورت دوای مردنی تێك ڕووخا. بەڵام سارگۆن میراتێکی شایانەی لێ بە جێ ما کە هەرگیز بێ خاوەن نەمایەوە. بە درێژایی ١٧٠٠ ساڵی دوای سارگۆن ئیمپراتۆرییەکانی وەك ئاشوور، ماد، بابیلۆن و هیتیەکان قاچیان لە جێ پێی سارگۆن دانا و ئەوانیش تەنیا شانازیان ئەوە بووە کە هەموو دنیایان لە ژێر حوکمی خۆیان گرتووە.

لەگەڵ دەستپێکی پاشایەتی کورووشی مەزن لە ئێران (نیزیکەی ٥٥٠ ساڵ بەر لە زایین) کە بە یارمەتیی هێزی حکوومەتداریی و ئاسەواری بەجێماوەی ئیمپراتۆریی مادەکان بونیادی نا، سەردەمێکی نوێی ئیمپراتۆری دەستپێکرد. تەنانەت ئەو کاتەی لە لایەن ئیمپراتۆرییەکانەوە دەگوترا کە حوکم بەسەر دنیادا دەکەین، بۆ وێنە شاکانی ئاشوور هەمیشە تەنیا وەك شای ئاشووریەکان دەمانەوە و لە لایەن خەڵکەکانیترەوە نە دەسەلمیندران. بە پێچەوانە، کورووش نەتەنیا خۆی بە شای هەموو دنیا دەزانی، بەڵکوو خۆی بە شای هەموو خەڵکەکانیش دادەنا. دەیگوت: "ئێمە، ئێوە دەخەینە ژێر فەرمانی خۆمان، چونکە ئاواتەخوازی باشترین ڕێگا بۆ ئێوەین". باشترین نموونە بۆ ئەو کارەی ئازادکردنی یەهوودیەکان لە زیندانەکانی بابیلۆن و ئیزن دانیان بۆ گەڕانەوە بۆ ئورشلیم و بونیات نانەوەی دووبارەی وڵاتەکەیان بوو. تەنانەت کورووش پێشنیاری یارمەتیی ماڵیشی پێکردن. ئەو خۆی تەنیا وەك شای فارس و کورد دانەدەنا کە بەسەر

www.rojhalat.de / www.bokan.de

یەهوودیەکاندا حوکم دەکا، بەڵکوو خۆی بە شای یەهوودیەکانیش دەزانی و پشتیوانی لێدەکردن و بەرپرسایەتیانی لە ئەستۆی خۆی دەگرت.

ئەو هەڵس و کەوتە، واتە خۆ بە شا زانین بۆ ویست و بۆ چاکەی خەڵکانی دنیا وەك شتێکی ناسرووشتی دەبینرا. گەشەسەندن، هەروەك هەموو بوونەوەرانیتر، مرۆڤی هۆمۆساپیەنی وەك بوونەوەرێك کە بەردەوام هەستی ترس لە بێگانەی تێدا پەروەردە کرابێ، ڕاهێنابوو. هەر کام لە کۆمەڵە مرۆڤەکان جیاوازیان لە نێوان "خۆیان" و "ئەوانیتر" دادەنا و هیچکات بەرپرسایەتیی مرۆڤی بێگانەیان لە ئەستۆی خۆیان نەدەگرت. تەنانەت لە زۆربەی ناوچەکان مرۆڤی بێگانە وەك ئینسان سەیر نەدەکران. بۆ وێنە لای دینکا کانی سوودان (وشەی دینکا "Dinka" لە زمانی باشووری سوودان بە مانای "ئینسان"ە) هەر کەس دینکا نەبایە ئینسان دانەدەنرا. [16]

لەگەڵ کوروش بیرۆکەی وەك یەك دانانی خەڵکانی دنیا لە ناو ئیمپراتۆرەکاندا پەروەردە کرا. ئەوان مرۆڤە جۆراوجۆرەکانیان وەك بنەماڵەیەك سیر دەکرد. ئەو هەڵس و کەوت و بیرۆکەیەی کوروش وەك میراتێك بە ئەسکەندەری مەزن، شای هیند – هێلینیست، قەیسەرەکانی ڕۆمی، خەلیفە ئیسلامییەکان و هەروەها سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاییش ئەسپێردرا. ئەو بیرۆکەیە، واتە حاکم بوون وەك باوك بەسەر هەموو مرۆڤی ژێردەستدا باشترین و کامیلترین پاساو بوو بۆ دامەزرانی ئیمپراتۆری جیهانی.

---

[16] A. Fienup-Riordan, *The Nelson Island Eskimo: Social Structure and Ritual Distribution* (Anchorage: Alaska Pacific University Press, 1983), S. 10.

## هەموو لەژێر میچێکدا

ئیمپراتۆریە گەورەکان ڕۆڵیکی مەزن و بەرچاویان بۆ یەکگرتوویی و تێکەڵاویی فەرهەنگە بچووکەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکان گێراوە. هەر وەك ڕوونە، بیرکردنەوە، هەڵس و کەوتی مرۆڤەکان، کڕین و فرۆشی کاڵا و کەل و پەل و تێکنۆلۆژی لە ئیمپراتۆرییەکی گەورەدا باشتر و گورجتر لە ناو مرۆڤەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێ هەتا لە ناو کۆمەڵیکی بچووکدا. ئەوە زیاتر ئیمراتۆریە گەورەکانن کە دەبنە هۆی پەرەپێدان و پەیوەنددانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا.

لە پلەی یەکەمدا، پرۆسەی ژیان ساکارتر دەکرێتەوە: زۆر دژوار دەکرێ حکوومەت بەسەر ئیمپراتۆرییەکی مەزندا بکرێ، ئەگەر هەر کام لە خەڵکەکان یاسا، خەت، زمان، فەرهەنگ و پارەی تایبەت بە خۆیان هەبێ.

دووهەم، ئیپراتۆریەکان بۆ بە فەرمیکردنی یاساکانی خۆیان، هەوڵی پێکهێنانی کولتورێکی یەکدەست دەدەن. لای کەم لە سەردەمی "کورش" یا "کین شاهۆنگدی[١٧]"یەوە ئیمپراتۆرییەکان بۆ چالاکیەکانیان لە ڕیگاسازییەوە هەتا کوشت و بڕی خەڵکەکان، بەردەوام پاساوێکیان بۆ هەڵس و کەوتەکانیان دۆزیوەتەوە.

بەرەکەت و نیعمەت و سەروەتی ئیمپراتۆرییەکان هەر چۆنێك بووبێ و لە هەر ڕێگایەکەوە دابین کرابێ، لای حاکمان کارێکی سرووشتی بوە و لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە لە خزمەت خەڵکەکان دان و خەمخواریانن. داکۆك کارانی سیستەمی حکوومەتی ئیمپراتۆری چین جیرانەکان و مرۆڤ و خەڵکانی بێگانەیان وەك مرۆڤی بەربەڕ و هەژار سەیر کردووە. حاکمان یاخود قەیسەرەکان ئەرکێکی ئیلاهیان بەدەستەوە گرتووە، نەك بۆ ڕووتانەوەی جیهان بەڵکوو بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤی سەر ئەم هەردە. تەنانەت ڕۆمییەکانیش لەسەر ئەو قەناعەتە بوون کە ئازادی،

---

[١٧] کین پێکهێنەری خانەدان و ئیمپراتوریی لە چین بووە.

دادپەروەری، ئاشتی و ڕووناکایی کولتورییان بۆ ئەو مرۆڤە بەربەرە هەژارانە بە دیاری هێناوە. ئیمپراتۆری ماوریا "Maurya" لە سەدەی سێهەم پێش زایین بە ئەرکی سەرەکی خۆی زانیوە کە ڕێگای مرۆڤی ئاسایی بە ڕۆشنایی خستنەسەری ئایینی بوودایی، دیاری بکات. خەلیفەکانی ئیسلامی بیر و بۆچوونی پێغەمبەرەکەیان "محەمەد" وەك پەیام و ئەرکی ئیلاهی بەدەستەوە گرتووە و بە پێی گونجان لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە، دەنا بە زەبری شمشیر بەسەر خەڵکەکاندا سەپاندووە. هێزە جیهانییەکانی وەك ئیسپانیا و پرتەقاڵ گوایە بەدوای زێڕ و ماڵ و سەروەتەوە نەکەوتوونە گیانی خەڵکی بەڵکوو خویان بە پەیامنێری ئایینی مەسیحی و ڕزگارکەری ڕۆحیی مرۆڤ داناوە. بۆ ئینگلیزیە مۆدێرنەکان ئیمپراتۆری کەرەسەیەك بووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی لیبرالی و ئازادی بازاڕی ئابووری و بازرگانی. ڕووسیەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئیمپراتۆرییەکەیان پاڵپێوەنەرێکە بۆ ئاڵ وگۆڕی بێ ئەملاو ئەولای سیستەمی کاپیتالیزم بۆ دیکتاتۆری پرۆلتاریا. زۆربەی ئەمریکاییەکانیش لەسەر ئەو باوەڕەن ئیمپراتۆرییەکەیان بۆ دامەزرانی دێمۆکراتی و مافی مرۆڤ بە تایبەت بۆ وڵاتانی جیهانی سێهەم ئەرکێکی ئەخلاقیە لەسەر شانیان و تەنانەت ئەگەر بە زۆرەملی و بۆمبارانیش بووبێ دەبێ ئەو کارە بەڕێوە بچێ.

ئەو فەرهەنگەی ئیمراتۆتییەکان بڵاویان کردەوە بەرهەمی بیرکردنەوەی حاکمانی بلیمەت بووە. بەوهۆیەی لە سەرەتاوە هیچ مەبەستێکی ناسیۆنالیستی لە پشت نەبووە، توانیویانە زۆربەی خەڵکەکان لەژێر چەتر یاخود میچێکدا کۆکەنەوە. بە بێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوەیەکی تایبەت، هەوڵی پێکهێنانی فەرهەنگێکی تێکەڵاو لە داب و نەریتی هەموو خەڵکەکانیان داوە. بۆ وێنە لە ئیمپراتۆری ڕۆمدا فەرهەنگێکی تێکەڵاو لە دابو نەریتی ڕۆمیەکان و یۆنانیەکان پێکهاتبوو، کە هەر دووك نەتەوەکان بە یەك چاو سەیریان دەکرد. فەرهەنگی عەبباسیەکان تێکەڵاوییەك بوو لە سەرچاوەی فەرهەنگی ئێرانی، عەرەبی و یۆنانی. فەرهەنگی مەغوولەکانیش کۆپییەك بوو لە ئیمپراتۆری چین.

## تووامندنەوەی نەتەوەکان لەناو ئیمپراتۆرییەکاندا

تێکەڵاویی خەڵکەکان و تواندنەوەیان لەناو ئیمپراتۆرییەکدا و پرۆسەی ئاسیمیلیرەکردنیان زۆر جار ئازار و هێشی مەزنی بەدواوە بووە. دیارە ئەو کارە زۆر چەتوونە مرۆڤ بتوانێ لە داب و نەریتی چەندساڵەی کە لای زۆر خۆشەویست و پیرۆزە، چاوپۆشی بکا و خۆی لەگەڵ کولتورێکی نوێ رێك بخا و لێی تێ بگا. خوو گرتن بە کولتور و دابونەریتی نوێ پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە و چەندین وەچەی دەوێ تا مرۆڤ خووی پێ بگرێ و بۆی ئاسایی بێ. لێرەدا نەتەنیا خەڵکە داگیرکراوەکە ناچار بە رەدکردنەوەی داب و نەریتی خۆی دەکرێ و بەرگی کولتوورێکی نوێی لەبەر دەکرێ، بەڵکوو دوای تێپەڕبوونی چەندین وەچەش هێشتا وەك مرۆڤی پلەی یەکەم سەیر ناکرێ و ناتوانێ وەك خەڵکە داگیرکەرەکە خۆی لە کۆمەڵگادا نیشان بدا و بە پلە و پایەی ئەوان بگا.

بۆ نموونە نەتەوەی کورد زیاتر لە دوو هەزارەیە لەگەڵ خەڵکە داگیرکەرەکانی فارس، عەرەب و تورك لە ناوچەکەدا ژیان دەکەن. دیارە ئەو خەڵکە داگیرکەرانە بە تەواوی توانایانەوە هەوڵی توانەوە و پووچەڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەی کوردیان داوە. بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە بە تەواوی ناسنامەکەی لە ناو بەرن. ئەمرۆشی لەگەڵ بێ کورد لەو ناوچانەدا هەر وەك مرۆڤی پلە دوو و سێ سەیر دەکرێ. بەداخەوە شوناسی نەتەویی کورد گەلێك کزە و هێندە بە جیددی ناگرن. وێنەیەکی ساکار بۆ ئەو بۆچوونە: کاتێ عوسمانەکان خاك و زێد و نیشتمانی کوردانیان داگیرکرد، بە بەرنامە و ویستی پێشتر دارڕژاو مۆری خۆیان لەو ناوچانە بەجێ هێشت. وەك گۆڕینی ناوی شار، گوند، کێو، چۆم و ئەو شوێنانەی ناوی کوردییان لەسەر بوو. سەیر ئەوەیە تەنانەت دوای چوونە دەری هێزی عوسمانی و تا ئەورۆش کورد نەهاتوونەتە سەر ئەو بڕیارە ئاڵ و گۆڕ بەسەر ئەو داگیرکارییە بۆ وێنە گوندی "ئوچ تەپە"، "قەرە گوێز" و هتد ... دا بێنن.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

جار جارەش دیواری نێوان داگیرکەر و داگیرکراو دەڕووخێ و بە پێی کات ئیتر بە چاوی بیانی سەیر ناکرێن و وەك یەکتر ماملەیان لەگەڵدا دەکرێ. بۆ وێنە لە ساڵی ٤٨ کلاودیۆس قەیسەری ڕۆمیی چەند لە بنەماڵە ماقووڵەکانی خەڵکی گالیای هێنا ناو سیناتەوە و گوتوویەتی ئەوانە ئیتر چونکە فەرهەنگ و دابونەریتی رۆمیان وەرگرتووە، ئیتر وەك خەڵکانی ڕۆمی سەیر دەکرێن. چەند لە سەناتۆرەکان دژ بەو کارەی پرۆتێستیان کردووە. بەڵام کلاودیۆس وەبیر ڕاستەیەکی تاڵی خستوونەتەوە: زۆربەی بنەماڵەی سەناتۆرەکان دەگەڕێنەوە بۆ بنچکی ئیتالیایی و بنەماڵەی بیانی کە لە سەرەتاوە دژ بە حکوومەتی رۆم بوون و دواتر بوونەتە ئەندامانی ئیمپراتۆرییەکە. تەنانەت بنەماڵەی قەیسەریش لە هۆزی زابینە کانەوە هاتووە.[١٨]

هاوکات لەگەڵ دەستپێکی سەدەی دووهەمی دوای زایین ئیمپراتۆری ڕۆم لە لایەن ئەو قەیسەرانەوە حوکمرانی کراوە کە لە نیمچە دوڕگەکانی ئیبری یەوە هاتبوون و لە ڕەگەکانیاندا چەند دڵۆپ خوێنی سەلتیەکانی تێدا مابۆوە. ئەو سەردەمە واتە سەردەمی ، قەیسەری ئیبری، [تراژان "Trajan"، هادریان "Hadrian"، ئانتۆنیۆس پیۆس "Antoninus Pius" و مارك ئاورێل "Mark Aurel"] بە سەردەمی "کاتی زێڕین" داندراون. دوای ئەو سەردەمە ئیتر هەموو بەربەند و لەمپەرەکان ڕووخاون و لێرە بەدواوە ئەو قەیسەرانە حوکمیان کردووە: سپتیموس سێروێروس "Septimius Severus" (٢١١ - ١٩٣)، لە بنەماڵەیەکی کارتاژی وڵاتی لیبی یەوە هاتبوو. ئالگێبالووس "Algebalus"(٢٢٢ - ٢١٨) خەڵکی سووریا بووە. قەیەر فیلیپ "Philip"(٢٤٩ - ٢٤٤) بە فیلیۆی عەڕەبەکان مەنشوور بووە. خەڵکانی نوێی ئەو ئیمپراتۆرییە فەرهەنگ و داب و نەریتی ئیمپراتۆرییەکەیان بە فەرمی ناسیوە، و چەندین سەدە وەدوای یاسا و خودا و زمان و خوو و خدەکانیان کەوتوون.

ئەو پرۆسەیە خۆی لە ناوچە عەڕەبییەکانیش دووپات کردەوە. لە کاتی داگیرکرانەکە کە لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەم بەڕێوەچوو، جیاوازی فەرهەنگی – کۆمەڵایەتی بەرچاو لە نێوان ئیسلامییە عەڕەبە داگیرکەرەکان و میسریی، سوریایی

---

[١٨] Alexander Yakobson, »Us and Them: Empire, Memory and Identity in Claudius ‘ Speech on Bringing Gauls into the Roman Senate«, in *On Memory: An Interdisciplinary Approach*, hrg. v. Doron Mendels (Oxford: Peter Land, 2007), S. 23-24

و ئێرانییە داگیر کراوەکاندا هەبووە. زۆربەی ئەو خەڵکە بندەستانە ئایینی ئیسلامیان بە زۆری شمشیر قەبووڵ کردوە، فێری زمانی عەرەبی بوون و فەرهەنگی هیبریان لە عەرەبەکان پێ تەزریق کراوە. داگیرکەرە عەرەبەکان بە چاوی بێ متمانەیی سەیری ناسنامە و بارودۆخی ئەو وڵاتە داگیرکراوانەیان دەکرد. بە پێی کات میسر، سوریا و ناوچەی مێزۆپتامیا لە لایەن عەرەبەکانەوە بە وڵاتی ئیسلامی ناسرا.

لە چین ئەو پرۆژەیە سەرکەوتووتر لە ئاو هاتە دەر. بە پێی ساڵیانی درێژ کۆمەڵێکی تێکەڵاو لە چەندین نەتەوە کە پێشتر وەك نەتەوەی کێوی و وەحشی سەیر دەکران، زۆر سەرکەوتووانە ئاوێتەی فەرهەنگی ئیپراتۆریی "هان" کران. (٢٠٦ پێش زایین تا ٢٢٠ی دوای زایین)

تەنانەت پرۆسەی کلۆنیالیزم لە کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانیش بە شێوازێکی هاوچەشن بەڕێوە چوو. دوای دەستپێکی سەردەمی نوێ، ئورووپاییەکان بە بەهانەی هێنانی شارستانییەت زۆربەی وڵاتانی دنیایان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. هیندی، ئەفریقایی، عەرەب، چینی و ... فێری زمانی ئینگلیزی و فەرنسایی کران. باوەڕ بە مافی مرۆڤ ,مافی سەربەخۆیی خەڵکەکان، تێیاندا پەروەردە کرا. ئیدیۆلۆژی ڕۆژئاوایی وەك لیبرالیزم، کاپیتالیزم، فێمینیزم و ناسیۆنالیزمیان لێ فێر بوون. دواتر بۆ خۆ ئازاد کردن لە کلۆنیالیزم چەندین شۆڕش دژ بە وڵاتە ڕۆژئاواییە داگیر کەرەکان بەڕێوە چوون. هەر بە هەمان شێوە کە ئێرانی، کورد، تورك و میسری کارتێکەریی کولتووری عەرەبی – ئیسلامی بەتەواوی گۆڕانی بەسەردا هێنان، بە هەمان شێوەش کولتووری ڕۆژئاوایی کارتێکەری خۆی لەسەر وڵاتانی هیند، ئەفریقا و چین دانا.

## حاکمی دادپەروەر و حاکمی دیکتاتۆر

هەوڵدانی ئەو کارە ئەرکێکی مەزنە، مێژوو بە خاوێنی و پاڕەوایی بەسەر حاکمی باش و خراپدا دابەش کەین یاخود بە گشتی هەموو حاکمان بە خراپ دانێین، چونکە زۆربەی سەرکەوتووییەکان بەهۆی ڕشتنی خوێنێکی زۆر لە لایەن نەتەوەکانەوە بەڕێوە چوون و کەم تا کورت ئەندامانی کۆمەڵگاکانیش ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بەشداریان تێدا کردووە. لە زانستگاکان و لە لایەن سیاسەتواناوە زۆر جار هەوڵ دەدرێ کولتوری شەڕخوازی مرۆڤایەتی بە دابونەریتی پێشووی مرۆڤەوە ببەستنەوە و پاوانخوازی بۆ بکەن کە ئیمپراتۆرییەکان ئەو داب و نەریتەیان تەنیا بە میرات پێگەیشتووە. لەمرۆدا ئیتر لە کولتوری پێشوو هیچ ئاسەوارێك نەماوەتەوە.

هەموو کولتوورەکان لای کەم لەسەر شانی ئیپراتۆرییەکاندا جێ و شوێنیان بۆخۆیان کردۆتەوە و نە چالاکیی زانستگاکان و نە سیاسەتوانان ناتوانن ئەو میراتە لە شانی ئیمپراتۆرییەکان جیا کەنەوە بە بێ ئەوەی لە ناوی بەرن. بۆ وێنە دەتوانین هەستی ڕق - خۆشەویستی نەتەوەی هیندی لەگەڵ ئینگلیزی ناو بەرین کە ئەمڕۆ ئەو دوو نەتەوەیە پێکەوە پەیوەند دەدا. گرتن و حاکمییەت بەسەر هیندوستان لە لایەن ئینگلیزییەکانەوە بە ڕشتنی خوێن و ئەستاندنی گیانی چەندین ملیۆن مرۆڤی هیندی تەواو بوو کە دواتر بووە هۆی کاولکاری و ڕووتاندنەوەی وڵاتەکە. ئەو مرۆڤە هیندیانەی چاوەڕوانی مافی مرۆڤ، یاسا ستانداردەکانی ڕۆژئاوایی و مافی سەربەخۆیی خەڵکانیان دەکرد، زۆر زوو هومێدیان لێ بڕا کاتی دیتیان ئینگلیزیەکان وەك خۆیان سەیریان ناکەن و وەك مرۆڤی پلە دوو لە ئەژماریان دێنن.

سەرەڕای ئەوەش هیندوستانی مودێرن ناتوانن میراتی ئینگلیزییەکان کە بۆیان بەدیاری هێنان، نادیدەی بگرن. باوەکوو حاکمییەتی کلۆنیالیزم چارەڕەشی، ئازار و کاولکاریی بۆ بەدیاری هێنان، ناتوانرێ حاشا لەوە بکرێ کە تەنیا هەڵەی ئینگلیزییەکان بووە کە لە وڵاتێکی ئاڵۆزی چەند هۆزی و چەند شاییەوە بەرەو وڵاتێکی یەکپارچە

پەرەی ساندووە. دەتوانین بڵێین کە بەو کارە هەرچەند تاوانێکی گەلێك مەزنیان بۆ داوە، بەڵام بۆتە هۆی دانانی یەکەم بەردی بناغەی ئازادی لەو وڵاتە.

بە ئەگەری زۆر ئەمڕۆ لە هیندوستان بە دەگمەن مرۆڤ هەیە کە لە دیمۆکڕاتی، زمانی ئینگلیزی، ڕێگای ئاسن و زۆر شتیتر چاوپۆشی بکا تەنیا بەو هۆیەی وەك میراتی ئیمپراتۆری سەیر دەکرێن. پرسیاری سەبارەت بە میراتی کولتوریی کارێکی ئاستەمە و لە ڕاستیدا وەڵامدانەوەی زۆر دژوارە. بە هەر چاوێکەوە سەیری هێزە جیهانییەکان بکەین، ناتوانین بە ساکاری لە بەرەی "باش" یاخود "تووڕە و شەڕخواز یا دیکتاتۆر" یان دانێین.

## ئیمپراتۆری نوێی جیهانی

له زیاتر له ٢٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستاوە زۆربەی مرۆڤی سەر ئەم هەردە لە ژێر حکوومەتی ئەم یا ئەو ئیمپراتۆریدا ناچار بە ژیان کراون. بەڵام ئەم جارەیان ئیمپراتۆریەکە بەڕاستی ناوی حکوومەتی جیهانی پێوە دیارە. ڕوانگەی ئیمپریالیستی حکوومەتکردن بەسەر مرۆڤدا کە بە پتوونی تەواوی زەوی دەگرێتەوە، بە زوویی دەتوانێ ببێتە ڕاستەقینە و بە ڕاست وەرگەڕێ.

هاوکات لەگەڵ سەدەی بیستەمدا وڵاتانی ناسیۆنالیستی مەزنترین ئیدیال و ئاواتی سیاسی مرۆڤیان پێکهێنا. لەسەر بنەمای "هێزی خەڵك"ی واتە حاکمیەتێکی سیاسی، وەك هێزی سیاسی تەواو و کامیل لە ئەژمار دەهات. هێزێکی ئەوتۆ بۆیە بوونی هەبوو چونکە نوێنەر و بەڕێوەبەری ویستەکانی خەڵکی بوو. بەوهۆیەوە وەك باشترین سیستەم و ڕێنوێنی کۆتایی، هومێدێك بوو بۆ دابینکردنی مافی هەبوونی وڵات بۆ هەموو نەتەوەکان. لێرەوە ئیتر جێ و شوێن بۆ حکوومەتکردن بەسەر جیهان خۆش کرا.

بەڵام لە سەرەتای دەستپێکی سەدەی بیست و یەکەمەوە وڵاتانی ناسیۆنالیستی بەرە بەرە لەناو چوون. زیاتر و زیاتر، مرۆڤ هاتە سەر ئەو باوەڕە کە هێزی سیاسی نەك لە لایەن خەڵکەکان بەڵکوو بەهۆی مافی مرۆڤی جیهانییەوە بڕیار دەدرێ کە مافی سیاسی هەموو مرۆڤی سەر ئەم هەردە دەگرێتەوە. کاتێ بۆ وێنە سوئێد، ئیندونێزی و نیجیریا مافی مرۆڤی وەك یەکتریان هەبێ، ئایا ساکارتر نییە کە حکوومەتێکی سەربەخۆی تەنیا ئەو مافەیان بپارێزێ؟ یاخود بۆ دەبێ ٢٠٠ وڵاتی سەربەخۆ لە ڕوانگەی ماڵیەوە لە لایەن ٢٠٠ حکوومەتەوە بەخێو بکرێن؟

کێشەکانی نوێی جیهانی وەك گۆڕان بەسەرداهاتنی کەش و هەوا، گەورەبوونەوەی چاڵی ئۆزۆن، پیس کردنی ئاتموسفێر، لەناوبردنی کانییە سرووشتییەکان و ... کە هەموو مرۆڤی ئەم هەردە دەگرێتەوە، پەیتا پەیتا دەبنە هۆی پتەو بوونەوەی کۆمەڵێکی گشتی و هەڵوەشاندنەوەی وڵاتە ناسیۆنالیستەکان. هیچکام لەو وڵاتانە لەو بارودۆخەدا نین کە بتوانن بە تەنیایی چارە بۆ ئەو کێشانە بدۆزنەوە. بەو هۆیانەوە ڕەنگە

حکوومەتێکی بەهێزی جیهانی زۆر سەرکەوتووتر بێ و بتوانی ڕێگاچارەی باشتر و گورجتر بۆ کێشە جیهانییەکان بدۆزێتەوە.

به پێی بۆچوونی کۆنی چینیەکان ئاسمان ئەو ئەرکەی بە حاکمان داوە کە کێشەی مرۆڤایەتی چارەسەر بکەن. بەڵام لەمڕۆدا ئەو ئەرکە ئاسمانییە پێمان دەڵێ کە دەبێ چاڵی ئۆزۆنی ئاسمان بگیرێ و پێش بە تێکەڵاوبوونی گازە زیانبارەکان لەگەڵ ئەو هەوایەی هەناسەی پێ هەڵدەکێشین بگیرترێ. لێرەدا جێی باوەڕە کە پەرچەمی هەڵگیراوی ئیمپراتۆری جیهانی بەرەو سەرکەوتوویی بڕوا.

ئەمڕۆ زیاتر لە ٢٠٠ وڵاتی سەربەخۆ بوونیان هەیە، بەڵام هیچکام لەو وڵاتانە ناتوانن بە تەنیا کاروباری ئابووری و سیاسی خۆیان بە بێ چاوەدێری دنیای دەرەوەیان بەڕێوە بەرن. وڵاتەکان بوونەتە تۆپی یاری کۆنسێرتە مەزنەکانی ئابووری جیهانی. کاروباری سیاسی ناوخۆیان، هەروەها ماڤی مرۆڤ لە لایەن هەموو جیهانەوە چاوەدێری دەکرێ و ناتوانن بە تەنیا بڕیاربۆ شەڕ بدەن یاخود بە دزیەوە کارتێکەری ڕاستەوخۆ لەسەر خەڵکەکانیان و جیرانەکانیان دابنێن. جیهان لە لایەن هێزی جیهانی کاپیتالیزم، هێزی کار و سێڵاوی زانیارییەوە شکڵ دەگرێ کە خۆی لە سنووری ناسیۆنالیزم و بۆچوون و سیستەمەکانیتر تێپەڕدەکا.

ئیمریالیستی جیهانی کە ئەمڕۆ لەبەر چاوی ئێمە پێك دێ، ناکرێ لە لایەن وڵاتێك یا نەتەوەیەکی تایبەتەوە پێشی پێ بگیرێ. هەر وەك ئیمپراتۆرییەکانیتر ئەم چەشناشیان هەوڵی پێکهێنانی کولتوور، فەرهەنگ، زمان و تێگەیشتنێکی گلۆبال و جیهانی وەك یەك دەدا. زیاتر و زیاتر کارخانەکان، ئەندازیارەکان، پسپۆرەکان، زانیارەکان، دادپەروەرەکان و بەڕێوەبەرانی کاریی کۆمەڵگاکانی هەموو جیهان ئەو ئەرکەیەن بۆ دیاری کراوە کە خۆیان بەو ئیمپراتۆرییە نوێیە جیهانییەوە هەڵواسن. ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە بەرپرسانی کۆمەڵگاکان بڕیارە بدەن کە ئایا سەری بۆ دانەوێنن یا لەگەڵ خەڵك و وڵاتەکەیان وەفادار بمێنن. بەڵام وێدەچێ زۆربەیان خۆیان بۆ پێوەنووسان بەو ئێمراتۆرییە جیهانییەوە ئامادە کردبێ.

## یاسای ئایین

لە بازاڕی سەدەی ناوەڕاستی سەمەرقەند وەك شارێكی كانزایی و شینایی ناو بیاوانی ناوەندی ئاسیا، بازرگانەكانی سوریایی چلۆنایەتی كوالیتەی هاوریشمی چینییان تاقی دەكردەوە، شەڕكەری ئاكاركێوی كۆیلەی قژكاڵیان لەو بازاڕە دەفرۆشت و دەلاڵەكان سككەی زێڕینی سەیرو سەمەڕەیان سەودا دەكرد. لەو شارە دا و لە ڕێگای بازرگانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا، باكوور و باشوور، یەكیەتی و پێكەوە ژیانی مرۆڤ كارێكی ئاسایی بوو. هەر وەك لەشكەری كوبلا خان "Kublai Khan" كە لە ساڵی ١٢٨١ خۆی بۆ هێرشكردن بۆ سەر ژاپۆن ئامادە دەكرد. سەرباز و شەڕكەری مەغوولی كە خۆیان بە بەرگی پێست و چەرم داپۆشیبوو لەناو لەشكری چینی دا پاڵەوپەستۆیان دەكرد، لەگەڵ دەریانەوەردانی ئیندۆنێزی كە زۆربەی ئەندامی جەستەیان خاڵكووبی كردبوو پێكەوە هەر وەك خەڵكە ئاسیاییەكانیتر كە خەونی گرتنی ئورووپایان لەسەردا پەروەردە ببوو، هەر هەموویان لەژێر فەرمانی قەیسەرێك دا كۆ ببوونەوە.

هاوكات لە ڕۆژئاوای نیوچە دوڕگەكانی عەڕەبستان خەڵكی بە هۆیەكیتر لەدەوری یەكتر كۆ ببوونەوە. ئەو خەڵكانە بۆ خۆكردن بە حاجی لە ساڵی ١٣٠٠ سەفەریان بۆ مەككە دەكرد كە زۆربەی نەتەوەكانی دەوروبەری ناوچەی مێزۆپێتامیا، و ناوچەكانی دوور و نیزیكی ئاسیا و ئەفریقایان تێدا دەبینرا، بە چەندین زمانی جۆراوجۆر ئاخافتنیان دەكرد، هەڵگری كولتووری جیاواز لەیەكتر بوون و سەرەڕای ئەوانەش هەموویان لەژێر چەترێكی ئایینیدا كۆكرابوونەوە.

لەمڕۆدا ئایین وەك سەرچاوەی بێبەشبوون، شەڕ، كێشە و ڕق و كینە سەیر دەكرێ. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئایین بەردەوام وەك سێهەم هێزی گەورە بۆ یەكیەتیی و كۆكردنەوەی مرۆڤ لەژێر میچێكی هاوبەش چالاك بووە. بەو هۆیەی هەموو ڕێكوپێكیەكانی كۆمەڵگاكان لە لایەن مرۆڤەوە دۆزراونەتەوە، درزتێكەوتنیان گونجاوە و ئەوەندەی كۆمەڵگاكە گەورەتر بێ بەو ڕادەیەش مەترسیی درزتێكەوتنی زیاتر دەبێتەوە. بۆ بەفەرمیكردنی ئەو چەشن درزتێكەوتنانەی ناو كۆمەڵگا ئایین ئەركێكی

سەرەکی پێدراوە، ئەویش لکاندنیان بە بوونەوەرێکی سەرووی مرۆڤ، واتە خودایە. ئایینەکان بە گشتی لەسەر ئەو بۆچوونەن کە یاساکانی کۆمەڵگا نەك بەهۆی مرۆڤەوە بەڵکوو لە لایەن هێزێکی ئاسمانییەوە دانراون. بەهۆی ئەو بۆچوونەوە پرەنسیپێکی گشتی پێکهاتووە کە یاساکان ناکەونە ژێر گومان و ڕەخنەوە و دەبێتە هۆی پێکهێنانای کۆمەڵگایەکی تا ڕادەیەك ڕاوەستاو، مەحکەم و نەگۆڕ.

کەوابوو ئایین خۆی وەك سیستەمیکی یاسایی بەکەڵك بۆ مرۆڤ دادەنێ کە خۆیان بە ڕێکوپێکیەکی سەرووی مرۆڤ واتە خوداوە هەڵواسیوە. ئەو وێناکردنە خۆی بەسەر دوو بۆچووندا دابەش دەکا:

1. ئایینەکان باوەڕیان بە هێزێکی سەرووی خۆیان هەیە کە بۆتە هۆی پێکهێنانی ڕێکوپیکی لە کۆمەڵگادا و مرۆڤ خۆی دەستی لەو کارەدا نییە و ئیزنی تێکدانیشی لێ زەوت کراوە. بۆ وێنە یاری تۆپی پێ، ئایین نییە چونکە سەرەڕای هەبوونی یاسا و سیستەمێکی هاوبەشی جیهانی، دەکرێ یاساکان لە لایەن FIFA"فیفا" وە هەڵوەشێندرێتەوە و یاسای تری لە جێ داندرێ.
2. چونکە هۆی سەرەکی ئەو ڕێکوپێکییەی لە لایەن هێزی سەرووی مرۆڤەوە پێکهێنراوە، یاسا و سیستەمێکە لە لایەن ئایینیەکانەوە دادەنرێ کە لە ڕوانگەی خۆیانەوە پەیوەندایەتی لەگەڵ هێزەکە هەیە و دەست تێوەردانی نامومکین دەکا.

لە شێوەی ئاسایی خۆیدا ئایین دەبێ خزمەت بە بەفەرمیکردنی ڕێکوپێکیی کۆمەڵایەتی و سیاسی بدا، بەڵام هەموو ئایینەکان کەڵکیان لەو هەلە وەرنەگرت. بۆ دامەزرانی یەکیەتی لەناو ناوچەیەکدا کە نەتەوەی هەمەڕەنگی تێدا دەژی، دەبێ ئایین بە دوو تایبەتمەندی تەیار کرابێ: یەکەم دەبێ ئیدعا یاخود بانگەشەی ئەوە بکرێ، ڕێکوپێکییەکی وەك یەك بۆ هەموو مرۆڤێك پێك بێنێ کە هەمیشە و لە هەر وشوێنێك و بۆ هوموو کەس ڕاست و وەك یەك بێ. دووهەم دەبێ لەسەر ئەو کارە سوور بێ، باوەڕەکە لە هەموو مرۆڤەکان دا پەروەردە بکا. بەو مانایە کە ئایینەکە دەبێ جیهانی و بۆ هەموو کەس بێ و چالاکی لە پانتایەکی بەربڵاودا هەبێ.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

مەزنترین ئایینە مێژووییەکانی جیهان بۆ وێنە ئایینی ئیسلام، مەسیحی و بوودایی هەوڵی بە جیهانی بوونی خۆیان دەدەن و باوەڕیان بە ڕاستەقینەبوونی خۆیان هەیە. لە ڕاستیدا ئایینەکان لە ڕابردوودا تەنیا لە ناوچەی دیاریکراوی خۆیاندا و لە چەند گرووپ و دەستەی تایبەت پێکهاتبوون. "ئایین"یش هەر وەك "ئیمپراتۆری" و "پارە" بوونەتە هۆی یەکگرتوویی مرۆڤ لەسەر ئەم هەردە.

## بێ دەنگیی و بێ دەستەڵاتی ئاژەڵی دەستەمۆکراو

بەپێی زانیاریی ئەمڕۆی ئێمە، ڕاوکەر و کۆکەر ئانیمیست بوون. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە لەسەر دنیا نەتەنیا مرۆڤ هەن بەڵکوو چەندین چەشن ژیانیتر بوونیان هەیە کە هەرکام لەوان کەسایەتی شەخسی، پێداویستی و ئارەزووی تایبەت بە خۆیان هەیە. هەر بەو هۆیەش دەبوو بەها و ئەرزشی مرۆڤ، نیشاندەری سەرنجڕاکێشیی ژیانەکانیتر بن. بۆ وێنە گرووپێکی سەردەمی زوو، لەسەر باوەڕی ئەو سەردەمە یاسایەکیان دانابوو، لە خزم و کەسی خۆیان قەدەغە کردبوو نەکا دارێکی تایبەتی هەنجیر ببڕنەوە، بۆ ئەوەی ڕۆحی دارەکە نەڕەنجێنن و تووڕەی نەکەن. گرووپێکیتر یاسایەکیان دانابوو کە لە ڕاوە ڕێویدا ئەگەر کلکی ڕێویەکە سپی بایە ئیزنی ڕاوکردنیان نەبوو، چونکە دەبێ جارێکیان ڕێوییەك بە کلکی سپییەوە چووبێتە خەونی ژنێکی پیری گرووپەکە و ڕێنوێنی کردبوو لە جێگایەکی تایبەت دەتوانن شتی پڕبەها بدۆزنەوە.

وێناکردنی ئەو چەشن یاسا و ئایینانە تەنیا لە چوارچێوەی ژیانی گرووپەکەدا بەرتەسك کرابۆوە و پەیوەندیی بە تایبەتمەندییەکانی ناوچەی ژیانیان، وەرزی ساڵ و پێکهاتە سرووشتیەکانەوە هەبووە. زۆربەی مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەر هەموو ژیانیان تەنیا لە چەند کیلۆمیتری چوارگۆشە دا تێپەڕ دەکرد. بۆ درێژەدان بە ژیانیان، دەبوو ئەندامانی گرووپەکە زانیاری و ڕێکوپێکییەکی بەرز بدۆزنەوە و هەڵس و کەوتی خۆیانی پێ دیاری بکەن. دیارە کارێکی سەرشێتانە دەبوو ئەگەر بە زۆری گرووپێکی جیرانیان ناچار بکردایە لەسەر شێوە و چەشنی ژیان و یاسای خۆیان، هەڵس کەوتیان بکردایە. بە گشتی بڵێین: مرۆڤی سەرەتایی ئەو سەردەمە هیچ خۆیان بەوەوە ماندوو نەکردووە فێری جیرانەکەیان بکەن ڕێوی کلك سپی ڕاو نەکەن.

شۆڕشی کەشاوەرزی و وەرزێری بە ڕاشکاوی هاوتەریب و دەست لە دەستی شۆڕشی ئایینیدا هەنگاوی هەڵگرتووە. مرۆڤی ئاکار کێوی ئاژەڵی دڕەندەی سرووشتییان ڕاو کردووە و گژ و گیای وەحشییان کۆکردۆتەوە کە بە هەمان ڕادە بۆ

درێژەپێدانی ژیانی مرۆڤی هۆمۆساپیەن گرنگ بووە. ئەوان مەڕیشیان ڕاو کردووە، بەڵام هیچکات بە چاوی ئاژەڵی بێ قیمەت سەیریان نەکردوون، بە هەمان شێوە کە خۆیان پێ بێقیمەتتر لە شێر و پڵینگ و یا هەر ئاژەڵێکیتریش کە مرۆڤیان ڕاوکردووە، دانەناوە. بوونەوەران ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتردا لە پەیوەندیدا بوون، سەریان بۆ ئەو یاسایانە دانەواندووە کە لە ژینگە و سرووشتی ژیانی هاوبەشیاندا بوونی بووە. بە پێچەوانەی ژیانی سرووشتیی ئاژەڵ، مرۆڤ یاخود وەرزێڕی ئەو سەردەمە پێویستی بە ڕاگرتنی ئاژەڵ و گیا و دار بووە بۆئەوەی بتوانی مانیپولیرەیان بکات یاخود گۆڕان بەسەر پرۆسەی سرووشتی ژیانیان دا بێنێ. لە ڕەوەندی شۆڕشی ئابووری و وەرزێریدا ئاژەڵە ڕامکراوەکان وەك ماڵ و دارایی بێدەنگ و بێ دەستەڵاتی مرۆڤیان لێهات.

بەڵام هەر ئەو کارە بووە هۆی پێکهێنانی کێشەی نوێ. سرووشتیە هەر وەرزێڕیك ئارەزووی ئەوە بۆ کە گاڕانی مەڕەکانی لەژێر کۆنترۆڵی خۆی بگرێ. بەڵام دەشیزانی ئەوە کارێکی نامومکینە. دیارە ئەو دەیتوانی گاڕانەکە لە جێیەکی دیاریکراودا ڕابگرێ، تاقمێك لە مەڕەکان بۆ زاوزێ و منداڵ خستنەوە هەڵبژێرێ، و ئەوانیتریش یەختە بکا، بەڵام ئەو هیچ کارتێکەرییەکی لەسەر ئەوە نەبوو کە مەڕەکە بەرخێکی سالم بێنێتە سەر دنیا و سڵامەتی گاڕانەکە گارانتی بکا.

لە گەڕان بەدوای چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا بە پێی کات زیاتر و زیاتر خۆیان بە خودا چێکراوەکان و دروستکراوی دەستی خۆیان هەڵواسی. لە بێدەنگی ئاژەڵ و گیا و دارەکاندا خودا چێکراوەکانی دەستی مرۆڤ کونترۆڵی نێوان مرۆڤ و ئەو بوونەوەرانەیان وەئەستۆی خۆیان گرت. ئایینە کەوەنەکان هیچ شتێك زیاتر لە پەیماننامەیەکی نێوان مرۆڤ و خوداکان نەبوو، کە هەر هەموویان لەسەر فانتازیای مرۆڤ بونیات نرابوون. بۆ وێنە لە سەردەمی زۆر زووی شۆڕشی ئابووریدا مرۆڤ ئاژەڵ، شەڕاب و نانی بۆ خوداکان قوربانی کردووە بۆئەوەی بەرهەمی ساڵانەی پڕبەرەکەت و گاڕانی ساغ و سالمی لە لایەن خوداکانەوە بۆ گارانتی بکرێ.

تا ئەو جێگایەی ژمارەی مرۆڤەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراوی چەند کیلۆمتری تێپەڕ نەبایە، خودای چێکراو بۆ وەدیهێنانی ئارەزووەکانیان ڕازی ڕادەگرتن. بەڵام بە دروستبوونی ئیمپراتۆرییەکان و گەورەبوونەوەی تۆڕی بازرگانی، مرۆڤ ناچار دەکرا بیر لە هێز و فانتازیایەکی مەزنتر بکاتەوە کە خۆی لە ئاسمانەکان تێپەڕ کردایە.

بۆ گەیشتن و ڕازیڕاگرتنی ئەو ئارەزوو و پێداویستیانەی، ئایینی خوداییان دۆزیەوە. ئەو ئایینانە لەسەر ئەو باوەڕە بوون، دنیا لە لایەن خوداکانەوە دروست کراون، بۆ وێنە خودای پڕ بار و بەرهەمهێنەر، خودای باران، خودای شەڕ، خودای جوانی و ... . ئەو خودایانە دەیانتوانی بە یارمەتی مرۆڤەوە بێن، بەو مەرجەی قوربانیان بۆ بدرێ. بە دۆزینەوەی خودای ئایینی، ئایینی ئانیمیستی زۆر زوو لەناو نەچوو. دێو و درینج، پەری و فریشتە، ڕۆحەکان، بەرد و داری پیرۆز، هێشتا هەر لە ناو مێشکی مرۆڤەکاندا مابوونەوە و ژیانی ڕۆژانەیان بەوانەوە بەسترابۆوە. هاوکات لەگەڵ قوربانیکردنی چەندین مەڕ و مانگای قەڵەو لە لایەن شای وڵاتەکەوە بۆ خودای شەڕ، کە دەبوو ببێتە هۆی ئەوەی بەسەر دوژمنەکانیدا سەرکەوتوو بێ، وەرزێڕێکی ئاسایی لە ماڵەکەیدا مۆمێکی دادەگیرساند بەو هیوایەی بە دۆعاکردن، کوڕە نەخۆشەکەی ساغ کاتەوە.

دۆعاکان و قوربانیدانەکانمان، گوناه و ئاکاری باشمان، کارتێکەری ڕاستەوخۆیان لەسەر چارەنووسی ژیانی مرۆڤ، ژیانی بوونەوەرانیتر و سیستەمی سرووشتی و ژینگە دانا. تەنیا بەو هۆیەی تاقمێك مرۆڤ ئاکاری خراپیان لەخۆیان نیشان دەدا و بەو کارەیان خوداکانیان تووڕە دەکرد، ڕووداوە سرووشتیەکان وەك بۆمەلەرزە یا سێلاوێکی ماڵوێرانکەر ملیاردان مێلوورە، کیسەڵ، سەگ و پشیلە و مرۆڤیان دەکردە قوربانی خۆیان. ئەو چەشن بیرکردنەوە نەك هەر خودای ئایینەکانی ماقووڵتر کرد و بەرەو ئاسمانی بەرزکردنەوە، بەڵکوو مرۆڤ خۆشی پێ ماقووڵتر لە ئاژەڵەکانیتر بار هێنا و بەتەواوی بیری ئانیمیستی لەبیر چۆوە.

## سەردانەواندن بۆ بوت و خوداکان چ سوودێکی هەیە

دوای تێپەڕبوونی چەند هەزار ساڵ شوشتنەوەی مێشکی مرۆڤ لە لایەن ئایینە جۆراوجۆرەکان کە هەر هەموویان لە لایەن خودی مرۆڤەوە دۆزراونەتەوە، بۆ زۆربەی مرۆڤی مودێرنی ئەمڕۆیی و بە تایبەت ناوچە ڕۆژئاواییەکان ئەو دیاردەیە شتێك زیاتر لە خوڕافات نییە. بۆ تێگەییشتن لە لۆژیکی دەروونی ئایینی دەبێ لە لۆژیکی ڕاوەستاو لە پشت بوت و خودا چێکراوەکان لە لایەن مرۆڤەوە حاڵی بین. پەرەستینی چەند خودایی ئەو بۆچوونە ڕەد ناکاتەوە کە تەنیا یەك یاسا یاخود یەك هێز لە پشت تەواوی ئونیوێزام ڕاوەستاوە. بە پێچەوانە زۆربەی پەرستینی چەند خودایی و تەنانەت ئایینە ئانیمیستەکانیش دان بەوە دادەنێن کە لە پشت زۆربەی خوداکان، دێو و درنجەکان و بەرد و دارە پیرۆزەکان، هێزێکی مەزن ڕاوەستاوە. لە پەرەستنی چەند خودایی کلاسیکی یۆنانی کەوەندا زئۆس "Zeus"، هرا "Hera"، ئاپۆلۆ "Apollo" و خودا هاوکارەکانیتریان سەرەڕای ئەوەیکە وەك هێزێکی بە توانا باسیان لێوە کراوە، بە پێی کات هەموویان لە ناو چوون. هەروەها خوداکانی پانتئۆنی گێرمانیش چارەنووسێکی هاوچەشنی خودا یۆنانییەکانیان تووش هات و هەموویان توونا کران. پەرەستشی چەند ئایینی ڕۆژئاوای ئەفریقا وەك یۆربا "Yoruba" و ئۆلۆدومارە "Olodumare" و ... جیا لە فانتازیای تاقمێك مرۆڤ هیچ ئاسەوارێکیان لێ بەجێ نەماوەتەوە. لە هیندوستانیش هەزاران خودا، ڕۆح، جڕ و جانەوەر، مرۆڤ و ... بیر و مێشکی خەڵکانی ئەو ناوچانەیان بەخۆوە خەریك کردووە.

زۆربەی ئایینە چەند خوداییەکان پرەنسیپێکی بنەڕەتی و سەرەکیی هاوچەشنیان هەیە کە لە ئایینی تەك خودای جیاوازیان دەکات. لەواندا مەزنترین هێزی ئونیوێرزام هیچ خۆشەویستییەکی بۆ مرۆڤ و بوونەوەران نییە و هیچ تامەزرۆییەك بۆ ئارەزووەکان، ئازار و خەمەکان و هەروەها کاتی تەنگانە یان لە خویان نیشان نادەن. لەوێدا هیچ مانایەکی نییە داوا لەو هێزانە بکرێ بۆ سەرکەوتوویی لە شەڕ، وەرگرتنی سلامەتی یا بارینی باران یارمەتیدەریان بێ. هیچ بۆیان گرنگ نەبووە شای وڵاتێك لە شەڕدا سەرکەوتوو دەبێ یا نا، مرۆڤ یا ئاژەڵێك نەخۆشە، ساغ دەبێتەوە یا دەمرێ، یاخود

ئیمپراتۆرییەك بەربڵاو دەبێتەوە یا لێك هەڵدەوەشێتەوە. بەو هۆیانە یۆنانییەکان هیچ خۆیان پێوە ماندوو نەدەکرد یاخود بە پێویستیان نەدەزانی بۆ خوداکانیان قوربانی بدەن. هیندییەکانیش هیچ تامەزرۆییەکیان بۆ دروستکردنی پەرستگە بۆ ئاتمن "Atman" لە خۆیان نیشان نەداوە.

بۆ سەلماندنی هێزێکی تەواو و کامیل تەنیا ئەو کارە ژیرە پێویست بووە، مرۆڤ زەفەر بەسەر هەموو نیازە دنیاییەکانیدا بەرێ و ڕاستییەکانی ژیانی بەو شێوەیەی کە هەن بسەلمێنێ، وەك : لەمپەرەکان، شکەستەکان، هەژاریی، نەخۆشی و مردن. تاقمێك لە مرۆڤی هیندی بە ناوی سدهوس "Sadhus" یا سانجیاسین "Sannyasins" ژیانی خۆیان بە ڕۆحی جیهانییەوە بەستۆتەوە و چاوەڕوانی ڕۆشناییان لێ کردووە. مەبەستیان لەو کارە دیتنی دنیا لە ڕوانگە و لە چاوی ئاتمن "Atman"ەوەیە و لەو ڕێگایەوە ترسەکانیان و لۆژیکی ژیانیان پێ ڕوون کردۆتەوە.

زۆربەی مرۆڤی هیندی سەر بە سدهوس "Sadhus" نین و هەتا بنەقاقەیان لە بڵقاو و زەلکاوی تەنگانەی ژیانیاندا گیریان کردووە و لەو بارودۆخەدا ئاتمن "Atman" بە فریایان نەهاتووە و نایە. بۆ ئەوەی خۆیان لەو بارودۆخە دژوارە ڕەها کەن، خۆ بە خوداکانەوە هەڵدەواسن. بەو هۆیەی خوداکانی وەك گانشا "Ganesha"، لاکشمی "Lakshmi" یا ساراسواتی "Saraswati" هێزەکەیان تەواو نییە و خۆیان بە کاریترەوە خەریك کردووە، ناتوانن بە فریایان بگەن. ئەو پێ ڕانەگەییشتنە دەبێتە هۆی ئەوەیکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوداکان لە لایەن مرۆڤەوە قوربانیان بۆ بدرێ.

تەواو ئەو کارە ناسینی بڕیاردەرە بۆ پەرستنی چەند خودایی: مەزنترین هێزەکانی ئونیوێرزام هیچ خۆشەویستییەکی بۆ مرۆڤ و بوونەوەران نییە و هیچ تامەزرۆییەك بۆ ئارەزووەکان، خەم و ئازارەکان و هەروەها کاتی تەنگانە ی مرۆڤ لە خوی نیشان نادا و خۆی بە کێشەکانیانەوە خەریك ناکا.

خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەو چەشن ناسینە لە ئایینەکەدا بۆ مرۆڤ تولەرانس پێك دێنێ. چونکە مرۆڤی باوەڕداری چەند خودایی لە لایەکەوە باوەڕی بە هێزێکی مەزنی تەواو و کامیل هەیە و لە لایەکیتریشەوە متمانە بە چەندین خودای بچووکتر دەکات، بۆیان زۆر دژوار نابێ بێنە سەر ئەو باوەڕە کە لە پەنا خودا مەزنەکەیاندا

چەندین خودایتریش دابنێن. هەر بەو هۆیانەوە مرۆڤی باوەڕپیکەری چەند خودایی لە هەنبەر ئایینەکانیتر و مرۆڤی بێ باوەڕ لە خۆیان زیاتر تولورانس نیشان دەدەن.

تەنانەت ئەو کاتەی کۆمەڵی باوەڕداری چەند خودایی ناوچە بێگانەکانیان داگیر کردووە، هەوڵیان نەداوە بە زۆریی خەڵکەکە بێننە سەر ئایینی خۆیان و ناچار بە سەردانەواندن لەبەر خوداکانیان بکەن. میسری، ڕۆمیی و ئازتکەکان تەبلیغچیانی خۆیان بۆ ناوچە داگیرکراوەکانیان نەناردووە کە فەرهەنگ و داب و نەریتی ئزیریس "Osiris"، مشتری "Jupiter" یا هویتزیلوپوچتیلی "Huitzilopochtli"(خوای مەزنی ئازتکەکان)یان بە خەڵکی پێ بناسێنن. دیارە خەڵکانی ژێر فەرمانڕەواییەکانیان دەبوو لای کەم ڕێز بۆ داب و نەریت و ئایینی حکومڕانانیان دابنێن بەڵام هیچکات ناچار بە سەلماندنی ئەوان نەدەکران و لە ئازادیدا دەیانتوانی ئایین و خوداکانی خۆیان بپارێزن و ستایشیان بکەن.

ئەو خودایەی، ڕۆمییەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ نەیانتوانیوە بیسەلمێنن، خودای مەسیحیەکان بووە. سەرەڕای ئەوەش ڕۆمییەکان هیچکات لە مەسیحییەکانیان نەویستووە چاوپۆشی لە ئایینەکەی خۆیان بکەن. تەنیا چاوەڕوانیان ئەوە بووە کە مەسیحیەکان ڕێز بۆ خودای ڕۆمیەکان دابنێن و بە چاوی سووك سەیریان نەکەن. تەنیا ئەوکاتەی تاقمێك لە گرووپە مەسیحیە فناتیکەکان نەیانویستوە ڕێز بۆ خودای ڕۆمیەکان دابنێن، لە لایەن ئیمپراتۆری ڕۆم بە هۆی ڕقەبەرایەتی سیاسیەوە لەژێر گوشار داندراون. ئەو ڕقەبەرایەتییە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ کێشە و شەڕی نێوان خودی مەسیحیەکان لە سەدەی ١٦ و ١٧ەدا کە زیاتر لە میلیۆنان کەسی قوربانی دا و تەواوی وڵاتانی ئورووپای گرتەوە، کارەساتێکی گەلێك بچکوولانە بووە.

## یەکتا پەرەستی (تەك خودایی)

فرە خوداییەکان یاخود ئەوانەی شەریك بۆ خودا دادەنێن، بەو بۆچوونە گەییبوون کە خودا سەرەکییەکەی ئونیوێزام بە دەرد و مەرگیان ڕاناگا. بە پێی کات تاقمیك لەو لایەنگرانە هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە خودا سەرەکیەکەش دەەتوانێ بە هانای کێشە و دەردو ڕەنجیانەوە بێت. ئەو خودایە، یارمەتی بە تاقەمێك دەکرد و کەسانیکیشی سزا دەدا. برێك لە هەڵس و کەوتەکانی مرۆڤ بە کەیفێ بوو و لەسەر چەند لە هەڵس و کەوتەکانیتریان خۆی تووڕە دەکرد. چەند ناوچەیەکی بە پیرۆز ناساندبوو و لە چەند جێگایەکیش ناڕازی بوونی لە خۆ نیشان دەدا. بەو شێوەیە ئایینی یەکتاپەرەستی پێك هاتن وەك خودای یۆنانییەکان، مۆنۆ "mono" لە زمانی یۆنانیدا بە مانای تەك و تێۆز "theos" بە مانای خودایە. باوەڕداران چاوەڕوانی یارمەتیان لە خودا مەزنەکەی ئونیوێرزام دەکرد لە نەخۆشیەکان ڕزگاریان بکات و لە شەڕەکاندا یارمەتیدەریان بێ.

یەکەم ئیدەی یەکتا پەرستنی لە ساڵی ١٣٥٠ ی پێش زایین هاتە سەر سەکۆی ژیانی مرۆڤ کاتی فەرعونی میسری ئیشناتۆن "Echnaton" خودای یۆنانیەکانی بە مەزنترین خودای ئاسمان و زەوی و ئونیوێرزام بە مرۆڤ ناساند. ئیشناتۆن ئەو کولتوورە یۆنانیەی کرد بە ئایینی سەرەکی وڵاتەکەی و هەوڵی دا فەرهەنگ و دابونەریتی خودا پێشوەکانی وڵاتەکەی توونا بکات. شۆڕشە ئایینیەکەی لە بنەڕەتەوە هەرەسی هێنا: دوای مردنی ئیشناتۆن کولتووری یۆنانی لە لایەن چەند خوداییەکانەوە لە گۆڕ نرا.

زۆربەی باوەڕە تەك خودایەکانیتر هەوڵی ناساندنی خوداکەیان دەدا بەڵام هەر هەموویان کارتێکەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر مرۆڤی ئەو سەردەمە دانەدەنا کە چاوپۆشی لە باوەڕی فرە خودایی بکەن. بۆ وێنە یەهوودیەکان خودا و ئایینی یەکتا پەرەستیان بە مەزنترین ئەرکی مرۆڤ دادەنا، کەچی ئەو باوەڕەش تەنیا لەناو نەتەوەی ئیسرائیلیدا مایەوە و کارتێکەرییەکی ئەوتۆی لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگاکانی دەوروبەری دانەنا.

سەرکەوتوویی تەك خودایی لەگەڵ ئایینی مەسیحی پێکهات. ئەو ئایینە وەك فیرقەیەکی نەهێنی یەهوودی هەوڵیان دەدا لایەنگرانی یەهوودی بێننە سەر ئەو باوەڕە کە پێغەمبەرەکەیان مەسیح وەك ڕزگارکەری هەموو مرۆڤی سەر ئەم هەردە لە لایەن خوداوە ناردراوە. یەك لە سەرکردەکانی فیرقەکە بە ناوی پاولۆس تارسوس "PaulusTarsus" ڕوونی کردەوە، کاتێ هێزی مەزنی ئونیوێرزام ئەو ڕەنجەی کێشاوە لە لەشی مرۆڤدا خۆی نیشان بدا و بۆ ڕزگاری مرۆڤ خۆی لە خاچ بدا، ئەوە کارێکە کە پەیوەندی بە هەموو مرۆڤێکەوە هەیە و نەك تەنیا بە یەهوودیەکانەوە. بەو هۆیە بەڵێنیان دا کە ئایینی مەسیحی لە هەموو گۆشەیەکی ئەم جیهانە پەرە پێ بدەن.

گوتەکانی پاولۆس کەوتبوونە سەر زەوییەکی پڕ بیت و بەرەکەت چونکە مرۆڤ لەو سەردەمەدا بە تامەزرۆییەوە بەدوای خودایەکی بەهێز دا دەگەڕا کە خۆی بە هەموو مرۆڤی جیهانەوە خەریك بکا. مەسیحیەکان ئەو ئەرکەیان کردە ئەرکێك بۆ مرۆڤی هەموو جیهان و قوڵی خۆیان لێ هەڵکرد. لە مێژووی جیهاندا بۆ یەکەم جار فیرقەیەکی بچووکی یەهوودی توانی خۆی بەسەر زلهێزی جیهانی واتە ئیمپراتۆری ڕۆمییەکاندا وەك ئایینی فەرمی هەڵواسێ.

سەرکەوتوویی مەسیحیەکان بووە نموونەیەکی تەواو عەیار بۆ ئایینی تەك پەرەستی داهاتوو کە لە سەدەی حەوتەمدا لە نیمچەدورگەی عەرەبی سەری هەڵدا، واتە ئایینی ئیسلام. هەر وەك ئایینی مەسیحی، ئایینی ئیسلامیش وەك فیرقەیەکی بچووك لە گۆشەیەکی دووری ئەم جیهانە سەری هەڵدا و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا زۆربەی جیهانی داگرت. لەو سەردەمەوە ئایینە ئیبراهمییەکان واتە ئایینی یەهوودی، مەسیحی و ئیسلام دەستیان بەسەر زۆربەی کۆمەڵگاکانی ئەم جیهانەدا گرتووە و چۆنیەتیی ژیانیان بۆ دیاری دەکەن.

لە ڕاستیدا ئایینی تەك خودایی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئایینی چەند خودایی، فناتیکتر و بەرتەسکتر بیر دەکەنەوە. ئەگەر ئایینێك خۆڕاگریی و تولەرانسی لەهەنبەر ئایینێکیتری پەنای خۆی نیشان دابایە، ئەوە بەو مانایە بوو کە خوداکەیان بەهێزترین خودای ئونیوێرزام نییە، یاخود خوداکانیتر تەنیا بەشێك لە هێزی دنیایان بەدەستەوەیە. بەو هۆیەی ئایینە تەك خوداییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە هێزی ڕاستەقینە هی خودایە، ناچار بە ڕەدکردنەوە و ڕاوەنانی ئایینەکانیتر کراون. بە پێی کات و لە دوو هەزار ساڵی ڕابردووەوە ئایینە ئیبراهمیەکان بۆ لەناوبردن و تووناکردنی باوەڕەکانیتر لە هیچ

چەشن چالاکیی، کارەسات و شەڕ و تووڕەییەك چاوپۆشییان نەکردووە و لە کارەکەشیاندا زۆر سەرکەوتوو بوون.

لە سەرەتای یەکەم سەدەی زایینی هیچ باوەڕێکی تەك خودایی هێزی نەگرتبوو. ساڵی ٥٠٠ی زایینی بەهۆی پشتیوانیی ئیمپراتۆریی ڕۆم خاچی کلیسا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان هەڵواسرا. لە ساڵی هەزار بەولاوە زۆربەی مرۆڤی ئورووپا، ڕۆژئاوای ئاسیا و باکووری ئەفریقا ئایینی تەك خودایيان هەبوو و لە ئاتلانتیکەوە هەتا هیمالایا خودایەکی تەك و تەنیا، بوو بە هاوڕێی هەمیشەیی مرۆڤ. لەگەڵ دەستپێکی سەدەی شازدە ئایینی تەك خودای زۆربەی ناوچەکانی قوڕنەی ئافریقا و ئاسیایان داگیر کرد.

لێرە بەولاوە ئیتر بەهۆی یارمەتی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە خودای تاك و بەهێزی ئونیوێرزام، کەس پێویستی بە خوداکانیترەوە نەما و هەر هەموویان بە پێی کات لەناو چوون.

## بەربەرەکانی نێوان چاکە و خراپە

لە پەرستنشی چەند خوداییەوە نەتەنیا ئایینی یەکتا پەرستی لێ دروست بوو، بەڵکوو پەرستنشی دوو خوداییشی پێکهێنا: خودای باش و چاك لە بەرابەر خودای تووڕە و خراپ. بە پێچەوانەی ئاییینی یەکتا پەرستی کە هەموو کارێکی باش و خراپ دەخسترێتە سەر شانی خودایەکی تەنیا، لە ئاییینی دوو خوداییدا کاری خراپ و کاری باش بە سەر دوو خودای جیاوازدا دابەشدەکرێ. لە ئاییینی دوو خوداییدا مەیدانێکی شەڕ لە نێوان هێزی چاکە و خراپە پێکهێنراوە کە بەردەوام ئەو دوو هێزە دژ بە یەکتر بەربەرەکانی دەکەن و هەموو ڕووداوەکانی سەر ئەم هەردەش پێکهاتەی ئەو دوو خودایەن.

ئاییینی دوو خودایی بۆچونێکی تایبەتییە کە لەوێدا چۆنیەتی پێکهاتنی تووڕیی و کاری ناشیرین لەسەر ئەم جیهانە کە بۆ مرۆڤ پرسیارێکی سەرەکییە، ڕوون دەکرێتەوە. بۆچی تووڕەیی لە سەر ئەم دنیایە بوونی هەیە؟ بۆچی ڕەنج کێشان و ئازار بوونی هەیە؟ بۆچی تەنانەت مرۆڤی باشیش ئازار دەکێشن؟ لە ئاییینی یەکتا پەرستی بە پێچەوانەی دوو خودایی زۆر چەتوون دەتوانن ڕوونی بکەنەوە چلۆن خودایەکی بەهێز و بە توانا و ڕەحیم دەتوانێ ئیزنی ئەو هەموو ڕەنج، ئازار و کاولکارییە بۆ مرۆڤ بدا.

یەك لە ڕوونکردنەوەکانی باوەڕی یەکتا پەرستی ئەوەیە کە ئەگەر چاکە و خراپە بوونی نەبایە مرۆڤ نەیدەتوانی لە نێوان ئەو دووانە دا یەکیان هەڵبژێرێ و بەو هۆیەشەوە ویست و هەڵبژاردنی ئازاد بۆ مرۆڤ بوونی نەدەبوو! ئەو وەڵامە چەندین پرسیاریتری بەدوادادێ. ویستی ئازاد دەبێتە هۆی هەڵبژاردنی ڕێگای ناحەز و تووڕەیی! تەنانەت مرۆڤێکی زۆر هەن کە ئەو ڕێگایە هەڵدەبژێرن و لە لایەن خوداکەیانەوە زۆر بە توندی تاوان دەدرێن. بەڵام ئەگەر خودای زانا پێشتر دەیزانێ کام یەك لەو مرۆڤانە لە ویستی ئازادی خۆیان کەڵك وەردەگرن و ڕێگا هەڵەکە هەڵدەبژێرن، بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە لە جەهەنەمدا بسووتێندرێن، ئەدی بۆچی

خوڵقاندوونی؟ زانایانی ئایینی پەرتووکی ئەستوریان لەسەر وەڵامدانەوە بەو پرسیارانە نووسیوە. وەڵامەکەیان هەرچی بێ، ئەو شتە ڕوونە کە کێشەیەکی مەزنیان لەسەر وەڵامی لۆژیکی ئەو کێشەیە هەیە.

بۆ باوەڕمەندانی دوو خودایی ئەو کێشەیە جێی پرسیار نییە. تەنانەت مرۆڤی باشیش دەتوانێ ڕێگای هەڵە بگرێتە پێش، چونکە خودای بەهێز و بەتوانای خراپەش هەیە. لێرەدا هێزێکی سەربەخۆی تووڕە بوونی هەیە کە ئاساییە تەنیا هەوڵی بەڕێوەبردنی کاری تووڕە و هەڵە دەدا. ئەو ڕوونکردنەوەیە وەها ساکار و جێی باوەڕە کە تەنانەت یەکتا پەرەستەکانیش دەستی بۆ درێژ دەکەن. زۆر مرۆڤی مەسیحی، یەهوودی و موسوڵمان هەن کە باوەڕیان بە هێزێکی سەربەخۆی کاری تووڕە هەیە کە بەردەوام دژ بە خودای چاکە لە بەربەرەکانیدایە و سەرچاوەی پێکهێنانی کاری خراپ لەسەر ئەم هەردەیە. زۆر مرۆڤی مەسیحی، یەهوودی و موسوڵمان لەسەر ئەو بڕوایەش هەن کە خودای بەهێز و توانا لە بەربەرەکانی دژ بە شەیتان پێویستی بە یارمەتی ئێمەی مرۆڤ هەیە. بەڵام چلۆن مرۆڤی ئایینە یەکتا پەرەستییەکان دەتوانن باوەڕیان بە بوونی دوو هێزی چاکە و خراپە هەبێ؟ یا دەبێ باوەڕیان بە خودایەکی بەتوانای تەنیا هەبێ، یا ئەگەر دوو هێزی خراپە و چاکە جیاکەنەوە و بە دوو سەرچاوەیەوە بلکێنن، نابێ باوەڕیان بە یەکتا پەرەستی هەبێ! لێرەدا بازنەیەکی شەیتانی پێکدێ کە دەرچوونیان لێی زۆر چەتوونە. بەڵام مرۆڤ لێهاتووییەکی هەیە کە دەتوانێ لەگەڵ دوو تەوری دژ بەیەك کە بە تەواوی بەراوەژووی یەکترن، ژیان بکا. هەر بۆیەش ملیۆنان مرۆڤی مەسیحی، یەهوودی و موسوڵمان لەگەڵ ئەوەیکە باوەڕیان بە خودایەکی تەنیا و بە توانا و ڕەحیم هەیە، شەیتانێکیشیان لە پەنایدا خوڵقاندووە، بۆ ئەوەی ڕەحیم بوونی خودا نەکەوێتە ژێر پرسیاروە.

سرووشتییە باوەڕی دوو خودایش خاڵی نەرێنی خۆی هەیە. ڕەنگە وەڵامێکی باشیان بۆ بەڕێوەبردنی کاری خراپ بەدەستەوە بێ، بەڵام هیچ وەڵامێکیان بۆ بەڕێوەبردن و دامەزرانی ڕێك و پێکی پێ نییە. ئەگەر دوو هێزی جیاوازی چاکە و خراپە بوونیان هەبێ کە بەردەوام لە شەڕ و بەربەرەکانی یەکتردا بن، کێ بڕیاری دانانی یاسای نێوان ئەو دووە دەدا؟ کاتێ دوو وڵات دژ بە یەکتر بەربەرەکانی دەکەن، دەتوانن لەگەڵ یەکتر بەشەڕ بێن چونکە کات و زەمان بوونی هەیە و هەردووکیان لەژێر کارتێکەری یاسای

www.rojhalat.de / www.bokan.de

فیزیکیدان. ڕاکێتێك كە لە پاکستانەوە ئاور دەدرێ، دەتوانێ بەشێك لە وڵاتی هیندوستان کاول بکا، چونکە لە هەردووك وڵاتەکان یاسای فیزیکی وەك یەك هەن. بەڵام کاتێ "تووڕە" و "چاکە" دژ بە یەکتر بەشەڕ بێن، لەژێر کارتێکەری کام یاسادا ئەو کارە پێك دێ و کێ ئەو یاسایانەی داناوە؟

باوەڕدارانی دوو خودایی دەتوانن پرسیاری تووڕە بوون و کاری خراپە ڕوون کەنەوە بەڵام لە هەنبەر پرسیاری ڕێکوپێکیدا هیچ وەڵامێکیان نییە. بە پێچەوانە یەکتا پەرەستی پرسیاری ڕێکوپێکی وەڵام دەدەنەوە و لە هەنبەر پرسیاری کاری تووڕەدا بێ وەڵامن. لێرەدا تەنیا وەڵامێکی لۆژیکی كە مرۆڤ بۆ ئەو کێشەیەی دەدۆزێتەوە دەتوانی بەو شێوەیە بێ: "دەبێ تاقە خودایەکی تەنیا بوونی هەبێ كە بە پتوونی ئونیوێرسامی پێك هێناوە بەڵام خودایەکی تووڕەشە."

باوەڕی دوو خودایی سەدان ساڵ لەسەر ئەم هەردە لێرە و لەوێ درێژەی بووە، هەتا ٣٠٠٠ تا ٣٥٠٠ ساڵ بەر لەئێستا کەسێك بە ناوی زەردوشت لە ئاسیای ناوەڕاست هاتۆتە سەر دنیا و پەرستشی دوو خودایی لەسەر زەوی بە شێوەی ئایین بڵاو کردۆتەوە و وەك ئایینێکی فەرمی پەرەی سەندووە و لاینگرێکی زۆریشی لە دەور کۆبۆتەوە. باوەڕپێکراوانی ئەو ئایینە جیهانیان بە شەڕێك لە نێوان "ئەهوورامەزدا" خودای چاکە و "ئانگرا مانێۆ" خودای خراپە زانیوە. ئەرکی مرۆڤ لێرەدا پشتیوانیکردن لە خودای چاکە بووە. ئایینی زەردوشت ئایینی ناوەندیی ئیمپراتۆری ئێرانییەکان بووە لە نێوان ساڵەکانی ٥٥٠ تا ٣٥٠ی پێش زایین و دواتریش لە ساڵەکانی ٢٢٤ تا ٦٥١ وەك ئایینی فەرمی وڵاتەکە بەڕێوە چووە. ئەو ئایینە نوێیە کارتێکەریی لەسەر هەموو ئایینەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ناوەڕاستی ئاسیای داناوە و جێی هەموو ئایین و باوەڕەکانی ناوچەی گرتۆتەوە.

هاوکات لەگەڵ سەدەی سێ و چواری زایینی، ئایینی مانی وەك ئاگرێك هەموو ناوچەکانی لە وڵاتی چینەوە هەتا باکووری ئەفریقای داگرت. بۆ ماوەیەك مرۆڤ پێیوابوو كە ئەو ئایینە دەتوانێ بەجێی مەسیحییەت ببێ بە ئایینی فەرمی ئیمپراتۆری ڕۆم. بەدوای هێرشی عەڕەبەکان بۆ ئەو ناوچانە هەم مانی و هەم ئایینی زەردوشتی لە لایەن موسوڵمانە عەڕەبەکانەوە توونا کران. تا ئەمڕۆش لێرەو لەوێ تاقمێك لە لایەنگرانی ئەو ئایینە دوو خوداییانە هەر ماونەتەوە و بۆ ئایینەکەیان چالاکی دەکەن. سەرەڕای ئەوەش ئایینی تەك خودایی یاسای ئەو ئایینانەیان بە تەواوی لە ناو نەبرد و

چەند لە یاساکان و بۆچوون و داب و نەریتەکانیان بۆ خۆیان ڕاگرت. بۆ وێنە لە ئایینی ئیبراهمیەکاندا شەیتان وەك هێزی تووڕە، بوونی هەیە کە بە یارمەتی مرۆڤ دەکرێ چالاکییەکانی پووچەڵ بکرێننەوە. یا جیاکردنەوەی ڕۆح و جەستە و ماکە کە ئیدەی ئایینی دوو خودایی بوون.

وێدەچێ ئایینی ئیبراهیمی تێکەڵاوییەك بێ لە ئایین، داب و نەریت، هەڵس و کەوت و بۆچوونی مرۆڤەکانی پێش خۆی کە بەردەوام هەوڵی دروستکردنی خوڵقێنەرێك بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جیهانەیان داوە.

## یاسای سرووشتی

ئەو ئایینانەی تا ئێستا ئاماژەمان پێکرد، لای کەم تایبەتمەندیەکی وەك یەکیان هەیە: هەر هەموویان لەسەر باوەڕ بە خودا یا هێزێکی سرووشتی کە لە سەرووی مرۆڤ ڕاوەستاوە، ساغ بوونەتەوە. ڕەنگە بۆ زۆربەی مرۆڤ باوەڕ بە خودا شتێکی ئاسایی بێ، بەڵام ئایین هەن, کە باوەڕیان بە خودا نییە. هاوکات لەگەڵ دەستپێکی هەزارەی پێش زایین لە ئاسیای کۆن ئایینی تر پێکهاتوون وەك ئایینی جین "Jainismus" و ئایینی بوودا "Buddhismus" لە هیندوستان، ئایینی چینایی "Taoismus" و ئایینی کۆنفۆسیوس "Konfuzianismus" لە وڵاتی چین و هەروەها فەلسەفەی ڕواقیون "Stoizismus"، بەدبینی "Kynismus" و ئەپیکوور "Epikuräismus" لە ناوچەکانی زەریای ناوەڕاست هیچ تامەزرۆییەکیان بۆ خوداکان نەبووە.

بە پێی بۆچوونی ئەو ئایینانە تەنیا هێزە سرووشتییەکان ئەرەکی ڕێکوپێکیی ئەم جیهانەیەن لەسەر شان بووە و خۆیان بە خودا چێکراوە نادیارەکان نەبەستۆتەوە. بەڵام ئەوان بە تەواوی بوونی خوداکانیان ڕەد نەکردۆتەوە، بەڵکوو لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە خوداکانیش وەك مرۆڤ و ئاژەڵ لەژێر کونترۆڵی هێزە سرووشتیەکاندان و بەوانەوە بەستراونەوە. باشترین نموونە بۆ ئەو بۆچوونە ئایینی بوودایە کە گەورەترین و مەزنترین ئایینی سرووشتی جیهانیان پیکهێناوە.

فیگووری سەرەکی بووداییەکان نەك خودا ، بەڵکوو مرۆڤێك بە ناوی سیزارتا گوتاما "Siddhartha Gautama" بووە. بە پێی باوەڕی بوودایی گوتاما شازادەی جێنشینی سیستەمێکی پاشایی بچووك لە ناوچەی شاخەکانی هیمالیا بووە و نیزیکەی ٥٠٠ ساڵ بەر لەزایین ژیاوە. ئەو شازادە گەنجە لەڕادەبەدەر لە ژێر کارتێکەری ڕەنج کێشانی مرۆڤی دەوروبەری و هاودەردی لەگەڵ ئەواندا بووە. ئەو دەڵێ: ژن و پیاو، منداڵ و مرۆڤی پیر تەنیا بەهۆی شەڕ و نەخۆشییەکان ڕەنجیان نەکێشاوە، بەڵکوو ئەو ڕەنج کێشانەیان پەیوەندایەتی بە ترس، ناهومێدی و بە گشتی ناڕازیبوونەوە هەبوە کە وەك بەشێکی جیانەکراوە لە بوونی مرۆڤ دەنوێنێ. مرۆڤ وەدوای وەدەست هێنانی پارە

و هێز کەوتوون، زانست و دارابیان زیاتر دەبێ، کەنیشك و کوڕ دەخەنە سەر دنیا و ماڵ و کۆشك و قەڵا ساز دەکەن. بە هەر قۆناغێکیش کە بگەن و هەر کارێکیش بەجێ بێنن، هیچکات لە ژیانیاندا ڕازی نین و تێر نابن. ئەو کەسانەی ژیانێکی هەژاریان هەیە، خەونی دەوڵەمەندبوون دەبینن. ئەو کەسەی ملیۆنێکی هەیە، خەون بە دوو ملوێنەوە دەبینێ. ئەوەی دوو ملیۆنیشی هەیە، ئارەزووی ئەوەیە دە ملیۆنی هەبێ. تەنانەت ئەوانەی زۆر دەوڵەمەند و جوان چاکیشن، هەر ناڕازین. بە شێوەی بەردەوام خۆیان بەهۆی ترس و خەمەکانیانەوە تا سنووری نەخۆشی، پیری و مردن، عەزاب دەدەن. ئەو شتانەی وەدەستیان هێناوە، هەمووی با دەیبا و توونا دەکرێن. ژیانیان بۆتە چەرخێکی بێ مانا. بەڵام چلۆن دەکرێ خۆ لەو عەزابە ڕزگار بکەن؟




ناوچەی بڵاوبوونەوەی بوودابییەکان

شەوێکیان لە تەمەنی ٢٩ ساڵەییدا گوتاما بە دزییەوە لە کۆشکی پاشایی دێتە دەرێ و بنەماڵەکەی و میراتی تەخت و تاجەکەی بەجێ دێڵێ. وەك مرۆڤی کۆچەر بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوی ڕێگایەك بۆ خۆ ڕەهاکردن لەو عەزابە هەموو ناوچەکانی باکووری هیندوستان دەپێوێ. دوای تاقیکردنەوی چەندین ڕێگا و تکنیك بۆ دۆزینەوەی چارەیەك، دێتە سەر ئەو باوەڕە کە هیچکام لەو ڕێگایانە بە تەنیایی ناتوانن کێشەی ئازارکێشان لەناو بەرن: هەمیشە بڕێك ناڕەزایەتی هەر دەمێنێتەوە و بە تەواوی لەناو ناچێ. بەڵام ئەو کۆڵ نادا، بەڵکوو بڕیار دەدا خۆی بەتەنیایی ئازار بکێشێ و لە ناخی ئازارکێشانەوە ڕێگایەك بۆ ڕزگاریی بدۆزێتەوە. شەش ساڵی ڕەبەق گوتاما دەچێتە ناو دەروونی خۆیەوە و بیر لەوە دەکاتەوە کە ئازار چ کارتێکەرییەك لەسەر مرۆڤ دادەنێ، لە کوێوە

www.rojhalat.de / www.bokan.de

دێ و چلۆن کۆتایی پێ دێ. له‌ پڕێکدا به‌وه‌ ده‌گا که‌ عه‌زابی مرۆڤ نه‌ك به‌هۆی چاره‌نووس یا نادادپه‌روه‌ریی کۆمه‌ڵگا یاخود غه‌زه‌بی خوداکانه‌وه‌ پێکدێ، به‌ڵکوو هۆی سه‌ره‌کی ئازار، زیاتر به‌ شێوازی بیرکردنه‌وه‌ی خودی مرۆڤ و هه‌ڵس و که‌وته‌کانیه‌وه‌ به‌ستراونه‌ته‌وه‌.

گوتاما هه‌ستی به‌وه‌ کردبوو که‌ هه‌رکام له‌ ئه‌زموونه‌کانی ئێمه‌ ده‌بنه‌ هۆی وه‌خه‌به‌رهێنانی هه‌ستی ته‌ماح، و ته‌ماحیش ناڕازایه‌تی نوێ پێکدێنێ. کاتێ ئێمه‌ ئه‌زموونێکی چاك و ئه‌رێیی تاقی که‌ینه‌وه‌، پێمان خۆشه‌ ئه‌و هه‌سته‌ هه‌رگیز کۆتایی پێ نه‌یه‌ و درێژه‌ی هه‌بێ. کاتێکیش ئه‌زموونێکی ناخۆش و نه‌رێنی بێته‌ سه‌ر ڕێمان، هه‌وڵ ده‌ده‌ین که‌ ئه‌و ئه‌زموونه‌ ناحه‌زه‌ کۆتایی پێ بێ و دووپات نه‌بێته‌وه‌. به‌و هۆیه‌وه‌ ڕۆحی مرۆڤ هه‌میشه‌ ناڕازییه‌ و پشووی لێ براوه‌. ئه‌و کاره‌ ئه‌وکات به‌ ڕوونی ده‌رده‌که‌وێ، ئه‌گه‌ر ئێمه‌ هه‌ست به‌ هێش و ئازار بکه‌ین، به‌ڵام ئه‌وکاته‌ی هێش و ئازاریشی له‌گه‌ڵدا نه‌بێ، هێشتا هه‌ر نائارام و ناڕازین. بۆ وێنه‌ ئه‌و مرۆڤانه‌ی ساڵیانی درێژه‌ به‌دوای دۆزینه‌وه‌ی هاوسه‌ری ژیاندا ده‌گه‌ڕێن، کاتێ له‌پڕێکدا هاوسه‌رێکیان بۆ ژیان دۆزیه‌وه‌، هه‌ستی ناڕازیبوونیان تێدا په‌روه‌رده‌ ده‌بێ که‌ نه‌کا له‌ده‌ستی بده‌ن یاخود ئه‌و که‌سێکی باشتر بۆخۆی بدۆزێته‌وه‌.

خوداکان ده‌توانن باران بۆ مرۆڤ به‌دیاری بێنن، بارودۆخی باشی ئابووری کۆمه‌ڵگا ده‌توانێ به‌خێوکردنی سه‌رده‌می پیری مرۆڤ گارانتی بکا و هه‌روه‌ها هه‌لێکی باش بۆ به‌خت و شانسێکی به‌هه‌ڵکه‌وت ڕه‌نگه‌ بتوانێ ده‌وڵه‌مه‌ندمان بکات، به‌ڵام هیچکام له‌و کارانه‌ کارتێکه‌ریی له‌سه‌ر چه‌شنی بیرکردنه‌وه‌ و هه‌ڵس و که‌وتی مرۆڤ دانانێ و ناتوانێ گۆڕانی به‌سه‌ردا بێنێ. به‌و هۆیه‌وه‌ ده‌وڵه‌مه‌ند و به‌هێزترینی مرۆڤه‌کانیش ناتوانن بێ خه‌م بژین و له‌ ئازار و ناڕه‌حه‌تی ڕاکه‌ن.

هه‌روه‌ها گوتاما هه‌ستی به‌وه‌ش کردووه‌ که‌ ته‌نیا ڕێگای ڕزگاریی له‌و بازنه‌ شه‌یتانییه‌ ئه‌وه‌یه‌، کاتێ مرۆڤ ئه‌زموونیکی ژیان تاقیده‌کاته‌وه‌، جا چ چاك و چ خراپ، ده‌بێ به‌و شێوه‌یه‌ی که‌ هه‌یه‌ وه‌ریگرێ و بیسه‌لمێنێ بۆ ئه‌وه‌ی ڕه‌نج و ئازاری پێوه‌ نه‌کێشێ. کاتێ ئێمه‌ کاره‌ساتێك و بارودۆخێکی ناخۆشمان بۆ پێش دێ، هه‌وڵی وه‌پێش که‌وتنه‌وه‌ له‌ کۆتاییه‌که‌ی نه‌ده‌ین، ئه‌وکات هه‌ستێکی تازه‌ و چاوه‌ڕوانکراومان تێدا پێك دێ به‌ بێ ئه‌وه‌ی ئازاری بۆ بکێشین. ئه‌و کاته‌ی بارودۆخی خۆشحاڵیمان هه‌بێ و ته‌نیا به‌هیوای زیاتر و زیاتر خۆشحاڵبوون چاوچنووکیمان تێدا په‌روه‌رده‌ نه‌بێ، ئه‌و کات

دەتوانین بەڕاستی هەست بەو خۆشییە بکەین، بە بێ ئەوەیکە ڕازیبوونی دەروونی خۆمانی پێ بریندار بکەین.

بەڵام چلۆن دەتوانین ئەو ئەزموونانە بەو شێوەیەی کە هەن، بیانسەلمێنین؟ چلۆن دەتوانین خۆشحاڵی وەك خۆشحاڵی و ئازار و هێش وەك ئازار و هێش وەربگرین؟ بۆ گەیشتن بەو قۆناغە گوتاما چەندین تێکنیك و ڕێگای بیرکردنەوەی دەروونی دۆزیوەتەوە کە یارمەتیدەر دەبن بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی تەنیا بە پرسیارێکەوە خەریك بکا: "لەو چرکەیەدا هەست بە چی دەکەم؟" و نەك پرسیاری: "لەو چرکەیەدا پێمخۆشە چ هەستێکم هەبێ؟" گەیشتن بە بارودۆخی دەروونی کارێکی گەلێك دژوارە، بەڵام نامومکین نییە.

گوتاما تێکنیکی ئەو بیرە دەروونییەی بە چەندین یاساوە لکاندووە کە کاری مرۆڤ زۆر ساکار دەکەنەوە بۆ ئەوەی بە جێی فانتازیا و ئارەزووکردن، خۆیان بە ڕاستەقینەوە خەریك بکەن. ئەو ئامۆژگاریی لایەنگرەکانی دەکات: کەس نەکووژن، دزی نەکەن، بۆ پێشگری لە کاری نالەباری جینسی لە ڕێگا دەرنەچن چونکە ئەو هەڵس و کەوتانە دەبنە هۆی پیکهێنانی هەستی زۆرداریی، حاکمبوون و تامەزرۆیی بۆ پارە و ماڵی دنیا.

ئەگەر مرۆڤ بتوانی ئاگری تەماح و زۆرداری لە دەروونی خۆیدا بکووژێنێتەوە، لە جێگای ئەو بارودۆخێکی ئارام و پتەو و لەسەرەخۆیی لە مرۆڤدا پێك دێ کە ناوی (نیروانا) "Nirwana" "[١٩]ی لێ ناوە. هەر کەس بتوانێ بە نیروانا بگا، وەپێش هەر ئازارێك دەکەوێ و بە بێ هەستی ئارەزووکردن، ڕاستەقینەی بۆ ڕوون دەبێتەوە.

بە پێی باوەڕی بوودایی بەو هۆیەی گوتاما ئاگری تەماحی لەخۆیدا کۆژاندۆتەوە، خۆی لە هەر ئازارێکی ئەم دنیایە ڕزگار کردووە. دوای گەییشتن بەو قۆناغە ناوی "بوودا"ی لەسەر دانراوە کە بە مانای ڕووناك کەرەوەیە. لێرە بەولاوە بوودا تەواوی ژیانی خۆی بەوەوە خەریك کردووە ئەزموونەکانی ژیانی بۆ مرۆڤ ڕاگوێزێ بۆ ئەوی ئەوانیش تەماح و هەستی زۆرداری وەلا نێن و ئیتر لە ژیانیاندا ئازار نەکێشن. ئەو ڕاهێنانەی لە یاسایەکدا کورت دەکاتەوە: "هۆی ئازارکێشان تەنیا تەماحی مرۆڤە"،

---

[١٩] نیوانا بە مانای کووژاندنەوی ئاگر هاتووە.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

ئێمەی مرۆڤ تەنیا ئەو کاتە دەتوانین خۆمان لە رەنج و ئازار ڕزگار بکەین ئەگەر بتوانین هەستی تەماح لەخۆماندا بکووژین و ڕاستەقینەکان بەو شێوەیە وەرگرین کە هەن.

ئەو یاسایە کە ناوی دارما "Dharma"ی لێ نراوە، لەسەر باوەڕی بوودابییەکان یاسایەکی گشتی سرووشتییە. یەکەم یاسای ئایینە ئیبراهیمیەکان دەڵێ: "خودا بوونی هەیە. ئەو چی لە من دەوێ؟". یەکەم یاسای بوودابییەکان دەڵێ: " ئازار بوونی هەیە. چلۆن دەتوانم خۆمی لی ڕزگاربکەم؟"

## مرۆڤ و باوەڕ

سێ سەد ساڵی ڕابردوو کە زۆر جار بە کاتی کۆنی سێکۆلاریزم ناودێر دەکرێ، دەستپێکی سەردەمێکە کە ئایینەکان بە ڕاشکاوی هێز و کارتێکەریی پێشوویان لەسەر مرۆڤ لە دەست داوە، بەتایبەت ئەگەر ئێمە لەژێر ئایین، مەبەستمان باوەڕی دوو یا چەند خودایی بێ. سەردەمی مودێرن چەندین ئیدیۆلۆژی یاخود ئایینیتری خوڵقاندووە وەك، لیبرالیزم، کۆمۆنیزم، کاپیتالیزم، ناسیۆنالیزم و سووسیال ناسیۆنالیزم. هەموو ئەو چەمکانە تەنیا یاریکردن بە ووشەیە، دەنا هەر هەموویان کارتێکەری چەشنی ئایینیان هەیە. ئەگەر ئایین سیستەمێکی یاسایی و ئەرزشی ئینسانیٔ بێ، کە خۆی بە هێزێکی ئاسمانییەوە هەڵواسیوە، ئەو ئیدیۆلۆژییانەش هیچ دەستیکەمێکیان لە ئایین نییە.

دیارە سرووشتییە کە بۆ نموونە جیاوازی لە نێوان ئایینی ئیسلام و کۆمۆنیزمدا هەیە، چونکە ئیسلام لەسەر ئەو بڕوایەیە کە جیهان و بوونەوەران هەر هەموویان لە لایەن خودایەکی بەهێز خوڵقێندراون، لە حاڵێکدا کومونیست باوەڕی بە خودا نییە. بەڵام ئایینی بووداییش باوەڕێکی ئەوتۆی بە خودا نییە. هەر وەك بووداییەکان، کۆمۆنیستەکانیش لەسەر ئەو باوەڕەن کە جیهان لە لایەن هێزی سرووشتیەوە ئیدارە دەکرێ کە بەهۆی ئەو هێزە سرووشتیانەشەوە مرۆڤ یاسای چلۆنایەتی ژیانی تێدا دۆزیوەتەوە. بووداییەکان پێیان وایە کە ئەو یاسایانە لە لایەن سیزارتا گوتاما "Gautama Siddhartha" دۆزراوەتەوە و کۆمۆنیستەکانیش ئەو یاسایانە بە کارل مارکس، فریدریش ئینگێلز و لێنینەوە دەلکێنن. هەروەها وێچوونەکان درێژەیان هەیە: هەر وەك ئایینەکان، کۆمۆنیزمیش کتێبی پیرۆزی خۆیان هەیە(سەرمایەی کارل مارکس). تەنانەت ڕۆژی پیرۆزی خۆشیان هەیە: یەکەمی مانگی مای، (ڕۆژی کرێکار)، لەو سیستەمەدا قەشە، بە ناوی کۆمیساری حیزبی ئاگای لە سەربازەکانە، نەکا لە ڕێگای باوەڕەکەیان لا بدەن، شەڕکەری پیرۆزیان ناوی ئەرتەشی سوورە و بێدینەکەشیان یەکێکی وەك ترۆتێسکییە. سیستەمی کۆمۆنیستی رووسیە ئایینێکی گەلێك

www.rojhalat.de / www.bokan.de

فناتیك بوو كە تەواوی دنیای چاوەدێری دەكرد و لە هەر گۆشەیەكی ئەم جیهانە سیخۆری خۆی هەبوو.

ئایین سیستەمیكی ئینسانییە بە یاسا و دابونەریتی خۆیەوە كە باوەڕەكەی بە هێزێكی ماوەڕای مرۆڤەوە دەبەستێتەوە. تێئۆرێ ڕەوایی ئەنشتاین ئایین نییە چونكە خۆی بە یاسای ماوەڕای ئینسانیەوە نەبەستۆتەوە، لای كەم هێشتا نادیارە! یاری فوتبالیش ئایین نییە چونكە یاساكانی بە هێزی سەرەوەی مرۆڤەوە نەبەستراونەتەوە. بە پێچەوانەی ئەوانە ئیسلام، بوودابیزم و كۆمۆنیزم ئایینن، چونكە لەواندا باس لە یاسا و ئەرزشی ئینسانی دەكرێ و خۆیان بە هێزی خودایی یا سرووشتیەوە هەڵواسیوە.




جیاوازیی مابەین ئایین و ئیدیۆلۆژیەكان لەوەدایە، یەكیان خوداكان دەپەرەستن، ئەویتریان هێزی سرووشتی. لێرەدا كارێكی گەلێك ئاستەمە مێژووی ئایینە مودێرنەكانی ئەمڕۆیی بە ڕوونی شی كەینەوە.

ئایینی خودایی سەر بۆ خوداكان دادەنەوێنن و بە زمانی لاتینی ئایینی، "تاهیست" (Theistische Religionen) یان پێ دەڵێن، چونكە بە زمانی یوونانی ووشەی "theos" بە مانای خودایە. بە پێچەوانە، ئایینە "هۆمان"ەكان(ئینسان خۆشەویست)، لە ووشەی هۆمۆساپیەنەوە دێ"Homo sapiens". هۆمانیستەكان لەسەر ئەو باوەڕەن كە مرۆڤی هۆمۆساپیەن سرووشتێكی تایبەت بە خۆی هەیە و جیاوازی لەگەڵ بوونەوەرانیتردا هەیە. باوەكوو هەموو هۆمانیستەكان باوەڕ یاخود خۆشەویستیان بۆ مرۆڤ هەیە، بەڵام تا ئەمڕۆ نەیانتوانیوە خۆیان لەسەر چۆنیەتی و مانای "مرۆڤ" ڕاست كەنەوە. بەو

هۆیە هەر وەك لە ئایینەکاندا باوەڕ بە خودایەك بوونی هەیە، بەڵام چەندین لق و پۆیان لێ بوونەتەوە، ڕێگای هۆمانیستەکانیش بەسەر سێ بۆچووندا دابەش کراوە:

لەمڕۆدا گرنگترین هۆمانیستەکان لیبڕالەکانن کە پێیان وایە سرووشتی مرۆڤ تایبەتمەندییەکی تایبەت بە هەر کام لە مرۆڤە چالاکەکانەوە هەیە. بوونی ئەو مرۆڤانە مانا بە جیهان دەبەخشێ. هەر ئەو مرۆڤانەشن کە کاری ئەخلاقی و سیاسیی کۆمەڵگاکان پێك دێنن. مەزنترین یاسایان یاسای "مافی مرۆڤ"ە و خۆیان بە ئایینە ئیبراهیمیەکانەوە هەڵواسیوە.

دوو هەم دەستە هۆمانیستە سۆسیالیستەکانن. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە سرووشتی مرۆڤ نەك هەر پەیوەندی بە کەسەکانەوە هەیە، بەڵکوو بە پتوونی بە گشت مرۆڤەوە هەیە. هۆمانیستە سۆسیالیستەکان بە پێچەوانەی لیبرالەکان کە هاوتایی بۆ کاسانێکی تایبەت داوا دەکەن، هاوتایی و یەکبوون بۆ هەموو مرۆڤی سەر ئەم هەردە ئارەزوو دەکەن. ئەوانیش هەر وەك لیبرالەکان کەم و زۆر باوەڕیان بە ئایینە ئیبراهیمیەکان هەیە.

سێهەم دەستە ئەو هۆمانیستە سۆسیالیستانەن کە باوەڕیان بە ئایین نییە و هۆی پێکهاتنی بوونەوەران و بە گشتی جیهان، بە زانستی گەشەسەندندنەوە دەلکێنن.

## "ڕەگەز" لە ڕوانگەی سوسیال ناسیۆنالیستەکانەوە

مرۆڤی هۆمۆساپیەن دەستپێڕاگەیشتنی بەسەر سرووشتێکی پێرۆز و تاقانەدا هەیە کە بە گشتی جیاوازیی لەگەڵ سرووشتی هەموو بوونەوەرانیتردا هەیە. بەرزترین گەشبینی تەنیا ئاسایشی مرۆڤە. سەرەکیترین ئامانجی سوسیال ناسیۆنالیستەکان (نازییەکان) ئەوە بوو، مرۆڤایەتی لە هەنبەر توونا بوون پارێزگاریی بکەن و هان بۆ پەرەسەندنی بدەن. ئەوان دەڵێن" "ئاریا" مەزنترین ڕەگەزی مودێرنی پەرەسێندراوە کە ئیزنی کوشتن و تووناکردنی مرۆڤ و گرووپە بێ بەهاکانیتر بۆ وێنە "یەهوودیی"، "ڕۆما"(قەرەچی)، هاوجینس باز و مرۆڤە نەخۆش(نوقسان) مکانی پێدراوە. ئەوان ڕوونی دەکەنەوە، مرۆڤی هۆمۆساپیەن بەهۆی هۆش و بلیمەتبوونی، خۆی لە مرۆڤەکانی پێش خۆی وەك بیرمەندێك جیا کردۆتەوە، هاوکاتیش مرۆڤی بێ بەهای وەك نئاندرتاڵ لە ناو چوون و ڕەچەڵەکیان توونا بووە.

لە ڕوانگەی ئەوانەوە جیاوازیی چەشنەکان شتێکیتر جیا لە ڕەگەزی جیاواز نەبوون کە لێك دابڕاون و بە هۆی پەرەسەندنی هەمەڕەنگیان هەرکام ڕێگای خۆیان گرتۆتە بەر. ئەو کارە دەتوانێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دووپات ببێتەوە. بە پێی بۆچوونی سوسیال ناسیۆنالیستەکان مرۆڤی هۆمۆساپیەنیش لە چەند ڕەگەزی جیاوازدا و هەرکام بە تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیانەوە پەرەیان سەندووە و لەو ناوەدا ڕەگەزی ئاریا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ڕەگەزەکانیتر باشترین تایبەتمەندیی هەبووە: بە هۆی عەقلانییەت، جوانی، ئەخلاق و زیرەکی توانیویانە سەروەری مرۆڤ بۆخۆیان وەدەست بێنن. ڕەگەزەکانیتریش وەك جوولەکە، ئەفریقاییەکان بە چەشنێك وەك مرۆڤی نئاندرتاڵ پێك هاتوون و تایبەتمەندیی زۆر نەزمیان هەیە. ئەگەر ئەو ڕەگەزە کەم بەهایانە وەچەکەیان پەرە پێبدەن یاخود لەگەڵ ڕەگەزی ئاریایی تێکەڵاو بن، مەترسی بۆ داهاتووی ژیانی مرۆڤایەتیی پێك دێنن و لەوانەیە ببێتە هۆی توونا کردنی مرۆڤی هۆمۆساپیەن لەسەر ئەم هەردە.

بوونەوەر ناسان تیئۆری ڕەگەزپەرستی سوسیال ناسیۆنالیستەکانیان رەد کردۆتەوە. دوای ساڵی ١٩٤٥ بە پێی پشکنینی ژێنێتیکی سەلماندویانە کە جیاوازی نێوان ڕەگەزەکان زۆر کەمتر لەوەیە کە سوسیال ناسیۆنالیستەکان باسیان لیوە کردووە. لە سەردەمی حوکومڕانی نازییەکان پسپۆرانی بواری مرۆڤ ناسیی لەسەر ئەو بۆچوونە بوون کە مرۆڤی بە ڕەگەز سپی پلەی هۆشیاریی بۆ وێنە لە مرۆڤی ئەفرئقایی و هیندی زیاترە. زۆربەی سیاسەتوانانی ئەو سەردەمە لە واشینگتۆن، لەندن و ... بە تەواوی توانایی سیاسیانەوە پێشگریان لە تێکەڵاویی ڕەگەزە بیانیەکان لەگەڵ رەگەزی ئەمریکایی و ئینگلیزی دەکرد. هەر بەو هۆیەشەوە پێشیان بە کۆچی مرۆڤ بۆ نموونە ئیتالیایی چینی و نەتەوەکانیتر بۆ وڵاتی خۆیان دەگرت.

پشکنینە نوێەکانی زانایان لە سەرەتاوە هیچ کارتێکەرییەکی ئەوتۆی لەسەر بۆچوونی ڕەگەزپەرستان دانەنا. زانیارییە تازەکانی لەسەر ڕەگەز و ڕەچەڵەکی مرۆڤ بە پێی کات و بەهۆی سیاسەتی دروست وردە وردە بیر و بۆچوونی مرۆڤی لە سەراسەری جیهان گۆڕی. لەو پەیوەندییەدا ئادۆڵف هیتلێر نەك هەر گۆڕی بۆ خۆی بەڵکوو بۆ هەموو ڕەگەزپەرستان هەڵکەند. بەهۆی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی نازیەکان لە ئاڵمان و دوای هەرەسهێنانیان لە شەڕی دووهەمی جیهانی کارتێکەرییەکی زۆریان لەسەر ڕەگەزپەرستانی جیهانی دانا و جووڵانەوەکانیان کز کردن. بەڵام ئەو کارە بە ڕۆژێك بەڕێوە نەچوو، بۆ وێنە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا ساڵی ١٩٦٠ و لە ئوسترالیا تا ساڵی ١٩٧٣یش بلێمەتی ڕەگەزی سپی پێست و وشیاربوونی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ڕەگەزەکانیتر، یەك لە سەرەکیترین پایەکانی سیاسەتی ئەو وڵاتانە بووە.

ڕق و کینەی سوسیال ناسیۆنالیستەکان زیاتر لە هەنبەر هومانیستە لیبڕالەکان، لایەنگرانی مافی مرۆڤ و کومونیستەکان بوو، چونکە ئەوان بە بێ جیاوازیدانان لە نێوان ڕەگەزەکانیان، ڕێزیان بۆ هەموو مرۆڤێك دادەنا. دواتر بەهۆی بەهەڵە تێگەیشتن لە بۆچوونەکانی داروین لەسەر "پێش خستن و سەرکەوتوویی وەچە بەهێزەکان" واتە لە سرووشتدا تەنیا بوونەوەرە بەهێزەکان دەتوانن وەچەی خۆیان پەرە پێ بدەن و لاواز و نەخۆشەکان توونا دەکرێن، سیاسەت و لۆژیکی خۆیان بەهێزتر دەکرد.

تەنانەت تا ئەمڕۆش چارەنووس و داهاتی پەرەسەندنی هۆمانیسم یاخود مرۆڤ خۆشەویستیی هێشتا هەر ڕوون نییە. حەفتا ساڵ دوای سەرکەوتوویی بەسەر نازیەکان هێشتا هەر شتێکی نامۆیە، پەیوەندایەتیی نێوان هۆمانیسم و زانستی پەرەسەندن لێك گرێ بدرێن. ماوەیەکە پڕۆژەی لەو چەشنە هەمیسان مۆد بوونەوتەوە و جارو بار باس و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێ. ئەمڕۆ ئیتر زۆر کەم باس لەسەر ڕەگەزی کەم بەها و بێ ئەرزش دەکرێ، بەڵام هێشتا بیرۆکەی سەروەریی چەشن مرۆڤێکی بلیمەت لە مێشکی هێندێك لە ڕەگەزپەرەستاندا هەر ماوەتەوە.

## نهێنیی سەرکەوتوویی

بازرگانی جیهانی، هێزمەندانی جیهان و ئایینی جیهانی لە هەموو گۆشەکانی سەر زەوییەوە بە سێ قۆڵی دەستیان کرد بە هیدایەتی مرۆڤی هۆمۆساپیەن هەتا پێکهاتنی دنیای مودێرن و ئاڵۆزی ئەمڕۆیی. ڕێگایەکی پڕ لە هەرگ و پێچەڵاوپێچ، بەڵام لە ڕوانگەی کاتیەوە، کولتوور و داب و نەریتە بچووکەکان کرانە قوربانی، بۆ پێکهاتنی کولتوورێکی جیهانی ئەوتۆ کە پێش پێگرتنی ، کارێکی ناومکینی دەنواند. بەڵام ئەوە بەو مانایەش نییە کە مرۆڤ نەیتوانیبایە پێش بە جیهانیکردنی کۆمەڵگایەکی مەزنی ئەمڕۆیی کە بە پتوونی بە سیستەمی سەرمایەدارییەوە بەستراوەتەوە، بگرتبایە. چەشن سیستەمیتریش بە هەمان شێوە دەکرا پێك بێن. بۆ وێنە بۆچی زمانی ئینگلیزی بۆتە زمانی جیهانی و زمانی ئاڵمانی یا کوردی نا؟ بۆچی ژماری مرۆڤی مەسیحی و موسوڵمان زۆرن و لایەنگری زەردەشتی و مانی کەمن؟ ئەگەر ئێمە بمانتوانیبایە مێژووی دە هەزار ساڵ بەر لە ئێستای خۆمان وەك فیلمێك چەندین جار لە هەوەڵەوە سەیر کەینەوە، ئایا دەمانتوانی هۆی هێزگرتنی ئایینە ئیبراهیمیەکان و سەرنەکەوتوویی و بێ هێزکردنی ئایین و بۆچوونەکانیتر بە ڕاشکاوی ببینین؟

بەداخەوە تاقیکارییەکی ئەوتۆ، نامومکینە، و بەو هۆیەش ناتوانین وەڵامی سەداوسەدی ئەو پرسیارە بدەینەوە. بۆ باشتر تێگەیشتن لەو پڕۆسەیە و چۆنیەتی ڕووداوە مێژوویەکان سەیری دوو تایبەتمەندیی گرنگی مێژوویی دەکەین.

1 .تەنیا بە ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو ناکرێ پشکنینی مێژوو بەڕێوەببردرێ:

هەر کات و ساتێکی دیاریکراوی مێژوو خۆی دەرگایەکی نوێ بۆ دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی دەکاتەوە. وێدەچێ تەنیا شەقامێك مێژووی ڕابردوو و ئێستامان پێکەوە پەیوەند بدا، بەڵام بۆ گەیشتن بە داهاتوو چەندین ڕێگا و شەقام لەسەر ڕێگامان قوت بوونەتەوە. تاقمێك لەو ڕێگایانە گەورە و پانترن و بە تابلۆی پێشاندەر مرۆڤ باشتر

www.rojhalat.de / www.bokan.de

بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ڕێگاکانیتر ڕێنوێنی دەکەن، هەر بەو هۆیەشەوە ئێمەی مرۆڤ یاخود لای کەم زۆرینەی ئێمە ئەو ڕێگایانە هەڵدەبژێرین و وەدوایان دەکەوین کە ڕوون کرابنەوە و هاسانتر بتوانین بیاندۆزینەوە. بەڵام زۆر جاریش مێژوو سووڕ و چەرخی وا دەداتەوە کە هیچکام لە ئیمە چاوەڕوانی لێ ناکەین.

بۆ وێنە لە ساڵی ٣٠٠ ی زایینیدا ئیمپراتۆری ڕۆمییەکان چەندین ئایین یان لە دەوروبەر کۆببوونەوە و دەیانتوانی هەر کام لەوان بکەنە ئایینی فەرمی حکوومەتەکەیان. بە ئاوڕدانەوە لە چەند دەیەی ڕابردووی ئەو سەردەمە کە بەردەوام شەڕ حاکم بووە، قەیسەری سەردەم "کۆنستانتین" بۆ ئارام کردنەوەی بار و دۆخی ناوچەکە پێویستی بە هێزێکی کونتڕۆل بووە و بۆ ئەو کارە هاوکاریی نێوان ئایین و سیاسەتی بە باشترین ڕێگاچارە زانیوە. لەو ناوەدا ئایینی میترایی، زەردوشتی، یەهوودی، مەسیحی و ... زۆر ئایینیتریش لە ناو خەڵکیدا باو بووە و هەرکام لایەنگری خۆیان بووە. بۆچی بەڵام ڕاست بڕیاری بۆ ئایینی مەسیح داوە؟ ئایینی مەسیحی تایبەتمەندییەکی بووە کە ئایینەکانیتر لێی بێ بەش بوون؟ ئایا پسپۆرانی ئەو سەردەمە بەراوەردیان کردووە کە لە داهاتوودا ئایینی مەسیحی لەوانیتر گەورەتر دەبێتەوە و لایەنگری زیاتری دەبێ؟ یا پەیوەندیی بەوەوە بووە کە چونکە دایکی قەیسەر مەسیحی بووە، ویستوویە دڵی دایکی ڕاگرێ؟ مێژووناسان تەنیا لەسەر گومان دەتوانن ئەو بڕیارەی ڕوون کەنەوە و سەداوسەد ناکرێ هۆیەکەی بسەلمێنن. ڕەنگە ئەوان بتوانن ڕوونی کەنەوە "چلۆن" مەسیحییەکان لە حکوومەتی ڕۆمییەکاندا هێزیان وەدەست هێناوە، بەڵام ئەوان ناتوانن سەداوسەد ڕوونی کەنەوە "بۆچی" زیادە لەو هەموو ئایینە، ئایینی مەسیحی بوو بە ئایینی فەرمی.

لێرەدا جیاوازیی نێوان ڕوونکردنەوەی دوو ووشەی "چلۆن" و "بۆچی" چییە؟ بۆ وێناکردن و ڕوونکردنەوەی ووشەی "چلۆن" دەبێ پرۆسەیەك لە ڕووداوی تایبەتیی ساغ بکرێنەوە کە ڕەوەندی پرۆسەکە لە خاڵێکەوە بۆ ئەویتر دیاری بکات. بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی ووشەی "بۆچی" دەبێ مرۆڤ هۆکاری بەرپرس بۆ ڕووداوەکە بدۆزێتەوە کە کارێکی لەڕادەبەدەر چەتوونە. ئەزموون دەڵێ: هەرچەند مرۆڤ زانیاری زیاتری لەسەر مێژووی تەوەرێك هەبێ، بەو ڕادەیەش ڕوونکردنەوەکەی ئاڵۆزتر دەبێتەوە. بەو هۆیەی ڕەوەندی مێژوویی بە شێوەیەکی ناڕێکوپێکە، ناکرێ ڕوونکردنەوەکان سەداوسەد متمانەیەن پێ بکرێ.

## 2 .مێژوو، خۆی بە مرۆڤەوە نابەستێتەوە

ئێمە ڕەنگە نەتوانین ڕوونی کەینەوە بۆچی مێژوو هێندە پێچ و خەمی هەیە، بەڵام دەتوانین بە ڕاشکاوییەوە بڵێین مێژوو خۆی بە پەرەپێدان و بڕەوپێدانی مرۆڤەوە نەبەستۆتەوە. هیچ بەڵگەیەك لە دەستدا نییە کە بارودۆخی مرۆڤ لە ڕەوەندی مێژوویی داهاتوویدا باشتر بێتەوە. هەروەها هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ هیچ کولتوورێك نییە کە مرۆڤ تێدا باش ژیابێ، سەرکەوتوویيان هەبووبێ و خۆیان بە بەختەوەر زانیبێ، یاخود بە پێچەوانەش بۆ ئەو کولتوورانەی سەرکەوتوو نەبوون و لەناو چوون.

بە هیچ شێوەیەك ناتوانین بیسەلمێنین کە بۆ وێنە ئایینەکانی وەك مانی، زەردوشت و ئەوانیتر بۆ باشتر هیدایەتکردنی مرۆڤ لەم جیهانە لە ئایینی مەسیحی بێ دەسەڵاتتر دەبوون ، یا سەرکەوتوویی ئیمپراتۆری ڕۆمی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئیمپراتۆریی ئێرانی و عەرەبی و ... ئەگەر ئەوان هێزیان گرتبایە، کارتیکەریی کەمتریان دەبوو.

نە تەنیا هیچ بەڵگەیەك بوونی نییە کە مێژوو لە خزمەت مرۆڤدایە، بەڵکوو ئێمە ناتوانین ئەو کەڵك لێوەرگرتنە بە شێوەیەکی زەینی وێنا بکەین. هەر کام لە کولتوورەکان ئەو کارە بە شێوازی خۆیان لێك دەدەنەوە و هیچ پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندن لە دەست دا نییە. دیارە نەتەوە سەرکەوتووەکان هەمیشە لەسەر ئەو بۆچوونەن کە ڕاستی و حەق بە دەست ئەوانەوەیە. بەڵام بۆچی دەبێ ئێمە باوەڕ بەوان بکەین؟ شتێکی سرووشتیە کە ئایینی مەسیحی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زیاتر لە ئایینەکانیتر بۆتە هۆی پێشکەوتوویی مرۆڤ لەسەر ئەم هەردە، بەڵام ئەگەر یەك لەنەتەوەکان ئەو بۆچوونە نەسەلمێنێ، هیچ بەڵگەیەکیان بۆ ئەو بۆچوونەیان پێ نامێنێ، چونکە ناتوانن بزانن ئایا ئایینێکیتر بە جێی ئایینی مەسیحی سەرکەوتووتر دەبوو یا نا. لەوانەیە بارودۆخی مرۆڤ لەمرۆدا زۆر باشتر دەبوو ئەگەر بۆ وێنە ئایینی بوودایی لە کۆمەڵگاکاندا بەهێز بایە.

پسپۆران و زانایان لەسەر ئەو بۆچوونەن کە کولتوورەکان وەك ڕۆحیکی نەخۆش بەردەوام مرۆڤیان بە چەشنی مەڕێکی بێ دەسەڵات هیدایەت کردووە و ڕێگایان بۆ

www.rojhalat.de / www.bokan.de
دیاری کردووە. وێناکردنێکی کولتووری بۆ وێنە باوەڕ بە ئایین بۆ گەییشتن بە بەهەشتی ئەو دنیا، یا باوەڕی کومۆنیستی بۆ گەیشتن بە ژیانی ئاسوودە لەم دنیایەدا دەتوانێ مرۆڤ هان بدا کە تەنانەت ژیانی خۆی بۆ گەییشتن بەو فانتازیانە فیدا بکا. داب و نەریت و بە گشتی کولتورە کۆنەکان وەك پارازیت یاخود میکرۆبێك دەتوانن مرۆڤ نەخۆش خەن و لە گیانی یەکتریان بەردەن.

داب و نەریت و کولتوور ئەوکات سەرکەوتوو دەبێ ئەگەر بتوانێ دروشمەکانی لە وەچەیەکەوە بۆ ئەویتر ڕاگوێزی جا ئەو هەڵس و کەوتانە چ ئەرێیی و چ نەرێنی بن. بۆ وێنە ناسیۆنالیستەکان توانیان لە سەدەکانی ١٩ و ٢٠ دا بۆ ماوەی سەدەیەك مەترسی بۆ تەواوی جیهان دروست بکەن. ئاکامەکەشی بووە هۆی پێکهاتنی شەڕ، کاولکاریی، کوشتنی مرۆڤ، کۆمەڵکوژی و ... ویروسی ناسیۆنالیزم مرۆڤی وەها نەخۆش کردبوو کە وەك نەخۆشییەکی تەشەنەسێن لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەوروبەر و جیرانەکانیشی گرتەوە و پێ نەخۆش کەوتن. لە ڕوانگەی زانستی کۆمەڵایەتییەوە بەڵایەکی گەورەیە ئەگەر مرۆڤ لە کۆمەڵگادا بە کۆمەڵ تووشی خەونێکی هاوبەش بن و خەونەکەیان بە ڕاست وەرگێڕن. ئەو سیستەمە ڕوونی دەکاتەوە کە چلۆن کاتێك بەشدارانی کۆمەڵێك کارێکی هاوبەش دەکەن، خۆیان ناتوانن خاڵە نەرێنیەکانی چالاکیەکەی خۆیان ببینن. نموونەیەکی پڕ بە پێست بەهێز کردنی هێزی نیزامی وڵاتەکانە. کاتێ پاکستان خۆی بە فڕۆکەی مودێرن تەیار دەکا، هیند و وڵاتەکانی دەوروبەریشی بۆ ئەوەی نەکا وەدوا کەوتبێتن، خۆیان بە هێز دەکەن. کاتێ هیند پڕۆژەی بۆمبی ئەتۆمی بەدەستەوە دەگرێ، پاکستان بە پەلە پارەی بۆ قەرز دەکا بۆ ئەوی لە جیرانەکەی وەدوا نەکەوێ. بەگشتی هێزی نیزامی ناوچەکان کەم تا کورت بە شێوازی ڕادەیی وەك خۆیان دەمێننەوە، تەنیا سەدان و هەازران ملیۆن پارە کە دەکرا بۆ مەبەستی پەروەردە یا سلامەتی ئەندامانی کۆمەڵگا بەکاربهێندرێ، بۆ کڕینی چەکەمەنی تەرخان دەکرێن. بڵێی مرۆڤی ئەو ناوچانە تێگەیشتویی سیاسی ئەو چەشن کارانەیان نەبێ؟

هەر وەك گەشەسەندن، مێژووش کەمتر خۆی بە چارەنووسی بوونەوەرێکی تایبەتەوە خەریك کردووە. هەروەها مرۆڤ بە گشتی بەهۆی کەم زانستی و لاوازییەوە نەیتوانیوە پڕۆسەی مێژوویی بۆ بەهەرە لێوەرگرتنی خۆی بەکار بێنێ. مێژوو لە ڕێگایەکەوە بۆ ئەویتر لای داوە و بە هۆی نادیارەوە هەر جارەی ڕێگایەکیتری

گرتووە. لە ساڵی ١٥٠٠ی زایینی بەولاوە لایەنێکی دژواری گرتۆتە بەر کە نەك هەر چارەنووسی مرۆڤایەتیی بەرەو ڕێگایەکی نوێ هیدایەت کردووە، بەڵکوو لەوانەیە بە گشتی وەك "شۆڕشی زانستیی" چارەنووسی "ژیان"یشی لەژێر کونترۆڵی خۆی گرتبێ.

شۆڕشی زانستیی لە ڕۆژئاوای ئورووپاوە واتە لە دوڕگەیەکی ڕۆژئاوا لە گۆشەی کەناریی ئاسیا و ئورووپاوە دەستپێکردووە. ناوچەیەك کە تا ئەو سەردەمە هیچ ڕۆڵێکی لە مێژووی جیهاندا نەگێڕاوە. بۆچی ئەو شۆڕشە ڕاست لەوێوە دەستپێکرووە؟ بۆچی بۆ وێنە دەسپێکی لە چین یاخود هیندەوە نەبووە؟ هەروەها بۆچی ڕاست لە سەدەی پازدەوە؟ ئیمە وەڵامی ئەو پرسیارانە نازانین. زانایان و پسپۆرانی ئەو بووارە چەندین تێئۆریان بۆ دروست کردووە بەڵام هیچکامیان سەداوسەد مرۆڤ قانع ناکەن. بە کورتی، مێژوو ئاسۆی زۆریەك لە کۆی پێداویستییەکانە، بەڵام زۆربەی ئەو پێداویستیانە بە ڕاست وەرناگەڕێن و تەنیا وەك خەیاڵێك دەمێننەوە.

# شۆڕشی زانستیی



وێنەی ئالامۆگۆردۆ "Alamogordo" شارێکی وڵاتی میکزیك، ١٦ی مانگی جولای ١٩٤٥ کاتژمێری ٠٥:٢٩:٤٥، هەشت چرکە دوای تەقینەوەی یەکەم بۆمبی ئەتۆمی. رۆبێرت ئۆپێنهایمەر "Robert Oppenheimer " زانای ئەمریکایی بواری فیزیك لە ساڵی ١٩٦٥ گوتویە: **"ئێستا من بوومەتە هۆی مەرگ، وێرانکەری ئەم جیهانە."**

لە پێنج سەد ساڵی ڕابردووەوە مێژووی مرۆڤایەتی هێزگرتنێکی سەیروسەمەرەی بەخۆیەوە بینیوە. پەرەسەندن و پێشکەوتوویی بە گورجیەکی ئەوتۆ وەڕێ کەوتووە کە پێشتر وێنەی نەبووە. ئەگەر بۆ وێنە وەرزێرێکی سپانیایی لە ساڵی هەزاری زایینی خەوی لێ کەوتبێ و ٥٠٠ ساڵ دواتر بە دەنگی ئەو مەلێوانانە لەخەو هەستێ، کە یارمەتی "کریستۆف کلۆمب"یان داوە، هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی وەبەر چاو نەدەهات. بە پێچەوانە ئەگەر یەك لە مەلێوانەکانی کریستۆف کلۆمب خەوی لێ کەوتبێ و ئەمڕۆ بە زەنگی ئایفۆن لە خەو هەستایە، بە ڕاشکاویەوە دەتوانین بڵێین کە لەم جیهانە نوێیە بە هیچ شێوەیەك تێ نەدەگەیی. ڕەنگە بیگوتبایە: "لە بەهەشتم؟" یا "لە جەهەنەمم؟"

لە ساڵی ١٥٠٠ زایینی نیزیکەی ٥٠٠ ملیۆن مرۆڤ لەسەر ئەم هەردە دەژیان. ئەمڕۆ بوونەتە زیاتر لە ٧ ملیارد مرۆڤ. لە ساڵی ١٥٠٠ زایینی بەهای بەرهەمی خۆراکی و پێداویستیەکانی کۆمەڵگا لە ساڵدا نیزیکەی ٢٥٠ ملیارد دۆلار بەراوەرد دەکرا، کەچی ئەمڕۆ بە ٦٠ بلیۆن دۆلار گەییوە. لە ساڵی ١٥٠٠ زایینی مرۆڤی سەرجەم ئەم هەردە لەڕۆژدا نیزیکەی ١٣ بلیۆن کالۆری سووتاندووە، بەڵام ئەمڕۆ لە

ڕۆژدا ۱٥۰۰ بلیۆن کالۆری پێویستە. ئەگەر سەردەمی "کریستۆف کلۆمب" پێنج کەشتی مودێرنی ئەمڕۆیی بوونیان هەبایە، دەیانتوانی بە پتوونی هەموو باری پێداویستیەکانی سەر زەوی ئەو سەردەمە لەسەر خۆ بار کەن. لەسەر کامپیۆترێکی ئاسایی دەکرێ هەموو کتێبەکانی جیهانی سەردەمی سەدەی ناوەڕاست کۆ کرێتەوە و هێشتا بە ئەندازەی کافی جێگاش دەمێنێتەوە.

لە ساڵی ۱٥۰۰ی زایینی کەمتر شار هەبوون کە ژمارەی دانیشتوانی بە سەد هەزار بگا. ماڵ و خانوبەرەکان زۆربەیان لە گڵ، دار و کا ساز کرابوون و خانوبەرەی سێ قات سەری لە هەورەکان دەدا. لە سەر شەقامە ئاسفالت نەکراوەکان تەنیا پیاسەکەر، ئەسب، بزن، مریشك و کەڵەباب و چەند فەرغوون لە هات و چۆ دا بوون. مرۆڤ گوێی لە هەر دەنگێکی وەك دەنگی ئینسان، ئاژەڵ، چەکوش، بزمار یا مشار دەبوو. کاتێ ڕۆژ ئاوا دەبوو، شارەکە بە پتوونی دەکەوتە ژێر تاریکیەوە و تەنیا لێرە و لەوێ مەشغەڵی ئاگرێکی وەبەر چاو دەهات. ئەگەر دانیشتوویەکی ئەو سەردەمە، شارە مودێرنەکانی ئەمڕۆیی وەك تۆکیۆ، نیۆیۆرك یا ... لە شەودا بینیبایە، بڵێی چی گوتبایە؟

پێش سەدەی ۱٦ هێشتا هیچ کەس نەیتوانیبوو سەرجەم کورەی زەوی بپێوێ. بۆ یەکەم جار لە ساڵی ۱٥۲۲ سەفەری مژلان "Magellans Expedition" لە سپانیاوە دەست پێکراو و بە درێژایی ۷۲ هەزار کیلۆمیتر بە دەوردانی زەوی گەڕایەوە بۆ جێگاکەی خۆی. ئەو سەفەرە سێ ساڵ درێژەی بووە. لە ساڵی ۱۸۷۳ نووسەری فەرەنسەیی ژول ورن "Jules Verne" توانی لە ڕۆمانەکەیدا وێنای بکا کە فیگۆرێکی وەك فیلێس فۆگ "Phileas Fogg" مرۆڤێکی دەوڵەمەندی ئینگلیزی لە ماوەی هەشتا ڕۆژدا بە دەوری دنیادا گەڕاوە. لەمڕۆشدا هەر مرۆفێکی ئاسایی دەتوانێ بە فڕۆکە لە ماوەی ۲٤ کاتژمێردا دەوری پلانیتی زەوی بداتەوە.

لە ساڵی ۱٥۰۰ دا مرۆڤ بە زەویەوە نووسرابوو و نەیدەتوانی خۆی لێ جیاکاتەوە. دیارە مرۆڤ دەیتوانی وەسەر قەڵا و شاخەکان کەوێ، بەڵام جێی ئاسمان بۆ باڵندە و فریشتە و خوداکان تەرخان کرابوو. لە ڕۆژی ۲۰ی مانگی جولای ۱۹٦۹ یەکەم مرۆڤ قاچی لەسەر مانگ دانا. ئەو کارەی نەتەنیا ڕووداوێکی مێژوویی بوو، بەڵکوو چالاکییەکەی پەرەسێنراو بۆ داهاتووی بوو. بە درێژایی زیاتر لە چوار ملیارد ساڵ

www.rojhalat.de / www.bokan.de
هیچ بوونەوەرێك نەیتوانیبوو ئاتمۆسفێری زەوی بەجێ بێڵێ، کەچی مرۆڤ نەتەنیا ئەو سنوورەی بەزاند، بەڵکوو پێی لەسەر پلانێتیتریش دانا.

## میکرۆئورگانیزمەکان و شۆڕشی زانستیی

بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ،٩٩،٩٩ لە سەدی بوونەوەری سەر ئەم هەردە بۆ مرۆڤ شاراوە مابۆوە: میکرۆئورگانیزمەکان. دیارە بوونیان بۆ ئێمە زۆر حەیاتییە. هەر مرۆڤێك لە لەشیدا ملیاردان میکرۆئورگانیزم لەگەڵ خۆی دەگێڕێ. ئەوان باشترین هەڤاڵ و سامناکترین دوژمنی ئێمەی مرۆڤن. خواردەمەنی ناو گەدەی ئێمە هەزم دەکەن، دەبنە هۆی پاککردنەوەی ڕیخۆڵە و جار و باریش دەبنە هۆی مردنی مرۆڤ.

ساڵی ١٦٧٤ مرۆڤ تووشی یەکەم میکرۆئورگانیزم هات کاتێ ئانتۆن ڤان لێوینهۆیك "Anton van Leeuwenhoek" (١٦٣٢ تا ١٧٢٣) پشکێنەری سرووشتیی هولەندی بە میکرۆسکۆپێك کە خۆی دروستی کردبوو، دڵۆپە ئاوێکی سەیر کرد و دنیایەك ئورگانیزمی بچووکی تێدا دی کە بەردەوام لە هات و چۆ دا بوون.

لە سێ سەد ساڵی ڕابردووەوە مرۆڤ چەندین چەشنی میکرۆئورگانیزمیان ناسیوە کە تاقمێکیان بەربەرەکانی لەهەنبەر مەترسیترین نەخۆشییەکاندا دەکەن و بڕێکیشیان لە خزمەت بە زانستی پزشکی و دارووسازیدان. ئەمڕۆ مرۆڤ بە یارمەتی ئەو میکرۆئورگانیزمانە دەتوانێ چەشن باکتریەك دروستکا کە بە شێوەی دەرمان دەبنە هۆی کوشتنی پارازیت و میکرۆبە ترسناکەکانی ناو لەش.

کاتێکی تایبەت لە مێژوویی ٥٠٠ ساڵی ڕابردوو کە لەگەڵ هیچکام لە دۆزینەوەکانی زانستیی ئەم جیهانە هەڵناسەنگیندرێ، بەیانی ڕۆژی ١٦ی مانگی ٧ی ساڵی ١٩٤٥، کاتژمێری ٥ و ٢٩ خولەك و ٤٥ چرکە بوو. لەو ڕۆژەدا زانایانی ئەمریکایی لە شاری ئالامۆگۆردو "Alamogordo"ی نیو مێکزیك یەکەم بۆمبی ئەتۆمیان تاقی کردەوە. لەو کاتەوە مرۆڤ ئەو ئیمکانەی بۆ فەراهەم کرا کە نەك هەر لایەنی مێژوویی جیهانی پێ بگۆڕێ، بەڵکوو بتوانێ کۆتاییشی پێ بێنێ.

ئەو گەشەسەندنە مێژووییەی لە لایەکەوە مرۆڤی لە شاری ئالامۆگۆردو چالاك كرد و لەم لاشەوە مرۆڤی نارده سەر پلانیتی مانگ، بە ناوی شۆڕشی زانستی ناودار بووه. ئەگەر سەجەم مرۆڤی ئەم جیهانە هاوکات لەگەڵ ئەو شۆڕشە شاهیدی هێزێکی لەو چەشنە بوە، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەڵك وەرگرتن لە کانزا سرووشتییەکانی جیهان بۆ بەڕێوەبردنی تاقیکاریی زانستی سرووشتی. ئەو کاره بۆیە شۆڕشی زانستی ناو لێنراوه، چونکە مرۆڤ پێش سەدەی ١٥ لەسەر ئەو باوەڕە نەبووه، یاخود هەوڵیشی بۆ نەداوە کە بەو چەشنە لە بوارەکانی پزشکی، سەربازیی یا ئابووری پێشکەوتووخوازی پێك بێ. سەرمایەداران و بەهێزانی ئەو سەدرەمە پەیتا پەیتا بۆ بردنە سەری پلەی زانست و ڕۆشنبیری پاره و کاتیان تەرخان کردووه، بەڵام مەبەستی ئەوان زیاتر ڕاگرتنی ئەو لێهاتووییانە بووە کە لە کۆمەڵگاکەیاندا بوونیان بووه، نەك پێکهێنانی نوێیخوازی. ئەوان لە ڕوانگەی ئابوورییەوە پشتیوانیان لە مرۆڤی ئایینی، فیلەسۆف، و ئەدیب و شاعیر کردووە کە تەنیا بەفەرمیبوونی حکوومەتەکەیان بۆ گارانتی بکەن و ڕێك وپێکی لە ناو کۆمەڵگادا پێك بێنن. ئەرکی ئەوان ئەوە نەبووه دەرمانی نوێ و باشتر بدۆزنەوە، چەکەمەنی نوێ دروست کەن یا ببنە هۆی گەشانەوەی ئابووری.

بەڵام بە پێچەوانە لە ٥٠٠ ساڵی ڕابردووەوە مرۆڤ ئەو باوەڕەی تێدا پێك هاتووه کە بە تەرخانکردنی سەرمایە بۆ تاقیکاریی زانستی، هێزی تایبەت وەدەست دێنێ. داهاتوو سەلماندویە ئەو باوەڕە باوەڕێکی کوێرانە نەبووه و بە هێزی سەرمایە توانراوه مرۆڤ بچی بۆ سەر پلانێتی مانگ، میکرۆئورگانیزمی نوێ بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشییەکان دروست کا، یا بۆمبی ئەتوم ساز کا.

سێ چەمکی "هێز"، "کانزای سرووشتی" و "تاقیکاریی زانستیی" وەك پێکهێنەری بازنەیەکی بەهێز بە یەکەوە بەستراو شۆڕشی زانستییان مسووگەر کردووه.

## کارتێکەریی سیاسی و ئابووری لەسەر شۆڕشی زانستیی

زانست پێویستییەکی گرنگ و پڕبەهای بە ئەزموونی تاقیکارییەکان بۆ پێشکەوتوویی هەیە. هەروەها ئەو پێشکەوتووییە بەستراوەتەوە بە هاوکاری نێوان بوارەکانی زانست، سیاسەت و ئابووری. ئەنستیتۆی سیاسی و ئابوورییەکان کانزا سرووشتییەکان فەراهەم دەکەن، کە بە بێ ئەوانە پشکنینی زانستیی نامومکین دەبێ. لە وەڵامدا زانست چەشنە هێزێك پێك دێنێ کە کانزای نوێ دەخوڵقێنێ کە ئەویش بە نۆبەی خۆی هەمیسان بۆ پشکنین و تاقیکارییەکانی داهاتوو کەڵکی لی وەردەگیرێ.

بۆچی لە سەردەمی نوێ زۆربەی مرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زانست دەتوانێ هێزێکی نوێی بۆ پێك بێنێ؟ هاوکاریی نێوان زانست، سیاسەت و بارو دۆخی ئابووری چلۆن پێك دێ؟ لەو بەشەدا هەوڵ دەدەین تایبەتمەندییەکانی زانستی نوێ ڕوون کەینەوە. لای کەم دوای شۆڕشی ناسین، مرۆڤ هەست بە پێداویستیی لازم بۆ حاڵیبوون لە ئونیوێرسام دەکا. پێشینیانی ئێمە کاتێکی زۆریان تەرخان کردووە بۆ لێحاڵیبوون لە سرووشت . بەڵام داب و نەریتی زانستیی مودێڕن خۆی لە سەردەمی پێشوو بەهۆی سێ تایبەتمەندی گرنگ جیا دەکاتەوە:

١. دان بەسەر دانان لەسەر کێشەی نەزانی کە ئەمڕۆ زانستی مودێڕن لەو بار و دۆخەدایە کە قامك لەسەر خاڵە لاوازەکانی دادەنێ و ناتوانێ هەموو زانیارییەك بە تەواو و ڕاست دانێ. تەنانەت هەنگاوێکیش زیاتر هەڵدێنێتەوە و دەڵێ: ئەو زانیارییانەی ئەمڕۆ باوەڕمان پێی هەیە بەهۆی زانیاری و تاقیکاریی نوێ دەتوانێ هەڵوەشێتەوە و بە هەڵە دەرچێ. هیچ تیئۆری یاخود بیرکردنەوەیەك بۆ هەمیشە نییە و دەتوانێ پووچەڵ بکرێتەوە.

٢. گرنگایەتی دان بە تەوەرەکانی ماتماتیك واتە بیرکاری و چاوەدێری کردن. سەرەڕای دان پێدانان بە کەمبوونی زانیاریی، زانستی مودێڕن هەوڵ دەدا

www.rojhalat.de / www.bokan.de

زانیاری نوێ کۆ کاتەوە. بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارە، چاوەدێرییەکان و تاقیکارییە کۆکراوەکان لەگەڵ زانستی بیرکاری گرێ دەدا و ڕاست و ناڕاستبوونی تێئۆریەکانی پێ دەسەلمێنێ.

٣. گرنگیدان بە لێهاتوویی نوێ. زانستی مودێڕن تەنیا بەوە ڕازی نابێ کە تێئۆریی دروست کا، بەڵکوو لەو تێئۆرییانە بۆ پێکهێنانی لێهاتوویی نوێ کەڵك وەردەگرێ.

شۆڕشی زانستی، شۆڕشی زانین نەبووە، بەڵکوو لە پێش هەمووشتێکدا شۆڕشێك بووە دژ بە نەزانین و زانیاریی کەمی مرۆڤ. مەزنترین دەسکەوتی شۆڕشی زانستی بۆ پەرەسەندنی ئەو ئەزموونە بووە کە ئێمەی مرۆڤ بیسەلمێنین، ڕاستیەکانمان لە دەستدا نییە و لەسەر پرسیارە سەرەکییەکانی ژیان هیچ وەڵامێکمان بە دەستەوە نییە.

پێش زانستی نوێ، لە لایەن ئایینەکان و باوەڕە هەمەڕەنگەکانی ئەم جیهانەوە ئەو پرسیارە گرنگانەی لەسەر ژیان دەبوو بزانرێ، زانراوە و هەموو شتێك لە لایەن خوداکانیانەوە بەهۆی کتێبە پیرۆزەکان و گوتە وەحیکراوەکانیان بۆ مرۆڤ ڕوون و دیاری کراونەتەوە و مرۆڤ لەو ڕادەیەدا نییە دەست لە کاری خوداکان وەردا و وەڵامی پرسیارەکانی ژیان بۆخۆی بدۆزێتەوە.

ئەو هەڵس و کەوت و داب و نەریتانە دوو چەشن نەزانی بەدواوە بووە: **یەکەم** مرۆڤی ئاسایی جا بە هەر هۆیەك بووبێ بە باشی ئاگای لە یاساکان نەبووە و دەبوو بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەکانی لە مرۆڤی زانا پرسیار بکات. مرۆڤی ئەو سەردەمە هیچ پێویستی و نیازێکیان بە دۆزینەوەی پرسیاری نوێ نەبووە. لەوانەیە هەر بۆشیان گرنگ نەبووە کە مرۆڤ و مێژووی پێکهاتنی دنیای دەوروبەری چلۆن و دەسپێکی لە کوێوە بووە. **دووهەم** ئەو بابەت و تەوەرانەی لە ژیانی مرۆڤدا باسی لێوە دەکرا و خوداکان لە ڕابردوودا لە نووسراوەکان و گوتەکاندا باسیان لێوە نەکردبوو، بە گرنگیان دانەدەنا. ئەگەر مرۆڤی سەدەی ناوەڕاست ویستبێتی بزانێ جاڵجاڵووکە چلۆن دەتەنێ، چونکە لە کتێبە ئاسمانییەکاندا باسی لێوە نەکراوە، بە پرسیاری سەرەکی دانەنراوە و مرۆڤ بەو هۆیەوە تامەزرۆیی بۆ زانین لەخۆی نیشان نەداوە. وەڵامیان ئەوە بووە: گرنگ ئەوەیە کە خودا خۆی دەزانێ کە جاڵجاڵووکە چلۆن دەتەنێ. ئەگەریش کەسێك ویستبێتی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کارە بکات دەبوو ئاگای لێبێ کە ئەزموونی کارەکەی

دژ بە ئایین و باوەڕ نەوەستیَ. سەرەڕای گوشاری ئایینیەکان هەمیشە مرۆڤ لە کۆمەڵگاکاندا هەبوون کە پرسیاری سەبارەت بە ژیانی مرۆڤ داڕێژن و مرۆڤە زاناکان وەڵامیان بۆیان نەبیَ. لە زۆربەی ئەو بارودۆخانەدا پێشیان بە پرسیار کەرەکان گرتووە، کێشەیان بۆ دروست کردوون و بە تاوانی مرۆڤی بیَ دین و کافر توونایان کردوون. بۆ وێنە لە ئایینی ئیسلامدا "محەمەد" خۆی بە ئاخرین پێغەمبەر داناوە و لایەنگرەکانی لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕاستییەکانی ژیانی پیَ ڕاگەییندراوە و هەر مرۆڤێکی سەر ئەم هەردە دەبیَ پەیرەوی لیَ بکەن.

بە پێچەوانە، زانستی مودێرن هەڵس و کەوتێکی تەواو جیاوازی بۆ وەرگرتن و دۆزینەوەی زانیاریی نویَ هەیە، باوەکوو ئەوانیش نەیانتوانیوە تا ئەوڕۆ وەڵام بۆ هەموو پرسیارەکانی ژیان بدۆزنەوە. "داروین" هەرگز خۆی بە ئاخرین زانیاری بیۆلۆژیکی نەزانیوە و هیچکات ئەو ئیدعایەی نەبووە کە ئەو بە تەنیا پەرجۆی ژیانی دۆزیوەتەوە. سەد ساڵ دوای ئەویش هێشتا زانایان نازانن چلۆن هەستی خۆ ناسینی مرۆڤ لە مێشکدا پێك دیَ. هەر وەها فیزیکزانان دان بەوە دادەنێن کە ناتوانن بە تەواوی تەقینەوەی مەزن ڕوون کەنەوە، یا چۆن کوانتن میکانیك لەگەڵ تێئۆری ڕەوایی ئەنشتاین بخەنە ژێر چەترێکەوە. مەزنترین جیاوازی نێوان ئایینەکان و زانستی مودێرن ئەوەیە: بەهۆی زانیاری نویَ تیئۆرییەکان دەسەلمێندرێن، یاخود وەلا دەنرێن. بە ڕاشکاوی دەبینریَ کە ئەندامانی کۆمەڵگاکانی مودڕنی ئەمرۆیی ئەو کراوەییە لەخۆیان نیشان دەدەن قامك لەسەر نەزانی خۆیان دابنێن و بۆ تێگەییشتن لە چۆنیەتی پێکهاتنی ژیان دنیای دەوروبەر تامەزرۆیی بۆ مێتۆدە زانستییەکان لەخۆیان نیشان بدەن. لە بەرابەریدا ئایین لە لایەن خوداکانیانەوە داڕێژراو و تەواوە و هیچ کەس نە ئیزنی هەیە تاقیکاریی لەسەر بکا و نە ئیزنی ڕەدکردنەوەی پیَ دەدریَ.

## جیاوازیی زانستی دوێنێ و ئەوڕۆ

زانستی مودێڕن نابێتە هۆی پێکهێنانی دوگم لەهەنبەر تەوەرەکان. ئەو بەهۆی بەکارهێنانی مێتۆدی پشکنین و چاوەدێری بەردەوام ڕێگا چارە بۆ کێشەکان دەدۆزێتەوە. سرووشتییە مرۆڤ هەمیشە و بەردەوام لە پرۆسەکانی ژیانیدا ژینگەی چاوەدێری کردووە، بەڵام هەر لەو قۆناخەدا ماوەتەوە و گرنگایەتییەکی ئەوتۆی پێ نەداوە. مرۆڤ بە پێی کات قەناعەتی پێ هێندراوە کە بەهۆی زەردوشت، موسا، عیسا، بودا، محەمەد و نێوەکانیترەوە ... هەمووشتێکی پێویست بۆ ژیانی زانیوە و ناسیوە و لەوە زیاتر هەوڵی بۆ پەرەپێدانی زانیارییەکانی نەداوە. بەو هۆیەوە زانست بەرتەسك کراوەتەوە و تەنیا ئەو زانیاریيانە فێری مرۆڤ کراون کە لەلایەن پێغەمبەران، حوکومڕانان و ... پێیان ڕاگەییندراوە. بۆچی دەبوو ووزەی خۆیان بە هەدەر دەن کاتێ وەڵامی هەموو پرسیارەکانیان لای پێغەمبەرەکانیان بووە؟

بەڵام کاتێ هەست بەوە کرا، لە ڕاستیدا مرۆڤ لەسەر چۆنیەتی ژیانی زۆر کەم دەزانێ، دەبوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و سەلماندنی چۆنیەتیی پێکهاتنی ژیان و ژینگە، زانستی نوێ قوڵی خۆی لێ هەڵماڵێ. بە پێی مێتۆدی نوێ زۆربەی بۆچوونەکان و وەڵامەکانی مرۆڤ لەسەر ژیان و ژینگە لە ڕابردوودا بە هەڵە دەردەچوون. زانست بە گشتی لەسەر تێئۆریی، چاوەدێریکردن و تاقیکاریی بۆ سەلماندنی تێئۆرییەکان پێکهاتووە. هەر کات بەهۆی چاوەدێری و تاقیکارییەوە بەڵگە بۆ سەلماندنی تێئۆرییەك بدۆزرێتەوە، دەسەلمێندرێ و پێچەوانەکەشی دەبێتە هۆی وەلانانی. سەلماندنی تاقمێك لە تێئۆرییەکان لە ڕوانگەی کاتییەوە ڕەنگە چەندین ساڵ و تەنانەت چەند سەدە درێژە بکێشێ.

دیارە، تەنیا چاوەدێریکردن نابێتە هۆی زانین. بۆ لێ حاڵیبوون لە ئونیوێرزام دەبێ چەندین تێئۆری گەڵاڵە بکرێن، تایبەتمەندییەکانیان بە پێی کات چاوەدێری بکرێن یاخود بەهۆی تاقیاکارییەکانەوە ڕاست بوون یا ناڕاست بوونیان بسەلمێندرێن. کولتووره

کۆنەکانی ڕابردوو تێئۆرییەکانی خۆیان بەهۆی گێڕانەوەی چیرۆك و ئەفسانە دەسەلماند، بەڵام زانستی نۆێ ئەو کارە بە تەوەری بیرکاری و ئەندازیاری دەسەلمێنێ.

دەتوانین کاتێکی زۆر بۆ گەڕان بەدوای کردار و فۆرموولەکانی بیرکاری لە ناو کتێبەکانی تەوڕات، ئینجیل یا قوڕئان تەرخان بکەین، بەڵام جگە لە ئەفسانە، چیرۆك و نووسراوە، چ شتێکیتر نادۆزینەوە. لە زۆربەی ئایینەکاندا هەموو دنیا لە بەر چاویان تەنیا لە بەربەرەکانی نێوان ڕۆحی چاکە و خراپە پێکهاتووە. هێزی خراپ ماکەی دروستکردووە و هێزی باشیش بۆتە هۆی پێکهێنانی ڕۆح. مرۆڤ لە نێوان ئەو دوو هێزەدا کۆیلە و زیندانی کراوە. بۆ وێنە "مانی" پێغەمبەر بۆ چارەی کێشە و پەیوەندایەتی نێوان چاکە و خراپە هەوڵی هیچ تاقیکارییەکی ووردی بیرکاری نەداوە. ئەو هێچ فۆرموولێکی نەدۆزیوەتەوە کە بۆ وێنە ڕوون کرابێتەوە: هێزی کارتێکەر لەسەر مرۆڤ، بەرابەرە لەگەڵ جێگۆڕکێی ڕۆحی ئەو، دابەشکراو بەسەر گەورەیی لەشیدا.

$$\text{هێزی کارتێکەر لەسەر مرۆڤ} = \frac{\text{جێگۆڕکێ ڕۆحی}}{\text{گەورەیی لەشی}}$$

بەڵام زانستی نوێ بە تەواوی تواناوە بۆ ئەو کارە، هەوڵ دەدا. ساڵی ١٦٨٧ ئیزاك نیۆتۆن وەك گرنگترین پەرتووکی مێژووی مودێرن"پرەنسیپی بیرکاری سرووشتی" خۆی دا دەرەوە. لەو قۆناخەدا نیۆتۆن گرنگترین تیئۆریی گشتیی بۆ جووڵانەوەی کۆرپەکانی ئونیوێرزام دیاری کرد. گرنگایەتی ئەو تێئۆرییە لە شەفاف بوون و لۆژیکبوونی خۆی دایە. لەو کاتەوە هەزاران و ملیۆنان زانای دوای خۆی لە گۆڕەپانی زانست بۆ چاوەدێری و تاقیکاریی هان داوە.

نیۆتۆن نیشانی دا کە پەرتووکە مێژوویەکەی بە پتوونی لەسەر زمان و لۆژیکی بیرکاری بونیات نراوە. چەند لە بەشەکانی ئەو کتێبە زۆر ساکارن و تەنیا لەسەر پەیوەندیی ئاسایی ژمارەکانی بیرکاری پێکهاتوون. بوارەکانی زانستی تریش وەك بیۆلۆژی، کیمیایی، فیزیك و ئابووری و ... تەنیا بە فۆرمۆلەکانی بیرکاری دەسەلمێندرێن و بۆ مرۆڤ ڕوون دەبنەوە.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

ئەگەر ئێمە بمانەوێ بزانین گەشەسەندنی زانستی بیرکاری چ کارتێکەرییەکی لەسەر بوارە زانستییەکانی ئەمڕۆیی هەیە، بەس دەبێ ئەگەر تەنیا چاوێك بەسەر کتێبەکانی قوتابخانە و زانستگاکاندا بگێڕین. لە سەردەمی سەدەی ناوەڕاستدا سێ تەوەری "لۆژیك"، "گراماتیك" و "ڕێتۆریك" واتە هونەری ئاخەفتن، گرنگتر لە هەموو ئەوانیتر بوون و ئەو سێیەش تەنیا لەسەر فیلەسۆفیکردنی ئایین و فەلسەفە ساغ کرابوونەوە. لەمڕۆدا تەوەرەکانی زانستیی بە بێ زانستی بیرکاری گونجانیان نامومکینە.

## زانست، هێزە

زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤ تامەزرۆییان بۆ لێ حاڵیبوون لە زانست هەیە چونکە زمانە بیرکارییەکەی بۆ مێشکی ئێمە بێگانە دەنوێنێ و زۆر جار ئەزموونی دۆزراوەکانی دژ بە تێگەییشتوویی مرۆڤی ئاسایی ڕادەوەستن. لە ٧ ملیارد مرۆڤی سەر زەوی چەند کەسیان لە زانستی "کوانتی میکانیك، خانەی بیۆلۆژی یا ماکرۆئوکۆنۆمی" تێ دەگەن؟ سەرۆکی وڵاتان و ژنراڵەکانیان ڕەنگە هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بە زانستی فیزیك و شیمی و ... نەبێ بەڵام چاك دەزانن بۆمبی ئەتۆمی و گازی ژاراوی چلۆن بەکار بێنن.

ساڵی ١٦٢٠ فرانسیس باکۆن "Francis Bacon" مانیفیستێکی زانستیی لەسەر بەشێکی نۆیی ئۆرگانۆن "Organon" بڵاو کردەوە کە زیاتر بە سازکردنی کەرەسەیەکی نوێ مانا دەکرێتەوە: لێرەدا ئەو دێرە ناودارە دەنووسێ: **"زانست، هێزە"**. هەروەها دەڵێ: "بنەڕەتی ڕاستیی، بۆ زانین، ڕاست بوون یا ناڕاستبوونی نییە، بەڵکوو ئەویە کە چەندە دەتوانی هێزمان پێ ببخشێ."

زانایان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ناکرێ هیچ تێئۆرییەك سەداو سەد بە ڕاست دابنرێ. بەو هۆیە ووشەی "ڕاستەقینە" پێوەرێکی پڕ بە پێست بۆ سەلماندنی زانست نییە. مەزنترین پێوەر بۆ تەوەرە زانستییەکان ڕادەی کەڵك لێوەرگرتنیەتی. تێئۆرییەك کە هێز بە مرۆڤ دەبەخشێ، کەرەسەیەکی نوێ دەخاتە دەستی مرۆڤەوە و دەبێتە هۆی ئەوەیکە کارێکی نوێ پێك بێ، "زانستە".

لە چەندین سەدەی ڕابردووەوە زانست کەرەسەیەکی گەلێك زۆری خستۆتە بەر دەستی مرۆڤ. دیارە بڕێکیان ڕۆشنبیری لەسەر سرووشت و پێشبینیکردنی گەشەسەندنی خودی زانست ڕووندەکەنەوە. بەڵام گرنگترین کەرەسەکان کەرەسەی تێکنیکین. پەیوەندی نێوان تێکنۆلۆژی و زانست هێندە بەهێز بۆتەوە کە زۆر جار

جیاوازیی نێوان ئەو دوانە ئاستەمە. مرۆڤ زۆر جار پێیوایە کەرەسەی نوێ بە بێ پشکنینی زانستیی پێك نایە و بە پێچەوانەش پشکنین بە بێ پێشکەوتوویی تێکنۆلۆژی هیچ مانایەکی نییە.

ئەو پەیوەندییەی نێوان زانست و تێکنۆلۆژی لە ڕاستیدا شێوازێکی تەواو نوێیە. پێش ساڵەکانی ١٥٠٠ ئەو دوو تەوەرە بە ڕاشکاوی دوو ڕێگای جیاوازیان هەبووە. کاتێ فرانسیس باکۆن لە سەرەتاکانی سەدەی ١٧ دا پێشنیاری تێکەڵاوکردنی ئەو دوو تەوەرەی دا، وەك بیرۆکەیەکی شۆڕشگێڕانە سەیر کرا. لە ڕەوەندی پرۆسەی سەدەی ١٧ و ١٨ەدا و بە پێی کات ئەو دوو تەوەرە زیاتر لێك نیزیك بوونەوە. بەڵام لە سەدەی ١٩ بەولاوە بە ڕاشکاوی بە ڕاشکاوی هەر کام ڕێی خۆیان گرت و وەك دوو تەوەری زانستیی جیاواز پەرەیان سەندووە. تەنانەت تا ساڵی ١٨٠٠ یش حوکومڕانان پێیان وابوو بە بێ گەشەسەندنی زانست و تێکنۆلۆژی دەتوانن شەڕەکانیان بەڕێوە بەرن و سەرکەوتوویی وەدەست بێنن و هیچ خۆیان بەوەوە ماندوو نەدەکرد پارە بۆ تاقیکاریی و زانایان تەرخان کەن.

بە پێی کات لێرە و لەوێ مرۆڤی کونجکاو بە بێ وەرگرتنی پارە وەختی خۆیان تەرخان دەکرد بۆ دۆزینەوەکان و پێکهێنانی کەرەسەی نوێ. بەڵام نەك وەك سیستەمێکی زانستیی پشکنین. بیری دانانی بەشێکی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی کاری زانستی شتێکی نەناسراو بۆ مرۆڤی ئەو سەردەمە بوو. بۆ وێنە تەنانەت لە سەرەتای دروستکردنی ماشێن و کەرەسەی کاری پیشەسازی لە شێواز و ماتریالی وەك یەك کەڵکیان وەردەگرت و هیچ شەریکەیەك پارەی بۆ بەشێکی تایبەت بە گەشەسەندنی کەرەسەکان بۆ دروستکردنی مودێلی نوێ تەرخان نەدەکرد. ئەگەریش شتێکی نوی یاخود کردارێکی نوێ پێکهاتبا تەنیا پەیوەندی بە کارزانی و ئەزموونی کارگەرەکانەوە هەبوو.

لە هیچ بوارێکدا هێندە بە ڕاشکاوی هەوڵی هەنگاو بۆ گەشەسەندن نەدراوە، وەك لە بواری نیزامیدا. ئەمڕۆ تێکنۆلۆژی کەرەسەی نیزامی و زانست وەك دوو بەری سکەیەك وان. هەرکات کێشەیەکی تاکتیکی، سیاسی یا ستراتێژیکی پێش بێ، بە پەلە بۆ چارەسەرکردنی ڕوو دەکەنە زانایانی ئەو بوارە. کاتێ لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا دوو بەری شەڕ لە قوڕی کاتییدا چەقیبوون هەر دووك بەرە پەنایان بۆ زانیارانی خۆیان دێنا کە بۆ سەرکەوتوویی، کەرەسەی نوێ بدۆزنەوە. مرۆڤ لە جلو بەرگی

سپیدا قۆڵیان لێ هەڵکرد و کەرەسەی سامناکی وەك گازی ژاراوی، فڕۆکەی شەڕ، کەشتی ژێردەریایی، بۆمب و جڕ و جانەوەری سەیری تریان دۆزییەوە. لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا سەنگەری زانیاریی بۆ دۆزینەوەی کەرەسەی شەڕ هێندەیتر گرنگایەتی پێ درا. کاتێ ئاڵمانییەکان کۆتایی ساڵی ١٩٤٤ و سەرەتای ساڵی ١٩٤٥ هەستیان بە هەرەسهێنانی تەواو کرد، سەرەڕای ئەوەش درێژەیان بە شەڕ دا چونکە ئیمانیان بە دۆزینەوەی کەرەسەی نوێ وەك راکێتی "V٢" هەبوو. هاوکاتیش لە شاری مانهاتنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵی پڕۆژەی دۆزینەوەی بۆمبای ئەتۆمی دەدرا.

نەتەنیا بۆ هێرشکردن بەڵکوو بۆ بەرگریکردنیش، لە زانیاریی زانستی کەڵك وەردەگیرترێ. لەمڕۆدا زۆربەی خەڵکانی ئەمریکایی تێڕۆریسم بە کاردانەوەی هەرەس هێنانی سیاسەت دنانێن، بەڵکوو بە کێشەی تێکنیکیەوەی دەلکێنن. ئەوان پێیان وایە کە بە تەرخانکردنی پارەی پێویست لە بواری تێکنۆلۆژی دەتوانن زەفەر بەسەر ئەو کێشەیەدا بێنن. لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی پیشەسازی و گەورەبوونەوەی کاپیتالیزم لە جیهاندا، زانست، پیشەسازی و تێکنۆلۆژی شەرخوازی پەیوەندییەکی نەپسانەوەیان پێکهێنا. ئەوکاتەش بە تەواوی ئاوێتەی یەکتر بوون، دنیایان گۆڕی.

## پێشکەوتوویی ئیدیال

پێش شۆڕشی زانستی کەس باوەڕی بە پێشکەوتوویی نەبووە. زۆربەی کۆمەڵگاکان و کولتورەکان لەسەر ئەو بۆچوونە بوون، باشترین کاتی زێڕین تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو و جیهان لەسەر چیلکە دارێك ڕاوەستاوە. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەبوون، ئەگەر مرۆڤ خۆی بە پەندی پێشینیانەوە هەڵواسیبایە ڕەنگە بەهەشتی لە دەستچووی وەرگرتایەتەوە و ژیانی خۆی پێ بەختەوەر کردبایە. هەروەها لە هەنبەر کێشەی سەرەکی ژیان تەنیا بە خۆ بەستنەوە بە زانستی ئاسایی مرۆڤ، هیچ کارێکی لە دەست نایە. ئەگەر تەنانەت بودا، موسا، عیسا و محەمەد و هەموو پێغەمبەرەکانیتر سەرەڕای هەموو زانیارییەکانیان و پشتیوانی خودا نەیانتوانیوە برسیەتی، نەخۆشی، هەژاریی و شەڕی ناو کۆمەڵگاکان کۆتایی پێ بێنن، ئیتر چلۆن مرۆڤی ئاسایی بتوانێ ئەو کێشانە چارەسەر بکا.

زۆربەی کۆمەڵگاکان بەو هیوایەوە دەژیان: "کاتێك دادێ، کەسێك لە ئاسمانەوە بێتە خوارەوە و هەموو کێشەکانی مرۆڤایەتی چارەسەر بکا". وێناکردنی ڕێگاچارە دۆزینەوە بۆ کێشەکان بەهۆی زانیاری زانستی و پێکهێنانی کەرەسە بۆ هاسانکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە بۆ مرۆڤی ئەو سەردەمە جێی باوەڕ نەبووە. داب و نەریت و خوڕافاتی ناو کۆمەڵگاکان و ئەفسانە دروستکراوەکان هەر هەموویان ئەزمونی هەرەس هێنان، نەتوانین و تووشنابوونیان فێری مرۆڤ کردووە.

کاتێ کولتوری مودێڕن هەستی بەوە کرد کە لە لایەکەوە زانیاری مرۆڤ زۆر کاڵ و بەرتەسکە و لە لایەکیتریشەوە باشترین و مەزنترین هێز دەتوانێ لە زانست وەرگرێ، وردە وردە و بە پێی کات باوەڕی بە پێشکەوتویی هێنا. هەروەها کاتێ زانست وەڵامی کێشەکانی یەك بەداوی یەك دۆزییەوە، زۆربەی مرۆڤ، پێشکەوتوویی زانستییان بە تەنیا هیوای چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانیان دادەنا. هەژاریی، نەخۆشیی، شەڕ، برسیەتی، پیربوون و مردن ئیتر وەك چارەنووس سەیر نەدەکران، بەڵکوو بە بەرهەمی نەزانین و نائاگایی لە ئەژمار دەهاتن.

باشترین نموونە هەورەتریشقەیە کە بۆ زۆربەی کولتوورەکان وەك کردەوەی تووڕەی خودا لە هەنبەر مرۆڤی تاوانکار مانا دەکراوە. ناوەڕاستی سەدەی ١٨ کەسێك بە ناوی بێنیامین فرانکلین خۆی بەو فێنۆمێنە سرووشتییەوە خەریك کرد. ئەو لە کاتی تۆفان دا بە هۆی تاقیکارییەکانییەوە، سەلماندی کە ئەو فێنۆمێنە سرووشتییە جیا لە وێك کەوتنی دوو هەور بە باری ئەلکتریکی ئەرێنی و نەرێنی و خاڵیکردنی باری ئەلکتریکی هیچ شتێکیتر نییە. بەو تاقیکارییە خودای چەك کرد. هەژاریی نموونەیەکیترە. بۆ زۆربەی کولتوورەکانی جیهان هەژاریی بارودۆخێك بوو کە لە لایەن خوداکانەوە بڕیار درابوو و مرۆڤ نەیدەتوانی بیگۆڕێ یاخود ئیزنی دەستتێوەردانی نەبوو. ئەمڕۆ دەزانین کە هەژاربوون بە هەرەسهێنانی سیاستی ئابووری کۆمەڵگاکانەوە بەستراوەتەوە و هیچ پەیوەندییەکی بە خوداوە نییە.

لەمڕۆدا بەهۆی پێکهێنانی شەڕ و ڕووداوە سرووشتییەکان دەکرێ بە پتوونی کۆمەڵگایەك بخرێتە ژێر باری هەژاریەوە و گیانی ملیۆنان مرۆڤ قوربانی خۆیان بکەن. لە پەناشییەوە چەندین ڕێکخراوەی یارمەتیدانی نێونەتەوەیی پێکهاتوون کە هەوڵی یارمەتی و ڕزگارکردنی مرۆڤ لە بارودۆخێکی ئەوتۆ دا دەدەن.

## پرۆژەی گیلگامێش

لەژێر زۆریەك لە لاپەڕەكانی مێژووی مرۆڤایەتی ڕاستییەكی حاشالێهەڵنەگەر خۆی شاردۆتەوە: ئەویش مەرگە. تا چەند سەدە پێش ئێستا زۆربەی ئایینەكان و ئیدیۆلۆژییەكان لەسەر ئەو بڕوایە بوون، "مرگ" چارەنووسێكە كە نەتەنیا پێشگری لێ ناكرێ، بەڵكوو بە پێچەوانە، ماناشی بە ژیان داوە. بۆ چركەیەك هەوڵ دەدەین لە دنیای ئیسلام، مەسیح یا ئایینەكانی میسری كۆن ژیان بە بێ مردن لەبەر چاوی خۆمان وێنا بكەین. ئەو ئایینانە ئەوكات و ئێستاش فێری مرۆڤیان دەكەن خۆیان لەگەڵ مردن ڕابینن، لە ژێر سێبەری مەرگ ژیان بكەن و هەوڵ نەدرێ بۆ ژیانی هەمیشەیی بەسەریدا زاڵ بین. بیرمەندانی پێشوو و پێغەمبەران و پەیامهێنەرانی ئایینی ووزەیەكی زۆریان بەكارهێناوە مانایەكی ڕاستەقینەی زەینی بە مردن بدەن.

ئەوە پەیامی ناوەندیی باوەڕی ئەو سەردەمە بووە بۆ سەرجەم مرۆڤی سەر زەوی. لە سەردەمی گیلگامیش، سۆمێرەكان بەو خوڕافاتە چیرۆكی شای گیلگامیش لە شاری ئورۆك دەگێڕنەوە كە وەك ئازاترین و لێهاتووترین مرۆڤی ئەو سەردەمە ناسراوە، هەموو شتێكی لە ماڵی دنیا هەبووە و لە هەر شەڕێكدا سەركەوتووانە دوژمنانی لە ناو بردووە. ڕۆژێك لە ڕۆژان باشترین هەڤالی بە ناوی ئێنكیدو "Enkidu" دەمرێ. چەندین ڕۆژ گیلگامیش لە پەنا تەرمەكەی دادەنیشێ و چاوی تێدەبڕێ، ڕۆژێك دەبینی كە كرمێك لە كونی لووتییەوە خۆی دەخشێنێتە دەرێ. لەو چركەیەدا هەست بە ناهومێدیەكی زۆر دەكا و بڕیار دەدا، هەرگیز نەمرێ. ئەو خۆی بۆ بەربەرەكانی لەگەڵ مەرگ ئامادە دەكا و دەیهەوی بە هەر بەهایەك كە بێ، زەفەری بەسەردا بێنێ. بۆ ئەوسەری دنیا سەفەر دەكا، شێر و ئاژەڵی دڕندەیتر دەكووژێ، تووشی مرۆڤی سەیروسەمەرە دەبێ و ... بەڵام دوای تێپەڕبوونی كات و بەسەرهاتنی ڕووداێكی زۆر، هەموو هەوڵەكانی بێهوودە دەمیننەوە و بە دەستی بەتاڵەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵێ و ناتوانێ بەسەر مەرگدا زاڵ بێ. بەڵام دەگێڕدرێتەوە لەو رووداوانەدا گیلگامیش هەست بە شتێك دەكا: كاتێ خوداكان مرۆڤیان خوڵقاندووە، وەك چارەنووس مەرگیان پێ خەڵات كردووە و دەبێ مرۆڤ خۆی لەگەڵ ڕاهێنێ و لەگەڵیدا ژیان بكا.

پەیامی پێشکەوتوویی ئەوڕۆیی، پەرە بەو ڕەشبینییە نادا و مەرگ بە چارەنووسێکی خودایی دانانێ. بۆ زانایان مەرگ چارەنووسی پێشگری لێنەکراو نییە، بەڵکوو کێشەیەکی تێکنیکییە. ئێمەی مرۆڤ بەهۆی بڕیاری پێشتر دەرکراوی خوداکان نامرین، بەڵکوو بەهۆی هەرەسهێنانی فەننی - سەکتەی دڵ، شێرپەنجە یاخود نەخۆشییەکانیتر کۆتایی بە ژیانمان دێ. هەر کێشەیەکی تێکنیکیش چارەیەکی تێکنیکی هەیە. ئەگەر دڵ لاواز بێ و کێشەی پۆمپکردنی خوێنی هەبێ، بە یارمەتی کەرەسەی پزیشکی دەکرێ ریتمەکەی ڕابگیرێ و چارە بکرێ. ئەگەر شێرپەنجە پەرە بستێنێ، بەهۆی تیشکی تایبەت پێشی پێ دەگیرێ. ئەگەر باکتریەکان مەترسی بۆ لەشی مرۆڤدا پێك بێنن، بەهۆی ئانتی بیۆتیکەوە لە ناو دەبردرێن.

تا ئێستا زانایانی ئەو بوارە ناتوانن هەموو نەخۆشیەکان چارە بکەن بەڵام بە پێی کات و لە داهاتوودا ئەو زانستە بەرەو پێشکەوتوویی دەڕوا. زانایان وەك ئاییینیەکان هەوڵی دۆزینەوەی مانای زەینی بۆ مردن نادەن، بەڵام بە تەواوی تواناییانەوە بۆ چارەکردنی نەخۆشیەکان تێدەکۆشن. دیارە تا ئەمڕۆ مرۆڤ نەیتوانیوە بە تەواوی پێش بە مردن بگرێ، بەڵام بە ڕاشکاوی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەردەمی پێشوو توانیویانە تەمەنی مرۆڤ درێژتر بکەنەوە. پڕۆژەی سەرەکی زانایان دۆزینەوەی ڕێگایەکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ ژیانی هەمیشەیی. کاتێ لەمڕۆدا زانایان بە زانستی ژێنێتیکی دەتوانن تەمەنی کرمێك بە ناوی (Caenorhabditis) شەش جار زیاتر بکەنەوە، بۆچی نەکرێ لە داهاتوودا تەمەنی مرۆڤی هۆمۆساپیەنیش درێژتر بکرێتەوە؟

ڕەنگە زاڵ بوون بەسەر مردن  لە ڕوانگەی مرۆڤی ئەمڕۆییەو لە داهاتوویەکی زۆر دووردا بێ، بەڵام ئەو پێشکەوتووییانەی زانست لەمڕۆدا پێی گەییوە سەدەیەك یاخود نیوسەدە لەوە پێش لە ڕوانگەی مرۆڤی ئەو سەردەمەوە جێی باوەڕ نەبووە. بۆ وێنە ساڵی ١١٩٩ شا ڕیچارد (König Richard Löwenherz) بە تیری کەمانیك شانی بریندار دەبێ و پێی دەمرێ، لە حاڵێکدا ئەمڕۆ بە بریندار بوونێکی ئاسایی لە ئەژمار دێ. تەنانەت دوکتورەکان لە سەدەی ١٩ شدا نەیانتوانیوە چڵککردنی ئەندامی لەش دەرمان بکەن. بە تایبەت لەمەڕ مردنی منداڵان لە تەمەنی منداڵیدا ئەمڕۆ هەنگاوێکی بەرز بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەردەمی پێشوو هەڵگیراوە. تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش بەتایبەت لە کۆمەڵگای وەرزێری و زەویداریدا بەهۆی نەخۆشییەکانی

www.rojhalat.de / www.bokan.de
خولێرکە، سوورێژە، گوێرەپە و ... یەك لە چوار یا یەك لە سێی منداڵان نەدەگەیشتنە تەمەنی میرمنداڵی.

## پەرجۆی زانست

ئێمە ئەمڕۆ لە سەردەمی تێکنۆلۆژیدا دەژین. ئەو پرسیارانەی بۆ باو و باپیرانمان لە ڕوانگەی سیاسی، ئەخلاقی و ڕۆحیەوە وەك پەرجۆیەکی لێهاتبوو، ئەمڕۆ بە هۆی پێشکەوتوویی و تێکنۆلۆژییەوە تەنیا پرسیاری زانستین. سەرکەوتوویی لەڕادەبەدەری زانست بۆ وێنە لە بەربەرەکانی لەگەڵ هەورەتریشقە، هەژاریی و مردن کە زۆربەی کاتی ژیانی پێشینیانمانی پێوە گیرابۆوە، هەنگاوی بەرزی بەرەو ڕوونی هەڵێناوەتەوە. زۆربەی مرۆڤ قەناعەتیان تێدا پێکهاتووە کە زانست بۆ ژیانی مرۆڤ زۆر بەکەڵکە و بە بێ ترس و خۆف بە ئەرخەیانییەوە دەتوانن خۆیان و ژیانی داهاتوویانی پێ بسپێرن. تەنانەت تاقمێك دەڵێن زانست دەتوانێ ئەو بەهەشتەی ساڵیانی درێژە مرۆڤ بەدوایدا دەگەڕێ، لەسەر ئەم هەردە بۆیان فەراهەم کا.

لەڕاستیدا بەهۆی هێزگرتنی سەرمایەداری لەمڕۆدا زانست، کەمتر بۆ کەڵکلێوەرگرتنی مرۆڤ بەکاردەهێندرێ، بەڵکوو زیاتر لەژێر کارتێکەری و تامەزرۆیی بارودۆخی ئابووری، سیاسی و ئایینی زۆرداران دایە. چونکە ئەو ڕاستییە نابێ لەبیر کەینەوە تاقیکارییەکانی زانستی بە هێزی ماڵی سەرمایەدارانەوە بەستراوەتەوە. هەر کەس لەش و ئەندامانی مرۆڤ و بوونەوەرانیتر لەژێر تاقیکاری دابنێ، پێویستی بە کەرەسە و جێ و شوێنی تایبەتی، ماکەی کیمیایی و هێزی مرۆڤی زانا هەیە کە ئەوانەش بە شێوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندایەتییان لەگەڵ چۆنیەتیی بارودۆخی ماڵییەوە هەیە. هەرکەس بە شێوەی بنەڕەتی یاساکانی ئابووری بپشکنێ، پێویستی بە کامپیۆتر، جێی تایبەت و مەزنی پاشەکەوتکردنی زانیارییەکان هەیە و هەروەها پێویستی بە دۆزینەوەی پرۆگرامی ئاڵۆز بۆ لەکارهێنان و کەڵکوەرگرتنی دروست لە زانیارییە کۆکراوەکان هەیە. هەرکەسیش بیەوێ لە هەڵس و کەوتی مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەری سەردەمی کەوەن تێ بگا، دەبێ سەفەر بۆ وڵاتە دوورەکان بکا، جێی و شوێنی ئاگرە کۆنەکان هەڵکۆڵێ و ئێسقانە بە بەرد کراوەکان بپشکنێ. ئەو کارانە هەموویان پێویستی ڕاستەوخۆیان بە پارەوە هەیە.

لە چەند هەزار ساڵی ڕابردووەوە هەمیشە مرۆڤ هەبوون کە بە تامەزرۆییەوە لەشی مرۆڤ، یاسای ئابووریی و ژیانی مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەریان پشکنیوە. بەڵام بە بێ پشتیوانی ماڵیی نەیانتوانیوە هانگاوێکی بەرز هەڵێننەوە. لە پێنج سەد ساڵی ڕابردووەوە، بارودۆخی ئابووری بۆیە ئاوا هەنگاوی بەرزی هەڵێناوەتەوە و سەرکەوتوو بووە، چونکە زیاتر و زیاتر سەرمایەداران بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان ئامادە بوون پارەیەکی یەکجار زۆر بۆ پشکنین و پێشکەوتوویی بواری زانستی تەرخان بکەن. بۆ ڕوونکردنەوی نەخشەی جیهان، پێوانی ئونیوێرزام و ڕێك وپێککردنی چەشنی بوونەوەرانی سەر ئەم هەردە لە لایەن زانایانی وەك کریستۆف کلۆمب، گالیلە، نیۆتۆن، داروین و ئەنشتاین و ... ملیاردان پارەیان بۆ تەرخان کراوە. ئەگەر داروین بوونی نەبایە ڕەنگە زانستی پەرەسەندن بە زانایکیتر بۆ وێنە وەك والاسە[20] درێژەی پێ درابا. بەڵام ئەگەر دەوڵەمەندان و بەهێزانی ئورووپا پڕۆژە زانستییەکانیان لە ڕوانگەی ماڵییەوە پشتیوانی نەکردبا و زانایان بۆ گۆشەکانی دنیا نەناردبا، نە داروین و نە والاسە نەیاندەتوانی تیئۆری پەرەسەندن بدۆزنەوە. ڕەنگە داروین لێهاتووییەکەی خۆی لە بوارێکیتر نیشان بدایە یا مرۆڤێکی ئایینی باشی لێ دەرهاتایە.

بەڵام بۆچی ملیاردان دۆلار لە خەزێنەی وڵاتەکانەوە خزایە ناو تاقیگای زانستگاکانەوە؟ زۆربەی تاقیکارییە زانستییەکان لە ڕوانگەی ماڵییەوە لە لایەن ئەو کەسانەوە یارمەتی دەدران کە هیوادار بوون ئەزمونەکانی ببێتە هۆی وەدیهێنانی ئارەزووە سیاسی، ئابووری یا ئایینیەکانیان. بۆ وێنە پاشاکان و بانکدارەکانی سەدەی ١٦ پارەیەکی زۆریان لە ڕێی پشکنینی جوگرافیایی جیهان خەرج کردووە لە حاڵێکدا بۆ پشکنینی ڕەوانناسی منداڵان هیچ هەوڵێکی ئەوتۆیان نەداوە. ڕوونکردنەوەکەی زۆر ساکارە: پاشا و بانکدارەکان لەسەر ئەو هیوایە بوون بە زانیاری نوێی جوگرافیایی، ناوچەی حکوومەتڕانی و کڕین و فرۆشیانی پێ گەورە کەنەوە. لە ساڵی ١٩٤٠ەکاندا ئەمریکایی و ڕووسەکان پارەیەکی یەکجار زۆریان بۆ پشکنینی ناوکی ئەتوومی و دۆزینەوەی چەکی شەڕ، نەك بۆ پشکنینی کۆنەناسی یاخود کاری خێرخوازی خەرج کردووە. ئەوان بەو هیوایەی بە یارمەتی زانستی فیزیك بتوانن چەکی سەیر و سەمەرە

[20] والاسە زانیارێکی ئینگلیای بوو کە بە بێ ئاگاداری لە کارەکانی داروین، ئەویش تیئۆری پەرەسەندنی دۆزیبۆوە، بەڵام داروین پێش ئەو تێئۆرییەکەی خۆی بڵاو کردەوە.

ساز کەن ئەو کارەیان دەستپێکرد چونکە بە پشکنینی کۆنەناسی و کاری باش بۆ مرۆڤ ناکرێ شەڕ بەڕێوە بچێ.

زۆرینەی زانایان بۆ پشکنینی کارەکانیان ڕەنگە ڕاستە سەرمایەدار و حوکمڕانانی پێ یارمەتی دەدەن، بەڵام ئەو کارەیان لەبەر چاو ناگرن و زیاتر کونجکاوی خۆیانە دەبێتە هۆی کاری بەردەوامیان. لە لایەکیشەوە ئەگەر ئێمەی مرۆڤ بە بێ چاوەڕوانیی سیاسی - ئابووری یارمەتی زانایانمان بدابایە، ڕەنگە کارێکی نامومکین دەبوو، چونکە ئەگەر چالاکی زانایان بە دابەشکردنی سنووری ماڵیی ئێمەوە بەسترابێتەوە، ئەو پرسیارانە لە خۆمان دەکەین: چ شتێك گرنگترە؟ چ شتێك باشترە؟ ئەوانە پرسیاری زانستی نین. دیارە زانست دەتوانێ ڕوونی کاتەوە چ ماتریالێك لەسەر ئەم جیهانە بوونیان هەیە، چلۆن کار دەکەن و داهاتووی جیهان چی لێ دێ. بەڵام بە شێوازی مانادار و زەینی پرسیار ناکا داهاتوو چلۆن دەبێ. ئەو پرسیارە تەنیا لە لایەن ئیدیۆلۆژی و ئایینەکانەوە دەکرێ.

زانست ناتوانێ خۆی بڕیار بدا چی و چ شتێك بپشکنێ، هەروەها هیچ گاڕانتییەکیش بۆ چۆنیەتیی کەڵکلێوەرگرتن لە دۆزراوەکانی نییە. بۆ وێنە بۆ مرۆڤ ڕوون نییە بزانێ کە چ کەڵکێك لە زانستی ژێنێتیکی دەبێ وەربگرێ. ئایا دەبێ لەو زانیارییە بۆ چاککردنەوەی نەخۆشییەکان کەڵك وەرگرێ، مرۆڤ و بوونەوەری نوێی لێ دروست کرێ یا پەرە بە شیر و بەرهەمی ئاژەڵی پێ بدرێ؟ ڕژیمێکی دێمکراتیك، وڵاتێکی کومونیستی، گرووپیکی ناسیۆنالیست یاخود کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری و کاپیتالیست هەرکام بە شێوەی خۆیان لە زانست کەڵك وەردەگرن.

## پەیوەندی نێوان زانست و ئیمپراتۆری

مەودای ڕۆژ چەندە لە زەوی دوورە؟ ئەو پرسیارە ئەستێرەناسانی سەردەمی کۆنی بەخۆوە خەریك کردبوو، بەتایبەت لەو دەمەوە کۆپێرنیکۆس ڕوونی کردبووە کە نەك زەوی، بەڵکوو ڕۆژ لە ناوەندی ئونیوێرزام جێی گرتووە. ئەو ئەستێرەناس و زانایانەی خۆیان بەو پرسیارەوە خەریك کردبوو چەندین وەڵامی جۆراوجۆریان بۆ دۆزیبۆوە. زانایان لە سەدەی ١٨ دا مێتۆدێکی گونجاویان بۆ پێوانی نێوان کۆرپەکانی ئاسمان دۆزییەوە. بە هەر چەند ساڵ جارێك پلانێتی وێنووس ئەگەر لە زەوییەوە سەیر بکرێ، لە سەر ڕۆژەوە تێپەڕ دەبێ. چ کاتێکی بۆ ئەو تێپەڕبوونە پێویستە، بەوەوە بەستراوەتەوە لە چ ناوچەیەکی زەویەوە ئەو چاوەدێرییە پێك دێ. ئەگەر ئەو چاوەدێرییە لە چەند قوڕنەی زەویەوە هاوکات بەڕێوە بچێ، زانایانی ئەو بوارە بە مێتۆدی زانستی دەتوانن مەودای مابەینی زەوی و ڕۆژ بە وردی دیاری بکەن.

ئەستێرەناسان دەیانزانی ئەو ڕووداوە ئاسمانییە لە ساڵەکانی ١٧٦١ و ١٧٦٩ بەڕێوە دەچێ. هەر بەو هۆیەوە لە قوڕنەی ئورووپاوە زانایان چەندین ناوەندیان بۆ چاوەدێری ئەو فێنۆمینە ئاسمانییە لە بەرنامەی خۆیاندا گونجاند. پسپۆران لە ساڵی ١٧٦١ دا ئەو ڕووداوەیان لە سیبیری، باکووری ئەمریکا، ماداگاسکار و باشووری ئەفریقاوە چاوەدێری کرد. لە چاوەدێری ساڵی ١٧٦٩ دا ناوەندی زانستی ئورووپا هەنگاوێکی زیاتری هەڵێناوە و چاوەدێری تا باکووری کانادا و کالیفۆرنیاش نارد. ناوەندی زانستیی Royal Society لەندەن هاتە سەر ئەو بڕیارە کە بۆ پێوانی مەودای نێوان زەوی و هەتاو، ئەو کارە هێشتا کۆتایی پی نایە. بۆ بەڕێوەبردنی بەوردی ئەو کارە دەبوو تا باشووری ڕۆژئاوای ئەفریقاش چاوەدێر بنێردرێ.

ناوەندی زانستیی Royal Society لەندەن نە ترسی لە خەرجکردنی پارە بۆ ئەو کارە هەبوو و نە لە باری توانابییەوە بۆ درێژە پێدانی ماندوو ببوو. بەو هۆیەوە ئەستێرەناسی ناودار چارلز گریین "Charles Green"یان (١٧٣٥-١٧٧١) نارد بۆ تاهیتی "Tahiti". چالز گریین لە لایەن هەشت پسپۆریترەوە پشتیوانی دەکرا. لە ناویاندا گیاناس یۆزێف

بانکس "Joseph Banks" (١٧٤٣-١٨٢٠) و دانیل سۆلاندر "Daniel Solander" (١٧٣٣-١٧٨٢) و چەند کەسی نەققاش بۆ کێشانەوەی ڕەسمی دوڕگە، گیا و ئاژەڵەکان لەگەڵیان وەڕێ کەوتبوون. ئەو چالاکییە، نوێترین کەرەسەی زانستی ئەو سەردەمەی بۆ تەرخان کرابوو. فەرماندەی ئەو گرووپە کاپیتێنێکی دەریایی بە ئەزموون بە ناوی جیمز کۆك "James Cook" (١٧٢٨-١٧٧٩) بوو. ئەو گرووپە ساڵی ١٧٦٨ لە ڕێی دەریاییەوە وەڕێکەوتن و هەر وەك دانانی پلانەکە ساڵی ١٧٦٩ فینۆمینی وێنووسی لە تاهیتییەوە چاوەدێری کرد و چاوی بەسەر دوڕگەکانی پاچیفیکدا گێڕا و ئوستراليا و نیوزیلاندی بینی و ساڵی ١٧٧١ بە کۆڵێك بەڵگەی ئەستێرەناسی، جوگرافیایی، هەواناسی، گیاناسی، ئاژەڵناسی و مرۆڤ ناسییەوە گەڕایەوە بۆ ئینگلیز. گرنگایەتی سەفەری دەریایی کۆك لە قیمەت نایە. بە دۆزراوەکانیان چەندین ڕێکخراوە و قۆناغی جیاوازیان وەخەبەر هێنا. بە گێڕاوە و چیرۆکەکانیان فانتازیاکردنی ئوروپاییەکانیان بۆ دۆزینی ئەو ناوچانە پێ هان دا.

ئەو سەفەرە گرنگاییەتییەکی زۆریشی بۆ زانستی پزیشکی هەبوو. نەخۆشیی سەیر و سەمەرەی ئەو سەردەمە بە ناوی سکۆربوت "Skorbut" کە لە کەمبوونی ویتامین "C" پێك دێ، بە شێوەیەکی بەردەوام زۆربەی مسافرانی سەر کەشتییەکان تووشی دەبوون. تووشبوان بەو نەخۆشییە لە سەرەتاوە بێ حاڵ دەبوون و چالاکیان کەم دەبۆوە و پووکی ددانیان دەستی بە خوێن لێهاتن دەکرد. دواتر ددانەکانیان دەکەوتن، بەشێکی زۆری لەشیان برینی تێدا پێك دەهات، گەرمای لەشیان زیاد دەبوو و ئیتر نەیاندەتوانی دەست و قاچیان بجووڵێننەوە. هێزی دەریایی ئینگلیز بەهۆی نەخۆشیی سکۆربوت ژمارێکی زۆری سەرباز لە دەست دا. لە مابەین سەدەی ١٦ و ١٨ دا بە گشتی نیزیکەی ٢ ملیۆن سەربازی دەریایی بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە گیانیان لە دەست دا. پزشکانی ئەو سەردەمە چەندین بۆچوونیان بۆ دەرمانکردنی ئەو نەخۆشییە هەبوو و تاقیکارییەکی زۆریشیان بەو بۆنەیەوە بەڕێوە بردبوو، بەڵام هەر هەموو کارەکەیان ناسەرکەوتووانە مایەوە: مسافرانی کەشتی هەر وەك پێشوو وەك مێشوولە لەناو دەچوون و دەمردن.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

ساڵی ١٧٤٧ پزشکێکی ئینگلیزی بە ناوی جیمز لیند "James Lind" (١٧١٦-١٧٩٤) تاقیکارییەکی لەسەر سەربازانی دەریایی تووشبوو بە نەخۆشیی سکۆربوت بەڕێوەبرد. نەخۆشەکانی بەسەر چەند گرووپدا دابەش کرد و بە هەرکام لە گرووپەکان میوە و گیای تەیبەتی بۆ خواردن بۆ تەرخان کردن. دوای ماوەیەك ئەو گرووپەی میوە و گیای ویتامین "C" یان خواردبوو، حاڵیان بەرەو باشی دەڕۆیی.

بەڵام سەفەری دەریایی کۆك لایەنێکی ڕەشیشی هەبوو. کۆك خۆی تەنیا مرۆڤێکی بە ئەزموونی دەریایی و جوگرافیا ناس نەبوو، بەڵکوو ئەو ئەفسەرێکی ناو هێزی دەریایی ئینگلیزیش بوو. کشتییەکی بە سەربازی بەئەزموون و تۆپی شەڕەوە ڕازاندبۆوە و زانیارییە زانستییەکانی کۆی کردبۆونەوە لە ڕوانگەی سیاسی و نیزامییەوە گرنگایەتییەکی زۆریان پێ دەدرا. زەفەر بردن بەسەر نەخۆشیی سکۆربوت لە لایەکەوە و ڕازاندنەوەی کەشتی دەریایی بە چەك و تەقەمەنی نوێ لەولاوە ئەو ئیمکانەیان بۆ هێزی دەریایی ئینگلیز پێکهێنا کە بتوانن لەشکری نیزامی خۆیان بۆ هەر ناوچەیەکی ئەو هەردە ڕاگوێزن. کۆك بۆ داگیرکردنی دوڕگەکان، بەتایبەت دوڕگەکانی ئوسترالیا لە لایەن هێزی نیزامی ئینگلیزەوە لە شارەزایی خۆی کەڵکی وەرگرت. هەروەها بە هەمان شێوە زۆربەی ناوچەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئەفریقاش کەوتنە ژێر فەرمانی ئینگلیزەوە.

سەدەیەك دوای سەفەری دەریایی کۆك ملیۆنان مرۆڤی ئورووپایی بەهۆی بە کلۆنی کردنی وڵاتەکانیتر، کەوتنە گیانی ئینسانەکان و تووناکردنی کولتوور و ڕێ و ڕەسمیان و کانزا سرووشتییەکانیان بە تاڵان بردن. ٩٠ لە سەدی کۆمەڵگای مرۆڤی ئەو وڵاتانە تێکڕووخا و ئەو کەمینەیەی توانیشی درێژە بە ژیانی بدا، لە لایەن سیستەمی ڕاسیستیی وڵاتە زۆردارانەکانەوە تووشی ژیانیکی تاڵ و بێ بەزەییانە هاتن.

بۆ مرۆڤی کۆنی ئوسترالیایی "Aborigines" کە نیزیکەی ٤٠ تا ٦٠ هەزار ساڵ لەو ناوچەیە ژیاون، و هەروەها بۆ مرۆڤی نیوزیلاند "Maoris" سەفەری دەریایی کۆك کارەساتێکی بۆ بەدیاری هێنان کە تا ئەمڕۆش نەیانتوانیوە خۆی لی ڕزگار کەن. لەوانیش خراپتر بەسەرهاتی مرۆڤی دانیشتووی تاسمانی "Tasmanien" بووە کە دوڕگەیەکیتری ئوسترالیایە. دوای ژیانی دەهەزاساڵەی تەنیایی و بە بێ پەیوەندیی بە دنیای دەرەوە، سەد ساڵ دوای سەفەری کۆك بە تەواوی ئەو خەڵکە توونا کران.

ئایا سەفەری دەریایی کۆك تەنیا سەفەرێکی زانستی و بۆ کۆکرنەوەی زانیاریی نوێ بووە کە چاوەڕوان نەکراو سەرنجی هێزدارانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە؟ یاخود هەر لە سەرەتاوە سەفەرێکی نیزامی بووە و بە مەبەستی داگیرکردنی ئەو ناوچانە بەڕێوە چووە؟ هەردوو پرسیارەکان دەکرێ بە بەڵێ وەڵام بدرێنەوە. شۆڕشی زانستی و ئیمپریالیزمی نوێ دووبەری قرووشێکن. ڕەنگە بەشدارانی نیزامی وەك کۆك و گیاناسی وەك یۆزێف بانکس "Joseph Banks" نەیانتوانیوە جیاوازی نێوان زانست و ئیمریالیزم لێك کەنەوە.

## بۆچی ڕاست ئوروووپا بووە زلهێز؟

ئەوە یەك لەو تاقانە مێژووییانەیە کە دانیشتوانی دوڕگەیەك لە باکووری ئاتلانتیك لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە دا دەست بەسەر قوڕنەیەك لە باشووری زەویدا دەگرن، کە هەزاران ساڵ بۆ دوڕگەکانی ئینگلیز و بە گشتی ڕۆژئاوای ئورووپا بێ کەڵك مابوونەوە و هیچ کەس تامەزرۆیی بۆیان نەبووە. تەنانەت ئیمپراتۆری رۆمیش وەك تەنیا ئیمپراتۆری ئورووپایی، دەوڵەمەندی و بەهێزیەکەی لەژێر سێبەری ناوچەکانی باکووری ئەفریقا، باڵکان و ڕۆژهەڵاتییەکان بۆی مسووگەر بووە. ناوچە ڕۆژئاواییەکانی ئورووپا لەو سەردەمەدا گەلێك هەژار و وەدواکەوتوو بوون. جیا لە بەرد و دار و کۆیلە هیچ بەرهەمیکیتریان نەبوە. تەنانەت باکووری ئورووپا بەڕادەیەك وەدواکەوتوو بووە کە هیچ کەس زەحمەتی ئەوەی بە خۆی نەداوە داگیری بکا.

نیزیکەی کۆتاییەکانی سەدەی ١٥ ئورووپا بووە جێی گەشەسەندنی نیزامی، سیاسی، ئابووری و کولتووری. لە نێوان ساڵەکانی ١٥٠٠ تا ١٧٥٠ مرۆڤی کونجکاوی ڕۆژئاوای ئورووپا بە دۆزینەوەی دوو قوڕنەی ئەمریکا، بوون بە خاوەنی ئەو ناوچەیە لە زەوی. بەڵام بۆ هێزدارانی ئەو سەردەمەی وڵاتە ئاسیاییەکان، هێشتا ئورووپاییەکان وەك هێزێکی جیددی بە حیساب نەدەهاتن. ئورووپاییەکان زەریاکانیان بۆیە داگیر دەکرد، چونکە حاکمانی ڕۆژهەڵاتیی هیچ تامەزرۆییەکیان لەخۆیان نیشان نەدەدا و بە گرنگیان دانەدەنا. بۆ هێزدارانی وەك سەردەمی ئیمراتۆریی عوسمانی لە زەریای ناوەڕاست، سەفەویەکان لە ئێران، مەغولەکان لە هیندوستان و سلسلە جۆراوجۆرەکانی چینی وەك سەردەمی زێڕین بووە. پەیتا پەیتا پاناتای جوغرافییایی خۆیان دەگۆڕی و کارتێکەرییان لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری ناوچەکە دادەنا. تەنانەت تا ساڵەکانی ١٧٧٥یش قوڕنەی ئاسیا بەرپرس بوو بۆ نیزیکەی هەشتا لە سەدی کاروباری ئابووری دنیا. دوو وڵاتی هیندوستان و چین پێکەوە زیاتر لە دوو لە

سێی بەرهەمەکانی جێهانیان دابین دەکرد. بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو دوو وڵاتە ئورووپا هێزێکی گەلێك بچووك بووە.[٢١]

ئینجا لە ساڵەکانی ١٧٥٠ تا ١٨٥٠ وە ناوەندی هێزەکان گوڕدرانەوە بۆ ئورووپا کاتێ لە چەندین شەڕ و پێکداناندا ئورووپاییەکان شکستیان بە ئاسیاییەکان هێنا و زۆربەی وڵاتەکەیان لێ داگیر کردن. لە ساڵی ١٩٠٠ ەوە ئورووپاییەکان هێزی ئابووری جیهانیان لەژێر کونترۆڵدا گرتووە و چاوەدێریان بەسەر بەشێکی بەرچاوی وڵاتانی جیهانیاندا کردووە. لە ساڵی ١٩٥٠ بەولاوە ڕۆژئاوای ئورووپا و وڵاتی ئەمریکا بە دووقۆڵی بەرپرس بوون بۆ ٥٠ لە سەدی ئابووریی جیهان لە کاتێکدا کارتێکەری وڵاتی چین بۆ ٥ لە سەد نەزم بووە.[٢٢]

لەژێر کارتێکەریی ئورووپاییەکان ڕێکوپێکیەکی نوێی جیهانی و کولتوورێکی نوێ پێك هات و لەوانەیە جێی باس بێ، بەڵام زۆربەی مرۆڤی ئەم جیهانە تەنانەت ئەمڕۆش، بوارەکانی پزیشکی، ئابووری ، سیاسی و نیزامی بە چاویلکەی زانستیی ئورووپایی سەیر دەکەن. بەهێزبوونی ئابووری لە وڵاتی چینی ئەوڕۆییدا کە دەگوترێ لە داهاتوودا دەتوانێ هێزی ئابووری جیهانی قۆرغ بکا، تەنیا بەهۆی مودێل و پارەی بانکەکانی ئورووپایی بەڕاست وەرگەڕاوە.

چلۆن ئورووپاییەکان توانیان لەو بارودۆخە بێهێزەی خۆیانەوە دەست بەسەر هەموو جیهاندا بگرن؟ وەك یەکەم هۆی سەرەکی زۆر جار پێشکەوتوویی زانستیی بە بەڵگە بۆ ئەو سەرکەوتوویە دادەنرێ. دیارە شتێکی حاشا لێ هەڵنەگرە کە زانایان و پسپۆران بۆ پێشکەوتوویی و دۆزینەوە و گەشەسەندنی چەکەمەنی نیزامی، پزیشکی و سازکردنی کەرەسە و ماشێن ئالاتی پیشەسازی بە پشتیوانی سەرمایەدارانی ڕۆژئاوایی ڕۆڵێکی مەزنی جیهانیان گێڕاوە. کاتێ هێزە نیزامییەکانیان دژ بە وڵاتانی ئەفریقا یا ئاسیایی بەشەڕهاتوون، لە ڕوانگەی چەکەمەنی، دەرمانی، خواردەمەنی و ... ڕاگەیشتن بە بارودۆخی سەربازان بە ڕادەیەکی گەلێك زۆر پێشکەوتوتر بوون.

---

[٢١] Mark, *Origins of the Modern World*, S. 81.

[٢٢] Christian, *Maps of Time*, S. 436.

پێش ساڵەکانی ١٨٥٠ بارودۆخەکە بە شێوەیەکیتر بووە. بوارە نیزامی – ئابووری – زانستییەکان هێشتا پەرەیان نەسەندبوو و میوەی شۆڕشی زانستیی هێشتا هەر کاڵ بوون. لە ڕوانگەی تێکنیکییەوە وڵاتە ئەفریقایی و ئاسیاییەکان لە ئورووپا زۆر پێشکەوتووتر بوون. بەڵام بۆچی ئەو پەرەسەندن و پێشکەوتوویییە لەو وڵاتانە ڕاوەستێندرا و لە ئورووپا درێژەی بووە و پەرەی سەندووە؟ بۆچی وڵاتانی ئینگلیز، ئاڵمان و فەرنسا پەیتا پەیتا بەهێزتر دەبوون و وڵاتانی وەك چین و هیندوستان و … دەرجایان لێ داوە؟ هەروەها کاتێ مەودای نێوان وڵاتانی پیشەسازی ئورووپایی لەگەڵ ئەو وڵاتانە بۆ وەدەستهێنای فاکتۆرێکی بەهێزی ئابووری و سیاسی زیاتر دەبۆوە، بۆچی وڵاتانی وەك روسیا، ئیتالیا و ئوتریش توانیان شان بە شانی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان وەڕێکەون، بەڵام وڵاتانی وەك ئێران، میسر و ئیمپراتۆری عوسمانی نەتەنیا لەگەڵیان وەڕێ نەکەوتن بەڵکوو چەندین سەدە بۆ دواوە گەڕانەوە؟ تازە، زانستی ئەو سەردەمە هێندە ئاڵۆزیش نەبووە کە ئەو وڵاتانە نەتوانن خۆی لەبەر ڕاگرن. ئایا بۆ چینیە کان و عوسمانییەکان کارێکی دژوار بوو کەرەسە و ماشێنی هەڵم ساز کەن؟

یەکەمین ڕێگای ئاسن ساڵی ١٨٣٠ لە ئینگلیز ساز کرا. لە ساڵی ١٨٥٠ نەتەوە ڕۆژئاواییەکان پێکەوەو نیزیکەی ٤٠ هەزار کیلۆمیتر ڕێگای ئاسنیان لە نێوان وڵاتەکانیندا ساز کرد بەڵام ئەفریقا، ئاسیا و ئەمریکای لاتین بە سێ قوڵی نەیانتوانیبوو ٤٠٠ کیلۆمیتر ڕێگای ئاسن بکێشن! تا ساڵی ١٨٨٠ شەبەکەی ڕێگای ئاسن لە ڕۆژئاوا گەییە ٣٥٠ هەزار کیلۆمیتر، لە حاڵێکدا تەواوی وڵاتانیتر پێکەوە توانیبویان ٣٥ هەزار کیلۆمیتر ساز کەن.(زۆربەی ئەو ژمارەیەش لە لایەن ئینگلیزیەکانەوە لە هیندوستان ساز کرابوون)[٢٣]

لە وڵاتی چین ساڵی ١٨٧٦ یەکەم ڕێگای ئاسن ساز کرا. ڕێگاکە ٢٥ کیلۆمیتر بوو و لە لایەن ئوروپاییەکانەوە میزان کرابوو و دوای ساڵێك حاکمانی چینی فەرمانی لە ناوبردنی ڕیگاکەیان دا. تەنانەت تا ساڵی ١٨٨٠ تاقە ڕێگایەکی ئاسنی لە سەراسەری چین نەدەبینرا! ئایا پەنجا ساڵ ماوەیەکی درێژ نییە بۆ تێگەیشتنی حاکمانی چینی لە گرنگایەتی ڕێگای ئاسن؟ لە ئێران یەکەم ڕێگای ئاسن ساڵی ١٨٨٨ لە لایەن

---

٢٣ *John Darwin, After Tamerlane: The Global History of Empire since 1405* (London: Allen Lane, ٢٠٠٧), S. ٢٣٩.

شەریکەیەکی ئینگلیزیەوە لێدرا. درێژاییەکەی تەنیا ١٠ کیلۆمیتر بووە و لە شاری تارانەوە تا زیارەتگایەکی نیزیك، خەڵکی هێناوە و بردووە. لەساڵی ١٩٥٠ درێژایی ڕێگای ئاسن لە سەراسەری ئێران کە حەوت جار لە ئینگلیز گەورەترە، تەنیا بە ٢٥٠٠ کیلۆمیتر گەیی.[٢٤]

بەو شێوەیە نەبوو کە دەوڵەتی چین یا ئێران نەیانتوانیبایە لە ڕوانگەی زانستییەوە خۆیان پەرە بە وڵاتەکەیان بدەن، چونکە ماشینی هەڵم زۆر ساکار و ساختارێکی گەلێك هاسانیان هەبووە و بە دڵنیاییەوە ئەگەر بیانویستایە دەیانتوانی خۆیان دروستی کەن. ئەو شتەی نەیانبووە دووربینی سیاسی و ستروکتورێکی قایم و بەهێزی فیکری - سیاسی بۆ داهاتوو و هەروەها هاوکاریکردن لەگەڵ وڵاتانی بیانی بووە. فەرنسا و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا توانیان لە ماوەیەکی کەمدا قاچ لە جێ پێی ئینگلیزییەکان دانێن و بە گورجی لەگەڵیان وەڕێ بکەون، چونکە لە پەیوەندی تەنگاوتەنگ لەگەڵ یەکتردا بوون.

ئەو ڕوونکردنەوەیە ڕووناکاییەکی تازە دەخاتە سەر سەدەکانی نێوان ١٥٠٠ و ١٨٥٠. لەو ماوەیەدا دیارە ئورووپا هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆی بۆ گەشەسەندنی تێکنیکی، سیاسی، نیزامی یا ئابووری بۆ پێشکەوتووی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ وڵاتە ئاسیاییەکان نەبووە، بەڵام ئورووپا بە گرنگدانان بە بارودۆخی ئابووری و سیاسی - نیزامی لەپرێکدا ساڵی ١٨٥٠ خۆی بە شێوازێکی بەرچاو نیشان دا. ئەو جیاوازییە مەزنەی لە نێوان ئورووپا، چین و جیهانی ئیسلامی تا ساڵی ١٧٥٠ هێشتا دیار نەبووە، تەنیا وەك خەیاڵێك خۆی بە ڕاست وەرگەڕاند.

دەکری ئەو ڕووداوە بەو نموونەیە ڕوون بکرێتەوە: دوو بەننا لە بەر چاوی خۆتان وێنا بکەن کە هەرکام خەریکی دروستکردنی قەڵایەکن. یەکیان بە دار و گڵ، ئەویتریشان بە ئاسن و بێتۆن. لە سەرەتاوە وێدەچێ ئەو دوو قەڵایە جیاوازییەکی

---

[٢٤] *Soli Shahvar, »Railroads i. The First Railroad Built and Operated in Persia«, Online-Ausgabe der Encyclopaedia Iranica, Stand 7. April 2008, http://www.iranicaonline.org/articles/railroads-i; Charles Issawi, »The Iranian Economy 1925 - ١٩٧٥: Fifty Years of Economic Development«, in Iran under the Pahlavis, hrg. v. George Lenczowski (Stanford: Hoover Institution Press, ١٩٧٨), S. ١٥٦.*

ئەوتۆیان لەگەڵ یەکتردا نەبێ، چونکە هەردووکیان بە گورجییەکی وەك یەك بەرز دەبنەوە. بەڵام کاتێ بە بەرزاییەکی زۆر بگەن، قەڵا دار و گڵەکە ئیتر ناتوانێ خۆڕاگری بکا و تێك دەڕووخێ. لە حاڵێکدا قەڵای لە ئاسن و بێتۆن بەرزتر و بەرزتر دەبێتەوە.

ئایا ئەو ووزە بڕیاردەرە بوو کە ئورووپاییەکان چەند سەدە پێشتر کۆیان کردەوە و لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا جیهانیان پی داگیر کرد؟ ئەو پرسیارە بە دوو جۆر وەڵام دەدرێتەوە کە تەواوکەری یەکترن: **"زانستی مودێرن"** و **"کاپیتالیزم"**. ئورووپاییەکان ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی لە باری تکنێکییەوە خۆیان بەهێز بکەن، فێر ببوون بە شێوەی زانستی و سەرمایەداری بیر بکەنەوە و هەڵس و کەوت بکەن. کاتێکیش بەرهەمی تکنۆلۆژییەکەیان بەر و میوەی هێنا، بارودۆخێکی باشیان بۆ کۆکردنەوەی میوەکان بۆ فەراهەم کرا و هەر بەو هۆیەشەوە هەموو جیهانیان داگیر کرد. ئەو کارە بە هەڵکەوت نەبووە کە دوو چەمکی زانست و سەرمایەداریی وەك میراتێك بووە هۆی بەهێزکردنیان لە سەراسەری ئەم جیهانە.

## هەڵس و کەوتی سەرکەوتوویی

زانستی مودێرن لەگەڵ ئیمپراتۆری ئورووپایی دەستپێکرد. دیارە سرووشتییە کە بە شێوەیەکی قووڵ و بەرین لە ژێر کارتێکەری داب و نەریتی زانستی کەون بۆ وێنە یونانی کۆن، هیندوستان و ئیسلام، دابووە، بەڵام لای کەم دوای دەسپێکی سەردەمی نوێ، زانستی مودێرن دەست لە دەستی گەورەبوونەوەی ئیستعمارگەرانی سپانیا، پرتەقاڵ، ئینگلیز، فەرنسا، ڕووسیا و هولەند، فۆرمێکی تایبەت بەخۆی گرتووە. هاوکات لەگەڵ سەردەمی زوو، چینی، هیندی، موسوڵمان، دانیشتوانی کۆنی ئەمریکا و دانیشتوانی دورگەکانی پلینزی ئەزموونی گەڵێك گرنگیان بۆ وەرێخستنی شۆڕشی زانستی بە مرۆڤ داوە. ئادەم سمیت "Adam Smith" و کارل مارکس "Karl Marx" خۆیان بە خوڕافات و داب و نەریتی ئیسلامیەوە خەریك کردووە، زانایانی پزیشکی چەشنی دەرمانکردنی هیندیەکانیان پشکنیوە و ئینسان ناسیی ڕۆژئاوایی ئەزموونی لە چەشنی ژیانی مرۆڤی دورگەکانی پلینزی وەرگرتووە. بەڵام تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش هێزمەندانی ئورووپایی بوون کە خۆیان بە زانستەوە خەریك کرد و دیسیپلینێکی بەکەڵکیان لەو بوارە پێك هێنا. جیهانی ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەت وڵاتە ئیسلامییەکان نەیانتوانیوە لە ساڵەکانی ۱۵۰۰ بەولاوە رکەبەرایەتی بیرمەندانی ئورووپایی بکەن. لە نێوان ۱۵۰۰ و ۱۹۵۰ وە ئەو بەشە لە جیهان نەیتوانیوە هیچ کەڵکێکی بۆ زانستی سرووشتی بێ یاخود دۆزینەوەیەکی بەکەڵك بۆ مرۆڤ پێك بێنێ کە بتوانێ لەگەڵ بیرمەندانی وەك ئیزاك نیۆتۆن یا چارلز داروین ڕکەبەرایەتی بکا.

دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە ئورووپاییەکان "ژێن"ێکی تایبەتییان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ڕۆژهەڵاتییەکەن هەیە یاخود زانستی فیزیك یا بیۆلۆژی بۆ هەمیشە لای خۆیان قورغ کەن. ئەوە تەنیا بەو مانایەیە کە ئورووپاییەکان بەهۆی هەڵکەوتێکی مێژوویی کە بۆیان ڕەخساوە، بوونەتە پێشڕەوی شۆڕشی زانستی. هەر بەو هۆیەی ئایینی ئیسلام ئێتر تەنیا بە عەرەبەکانەوە پەیوەندی نییە، زانستیش تەنیا ماڵ و دەسکەوتی ئورووپاییەکان نەماوەتەوە.

بەڵام چلۆن ئەو پەیوەندییە مێژووییەی نێوان زانستی مودێڕن و ئیمپریالیزمی ئورووپایی پێکهاتووە؟ لە سەدەکانی ١٩ و ٢٠ دا تکنۆلۆژی بووە هۆی بەهێزکردنی ئەو یەکیەتییە، بەڵام لە سەردەمی زوو ئەو فاکتەرە هیچ ڕۆڵێکی بەرچاوی نەگێڕاوە و گرنگایەتی پێ نەدراوە. پەیوەندایەتی نێوان گیاناسێك کە بەدوای ناسینی گیا دا دەگەڕا و ئەو کاپیتانەی بەدوای دۆزینەوەی وڵاتی نۆی بۆ داگیرکردن دەگەڕا، هەر کام لە ڕوانگەی خۆیانەوە وەدوای پشکنینی ئەم جیهانە کەوتبوون. زانایان هەر وەك داگیرکەران، بە دێری "نازانم دنیای نوێ چ چاوەڕوانییەکم لێ دەکا" دەستیان پێ کردووە. بۆ گەیشتن بە ئارەزووی خۆیان و ڕوونکردنەوەی ئەو پەرجۆیە هەر دووك لا تامەزرۆی کۆکردنەوەی زانیاری بوون. هەروەها هەردووکیان هیوادار بوون بە تەیار بوون بەو زانستە نۆییە حکوومەت بەسەر دنیادا بکەن.

هەر لە سەرەتاوە دۆزراوەی زانستیی ئورووپاییەکان بەردەوام پەیوەندایەتی لەگەڵ داگیرکردنی وڵاتان و بە پێچەوانەکەشی هەبووە. داگیرکەران و ئیمپریالیستەکانی سەردەمی پێشوو پێیان وابوو لە جیهان تێ گەییون. عەڕەبەکان وڵاتانی میسر، سپانیا یا هیندوستانیان داگیر کردووە بەڵام نەك بۆ ئەوەی لەوێ شتێکی زانستی بدۆزنەوە، کە خۆیان پێشتر نەیانزانیبێ. ڕۆمی، مەغوول و ئازتێك "Azteken"ەکان هێرشیان بۆ سەر هۆز و خەڵکانی دەوروبەریان کردووە تەنیا بۆ بەهێزکردنی حکوومەتەکەیان و داگیرکردنی ماڵ و دارایییان. بەڵام بە پێچەوانەی ئیمپریالیستی ئورووپایی، ئەوان هیچکات بەدوای زانستی نوێوە نەبوون.

بە پێی کات مەودای مابەین پشکنین و کۆکردنەوەی زانستی لەگەڵ هێزی داگیرکەرانی وڵاتان لێك نیزیکتر بوونەتەوە و ئاوێتەی یەکتر کراون. لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا هاوکات لەگەڵ داگیرکردنی وڵاتان بەردەوام مرۆڤی زانا و پشکێنەر شان بە شانی هێزی نیزامی چالاکیان کردووە. کاتێ ناپلێۆن لە ساڵی ١٧٩٨ هێرشی کردە سەر وڵاتی میسر، ١٦٥ زانای بۆ پشکنین هاوڕێی خۆی کرد. هەروەها لە ئینگلیز کاتێ چاڵز داروین وەك مرۆڤێکی ئایینی لەگەڵ کاپیتانی کەشتی نیزامی بۆ کۆکردنەوەی زانست وەڕێ کەوت، دەبێ تامەزرۆیی بۆ پشکنینی سرووشت زۆر زیاتر بووبێ بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ پشکنینی کتێبی ئینجیل.

گێڕاوەیەك لە ناو خەڵکی ئەمریکادا هەیە کە زیاتر وەك حیماسەیەك چاو لێدەکرێ. ئەو کاتەی ئارمسترۆنگ و ئالدرین لەسەر مانگ نیشتن، پێشتر دەبێ لەگەڵ بەشدارانی

ئەو پڕۆژەیە لە ناوچەیەکی بیابانی ڕۆژئاوی ئەمریکا خۆیان بۆ ئەو سەفەرە ئامادە کردبێ. لەو ناوچەیە چەندین هۆزی سوور پێست ژیاون. ڕۆژێك یەك لە سەرکردەی هۆزێکی سوورپێستەکان لە ئەستێرەناسێك پرسیار دەکا: ئێوە لێرە چ دەکەن؟ ئەستێرەناسەکە وەڵامی دەداتەوە کە دەیانەوێ سەفەر بۆ سەر مانگ بکەن. دوای بڕێك بیرکردنەوە دەڵێ: لەسەر باوەڕی زۆربەی سوورپێستەکان، لەسەر مانگ ڕۆحی پیرۆز دەژین. ئەگەر ئێوە بەڕاست بۆ ئەوەی سەفەر دەکەن، تکایە لە لایەن ئێمەوە هەواڵێکیان پێ ڕابگەیێنن. ئەستێرەناسەکە سەرەڕای بە خوڕافات دانانی ئەو بۆچوونە دەڵێ: دەی باشە چیان پێ بڵێین. سوور پێستەکە بە زمانی خۆی دێرێك دەڵێ کە ئەستێرەناسەکە لێی تێ ناگا. دەڵێ دەبێ چەندین جاری دووپات کەیەوە تا لەبەری کەی. ئەویش چەند جار دووپاتی دەکاتەوە و بە باشی دێرەکە دێنێتە سەر زمانی بە بێ ئەوەی لێی تێ بگا. ئینجا پرسیار دەکا: ئێستا من فێر بووم ئەو دێرە بڵێم، بەڵام پێم ناڵێی دێرەکە مانای چییە؟ سوور پێستەکە لە وەڵامدا دەڵێ: ئەوە نهێنییەکە لە نێوان ئێمە و ڕۆحی پیرۆز و ناتوانێ ماناکەی پێی بڵێ. ئەستێرەناسەکە بەڵێنی پێ دەدا کە ئەگەرڕۆحی پیرۆزیان لەسەر مانگ بینی، دێرەکەی پێ ڕادەگەیێنێ. کاتێ دەگەڕێنەوە بۆ جێی ئامادەکارییەکە، باس لەو چاوپێکەوتنە لەگەڵ سوورپێستەکە بۆ هاوکارەکانی دەکا و کەسێك دەدۆزنەوە کە لەو زمانە بگا. دێرەکەی بۆ دەڵێن و لە ماناکەی دەپرسن. کابراکە تێر پێ دەکەنێ و دواتر دەڵێ ماناکەی ئەوەیە: "ئاگاداربن، ئەو کەسانەی ئەو هەواڵەتان بۆ دێنن، هاتوون وڵاتەکەتان لێ داگیر دەکەن."

## نەخشەی جوگرافیایی وڵاتان

مرۆڤ دەتوانێ "پشکنین" و "داگیرکەریی" مودێڕن بە هۆی گەشەسەندنی نەخشەی جیهانەوە بە شێوازێکی ڕوون دیاری بکا. ماوەیەکی زۆر پێش کاتی مودێڕن، مرۆڤی کولتورە جیاوازەکانی ئەم جیهانە نەخشەی جیهانیان کێشاوەتەوە. سرووشتیە هیچکام لە نەتەوەکان بە پتوونی نەخشەی جیهانیان نەناسیوە. هیچ کولتورێکی ئەفریقایی ئاگای لە قوڕنەکانیتر نەبووە و بە پێچەوانەشی کولتوورەکانی ئاسیا، ئورووپا یاخود ئەمریکا ئاگایان لە بوونی قوڕنەکانیتر نەبووە. بەڵام ئەو نەناسینە نەبۆتە هۆی پێشگرتنیان لە کێشانەوەی نەخشەکان. هەر کام لە نەتەوەکان نەخشی دەوروبەری خۆیان کێشاوەتەوە و بە نەخشەی جیهانیان زانیوە.

هاوکات لەگەڵ دەستپێکی سەدەی ١٥ و ١٦ بە یارمەتی و وەرێکەوتنی گەشەسەندنی شۆڕشی زانستیی، ئورووپاییەکان دەستیان بە پشکنین و دۆزینەوی وڵاتانی بێگانە کرد و هاوکاتیش بە دەستبەسەرداگرتنی ئەو وڵاتانە، شەپۆلێکی هێرشکارییان وەرێخست کە بووە هۆی بە کۆڵۆنیکردن و داگیرکردنی زۆربەی وڵاتانی دنیا. بەو کارەیان بارودۆخێکی ڕەوانی و ئیدیۆلۆژیکیان پێکهێنا کە تا ئەو سەردەمە جیهان بە خۆیەوە نەبینیبوو.

مەزنترین هەنگاو لە ساڵی ١٩٤٢ لە لایەن کریستۆف کلۆمبەوە هەڵگیرا کە لە وڵاتی سپانیاوە کەشتییەکەی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وەرێخست. بە پێی ئەندازیارییەکانی دەبوو مەودای وڵاتی ژاپۆن ٧ هەزار کیلۆمیتر لە ڕۆژئاوای سپانیا دوور بێ. لە ڕاستیدا مەودای نێوان سپانیا و ژاپۆن زیاتر لە ٢٠ هەزار کیلۆمیترە و لە نێوانیاندا قوڕنەیەکیتر کە تا ئەو سەردەمە تەواو نەناسراو بوون، جێی گرتبوو. لە ڕۆژی ١٢ی ئوکتۆبری ساڵی ١٩٤٢ کاتژمێری ٢ی بەیانی کەشتییەکی کریستۆف کلۆمب گەییشتە ئەو قوڕنە نەناسراوە.

کلۆمب دڵنیا بوو کە لە دوڕگەیەکی بچووکی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لەنگەری لیداوە و ئەو مرۆڤانەی لە کەناری ئاوەکە تووشی بوون نەتەوەی هیندین هەر بەو هۆیەشەوە تا

ئەمڕۆش دانیشتوانی پێشووی ئەو سەردەمەی قوڕنەی ئەمریکا بە ئینديانا(سوور پێست) ناو دەنرێن. کلۆمب ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەو بۆچوونەی سوور بوو. بیرۆکەی دۆزینەوەی قوڕنەیەکی نوێ بۆ ئەو بە هەمان شێوە دوور لە باوەڕ بوو وەك بۆ زۆربەی مرۆڤی ئەو سەردەمە. هەزاران ساڵ بوو عالمان و زانایانی جیهان تەنانەت کتێبە پیرۆزەکانی ئایینە ئیبراهمیەکانیش تەنیا لەسەر ئەفریقا، ئاسیا و ئورووپا ئاخەفتنیان دەکرد. بەتایبەت بۆ کتێبە ئایینەکان کە دەبێ لە لایەن خوداوە ڕاگەیاندرابێ، بە هیچ شێوەیەك نەدەبوو ئاگاداری ئەو ڕاستییە نەبووبن. ناکرێ خودا لە پەرتووکەکانی تەوڕات و ئنجیل و قوڕئان نیوەی جیهانی نادیدە گرتبێ و لەبیری چووبێتەوە! دیارە کلۆمب مرۆڤێکی سەدەی ناوەڕاست بووە و وەك هەموو ئەوانیتر باوەڕی بەوە بووە کە هەموو جیهان دەناسێ و تەنانەت دۆزینەوەی بەشێکی نوێ جیهان بە دەستی خۆشی نەیتوانیەوە ئەو قەناعەتەی پێ بێنێ.

یەکەم مرۆڤی مودێرن ئامێریگۆ ڤیسپۆچی "Amerigo Vespucci" کەشتیوانێکی ئیتالیایی بووە کە لە نێوان ساڵەکانی ١٤٩٩ تا ١٥٠٤ چەندین جار لە سەفەر بۆ قوڕنەی ئەمریکا بەشدار بووە. لە نێوان ساڵەکانی ١٥٠٢ تا ١٥٠٤ لە ئورووپا لە ژێر ناوی خۆی دوو نووسراوەی بڵاو کردەوە کە باس و هەواڵی سەفەرەکانی ڕوون دەکەنەوە. لەو نووسراوانەدا ڕایگەیاندووە ئەو دوڕگە نوێ یەی کریستۆف کلۆمب دۆزیویەتەوە لە ڕۆژئاوای ئاسیا هەڵنەکەوتووە باوەکوو خۆی قوڕنەیەکی جیاوازە و تا ئەمڕۆ کتێبە ئایینیەکان و جوغرافیاناسانی کەوەن باسیان لێوە نەکردووە. مرۆڤێکی ناوداری نەخشە کێش بە ناوی مارتین والدزێ مولەر "Martin Waldseemüller" باوەڕی پێ کردووە و بەشێوەیەکی نوێ ساڵی ١٥٠٧ هەمیسان نەخشەی جیهانی نوێ کردۆتەوە و لەوێدا قوڕنەی نوێی تێدا کێشاوەتەوە. بەو هۆیەی پێیوابووە کە ئەو قوڕنەیە لە لایەن "ئامێریگۆ"وە دۆزراوەتەوە، ناوی قوڕنەکەی ناوە ئامریکا.



www.rojhalat.de / www.bokan.de

ئەوە چرکەی لەدایکبوونی شۆڕشی زانستی بوو. بەهۆی دۆزینەوەی قوڕنەی ئەمریکا ئوروپاییەکان فێر بوون کە پشکنین و دۆزینەوەی زانیاری نوێ زۆر گرنگایەتی هەیە و نابێ تەنیا خۆیان بە زانیارییەکانی کۆنەوە ببستنەوە. هەر ئەوەش هانی دان بە خێراییەکی یەکجار زۆر هێرش بکەنە سەر ئەو قوڕنە نوێیە و زانیاری نوێ وەدەست بێنن. بۆ خستنە ژێر کونتڕۆڵی ئەو قوڕنە مەزنە و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر مێژوو، کەش و هەوا و فەرهەنگ و چۆنیەتی ژیانی مرۆڤ و بوونەوەرەکانی پێویستیان بە هێزێکی ئینسانی یەکجار زۆر هەبووە چونکە کتێبە ئایینیەکان و گوتەکانی زانایانی پێشوو هیچ یارمەتیدەرێکیان نەبوون.

بە درێژایی دوو سەدەی ١٥ و ١٦ لە هەموو ناوچەکانی ئورووپاوە تامەزرۆیی بۆ پشکنینی ئەو قوڕنە نوێ یە لەناو مرۆڤ دا پێکهات و لە ڕێگای ئوقیانوسی پاسیفیك و ئوقیانووسی هیندەوە سەفەریان بۆ ئەمریکا کرد و شەبەکەیەکیان پێکهێنا کە هەرکام بۆخۆیان بەشێکیان لەو قوڕنەیە داگیر کرد و کردیان بە ناوچەی کۆلۆنی خۆیان.

مرۆڤ بە دروستکردنی ئیمپراتۆری لە جیهان کولتوور و خەڵکە بەتەنیا ماوەکانیان لە دەوری یەکتر کۆ کردەوە و کۆمەڵگایەکی گەورەتریان لێ ساز کرد. بە بەهانەی تێکەڵاوکردن و پشکنینی وڵاتان و داگیرکارییەکان، هێزمەندانی ئورووپایی ڕووداوێکیان خوڵقاند کە تا ئەو ڕۆژە کەس هاوتای نەبینیبوو. پشکنین - داگیرکارییەکان لە وڵاتانی دوور کارێکی تەواو نوێ بوو. تا ئەو سەردەمە کێشەکان تەنیا لە نێوان دوو وڵاتی جیران پێك دەهاتن، بەڵام لێرە بەولاوە ئیمپراتۆرییەکان بۆ داگیرکردنی وڵاتان و گەورەکردنەوەی ناوچەی حوکمڕانی خۆیان ڕێگایەکی دوور و درێژیان دەپێوا.

## هێرشکاری بۆ سەر دنیای دەوروبەر

دەوروبەری ساڵی ١٥١٧ کۆچبەرانی سپانیایی لە کارییبك واتە ڕۆژئاوای ئوقیانووسی ئەتڵەس یەکەم دەنگۆیان سەبارەت بە حکوومەتی بەهێزی ئازتك "Aztek" بیستبوو کە دەبێ لە قوڕنەیەکی ئەم جیهانە جێی گرتبێ. تەنیا چوار ساڵ دواتر پێتەختی ئازتکەکان کرابووە وێرانە، حوکومڕانییەکەیان تێکڕووخابوو و هرنۆن کورتس "Cortés Hernán" حکوومەتی بەسەر ئیمپڕاتۆریی بەهێزی سپانیایی لە مکزیك دەکرد.

سپانیاییەکان هێشتا بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو سەرکەوتنەیان جێژن نەگرتبوو، کە لە هەر لایەکی ئەم جیهانەوە مرۆڤ بۆ پشکنین و داگیرکردنی وڵاتەکە وەڕێ کەوتبوون. نیزیکەی یەك سەدە دواتر کەسێك بە ناوی فرانسیسکۆ پیزارۆ "Francisco Pizarro" لە باشووری ئەمریکا هێرشی کردە سەر ئیمپراتۆری ئینکاکان "Inkareich" و ساڵی ١٥٣٢ دەستی بەسەر ئەو وڵاتەدا گرت. حوکمڕانانی پێشووی ناوەڕاستی ئەمریکا واتە ئازتك "Aztek"، تولتك "Tolteken" یا مایا "Maya"کان لە بوونی وڵاتانی باشووری ئەمریکا شتێکیان بیستبوو بەڵام هیچکات بیریان لەوە نەکردبۆوە هێرشیان بکەنە سەر و داگیریان بکەن. بە پێچەوانە کولتوورەکانی باشووری ئەمریکا زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر کولتووری وڵاتانی ناوەڕاستی ئەمریکا نەبووە. لە ماوەی کەمتر لە دەساڵدا سپانیاییەکان کارێکیان کرد کە دانیشتوانی ناوچەکە بە درێژایی دوو هەزار ساڵ نەیانتوانیبوو بەڕێوەی بەرن.

www.rojhalat.de / www.bokan.de




حوکمڕانییەکانی ئازتك و ئینکا لە سەردەمی داگیرکاریی سپانییایەکاندا

ئەگەر خەڵکانی وەك ئازتك و ئینکاکان تامەزرۆیی زیاتریان بۆ دەور و بەری خۆیان نیشان بدایە و بیانزانیبا سپانیاییەکان چی بەسەر هاوساکانیاندا دێنن، ڕەنگە بە یەکیەتی و هێزێکی باشترەوە بیانتوانیبا سەرکەوتووتر لە هەنبەر سپانیاییەکان خۆڕاگری بکەن. هاوکات لەگەڵ سەردەمی کریستۆف کلۆمب لە ناوچەکانی کاریبیك (١٤٩٢) و هەروەها هێرشی هرنۆن کورتس (١٥١٩) بۆ وڵاتی مێکزیك، سپانیاییەکان زۆربەی دوڕگەکانی ناوچەی کاریبیك یان داگیر کردبوو و زنجیرەیەك لە کولۆنیای نوێیان پێکهێنابوو. ژیانی مرۆڤ لەو ناوچە داگیرکراوانە وەك جەهەنەمێك لەسەر زەوی لێ هاتبوو. هەر کەس کەمترین خۆڕاگریی لە خۆی نیشاندابایە بە قیمەتی گیانی تەواو دەبوو. دانیشتوانی ئەو ناوچانە کران بە کۆیلە و ناچار بە کاری کێو هەڵکەنی و ... کران. زۆربەیان یا بەهۆی بارودۆخی خراپی کارییەوە گیانیان لە دەست دا یا بەهۆی گرتنەوەی نەخۆشیی لەومرۆڤە داگیرکەرانە کە لەگەڵ خۆیان هێنابوویان، لە ناو چوون. تەنیا لە ماوەی بیست ساڵدا بە پتوونی خەڵکانی ئەو ناوچەیە لەناو بردران. بۆ پڕ کردنەوەی جێی کاری ئەو مرۆڤانە سپانیاییەکان مرۆڤی ڕەش پێستیان لە ئەفریقاوە بۆ ئەو ناوچانە دەهێنا.

سەرەڕای ئەوەیکە ئەو کۆمەڵکوژییە لە بەر دەرکەی "ئازتك"ەکان بەڕێوە چوو، هیچ ئاگادار نەبوون هرنۆن کورتس هێرشی کردبێتە سەر وڵاتی مکزیك. وێدەچێ دەتوانرا سپانیاییەکان بە هەمان شێوە لە پلانێتیکیتری ئەم جیهانەوە هێرشیان کردبێتە سەریان. "ئازتك"ەکان دڵنیا بوون کە هەموو جیهان دەناسن و بەسەر زۆربەیدا حکوومەت دەکەن. ئەوان نەیاندەتوانی لەبەر چاوی خۆیان وێنای بکەن لە دنیای دەرەوەی ئەواندا جێگایەك بە نێوی سپانیا بوونی هەیە. کاتێ هرنۆن کورتس و پیاوەکانی لە ڕۆژیکی بەتینی هەتاویدا لە کەناری ئاوی شاری وراکرۆز "Veracruz"ی ئەوڕۆیی لە کەشتییەکانیان دابەزین یەکەم مرۆڤی بێگانە بوون کە تا ئەو سەردەمە تووشی خەڵکانی ئازتك هاتبوون.

"ئازتك"ەکان نەیاندەزانی لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیە دەبێ چلۆن هەڵس و کەوت بکەن. ئەو مرۆڤە بێگانانە وەك ئاژەڵ بۆگەنیان لێ دەهات. "ئازتك"ەکان لەو سەردەمەدا بۆ پاك و خاوێنی زۆر لە سپانیاییەکان پێشکەوتووتر بوون. لە سەرەتاوە هەر هەنگاوێکی ئەو مرۆڤە نوێیانە هەڵیان هێنابێتەوە، بە بەدەستەوەگرتنی ئاگر و دووکەڵی بۆنخۆشەوە لە لایەن دانیشتوانی ناوچەکەوە هاوڕێیی دەکرا. سپانیاییەکان پێیان وابوو بەو کارە وەك خودایان دادەنێن و ڕێزیان لێ دەگرن. بەڵام بە پێی سەرچاوە دۆزراوەکان ئەمڕۆ دەزانین لە ڕوانگەی دانیشتوانی ناوچەکەوە بەو کارانە توانیویانە خۆڕاگریی لە هەنبەر ئەو مرۆڤە بۆگەنانە بکەن. هەروەها زۆربەی هەڵس و کەوتی ئەو مرۆڤانە وەك بەکارهێنانی شمشیر و چەکەمەنی لەهەنبەر ئاژەڵ، لەژێرپێ دانان و ئەمەك نەناسی لەهەنبەر میوە و ماکە سرووشتییەکان و ... بۆیان شتێکی نوێ و سەیر و سەمەرە بووە.

ئەوە تەنیا دانیشتوانی کۆنی قوڕنەی ئەمریکا نەبوون کە دەبوو بەهایەکی مەزن و گەورە بۆ بەربەرەکانی دژ بە کۆلۆنیالیزم بدەن. ئیمپراتۆرییە مەزنەکانی قوڕنەی ئاسیاش وەك ئێرانی، عوسمانی، مەغوول و چینییەکانیش سەرەڕای ئەوەیکە زۆر زوو تێگەیشتن کە ئورووپایەکان قوڕنەیەکی نوێیان دۆزیوەتەوە، بەڵام بۆ بەشداری هیچ تامەزرۆییەکیان لە خۆیان نیشان نەدا. هەر وەك پێشتر، پێیان وابوو هەموو جیهان لە دەوری ئاسیا دەخولێتەوە. تەنانەت وڵاتی بچووکی وەك سکاتلەند و دانمارکیش بۆ پشکنین و حکوومەتکردن نوێنەر و هێزی خۆیان بۆ ئەمریکا دەنارد، کەچی ئمپراتۆری

ئیسلامی، چینییەکان یا هیندیەکان هیچ زەحمەتێکیان بەخۆیان نەدا بەشداریی ئەو پشکنینە بکەن. یەکەم هێزی غەیری ئوروپایی کە توانی خۆی بگەێنێتە سەر قوڕنەی ئەمریکا ژاپۆنییەکان بوون لە شەڕی جیهانی دووهەمدا. ساڵی ١٩٤٢ سەربازە ژاپۆنییەکان دوڕگەی کیسکا "Kiska" و ئاتوو "Attu" یان کە لە کەنارەی ئاوەکانی ئالاسکایە گرت و بە هەموو هێزی خۆیانەوە دە سەرباز و سەگێکیان بە دیل گرت. زیاتر لەوە بە قوڕنەکە نیزیك نەبوونەوە.

مرۆڤ ناتوانێ بڵێێ عوسمانەکان یا چینییەکان ڕێگایان دوور بووە و یاخود لە ڕوانگەی ئابووریی - نیزامی و تێکنیکییەوە نەیانتوانیوە ئەو کارە بکەن. بەو هێزەی چێنگ هی "Zheng He" لە ساڵانی ١٤٢٠ەکان بە کەشتی بۆ ئەفریقای نارد دەیانتوانی چینیەکان تا ئەمریکاشی پێ بڕۆن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هیچ کام لە زلهێزە ئاسیاییەکان تامەزرۆییەکیان بۆ ئەو کارە لە خۆ نێشان نەداوە.

بە درێژایی سێ سەدە ئوروپاییەکان حوکومڕانی بێ ئەملا و ئەولایان بەسەر قوڕنەی ئەمریکا و ئوقیانوسەکانی ئارام و ئەتڵەسدا کردووە. بەو دەسکەوت و ماکە سرووشتی و ماڵ و داراییانەی لەو قوڕنەیە وەدەستیان هێنا توانیان لە بەر دەرکەی هێزە گەورەکانی ئاسایی سەمای پێ بکەن. کاتێ ئێرانی، عوسمانی، هیندی و چینی لە خەو هەستان و تامەزرۆییان بۆ ڕووداوەکانی دنیای دەوروبەریان لە خۆیان نیشان دا، ئیتر زۆر درنگ ببوو.

نەتەوە غەیری ئوروپاییەکان لە سەدەی بیستەمدا دەستیان بە سەیرکردنێکی نوێی ڕوانگەی جیهانی کرد و بەو کارەیان کۆتاییان بە حکوومەتڕانی ئوروپاییەکان هێنا. هاوکات لەگەڵ شەڕی سەربەخۆیی لە الجەزایر (١٩٥٤ - ١٩٦٢) پارتیزانەکانی الجەزایری ئەرتەشی فەرنسایان تێك شکاند باوەکوو فەرنسا لە ڕوانگەی تێکنیکی و نیزامییەوە زۆر لە پارتیزانەکان سەرتر و بەهێزتر بوون. ئەوان سەرکەوتوویيان وەدەست هێنا چونکە ڕوانگەی جیهانی دژ بە کولۆنیالیزم پشتیوانی لێ دەکردن. هەروەها سەرکەوتوویی وڵاتێکی بچووکی وەك ویەتنام لەهەنبە زلهێزێکی وەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهۆی ڕوانگەیەکی جیهانی نوێی هاوچەشن مسووگەر کرا. لێرەدا سەلمێندرا ئەگەر بتوانرێ شەڕێکی ناوچەیی بۆ شەڕێکی جیهانی ئاڵ و گۆڕ بکرێ، دەتوانێ زلهێزی گەورەی پێ بچووك بکرێتەوە.

## زمان و نووسراوەی لەبیرکراو

زانستی مودێرن و ئیمپراتووری یاخود حوکمڕانی، هەردووکیان لەسەر هەستی تامەزرۆیی مرۆڤ بۆ داهاتووی دیاردەکان پێك هاتوون کە نەکا شتێکی گرنگ خۆی لە پشت ئاسۆ حەشار دابێ، شتێك کە مرۆڤ بتوانێ پشکنینی لەسەر بکا یاخود حکوومەتی بەسەردا بکا. پەیوەندایەتی حکوومەت و زانست بۆیە پەرەیان ساند چونکە نەك هەر موتوڕی وەرێخستنی هەردووکیان وەك یەك بوون، باوەکوو لە کردەوەدا چارەنووسی ئیمپریالیستەکان و زانایان بە شێوەی تەنگاوتەنگ لەگەڵ یەکتر گرێ درابوون. بۆ زۆربەی ئوروپاییەکان پێکهێنان و دروستکردنی ئیمپراتۆری پڕۆژەیەکی زانستی بووە. هەروەها بە پێچەوانە دورستکردنی ڕێك و پێکییەکی زانستیش پڕۆژە و ویستی حوکمڕانان بووە.

کاتێ موسوڵمانەکان هێرشیان کردە سەر هیندوستان و داگیریان کرد، بۆ پشکنینی سیستماتیکی مێژوویی وڵاتەکە مرۆڤی زانای وەك کۆنە ناس، جوغرافیا ناس یا ئاژەڵ ناسیان لەگەڵ خۆیان نەهێنابوو. بەڵام کاتێ ئینگلیزییەکان هیندوستانیان داگیر کرد، هەموو ئەو زانایانەیان لەگەڵ خۆیان هێنا و چالاکانە بۆ پشکنینی ناوچەکان لە لایەکەوە لە خزمەت حوکمڕاناندا بوون و لە لایەکیتریشەوە خزمەتیان بە جیهانی زانستی کرد. لە ڕۆژی ١٠ی مانگی ئابریلی ساڵی ١٨٠٢ (The Great Survey of India) مەزنترین چاوەدێری و پێوان لەسەر ئەو وڵاتە بە پشتیوانی دەها هەزار کارگەر، عالم و کارزانی هیندی و ئینگلیزی دەستپێکرد کە نیزیکەی شەست ساڵی خایاند. بە پتوونی نەخشەی هەموو وڵاتەکەیان کێشاوە، سنوورەکانیان دیاری کرد، ڕێگاکانیان پێوا و بۆ یەکەم جار بە وردی بەرزایی شاخی ئەورست و شاخەکانیتری هیمالیایان دیاری کرد. هەروەها فەرهەنگ، داب و نەریت، زمان، هێزی نیزامی و کانزا سرووشتییەکانی ناوچەکانی هیندوستانیان پشکنی و لە پەناشیدا زانیارییان لەسەر ئاژەڵ و گیا و جڕ و جانەوەری ئەو ناوچانە کۆکردەوە.

یەك لە نموونەكانی تامەزرۆیی زانستیی مرۆڤی ئورووپایی لەو ناوچانە ڕوونكردنەوە و دیاریكردنی مانای زمانی بزماری بوو لە لایەن ئینگلیزیەكانەوە. ئەو زمانە كە نیزیكەی ٣٠٠٠ ساڵ پێشتر لەو ناوچانە ئاخەفتنی پێكراوە بە پێی كات زمانیتر جێیان گرتۆتەوە و لەبیر چۆتەوە. بەردنووسە دۆزراوەكان بە درێژایی ئەو ماوەیە لە لایەن خەڵكانی ئەو ناوچەانەوە بە بێ ئەوەی لێی تێ بگەن پشت گوێ خراون و هیچ تامەزرۆییەك بۆ خوێندنەوەیان لە ناو خەڵكیدا بەدی نەكراوە. بۆ یەكەم جار پشكێنەر و كۆنەناسێكی سپانیایی لە تەختی جەمشیدی ئێران چاوی بەو بەردەنووسانە دەكەوێ و هەر ئەو چاوپێكەوتنە دەبێتە هۆی ڕاكێشانی سەرنجی زانایانیتری ئەو بوارە. ساڵی ١٦٥٧ یەكەم كۆپی ئەو نووسراوەیە لە لایەن پسپۆرانی ئورووپاییەوە بڵاو كرایەوە.

لە ساڵانی ١٨٣٠یەكاندا ئەفسەرێكی ئینگلیزی بە ناوی هێنری ڕاویلسۆن "Henry Rawlinson" ناردرا بۆ ئێران بۆ ئەوەی بۆ پێكهێنانی ئەرتەشی نیزامی بە چاولێكەری لە ئەرتەشی ئورووپایی هاوكاریی شای كاتیی بكا. هێنری لە ڕۆژانی پشوودانیدا بە ناوچە جۆراوجۆرەكانی وڵاتەكەدا دەگەڕا. ڕۆژێك لە لایەن چاوساغانی ناوچەكە لە شاخەكانی زاگرۆز بەردێكی ١٥ میتر لە ٢٥ میتریان پێشان دا بە ناوی نووسراوەی بیستوون. تێكستی نووسراوەكە دەگەڕاوە بۆ ٥٠٠ ساڵ بەر لە زایین و لە لایەن كوورشی یەكەم بە سێ زمان لە سەر ئەو بەردە كەندەكاری كرابوو. (فارسی كۆن، ئیلامی و زمانی بابیلۆنی). دیارە خەڵكانی ناوچەكە ئەو بەردەنووسەیان دەناسی بەڵام نەك هەر كەس نەیدەتوانی بیخوێنێتەوە، باوەكوو مرۆڤەكان هیچ تامەزرۆییەكیان بۆ خۆێندنەوەی لە خۆیان نیشان نەدەدا. بەڵام تامەزرۆیی زانستیی هێنری ڕاویلسۆن بە ڕادەیەك بوو كە زۆربەی كاتی خۆی بۆ ئەو نووسراوەیەوە تەرخان كرد. ئەو دڵنیا بوو كە تێگەییشتن لەو نووسراوەیە دەرگایەكی نوێ بۆ ڕوونكردنەوەی دنیای كۆنی ئەو ناوچەیە دەكاتەوە. ئەگەر بتوانێ ڕەمزی خوێندنەوەی ئەو نووسراوەیە بدۆزێتەوە، ناوەڕۆكی زۆربەی بەردەنووسەكانی ناوچەی ڕۆژهەڵات ڕوون دەكرێنەوە.

هێنری ڕاویلسۆن نیزیكەی دە ساڵ خۆی بەو نووسراوەیەوە خەریك كرد. گیانی خۆی خستە مەترسییەوە كاتێ بۆ نووسینەوەی بەردەنووسەكە وەسەر ئەو شاخە كەوتبوو. بەشی سەرەوەی بەردەكە زۆر بڵیند بوو هێنری نەیدەتوانی وەسەر كەوێ، گەنجێكی كورد هاتە یارمەتی و بە وەسەركەوتن لەو بەردە، بەشی سەرەوەی بۆ كۆپی

کردەوە. ساڵی ١٨٤٧ ئەو پرۆژەیەی بە کۆتایی گەیاند و بە پتوونی کۆپی نووسراوەکەی ناردەوە بۆ ئورووپا. بەڵام هێنری ئوقرەی لێ بڕابوو، بە هەر شێوەیەك دەیویست کلیل و ڕەمزی خوێندنەوەی ئەو نووسراوەیە بدۆزێتەوە. لە پەنا کاری نیزامی و سیاسیدا ئەگەر بچووکترین کاتێکی بۆ هەڵبکەوتبایە خۆی بە نووسراوەکەوە خەریك دەکرد بۆ ئەوەی بتوانی دەروازەی گەییشتن بەو کولتووره کۆنە بکاتەوە. دوای تاقیکردنەوەی چەندین مێتۆد و ڕێگای جیاواز توانی ئەو پەرجۆیە چارە بکا.

نموونەیەکیتر بۆ هاوکاریی زۆر نیزیکی "ئیمپراتۆری" و "زانست" شێوازی ژیانی سێر ویلیام جۆنز "Sir William Jones"ە. لە مانگی سپتامبری ساڵی ١٧٨٣ سێر ویلیام وەك دادپەروەر سەفەری بۆ هیندوستان کرد. دوای کەمتر لە شەش مانگ مانەوەی لەوێ، ناوەندێکی زانستیی بە ناوی "Asiatic Society" پێك هێنا. ئەو ناوەندە خۆی بە کولتوور، زمان، مێژوو و کۆمەڵگای ئاسیایی بە گشتی و هی هیندوستان بە تایبەتی، خەریك کردبوو. تەنیا دوو ساڵ دواتر کتێبێکی بە ناوی "The Sanskrit Language" لە چاپ دا کە بووە سەرچاوەیەکی زمانناسیی زانستی گرنگ بۆ پسپۆرانی دوای خۆی. لەو پشکنینەی خۆیدا وێچوونێکی چاوەڕوان نەکراو لە نێوان زمانەکانی سانسکریت (زمانی کۆن و پیرۆزی هیندییەکان) و زمانی یۆنانی و لاتینی، هەروەها وێکچوونێکی گەڵێك زۆر لە نێوان ئەو زمانانە و زمانەکانی گۆتی، کەلتی، فارسی کۆن، ئاڵمانی، فەرەنسی و ئینگلیزی دۆزییەوە. بۆ وێنە لە زمانی سانسکریت دا ووشەی ماتار "matar" (دایك) بە لاتینی ماتر "mater"، بە ئاڵمانی موتەر "Mutter"، بە کەلتی کۆن ماتیر "mathir" و بە فەرسی مادەر. سێر ویلیام جۆنز هەستی کردبوو کە ئەو زمانانە دەبێ سەرچاوەیەکی وەك یەك و هاوبەشیان بووبێ و هەموویان لە بنەماڵەیەکی زمانەوانییەوە هەڵقوڵابن، کە دواتر بە ناوی زمانەکانی هیند و ئورووپایی ناودێر کران.

ئێمپراتوورییەکان هەمیشە بە تامەزرۆییەوە لە زمانی زانستیی پشتیوانیان کردووە. کلۆنیالیستەکانی ئورووپایی لەسەر ئەو بڕوایە بوون بۆ حوکمڕانیکردنی باشتر و بەکەڵکتر دەبێ فەرهەنگ، داب و نەریت و زمانی نەتەوە ژێر دەستەکانیان باش بناسن. زانایان دۆزیانەوە ٣٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا دانیشتوانی ناوچەکە کە بە زمانی سانسکریتی ئاخەفتنیان کردووە، خۆیان بە "ئاریا" ناوبردووە. هەروەها زمانی زۆر کۆنی فارسەکانیش پێشتر ناوی ئاریا "Airiia" بووە. لە هەنگاوی دوایین دا زانایانی ئەو بوارە

تیئۆری چالز داروینیان ئاوێتەی نەتەوی ئاریایی کرد و گوتیان ئەو مرۆڤانە تەنیا لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە بنەماڵەیەك نین باوەکوو لە ڕوانگەی بیۆلۆژیکیشەوە خزمی یەکترین و لە نەتەوەیەکی تایبەت پێکهاتوون. بە هالیکاریی نێوان ئیمریالیستەکان و زانایان دنیای ئەوڕۆیان خوڵقاند کە ئێمە تێدا دەژین. بە داخەوە دنیایەکیان دروست کرد کە مرۆڤی ئوروووپایی بە سەروەر و مرۆڤی وڵاتانیتریش وەك مرۆڤی پلە دوو و سی و ... سەیر دەکران. ناسیۆنالیزمێکی لێ دروست کرا کە کاردانەوەکیمان لە شەڕەکانی جیهانیدا بینی. لە چەند دەیەی ڕابردووەوە ئیدیۆلۆژی ڕەگەزپەرەستی پەرەی سەندووە کە ماوەیەکی زۆر بەسەر خەڵکیدا حوکمرانیان کردووە و مرۆڤێکی زۆریان قوربانی خۆ پێ زلبوونی خۆیان کردووە.

## ئایینی سەرمایەداریی

هەوڵ بدەن بە بێ پارە پەرە بە زانست بدەن یا وڵاتێك داگیر بكەن. لەلایەكیتریشەوە ئەو كارە بۆچی دەبێ بەڕێوە چێ كاتێ هیچ بەهرەیەكی تێدا نەبێ. بە بێ شك پارە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شۆڕشی زانستیی و داگیركارییەوە هەیە. بەڵام ئایا پارە خۆی، تەنیا ئامانجی مرۆڤە، یاخود كەرەسەیەكی گەلێك مەترسیدار بۆ گەییشتن بە ئامانجەكانە؟

دیارە پارە هەڤاڵێكی دڵخۆشكەرە بۆ مرۆڤ بەڵام گەلێك ئاوەدانیی دروست كردوون و هەمیسان وێرانی كردۆنەتەوە، ئاسۆی نوێی پێك هێناوە و ملیۆنان مرۆڤی بە كۆیلە كردووە، چەرخی پیشەسازیی وەڕێخستووە و هەزاران چەشن بوونەوەری توونا كردووە. مێژووی مودێرنی زانستیی بە بارودۆخی ئاڵۆزییەوە بەهۆی ئەو دێرەوە ڕوون دەكرێتەوە: **"گەورەبوونەوەی حەشیمەتی سەر زەوی"**. لە ٥٠٠ ساڵی ڕابردووەوە بارودۆخی ئابووری بە گورجییەكی یەكجار زۆر بەرەو پێشكەوتوویی و گەورەبوونەوە وەڕێ كەوتووە. بە تامەزرۆیی و ویستی لەڕادەبەدەر مەزن هەر شتێك بێتە سەر ڕێگای قووتی دەدا و خۆی پێ گەورە دەكاتەوە.

بە درێژایی سەدان هەزار ساڵ مێژوو، بارودۆخی ئابووری ڕاوەستاو مابۆوە. لە هەزار ساڵی ڕابردووەوە بەرهەمەكانی جیهانی لە هەموو گۆشەكانی ئەم دنیایە زیاتر بوون بەڵام لە پەیوەندی لەگەڵ گەورەبوونەوەی حەشیمەت و جێ و شوێنی نوێ بۆ دروستكردنی شار و شارۆچكەكان. بەرهەم بە پێی سەرانە وەك خۆی مابۆوە و لەسەر ژمارەی دانیشتوان پێداویستییەكان بەرهەم دەهاتن. لە سەردەمی مودێرندا ئەو پێوانەیە بە شێوەیەكی بەرچاو گۆڕانكاریی بەسەردا هاتوە. بە پێی حیساب و ئامار لە ساڵی ١٥٠٠ ی زایینی بە قەرا نیزیكەی ٢٥٠ ملیارد دۆلار لە سەراسەری ئەم جیهانە مامڵەی ئابووری كراوە. ئەمڕۆ ئەو ژمارەیە بە ٦٠ بلیۆن دولار گەییوە. سەیر ئەوەیە كە ساڵی ١٥٠٠ بە پێی سەرانە هەر مرۆڤێك ٥٥٠ دولاری وەبەر دەكەوت، كاتێ ئەو

www.rojhalat.de / www.bokan.de

پێوانەیە بۆ مرۆڤی ئەوڕۆیی نیزیکەی ٨٨٠٠ دولارە. ئەو جیاوازییە گەورەیە بە چ شێوەیەك دەكرێ ڕوون بكرێتەوە؟

زانستی ئابووری بەهۆی ئاڵۆزبوونی خۆیەوە ناوی دەر كردووە. بۆ ساكار كردنەوەی كارەكە نموونەیەك دێنینەوە:

جەنابی سەرمایەدا بانكێك دەكاتەوە بە ناوی بانكی خەڵكی.

شەریكەیەكی خانووبەرە سازی بە ناوی "شەریكەی ئاوات" كارەكەی بە كۆتایی گەیاندووە و یەك ملیۆن دولاری پاشەكەوت كردووە و لە بانكی خەڵكی دایناوە. ئێستا ئەو بانكە یەك ملیۆن دولاری سەرمایەی هەیە.

بنەماڵەی "هیوا" دەیانهەوێ كارخانەیەكی نانەوایی دانێن بەڵام پارەی تەواویان بۆ ئەو كارە بە دەستەوە نییە. بەو هۆیە ڕوو لە بانكی خەڵكی دەكەن و بۆ كردنەوەی كارخانەكەیان یەك ملیۆن دولار قەرز لەو بانكە وەردەگرن.

بنەماڵەی "هیوا" شەریكەی ئاوات بۆ دروستكردنی كارخانەكە هەڵدەبژێرن و یەك ملیۆن دولارەكە دەدەن بەوان.

شەریكەی ئاوات یەك ملیۆن دولارەكە لە بانكی خەڵكی دادەنێتەوە. ئێستا ئەو شەریكەیە چەند دولاری لەسەر حیسابەكەی هەیە؟

دیارە دوو ملیۆن دولار.

هەروەها لە ڕاستیدا چەندە پارە لە بانكی خەڵكی ماوەتەوە؟ دیارە هەر یەك ملیۆن دولار.

بەو كارە چیرۆكەكە هێشتا بە كۆتایی نەگەییشتووە. هەر وەك زۆرجا باوە، شەریكەی ئاوات بنەماڵەی هیوا ئاگادار دەكاتەوە كە دوای ئەندازیاریكردنی پڕۆژەكە بۆیان ڕوون بۆتەوە بە یەك ملیۆن دولار كارخانەكەیان بۆ جێبەجێ ناكرێ و پێویستیان بە دوو ملیۆن دولار هەیە. بنەماڵەی هیوا كە ئیتر ڕێگای گەڕانەوەی بۆ نەماوە دەچێتە بانكی خەلكی و كێشەكەیان بۆ بانك ڕوون دەكەنەوە و یەڵ ملیۆن دولاریتر وەردەگرن.

ئێستا شەریکەی ئاوات چەند دولاری لەسەر حیسابەکەی هەیە؟

سێ ملیۆن دولار.

ئەدی ئێستا چەندە پارە لەسەر بانکی خەڵکییە؟

یەك ملیۆن دۆلار، هەر هەمان ملیۆن کە لە سەرەتاوە لەوێ بوو.

بەپێی یاسای نوێی بانکی ئەمڕۆیی ئەو یارییە دەتوانێ تا حەوت جاریتر دووپات بکرێتەوە:

ئەو کات شەریکەی ئاوات ١٠ ملیۆن دولار لەسەر حیسابەکەیەتی، لە کاتێکدا بانکەکە هەر ملیۆنێکی لە سندووقەکەیدا هەیە. بە واتایەکیتر بۆ هەر دولارێك کە بانك لە سندووقەکەیدا هەیەتی، دەتوانی دە دولار بە قەرز بدا. لە ڕاستیدا ٩٠ لە سەدی ئەو پارەیەی ئێمە لەسەر حیسابەکەمان هەمانە، تەنیا بە ژمارە و نەك بەهۆی بوونی پارەی ڕاستەقینە لە بانکەکانە. ئەگەر هەموو مشتەرییەکانی بانك لە پڕێکدا و پێکەوە پارەکەیان لە بانك وەرگرنەوە، بانکەکە ئیتر مایە پوچ و نابوود دەبێ. ئەو پرەنسیبە بۆ هەموو بانکەکانی جیهان وەك یەکە.

ئایا ئەو کارە تەنیا تۆپەڵەیەکی بەفرییە کە لە کاتی خولانەوەدا گەورە و گەورەتر دەبێتەوە؟ ئەگەر ئا، بە پتوونی بەهای ئابووریی دنیا وەك پسدانێکی با تێکراو زیاتر نییە. بەڵام بە سەدان ساڵ گەشەسەندنی ئابووریی ڕاستەقینە دڵنیایی ئەوەمان پێ دەدەن کە ئەو کارە کارێکی نالەبار و فریودەرانە نەبووە، باوەکوو فانتازیایەکی وەستایانە بووە. بانکەکان و لەگەڵ ئەویش هەموو ئابووریی جیهان تەنیا ئەو کات کاردانەوەی دەبێ کە مرۆڤ متمانەی بە داهاتوو هەبێ. بەها و ئەرزشی پارە بەهۆی ئەو متمانەکردنەوە گارانتی کراوە.

ئێمە بینیمان کە پارە خۆی دۆزینەوەیەکی گەلێك سەیر و سەمەڕەی مەۆڤە، چونکە ئەو نوێنەرایەتی بەها و ئەرزشی هەر شتێکە و دەتوانێ جێی هەر کالایەك بگرێتەوە. لە سەرەتای مێژووەکەیدا تەنیا دەیتوانی جێی ئەو شتانە بگرێتەوە کە بوونی

ڕاستەقینەیان هەبوو. هەر بەو هۆیەشەوە بارودۆخی ئابووری نەیدەتوانی زیاتر لە ماڵ و دارایی ناو کۆمەڵگا گەورەتر بێتەوە و لە سنووری خۆی تێپەڕ بێ.

ئەگەر بە پێی نموونەکە کارخانە نانەواییەکە لەبەر چاوی خۆمان وێنا بکەین، چ دەقەوما ئەگەر پارەکە نوێنەری ئەو شتانە بایە کە بوونیان دەبوو ببێ؟ ئەو نانەواخانەیە بە هیچ شێوەیەك نەیدەتوانی دروست بکرێ. دیارە بنەماڵەی هیوا مافی خۆیانە ئیدەکەیان لە مێشکی خۆیاندا پەرە پێبدەن و فانتازیای بۆ بکەن، بەڵام بە بێ بوونی پارە بە هیچ شێوازێك خەونەکەی ئەو بنەماڵەیە پێك نەدەهات. لێرەدا بازنەیەکی شەیتانی لێ دروست دەکرێ:




مرۆڤ بە درێژایی هەزاران ساڵ لە بارودۆخی ڕاوەستانی ئابووریدا مابۆوە. لە کاتی نوێ و بەهۆی بیرۆکەی ئابووری مودێڕن و سیستەمی متمانەپێکردن بە داهاتوو خۆی لەو دەرجا لێدانە ڕزگار کرد. لەو سیستەمە نوێیەدا بۆ ئەو مرۆڤانەی نەیاندەتوانی خەونەکانیان بە ڕاست وەرگێڕن ئیمکانێکی نوێیان خوڵقاند و ناویان نا قەرز. ئەو کارە ئیمکانێکی بۆ ڕەخساندن کە کاروباری ئەمڕۆیان لەسەر حیسابی متمانەکردن بە داهاتوو بۆ جێ بە جێ بکرێ.

## تۆپەڵە بەفرێك كە بەردەوام گەورەتر دەبێتەوە

هاوكات لەگەڵ شۆڕشی زانستیی بیرۆكەی پێشكەوتووخوازیش پەرەی سەند. وێناكردنێك بە مەبەستی باشتركردنی بارودۆخی ژیانی مرۆڤ، كاتێ زانستی كاڵ وەلا بنرێ و لە كانزا سرووشتییەكان بۆ پشكنینی زانستیی كەڵكی بەجێ وەربگیرێ. بۆچوونێك كە بە زوویی بەهۆی بارودۆخی ئابوورییەوە پەرە دەستێنێ. هەر كەس باوەڕی بە پێشكەوتوویی هەبێ بۆی ڕوونە كە كۆی تەواوی بەرهەمی مرۆڤایەتی واتە تجارەت و دارایی بە یارمەتی دۆزراوە زانستییەكانەوە خۆی گەورەتر و بەرفەراوانتر دەكاتەوە. ئێمە دەتوانین ڕێگای بازرگانی نوێ پەرە پێبدەین بە بێ ئەوەی ڕێگا كۆنەكانی ئوقیانووسی هیند باریك كەینەوە. ئێمە دەتوانین بەرهەمی نوێ بخوڵقێنین بە بی ئەوی هیچ زیانێك بە بەرهەمە كۆنەكان بگەیینین. هەر كەسێك لەسەر ئیدە و ئارەزووی خۆی چێژی نوی پێكدێنێ و زیاتر و باشتر بەهرەی لێ وەردەگرێ. مرۆڤ دەتوانێ خۆی دەوڵەمەند كا بە بی ئەوەی كەسێكیتر ناچار بە هەژاریی بكرێ. دەتوانین خۆمان بەهۆی زۆرخۆریی قەڵەو بكەین بە بی ئەوەیكە كەسێك ناچار بە برسیەتی بكرێ. ئەو بارودۆخە گلۆبال و جیهانییە ڕێگای گەورە بوونەوە و هەڵمسانی لە پێشە.

لە پێنج سەد ساڵی ڕابردووەوە ئێمەی مرۆڤ لە ژێر كارتێكەری بیرۆكەی پێشكەوتووخوازییەوە بەردەوام زیاتر و زیاتر هەستی متمانە بە داهاتوومان تێدا پەروەردە بووە. ئەو متمانە كردنە كەرسەیەكی چێكراوی بە ناوی پارە خوڵقاندووە كە بە ڕاشكاوی جێگری بارودۆخی ڕاستەقینەی ئابووری، پیشەسازی، ماڵ و دارایی ئەم جیهانەیە. لەمڕۆدا بەهۆی وامی بانكی بارودۆخێكی ساكار بۆ مرۆڤ پێكهاتووە كە دەتوانێ بە دەرسەدێكی كەمی بەهرەی بانكی پارەیەكی زۆر بۆ بەڕاستوەرگەڕاندنی خەونەكانی وەرگرێ. ئەو كەرەسە جیهانییە هێزێكی مەزنە لەناو كۆمەڵگاكاندا. لە ساڵی ١٧٧٦ فیلەسۆفێكی سكاتلەندی بە ناوی ئادەم سمیت "Adam Smith" كتێبێكی بە ناوی دەوڵەمدندیی نەتەوەكان "Wohlstand der Nationen" بڵاو كردەوە كە ڕەنگە

www.rojhalat.de / www.bokan.de
دەبێ وەك مەزنترین مانیفیستی ئابووری سەردەم سەیر بکرێ. لە هەشت بەشی جلْدی یەکەمی کتێبەکەدا نووسەر ئەو بیرۆکەیەی گڵاڵە کردووە: کاتێ مرۆڤێك بە کاری دەستی وەك فەڕش چینیی یا نەجاڕی و ... پارەیەکی زیاتر لە زەویدارێك بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی پەیدا بکا، هەوڵ دەدا پەرە بە کارەکەی بدا و بە گەورەکردنەوەی جێی کارەکەی بۆ وێنە دانانی کەرەسەی هاسانکاریی بۆ بەرهەمهێنانی کارە دەستییەکەی پارەیەکی زیاتری پێ بگا. هەرچەند پارەی زیاتر پەیدا بکا بەو ڕادەیەش مرۆڤ یاخود کرێکاری زیاتر بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان تەرخان دەکا و لە نەهایەتدا دەبێتە هۆی دەوڵەمەندیی و خۆشگوزەرانی تاقمێك لە ئەندامانی کۆمەڵگا.

ئەگەر مرۆڤی ئەمڕۆیی ئەو ئیدەیە بە شتێکی سەیر و سەرنجڕاکێش دانەنێن، هۆیەکەی ئەوەیە کە ئێمە لە سیستەمێکی سەرمایەداریدا دەژین کە بۆچوونی ئادەم سمیت زۆر لە مێژە بەڕاست وەرگەڕاوە. لە دەرئەنجامەکانی ئەو بیرۆکەیە هەموو ڕۆژێك بەهۆی هەواڵەکان لە لایەن مێدیاکانەوە ئاگادار دەکرێینەوە. بەڵام ئارگۆمێنتی ئادەم سمیت واتە "بەهرەی کاری کەسیی دەبێتە هۆی پێکهێنانی دەوڵەمەندیی گشتیی لە کۆمەڵگاکاندا" یەك لە بۆچوونە شۆڕشگێڕەکانی مرۆڤایەتی لە ئەژمار دێ. شۆڕشگێڕ نەك هەر لە بواری ئابووری باوەکوو لە ڕوانگەی ئەخلاقی و سیاسیشەوە. بە واتایەکیتر ئادەم سمیت لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە تەماح کارێکی نالەبار نییە و ئەگەر من پێی دەوڵەمەند بم، قازانجی تەنیا بۆ من نابێ باوەکوو بۆ هەموو بەشدارانی کارەکەیە. خۆ پەرەستیی، دەبێ ببێتە هۆی چەشن پەرەستیی.

ئادەم سمیت فێری مرۆڤەکانی کرد، لە بواری ئابووری دەبێ وەك سیستەمی "دان" و "وەرگرتن"ی لێ تێ بگەن و بەهرە گەیاندنی ماڵی بە من لە نەهایەتدا بەهرە گەیاندن بە هەمووانە. ئێمە نەك هەرکام لەتێکی کەیکەکەمان پێ دەبڕێ، باوەکوو ئەگەر لەتەکەی من گەورەتر بێتەوە، هی ئێوەشی پێ گەورە دەبێتەوە. ئەگەر من هەژار بم، ئێوەش هەژار دەمێننەوە، چونکە ناتوانم ئیتر بەرهەمەکانتان لێ بکڕم. ئەگەر من دەوڵەمەند بم بارودۆخی ئێوەشی پێ باشتر دەبێ چونکە ئێوە دەتوانن شتم پێ بفرۆشن. ئادەم سمیت داب و نەریتی دژبەریی نێوان دەوڵەمەندیی و ئەخلاقی ڕەد دەکاتەوە و دەروازەیەکی گەورە بۆ دارابوونی گشتی دەکاتەوە. دەوڵەمەند بوون بە مانای دروستبوونی مرۆڤێکی بە ئەخلاقە. ئەگەر مرۆڤ باوەڕی بە ئادەم سمیت هەبێ، دەوڵەمەندەکان بەو هۆیە نابنە دەوڵەمەند کە گیرفانی جیرانەکانیان خاڵی بکەن باوەکوو

مەبەستیان تەنیا گەورەکردنەوەی کەیکەکەیە. ئەگەر کەیکەکە گەورە بێتەوە، هەموو بەشی گەورەتریان پێ دەگا. دەوڵەمەندەکان وەك موتوڕی هەڵسووڕانی ئابووری کۆمەڵگان و بۆ بارودۆخی هەموو مرۆڤێك بەکەڵکن.

دیارە ئەو کارە بەوەوە بەستراوەتەوە کە مرۆڤی دەوڵەمەند سەرمایەکەی نەشارێتەوە و بۆ کردنەوەی کارخانە و کارگا و دابینکردنی کرێکاری نوێ کەڵکی لی وەربگرێ. ئادەم سمیت دروشمی خۆی دووپات دەکاتەوە: "ئەگەر داهاتی کارخانەیەك زۆر بێتەوە، شتێکی ڕوونە کە سەرمایەدار بۆ وەدەستهێنانی بەهرەی زیاتر هەوڵی زۆرکردنی ژمارەی کرێکارەکانی دەدا، نایەت و داهاتەکەی بە جارێك بەهۆی جێژنگرتن و بانگێشتنکردن بە با بکا. فاکتەرێکی گەلێك گرنگ و بڕیاردەری سەرمایەداریی ئابووری مودێڕن لە دایکبوون و بونیات نانی بناغەیەکی ئینسانی و ئەخلاقی نوێیە، واتە هەوڵ دەدا قازانجی کارەکەی بۆ بەرهەمی نوێی و گەورەکردنەوەی بازنەی بەهەرە وەرگرتنی ماڵیی تەرخان دەکا. هەر بەو هۆیەشە ناوی سەرمایەداری لەسەردانراوە. سەرمایەدار جیاوازیی هەیە لەگەڵ دەوڵەمەند بوون. سەرمایە کۆی، ماڵ و دارایی و کانزاکانن کە لە کارخانەکە بۆ بەرهەمهێنان کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. بە پێچەوانە دەوڵەمەندیی پارەکەی یا بە با دەدا و یا کۆی دەکاتەوە و کەڵکی لێ وەرناگرێ. فەرعونێك کە گەنجەکەی لە ژێر زەوی کۆشکەکەی بشارێتەوە سەرمایەدار نییە. دزێکی دەریایی کە زێڕ و زێوەکەی لە حەفتا کوندا دەشارێتەوە ئیتر نابێتە سەرمایەدار. بەڵام کرێکارێکی کارخانە کە بەشێك لە داهاتی مانگانەی خۆی بۆ قازانج لە کارخانەکە دادەنێ (سهام) ئەوە سەرمایەدارییە.

ئەو بیرۆکەیەی کە داهاتی بەرهەمی کارخانە بۆ باشترکردنی کەیفیەتی بەرهەمەکان تەرخان بکرێ، ڕەنگە کەمێك سەیر بنوێنێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ماوەیەکی زۆر لە مێژووی مرۆڤدا کارێکی بێگانە و نەناسراو بووە. پێش دەسپێکی سەردەمی مودێڕن، مرۆڤ لەسەر ئەو بڕوایە بووە کەم یا زۆر بەرهەمهێنان بە شێوەی وەك یەك و نەگۆڕ بەڕێوە دەچێ، هەر بۆیەش بە باشیان نەدەزانێ داهاتی وەدەست هاتوو لە بەرهەمەکان بۆ بەرهەمێنانی باشتری داهاتوو تەرخان بکەن. بەتایبەت لە سەدەی ناوەڕاست زیاتر لە داهاتی وەدەست هاتوو لە بەرهەمەکان بۆ دروستکردنی کۆشك و سەرا و

www.rojhalat.de / www.bokan.de
بەڕێوەبردنی شەڕ یاخود خۆشگوزەرانی و دروستکردنی مزگەوت و کلیسا کەڵکیان وەردەگرت.

هاوکات لەگەڵ دەسپێکی سەردەمی نوێ جیرێکی نوێ بە بیرۆکەی نوێ پێکهاتن و زۆربەی داهاتی کارگا و کارخانەکانیان بۆ بەرهەمی نوێ بە شێوەیەکی باشتر و بەکەڵکتر تەرخان کرد. ئەشرافیانی سەردەمی کۆن دەبوو ژیانێکی جیاواز لە مرۆڤی ئاساییان هەبێ و هەوڵیان دەدا کۆشکی مەزنی ڕەنگاوڕەنگ بە قاپ و کەوچك و کەرەسەی ناومالّی زێو و زێڕین پێك بێنن و خۆیان ماقووڵتر لە مرۆڤی ئاسایی نیشان بدەن.

سیستەمی سەرمایەداریی تێئۆرییەکی دۆزییەوە کە چەشنی کارکردن و کاردانەوەی ئەرێیی ئابووری ڕوون کردەوە. بەڵام ئەو تێئۆرییە نەك هەر بە شێوازی ڕوونکردنەوە و لە تێئۆرییدا، باوەکوو بە شێوەی عەمەلی سەرکەوتوویی وەدەست هێنا. لە ڕاستیدا بە پێی کات وەك ئایینێکی ئابووری بە یاسا و یاساغی تایبەت بە خۆیەوە پەرەی سەند. گرنگترین دروشمیان دەڵێ: گەورەبوونەوەی بار و دۆخی ئابووریی، سەرمایەیەکی وەها پڕ بایەخە کە دەتوانێ سلامەتی، ئازادیی و تەنانەت دادپەروەریش بۆ مرۆڤەکان بە دیاریی بێنێ. ئەو ئایینە نوێیە کارتێکەری ڕاستەوخۆی لەسەر گەشەسەندنی زانستی مودێڕن داناوە و دایدەنێ. بە پێچەوانەش مرۆڤ تەنیا ئەو کات لە مێژووی سەرمایەداریی مودێڕن تێ دەگا کە بە دۆزراوە زانستییەکانیەوەی بلەکێنێ.

گرنگایەتی سەرمایەداریی تەنیا بۆ پەرەسەندنی مودێڕنی زانستیی نییە بەڵکوو بۆ گەورەبوونەوەی ئیمپریالیزمی ئورووپاییش ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ. لەو لاشەوە ئەوە ئیمپریالیستی ئورووپایی بوون کە پرەنسیپی وام وەرگرتنیان لە سەرمایەدارن بۆ مرۆڤ باو کردووە. دیارە کەرەسەی وام وەرگرتن لە ئورووپا نەدۆزراوەتەوە: وام بە قەرا مێژووی پارە کۆنە، واتە لەو سەردەمەوە پارە لە ناو مرۆڤدا پێکهاتووە، وامیش هاوڕێی بووە.

## لەژێر ناوی سەرمایەداری

ڕزگاربوون لە ژێرچەپۆکە و کۆلۆنیالیزمی وڵاتانی ئیندۆنێزی لە چنگی هولەندییەکان و هەروەها کۆلۆنی هیندی لە چنگ بریتانیای مەزن بە هیچ شێوازێك کۆتایی پێهاتنی نێوان سەرمایەداریی و ئیمپریالیزم نەبوو. بە پێچەوانە لە سەردەمی سەدەی ١٩بەولاوە ئەو پەیوەندایەتییە بەردەوام تەنگتریش بۆتەوە. شرکەتە سەهامییەکان ئیتر هەوڵی بە کلۆنیکردنی شەخسیی وڵاتانیان نەدەدا، چونکە ئیتر لە لەندەن، پاریس و ئامستردام کونترۆڵی خەڵکانی وڵەتەکەیان و حکوومەتەکانیان لەسەر زاڵ بوو. ڕەخنە لە حکوومەتە ڕۆژئاواییەکان دەکرا کە ئەوان جیا لە دەستی درێژکراوەی سەرمایەداریی شتێکیتر نین.

نموونەیەکی پڕ بە پێست بۆ ئەو بۆچوونە شەڕی تریاك لە نێوان بریتانیای مەزن و وڵاتی چین بوو کە لە ساڵی ١٨٤٠وە هەتا ساڵی ١٨٤٢ درێژەی بووە. لە سەرەتای نیوەی سەدەی ١٩دا کۆمەڵێ ئینگلیزی - ڕۆژهەڵاتی هیند و بازرگانانی دوڕگەکە بەهۆی فرۆشتنی مادە سڕکەرەکان بە وڵاتی چین، پارە و ماڵ و داراییەکی گەلێك زۆریان پێکەوە نابوو. ملیۆنان مرۆڤ لە وڵاتی چین هۆگریی تریاك ببوون و زیانێکی زۆری ئابووری و کۆمەڵایەتی بە وڵاتەکە گەیاندبوو. لە کۆتایی ساڵانی ١٨٣٠ حکوومەتی چین کڕین و فرۆشی مادە سڕکەرەکانی قەدەغە کرد. بەوهۆیەی بازرگانانی ئینگلیزی سەرەڕای قەدەغەکردنەکە ئەو بڕیارەی سیاسەتوانانی چینیان نادیدە گرتبوو پۆلیسی چین هەر مادەسڕکەرێکی وەدەستکەوتبایە تووناى دەکردن و دەیسووتاندن. بەوهۆیەی کارتلی مادە سڕکەرەکان پەیوەندایەتییەکی تەنگاوتەنگیان لەگەڵ حکوومەتی ئینگلیز هەبوو، دەوڵەتی ئینگلیزیان خستە ژێر گوشاری خۆیانەوە. تەنانەت تاقمێکی زۆر لە وەزیران و پارلمانتارانی ئینگلیزی خۆیان بەشدار و سەهامداری ئەو باند و کارتێلانە بوون و حکوومەتیان هان دەدا بۆ هەڵس و کەوت گرتن سەبارەت بەو کێشەیە.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

ساڵی ١٨٤٠ دەوڵەتی ئینگلیز لەژێر ناوی "بازاڕی ئازاد" شەڕی دژ بە وڵاتی چین ڕاگەیاند. بەهۆی ئەوەیکە وڵاتی چین نەیتوانی خۆڕاگریی لە هەنبەر ئینگلیزییەکان بکا، لە پەیماننامەیەکی ئاشتیدا ڕایگەیاند کە چیتر ڕێگا بە چالاکییە بازرگانییەکان ناگرێ. تەنانەت دەبوو چینییەکان زیانی بازرگانی ئەو ماوەیەش کە پۆلیسی چینیی بەشێکی زۆری مادەسڕکەرەکانی تیوونا کردبوو، قەرەبوو بکەنەوە و شاری هونگ کۆنگیش تا ساڵی ١٩٩٩ لەژێر دەستی ئینگلیزییەکان مایەوە. لە کۆتایی ساڵەکانی سەدەی ١٩ دا ٤٠ ملیۆن چینی واتە نیزیکەی ١٠ لە سەدی دانیشتوانی ئەو سەردەمە هۆگریی مادەسڕکەرەکان ببوون.[٢٥]

هەروەها وڵاتی میسر دبوو فێربێ لەگەڵ دەستی درێژکراوەی سەرمایەدارانی ئینگلیزی ناسیاوی پەیدا بکا و بیانسەلمێنێ. لە سەدەی ١٩ دا سەرمایەدارانی ئینگلیزی و فەرانسی پارەیەکی زۆریان قەرز بە حکوومەتڕانانی ئەو سەردەمەی میسر دا. لە سەرەتاوە بە بەهانەی دروستکردنی کاناڵی سوئێز و دواتر بەهۆی پڕۆژە سەرنەکەوتووەکانی ئەو وڵاتە. ئەو قەرزە پەیتا پەیتا گەورەتر دەبۆوە و کارتێکەریی و هەڵتێقوتان لە سیاسەت و دەستێوەردان لە کاروباری نێوەوەی وڵاتەکە لە لایەن ئیمپریالیستە ڕۆژئاواییەکانەوە پەرەی ساند. ساڵی ١٨٨١ بەهۆی تووڕەیی مرۆڤی ئەو ناوچەیە شۆڕش و خۆڕاگریی ڕووبەڕووی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بۆوە. شۆڕشگێڕان داوای کۆتایی هێنان بەو بارودۆخەیان دەکرد. وەڵامی ئینگلیزییەکان بووە هۆی هێرشکردن بۆ سەر وڵاتی میسر و وڵاتەکەیان داگیر کرد و تا کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی لەژێر کۆنتڕۆڵی خۆیاندا ڕاگرت.

بەڵام بە ڕاشکاویەوە ئەو شەڕانە تەنیا شەڕ نەبوون کە لەسەر تامەزرۆیی سەرمایەداران بەڕێوەچووبێ. تەنانەت چەند لەو شەڕانە هەر وەك شەڕیکە ئابوورییەکانیتر لە بازاڕی ئابووریدا سەودایان لەسەر دەکرا. بۆ وێنە لە ساڵی ١٨٢١ یۆنانییەکان بۆ گەییشتن بە سەربەخۆیی دژ بە ئیمپڕاتۆری عوسمانی شۆڕشیان کرد و ئەو خۆڕاگرییە تامەزرۆیی بازنەی لیبڕاڵی ئینگلیزییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و تەنانەت شاعیری ڕۆمانتیکی لۆرد بایرۆن "Lord Byron" چووە یۆنان بۆ یارمەتیدان و شەڕکردن لە پەنا شۆڕشگێڕان دژ بە عوسمانەکان. دیارە بانکەکان و دەوڵەمەندانیش

---

[٢٥] Carl Trocki, *Opium, Empire and the Global Political Economy* (New York: Routledge, 1999), S. 91

لەو شەڕەدا بەهرەی خۆیان بینی و یارمەتی ماڵییان بە یۆنان کرد. دەوڵەتی یۆنانیش لە ئەگەری گەییشتن بە سەربەخۆیی لە بەرابەردا بەڵێینی گەڕاندنەوەی پارەکان بە بەهرەیەکی باش بۆ سەرمایەداران ڕازی کرا. کاتێ لەو شەڕەدا یۆنانییەکان لاواز ببوون و شۆڕشەکەیان بەرەو هەرەسهێنان دەڕۆییشت، سەرمایەداران ترسیان تێدا پەیدا بوو. بەوهۆیەی حکوومەتڕانانی ئینگلیزیش پشتگیری سەرمایەداران بوون، ساڵی ١٨٢٧ لە زەریای ناوەڕاست ناوەندێکی نیزامی ئینگلیزی دامەزرا و لە شەڕی ناوارینۆ "Navarino" ناوگانێکی تورکەکانیان لە بن ئاو نوقم کرد. دوای چەندین سەدە چەوسانەوە، یۆنان سەربەخۆیی وەرگرت. بەڵام بەوهۆیەی وڵاتەکە لە بواری ئابوورییەوە بارودۆخێکی زۆر خراپی هەبوو و نەیدەتوانی قەرزەکانی بداتەوە، چەندین سەدە لە ڕوانگەی ئابووریی و سیاسیەوە لەژێر کارتێکەری ئینگلیزییەکاندا مایەوە.

ئەرکی سەرشانی نێوان سەرمایە و سیاسەت کارتێکەرییەکی بەرچاویان لەسەر بازاڕی سەهام دا دانا. بوونی وامی ماڵیی لە بارو دۆخی ئابووریدا نەك هەر بە فاکتەرە ئابوورییەکانی وەك دۆزینەوەی نەوت لە ناوچەیەك یا دۆزینەوەی ماشێنێکی نوێی پیشەسازییەوە بەستراوەتەوە بەڵکوو پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ڕووداوە سیاسیەکانیشوە هەیە.

## جەهەنەمی سەرمایەداریی

سەرمایەدارن خۆیان ئەو پەیوەندییە تەنگاوتەنگەی نێوان سیاسەت و سەرمایە بە باش نازانن. زۆربەیان لەژێر ئەوەدا رەنج دەکێشن کە بارودۆخی ئابووری حکوومەت زۆر جار بەهۆی بەرژەوەندیی سیاسی دەخرێتە دۆخێکی ناگونجاو و پێش بە گەشەسەندنی بازاڕی سەرمایەداری دەگرێ. ئەوان گلەییان ئەویە کە حکوومەت ماڵیاتێکی باش لە تاقمێك کارخانە و شیرکەت و بە گشتی سەرمایەداران وەردەگرن و گیرفانی دەوڵەت بۆ ئەو کەسانەی تووشی بێکاریی دەبن ئاواڵە دەکرێ بۆ ئەوەی لە نەهایەتدا بار و دۆخی سیاسەتوانانی لە کاتی هەکبژاردندا پێ قایم بکەن. بە بۆچوونی سەرمایەداران گەلێك بەکەڵکتر دەبوو ئەگەر دەوڵەت ماڵیاتیان لێ وەرنەگرێ، لە بەرابەریدا سەرمایەداران دەتوانن بەو پارەیە کارخانەی نوێی پێ بونیات بنێن، کرێکاری نوێی پێ دامەزرێنن و بەو شێوەیە پێش بە بێکاری بگرن.

لەسەر بۆچوونێ ئەو ڕەخنەگەرانە دەبێ سیاسەت خۆی لە بواری ئابووری دوور ڕاگرێ، کونتڕۆڵ و ماڵیات بەڕێوە نەبردرێ، بۆئەوەی بارودۆخی ئابووریی بازاڕەکانی پێ بەهێز بکرێ و خەڵکی پێ شاد بکەن و ببنە هۆی پێکهاتنی ئازادیی و دادپەروەریی لە بازاڕێ ئابووریدا. ئەوە بیرۆکەیە و داب و نەریت و فەرهەنگی بازاڕی ئازاد، گرنگترین کەرەسەی سەرمایەدارییە. لایەنگرانی ئەو بۆچوون و کولتوورە بە چاوی کراوە حکوومەت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەوە و ناوەوەی وڵات لەژێر چاوەدێریی خۆیان دەگرن و بەو کارەیان پێش بە کارتێکەریی و خۆ تێهەڤوتانی سیاسەت لە بارودۆخی ئابووری دەگرن. لەو حاڵەتەدا باوەڕ بە بازاڕی ئازاد وەك باوەڕ بە ئاییینی لێ دێ و تەنیا فانتازیای لێ دەمێنێتەوە چونکە بازاڕی ئازاد بە بێ خۆتێهەڵقوتانی سیاسەت بوونی نابێ. مەزنترین کەرەسەی ئابووریی متمانەکردن بە داهاتووە بەردەوام لە لایەن مرۆڤی شارلاتان و فێڵەبازەوە کەڵکی نالەباری لێ وەردەگیرترێ. بازاڕەکان خۆیان هیچ پارێزگارییەك ناتوانن لە هەنبەر مرۆڤی شارلاتان بکەن. ئەو کارە ئەرکی سیستەمێکی سیاسیە کە مرۆڤی هەڵەکار بە تاوانی خۆی بگەێنێ و بەو هۆیەشەوە هێزی نیزامی، پۆلیس، دادگا و زیندانەکانیان پێکهێناوە

کە لە توانایياندايە متمانەی مرۆڤ لە هەنبەر بازرگانيی و کڕين و فرۆش لەو بازاڕانەدا پارێزگاريی بکەن.

هۆيەکی سەرەکی بۆ ئازاد ڕانەگرتنی بازاڕی بازرگانی لە لايەن ئادم سميت "Adam Smith"ەوە ئاوا ڕوون دەکرێتەوە: "ئەگەر کارخانەيەکی کەوشدروو قازانج و گەشەسەندنی کارەکەی زۆر لا گرنگتر بێ لە تەرخانکردنی کات و ڕابواردن لەگەڵ بنەماڵەکەی، چەندکەسێکيتر بۆ گەشەپێدانی کارەکەی دادەمەزرێنێ." ئەوە بەو مانايەيە کە خۆپەرەستی و تەماح دەبێتە هۆی گەشەسەندنی کار و قازانجی زياتر. بەڵام چ دەقەومێ ئەگەر بەرپرسی ئەو کارخانەيە بە جێی زيادکردنی ژمارەی کرێکاران مووچەکەيان لێ کەم کاتەوە و چاوەڕوانيی کاری زياتريان لێ بکا؟ وەڵامی ئاسايی ئەو پرسيارە کە بۆچوونی خودی سەرمايەدارانە دەڵێ: "بازاڕی ئابووری دەبێتە هۆی پارێزگاريکردنی کاری کرێکاران". بەڵام ئەگەر ئەو کارخانەيە بە شێوەی بەردەوام چاوەڕوانی کاری زۆر و پارەی کەم لە کرێکارکانی بکا، ماوەيەکی زۆر ناکێشێ، باشترين وەستاکارەکانی دەست لە کارەکە هەڵدەگرن و ئەگەر هەڵس و کەوتی کارخانەکەی نگۆڕانی بەسەردا نەيە، لەوانەيە پێ نابووت بێ.

ڕەنگە لە تيئۆريدا ئەو کارە لۆژيکيی بنوێنێ بەڵام لە ڕاستەقينەدا بە شێوازێکيترە. لە بازاڕێکی تەواو ئازاددا کە نە لە لايەن حاکمان و نە لە لايەن مرۆڤی ئايينيەوە کونترۆڵ دەکرێ، سەرمايەدارانی تەماحکار دەتوانن حوکم بکن و يا خۆی لەگەڵ سەرمايەدارانيتر دژ بە کرێکارکان خۆيان ڕێك بخەن. ئەگەر سەرمايەدارانی کارخانە جياوازەکان خۆيان لەسەر مووچەی کرێکارکانيان ڕێك خەن و مووچەيەکی دياريکراوی کەمتر لە حاڵەتی ئاساييان بدەنێ، ئيتر کرێکاران ناتوانن بە وازهێنان لە کارەکەيان و دۆزينەوەی کارێکی نوێ خۆيان بپارێزن، چونکە لە هيچ شوێنيکيتر مووچەکەيان لەوە زياتر نادەنێ کە پێشتر بۆيان دياری کردوون.

لەوەش خراپتر بەرپرسە تەمەحکارەکان دەتوانن ياسای زۆر سەخت پێك بێنن بۆ ئەوەی مەيدانی جووڵانەوەی کرێکارکانيان کەمتر کەنەوە و هێندەيان قەرزدار و ماڵوێران بکەن کە وەك کۆيلەيەك ناچار بە کار بکرێن. لە سەردەمی سەدەی ناوەڕاست لە ئوورووپا سيستەمی کۆيلەداری بوونی نەبووە و ئەو سيستەمەيان نەدەناسی. بەڵام لە

دەستپێکی سەردەمی نوێوە سەرمایەداریی و کویلایەتی دەست لە دەستی یەکتردا و وەك تەواوکەری یەکتر پەرەیان سەندووە. بۆ پێکهاتنی کارەساتێکی ئەوتۆ ئەمجارەیان حاکمان و دیکتاتۆرانی سیاسی یا نەتەوەپەرەستەکان بەر پرس نەبوون، باوەکوو تەنیا هێزی بازاڕی ئابووری بۆتە هۆی پێکهێنانی ئەو بارودۆخە خراپە دژ بە مرۆڤە.

کاتێ ئورووپاییەکان دەستیان بەسەر ئەمریکادا گرت، زێڕ و زێویان کۆ کردنەوە و لە جێی ئەودا مەزرای نەیشەکەر، چەوەندەر، توتن و لۆکەیان چاند. ئەو کارە پڕ لە چەڵەمە و چەتوونانە بوونە کۆڵەکە بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمە جۆراوجۆرەکان و ناردنیان بۆ وڵاتە ژێر دەستەکانیان. بەتایبەت شەکر لەو سەردەمەدا وەك بەرهەمێکی لوکس و پڕ بایەخ سەیر دەکرا و تەنیا دەوڵەمەندەکان دەیانتوانی بیکڕن. بە بەرهەمهێنانی شکر لە مەزراکان شەکرێکی زۆر بەرەو ئورووپا ناردرا و ئەو خوادەمەنییە ڕۆژ بە ڕۆژ هەرزانتر بۆوە. بۆ وێنە لە ماوەی ٢٠٠ ساڵدا پێداویستی شکری یەك ساڵی مرۆڤ لە سەرەتای سەدەی ١٧ی وڵاتی ئینگلیز لە سیفرەوە گەییشتە هەشت کیلۆ. بەڵام کاری چاندنی نەیشەکر کارێکی پڕ زەحمەت بوو و مرۆڤ لەسەر ئیشتیای خۆی نەیدەویست بەڕێوەی بەرێ. هەر بەو هۆیە ئەو کارە بووە کارێکی ئیجباری و سیستەمی کۆیلەداریی پێکهێنا.

لە نێوان سەدەکانی ١٦ و ١٩ دا نیزیکەی ١٠ ملیۆن مرۆڤی ڕەشپێستی ئەفریقایی وەك کۆیلە هێنران بۆ ئەمریکا. نیزیکەی ٧٠ لە سەدی ئەو کۆیلانە لەسەر مەزراکانی نەیشەکەر کاریان دەکرد. بارودۆخی کارکردن لەو مەزرایانە گەلێك نامرۆڤانە و دژ بە مافەکانی مرۆڤ بوون. زۆربەی ئەو کۆیلانە لە بارودۆخێکی خراپدا دەژیان و دەمردن. ملیۆنان کەس لەو کۆیلانەش بەهۆی هەڵاتنیان و خۆ ڕزگارکردنیان لەو دۆخە ناخۆشەی ژیان لە لایەن ڕاوچیانی کۆیلەوە کوژران و ڕاو کران. تەنیا بۆ ئەوەی ئورووپاییەکان بتوانن شەکر بە چایی و قاوەوە بخۆنەوە و کەیك و شیرینیان لەسەر سفرەکانیان هەبێ ئەو هەموو مرۆڤە بەستەزمانە بەکۆیلە کران و کووژران.

قاچاغ و هێنان و بردنی کۆیلەکان لە لایەن حکوومەتەکانەوە کونتڕۆڵ نەدەکران. ئەو کارە تەنیا بەرژەوەندییەکی ئابووری بوو بۆ زەویداران کە بە پێی یاساکانی دەرخستن و خواستن بۆ بازاڕی ئازاد پێکهاتبوون. ئەو کارەساتانە وەك شتێکی ئاسایی بۆ پەرەسەندنی بازاڕی ئابووریی لە لایەن زۆردارانەوە سەیر دەکرا. دیارە تەماحی ئابووری بۆ گەورەکردنەوە و پێکەوەنانی پارە و سەرمایە مرۆڤی کوێر کردبوو. ئەگەر

ئایینەکان و سوسیال ناسیۆنالیستەکان ملیۆنان مرۆڤیان قوربانیی رق و کینەی خۆیان کردووە، سیستەمی سەرمایەداریش ملیۆنان مرۆڤیان بەهۆی بەها نەدان بە گیان و بە کەم زانینی کەرامەتی ئینسانی، توونا کردووە.

لە سەدەی ١٩شدا سیستەمی سەرمایەداریی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات. لە ئوروویا لە لایەن سەرمایەداران و بانکەکانیانەوە ژیانی ملیۆنان کرێکاریان خستە بارودۆخێکی هەژاریی و ئالوودەی گەورەکردنەوەی بازنەی خۆشگوزەرانی خۆیان کردن. ژیانی مرۆڤی وڵاتە داگیرکراوەکان"کلۆنیا" ی ئورووپاییەکان لەوەش خراپتر بوون.

ساڵی ١٨٧٦ لیۆپۆلدی یەکەم ".König Leopold I" شای بلژیك ڕێکخراوەیەکی مرۆڤ خۆشەویستانەی لە ناوەڕاستی ئەفریقا بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤی ئەو ناوچەیە و بەربەرەکانی دژ بە کۆیلەداری لە وڵاتی کۆنگۆ دامەزراند. ساڵی ١٨٨٥ حاکمانی ئورووپایی ئەو ناوچەیە کە نیزیکەی ٢،٣ ملیۆنی کیلۆمیتری چوارگۆشە گەورەیی بوو و ناوی فۆرتان "fortan" کە بە مانای ناوچەی ئازادە،یان لەسەر دانرابوو، بە بێ پرسیار کردن لەو مرۆڤانەی لەوێ دەژیان لە ژێر دەسەڵاتی حاکمانی کۆنگۆ دانا. لە ماوەیەکی کورتدا ئەو ڕێکخراوە مرۆڤ خۆشەویستیە بوو بە ڕیکخاوەیەکی ئابووری کە تەنیا بیری لە گەورەبوونەوەی سەرمایە دەکردەوە. قوتابخانە و نەخۆشخانەکان لەبیر چوونەوە. بەجێی ئەوان مەزرای گەورەی نەیشەکەری لێ ساز کرا. دانیشتوانی ئەو ناوچەیە کە ژمارەیان ٢٠ تا ٣٠ ملیۆن کەس بوو، بێ بەزەییانە ڕووتاندیاننەوە. پیشەسازییی پلاستیکی گرنگایەتییەکی زۆری لەناو خەڵکیدا بوو. لاستیك لەو سەردەمەدا وەك ماکەیەکی بەکەڵك ناسیاوی پەیدا کردبوو و ناردنی لاستیك لە کۆنگۆوە بۆ وڵاتانی جیهان ببووە سەرچاویەکی باشی ئابووری بۆ وڵاتی کۆنگۆ. بە پێی کات دانیشتوانی ناوچەکە ناچار دەکران ژمارێکی زیاتر بەرهەم بێنن. هەرکەس ئەو میقدارەی بۆی دیاریکرابوو نەیتوانیبا بەرهەمی بێنی بە بەهانەی تەمبەڵبوون و کەم کاریی تاوان دەدران. زۆر جار دەستی مرۆڤیان دەپەڕاندن یا بە پتوونی خەڵکی گوندێکیان کۆمەڵ کوژی دەکردن. لە نێوان ساڵەکانی ١٨٨٥ تا ١٩٠٨ نیزیکەی ٦ ملیۆن مرۆڤ گیانیان لە دەست دا.

## ڕەوڕەوەی ئابووریی

بارودۆخی ئابووریی مودێرن بۆیە پەرە دەستێنی، چونکە ئێمە متمانە بە داهاتوو دەکەین و چونکە سەرمایەداران بەهەری کارخانەکانیان بۆ بەرهەمهێنانی زیاتر و سەرقاڵکردنی ئیمە بە کاری زیاترەوە تەرخان دەکەن. بەڵام ئەو کارە بە تەنیا بۆ پەرەسەندن کافی نییە. بۆ ئەوەی بواری ئابووری لە ڕاستیدا گەشە بستێنێ، پێویستیمان بە وزە و ماکەی خاو(ماکەی سەرەتایی) هەیە. بەڵام ئەو دوو مەرجەی دوایین سنوور دارن و بێ کۆتایی نین. کەوابوو بۆچوونێکی نالۆژیکی نابێ، ئەگەر بڵێین ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو سیستەمە دەتوانێ تێك بڕووخێ و سەرمایەداری لە ناو بچێ.

بەڵام ئەزموونەکانی ڕابردوو نیشانیان داوە کە وزە و ماکەی سەرەتایی تەنیا لە تیئۆریدا سنوور دارن. چونکە سەرەڕای ئەوەیکە سەدان ساڵە کەڵك لەو ماکە خاوانە وەردەگرین کەچی لەمڕۆدا ئەگەر ژماریان زیاتر نەبووبێتن، کەمتر نەبوونەتەوە. بەردەوام هەر کات کەمبوونی سەرچاوەی وزە و ماکەی خاو هەڕەشەیان لە گەشەسەندنی بارودۆخی ئابووری کردبێ، سەرمایەی زیاتر بۆ پشکنینی زانستیی و دۆزینەوەی تێکنیکی وەڕێ کەوتوون. ئەو پشکنین و دۆزینەوە نوێیانە بەردەوام نەتەنیا بوونەتە هۆی وەڕێخستنی ڕەوڕەوەی ئابووری بەڵکوو بوونەتە هۆی دۆزینەوەی ماکە و سەرچاوەی وزەی نوێش.

ئەگەر بۆ وێنە پیشەسازیی ئوتومبیل یاخود ماشێن سازی لەبەر چاو بگرین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە سێسەد ساڵی ڕابردووەوە بە میلیارد ئوتومبیل دروست کراون جا لە ئوتومبیلی بچووکەوە تا گەورە، لە شەمەنەفەرەوە هەتا فڕۆکە و کەشتیی. لەو ماوەیەشدا زۆر جار تووشی کەمهێنانی ماکەی سەرەتایی هاتووین و زۆرجار بنی مەنجەڵەکانمان کڕاندووە. بەڵام بە پێچەوانە بەردەوام ڕێگایەکی نوێمان دۆزیوەتەوە و کارەکەمان درێژە پێداوە. کاتێ لە ساڵەکانی ١٧٠٠ دا ماشێن و داشقە و فەیتوونیان لە ئاسن و دار دروست دەکرد، ئەمڕۆ لە ماکەی نوێ وەك ئالومنیۆم، تیتان و بەتایبەت پلاستیك کەڵك وەردەگیرترێ کە باپیرانی ئێمە لە بوونی بێ خەبەر بوون. هەروەها

کاتێ لە ساڵەکانی ١٧٠٠ دا لە وزە و بەتایبەت لە هێزی ماسوولکەی مرۆڤ بۆ توانەوەی ئاسن و فۆڕمدانی و لە وزەی "با"و "ئاو" بۆ هەڵسووڕاندنی ئاشەکان و ووردکردنی دانەوێڵەکان کەڵك وەردەگیرترا، ئەمڕۆ بۆ وەڕێخستنی زنجیرەی ئابووریی لە وزەی ئەتۆمی و موتوڕی مودێڕن کەڵك وەردەگرین. ماشێن سازیی شۆڕشێکی لە پشت سەر خۆی بەجێ هێشتووە هەر وەك هەموو کارەکانیتری مرۆڤ. ئەو شۆڕشە ناوی شۆڕشی ئابوورییە.

زیاتر لە هەزاران ساڵە مرۆڤ لە چەندین سەرچاوەی وزە کەڵکیان وەرگرتووە: بە سووتاندنی ئەندامی بەجێماوەی بوونەوەرە بچووکەکان، دار و ... گەرمایان پێك هێناوە و لەو گەرمایە بۆ گرمکردنی ناو ماڵ، کێشت دروستکردن و تواندنەوەی ئاسن و ماکەکانیتر و فۆرمدانیان و هەروەها لە هێزی با، ئاو و تافگەکان بۆ دروستکردنی سەرچاوەی وزە کەڵکیان وەرگرتووە. بەڵام ئەو سەرچاوە ئینێرژیانە خاڵێکی لاوازیشیان هەبووە: لە هەموو جێیەك "دار" نەدەڕوان، "با" لە هەموو شوێنێك بەهێز نەبوو و بۆ ئەوەی بتوانین لە هێزی ئاو کەڵك وەربگرین دەبوو لە پەنا چۆم ژیانمان کردبایە. سەرەڕای ئەوانەش کێشەیەکی گەلێك مەزنتر هەبوو: هیچکەس نەیدەزانی چلۆن سەرچاوەیەکی ئینرژی دەکرێ بۆ یەکیتر بگوزترێتەوە. بۆ وێنە بە وزەی "با" و "ئاو" دەکرا ئاشەکان و کەشتییەکان وەڕێ کەون بەڵام نەدەکرا ئاسنی پێ بتوێننەوە و یاخود بە پێچەوانەکەی. لەو سەردەمەدا تەنیا ماشێنێك کە دەیتوانی بە شێوەی سرووشتی چەشنی وزەکان ئاڵوگۆڕ بەسەردا بێنێ لەشی مرۆڤ بوو. لەشی مرۆڤ توانایی ئەوەی بوو ئەندامانی سووتەمەنی وەك خواردەمەنییەکانی لە گەدەی خۆیدا بهاڕێ و چەشنیتری وزەی لێ پێك بێنێ. مرۆڤ نان و خواردەمەنی دەخوا، کۆلنهیدراتەکەی و چەورییەکەی دەسووتێنێ و وزەی لێ پێکدێنی کە دەتوانێ بەو وزەیە ئەندامانی لەشی پێ بجووڵێنێتەوە.

لەشی مرۆڤ و ئاژەڵ تەنیا ماشێنێك بوون کە دەیانتوانی وزە بۆ چەشنەکانیتر ئاڵوگۆڕ پێ بکەن. لە هێزی ماسوولکەی مرۆڤ بۆ دروستکردنی خانووبەرە و کەرەسەی پێویست بۆ ژیانی کەڵك وەردەگیرترا و لە ماسوولکەی ئاژەڵ بۆ کێڵانی زەوی و هاتووچۆی باری قورس. ئەو وزەیەی دەبووە هۆی پێکهێنانی ماسوولکە لە مرۆڤ و ئاژەڵدا و لە نەهایەتدا کاری فیزیکی کە سەرچاوەیەکی وەك یەکیان هەبوو:

خواردەمەنی و گیا و گژە جۆراوجۆرەکان. لەو لاشەوە وزەی ئەو گیا وگژانە بەهۆی ڕۆژەوە دابین دەکرا. لە پرۆسەی فۆتۆسێنتزدا ئەو گیایانە وزەی ڕۆژیان وەردەگرت و لەخۆیاندا پاشەکەوتیان دەکرد. هەر چالاکییەکی مرۆڤ پێکی هێنابا سەرچاوەکەی دەگەڕاوە بۆ وزەی ڕۆژ.

مێژووی مرۆ بەردەوام لە لەیەن دوو بازنە یاخود چەرخەی هەڵسووڕاندنەوە کارتێکەریی لەسەر کراوە: چەرخەی پەرەسەندنی گیا و گژ و چەرخەی وزەی هەتاویی (پرۆسەی ڕۆژ و ساڵ). لەو جێگایانەی وزەی هەتاویی کەم و گەنم نەگەییوون، مرۆڤ وزەی کەمی هەبووە. جێی پاشەکەوتەکانی خاڵی، ماڵیات کەم، خەزێنەی شا خاڵی، سەرباز و پاشاکان بێ هێز و نەتەوەکان ناچار بە ئاشتی دەکران. کاتێ ڕۆژ دەدرەوشا و لە سەرووی ئاسمانەوە جێی دەگرت، گەنمەکان ڕەنگێکی زەردی زێڕینیان پێ دەدرا، خەزێنەی پاشەکەوتی وەرزێران پڕ دەبۆوە، بەرپرسانی ماڵیات بۆ وەرگرتنی بەشەکەی خۆیان چالاك دەبوونەوە، سەربازەکان ماسوولکەکانیان بەهێز دەبۆوە و شمشیرەکانیان تیژ دەکرایەوە. پاشاکان دەژیانەوە و پلانیان بۆ شەڕی دوایی دادەنا.

## پەرجۆی وزە

بە درێژایی هەزاران ساڵ مرۆڤ هەڵس و کەوت و نیزیکایەتی ڕۆژانەی لەگەڵ گرنگترین دۆزینەوەکانی مێژوویی لە پەیوەندایەتیی لەگەڵ گۆڕینی وزە لە چەشنێکەوە بۆ چەشنێکیتر داوە، بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکا یاخود مەبەستی سەرەکی ئەو کارەی بووبێ. هەر جارێك بۆ دروستکردنی چایی یا شۆرباو یا کوڵاندنی پەرلماسی مرۆڤ هەوڵی کوڵاندنی ئاوی داوە و بۆ ماوەیەك قابلەمەکەی لەسەر ئاور لەبیر چووە، سەری قابلەمەکە دەستی کردووە بە هەڵبەزینەوە و بە دەنگەکەی سەرنجی مرۆڤی بەپەلە بۆلای خۆی ڕاکێشاوە. مرۆڤ بە چاوی خۆی شاهیدی گۆڕانی وزەی گەرمایی بۆ وزەی جووڵانەوە بووە بەبێ ئەوەیکە متابولیسم واتە گۆڕانی کیمیایی ماکەی خواردەمەنی لە ناو لەش، پێك هاتبێ. بەڵام کەس سەرنجی بەو کارە نەداوە. وێناکردنی پێکهاتنی متابولیسم واتە شتێك بکوڵێ بۆ ئەوەی بزووتنەوە لە شتێکیتردا پێك بێ، بۆ مرۆڤ و بیرکردنەوەکەی ئەو سەردەمە شتێکی بێگانە بووە.

تێگەییشتن لە ئاڵوگۆڕی وزەی گەرمایی بۆ وزەی جووڵانەوەی فیزیکی، تا ڕادەیەك پەیوەندیی بە دۆزینەوەی تفەنگەوە هەبووە. کاتێ چینییەکان لە سەدەی نۆهەمدا باڕووتیان دۆزییەوە، لە سەرەتاوە بۆ دروستکردنی بۆمب و مین کەڵکیان لێ وەرگرت. چەندین سەدە درێژەی کێشا هەتا مرۆڤ هەستی بە لێهاتوویی گۆڕانکاریی وزەیەك بۆ ئەویتر کرد. یەکەم تۆپی شەڕ کە بە باشی لە مەیدانی شەڕ کەڵکی لێ وەردەگیرترا ٦٠٠ ساڵ دوای دۆزینەوەی باڕووت دروست کرا.

بەڵام بیرۆکەی ئاڵ و گۆڕی وزەی گەرمایی بۆ وزەی جووڵانەوە هەمیسان سێ سەد ساڵیتری خایاند و مرۆڤ ماشێنێکی دروست کرد کە بە بێ هێزی ماسوولکە دەیتوانی خۆی بجووڵێنێتەوە. ئەو دۆزینەوەیە کە وەك ڕەچە شکاندنێك دەچوو لە وڵاتی ئینگلیز دۆزرایەوە. کاتێ ئینگلیزییەکان هەستیان بە کەمبوونەوەی دار بۆ گەرمراگرتنی ناو ماڵەکانیان کرد، پەنایان بۆ ڕەژی ناو شاخەکان برد. زۆربەی ئەو

www.rojhalat.de / www.bokan.de

کانزا ڕەژییانە لە ناوچە تەڕ و نمدارەکان هەڵکەوتبوون. ئاوی ناو زەوی ببوە کۆسپێك لەسەر ڕێگای گەییشتن بە ڕەژی کە لە درز و قوژبنەکانی زەویدا خۆیان شاردبۆوە. دەبوو لەڕووی ناچارییەوە ڕێگا چارەیەك بدۆزرێتەوە. لە سەدەی ١٧دا دەنگێکی تایبەت لە ناو کانزاکانەوە دەبیسرا. ئەو دەنگە کە وەك هەنگاوی یەکەم بۆ شۆڕشی پیشەسازیی سەیر دەکرێ، ماشێنی هەڵم بوو.

دیارە چەندین شێوازی ماشێنی هەڵم هەن، بەڵام پرەنسیپی کارکردنی هەموویان وەك یەکە. مرۆڤ وزەیەك بۆ وێنە ڕەژی دەسووتێنێ و بە پیکهێنانی گەرما، ئاو دەکوڵێنێ و هەڵمی لێ دروست دەکا. هەڵمەکە دەبێتە هۆی گوشارهێنان بۆ میلەی پیستون. پیستونەکان دەکەونە حەڕەکە و ئەو کەرەسانەی بەو پیستونانەوە پەیوەند دراون دەکەونە جووڵە. ئەو کارە دەبێتە هۆی گۆزتنەوەی وزەی گەرمایی بۆ وزەی جووڵانەوە! لە کانزاکانی سەدەی ١٨ی ئینگلیز پیستونەکان بە پۆمپێکەوە پەیوەند درابوون کە ئاوی کانییەکانی لە درزی کانزاکانەوە دەهێنا دەرەوە. ماشێنی ئەو سەردەمە پێویستیان بە وزەیەکی زۆر بووە تا بتوانن کارەکانی پێ بەڕێوە بەرن.

لە چەند سەدەی دواتردا موهەندیسە ئینگلیزییەکان هەوڵیکی زۆریان بۆ باشترکردن و مودێرنکردنی ماشێنە هەڵمەکان داوە و زۆر کاریتری وەك جۆلایی و تەشی ڕێسی یان بەو ماشێنانە ئەسپاردووە. سپاس بۆ ئەو شۆڕشە، پیشەسازییی جۆلایی توانی پارچەی ڕەنگاوڕەنگ بە ڕادەیەکی یکجار زۆر و هەرزان بخاتە بازاڕەکانەوە. لە ماوەیەکی زۆر کەمدا وڵاتی ئینگلیز بوو بە کارگای جیهان. بەڵام لەوەش گرنگتر کاتێ ماشێنە هەڵماکان لە کانزای سەر شاخەکانەوە بەرەو کارەکانیتر هینرانە خوارێ، گرێیەکیتر کرایەوە: ئەگەر مرۆڤ بەهۆی سووتاندنی ڕەژی بتوانێ کاری جۆلایی بەڕێوە بەرێ، بۆچی ناکرێ کاریتر وەك کەرەسەی هاتوچۆی پێ دروست کا؟

لە ساڵی ١٨٢٥ موهەندیسەکانی ئینگلیزی توانیان کەرەسەیەکی پێ دروست کەن کە بە خێرایی ٢٠ کیلۆمیتر لە کاتژمێردا ڕەژی کانزاکان بەهۆی ڕێگای ئاسنەوە بگەێنێتە لەنگەرگاکان. ئەو کەرەسەیە یەکەم شەمەنەفەری هەڵمی جیهان بوو. ئەگەر بە شەمەنەفەر ڕەژیی پێ هاتوچۆ بکرێ، بۆچی ماکەکانیتر نا؟ یا مرۆڤ؟ ڕۆژی ١٥ی سپتامبری ساڵی ١٨٣٠ لە نێوان شاری لیورپوول و منچستەر یەکام ڕێگای ئاسن دروست کرا. تەنیا ٢٠ ساڵ دواتر لە بریتانیای مەزن شەبەکەیەکی ڕێی ئاسن بە

درێژایی دەیان هەزار کیلۆمیتر ساز کران.[٢٦] لای کەم لێرە بەولاوە مرۆڤ هاتە سەر ئەو بۆچوونە کە دەکرێ بەهۆی دروستکردنی ماشینی نوێ، وزەیەك بۆ ئەویتر بگۆزرێتەوە. هەر فۆرمیکی وزە دەیتوانی کارێکی تایبەت لە ئەستۆ بگرێ. فیزیکزانان دۆزییانەوە کە چ وزەیەکی مەزن بۆ وێنە لە ناوکی ئەتۆمدا پاشەکەوت کراوە و مرۆڤیش هاتنە سەر ئەو ئیدەیە، وزەکەی ئازاد کەن و بۆ ئامانجی جیاواز وەك کارەبا، ماشێنی پیشەسازیی کەڵکی لی وەرگرن یا شارەکانی پێ کاول بکەن. لە نێوان دروستکردنی بارووت لە چین و سووتاندنی کونستانتینۆپل "قستنتنیە" لە لایەن تورکەکانەوە ٦٠٠ ساڵ کات پێویست بوو. بەڵام لە نێوان دۆزینەوەی ئالبرت ئانشتاین کە لە حەجم یا گەورەیی وزە پێکدێ، و کاولکردنی هیرۆشیما و ناکازاکی تەنیا ٤٠ ساڵ کاتی پێویست بوو.

یەکیتر لە ڕچەشکێنەرانی دۆزینەوە زانستییەکان موتۆری ئەلکتریکی بوو کە لە ماوەیەکی کەمدا شۆڕشێکی مەزنی بۆ دروستکردنی کەرەسەی هێنان و بردنی وە ئەستۆ گرت. نەوتیش وەك ماکەیەی تەراو، بووە کەرەسەیەکی بەهێزی سیاسی. شەڕ بۆ داگیرکردنی وڵات، داسەپاندنی ئایین، زێڕ، کۆیلە و ... بەڕێوە چووە، هەروەك بۆ وەدەستهێنانی نەوتیش؟ چ بیرۆکەیەکی سەرشێتانە؟

---

[٢٦] Mark, *Origins of the Modern World*, S. ١٠٩.

## دەریایەك لە وزە

لە ڕاستیدا شۆڕشی پیشەسازییی شتێك نییە جیا لە شۆڕشی گۆڕانی وزە. سپاس بۆ ئەو شۆڕشە لەمڕۆدا ژمارەیەکی زۆر و بێ سنووری چەشنەکانی وزە لەبەر دەستی مرۆڤ دایە. ئەوە تەنیا نەزانیی مرۆڤە کە سنوور پێك دێنێ. بە هەر چەندساڵێك سەرچاوەیەکی نوێی وزە دەدۆزرێتەوە، بە شێوەیەك کە کۆی گشتیی سەرچاوە وزەکان بەرەو زۆربوون دەڕوا.

بەڵام بۆچی ژومارێکی زۆر لە مرۆڤ هێشتا دڵ نگەرانن: ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕەنگە ووزەی سەر زەوی کۆتایی پێ بێ؟ بۆچی پەیتا پەیتا دەگوترێ کارەساتێك لە سەر ڕێگای مرۆڤە ئەگەر کانزا بەجێ ماوەکان لە فوسیلی بوونەوەران واتە نەوت، گاز و ڕەژی و ... تەواویان پێ بێ؟ بە ڕاشکاوی تا ئەمڕۆ سەرچاوەکانی وزە کەمیان نەهێناوە، بەڵام کێشە لێرەدایە ئێمە نازانین بۆ کەڵکوەرگرتنی پێداویستییەکانمان چلۆن گۆڕانکاریان بەسەردا بێنین. سەرچاوە پاشەکەوتکراوەکانی وزەی فوسیلی ناو زەوی زۆر بچووکترن بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ وزەی هەتاو کە بە خۆڕایی هەموو ڕۆژێك دەپیرژێنێتە ناو فەزا. لەو وزە مەزنەی هەتاو لەخۆی دەداتە دەرێ، تەنیا بەشێکی بچووکی دەگاتە سەر زەوی. پلانێتی ئێمە ساڵ بە ساڵ بە قەرا ٣.٧٦٦.٨٠٠ ئێکساجوول "Exajoule"(یەکەی وزە) وزەی هەتاوی پێ دەگا. یەك جوول دەبێتە وزەی هەڵێنانی سێوێك بۆ بەرزایی یەك میتر. یەك ئێکساجوول وزەی "ملیارد , ملیارد" جوولە کە دەبێتە وزەی هەڵێنانی سێوێکی یەکجار زۆر.[٢٧] لەو ئەندازە وزە سەرسووڕهێنەرە هەموو گیا و گژەکانی سەر زەوی بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی فۆتۆسەنتێز تەنیا ٣ هەزار ئێکساجوول وەردەگرن.[٢٨] مرۆڤی سەر زەوی لەوڕۆدا ساڵانە پێویستیی بە تانیا ٥٠٠

---

[٢٧] Nathan S. Lewis und Daniel G. Nocera, »Powering the Planet: Chemical Challenges in Solar Energy Utilization«, *Proceedings of the National Academy of Sciences* ١٠٣:٤٣ (٢٠٠٦), S. ١٥٧٣١.

[٢٨] Kazuhisa Miyamoto (Hrg.), »Renewable Biological Systems for Alternative Sustainable Energy Production«, *FAO Agricultural Services Bulletin* ١٢٨ (Osaka: Osaka University, ١٩٩٧), Kapitel ٢,١,١, abgerufen am ١٠. Dezember ٢٠١٠,

ئکساجوول واتە کاتژمێر و نیوێك لەو وزەیەی هەتاو لە ڕۆژدا کە بۆ سەر زەوی دەنێرێ، هەیە.[٢٩] ئەوە تەنیا وزەی هەتاوییە. سەرەڕای ئەوەش چەند سەرچاوەی وزەیتر دێنە گۆڕێ بۆ وێنە وەك: وزەی ناوك یاخود هێزی کێشیی زەوی "Gravitation" کە بەهۆی نەزم بوونەوە و بەرزبوونەوەی ئاوی زەریاکان هەستیان پێ دەکرێ.

پێش شۆڕشی پیشەسازییی بەگشتیی بازاڕی وزەی مرۆڤ تەنیا بە کژ و گیاکانەوە بەسترابوونەوە. مرۆڤ لەناو چۆمێکی سەوزی وزەدا مەلێی دەکرد کە لە ساڵدا ٣٠٠٠ ئکساجوولی دەگرتەوە و هەوڵیان دەدا هێندەی بتوانن بە پۆمپ وزە لەو چۆمە هەڵلووشن. بەڵام بۆ ئەوەی چۆمەکە ئیشك نەبێ مرۆڤ تەنیا دەیتوانی لە بەشێکی دیاریکراو کەڵك وەربگرێ. هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی شۆڕشی پیشەسازییی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە ڕاستیدا ئێمە لە پەنا دەریایەك دەژین کە چەندین ملیۆن ئکساجوول وزەی تێدا کۆبۆتەوە. ئێستا تەنیا دەبێ بۆ هەڵلووشینی ئەو وزە مەزنە پۆمپی باشتر و بەهێزتر دروست بکەین.

کەڵکوەرگرتنی بەردەوام و گۆڕانبەسەرداهێنانی وزە، کێشەیەکیتر بۆ مرۆڤ دروست دەکا: ئەویش کەمبوونەوەی ماکە سرووشتییەکانە. کاتێ مرۆڤ خۆیان ڕاهێناوە بە بەهایەکی کەم وزەیەکی زۆر وەدەست بێنن، دەستیان لەوە هەڵگرت خۆیان ڕاستەوخۆ هەوڵ بۆ وەدەستهێنانی ماکە سەرەکیەکان بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی ناو کۆمەڵگا بدەن. بۆ وێنە پەشم لە ئوسترالیا ئامادە دەکرا و لە بریتانیای مەزن کاری لەسەر دەکرا، ئینجا هاوکاتیش بە هاوکاریی زانایان بەردەوام ماکەی خامی نوێ وەك پلاستیك یا ماکەیتری نەناسراو وەك ئالومنیۆم و سیلیکۆن دۆزراونەتەوە. ئالومنیۆم بۆ یەکەم جار لە ساڵانی ١٨٢٠ دا دۆزرایەوە. بە درێژایی دەیان ساڵ ئالومنیۆم هێندە بە بایەخ بوو، کە لە زێڕ گرانتر کڕین و فرۆشی لەسەر دەکرا. ساڵی ١٨٦٠ ناپلیۆنی سێهەم لە فەرنسا زێڕێکی زۆری دا بۆ دروستکردنی دەستێك کەوچك و چەنگاڵی

http://www.fao.org/docrep/W٧٢٤١E/w٧٢٤١e٠٦.htm#٢,١,١٪James Barber, »Biological Solar Energy«, *Philosophical Transactions of the Royal Society A* ٣٦٥:١٨٥٣ (٢٠٠٧), S. ١٠٠٧.

[٢٩] »International Energy Outlook ٢٠١٠«, U.S. Energy Information Administration, ٩, abgerufen am ١٠. Dezember ٢٠١٠, http://www.eia.doe.gov/oiaf/ieo/pdf/٠٤٨٤(٢٠١٠).pdf.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

ئالومنیۆمی بۆ میوانە ماقووڵەکانی.[٣٠] دەوروبەری سەدەی نۆزدەهەم زانایانی زانستی کیمیایی توانیان شێوازێکی نوێ بدۆزنەوە کە ئالومنیۆمێکی زۆر بە بەهای هەرزان دروست بکرێ و لەمڕۆدا بەو شێوەیە لە ساڵدا نیزیکەی ٣٠ ملیۆن تۆن ئالومنیۆم دروست دەکرێ. ڕەنگە ناپلیۆنی سێهەم ڕەنگی سپی هەڵدەگەڕا ئەگەر بیزانیبایە وەچەکانی دوای ئەو ئالومنیۆم لە دەوری نان یا بەرماوەی خواردەمەنی هەڵدەپێچن.

ئەگەر مرۆڤی ٢ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا بەهۆی کاری زۆر دەستیان قەڵەشابا، بە ڕۆنی زەیتوون چەوریان دەکرد. لەمڕۆدا بە ساکاریی لە کرێمی تایبەت بە قەڵەشانی دەست کەڵك وەردەگرن. تەنیا بۆ زانیاریی ڕۆژێکیان ویستم بزانم ئەو کرێمە کە مرۆڤ بە بەهایەکی زۆر کەم دەتوانێ بیکڕێ، لە چی پێکهاتووە. زۆربەی ئەو ماکانەی کرێمەکەیان لێ دروست کردووە لە چەند دەیەی ڕابردوودا دۆزراونەتەوە:

ئاوی داچۆڕاو(مقطر) "Destilliertes Wasser"، اسید ستئاریك "Stearinsäure"، گلیسیرین "Glycerin"، Caprictiglycerid، پرۆپیلین گلیکۆل "Propylenglycol"، ئیزۆپرۆپیل "Isopropylmyristat"، Panax Gynseng، ماکەی بۆنخۆش "Duftstoffe" ئەڵکۆلی ستیل "Cetylalkohol"، تری ئاتنۆل ئامین "Triethanolamin"، Dimeticon، منیزیۆم ئاسکرۆیل فوسفات "Magnesium ascorbylphospat"، و ...

هاوکات لەگەڵ شەڕی یەکەمی جیهانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بازنەیەکی کونترۆڵیان بە دەوری وڵاتی ئاڵماندا کێشابوو. وڵاتەکە بە تەواوی لەژێر کەمیی ماکەی خاو ڕەنجی دەکێشا. بەتایبەت ماکەی "Salpeter" کە بۆ دروستکردنی نارنجۆك و تەقەمەنییەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێ، ئیتر وەدەست نەدەکەوت. سەرچاوەی سەرەکی ئەو ماکەیە لە وڵاتانی شیلی و هیندووستان بوون. دیارە دەکرا بە جێی "Salpeter" لە ئامۆنیاك کەڵك وەرگیرترێ، بەڵام ئامۆنیاکیش ئەو سەردەمە زۆر چەتوون و بە بەهایەکی زۆر وەدەست دەکەوت. شانسی ئاڵمانییەکان کیمیاکارێکی یەهوودی بە ناوی فریتچ هابر"Fritz Haber" کە لە ئاڵمان دەژیا،

---

[٣٠] S. Venetsky, »›Silver‹ from Clay«, *Metallurgist* ١٣:٧ (١٩٦٩), S. ٤٥١; Fred Aftalion, *A History of the International Chemical Industry* (Philadelphia: University of Pennsylvania Press, ١٩٩١), S. ٦٤; A. J. Downs, *Chemistry of Aluminum, Gallium, Indium and Thallium* (Glasgow: Blackie Academic & Professional, ١٩٩٣), S. ١٥.

دۆزییەوە کە دەکرێ زۆر بە هاسانی ئامونیاك لە هەوا وەربگیرترێ. تاقمێك لە پسپۆران دەڵێن بە بێ ئەو مرۆڤە یەهوودییە لای کەم دەوڵەتی ئاڵمان دەبوو لە مانگی نوامبری ساڵی ١٩١٨ دەست لە شەڕ هەڵگرێ و تەسلیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بێ. ساڵی ١٩١٨ بۆ ئەو دۆزینەوەیە لە بواری کیمیایی خەڵاتی نۆبێلیان بە فریتچ هابر بەخشی.

## شۆڕشی پیشەسازیی و کاردانەوەکانی

سپاس بۆ شۆڕشی پیشەسازیی، وزەی هەرزان و زۆر، لەگەڵ ماکەی خاوی هەرزان و زۆر، تووشی یەکتر بوون و بە دوو قۆڵی پیلانێکیان ساز کرد کە ئەزموونەکی بووە هۆی تەقینەوەیەکی گەورەی دروستکردنی بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ لە هەموو گۆشەکانی ئەم جیهانە. ئەو تەقینەوەیە بەتایبەت لە بواری کەشاوەرزی خۆی بە شێوەیەکی بەرچاو نیشان دا. مرۆڤ لەژێر ناوی شۆڕشی وەرزێری بیر لە کارخانەی گەورە بە منارەی بەرزەوە دەکاتەوە کە بەردەوام دووکەڵی لێ هەڵدەستا، یا بیر لە ژیانی پڕ لە ناخۆشیی و ئازاری کرێکارانی کانزای ناو شاخەکانی دەکاتەوە کە بە درێژایی ڕۆژ ئارەقەیان دەڕشت. بەڵام شۆڕشی پیشەسازی لە ڕاستیدا دووهەمین شۆڕشی وەرزێری بوو.

هاوکات لەگەڵ دوو سەد ساڵی ڕابردوو مێتۆد و شێوەی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی لە خزمەت کەشاوەرزیدا بووە. تراکتۆر و کەرەسەی دروێنە و کەرەسەکانیتر بە خێراییەکی زۆر ئەرکەکانی مرۆڤی کرێکاری وەرزێری و ئاژەڵە هەڤاڵەکانی کە پێشتر بە زەبری ماسوولکە و هێزی بازووی خۆیان بەڕێوەیان دەبرد، لە ئەستۆی خۆیان گرت. کاری سەر زەوی و ئاژەڵداریی بەهۆی کەڵکوەرگرتن لە کوودی چێکراو و ماکەی کیمیایی پەرەی سەند. زووری فینك کەرەوەی ماکەی خواردەمەنی، کەشتی و فڕۆکە و کەرەسەی هاتوچۆی گورج بوونە هۆی ڕاگرتنی ماکەی خواردەمەنی بۆ ماویەکی دوور و درێژ و هێنان و بردنیان بۆ هەموو گۆشەکانی جیهان. بەو شێوەیە ئوورووپاییەکان فێر بوون گۆشتی تازەی ئارژانتینی و سووشی ژاپۆنی لەسەر سفرەی خواردەمەنی خۆیان دانێن.

تەنانەت گیا و ئاژەڵەکانیش شێوازێکی مکانیکییان بە خۆ گرت. لەو کاتەدا ئایینی هۆمانیستیی (مودێرنیزم) پلەی هۆمۆ ساپیەنی تا ڕادەی خودا بەرزکردەوە، ئاژەڵە ڕام کراوەکان بەها و ئەرزشی کاریی خۆیان لە دەست دا و ئەرکەکانیان بوون بە ماشێن و کەرەسەی چێکراوی دەستی مرۆڤ. لەمڕۆدا زۆربەی ئاژەڵەکان لە کارخانەکاندا بە

شێوەی چێکراو و بەڕادەیەکی یەکجار زۆر بەرهەم دێن و فۆڕمی لەشیان بە پێی ویستی بازاڕ دروست دەکرێ و بە پتوونی تەمەنیان وەك زیندانی بە بی ئەوەی شانسی ژیانیان لە سرووشتدا پێ بدرێ، تەنیا لە کارخانە سەرگیراوەکاندا تێپەڕ دەبێ. لە چ بارودۆخێك دا ژیان دەکەن و چ ماوەیەك زیندوو دەمێننەوە، بەستراوەتەوە بە چەشنی حیسابکردنی ئەندازیارانی کارخانەکان و سەرمایەدارەکان. هەروەها ئەگەر ئەو ئاژەڵانە بەهۆی بەرژەوەندیی خاوەنەکانیان لە ژیاندا بمێننەوە و لە بارودۆخێکی باشی ڕێژەیی سڵامەتیشدا ڕابگیرێن، هیچ پەیوەندییەکی بە ئەرزش دانان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆحی ئەو ئاژەڵانەوە نییە.

بۆ وێنە زۆربەی گای شیردەر چەند ساڵ ژیانی کورتی خۆیان لە ژوورێکی تەنگ دا بەسەر دەبەن کە لە سەرێکەوە لوولە یا شیلانگێکی ماکەی خواردەمەنی و لە سەرێکیترەوە شیلانگی کەرەسەی شیردۆشینیان پێوە هەڵواسڕاوە. چارەنووسی مریشك و ئاژەڵەکانیتریش لە ژیانی گا خەمبارترە. مریشکی هێلکە کەر بارودۆخی هەڵس و کەوتی سرووشتیان لی شێواندراوە. ئەوان لە حاڵەتی سرووشتی خۆیاندا پێویستییەکی گرنگ و بەهێزیان بۆ پشکنینی ژینگە هەیە: بۆ گەڕان بەدوای خواردەمەنیدا، دۆزینەوە و پەرەسندنی ژیانی بە کۆمەڵ، هێلانە دروستکردن و خاوێنکردنەوەی پەڕ و باڵیان و... . بەڵام بۆ گەییشتن بە ژمارێکی زۆر هێلکەی چێکراو لە قەفەسێکی تەنگدا ڕادەگیرترێن کە هەرکام لەوان تەنیا ٢٠ تا ٢٥ سانتی متر جێگایان بۆ جووڵانەوە هەیە. دیارە ئەو مریشکانە بە ڕادەیەکی زۆر دانەوێڵە و ئاو و خواردەمەنیان لە بەردەستدایە، بەڵام بە داخەوە ئەوان لە بارودۆخێك دا نین کە بتوانن هێلانە بۆ خۆیان ساز کەن، لە جێگایەکی بەربڵاو و سەوزانیدا بەدوای دانەوێڵەدا بگەڕێن یاخود هەڵس و کەوتە سرووشتییەکانیتریان بەڕێوە بەرن. قەفەسەکانیان زۆر جار هێندە بچووك و تەنگن کە تەنانەت ناتوانن باڵەکانیان بکەنەوە و پەڕەکانیان بە دەندووکیان خاوێن کەنەوە.

بەراز وەك کونجکۆڵترین ئاژەڵی شیردەر ناسراون. بۆ قەڵەوکردنیان لە ماویەکی کەمی ژیانی ناو کارخانەکان هەزاران ئاژەڵ لە جێگایەکی تەنگ و ترش پاڵ بە پاڵی یەکترەوە خەریکی خواردن و خواردنەوەن. ئاژەڵداریی پیشەسازییی بە هەمان ڕادە کەم، پەیوەندیی بە رق لە هەنبەر ئاژەڵەوە هەیە کە کۆیلەداریی لەگەڵ ڕق و کینە دژ

www.rojhalat.de / www.bokan.de
بە مرۆڤی ئەفریقاییەوە هەیبووە. هاندەر و پاڵنەری هەردووکیان تەنیا بێ گیرۆدەییە. زۆربەی مرۆڤ بیر لە چارەنووسی مریشك، گا، بەراز و ئاژەڵەکانیتر ناکەنەوە و کاتێکیش پرسیاریان لی دەکرێ، بە کارێکی ئاسایی و سرووشتی دادەنێن و وەك بوونەوەرێکی بێ ڕۆح کە هەست بە هێش و ئازار ناکەن، بە حیساب دادەنرێن.

لە ساڵانی ١٩٥٠کاندا ڕەوانناسێکی ئەمریکایی بە ناوی هاری هارلۆ" Harry Harlow" بێچوولە مەیموونێکی ماوەیەکی کورت دوای لە دایکبوونی لە دایکەکەی جیاکردەوە. بێچووە مەیموونەکەیان لە قەفەسێك خست و لە لایەن مەیموونی چێکراو (فیگۆرێك بە شکڵی مەیموون) گەورەیان کرد. لەو قەفەسەدا دوو چەشن فیگۆری مەیموونیان دانابوو: یەکیان لە سیمی رەق و تەق کە شیشە شیرێکی پیوە هەڵواسرابوو، ئەویتریشیان مەیموونیکیتر لە دار کە پەشمێکی نەرمیان لە دەوری هاڵاندبوو و بەهۆی پەشمەکەوە دایکە ڕاستەقینەکەی خۆی وەبیر دەهاتەوە. هاری هارلۆ پێیوابوو بێچووە مەیموونەکە بۆ خواردنەوەی شیر خۆی بە مەیموونە ڕەق و تەقەکەوە هەڵدەواسێ. بە سەرسووڕماویەوە بێچووە مەیموونەکە زۆربەی کاتی خۆی لە باوەشی مەیموونە پەشمیەکەدا ڕادەبوارد. کاتێ هەر دووك مەیموونەکانیان نزیك یەکتر دانابا، بێچووەکە دەچووە باوەشی مەیموونە پەشمیەکە چونکە گەرمتر بوو و سەری خۆی بۆ خواردنەوەی شیر بۆ لای ئەویتریان خوار دەکردەوە.



تاقیکارییەکانیتر لەسەر بێچووە مەیموونیتر نیشانی دا سەرەڕای خواردەمەنی و ئاوی کافی ئەو بێچووە مەیموونانەی لە لایەن دایکی چێکراوەوە گەورە کراون دواتر نەیاندەتوانی لەگەڵ کۆمەڵی مەیموونەکانیتر خۆیان ڕێك خەن. بەردەوام ڕوخساری شەڕخوازی و تووڕەیان لە هەنبەر مەیموونەکانیتر لە خۆ نیشان دەدا. ئەو تاقیکارییە نیشانی دەدا کە مەیموونیش حاڵەتێکی ڕۆحی یان تێدایە کە لایان زۆر پیرۆز و گرنگترە لە خواردەمەنی و ئاو. ئەگەر لە ڕوانگەی ڕۆحییەوە پێش بە پێداویستییەکانیان بگیرێ و ئارام نەکرێنەوە لەژێر نارەحەتیی ڕۆحیدا ئازار دەکێشن.

ملیاردان ئاژەڵ لەمرۆدا ژیانی نا ئاسایی و نا سرووشتی خۆیان لەسەر ڕێی بەرهەمی کارخانەکان درێژە پێ دەدەن و نیزیکەی ١٠ ملیارد ئاژەڵی شیر دەر و باڵندە ساڵ بە ساڵ دەکووژرێنەوە. ئەو شێوازە بەرهەمە ئاژەڵداریی – پیشەسازییە هاوکات لەگەڵ ماکەی گیایی، پێداویستی و پاشەکەوتی خواردەمەنی مرۆڤی ئەم جیهانەیان پێك هێناوە. پێش شۆڕشی پیشەسازیی بەشێکی بەرچاوی ئەو پێداویستییانە بە شێوەی سرووشتی لە لایەن وەرزێر و ئاژەڵدار و ئاژەڵەکانەوە بەرهەم دەهاتن. هەر بەو هۆیەوە ٩٠ لە سەدی مرۆڤی جیهان لە کەشاوەرز و ئاژەڵدار پێکهاتبوون. بە هاتنە سەر کاری ماشێن و کەرەسی پیشەسازیی بەردەوام ژمارەی وەرزێران و ئاژەڵداران کەمتر دەبوونەوە. لەمڕۆدا لە وڵاتانی وەك ئەمریکا یا ئاڵمان تەنیا ٢ لە سەدی مرۆڤ وەرزێر و ئاژەڵداری دەکەن. بە هۆی شۆڕشی پیشەسازیی بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ماکەی خواردەمەنی دروستکراو، چێکراو و ئامادەکراو، زیاترە لە داواکاریی مرۆڤ. بەڵام هەر بەوهۆیەوە کێشەیەکی نوێ لە کۆمەڵگادا ساز کراوە: کێ ئەو هەموو بەرهەمانە دەکرێ؟

## کڕین و فرۆشی دنیای ئەمڕۆ

دۆخی ئابووری مودێرن پەیوەندایەتی ڕاستەوخۆی بە گەورەبوونەوەی بازاڕێکی کاریی کۆنستانت واتە نەگۆڕی بەرهەمەکان هەیە. ئەو بازاڕە دەبێ بەردەوام بەرهەم پێك بێنێ دەنا لە ئەگەری نەزمبوونەوەی بەرهەمەکانی تێك دەڕووخێ و لەناو دەچێ. بەڵام سرووشتییە بەرهەمهێنانی بە تەنیاش بۆ ئەو کارە کافی نییە. دیارە بۆ سەرکەوتویی ئابووری و بۆ ئەوی کارخانەکان مایەپووچ نەبنەوە، دەبێ کەسێکیش هەبێ ئەو بەرهەمانەیان لێ بکڕێ. بۆ پێشگرتن بە کارەساتێکی وا و متمانەکردن بەوەیکە مرۆڤ بەرهەمەکانیان بکڕن، بە تەواویی موڕاڵ و ڕاهێنانێکی ئەخلاقێکی نوێ پەرەی ساندوە: "کونزومیزم" واتە هۆگریی بۆ کڕینی کەل و پەلە ئابوورییەکان.

لە ڕابردوودا زۆرینەی مرۆڤ لە بارودۆخی کەمهێنان یاخود نەبوونی کەل و پەلی ماڵیدا دەژیان. دەستپێوەگریی و پاشەکەوتکردن وەك ووشەیەکی سیحراویی لێ هاتبوو. چەشنی ژیانی سۆفیانەی دوو نەتەوەی وەك پرویتین "Puritaner" و سپارت "Spartaner" تەنیا دوو نموونەی باش بۆ ئەو بۆچوونەن. مرۆڤی باش لە ژیانی لوکس دووریان دەکرد، بەرماوەی خواردەمەنیان فڕێ نەدەدا و بەجێی کڕینی جل و بەرگی نوێ، پینەیان دەکردن و نوێژەنیان دەکردنەوە. تەنیا شا و مرۆڤە ماقووڵەکان دەیانتوانی بە شێوازی لوکس ژیان بکەن و پۆز بەسەر خەڵکی ئاساییدا لێ بدەن.

کاتێ شۆڕشی ئابووری ڕێگاچارەی بۆ کێشەی کەمبوونی کاڵا دۆزییەوە، بە گورجی و لەپڕێکدا ئەو پرسیارەی لە خۆی کرد: ئەدی کێ دەبێ کەل و پەلەکان بکڕێ؟ ئەوکات شۆڕشی "موڕاڵ و ڕاهێنانی ئەخلاقێکی نوێی [کڕین]" لەناو کۆمەڵگاکاندا باو کرا. ئەخلاقی نوێی کڕینی کالاکان خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە چاوی ئەرێنی سەیر دەکا. ئەو ئێتیکە(ئەخلاق) داوا لە مرۆڤ دەکا لە کالاکان چێژ وەرگرن و خۆیان لە پاشەکەوت کردن دوور ڕاگرن. ئەو هاندانە بە ڕاشکاوی هەموو ڕۆژێك و بەردەوام لە ڕێکلامەی مێدیاکاندا بە چاو دەبینین.

ڕاهێنانی ئەخلاقیکی نوێی کڕین، سەرکەوتووە و لەمڕۆدا مرۆڤ هەر هەموویان وەدوای ئەو شێوازە کڕینە کەوتوون. ئێمە تەنانەت لە ڕادەی پێویستی ژیانمان تێپەڕیوین و هەر شتێك بێتە بەر دەستمان و چاومان پێی بکەوێ، تەنانەت ئەگەر پێویستیشمان پێیان نەبێ، دەیانکڕین. سەرمایەداران بە ویستی پێشتر داڕێژراو کالاکان بۆ ماویەکی کورت لە بەر دەستی مشتەری دادەنێن و دوای کۆکردنەوەیان شت و مەکی نوێی لەسەر جێ دادەنێن. باوەکوو مرۆڤ تا دوێنی ئەو چەشن کالایانەیان نەدیوە و نەناسیوە، بەڵام هەر ئەوەندی لێی ئاگادار بن، دەس بەجێ دەیانکڕن. شۆپینگ و بازاڕ چوون، وەك کارێکی خۆشگوزەرانی مرۆڤی لێ هاتووە و زۆربەی مرۆڤ کاتی ئاسوودەیی خۆیان بە کڕین و گەڕان لە ناو دووکانەکاندا ڕادەبوێرن. لە بواری خواردەمەنی و بەتایبەت شیرنیجاتدا ئەو سەرکەوتوییەی سەرمایەداران گەلێك بەرچاو و ڕوونە.

داب و نەریتی نوێی کڕین چلۆن لەگەڵ داب و نەریتی سەرمایەداری ڕێککەوتوون؟ ئایا پارەی وەدەستهاتوو لەو تێکنیکە نوێیە بۆ ئەوەی لەناو نەچێ، هەمیسان لە لایەن سەرمایەدارانەوە لە کارخانەکانیان گرێ دەدرێ؟ کارێکی گەلێك ساکار و ئاشکرایە. هەر وەك لە مێژووی مرۆڤدا لە نێوان ماقووڵان و بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگا(بەرخۆر) جیاوازییەکی مەزن هەبووە و لە سەردەمی سەدەی ناوەڕاست لە ئوروپا شا و مرۆڤە ماقووڵەکانی دەوروبەری لە ناز و نیعمەت دا دەژیان و هاوکاتیش مرۆڤەکانیتر ژیانێکی پڕ لە برسیەتی و ناخۆشیان بووە و بۆ دانی هەر قرووش و پەناتێك چەندین جار لە دەستیاندا ئەمبەر و ئەوبەریان پێ کردووە، لەمڕۆدا ئەو دوو چینە جێگایان لەگەڵ یەك گۆڕیوەتەوە. سەرمایەداران هەوڵ دەدەن هەر قروشێك و هەر پەناتێك کە وەدەستیان دەکەوێ، بۆ پەرە سەندنی سەرمایەکەیان هەمیسان لە کارخانەکانی گرێ بدەن و بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگاش خۆیان قەرزدار دەکەن کە سەیارە، کەرەسەی ماڵ، خانووبەرە و شتیو مەکی نوێیتری پێ بکڕن.

داب و نەریتی سەرمایەداری و بەکاربەر(بەرخۆر) وەك دووبەری قرووشێکیان لێ هاتووە. هەردووکیان یاسایان بۆ خۆیان دروست کردووە. یاسای پیرۆزی دەوڵەمەندەکان دەڵێ: "تۆ دەبێ سەرمایەکەت بۆ وەدەستهێنانی پارەی زیاتر لە کارخانەکاندا سەرف کەی". یاسای مەزنی بخۆریش دەڵێ: "تۆ دەبێ بەردەوام بکڕی!"

www.rojhalat.de / www.bokan.de
ئەو داب و نەریتەی نێوان سەرمایەدار و بخۆر لە ڕوانگەی خۆیەوە وەك شۆڕشێك لە ئەژمار دێ. زۆرینەی سیستەمەکانی سەردەمی پێشوو داوکارییان لە مرۆڤ هەبوو. ئەوان ڕەنگە بەڵێنی چوون بۆ بەهەشتیان پێ دابایەن بەڵام بەو مەرجەی خۆشویستی و تولەرانس فێر بن، بەسەر ویستەکان و تووڕەییەکانیاندا زاڵ بن و خۆپەرەستی و خۆ خوازی کەم کەنەوە. ئەو کارە بۆ زۆرینەی مرۆڤ زۆر چەتوون بووە. لە ڕابردوودا ئێتیك بۆ خەون و ئارەزووەکانی مرۆڤ شتێکی گەلێك خەمناك بووە و کەم کەس بە ئارەزووەکانیان گەییشتوون.

بەڵام لەمڕۆدا وێدەچێ بۆ مرۆڤ زۆر ساکار بێ بە پێی ئارەزوو و خەونی سەرمایەدار و بەرخۆر ژیان بکەن. ئەو ئێتیك و سیستەمە نوێیە بەڵێنی بەهەشتان لەسەر زەوی پێ دەدا و لە بەرابەریشیدا چاوەڕوانیان لێ دەکا کە زیاتر و زیاتر کالاکانیان بکڕن. لە مێژووی مرۆڤدا ئەوە یەکەم سیستەم و ئایینە لەسەر زەوی کە زۆرینەی مرۆڤ وەدوای کەوتوون. بەڵام ئایا لەڕاستیدا بەهەشتیان لە سەر زەوی بۆ دابین کردووین؟

## شۆڕشێکی بەردەوام

شۆڕشی پیشەسازییی بە بێ ئەوی خۆشی پێ بزانێ دەرگای نەناسراو و بارودۆخی ئەوتۆی بۆ مرۆڤ مسووگەر کردووە کە ئاڵوگۆڕبەسەرداهاتنی وزە و بەرهەمهێنانی کالا بۆتە هۆی ئازادکردن و بێ بەستراوەیی و بیر نەکردنەوەی مرۆڤ بە ژینگەوە. مرۆڤ لێرەوارەکانی ڕووتاندنەوە، بڵقاو و زەلکاوەکانیان ئیشك هەڵگەڕاندوە، ڕووبارەکانیان خستۆتە ژێر کونترۆڵی خۆیانەوە، سێڵاویان لە دۆڵەکاندا وەڕێخستوە، سەدان هەزار کیلۆمیتر ڕێگای ئاسنیان کێشاوە و شارە توریستییەکانیان هەتا ئاسمان هەڵکێشاوە. بەڵام هاوکات بەهۆی شکڵدان و گۆڕانی ژینگە لەسەر ئارەزوو و نیازەکانی مرۆڤی هۆمۆساپیەن، بەشێکی هەرەزۆری جێی ژیانی بوونەوەرانیان تەونا کردوە و چەندین وەچەیان بۆ هەمیشە لەناو بردون. پلانێتی شین و سەوزی پێشووی زەوی وردە وردە دەکرێتە تێکەڵاوییەك لە ناوەندی کڕین و فرۆش و تەپۆڵکێکی مەزنی زوبلی لەسەر یەکتر قەڵاپەچین کراو.

لەمڕۆدا زیاتر لە حەوت ملیارد هۆمۆساپیەن بەسەر پلانێتەکەدا بڵاوبوونەتەوە. ئەگەر مرۆڤی سەر پلانێتەکە هەموویان پێکەوە لەسەر تەرازۆیەك دانێن، قورساییەکەیان ٣٠٠ ملیۆن تۆنە. ئەگەر هەموو ئاژەڵەماڵییەکان واتە گا، بەراز، مەڕ و مریشك و کەڵەبابەکان لەسەر هەمان تەرازوو دانرێن قورساییان بە ٧٠٠ ملیۆن تۆن دەگا. لە بەرابەریدا ئاژەڵە سرووشتییەکان یاخود ئاژەڵە ڕام نەکراوەکان لە ژیشك، مشك و ڕێویەوە هەتا شێر و فیل و ... هەموو پێکەوە بە ١٠٠ ملیۆن تۆن ناگەن. لەمڕۆدا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ٧ ملیارد مرۆڤ و ١،٥ ملیارد گا نیزیکەی ٨٠ هەزار زەڕافە، ٢٠٠ هەزار گورگ، ٤٠٠ ملیۆن سەگی ماڵی، ٢٥٠ هە\ار شامپانزە و ...

www.rojhalat.de / www.bokan.de

لە سەر زەوی دەژین.[٣١] لەڕاستیدا مرۆڤ کارتێکەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژمارەی ئاژەڵانی ئەم جیهانە داناوە.

نابێ تووناکردنی ژینگەمان لەگەڵ کەم بوونەوەی ماکە سرووشتییەکان لێ بگۆڕدرێ. هەر وەك لە بەشەکانی پێشتر بینیمان ماکەی سرووشتی بەردەوام جێگایان بە ماکەکانیتر پڕ دەکرێتەوە و لە داهاتووشدا مرۆڤ ئاڵترناتیڤ بۆ ئەو ماکانە دەدۆزێتەوە. کەم بوونەوەی ماکە سرووشتییەکان بە مانای ڕووخان و لە ناوچوونی ئەم دنیایە نییە. مرۆڤ دەبێ زیاتر ترسی لە تووناکردنی ژینگە هەبێ. لە داهاتوودا ڕەنگە مرۆڤی هۆمۆساپیەن لە ماکەی سرووشتی و چێکراودا مەلێ بکا، بەڵام تا گەییشتن بەو کاتە زۆرینەی ناوچەکانی ژیانی بوونەوەران و چەشنی ئاژەڵەکان لە ناو چوون.

دیارە کێشەی ژینگە دەتوانێ مەترسی بۆ درێژەپێدانی ژیانی خودی هۆمۆساپیەنیش دروست بکا. گەرم بوونەوەی کەش و هەوای زەوی، تووانەوەی سەهۆڵەکانی دوو جەمسەری زەوی، بەرزبوونەوەی ئاوی زەریاکان، کۆبوونەوەی ماکەی پلاستیکی لە ناو زەریاکان و پیسکردنی کەش و هەوا و ئاوی خواردنەوە دەتوانێ بارودۆخ و پێداویستییەکانی ژیان لەسەر زەوی بە گورجی و بە شێوەیەکی دراماتیکی بگۆڕێ و لە داهاتوودا کارەساتی سرووشتی پێك بێنێ. ئەگەر ئێمەی مرۆڤ هێز و توانایی خۆمان بۆ پێکهێنانی کارەساتی سرووستی بکار بێنین و سیستەمی ئابووری بە ئیشتیای خۆمان مانیپولیرە بکەین، تەنیا دەتوانێ کارەساتی ناخۆشی بەدوادا بێ.

زۆر کەس باس لەسەر تووناکردنی سرووشت دەکەن، لە ڕاستیدا لە گۆڕانکارییەك زیاتر شتێکیتر نییە. سرووشت خۆی بەرگری لەخۆی دەکا و نایەڵێ توونا بکرێ. ٦٥ ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا مێتریۆد(بەردی ئاسمانی)ێك دایناسۆرەکانی بە پتوونی لەناو برد، بەڵام هاوکات ڕێگای بۆ ئاژەڵە شیردەرەکان خۆش کرد. ئەمڕۆ مرۆڤ چەندین چەشنی ئاژەڵەکانی لە ناو بردووە و خەریکە چاڵ بۆ خۆشی هەڵدەقەنێ، بەڵام ڕەنگە ئەو کارەیان بۆ ئاژەڵەکانیتر بە سوود بێ. بەرسوورکە و جرجەمشکەکان کاتێکی

---

[٣١] Vaclav Smil, *The Earth's Biosphere: Evolution, Dynamics, and Change* (Cambridge, Mass.: MIT Press, ٢٠٠٢); Sarah Catherine Walpole u. a., »The Weight of Nations: An Estimation of Adult Human Biomass«, *BMC Public Health* ١٢:٤٣٩ (٢٠١٢), http://www.biomedcentral.com/١٤٧١-٢٤٥٨/١٢/٤٣٩

زێڕینیان لەبەرە. ئەو چەشن بوونەوەرانە لە خراپترین بارودۆخی ژیاندا دەتوانن [د. ن. ئا]ی خۆیان بە وەچەکانی داهاتوویان بگۆزنەوە. کێ دەزانێ، ڕەنگە هەر بەو شێوەیەی ئێمەی مرۆڤ لەسەر تیاچوونا کردنی دایناسۆرەکان بۆ دەسپێکی ژیانی خۆمان خۆشحاڵین، کاتێکیش دابێ جرجە مشك و بوونەوەری ژێری داهاتوو لەسەر تیاچوونی هۆمۆساپیەن بەدەستی خۆی، بەختەوەر بن.

لەسەر زانیاری ئەمڕۆ مەترسی بۆ تیاچوونی مرۆڤی هۆمۆساپیەن ڕەنگە هێشتا زوو بێ و بە جیددی نەگیرترێ. لە سەردەمی دەستپێکی شۆڕشی پیشەسازییەوە ژمارەی مرۆڤی هۆمۆساپیەن بە شێوازێکی گەلێك بەرچاو گەورە دەبێتەوە.ساڵی ١٧٠٠ی زایینی ٧٠٠ ملیۆن مرۆڤ لەسەر زەوی دەژیان. تا ساڵی ١٨٠٠ ژمارەی مرۆڤ تەنیا بە ٩٥٠ ملیۆن کەس گەییشت. لە سەدەی ١٩دا دوو بەرابەر بۆوە و بە ١،٦ ملیارد گەییشت. ساڵی ٢٠٠٠ چوار بەرابەر بۆوە و ژمارەیان بە ٦ ملیارد کەس گەییشتووە و ئەمڕۆش زیاتر لە ٧ ملیارد مرۆڤ لەسەر زەوی دەژین.

## سەردەمی مودێرن

هاوکات لەگەڵ خۆڕزگارکردنی مرۆڤی هۆمۆساپیەن لە هەوەس، مەیل و ئارەزووی سرووشتی، خۆیان بەهۆی پەرەسەندنی پیشەسازیی و پێکهێنانی وڵاتی مودێرن بە شێوەیەك تاوانبار کرد. لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی پیشەسازیی بەردەوام و بە پێی کات تاقیکاریی کۆمەڵایەتی لەسەر ژیانی ئاسایی مرۆڤ و هەڵس و کەوتەکانی بەڕێوە چووە. لە زۆربەی ئەو هەڵس و کەوتانە بەهۆی پلانی کاتیی بەردەوام و وەك یەکی پیشەسازیی بە گۆڕانکاریی بەسەرداهاتنی ڕیتم و شێوەی وەرزە سرووشتییەکان ئیتر نەیانتوانی کاری کەشاوەرزی سونەتی بەڕێوەبەرن.

کۆمەڵگای سونەتی وەرزێریی پێشوو بەهوی چەرخەی نەشونماکردنی کاتی ڕۆژانە و وەرزەکانەوە درێژەیان بە ژیانیان داوە. ئەوان ناسیاویان لەگەڵ پێوانی کاتبەندیی وورد نەبووە و پێویستیشیان پێی نەبووە. مرۆڤی ئەو سەردەمە بە بێ کاتژمێر و کاتبەندیی چوونەتە سەر مەزراکان و تەنیا چاویان لە ڕۆژ و نەشونمای بەرهەمەکانیان بووە. بەو شێوەیەی ئەمڕۆ لە دنیای مودێرنی کاریدا دەبینرێ، کاتێکی دیاریکراویان بۆ کارکردن نەبووە. مرۆڤ دەیزانی خۆر لە کوێوە هەڵدێ، لە کۆێوە ئاوا دەبێ و بە بێ سەبرانە چاوەڕوانی بەهار و پاییزیان کردووە بەڵام هیچ تامەزرۆییەکیان بۆ کاتژمێردنی ڕۆژانە نەبووە و تەنانەت زۆربەیان نەیانزانیوە لە چ ساڵێکدان.

بە پێچەوانەی سەردەمی وەرزێریی پێشوو بارودۆخی ئابووری و پیشەسازیی مودێرن پێویستیان بە جێی خۆر یا وەرزی ساڵەوە نییە بەڵکوو لە بەرنامەیەکی کاتیی وورد و یەك چەشن و سیستماتیکی کاری پیك هاتوون. دووکانێکی کەوشدرووی سەردەمی سەدەی ناوەڕاست هەموو قۆناخەکانی دروستکردنی کەوشەکانیان لە پاشنەکەیەوە هەتا قەیتانەکەی خۆیان بەڕێوەیان بردووە و بەستراوەییان بە هیچ کارخانە یا دووکانێکیتر نەبووە. ئەگەر یەك لە کرێکارانی ئەو دووکانە درنگتر هاتبایەتە سەر کاری ئاسایی خۆی، هیچ کارتێکەرییەکی ئەوتۆی لەسەر کاری هاوکارەکانی دانەناوە. بەڵام لە کارخانەیەکی زنجیرەیی ئەمڕۆیی هەر کام لە کرێکارەکان لەسەر کەرەسە و

ئەرکێکی تایبەت بەخۆیان کارەکەیان بەڕێوە دەبەن و هەرکام لەوان بەشێکی بچووکی دروستکردنی کەوشەکەیان لەسەر شانە. ئەگەر یەك لەو کەرەسانە ڕاوەستێ کارتێکەری لەسەر بەشەکانیتریش دادەنێ و کەرەسەکانیتر و هەنگاوەکانیتری کارخانەکە دەوەستێنێ. بۆ بەرهەمهێنانی ئەو چەشن سیستەمە دەبێ هەموو کرێکاران و بەشدارانی بەرهەمهێنانی کارخانەکە خۆیان لەگەڵ پلان و کاتێکی دیاریکراوی تەواو بگونجێنن، هەموو کرێکاران دەبێ لە کاتێکی دیاریکراودا ئامادەی کار بن، لە کاتێکی دیاریکراودا پشوو بدەن یاخود نانی نیوەڕۆ بخۆن و هەروەها لە کاتێکی دیاریکراویشدا کۆتایی بە کاری ڕۆژانەیان بێنن. شۆڕشی پیشەسازییی کاتژمێر و سیستەمی زنجیرەیی کارکردنی نوێی کردۆتە کۆڵەکەیەکی قایم بۆ هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ. تەنانەت ئەو کارانەی پەیوەندیشیان بە کاری زنجیرەییەوە نییە بوونەتە یەخسیری کات و کاتژمێر.

یەك لە موتوڕە بڕیاردەرەکان بۆ بەڕێوەچوونی کاری کارخانەکەن دانان و ڕێك و پێککردنی کەرەسەی هات و چۆی گشتییە. ئەگەر کارەکە بۆ وێنە لە کاتژمێری شەشی بەیانی دەستی پێکردبا، دەبوو ئۆتوبوس یا شەمەندەفەر لای کەم پێش کاتژمێری شەش کرێکارانی لەبەر دەرکەی کارخانەکان دابەزاندایە. تەنیا بەو شێوە ووردە کاتییە کاری زنجیرەیی بەڕێوە دەچێ. لە وڵاتی ئینگلیز لە سەرەتاوە بەهۆی کەژاوە ئەو کارە بە شێوەیەکی بڕێك تەواو بەڕێوە دەچوو. لە ساڵی ١٨٣٠ بەولاوە یەکەم شەمەنەفەری سەر شەقام لە نێوان لیورپول و مەنچەستەر دەستی بە کار کرد. دە ساڵ دواتر شەمەنەفەر بە پلان و کاتی دیاریکراو دامەزرا. ئەوە دەسپێکی شەبەکەیەکی کاتیی هات و چۆی مودێرن بوو کە تەنانەت لەسەر چرکە حیساب دەکرا. پاش هاتنی ڕادیۆ و تلەڤیزیۆن ئیتر ئەو کەرەسانە بوون بە بانگ ئاوازێکی گرنگ بۆ ڕاگەیاندنی کات بە ووردی. بۆ وێنە دەنگ و باس یاخود باس و خەبەر، لە کاتێکی دیاریکراودا هەموو گوێ بیستانی ڕادیۆیی یاخود بینەرانی تلەڤیزیۆنی لە دەوری خۆی کۆ دەکردەوە.

لە سەردەمی حوکمڕانی ڕۆمییەکان، ئاشووریيەکان، مادەکان یا ئێرانییەکان کەرەسەی ڕاگرتنی کات بوونی نەبووە، بەڵام لە سەدەی ناوەڕاستەوە زۆربەی وڵاتەکان لای کەم لە ناوەڕاستی شارە گەورەکان کاتژمێرێکی گەورەیان لە مەیدانی کڕین و فرۆشی شارەکە لە بەرزایی یاخود سەر قەڵایەك هەڵدەواسی بۆ ئەوەی هەر

مرۆڤێك لە دوورەوە بتوانێ ببینێ. زۆربەی ئەو کاتژمێرانە بە باشی کاریان نەدەکرد و بەردەوام پێش و پاش دەکران بەڵام بۆیان زۆر گرنگ نەبووە. لەمڕۆدا بنەماڵەیەکی ئاسایی ژمارەی کاتژمێری ناوماڵیان زیاترە لە شارێکی سەدەی ناوەڕاست. لەمڕۆدا ئەگەر مرۆڤ بیەوێ بزانێ کاتژمێر چەندەیە، دەتوانێ سەیری کاتژمێری دەستی، تەلەفۆن دەستی، تەلەڤیزیۆن، ڕادیۆ، میکرۆوێڵە، کامپیۆتر یاخود کاتژمێری هەڵواسراو لەسەر دیواری حەمام، کێشت خانە، ژووری دانیشتن یا ژووری خەو بکات. هەر چالاکییەکی مرۆڤ لەمڕۆدا تەنیا بە یارمەتی کاتژمێرەوە بەڕێوە دەچێ. زەنگی کاتژمێرەکەمان، کاتژمێر شەشی بەیانی لە خەومان هەڵدەستێنی، پێویستیمان بە ٣خولەکی تەواو بۆ شوشتنی ددانەکانمان هەیە چونکە دوای ٣ خولەك کەرەسەی ئوتوماتیکی ددانشۆرەکە زەنگی تەواوبوونمان بۆ لێ دەدا، تەواو کاتژمێری ٦:٤٠ دەبێ سواری شەمەنەفەرکە بین و حەوتی بەیانی لە کارخانە دەست بە کار بکەین.

شۆڕشی پیشەسازیی ئێمەی مرۆڤی ناچار بە ژیانێك کردووە کە گۆڕانکاریی بەسەر زۆربەی کارە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤدا هێناوە. چوونە ژێر باری تاکت یاخود پرۆسەی کاتی یەك لەوانە، نموونەیتر: شار سازی و تووناکردنی گوندەکان و کۆمەڵە بچووکەکان، گەورەبوونەوەی ژمارەی کرێکاری پیشەسازیی، هێزداریی مرۆڤی ئاسایی، پێکهێنانی دێمۆکراسی لە کۆمەڵگاکان، پیکهێنانی فەرهەنگێکی نوێ و ڕووخانی پیاوسالاری و .... بەڵام ئایا هەموو ئەو وەرچەرخان و گۆڕانانە بە هەڵسەنگاندن لە هەنبەر مەزنترین شۆڕشی کۆمەڵەیەتی ئەرزش و بەهای خۆی هەبووە؟: "لەناوچوونی پەیوەندیی تەنگی نێوان بنەماڵە و کۆمەڵەکان و گۆڕانبەسەرداهاتنیان بەهۆی کارتێکەری شارەکان و هێزی کاریی بازاڕەکانەوە." بە پێی ئەو هەموو زانیارییانەی ئێمە ئەمڕۆ دەیانزانین، زیاتر لە ملیۆنان ساڵە مرۆڤ لە کۆمەڵی بچووك و گەورەدا لەگەڵ یەکتر ژیاون و یار و یاوەر و خزمی یەکتر بوون. تەنانەت شۆڕشی ئابووریش نەك هەر نەیتوانی ئەو بنەماڵە و کۆمەڵانە لێك هەڵوەشێنێ بەڵکوو بووە هۆی پیکهاتنی هۆز، کۆمەڵ، شار و وڵاتی پاشایی و ئیمپراتۆریەکان. بەڵام شۆڕشی پیشەسازیی لە ماوەی کەمتر لە دوو سەدەدا توانی ئەو یەکگرتووییە تێك بشکێنێ و بەسەر تاکە کەساندا دابەشیان بکا و بەتەنیایان بێڵێتەوە.

## کۆتایی پێهاتنی بنەماڵە و پەیوەندایەتی کۆمەڵگاکان

شۆڕشی پیشەسازییی چۆنیەتیی ژیانی ڕۆژانەی زۆربەی مرۆڤی لە سێ بازنەی کۆندا دیاری دەکرد: ناوکی بنەماڵەیی، بنەماڵەی پرژو بڵاو کراوە و کۆمەڵگای "intimen" یا گەرم و گوڕ.[٣٢] زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەکان لە پەیوەندایەتی لەگەڵ یەکتردا کاریان کردووە بۆ وێنە مەزراداری یا کارگای کاری دەستی، یا لە مەزرا و کارگای جیرانەکەیان کاریان کردووە. هەروەها شەبەکەی کۆمەڵایەتی بنەماڵەکان، سڵامەتی، بیمە و مێدیا گشتییە کان وەك ڕادیۆ، تلەفیزیۆن و ڕۆژنامە، بانك و تەنانەت سیستەمی پۆلیسیش لە یەکتر گرێ درابوون. ئەگەر کەسێك نەخۆش کەوتبایە، لە لایەن بنەماڵەکەیەوە پارێزگاری دەکرا و خەمی بۆ دەخورا. ئەگەر کەسێك پیر بایە، بنەماڵەکەی لە پشتی ڕادەوەستا و منداڵەکانی بۆی وەك بیمەی سەردەمی پیریی بوون. ئەگەر کەسێك بمردبایە، ئەندامانی بنەمەڵەکەی ئاگایان لە منداڵەکانی دەبوو. ئەگەر کەسێك خانووچکەیەکی دروستکردایە، هەموو ئەندامانی بنەمەڵەکە یارمەتییان دەدا. ئەگەر کەسێك بیویستایە دووکانێك یا کارگایەك دانێ، هەموو ئەندامانی بنەماڵەکە یارمەتیی ماڵیان پێ دەکرد. ئەگەر کەسێك زەماوەندی کردبا، لە ناخی دڵەوە هاوکاریی و یارمەتیان دەدا. ئەگەر کێشەیەك لەگەڵ جیرانەکەیان پێکهاتبا، ئەندامانی بنەماڵەکە بۆ بەهێزکردنی خۆیان پشتیوانیان لە یەکتر دەکرد. هەروەها ئەگەر کەسێك هێندە نەخۆش بایە یا بۆ کردنەوەی دووکان یا کارخانە پێویستی بە پارەیەکی زۆر هەبایە و بنەماڵەکەیان نەیتوانیبا یارمەتیان بدا، ئەوکات کۆمەڵگا یارمەتی دەدان.

کۆمەڵگاکان لەسەر ڕەواڵ و داب و نەریتی خۆیان یارمەتییان بە مرۆڤەکان دەکرد و کەمتر پەیوەندیی بە بازاڕی ئابووری و یاسای دەرخستن و خواستی کالا هەبوو. ئەگەر ئێوە لە کۆمەڵگای سەردەمی سەدەی ناوەڕاستدا ژیانتان کردبایە و جیرانەکەتان پێویستی بە یارمەتی بایە، ئەو کات یارمەتیتان دەدا، سەربانی ماڵەکەیتان بۆ سواغ

---

[٣٢] کۆمەڵگای گەرم و گوڕ کۆمەڵگایەکە کە ئەندامانی یەکتر باش دەناسن و زیندوو مانەوەی وەچەکەیان لە یەکتر گرێ دراوە.

دەدا، ئاگاداریتان لە مەڕ وماڵاتەکەی دەکرد بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی پارە یا هەر شتێکیتری لێ بکەن. ئەگەر ئێوەش یارمەتیتان پێویست بایە، بە دڵنیاییەوە جیرانەکەتان ئامادەی یارمەتیدانتان بوو. هاوکاتیش ئاغای گوندەکە دەیتوانی هەموو ئەندامانی گوند بۆ دروستکردنی قەڵاکەی ناچار بکا بە بێ ئەوەی پەناتێکیان پارە پێ بدا. لە بەرابەریدا ئێوەش دەتانتوانی بە ئەرخەیانییەوە متمانەی پێ بکەن کە لەهەنبەر دز و مرۆڤی هێرشکار پارێزگاریتان لێ بکا. لە ژیانی ڕۆژانەی گوندەکەدا زۆر کار بەڕێوەدەچوون بە بێ ئەوەی پارە ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێ.

هاوکات ناوچەی پاشایی و ئیمپراتۆری هەبوون کە ئەرکی گرنگ وەك بەڕێوەبردنی شەڕ، دروستکردنی شەقام و قەڵاکانیان لەسەر شان بووە. بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارانە ماڵیاتیان لە خەڵکی ئاسایی وەرگرتووە و لە کاتی شەڕدا وەك سەرباز کەڵکیان لێ وەرگرتوون بەڵام زۆر کەم خۆیان تێکەڵاوی کێشەی ناو بنەماڵەکان کردووە. کۆمەڵگای وەرزێری ئەو سەردەمە زۆر کەم دەبووە هۆی بەرهەمهێنانی زیاتر لە پێویستی مرۆڤ کە وەك مووچە لەمڕۆدا بە کارمەند، پۆلیس یا دوکتور و مامۆستای قوتابخانە و خزمەتگوزارییەکانیتری کۆمەڵگا دەدرێ، هەر بەو هۆیەوە حاکمانی ئەو سەردەمە کەمتر ڕێکخراوەی ئەمنی وەك شارەوانی یا نەخۆشخانە یا قوتابخانەیان دروست دەکرد. ئەو ئەرکانە لە ناو بنەماڵەکان و کۆمەڵەکاندا بەڕێوە دەچوون.

زۆرجار هات و چۆی مرۆڤ بۆ کۆمەڵانیتر و کێشەی پەیوەندایەتیان کونترۆڵکردنی کۆمەڵگاکانیان تووشی کێشە دەکرد، هەر بەو هۆیانە زۆربەی حاکمان بۆ ماڵیات دان یا قەرەبووکردنەوەی زیانەکان یاسایان دانابوو. بەو شێوەیە لە سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانی جێی کاری پۆلیس لە لایەن تۆڵەسەندنەوەی خوێنی پڕ کرابۆوە. هەر بنەماڵەیەك کەسێکیان لێ کوژرابا، ئیزنی کوشتنی کەسێك لە بنەماڵەی بکووژیان پێ دەدرا.

لە سەردەمی خانەدانی مینگ لە وڵاتی چین (١٣٦٨ تا ١٦٤٤) حکوومەت ماڵیاتی ئەندامانی کۆمەڵگایان پێش بەرهەمهێنان حیساب دەکرد و دەبوو ساڵانە ئەو ماڵیاتە بە حاکمانی سەردەم بدەن. دانی ماڵیات پەیوەندی بە ژمارەی ئەندامانی گوندەکانەوە هەبووە. بۆ وێنە گوندێك دەبوو ١٠٠ سکەی زێو و گوندەکەیتر ٢٠٠ سکەی زێو بە حاکمان بدەن. کارمەندانی ئەو کۆمەڵگایە خۆیان بەوەوە خەریك نەدەکرد کێ لە کوێ و چەند سکەی زێو بەدەست دێنێ یا بەرهەمی کێ لەویتر زیاتر یا کەمترە. هەر بۆیە

دەکرا لە گوندێك بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند داهاتێکی زۆری پێ ببڕێ و هاوکاتیش بنەماڵەیەکی هەژار بە دانی ماڵیات هیچ پاشەکەوتی بۆ نەمێنێتەوە. لە گوندی سێهەمیش بە بێ بەستراوەیی بە هەبوونی دارایی ماڵیاتەکەیان بەسەردا دەبەش دەکرا. لە ڕوانگەی حاکمانەوە ئەو سیستەمە باشییەکی هەبوو: ناچار بە سەبت کردنی ماڵیات نەدەکران چونکە بۆ ئەو کارە پێویستیان بە کارمەند دەبوو. ئەرکەکە کە کێ چەندەی داهات لە ساڵدا هەیە، لە لایەن تەمەن دارانی گوندەکەوە بەڕێوە دەچوو. ئەوان بە ووردی دەیانزانی ئەندامانی گوندەکە چەندە داهاتی ساڵانەیان هەیە و دەیانتوانی ماڵیاتیان لێ بستێنن بە بێ ئەوەی قەیسەر بە هێزی سەربازی لێیان بستێنێ.

ئەرکی زۆربەی حکوومەتە پاشاییەکان و ئیمپراتۆرییەکان لە سیستەمێکی پارەوەرگر و ڕووتاندنەوەی خەڵکی ئاسایی زیاتر نەبوو. شا باوکی هەموو باوکەکان بوو کە پارەکانی وەردەگرت و لە بەرابەریدا گارانتی بە ئەندامانی کۆمەڵگاکەی دەدا لە هەنبەر مافیای دز و چەتە و هێرشی وڵاتە جیرانەکان پارێزگارییان لێ بکا. لەوە زیاتر ئەرکێکیتریان نەبووە. دیارە سرووشتییە ژیانی بنەماڵە ئاساییەکانی ناو کۆشك و بازاڕەکان ژیانێکی هەژارانە بووە و بەقەرا حکوومەتی مودێرنی ئەوڕۆیی گوشاریان لەسەر بووە. بەڵام مرۆڤ هیچ ڕێگایەکیتریان نەبووە. هەر کەس لە بنەماڵەکەی دابڕابا یا لە کۆمەڵ هاتبا دەرەوە وەك خۆکوژی وابوو و هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ مردندا نەبوو. تەنانەت تا ساڵی ١٧٥٠ کانیش هەر وابووە کە هەر کەس لە بنەماڵە یا لە کۆمەڵ دابڕابا بێکار، بێ سەواد، بێ پارە و هەژار و بێ پەنا دەمایەوە. لەو سەردەمەدا سیستەمی شارەوانی، سیستەمی فێرکاریی یا قوتابخانەی دەوڵەتی بوونیان نەبووە. بۆ درێژەدان بە ژیان دەبوو ئەو مرۆڤە بە پەلە بنەماڵە یا کۆمەڵگایەك بۆخۆی بدۆزێتەوە. ئەو کچ و کوڕە گەنجانەی لە ماڵەوە ڕایان دەکرد دەبوو بەپەلە بنەماڵەیەك بدۆزنەوە و وەك نۆکەر و کڵفەت کاریان بۆ بکەن. لە خراپترین حاڵەتیدا بۆ درێژەدان بە ژیان کوڕەکان دەبوو وەك سەربازی شەڕ خزمەت بکەن و کچەکانیش لەشی خۆیان بفرۆشن.

لە دوو سەد ساڵی ڕابردووەوە ئەو دراما و ژیانە ناخۆشە کۆتایی پێ هاتووە. شۆڕشی پیشەسازییی هێزێکی مەزنی بە بازاڕی کاری داوە و هاوکاتیش

پەیوەندایەتییەکی نوێ و کەرەسەی یارمەتیدەر بۆ حکوومەتەکان وەك ئیدارەی شارەوانی، مامۆستای قوتابخانە و بە گشتی کارمەندانی کاری کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگاکان مسووگەر کردووە. بەڵام بۆ دەکارکردنی ئەو هێزە نوێیانە و وەڕێخستن و وەدیهێنانی کاری بازاڕ و دەوڵەت، داب و نەریتی کۆنی بنەماڵە و کۆمەڵگاکان لەسەر ڕێگایان قوت ببوونەوە و ڕێگایان لێ دەگرتن. بازاڕی کاری و حکوومەت بۆ تێپەڕبوون لە یەکگرتوویی بەهێزی بنەماڵە و کۆمەڵگا کە وەك لەمپەرێك لەسەر ڕێگای گەشەسەندن و گەورەبوونەوەیان ڕاوەستابوون، کێشەیان بۆ پێك هاتبوو. دایك و باوکان و تەمەندارانی گوندەکان بە چاوی ڕەخنەوە سەیری ئەو گەشەسەندنەیان دەکرد کە دەبووە هۆی هەڵبڕانی ئەندامانی بنەماڵە و کۆمەڵگا لە یەکتر. بۆ لەسەر ڕێ لابردنی ئەو چەشن لەمپەرانە حکوومەت ناچار بە شکاندنی داب و نەریتی بنەمەڵە و کۆمەڵگا کران. دەوڵەت سیستەمی شارەوانی و دادپەروەری دامەزراند بۆ ئەوەی جێی تۆڵەکردنەوەی کوشتنی خوێنی بگرێتەوە. بازاڕ ماملەچییەکانی ناردە ناو خەڵکییەوە بۆ ئەوەی داب و نەریتە کۆنەکان توونا بکەن و بەهۆی بەردەوام گۆڕینی مۆد و کەرەسە و جل و بەرگی نوێ، جێگایان پڕ کەنەوە. بەڵام ئەو کارانە بە تەنیا کافی نەبوون. بۆ شکاندنی هێزی بنەماڵە و کۆمەڵگا پێویستیان بە یارمەتییەکی نوێ هەبوو.

دەوڵەت و بازاڕ قۆڵیان لی هەڵ ماڵی و بەڵێنیان بە کۆمەڵ دا: "تۆ دەتوانێ مرۆڤێکی ئازاد بی. تۆ دەتوانی لەگەڵ ئەو کەسەی بۆخۆت پێتخۆشە زەماوەند بکەی، بە بێ ئەیکە ڕەزایەتی دایك و باوکت گرنگ بن. تۆ دەتوانی ئەو کار و کەسبەی پێتخۆش بێ، بیکەی، بە بێ ئەوەی پێویستیت بە ڕازیبوونی مرۆڤی بە تەمەنی گوندەکە بێ. ئێمە وەك دەوڵەت و بازاڕی ئابووری ئاگامان لێت دەبێ. ئێمە خواردەمەنی و جل و بەرگت دەدەینێ، هەوڵ دەدەین میچێك لەسەر سەرت بێ، بۆ ڕاهێنانی زانیاریی ڕوشنبیری، سڵامەتی، کار و دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتیەکان یارمەتیدەرت دەبین."

لە ئەدەبیاتی ڕۆمانتیك دا کەسەکان زۆرجار وەك مرۆڤێك وێنا دەکرێن کە لە هەنبەر بازاڕی ئابووری و دەوڵەت خۆڕاگری دەکەن. ئەو کارە لەگەڵ ڕاستەقینەی ژیان جوور دەر نایە. دەوڵەت و بازاڕی ئابووری وەك دایك و بابی مرۆڤ وان، مرۆڤ تەنیا بەهۆی یامەتی ئەوانەوە دەتوانێ درێژە بە ژیانی بدا. بازاڕی ئابووری کاری دەداتێ و دەوڵەتیش شەبەکەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ دروست دەکا. ئەگەر ئێمە بمانەوێ درێژە بە خوێندن بدەین، دەوڵەت بە دروستکردنی قوتابخانە و زانستگاکان ئەو

ئیمکانەمان بۆ دەگونجێنێ. ئەگەر مرۆڤ بیهەوێ دوکان یا کارخانەیەك وەرێ بخا بانکەکان پارەیان بە قەرز دەدەنێ. ئەگەر ئێمە نیازمان بێ خانووبەرەیەك ساز کەین، بانك و ئیمتیازەکانی دەوڵەتی ڕێگامان بۆ خۆش دەکەن. ئەگەر کارەساتێکی ناخۆشمان بەسەردا بێ یا کەسێك هێرش بکاتە سەر مافە کەسییەکانمان، سیستەمی پۆلیس و دادپەروەری پارێزگاریمان لێ دەکەن. ئەگەر بێتو چەند ڕۆژێك نەخۆش بکەوین، بیمەی دەرمانی خەرجی دەرمان و دوکتورمان لە ئەستۆ دەگرێ. ئەگەر ئێمە چەند مانگێك توانایی کاریمان نەبێ یا بیکار بین، بیمەی کۆمەڵایەتی خەرجی ژیانمان لە ئەستۆ دەگرێ.

ئەو پێکهاتن و سەودایەی نێوان بازاڕی ئابووری، دەوڵەت و دانیشتوانی کۆمەڵەکە بە شێوەی درێژخایەن جار و بار تووشی هەرسهێنان دێ. دەوڵەت و بازاڕی ئابووری ناتوانن لەسەر خواست و مافەکانی مرۆڤی ناو کۆمەڵگا خۆیان ڕێك خەن و دانیشتوانی کۆمەڵگاش شکایەتیان هەیە کە ئەو دووانە چاوەڕوانی لە ڕادەبەدەریان لێیان هەیە و ئیمکانی زۆر کەمیشان بۆ ژیان پێ دەدەن. زۆرجار مرۆڤ بەهۆی بارودۆخی ئابوورییەوە دەرووتێندرێنەوە و دەوڵەتیش لە جیاتی پارێزگاریکردنی ئەو مرۆڤانە بە گوشارهێنان لە لایەن کارمەندەکانییەوە هێندەیتریش کێشەیان بۆ ساز دەکەن. سەرەڕای هەموو ئەو ناکۆکیی و لاوازییانە سەوداکردنەکە بەردەوامە و هاوتەریب لەگەڵ کۆمەڵگا بە شێوەیەك ڕێگای خۆی دەکاتەوە. بە درێژایی ملیۆنان ساڵ مرۆڤ فێر بووە وەك ئەندامێکی ناو کۆمەڵ تەنیا بیر بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگا بکاتەوە. بەڵام لە ماوەی دوو سەد ساڵی ڕابردووەوە هەوڵی پرژ و بڵاو کردنەوەی کۆمەڵگا و بنەماڵە دەدرێ و زۆربەی مرۆڤ بە تەنیا ماونەوە.

ناوکی بنەماڵەکان لە کۆمەڵگای وەرزێریی مودێرندا بە تەواوی لێك هەڵنەبڕا. بەڵام کاتێ دەوڵەت و بازاڕی ئابووری ڕۆڵی بنەماڵەکانیان لە ڕوانگەی ئابووری و سیاسییەوە لێ سەندنەوە و پەرەیان بە داب و نەریتی خۆیان دا. بازاڕی ئابووری زیاتر و زیاتر کارتێکەری خۆی لەسەر ژیانی کەسی مرۆڤ دانا. هەروەها دەوڵەتیش بەردەوام پەیوەندایەتی بنەماڵەیی لەژێر میکرۆسکۆپ داناوە و بەتایبەت پەیوەندایەتی نێوان دایك و باوك و منداڵەکانیان. دایك و باوکان ناچار بە ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە دەکرێن کە لە لایەن دەوڵەت و لەسەر پلانی دەوڵەت پەروەردە دەکرێن.

## کۆمەڵگای چێکراو و دۆزراوەی دەستی مرۆڤ

هەر وەك ناوکی بنەماڵە، کۆمەڵگاش لە ژیانی ئیمەدا جێی خۆی هەر هەیە و هێشتا بە تەواوی نەتواوەتەوە. بەو هۆیەی مرۆڤ بە درێژایی ملیۆنان ساڵ وەك شوانی مەڕان بە نیازی پەیوەندایەتیی بۆ پێکێنانی گرووپێك لە خەڵکانی خاوەن نژاد، بە داب و نەریتی وەك یەك، پەرەی سەندووە، بەو هاسانییە ناتوانرێ کۆمەڵ و گرووپ لێك هەڵوەشێ بە بێ ئەوەیکە جێگرێکی سۆزدار و عاتیفی بۆ بدۆزرێتەوە. بازاڕی ئابووری و حکوومەت لەمڕۆدا زۆربەی پێداویستییەکانی مرۆڤ کە پێشتر لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵگاوە دابین دەکران، بۆی دابین دەکەن، بەڵام ئەوان دەبێ بە شێووەیەك بتوانن جێی هۆگری ئەندامێتی بۆ مرۆڤ بدۆزنەوە. بۆ ئەو کارە مرۆڤ هۆگری سیستەمی بازاڕی ئابووری و حکوومەت کە ملیۆنان مرۆڤ بەشداری تێدا دەکەن، بوون . لێرەدا مەبەست کۆمەڵێکە کە ئەندامەکانی سەرەڕای ئەوەیکە یەکتر ناناسن، هەڵس و کەوتێك لەخۆیان نیشان دەدەن کە گۆیا ئاشناییان لەگەڵ یەکتردا هەیە. سیستەمی پاشایی، ئیمپراتووریەکان و ئایینەکان وەك چەشن سیستەمێکی دۆزراوەی کۆمەڵگا ساڵیانی درێژە مرۆڤیان لە دەوری یەکتر کۆ کردۆتەوە. چەندین ملیۆن مرۆڤی چینی خۆیان وەك بنەماڵەیەك هەست پێ دەکرد و "قەیسەر" بە باوکی نەتەوەی چینی دادەنێن. چەندین ملیۆن موسوڵمان لەم جیهانە لەسەر ئەو باوەڕەن کە هەموویان برا و خوشکی کۆمەڵگایەکی گەورە بە ناوی ئیسلامن. بەڵام لە سەردەمی ڕابردوو کۆمەڵگایەکی ئەوتۆ تەنیا لە ڕەدەی دووهەم دا بووە و پەیوەندایەتیی ناو کۆمەڵە بچووکەکەی خۆیان کە ناسیاویان لەگەڵ یەکتردا بووە، زۆر بە گرنگتر داناوە.

ئەو کۆمەڵە بچووکانە پێداویستییەکانی مرۆڤیان بە ڕادەی کافی دابین کردووە و مرۆڤ بە شێوازی سۆزداریی بۆ یەکتر و بۆ کۆمەڵەکە پێکەوە ڕازی ڕاگیراون و بۆ درێژەدان بە ژیانی ئاسایی، ئەو پەیوەندایەتییە گەرموگۆڕە بۆ هەموویان ئەرکێکی حەیاتی هەبووە. لە دوو سەد ساڵی ڕابردووەوە ئەو چەشن کۆمەڵگا گەرموگوڕانە بەرە بەرە لەناو چوون و بۆشاییەکەی لە لایەن کۆمەڵگای دۆزراوەی دەستی مرۆڤ پڕ کراونەتەوە. دەتوانین دوو نموونەی زۆر ڕوون بۆ پێکهاتنی ئەو چەشن کۆمەڵگایانە

واتە "نەتەوە" و "بەکاربەر یا بەرخۆر" ناو بەرین. "نەتەوە" دۆزراوەیەکی کۆمەڵگای دەوڵەتییە. "بەکاربەر یا بەرخۆر"یش دۆزراوەیەکی بازاڕی ئابوورییە. هەردووکیان دۆزراوەیەکی کۆمەڵگایین، چونکە ئەندامانی ئەو دوو گرووپە ناتوانن بە هیچ شێوەیەك ناسیاویی نیزیکیان لەگەڵ هەموو مرۆڤەکانی ناو گرووپەکە هەبێ بەو شێوەیەی لە ڕابردوودا ئەندامانی گوند یا شارەبچووکەکان لەگەڵ یەکتر بوویانە. لەمڕۆدا بۆ وێنە هیچ مرۆڤێکی ئاڵمانی ناتوانێ پەیوەندیی گەرموگوڕی لەگەڵ زیاتر لە ٨٠ ملیۆن مرۆڤی ناو وڵاتەکەی هەبێ کە بەناوی نەتەوەی ئاڵمانی دەناسرێن، بەڵام نیزیکەی ٥٠٠ ملیۆن مرۆڤی "بەکاربەر یا بەرخۆر"ی ئورووپایی سەرەڕای ئەوەیکە یەکتریش ناناسن و هیچ ئاشناییەکیان لەگەڵ یەکتردا نییە، بازاڕێکی ئابووری هاوبەشیان پێکهێناوە.

ئایینی " بەکاربەر یا بەرخۆر" و ئینترناسیۆنالیزم بە تەواوی توانایی خۆیانەوە هەوڵ دەدەن ئێمە بێننە سەر ئەو باوەڕە کە ڕابردوو، داهاتوومان وتامەزرۆیی وەك یەکمان لەگەڵ ملیۆنان مرۆڤی نەناسراو گرێدراوە کە پێکەوە کۆمەڵگایەکی مەزنمان پێکهێناوە. سرووشتییە لەمڕۆدا پارە، کۆمەڵگا بە بەرپرسایەتی سنووردار و مافی مرۆڤ هەموویان لە نەتەوە و بەکاربەری ڕاستەقینەی زەینی پێکهاتوون. دیارە ئەوانە تەنیا بەهۆی سەلماندنی ئێمە و وێناکردنی گشتی هەموو مرۆڤی ناو کۆمەڵ، بوونیان هەیە و هێز و تواناییان لە کۆمەڵگاکاندا زۆر بەرچاوە. تا ئەو کاتەی بۆ وێنە ملیۆنان ئاڵمانی باوەڕیان بە هەبوونی نەتەوەی ئاڵمانی بێ و خۆیان بە نیشانە و سومبولی ئاڵمانییەوە بناسێنن، زمان و داب و نەریت و گێڕاوەکانی ئاڵمانی بۆ وەچەکانی داهاتوویان ڕاگوێزن و ئامادە بن پارە، کات و سڵامەتی خۆیان بۆ نەتەوەکەیان قوربانی بکەن، نەتەوەی ئاڵمانی زیندوو دەمێنێ و وەك وڵاتێکی یەکگرتوو دەمێنێتەوە.

دیارە نەتەوە هەموو هەوڵی خۆی دەدا بۆ ئەوی بیشارێتەوە کە بوونی، جیا لە خەون و فانتازیایەك زیاتر نییە. زۆربەی نەتەوەکان وا هەڵس و کەوت دەکەن کە بوونەوەرێکی سرووشتی و هەمیشەیین و لە کاتێکی دیاریکراودا بۆ قوربانی کردنی خۆیان بۆ نیشتمانەکەیان خوڵقێندراون. دیارە ئەو کارە چیرۆکێك زیاتر نییە. ڕەنگە سەردەمی پێشوو مرۆڤ جار و بار گوێی لە ووشەی نەتەوە بووبێ، بەڵام پێزانین و وەفاداریی لە هەنبەر بنەماڵە و کۆمەڵگاکەی کە پێداویستییەکانی ژیانی بۆ ئامادە

www.rojhalat.de / www.bokan.de

کردووە، بۆی لە هەمووشتێکیتر پیرۆز و گرنگتر بووە. بەڵام گرنگ نییە لە سەردەمی پێشو نەتەوە بە گرنگ دانراوە یا نا، ژمارێکی کەم لەو نەتەوانە توانیویانە بە ناوی نەتەوە درێژە بە ژیان بدەن. زۆرینەی نەتەوە مودێڕنەکانی ئەمڕۆیی دوای شۆڕشی ئابووری پێکهاتوون.

لەو پەیوەندییەدا بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکرێ ئاماژە بە چەند نەتەوە بکەین. وڵاتانی وەك سوریا، ئوردۆن، لوبنان یا عێڕاق بەرهەمی سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و دیپلۆماتەکانیانن کە هیچ ئاگاییەکیان لەسەر تەوەرەکانی وەك مێژوو، جوغرافیا و بارودۆخی ئابووری ئەو ناوچانە نەبووە. ساڵی ١٩١٨ دیپلۆماتی ئینگلیزی بڕیاریان داوە مرۆڤی کورد، بەغدا و بەسرە لە ژێر وڵاتێك بە ناوی عیڕاق کۆبکەنەوە و بە وڵاتی عێڕاقی ناو بنێن. فەرنسەکان بڕیاریان داوە کێ سوریایی و کێ لوبنانیی بێ. سەدام حوسێن و حافز ئەسەد هەموو هەوڵی خۆیان داوە لەسەر ئەو میراتەی لە لایەن ڕۆژئاواییەکانەوە بۆیان دیاری کراوە باشترین کەڵکی خۆیانی لێ وەربگرن.

سرووشتیە هیچ نەتەوەیەك لەخۆوە و لە هیچەوە پێك نایە، دیارە هۆکاری پێکهاتنی نەتەوەکانی عێڕاق و سوریا دەگەڕێنەوە بۆ باڕودۆخی مێژوویی، جوغرافیایی، کولتووری و سیاسی چەندین ساڵەی ڕابردووی ئەو ناوچانە. سەدام حوسێن خۆی بە خەلیفەکانی عەبباسی و ئیمپراتۆری بابیلۆنەکان هەڵواسیوە و تەنانەت ناوی یەك لە سوپا نیزامییەکانی "هامۆرابی" ناو ناوە. بەڵام ئەو نەیتوانیوە بەو کارەی وڵاتی مودێڕنی عیڕاقی ئەوڕۆیی بکاتە وڵاتێکی کەوەنی چەند هەزار ساڵەی ڕابردوو. ئەگەر مرۆڤ لە مجری کێشتخانەکەی بڕێك ماکەی کۆنی وەك ڕۆن و شەکر و ... بدۆزێتەوە و کەیکێکی لێ دروست کا، بەو کارەی کەیکێکی کەوەنی دروست نەکردووە.

لە چەندین دەیەی ڕابردووەوە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەژێر سێبەری گرووپی بەکارهێن و بەرخۆر لە وڵاتان دروست کراون کە یەکتر ناناسن بەڵام بەرهەمی وەك یەك دەکڕن و تامەزرۆیی وەك یەکیان هەیە. بۆ وێنە گرووپی لایەنگری تیپی مۆسیقا یا وەرزش. هەموو لایەنگرەکان سێ دێ، پۆستێر، وێنە و جل و بەرگی وەك یەك دەکڕن و خۆیان وەك یەك نیشان دەدەن.

## بەرەو پێشچوونی بەردەوام

شۆڕشەکانی دوو سەد ساڵی ڕابردوو بە ڕادەیەك گورجی تێپەڕ بوون کە ناتوانن خۆیان لەهەنبەر تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا ڕاوەستێنن. لە سەردەمی پێشوودا ڕێك و پێکییەکانی کۆمەڵگا پتەو و تا ڕادەیەك نەگۆڕ بوون. "ڕێك و پێکی" بە مانای ڕاوەستاو و نەگۆڕ، بەردەوام و بێ پسانەوە بووە. گۆڕانی بچووکی لە ناکاو هەڵس و کەوتێکی تاقانە و بەدەگمەن بوون کە زۆرجار بۆ بەردەوام بوونیان پێویستی بە چەندین هەنگاوی جۆراوجۆر هەبووە. مرۆڤ لەسەر ئەو بۆچوونە بوون کە ستروکتووری کۆمەڵگا بە گشتی بۆ هەموو کات و ساتێك داڕژراوە و نەگۆڕ دەمێنێتەوە. بنەماڵەکان و هۆزەکان بۆ ژیانیکی باشتر لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگا دامەزراوەدا دەبێ چالاکی بکەن. وێناکردنی گۆڕانی ڕێك و پێکییە دامەزراوەکەی ناو کۆمەڵگا وەك شتێکی نامومکینی لێ هاتبوو. مرۆڤ زیاتر خۆی بە بارودۆخی نەگۆڕەوە خوو دابوو و دەیگوت: "ئەو ڕێك و پێکییە هەمیشە وا بووە و لە داهاتووشدا هەر وا دەمێنێتەوە."

لە دوو سەد ساڵی ڕابردووەوە گۆڕانی کۆمەڵگاکان بە گورجییەکی سەرسووڕهێنەری ئەوتۆ وەڕێ کەوتووە کە ڕێك و پێکی خویشی بە شێوەی دینامیك و فۆرم هەڵگری لێ هاتووە. لەمڕۆدا ئەو گۆڕانکارییە خۆی لە پرۆسەیەکدا دەبینێ کە مرۆڤ دەتوانێ ناوی شۆڕشی بەردەوامی لەسەر دابنێ. ئەگەر ئێمە لەسەر شۆڕشی مودێرن ئاخافتن بکەین ئەوکات ڕەنگە مەبەستمان زیاتر شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩ی فەرنسا، شۆڕشی بورژوازی ساڵی ١٨٤٨، شۆڕشی سووری ١٩١٧ یا هەڵوەشاندن و ڕووخانی دیواری برلین لە ساڵی ١٩٨٩بێ. بەڵام لە ڕاستیدا لەمڕۆدا هەر ساڵێك شۆڕشێکی نوێ بەڕێوەدەچێ. تەنانەت لەمڕۆدا مرۆڤێکی ٣٠ ساڵە وەك تەنز و جەفەنگ دەتوانێ بۆ گەنجانی بگێڕێتەوە: "کاتێ من گەنج بووم، هەموو شتێك جۆرێکیتر بوو." بۆ وێنە ئینترنێت لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ هاتە ناو ژیانی مرۆڤەوە. سەرەڕای تەمەنی کەمی خۆی، لەمڕۆدا مرۆڤ ناتوانێ وێنای بکا کە بتوانێ چاوپۆشی لە ئینترنێت بکا.

پێناسەکردنی تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگایەکی مودێرن وا گورج بوونەتەوە کە وەك ئەوە وایە مرۆڤ جل و بەرگەکەی بگۆڕێ. ئەو شتەی بۆ ساڵی ١٩١٠ باش و بەکەڵك بووە، ئیتر بۆ ساڵی ١٩٦٠ باوی نەماوە، ئەو شتەی بۆ ساڵی ١٩٦٠ گەلێك مودێرن بووە لە ساڵی ٢٠١٠ کۆن بووە و ئیتر ماوەی بەسەر چووە. تەنیا شتێکی نەگۆڕماوەتەوە خودی گۆڕانە. ئێمە خوومان پێ گرتووە و زۆربەی مرۆڤی ئەمڕۆیی لەسەر ئەو باوەڕەن ڕێك و پێکی کۆمەڵگا شتێکی نەرم و شیاوی گرتنی فۆرمی ڕەنگاوڕەنگە و بە پێی ویست و پێداویستییەکانمان دەتوانین بە باشترین دۆخی گونجاو بۆ خۆمانی بە هەر فۆرمێکی پێمان خۆش بێ لێی دەربێنین. حکوومەتەکان و ئیمپراتوورییەکانی پێشوو بەڵێنیان بە مرۆڤ دەدا ئەو ڕێك و پێکیەی لە کۆمەڵگادایە ڕاگرن یا کۆمەڵگا بۆ سەردەمی زێڕینی پێشوو بگەڕێننەوە. بەڵام لە دوو سەد ساڵی ڕابردووەوە سیاساتوانان بە پێچەوانە بەڵێنیمان پێ دەدەن جیهانی کۆن لەناو بەرن و جیهانێکی نوێ و باشتر ساز بکەن. تەنانەت هەرە خۆپارێزترین حیزب و ڕێکخراوەکانیش نایانەوێ دنیای کۆن ڕابگرن. هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان باس لەسەر ڕیفۆڕمی کۆمەڵایەتی، ڕیفۆرمی پەروەردەیی یا ڕیفۆرمی ئابووری دەکەن و زۆربەشیان لەسەر بەڵێنی خۆیان ڕادەوەستن.

زەوی ناسان ئەوە دەزانن کە جێگۆڕکێی بەشە پتەوەکانی زەوی کارتێکەری لەسەر بۆمەلەرزە و گڕکان دادەنێن. بە شێوەیەکی هاوچەشن مرۆڤ چاوەڕوانی دەکا جێگۆڕکێی لەتەکانی کۆمەڵگاش ببنە هۆی هاندانی گۆڕان. مێژووی سەدەکانی ١٩ و بیست وەك جێگر و نیشاندەر بۆ شەڕە ماڵوێرانەکان، کۆمەڵکوژییەکان و شۆڕشە خوێناوییەکان سەیر دەکرێ. هەر وەك چۆن منداڵێك بە چەکمەی پلاستیکی لە سەر قاچێکی بۆ ئەویتر هەڵدەبەزێتەوە، مێژووش لەم مەیدانی شەڕە خوێناوییەوە بۆ ئەویتریان، لە شەڕی جیهانیی یەکەمەوە بۆ شەڕی جیهانی دووهەم و لەوێشەوە ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان و کوردەکان بە دەستی حاکمدارانی تورك بۆ کۆمەڵکوژی و هەڵقرچاندنی نەتەوەی جوولەکە کە بە دەستی هیتلێر بەڕێوە چوو، ئەم لا و ئەو لا دەکا.

مێژووی ئەو سەردەمەی مرۆڤ دیارە پڕ بووە لە مرۆڤ کوژی و شەڕ و تووڕەیی بەڵام لە پەناشیدا جار و بار ئاشتی و ئاسایش و ئاسوودەییشی بۆ مرۆڤ هەبووە. چارلز دیکنز "Charles Dickens" لەسەر شۆڕشی فرانسا دەنووسێ: "ئەو کاتە باشترین

سەردەم بوو و هەروەها ناخۆشترین سەردەمیش." ئەو گوتەیە تەنیا بۆ شۆڕشی فرنسا نییە بەڵکوو بۆ هەر سەردەمێکی ئەم جیهانە ڕاستە.

ڕووداوەکان بەتایبەت ٧ سەدەی پێشوو دەگرێتەوە و دوای کۆتایی پێهاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی کۆتایی پی دێ. لەو سەردەمەدا مرۆڤ بۆ یەکەم جار مەترسی بۆ سڕینەوەی خۆی پێکدێنێ و دەبێتە هۆی چەندین کۆمەڵکوژی و شەڕی خوێناوی. سەرەڕای ئەوەش ئەو چەند سەدەیە ئاشتیخوازترین سەردەمی مێژوویی مرۆڤ بووە. لەو سەدانەدا لە ڕوانگەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ شاهیدی وەرچەرخان و گۆڕانکاریی مەزن هاتووە کە لە هیچ سەردەمێکی پێشوی خۆی نەیبینیوە. مێژوی پلانیتی زەوی بە سەبرا دەجووڵێتەوە و گڕکانەکان بی دەنگ ماونەتەوە. وێدەچێ بە بێ بەڕێوەبردنی شەڕ و شەڕخوازیش بکرێ گۆڕانکاری بەسەر کۆمەڵگاکاندا پێك بێ.[٣٣]

[٣٣] Eine ausführliche Erörterung der beispiellosen Friedensperiode der vergangenen Jahrzehnte finden Sie zum Beispiel in Steven Pinker, *Gewalt: Eine neue Geschichte der Menschheit* (Frankfurt: S. Fischer, ٢٠١١); Joshua S. Goldstein, *Winning the War on War: The Decline of Armed Conflict Worldwide* (New York, N.Y.: Dutton, ٢٠١١); Gat, *War in Human Civilization*.

## ئاشتی و ئاسایش لەمرۆدا

ڕەنگە زۆر زوو دژ بەو بۆچوونە هەڵوێست بگرن کە ئێمە لە سەردەمێکی تایبەتیی ئاشتیدا دەژین. هیچکام لە ئێمە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا ژیانی نەکردووە و زۆر زوو لەبیرمان دەچێتەوە مرۆڤی جیهان لەو سەردەمەدا چ باروودۆخێکی خوێناویان تێپەڕ کردووە. مرۆڤی ئێستا زیاتر بیر لە شەڕی ئەفغانستان و عیڕاق دەکەنەوە هەتا لە ئاشتی زۆرینەی وڵاتانی ئەمڕۆی جیهان.

بۆ هەستکردن بە مەزنترین ڕێگای پڕ لە ڕووداوی مێژوویی لەسەر تەوەری شەڕ و ئاشتی دەبێ چاوێك بەسەر کارەساتە مەزنەکاندا بگێڕین. ساڵی ٢٠٠٠ نیزیکەی ٣١٠ هەزار مرۆڤ بەهۆی شەڕ گیانیان لە دەست داوە و ٥٢٠هەزار مرۆڤ بەهۆی کاری تووڕەیی و جینایی مردوون. هەر کام لەو مرۆڤە قوربانیکراوانە زیانیکی گەورە بووە بۆ بنەماڵە، دۆست و هەڤاڵان و ئاشنایانیان و بە گشتی بۆ جیهان. بەڵام ئەو ٨٣٠هەزار مرۆڤە قوربانیکراوانە تەنیا ١،٥ لە سەدی مردووەکانی ساڵی ٢٠٠٠ دەگرێتەوە (لەو ساڵەدا لە سەراسەری جیهان نیزیکەی ٥٦ ملیۆن کەس گیانیان لە دەست داوە). یەك ملیۆن و دووسەد و شەست هەزار کەس بە هۆی کەرسەکانی هاتوچۆ مردوون. (نیزیکەی ٢،٢٥ لە سەدی قوربانیانی ساڵی ٢٠٠٠) و ٨١٥ هەزار مرۆڤ کە دەکاتە ١،٤٥ لە سەدی ئەو قوربانیانە بەهۆی خۆ کوژی گیانیان لە دەست داوە.[٣٤]

ژمارەکان بۆ ساڵی ٢٠٠٢ سەرسووڕهێنەرترن. لەو ساڵەدا ٥٧ ملیۆن کەس مردوون. ١٧٢ هەزار کەس بەهۆی شەڕەکانەوە گیانیان لەدەست داوە، بەڵام ٥٦٩ هەزار مرۆڤ بەهۆی کاری جینایییەوە گیانیان بەخت کردووە. ٨٧٣ هەزار کەس

---

[٣٤] »World Report on Violence and Health: Summary, Geneva ٢٠٠٢«, World Health Organization, abgerufen am ١٠. Dezember ٢٠١٠,
http://www.who.int/whr/٢٠٠١/en/whr٠١_annex_en.pdf
Sterblichkeitsraten aus früheren Epochen finden Sie in Lawrence H. Keeley, *War before Civilization: The Myth of the Peaceful Savage* (New York: Oxford University Press, ١٩٩٦).

خۆیان کوشتووە.[٣٥] واتە ساڵێك دوای کارەساتی ١١ی سپتامبر سەرەڕای گەورەکردنەوەی تیرۆر و شەڕەکان لە لایەن میدیا گشتییەکانەوە، بە ڕاشکاوی مەرگی مرۆڤ زیاتر بە دەستی خۆی بەڕێوەچووە هەتا بە دەستی تیرۆریست، سەرباز یا قاچاخچی مادەسڕکەرەکان.

لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان مرۆڤ لە ئارامیدا خەوتوون بە بێ هەبوونی ترس لە هەنبەر مرۆڤی تووڕەی هۆزەکانیتر کە نیوەشەو هێرشیان بکەنە سەر و هەموو ئەندامانی گوند یا شارەکە بکووژن وماڵیان بسووتێنن و داراییان بە تاڵان بەرن.

کەمبوونەوەی شەڕ و شەڕخوازیی هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر سیستەمی حکوومەتی ئەوڕۆیی. لە سەردەمی پێشوو دوژمنایەتی نێوان بنەماڵەکان و کۆمەڵ دەبووە هۆی شەڕخوازی و تووڕەیی ناو کۆمەڵگا. (هەر وەك ژمارەی ئامارەکانی سەرەوە نیشانی دەدەن گرنگایەتی شەڕی نێوان مرۆڤەکان لە ناو ماڵ و وڵاتی خۆیان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ شەڕە نێونەتەوەییەکان، گەلێك زۆرتر بووە.) یەکەم وەرزێرەکان کە جیا لە بازنەی کۆمەڵی خۆیان هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسیتریان نەدەناسی، لەژێر شەڕ و ناکۆکی ناوخۆییدا ئازاریان دەکێشا. لەو سەردەمەدا کێشەکانی نێوان مرۆڤ بۆ مەرگی ١٥ لە سەدی کۆمەڵگاکە بەپرس بوون و لە ١٠٠ هەزار کەس ساڵانە ٤٠٠ مرۆڤ بەهۆی کارەساتی سامناك گیانیان لەدەست داوە.[٣٦] کاتێ ئیمپراتۆرییەکان و شانشینەکان هێزیان لە کۆمەڵگاکاندا بەدەستەوە گرت بووە هۆی کەمبوونەوەی شەڕخوازی نێوان بنەماڵەکانی کۆمەڵگا. لە ناوەندی ناوچە ئورووپاییەکانی سەردەمی سەدەی ناوەڕاست ساڵی لە هەر ١٠٠ هەزار کەس ٢٠ تا ٤٠ کەس دەکووژران. لەمڕۆدا لە هەر ١٠٠ هەزار کەس تەنیا ٩ کەس دەکووژرێن. زۆربەی ئەو کووژراوانەش لە وڵاتانی هەرەسهێنراوی وەك زۆمالیا و کولۆمبیا بەڕێوە

[٣٥] »World Health Report, ٢٠٠٤«, World Health Organization, S. ١٢٤, abgerufen am ١٠. Dezember ٢٠١٠, http://www.who.int/whr/٢٠٠٤/en/report٠٤_en.pdf.

[٣٦] Raymond C. Kelly, *Warless Societies and the Origin of War* (Ann Arbor: University of Michigan Press, ٢٠٠٠), S. ٢١. See also Gat, *War in Human Civilization*, S. ١٢٩–٣١; Keeley, *War before Civilization*.

www.rojhalat.de / www.bokan.de
دەچن. لە ئورووپا بە شێوەی مامناوەندی لەساڵدا لە هەر ١٠٠ هەزار کەس تەنیا یەك کەس دەکووژرێ.[٣٧]

سرووشتیە ڕووداو و کارەساتی واش هەن کە حکوومەتەکان لە هێزی خۆیان بە کەلکاوەژوو کەڵك وەردەگرن و دەکەونە گیانی خەڵکانی ناو وڵاتەکەی خۆیان، بەڵام ئەو ڕووداوانە بە گشتیی لە پەیوەندیی لەگەڵ بارودۆخی جیهانیدا زۆر کەمن. لە شێوەی ئاسایی خۆیدا حکوومەتەکان دەبێ لە هێزی خۆیان بۆ پارێزگاریکردنی خەڵکەکەیان لە هەنبەر مرۆڤی شەڕخواز، چەتە و تووڕە بەکار بێنن. لەمڕۆدا تەنانەت لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکانیشدا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەردەمی پێشوو مرۆڤ کەمتر دەکووژرێن. لە ساڵی ١٩٦٤ شووڕایەکی نیزامی لە وڵاتی برزیل تا ساڵی ١٩٨٥هێزی بەدەستەوە گرت. هەزاران دانیشتوانی وڵاتەکە ڕاوەنران و ئاشکەنجە کران. بەڵام لە ناخۆشترین ساڵەکانی ئەو سەردەمەشدا ژمارەی مامناوەندیی دانیشتوانی شاری ریۆ دی ژانیرۆ بە ڕاشکاویی لە هەنبەر شەڕخوازییدا پارێزراوتر و لە ئاسایشێکی باشتردا ژیانیان کردووە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ خەڵکەکانی "یانۆمامی" لە وێنزئولا. یۆنامامی کۆمەڵێکی وەرزێریی بوون کە بەسەر چەندین گوندی بچووکی لێرەوارەکانی ئامازۆندا بڵاو کرابوونەوە و لەوێ ژیانیان دەکرد. پشکنینی زانستی مرۆڤ ناسی بەو ئەزموونە گەییون کە یەك لە سێی هەموو پیاوەکانی ئەو هۆزە درەنگ یا زوو بەهۆی تێکهەڵچوون و شەڕ، لەسەر دارایی، ژنان یا پرستیژ، گیانی خۆیان لەدەست داوە.[٣٨]

---

[٣٧] Manuel Eisner, »Modernization, Self-Control and Lethal Violence«, British Journal of Criminology ٤١:٤ (٢٠٠١), S. ٦١٨-٦٣٨; Manuel Eisner, »Long-Term Historical Trends in Violent Crime«, Crime and Justice: A Review of Research ٣٠ (٢٠٠٣), S. ٨٣-١٤٢; »World Report on Violence and Health: Summary, Geneva ٢٠٠٢«, World Health Organization, abgerufen am ١٠. Dezember ٢٠١٠, http://www.who.int/whr/٢٠٠١/en/whr٠١_annex_en.pdf
»World Health Report, ٢٠٠٤«, World Health Organization, S. ١٢٤, abgerufen am ١٠. Dezember ٢٠١٠, http://www.who.int/whr/٢٠٠٤/en/report٠٤_en.pdf.

[٣٨] Napoleon Chagnon, *Yanomamo: The Fierce People* (New York: Holt, Rinehart and Winston, ١٩٦٨); Keeley, *War before Civilization*.

## ڕووخانی ئیمراتۆرییەکان

بە دڵنیاییەوە مرۆڤ دەتوانێ لەسەر ئەو تەوەرە باس و گفت و گۆ بکا ئایا ژمارەی مرۆڤی تاوانکار لە ساڵی ١٩٤٥وە زیاد یا کەمی کردووە، بەڵام جێی باس نییە و هەموومان دەزانین لەمرۆدا ژمارەی قوربانیانی شەڕ و شەڕخوازی بە گشتی لەم جیهانەدا بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر کەم بۆتەوە. باشترین نموونە بۆ ئەو بارودۆخە نێونەتەوەییە، کۆتایی پیهاتنی ئیمپراتۆرییە ئورووپاییەکانە. لە ڕابردوودا ئیمپراتۆرییەکان دەبوونە هۆی لەژێر گوشار خستنی خۆڕاگریی و ڕاپەڕینەکان و چۆمی خوێنیان وەڕێدەخست. ئیمپراتۆرییەکان بۆ ڕزگار کردنی خۆیان هەموو کردەوەیەکی نائینسانیان بەڕێوە دەبرد. بەڵام دوای ساڵی ١٩٤٥ زۆربەی ئیمپراتۆرییەکان لە ئاشتیدا ماڵاواییان لە جیهان کرد و چوونە بارودۆخی خانەنشینییەوە. کار و ڕەوتی کۆتایی هێنان بە شەڕ و داگیرکاریی تا ڕادەیەك بە گورجی و ئارامی بەڕێوەچوو.

هێشتا ساڵی ١٩٤٥ وڵاتی ئینگلیز وەك زلهێزی ناوچەکە یەك لە چواری کورەی زەوی لەژێر کونترۆڵدا بوو. ٣٠ ساڵ دواتر ئینگلیزییەکان تەنیا خاوەنی چەند دوڕگەی دوور لە یەك بوون. لەو سێ دەیەدا ئینگلیز بەرە بەرە و بەدوای یەکتردا بە بێ کێشەیەکی گەورە و بە بێ شەڕی خوێناوی گەورە خۆی لە وڵاتە دەست بەسەرداگیراوەکانی کێشا دواوە. دوای کشانەوەی لەو ناوچانە چەندین وڵاتی سەربەخۆ دروست کران و زۆربەیان دواتر سنوورێکی ساقامگیریان بۆخۆیان دروست کرد و لە ئاشتیدا ژیانێکی نوێیان دەستپێکرد. بەڵێ، سەربازانی ئینگلیزی گیانی سەدان هەزار مرۆڤیان تیوونا کرد، هەروەها بەڵێ، کاتی کشانەوەیان بوونە هۆی شەڕی ناوخۆیی نەتەوەکان، بەڵام بە هەڵسەنگاندنی مێژوویی ڕابردوو ئەو کشانەوەیەی ئینگلیزییەکان وەك نموونەیەك بۆ ئاشتی و ڕێك و پێکی لێ دەرهات. حکوومەتی جیهانی فەرنساییەکان بەتایبەت لە ویتنام و ئەلجەزایر کاولکارییەکی گەلێك زۆریان پێکهێنا کە هەزاران قوربانی بۆ درا، بەڵام کاتی کشانەوی هێزەکانیان و ئازادکردنی ئەو وڵاتانە،

www.rojhalat.de / www.bokan.de
ڕێك و پێکی و ئاشتیان لە خۆیان بەجێ هێشت و نەبوونە هۆی پێکهاتنی شەڕی نەتەوەیی.

تێکڕووخانی ئیمپراتۆری سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٨٩ لە کشانەوەی فەرنساش باشتر بەڕێوەچوو، سەرەڕای ئەوەیکە لە وڵاتانی باڵکان، قەوفقاز و لە ناوەڕاستی ئاسیا شەڕی ناو نەتەوەکان پێکهاتن، بەڵام تا ئەو سەردەمە، لە مێژووودا نموونە نەبووە هێزێکی جیهانی ئەوتۆ، وا بە گورجی لێك هەڵوەشێ و لەناو بچێ. کاتێ ئیمپراتۆری سۆڤیەت ساڵی ١٩٨٩ هەرەسی هێنا جیا لە ئەفغانستان لەهیچ شوێنێکیتر شکستیان نەهێنابوو. هیچ هێرشێکی بیانیان لەسەر نەبوو، لە ناوەوەش نەتەوەکان لێی هەڵنەستابوونە سەر پێ. هێشتا ملیۆنان سەربازیان لە دەسەڵاتدا بوو، هەزاران تانك و فڕۆکە و بە ڕادەی کافیش چەکی ئەتۆمییان هەبوو مەترسی بخەنە سەر هەموو جیهان. ئەرتەشی سوور و هێزە نیزامییەکانی پەیمانی وەرشەو هێشتا هەر بە حکوومەت وەفادار مابوونەوە. ئەگەر میخائیل گۆرباچۆڤ هێزداری ئەو سەردەمەی سوڤیەت فەرمانی هێرشی بۆ سەر مانگرتوەکان و ڕێپێوانەکان دابا، ڕەنگە زۆر بە ساکاری بیانتوانیبا بۆ چەند دەیەیتر درێژە بە ئیمپراتۆرییەکەیان بدەن.

بەڵام نوخبەکانی سۆڤیەت و وڵاتە کۆمۆنیستییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا (جیا لە ڕۆمانی و سێربستان) بڕیاریان دا کە لە هێزی نیزامی بۆ ئەو کارە کەڵك وەرنەگرن. کاتێ هەستیان بەوە کرد کە سیستەمی کۆمۆنیستی ڕۆژە کۆتاییەکانی خۆی تێپەڕ دەکا، دەستان لە تووڕەیی و شەڕخوازی هەڵگرت. گۆڕباچۆڤ و هاوکارەکانی نەك هەر بە بێ کاری تووڕە دەستیان لە هەموو ئەو ناوچانەی لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا وەدەستیان هێنابوو هەڵگرت و خۆیان کێشا دواوە، بەڵکوو تەنانەت دەستیان لەو ناوچانەش هەڵگرت کە تزارەکانی پێشوو داگیریان کردبوون (وڵاتانی بالتیك، ئوکرائین، قەوقاز و ناوەڕاستی ئاسیا). نابێ لەبیرمان بچێتەوە، چ ڕووداوێك پێکدەهات ئەگەر گۆرباچۆڤ هەڵوێستی خۆی بۆ بڕیاری هاوچەشنی وەك فەرنسە لە ئەلجەزایر یا بەرپرسانی سێربستان لە هەنبەر بۆزنەکان دابا.

## ئاشتی ئەتۆمی

ئەو وڵاتە سەربەخۆیانەی لە میراتی ئیمپراتۆرییەکان پێك هاتن تامەزرۆییەکی کەمیان بۆ شەڕ و شەڕخوازی هەبوو. جیا لە چەند وڵاتی تایبەت نەبێ، لە ساڵی ١٩٥٤ بەولاوە هیچ هەوڵیکی داگیرکاریی لە جیهاندا نەدراوە. داگیرکاری لە سەردەمی پێشوودا وەك کارێکی ئاسایی ڕۆژانەی لێ هاتبوو. بۆ وێنە ئیمپراتۆری عوسمانی ساڵی ١٣٨٩ هێرشی کردە سەر سربستان، سربەکانیان لە شەڕی کوزووۆ "Kosovo" تێکشکاند، وڵاتەکەیان لێ داگیر کردن و کردیان بە هی خۆیان. ساڵی ١٣٩٦ لە شەڕی نیکۆپۆلیس "Nicopolis" لەشکرێکی گەورەی مەسیحییەکانیان شکست دا و وڵاتی بوڵغارستانیان داگیر کرد. ساڵی ١٤٥٣ عوسمانەکان بەسەر لاشەی مردوودا شاری قوستەنتەنییەیان (کۆنسانتینۆپل) داگیر کرد، ناوی ئستامبۆلیان لەسەر دانا و کردیان بە پێتەختی خۆیان. ساڵی ١٤٦٠ یۆنانیان داگیر کرد، ساڵی ١٥١٧ سوریا و میسر و ساڵی ١٥٢٦ مەجارستانیان داگیر کرد. بەدوای ئەوانەدا مزۆپێتامیا، قبرس و بەشێکی گەورەی ڕۆژئاوای ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ئورووپا و باکووری ئەفریقاشیان داگیر کرد. هەموو ئیمپراتۆرییەکانیتر بە شێوەیەکی هاوچەشن پیکهاتوون و زۆربەی زۆرداران و زۆڵم لێکراوان پێیان وابوو ئەو بارودۆخە گۆڕانی بەسەردا نایە و درێژەی دەبێ. بەڵام لەمڕۆدا بۆ ئێمە وەك شتێکی بێگانەی لێهاتووە، جیا لە فاشیستێکی وەك ئوردۆغان کە بە چاو لێکەری و لاسایی کردنەوەی باپیرانی لە سەدەی بیست و یەکەمدا لەبەر چاوی هەموو دنیا بۆ دوژمنایەتی لەگەڵ کوردان و سڕینەوەی نەتەوەی کورد هەوڵی داگیرکردنی جێی دانیشتنی کوردان لە وڵاتی سوریا دەدا. داگیرکاریی وڵاتان بە گشتی وەك هی سەردەمی عوسمانەکان لەمڕۆدا جێی باوەڕ نییە و بەڕێوە ناچێ. لە ساڵی ١٩٥٤ بەولاوە هیچ وڵاتێکی سەربەخۆ کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەفەرمی ناسرابێ داگیر نەکراوە بە شێوەیەك کە لەسەر نەخشەی جیهان لاچووبێ.

دیارە جار و بار شەڕی ناوچەیی لێرە و لەوێ پێك دێن و هێشتا هەر ملیۆنان مرۆڤ قوربانی سیاسەتی هەڵە و زێدەڕۆیی دیکتاتۆرەکان دەکرێن بەڵام تەنانەت ئەو شەڕە

ناوچەییانەش لەمڕۆدا کەمتر بوونەتەوە. زۆربەی مرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕەن کە تەنیا وڵاتە دەوڵەمەندەکانی ڕۆژئاوای ئورووپا بارودۆخێکی ئاشتیان تێدا پێك هاتووە. بەڵام ئەو بۆچوونە زۆر ڕاست نییە: ئەو کاتەی ئاشتی هاتە ناو ئورووپاوە، بەشەکانیتری جیهان زۆر زووتر ئاشتیان تێدا پێك هاتبوو. بۆ وێنە لە باشووری ئەمریکا شەڕی نێوان وڵاتانی پرۆ "Peru" و ئکوادۆر "Ecuador" لەساڵی ١٩٤١ و هەروەها شەڕی نێوان وڵاتانی بۆلیوی "Bolivien" و پاراگوا "Paraguay" لە ساڵی ١٩٣٥ شەڕی کۆتایی ئەو ناوچانە بووە.

وڵاتانی عەڕەبیش لە ڕابردوودا بانگ ئاوازی شەڕخوازییان کەم نەبووە، بەڵام دوای پێکهاتنی وڵاتە سەربەخۆکانی عەڕەبی جیا لە داگیرکردنی کوەیت لە ساڵی ١٩٩٠ لە لایەن عێراقەوە ئیتر شەڕێکی ئەوتۆ پێك نەهاتووە. دیارە زۆر کات کێشەی سنووریان لە نێواندا پێکهاتووە بۆ وێنە ساڵی ١٩٧٠ لە نێوان سوریا و ئوردۆن، یاخود سوریا و لوبنان، شەڕی ناوخۆیی ئەلجەزایر، یەمەن یا لیبی، بەڵام نەبۆتە هۆی داگیرکاریی و شەڕی بەردەوام. لە ناو وڵاتە ئیسلامییەکاندا جیا لە شەڕی کەنداو هیچ شەڕێکی نێو نەتەویی پێك نەهاتووە.

لە قوڕنەی ئەفریقا وێدەچێ بارودۆخەکە بە شێوازێکیتر بێ. بەڵام تەنانەت لەوێش زۆربەی بزووتنەوە چەکدارییەکان یا لەسەر بەڕێوەچوونی کۆدتا بووە و یا شەڕی ناوخۆیی نەتەوەکانە. لە ساڵانی ١٩٦٠ەکان و حەفتاکاندا و لەو کاتەوە نەتەوەکان داوای سەربەخۆیی وڵاتەکانیان کردووە، کەمتر هەوڵی داگیرکاریی وڵاتە جیرانیەکانیان داوە.

دیارە بۆ هەڵسەنگاندنی لەگەڵ ڕابردوو، بە شێوەی مامناوەندی سەردەمی ئاشتیش هەبووە بۆ وێنە لە ئورووپا لە نێوان ساڵەکانی ١٨٧١ و ١٩١٤ بەڵام زیاتر دوای شەڕی خوێناوی و ماندوو بوونیان و پشوودان بۆ خۆ بەهێزکردن بووە. لێرەد بارودۆخەکە شێوەیەکیتری هەبووە چونکە ئاشتی کاتیی، تەنیا بەهۆی بەڕێوەبردنی شەڕ پێکدەهات. ئاشتی ڕاستەقینە بەو مانایە دەبێ ببێ، کە ئیتر وێناکردنی شەڕ مومکین نەبێ. لەو ڕوانگەیەوە هیچکات ئاشتی ڕاستەقینە لە جیهاندا پێك نەهاتووە. لە نێوان ساڵەکانی ١٨٧١ و ١٩١٤ دا سەرهەڵدانی شەڕ هەر کات و ساتێك جێی باوەڕ بووە و ئیمکانی دەسپێکی ئەگەری شەڕ لە مێشکی سیاسەتوانان، سەربازان و خەڵکی ئاساییدا بەردەوام هەبووە. وەك یاسایەکی گشتی لە هەموو سەردەمێکی ئەم جیهانە بەردەوام ئەگەری هێرشی وڵاتێك بۆ سەر وڵاتە جیرانەکەی هەبووە جا سەردەمی پێش زایین،

سەدەی ناوەڕاست یا چەند سەد ساڵ پێشتر بووبێ، بەڵام ئەو یاسایە کە مرۆڤ دەکرێ بە یاسای جەنگەڵ ناوی بەرێ لەمڕۆدا بەو شێوەیەی پێشوو نەماوە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئاشتی ڕاستەقینە دامەزراوە. دیارە وڵاتی وا لەمڕۆدا هەن کە پۆتێنسیالی داگیرساندنی شەڕی چەکدارییان هەیە وەك وڵاتانی ئێران تورکیا، سوریا، ئیسرائیل و ئەمریکا، بەڵام بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ بەشێکی زۆری وڵاتانی ئاشتیخوازی دنیا ژمارەیان کەم و کەمتر دەبێتەوە.

لە داهاتوودا ئەگەری داگیرسانی شەڕ بەردەوام هەبووە بەڵام لە مێژووی ڕابردووی مرۆڤدا هیچکات بە قەرا ئەمڕۆ ئاشتی ئاوا قایم و باسوبات و بەردەوام نەبووە. زانایان بەهۆی چەندین کتێب و نووسراوە هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەو بەختەوەرییەی مرۆڤ دەدەن و بە چەندین هۆکاریانەوە گرێداوە کە گرنگترینیان خەرج و مخارجی مادی پێکهێنانی شەڕەکانە. لەوانەیە دەبوو خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی بە ڕۆبێرت ئۆپینهایمەر "Robert Oppenheimer" و هاوکارەکانی بدرێ کە بۆمبای ئەتۆمیان دروست کرد و بەو کارەیان ئەگەری شەڕی نێوان زلهێزەکانیان بە خۆکوژییەکی سەرشێتانەی هەمە لایەنە لێ دەرهێنا.

هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە ئیتر شەڕخوازی بەهرەیەکی ئەوتۆی بۆ مرۆڤ نەماوە، ئاشتی بە شێوەیەکی ئاشکرا زیاتر باسی لێوە دەکرێ. بەهۆی بەردەوام تەنگبوونەوەی هاوکاری بازاڕی سەرمایەداری، کاسبی وەك یاریی قوماری لێهاتووە کە کەم یا زۆر هەموویان پارە دەبەنەوە. لەمڕۆدا بەهۆی بازاری ئابوورییەوە مرۆڤ زیاتر و گورجتر پارەی پێ دەگا هەتا بەهۆی داگیرکاریی و شەڕخوازی. لەمڕۆدا بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بەهۆی چوار فاکتەری ئاشتیخوازانەوە حکوومەت لەسەر ئەم جیهانە دەکرێ: **سیاسەتوانان، سەرمایەداران، ڕۆشنبیران** و **هونەرمەندان** کە شەڕ و شەڕخوازی وەك کردەوەیەکی خراپ بە جیهان دەناسێنن. ئەو چوار لایەنە بەردەوام یەکتر بەهێز دەکەن و بەهۆی مەترسی شەڕی ئەتۆمی، هەوڵ بۆ گاڕانتیکردنی ئاشتی دەدەن. بە پڕۆپاگانداکردن بۆ ئاشتی، پاشەکشە بە شەڕخوازی دەدەن و بازاڕە ئابوورییەکانی پێ دەبووژێننەوە. مامڵە و چالاکی ئابووری ئاشتی وەڕێدەخا و کۆتایی بە شەڕ دێنێ. بەهۆی هاوکاری گلۆبالی ئابووری وڵاتانی جیهان ڕۆحی شەڕیان لە چرا سیحراوییەکەیدا زیندانی کردۆتەوە.

لەمڕۆدا زۆربەی وڵاتانی جیهان بەهۆی پەیوەندی ئابووری هاوبەش، لە بارودۆخێك دا نین بتوانن دژ بە یەکتر شەڕ بەڕێوە بەرن. ڕەنگە شاروەندانی وڵاتانی وەك ئیسرائیل، ئێران یا مکزیك و تایلەند بیر لە سەربەخۆیی نەتوەیی بە بێ بەستڕەوایی بە جیهانەوە بکەنەوە، بەڵام زۆربەی وڵاتان پەیوەندییەکی ئابووری ئەوتۆیان لەگەڵ یەکتردا بەستووە کە بە بێ ئەو پەیوەندییە ناتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن. هەر وەك پێشتریش لەو نووسراوەیەدا ئاماژەمان پێکرد، ئێمە لەمڕۆدا شاهیدی پێکهاتنی ئیمپڕاتۆرییەکی نێونەتەوەیی جیهانین کە لە لایەن پسپۆران و زانایانی سەراسەری جیهانەوە بەڕێوە دەچێ.

وێدەچێ مودێرن بوون بەسەر شەڕخوازیدا زاڵ بووبێ. بڵێی چەوسانەوە تەنیا وەك سومبولی قوربانیانی شەڕی یەکەمی جیهانی، کارگی ئەتۆمی هیرۆشیما یا نێوچاوانی پڕ لە ڕق و کینەی هیتلێر و ستالین نەبووبێ؟ یاخود ئایا کەوتووینەتە ناو سەردەمێکی ئاشتییەوە کە سومبۆلەکەی نەهاویشتنی کارگی ئەتۆمی بۆ ناو شارەکانی واشنگتۆن و موسکۆ یا نێوچاوانی ئاشتیخوازانەی مهاتماگاندی یاخود بەزەیی پێداهاتن بە خنکاندنی مناڵێکی بچووکی کورد لە پەنا ئاوی وڵاتێکی دوورکەوتوو لە زێدی خۆی لەپێش چاوی هەموو جیهان بێ؟

## بەختەوەرانە تا ڕۆژی کۆتایی پێکەوە ژیانیان دەکرد

لە پێنجسەد ساڵی ڕابردووەوە شاهیدی بەڕێوەچوونی چەندین شۆڕشی مەزن بوین. زەوی بەرەو ناوەندێکی تاقانەی ژیانی ژینگەیی و مێژوویی پەرەی سەندووە. بارودۆخی ئابووری بە شێوەی بەرز گەشەی سەندووە و زۆربەی مرۆڤی ئەمڕۆیی چێژ لە دەوڵەمەندییەك دەبینن کە مرۆڤی سەردەمی پێشوو تەنیا لە چیرۆکە خیاڵییەکاندا باسیان لێوەدەکرد. شۆڕشەکانی ئابووری و زانستی هێزی سەرووی مرۆڤ (خوڵقێنەر)ی بە مرۆڤ داوە و وزەیەکی بێ سنووری پێ بەخشیوە. ڕێك و پێکی کۆمەڵ هەر وەك سیاسەت لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ گرێ دراوە.

بەڵام ئایا ئێمە لەمڕۆدا بەختەوەرین؟ ئایا دەوڵەمەندیی و ئاسایش کە زیاتر لە پێنجسەدساڵە هەوڵی بۆ دەدەین ئێمەی ڕازیتر کردووە؟ ئایا بارودۆخی جیهان دوای شۆڕشی خۆناسیی لە حەوت هەزار ساڵی ڕابردووەوە باشتر بۆتەوە؟ جێ پێی نیل ئارمسترانگ "Neil Armstrong" لەسەر مانگ بەختەوەرییەکی تایبەتی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەر کە ٣٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا جێ دەستی خۆیان لە ئەشکەوتی "Chauvet" لە فەرنسا بەجێ هێشتووە، بۆ مرۆڤی ئەمڕۆیی بە دیاری هێناوە؟ ئەگەر نا، چ مانایەك دەتوانین بە کاری وەرزێری، شار و گوندەکان، دەست نووسەکان، پارە، زانست، ئابووری و هەموو دوزراوەکانیتری مرۆڤ بدەین؟

ئەوانە ئەو پرسیارانەن کە مێژووناسان زۆر کەم لەخۆیانی دەکەن. ئەوان تامەزرۆییان بۆ ئەوە نییە کە ئایا دانیشتوانی ئوروك و بابیلۆن بەختەوەرتر بوون لە مرۆڤی سەردەمی ڕاوکەر و کۆکەر و سەردەمی بەرد، یا دانیشتوانی میسر دوای هاتنی ئایینی ئیسلام ژیانێکی ڕازیتر و ئارامتریان بووە لە هی پێشوویان، یاخود ڕووخانی ئیمراتووریە ئورۆپاییەکان چ کارتێکەرییەکی لەسەر چارەنووس و ژیانی ملیۆنان دانیشتوانی ئەفریقایی هەبووە. لەڕاستیدا ئەوە ئەو پرسیارە گرنگانەن کە ئێمە دەبێ وەڵامەکەی لە مێژووی ڕابردوو داوا بکەین.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

زۆربەی ئیدیۆلۆژییەکان و بەرنامەی سیاسسەتوانانی ئێمە ڕوانگەی سەیر و سەمەرە و نادیاریان لە هەنبەر چارەنووس و بەختەوەری مرۆڤ هەیە. ناسیۆنالیستەکەن لەسەر ئەو بۆچوونەن بڕیاردانی سیاسی خودی مرۆڤ، کلیلی بەختەوەرییە. کۆمۆنیستەکان ڕوونی دەکەنەوە دیکتاتۆری پرۆلتاریا بەهەشتی سەر زەوی پێك دێنێ. سەرمایەداران بە شێوەی بەردەوام لە گوێی مرۆڤدا دەخوێنن کە تەنیا بازاڕی ئابووری دەتوانێ بەختەوەری بە مرۆڤ بدا. بەڵام چ دەقەومێ ئەگەر لە ڕوانگەی زانستییەوە ئەو بۆچوونانە ڕەد بکرێنەوە؟ کاپیتالیزم چ مانایەکی دەبێ ئەگەر هەڵمسان و گەورەبوونەوەی بارودۆخی ئابووری، مرۆڤ بەختەوەر نەکا؟ چ دەقەومی ئەگەر دانیشتوانی سیستەمی زلهێزانی جیهان ڕازیتر بن لە هی وڵاتە ناسیۆنالیستەکان، یاخود مرۆڤی ئەلجەزایر لەژێر کلۆنیای فەرنسا خۆیان بە بەختەوەرتر دابنێن لە سەردەمی وڵاتی سەربەخۆیی؟ چ دەقەوما ئەگەر ئازادی و ڕەهایی هیچ کارتێکەرییەکی لەسەر بەختەوەربوونی ژیانی ژنان نەبێ و ژنانی کاربەدەستی ئەمڕۆیی کەمتر بەختەوەر بن بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ دایك و نەنکیان کە تەنیا خۆیان بە کاری ماڵ و ئاگاداری لێکردن لە منداڵەکانیان خەریك کردبوو؟

دیارە ئەو پرسیارانە تەنیا پاوانکردن و گومان کردنن، چونکە مێژووناسان تا ئەمڕۆ خۆیان لەو پرسیارانە دوور ڕاگرتووە. سەرەڕای خۆ پێوە خەریککردنی پسپۆران و زانایانی مێژوویی بە هەر شتێك و ڕووداوێکی سەر ئەم هەردە، جا لە سیاسەت، کێشەی کۆمەڵگا و هەڵس و کەوتی سێکسییەوە بگرە هەتا نەخۆشییەکان، خواردن و جل وبەرگ، لەخۆیان پرسیار ناکەن ئەو کارانە چ کارتێکەرییان لەسەر بەختەوەری مرۆڤ دەبێ. بە بڕوای من ئەوە مەزنترین بۆشاییە لە نووسینەوەی مێژووی مرۆڤدا.

بەڵام سەرەڕای ئەوەیکە تا ئەمڕۆ هیچ مرۆڤێك مێژووی بەختەوەری نەپشکنیوە، زۆربەی زانایان و مرۆڤی ئاسایی هەڵس و کەوت و ڕوانگەی خۆیان نیشان داوە. بۆ وێنە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە بەختەوەری بەردەوام هەوڵی بۆ تووناکردنی هەژاری و لابردنی هێش و ئازار داوە - و دەبێ مرۆڤی ئەمڕۆیی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مرۆڤی سەردەمی سەدەی ناوەڕاست خۆیان گەلێك بەختەوەرتر هەست پێ بکەن، و هی سەردەمی سەدەی ناوەڕاستیش بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ڕاوکەر و کۆکەر بە هەمان شێوە. کەچی ئەو بۆچوون و هەڵسەنگاندنە مرۆڤ بە تەواوی ڕازی ناکا. بەڵام هەر وەك بینیمان لێهاتوویی نوێ و هەڵس و کەوتی جیاواز لەگەڵ هی پێشوو هێشتا

نەیانتوانیوە ژیانی مرۆڤ باشتر بکەن. کاتێ مرۆڤ هاوکات لەگەڵ سەردەمی شۆڕشی وەرزێری فێر بوو لەسەر ئارەزووی خۆی گۆڕانکاری بەسەر ژینگەدا بێنێ، ژیانی تاکە کەسەکان بە ڕادەیەکی بەرچاو بەرەو خراپی ڕۆیی. وەرزێر دەبوو بە جێی ئاسایش و حەسانەوە، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەر، چالاکییەکەی زۆرتر بەڕێوە بەرن و هاوکاتیش بە خواردنی خواردەمەنی ناسالم لەژێر نەخۆشییەکاندا ئازار بکێشن. هەر وەك گەورەبوونەوە و هەڵمسانی ئمپراتۆرییە ئوورووپاییەکان کە هێزی جیهانی بۆ بەدیاری هێنان، چونکە ئیدە و تێکنۆلۆژی و سامان بە شێوازێکی نوێ لە جیهاندا دابەش کرا، بەڵام بۆ ملیۆنان مرۆڤی ئەفریقایی، دانیشتوانی پێشووی ئەمریکایی و ئوسترالیایی پەیامی خۆشی نەبوو. لە ڕوانگەی مێژووی دوور و درێژی کەڵکلێوەرگرتنی بە خراپی هێز لە لایەن مرۆڤەکانەوە، کارێکی سەرشێتانە دەبێ ئەگەر مرۆڤ بێتە سەر ئەو باوەڕە کە پێشکەوتوویی بە شێوەی ئوتۆماتیکی بەختەوەری بۆ مرۆڤ بە دیاری دێنێ.

ڕەخنەگەرانی شارستانییەت بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە دەڵێن: پێشکەوتوویی دەبێتە هۆی تووش بوون بە چارەڕەشی. هێز، گەندەڵکاریی بەدواوەیە. بەو دۆزینەوە زانستییانە جیهانێکی سارد و سڕ و میکانیکیمان بۆخۆمان دروست کردووە کە ئیتر لەگەڵ نیازەکانمان ڕێك نایەنەوە. بە درێژایی ملیۆنان ساڵ پرۆسەی گەشەسەندن جەستە و ڕۆحی مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەری لەگەڵ ژیانیان هاوئاهەنگ کردووە. ئاڵ و گۆری سەردەمی وەرزێری بۆ سەردەمی پیشەسازیی ئیمەی مرۆڤی ناچار بە چەشن ژیانێکی ناسرووشتی کردووە، کە ئیتر وارسکە و نیازە ئاساییەکانمان دابین ناکا. بە دۆزینەوەی هەر کەرەسەیەکی نوێ خۆمان هیندەیتر لە بەهەشت دوور دەخەینەوە.

ڕەنگە ئیمەی مرۆڤ خۆمان لە سرووشتی ئینسانی دوور خستبێتەوە، بەڵام ئەوکارە تەنیا لایەنی خراپ و نگاتیڤی نەبووە بەڵکوو بۆ وێنە زانستی پزیشکی مودێرن مردنی منالانی لە دوو سەدساڵی ڕابردوەوە لە ٣٣ لەسەدەوە گەیاندۆتە کەمتر لە ٥ لە سەد. لەوانەیە دوای شۆڕشی زانستی هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان پێشکەوتوویی و بەختەوەربوونی مرۆڤ بوونی نەبێ و وەرزێرانی سەردەمی سەدەی ناوەڕاست کەمتر بەختەوەر بووبن لە هی سەردەمی ڕاوکەر و کۆکەر و سەردەمی بەرد، بەڵام لە چەند سەد ساڵی ڕابردووەوە ئێمەی مرۆڤ فێر بووین کارتێکەریی لێهاتووە

www.rojhalat.de / www.bokan.de

نوێیەکانمان باشتر لە ژیانماندا کەڵك لێ وەرگرین. سەرکەوتویی پزیشکی مودێرن تەنیا نموونەیەکە، کەم بوونەوەی توند و تێژیی کۆمەڵگاکان، شەڕە بەردەوامە ماڵوێرانکەرەکانی نێوان نەتەوەکان و کەم بوونەوەی برسێتی مرۆڤی هەژار چەند نموونەیەکیتری ئەو شۆڕشەن.

بەڵام ئەو چەشن سەیر کردنەش هاسانکارییەك زیاتر نییە. ئەو ڕوانگە گەشبینییە تەنیا کاتێکی کەمی مێژووی مرۆڤایەتی لە خۆ دەگرێ. کەرتێکەری مودێرنی دەرمانی بۆ زۆرینەی مرۆڤی سەر ئەم هەردە لە نیوەی دوو هەمی سەدەی نۆزدەوە دەست پێدەکا و ژمارەی کەمبوونەوەی مردنی منداڵانی بچووك لە سەدەی بیستەم مسۆگەر بوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ تا ١٩٦١ لە وڵاتی چین ١٠ تا ٥٠ ملیۆن کەس لە برسانە گیانی خۆیان لە دەست داوە. دیارە شەڕە نێو نەتەوەییەکان لە ساڵی ١٩٥٤ بەولاوە کەم بوونەوە و ڕەنگە چەند دەیەی ڕابردوو سەردەمێکی زێڕینی ئاشتی بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان بووبێ بەڵام هێشتا زووە مرۆڤ بتوانێ بە دڵنیاییەوە قاوی گەییشتن بە ئاشتی جیهانی بدا. ئێمە نابێ تەنیا بە چاویلکەی ئورووپاییەوە سەیری ئەو کێشانە بکەین بەڵکوو لە ڕوانگەی کرێکارێکی کانزای وڵاتە وەدواکەوتووەکان، بە چاویلکەی مرۆڤێکی هۆگر بە تریاك لە چین یا لە ڕوانگەی دانیشتوانی کۆنی تاسمانی یەوە مێژووی مرۆڤ بە چەشنێکیتر سەیری کەین. هەروەها جێی باوەڕە کە فرمێسکی شادی و بەختەوەری ئەو کاتە کورتە، چاوەڕوانیی کارەساتێکی مەزن بۆ مرۆڤ و بوونەوەرانیتری بەدوادابێ. لە چەند دەیەی ڕابردووەوە هاوسەنگی پلانێتی زەوی لە چەندین لایەنەوە کێشەی بۆ دروست کراوە و هیچ کەس ناتوانێ ئاکامەکەی بەراوەرد بکا. مرۆڤی هۆمۆساپیەن بارودۆخێکی نالەباری بۆ خۆی و بوونەوەرانیتر پێك هێناوە کە لەوانەیە بە تووناکردنی ژینگە و لەناو چوونی ژیانی ملیۆنان گیانلەبەر تەواو بێ. لە دووسەد ساڵی ڕابردووەوە ملیاردان بوونەوەرمان لە جێی ژیانیان ڕاوەناوە بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەی چێکراو زگی زیاتر لە حەوت ملیارد مرۆڤی پێ تێرکەین. ئەگەر تەنیا بەشێکی بچوکی هەواڵی پارێزگەرانی ئاژەڵ ڕاست بێ، ڕاگرتنی مودێرنی ئاژەڵی چێکراو یەك لە سامناکترین تاوانی مرۆڤی سەر ئەم هەردە لە ئەژمار دێ. ئەگەر ئێمە بمانەوێ بەختەوەری جیهانی بپێوین نابێ تەنیا بە مرۆڤی ساماندار و دەوڵەمەند یا وڵاتانی پێشکەوتووی ئورووپایی ڕازی بین بەڵکوو هەموو وڵاتە وەدواکەتووە هەژارەکانیش لەو پێوانەدا بگونجێنین.

## چلۆنایەتی پێوانی بەختەوەری

تا ئێستا پێمان وابوو کە بەختەوەری، لای کەم لە ڕوانگەی فاکتەری ماتریالییەوە بە سلامەتی، خواردن و ئاسایشەوە بەستراوەتەوە. لایەنی لۆژیکاکەی پێمانی دەڵێ: "هەرچەند دەوڵەمەندتر و سالمتر بین، بەو ڕادەیەش بەختەوەرتر دەبین." بەڵام ئەو پەیوەندایەتییە تا ئەمڕۆ بە هیچ شێوازێك نەسەلمیندراوە. فیلەسۆفان، مرۆڤی ئایینی، شاعیران و ئەدیبان هەزاران ساڵە مێشکی خۆیان بە چەمکی "بەختەوەری"یەوە خەریك کردووە، و زۆر جار هاتوونەتە سەر ئەو بۆچوونە کە فاکتەرەکانی کۆمەڵایەتی، ئێتیکی و ڕۆحانی کارتێکەرییەکی مەزنتریان لەسەر بەختەوەری مرۆڤ هەیە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ فاکتەری ماتریالیی. دەتوانێ وابێ کە مرۆڤ لە کۆمەڵگا دەوڵەمەندەکاندا سەرەڕای دەوڵەمەندی، لەژێر هەستی بێگانەبوون و بی مانایی ژیان ئازار بکێشن؟ هەروەها دەتوانێ وا بێ کە پێشینیانی ئێمە کە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەمڕۆ کەمتر دەوڵەمەند بوون، باشتر لە ئێمە لە بوارەکانی ئایین و سرووشتدا بەختەوەریان دۆزیبێتەوە؟

لە چەند دەیەی ڕابردووەوە بەهۆی تاقیکارییە زانستییەکان، پشکنین لەسەر بەختەوەری و کارتێکەرییەکانی دەستی پێ کردووە. ئایا پارە ئێمە بەختەوەر دەکا؟ بنەماڵە؟ "ژێن"ە کانمان؟ یاخود ڕەنگە خۆپارێزی و ترس لە خودا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە لە پێشدا دەبێ ڕوونی کەینەوە لەڕاستیدا ئێمە دەمانەوێ چ شتێك بپێوین. زۆرینەی زانایان بەختەوەری بە "باشتربوونی ژیانی زەینی" دادەنێن. بە پێی ئەو بۆچوونە بەختەوەری هەستێکی زەینییە لەسەر بارودۆخی کاتی یا درێژخایەنی ژیانی مرۆڤ. بەڵام چلۆن دەتوانین ئەو هەستە زەینییە بپێوین؟ ڕەوان ناسان و بوونەوەر ناسان لەسەر ئەو بۆچوونەن کە بەهۆی پرسیارکردن دەکرێ زۆر بە ئاسایی ڕوونی کەینەوە. کەوابوو بەهۆی لیستەیەك لە پرسیار دەتوانن هەستی زەینی ئێمە بپێون. لە پرسیارنامەیەکی ئاساییدا بەشدارەکە دەبێ بەهۆی ژمارەکانی سیفر(٠) تا دە (١٠) بڕیار بدا وەڵامی پرسیارەکە تا چ ڕادەیەك دروستە. بۆ وێنە: "من لە بارودۆخی ژیانم

www.rojhalat.de / www.bokan.de

ڕازیم"، "هەست دەکەم ژیان زۆر بە مانایە"، "داهاتوو زۆر پۆزیتیڤ دەبینم"، یا "ژیان زۆر شتێکی بەکەڵکە". زانایان کۆی ئەو پرسیار و وەڵامانە لێك گرێ دەدەن و بە هۆی وەڵامەکانەوە پلەی بەختەوەری مرۆڤەکە دیاری دەکەن.

بەهۆی ئەو چەشن پرسیارنامانە یاخود شتێکی هاوچەشنەوە دەکرێ بزانرێ ئایا پەیوەندایەتی لە نێوان بەختەوەری و فاکتەرەکانی دەوروبەری ژیانی مرۆڤ بوونیان هەیە. لە تاقیکارییەکدا کە لەسەر دوو گرووپی هەزار کەسە بەڕێوەچووە دەکرێ هەڵبسەنگێندرێ گرووپی یەکەم کە داهاتی ساڵانەیان سەد هەزار یۆرۆ، و گرووپی دووهەم داهاتی ساڵانەیان ٥٠ هەزار یۆرۆیە، کامیان بەختەوەرترن. ئەگەر ئەزموونی ئەو تاقیکارییە کە گرووپی یەکەم بە شێوەی مامناوەندی بەختەوەرییەکی زەینی ٨،٧ ی هەبێ، و گرووپی دووهەم ٧،٣، ئەوکات دەمانتوانی بزانین کە لە نێوان بەختەوەری و داهات دا پەیوەندایەتی ڕاستەوخۆ هەیە. یاخود ئەگەر بە شێوەیەکیتری بەیان بکەین دەتوانین بڵێین پارە مرۆڤ بەختەوەر دەکا. هەروەها بەو مێتۆدانە دەکرێ بیسەلمێندرێ ئایا مرۆڤ لەژێر سیستەمی دێمۆکراتی بەختەوەرترن یا لەژێر سیستەمی دیکتاتۆری، یا کام مرۆڤ هاوسەردار، بێوە ژن یا بێوە پیاو بەختەوەرتر لەوانیترن.

ئەگەر مێژووناسان بیانەوێ ئاسایشی زەینی سەردەمی پێشووی مرۆڤ بپێون، دەبێ لەسەر پایەی زانیارییەکانی ڕابردوو بەدوای یەکەی زەینی وەك ئاسایشی ژیان، ئازادی سیاسی و چەشنەکانی هەرەسهێنانی کۆمەڵدا بگەڕێن. ئەگەر مرۆڤ لە ناو سیستەمی دێموکڕاتیدا بەختەوەرتر لە مرۆڤی ژێر سیستەمی دیکتاتۆری بن، یا مرۆڤی هاوسەردار بەختەوەرتر لە مرۆڤی بێ هاوسەر بن، ئەو کات دەتوانن بڵێن کە سیستەمی دێموکراتی چەند دەیەی ڕابردوو کارتێکەری ئەرێنی لەسەر بەختەوەربوونی مرۆڤ داناوە لە کاتێکدا جیابوونەوەی پەیتا پەیتای هاوسەریی لە کۆمەڵدا کارتێکەریی بە پێچەوانەی هەبووە.

ئەو چەشن پێوانانەش لایەنی لاوازی خۆیان هەیە. بەڵام باشتر وایە بە جێی سەیر کردنی بەوردی ئەو تەوەرە چاوێك بەسەر چەند لەو تاقیکارییانەدا بگێڕین. دۆزراوەیەکی سەرسووڕهێنەری تاقیکارییەکان ئەوەیە کە لە ڕاستیدا پارە مرۆڤ بەختەوەر دەکا. بەڵام تا خاڵێکی دیاریکراو: لەو خاڵە بەولاوە هیچ کارتێکەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ئاسایسی ژیانی مرۆڤ نامێنێ. بۆ ئەو مرۆڤانەی لە خوارەوەی نەردیوانی ئابوورییەوە جێیان گرتووە، داهاتی مانگانەی باشتر دەبێتە هۆی

ڕازیڕاگرتن و بەختەوەربوونیان. بێوەژنێکی بەتەنیا کە وەك یارمەتیدەری کاری ماڵ مانگانە نیزیکەی ٦٠٠ یۆرۆ وەردەگرێ و لەپڕێکدا ملیۆنێك لە یاری لۆتۆ (بلیتی بەخت)دەباتەوە، شتێکی ڕوونە کە هەستی بەختەوەری زەینی بەرزدەبێتەوە چونکە ئیتر بارودۆخی ئابووری خۆی پێ دابین دەکا و ئیتر خەمی چلۆن دابینکردنی جل وبەرگ و خواردەمەنی خۆی و منداڵەکانی ناخوا. بەڵام بەرپرسی کارخانەیەك بە داهاتی مانگانەی ٢٠ هەزار یۆرۆوە کە لە ناکاودا ملیۆنێك لە یاری لۆتۆ بباتەوە، ڕەنگە تەنیا چەند حەوتوویەك بۆ ماوەیەکی کورت خۆشحاڵ بێ، بەڵام هیچ گۆڕانیکی ئەوتۆی لە ژیانی پڕ لە ئاسایشی پێشووی بۆ پێك نایەنێ، جیا لە زۆربوونی پارەکەی لە بانك. تاقیکارییەکان نیشانی دەدەن کە پارەی زیادی بە شێوەی درێژخایەن کارتێکەریی رازیبوون لەسەر مرۆڤ دانانێ، چونکە سەیارە، ماڵ، یا جل و بەرگی نوێ زۆر زوو لە ماوەیەکی کورتدا مرۆڤ خوویان پێ دەگرێ و ئاسایی دەبنەوە و لەبیر دەچنەوە.

دۆزینەوە و ناسینێکی سەیرو سەمەرەیتر ئەوەیە کە ڕەنگە نەخۆشیی بۆ ماوەیەکی کورت بەختەوەری زەینی کەم کاتەوە و کارتێکەری لەسەر بەختەوەری مرۆڤدا بنێ، بەڵام تەنیا ئەوکاتە درێژەی دەبێ، کە بە شێوەی درێژخایەن ئازار بۆ مرۆڤ پێکبێنێ یاخود ئەگەر بارودۆخی نەخۆشییەکە خراپتر بێتەوە، یا نەخۆشییەکە بە هێشی بەهێز و بەردەوامەوە بەسترابێتەوە. بەڵام ئەو نەخۆشانەی دوای ماوەیەك بارودۆخی نەخۆشییەکەیان بەرەو باشی بڕوا، خۆیان لەگەڵی ڕادەهێنن و ئاسایی وەك مرۆڤەکانیتری دەوروبەریان خۆیان بە بەختەوەر دادەنین.

بنەماڵە و تۆری کۆمەڵایەتی سالم گەلێك بەهێزتر کارتێکەری لەسەر بەختەوەربوونی مرۆڤ دادەنین هەتا پارە و بارودۆخی باشی ژیان یا سڵامەتی لەش. بە پێی ئەزموونی تاقیکارییەکان مرۆڤ لە بنەماڵەیەکی بەهێز و پڕ لە خۆشەویستی و تۆڕێکی کۆمەڵایەتی سالم و بەهێز گەلێك بەختەوەرترن بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مرۆڤ لە بنەماڵەیەکی هەرسهێناو و لێکدابڕاو یا بە بێ تۆڕی بەهێزی کۆمەڵایەتی. هەروەها بە دووپاتبکردنەوەی ئەو تاقیکارییانە ڕوون بۆتەوە کە پەیوەندایەتی نێوان هاوسەرییەکی سالم و پڕ لە خۆشەویستی دەبێتە هۆی پێکهاتنی بەختەوەری و ڕازیبوونی زۆرتر لە ژیاندا.

ئەو بۆچوونانە بەڵگەن بۆ لێك هەڵوەشانی بنەمەڵە و كۆمەڵەكان لە چەند سەدەی ڕابردووەوە بە هۆی گەورەبوونەوەی ژیانی ماتریالی. بەو پێیە مرۆڤی بەتایبەت ڕۆژئاوایی بە شێوەی مامناوەندی ناڕازیتر لە مرۆڤی سەدەی ١٨ ن. تەنانەت ئەو ئازادییە ڕادەییانەی ئێمە لەمرۆدا هەمانە دەتوانێ لە ڕوانگەی بەختەوەربوونەوە كارتێكەری نێگاتیڤی هەبێ. لەوانەیە لە ڕوانگەی هەڵبژاردنی چەشنی ژیان لەمرۆدا ڕێگایەكی زۆرترمان بۆ هەڵبژاردن لە پێش بێ، بەڵام هاوكاتیش بەردەوام بۆمان كارێكی پڕ لە كێشە و ئاڵۆزە خۆمان ساغ كەینەوە و شانمان بدەینە بەر بەرپرسایەتی هەڵگرتنی ژیانی گشتیی كۆمەڵ. بەوهۆیەوە مرۆڤی ئەوڕۆیی لە جیهانیكی تەنیاییدا دەژین و زنجیری پێكەوەڕاگرتنی بنەماڵە و كۆمەڵیان لێك پچڕاندووە.

گرنگترین ئەزموون ئەوەیە كە بەختەوەری ژیان كەمتر بەستراوەتەوە بە فاكتەری ماتریالی وەك پارە، سلامەتی و تەنانەت كۆمەڵگایەكی لە كرداردا سەركەوتووی وەك ئەمڕۆ، بەڵكوو بە گشت بەستراوەتەوە بە پەیوەندایەتی نێوان بارودۆخە بەرچاوەكییەكان و چاوەڕوانی زەینی ئێمەی مرۆڤ. ئەگەر ئێوە ئارەزووەكەتان وەدی بێ، ئیتر ڕازین. بەڵام ئەگەر سەیارەیەكی بی م وێی نوێ ئارەزوو بكەن و بەجێی ئەو پەیكانیكی كۆن و قوڕازەتان پێ بگا، ئەوكات هەستێكی باشتان نابێ. هەر بەو هۆیەوە بردنەوەی پارەی زۆر لە یاری لۆتۆدا بە شێوەی درێژخایەن هەمان كارتێكەری دەبێ كە دوای نەخۆشییەكی جیددی، مرۆڤ هەمیسان ساغ بێتەوە. ئەگەر بارودۆخی سلامەتی مرۆڤ باشتر بێ، چاوەڕوانییەكانیشی دەچنە سەرەوە، هەر بەو هۆیەشەوەیە بارودۆخێكی ناخۆشی ژیان دەتوانێ ئێمە ناڕازی بكا. بەڵام ئەگەر بارودۆخی سلامەتیمان خراپتر بێتەوە، چاوەڕوانی كەمترمان دەبێ و بەوهۆیەشەوە تەنانەت نەخۆشییەكی جیددیش كارتێكەرییەكی ئەوتۆی لەسەر ڕازیبوونی زەینی ژیانی ئێمە دانانێ. ئێوە دەتوانن ئێستا بڵێن بۆ زانینی ئەو ئەزموونانە پێویستییەكی گرنگمان بە پرسیار و وەڵامی ڕەوانییەوە نییە. زانایان، شاعیران و فیلەسۆفان هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا بەوە گەییون كە گرنگ ئەوەیە مرۆڤ بەو شتانەوە ڕازی بن كە ئێستا هەیانە، نەك بەو شتانەی ئارەزووی دەكەن. سەرەڕای ئەوەش هەستێكی خۆشە كاتێ زانستی مودێرن بە هەڵسەنگاندنی ژمارە و وێنەكانیان بە هەمان ئەزموون دەگەن كە مرۆڤ هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا پێی گەییوە.

ڕۆڵی ناوەندیی چاوەڕوانییەکانی مرۆڤ کارتێکەرییەکی مەزنی لەسەر مێژووی بەختەوەری هەیە. ئەگەر سلامەتی و ئاسایشی ئێمە تەنیا بە فاکتەری ماتریالی وەك داهاتی مانگانە، سلامەتی و پەیوەندایەتی کۆمەڵایەتییەوە بەسترابایەتەوە، ئەوکات دەکرا پەرەسەندنی مێژووییەکەی بە هاسانی لێك بدرێتەوە. بەڵام ئەو ئەزموونانەی بەستراوە بە بەختەوەری و بەتایبەت چاوەڕوانی زەینین، کاری زانایانی مێژوو ناس چەتوون دەکاتەوە.

ئەگەر بۆمان دژوار بێ لەگەڵ ئەو ئەزموونانە ژیان بکەین، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەی هەڵەی ئێمە: ئەگەر ئیمە لای خۆمان وێنای بکەین مرۆڤەکانیتر تا چ ڕادەیەك بەختەوەرن یاخود بەختەوەر بوون، خۆمان لە بارودۆخی ئەواندا دادەنێین یاخود خۆمان لەگەڵ ئەواندا هەڵدەسەنگێنین. ئەو کارە ناتوانێ دروست بێ، چونکە بە کەڵك وەرگرتن لە ژیانی ئەوانیتر پێوانەیەك دروست دەکەین بۆ چاوەڕوانییەکانی خۆمان. ئەگەر بەختەوەری پرسیارێکە بۆ چاوەڕوانییەکانی ئیمە، ئەوکات دوو لە پایەکانی بە هێزی کۆمەڵگای ئەوڕۆیی واتە "مێدیاکان" و "ڕاگەیاندنەکان" – بڕیار لەسەر بەختەوەرنەبوونی ژیانمان دەدەن. منالێکی هەژدە ساڵە کە ٥ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لە گوندێکی بچووکدا دەژیا، ڕەنگە خۆی زۆر پێ ئاتراکتیڤ بایە چونکە ئەو خۆی لەگەڵ ئەوپەڕی پەنجا گەنجی ناو گوندەکە هەڵدەسەنگاند. گەنجێکی ئەمڕۆیی خۆی زۆر کەمتر ئاتراکتیڤ دەبینێ چونکە خۆی لەگەڵ جیرانەکانی هەڵناسەنگێنێ، بەڵکوو لەگەڵ ئەستێرەکانی ناو سینەما، وەرزشوانان یا مۆدێلی ناو مێدیاکاندا کە هەموو ڕۆژێك لە ناو تلەفیزیۆندا دەیانبینێ. لە جیهانی سێهەمدا مرۆڤ نەك هەر بەربەرەکانی دژ بە هەژاریی، برسێتی، نەخۆشی و نەبوونی دێموکراتی لە کۆمەڵگادا دەکا، بەڵکوو بەهۆی گلۆبالبوونی بەرنامە تلەفیزیۆنەکان و سینەمای هالیوود هێندەیتریش بەختەوەرییان لە ژێر پرسیار دادەنێ. بۆ وێنە لەژێر حکوومەتی حوسنی موبارەکدا مرۆڤی وڵاتی میسر بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەردەمی فەرعوونەکان کەمتر بەهۆی نەخۆشیی تاعوون، برسێەتی و هەژاریدا دەمردن. بارودۆخی ژیانیان زۆر باشتر لە هەر سەردەمێکی پێشووی ئەو وڵاتە بووە. سەرەڕای ئەوەش سەرەتای ساڵی ٢٠١١ ڕژانە سەر شەقامەکان نەك بۆ ئەوەی خوداکەیان ستایش بکەن بۆ ئەو بەختەی پێی داون، بەڵکوو بە پێچەوانە چووبوونە سەر شەقامەکان بۆ ئەوەی ببنە هۆی ڕووخانی

www.rojhalat.de / www.bokan.de

حوسنی موبارەك. خاڵی هەڵسەنگاندنی کۆمەڵەکەیان لەگەڵ میسری سەردەمی کۆن نەبوو، بەڵکوو لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتە ڕۆژئاواییەکانی ئەوڕۆیی بوو.

بەو هۆیەی چاوەڕوانییەکانی ئیمەی مرۆڤ ڕۆڵێکی گەلێك گرنگ لە ژیانماندا دەگێڕن، زاڵ بوون بەسەر مەرگدا دەتوانێ بەختەوەری ئیمە زیاتر بکا. دایدەنێین لە داهاتوودا زانست بۆ هەر نەخۆشییەك دەرمانێك دەدۆزێتەوە و پرۆسەی پیربوون دەوەستێنێ، ئەندامەکان نوێ دەکاتەوە و تەمەنی هەمیشەیی بۆ مرۆڤ پێکدێنێ. بە ئەگەری زۆر ئەزموونەکەی دەبێتە هۆی پێکهێنانی ئیپیدمییەکی پڕ لە تووڕەیی و ترس. ئەو مرۆڤانەی لە ڕوانگەی ماڵییەوە ناتوانن ئەو دەرمانە کە بە ئەگەری زۆر دەبێ زۆر گران بن، بکڕن، واتە زۆرینەی مرۆڤی جیهان، - لەژێر هەستی تووڕەیی ڕەنج دەکێشن. لە ڕابردوودا دەیانتوانی مرۆڤی هەژار و ژێرچەپۆك بەهۆی ئەو بیرۆکەیەوە درێژە بە ژیانیان بدەن و خۆیان دڵداری بدەنەوە کە لەهەنبەر مردندا هەموو مرۆڤێك وەك یەك سەیر دەکرێن و دەوڵەمەندترین مرۆڤەکانیش ڕۆژێك دەمرن. چ هەستێکی ناخۆشتان تێدا پەروەردە دەبوو ئەگەر بزانن ئێوە دەمرن و دەوڵەمەندەکان ژیانی هەمیشەییان دەبێ؟

## بەختەوەریی کیمیایی

زانایانی بواری کۆمەڵایەتی فورمی پرسیار لەسەر سڵامەتی زەینی بڵاو دەکەنەوە و لەگەڵ ئەزموونی فاکتەرەکانی هۆکاری ئابووری – کۆمەڵایەتی وەك داهاتی مانگانە یا ئازادی سیاسی هەڵیدەسەنگێنن. بوونەوەر ناسان بەهۆی فۆرمی پرسیاری هاوچەشن کارەکەیان بەڕێوە دەبەن بەڵام ئەزموونەکان لە پەیوەندیی فاکتەرە بیۆکیمیایی و ژێنێتیکییەکانیانەوە هەڵدەسەنگێنن. ئەزموونەکانی هەر دوو تاقیکارییەکان گەلێك مەترسیدارن.

لە ڕوانگەی بوونەوەرناسانەوە جیهانی مانایی و سۆزداریی ئیمە لە پەیوەندی لەگەڵ مێکانیزمی بیۆکیمیاییەوە کە بە درێژایی ملیۆنان ساڵ پەرەی سەندووە، دیاری دەکرێ. هەر وەك زانایانی بواری کۆمەڵایەتی ئەوانیش لەسەر ئەو بۆچوونەن کە سڵامەتی زەینی بەهۆی پارامتری بیانی وەك داهاتی مانگانە یا مافی سیاسی دابین ناکرێن. لەسەر بۆچوونی بوونەوەر ناسان زیاتر بەهۆی سیستەمی ئاڵۆزی وەك دەمارەکان، نورۆنەکان، سینپاسەکان و کۆی ماکەی کیمیایی وەك سرۆتۆنین "Serotinin"، دۆپامین "Dopamin" و ئۆکسی توسین "Oxytocin" پێك دێن.

بردنەوەی پارەی بلیتی بەخت یا کڕینی خانووبەرەی نوێ، خۆشەویستی – تەواوی ئەوانە ئیمەی مرۆڤ بە شێوەی درێژخایەن بەختەوەر ناکەن. تەنیا ئەو شتەی ئێمە بەختەوەر دەکا، بە پێی بۆچوونی بوونەوەرناسان هەستێکی جەستەیی دڵگیر و دەروونی مرۆڤن. ئەگەر ئێمە لە کاتی بردنەوەی بلیتی بەخت یا بەهۆی خۆشەویستییەوە سەما بکەین، ئەو کارەی ئیمە پەیوەندی بە پارە یا خۆشەویستییەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندیی ڕاستەوخۆ بە هۆرمۆنەکانمانەوەیە کە بە گورجی لە نێو خوێنماندا وەرێ دەکەوەن و تۆفانی ئەلکتریکی لەناو مێشکماندا پێك دێنن. سەرەڕای هەموو خۆشییەکانی عاشق بوون یا ئازارەکانی دڵ شکان، وێدەچێ سیستەمی بیۆکیمیایی ئیمە وا بەرنامەڕیزی کرابێ کە ڕادەی بەختەوەری کەم یا زۆر نەگۆڕ ڕادەگرێ. گەشەسەندنی

ژیان تامەزرۆیی بۆ بەختەوەری نییە – گەشەسەندن تەنیا تامەزرۆیی بۆ ڕاگرتنی وەچەی بوونەوەر و دروستکردنی نەوەی داهاتوویان هەیە و بەو هۆیەوە تەنیا ئاگای لەوەیە کە ئیمەی مرۆڤ بەختەوەرییەکەمان لە پلەیەکی نەگۆڕ واتە نە زۆر بەختەوەر و نە کەم بەختەوەر ڕاگریٚ. بۆ وێنە گەشەسەندن بۆتە هۆی چێژ بردنی مرۆڤی ساپیەن لە کاتی نیزیکی سێکسی بۆ ئەوەی وەچەی خۆیان پەرە پێ بدەن. ئەگەر مرۆڤ بەهۆی ئەو کارە چێژی پێ نەگەیبیا، ڕەنگە خۆی زەحمەت نەدابا کە "ژێن"ەکەی بە وەچەی داهاتووی ڕاگوێزیٚ یاخود منداڵ دروست بکا. هاوکات گەشەسەندن هەوڵ بۆ ئەوەش دەدا کە ئەو چێژە خۆشە زۆر زوو تەواویی پێ بیٚ.

بەو شێوەیە سێکس، بردنەوەی بلیتی بەخت یا لێك کەوتنی ماشین لەسەر شەقامەکان، بەختەوەری ئیمە بە شێوەی کورت خایەن ئەرێنی "پۆزیتیڤ" یاخود نەرێنی "نگاتیڤ" لەژێر کارتێکەریدا دادەنێن. سیستەمی بیۆکیمیایی ئیمە ناهێڵیٚ ڕەدەی بەختەوەری لە ژمارێکی دیاریکراو بۆ سەریٚ یا خواریٚ تێپەڕ بیٚ و بە شێوەی درێژخایەن دەگەڕێتەوە سەر حاڵەتی ئاسایی خۆی. تاقمێك لە زانایان سیستەمی بیۆکیمیایی ئیمە لەگەڵ کەرەسەی ڕاگرتنی گەرما و سەرمای هەوا هەڵدەسەنگێنن کە گەرمای لەشی ئێمە بەردەوام نەگۆڕ ڕادەگریٚ، جا فەرقی پێ ناکا جیهانی دەوروبەرمان هاوینی گەرم یا زستانی سارد بیٚ. ڕووداوەکەنی دەرەوە بە شێوەی کورت خایەن دەتوانن کارتێکەریان لەسەر کەش و هەوا هەبیٚ، بەڵام کەرەسەی ڕاگرتنی گەرما و سەرما زۆر بە پەلە هەمیسان پلەی هەوا دێنێتە سەر ئەو ژمارەیەی ئارەزوومانە یاخود میزانمان کردووە.

تاقمێك لە کەرەسەی ڕاگرتنی گەرما و سەرما لەسەر ٢٥ پلەی سانتیگراد و هێندێکیشیان لەسەر پلەی ١٩ میزان کراون. بە هەمان شێواز پلەی میزانی "کەرەسەی بەخت"ی مرۆڤیش دەتوانیٚ جیاواز بیٚ. ئەگەر ئیمە پلەی ژمارەکان لە نێوان"٠"ەوە هەتا "١٠" دابنێین، دەوروبەری ژمارەی ٨ پلەی مرۆڤی مامناوەندی دیاری دەکا. ئەو چەشن مرۆڤانە سەرەڕای ژیان لە شاری گەورە، نەخۆشکەوتن یا هەر ڕووداوێکیتریان بەسەر بیٚ، بە شێوەی ڕادەیی ڕازین. تاقمێك مرۆڤ پلەی بەختەوەرییان لە نێوان ٣ و ٧ دا هات و چۆ دەکا. ئەو مرۆڤانە تەنانەت ئەگەر لە کۆمەڵێکی پڕ لە خۆشەویستیدا ژیان بکەن، بە ملیۆن پارە بەرنەوە یا هیچ نەخۆشییەکیان نەبیٚ، هێشتا هەر ناڕازین و پرتە و بۆڵەیانە. مرۆڤێك بەو پلە خۆشەویستییەوە ئەگەر بەیانی چەندین ملیۆن پارە بەرنەوە، نیوەڕۆ هەواڵی ئاشتی نێوان دوو نەتەوەی ئیسڕائیلی و فەلەستینی ببیستن و

ئێوارەش منداڵی گومبوویان بدۆزنەوە، بەختەوەرییان لە ٧ زیاتر تێپەر ناکا. مێشکیان وا ڕا نەهاتووە کە بتوانن خۆیان بەختەوەر هەست پێ بکەن. بە واتایەکیتر هۆرمۆنەکانی لەشیان لەو ڕادەیە زیاتر نابێتە هۆی بەختەوەرییان.

بۆ ماوەیەك بیر لە خزم، دۆست و جیرانەکانتان بکەنەوە. لەوانەیە چەند مرۆڤێك بناسن کە بەردەوام ڕووخۆشن جا هەر شتێکیشیان بۆ ڕوو بدا. هەروەها مرۆڤ دەناسن کە بەردەوام نێو چاویان تێك ناوە، تووڕەن و لە شەڕ و کێشە دەگەڕێن.

ئەو هەڵس و کەوتانە چلۆن لەگەڵ ئەزموونی تاقیکارییەکانی پسپۆرانی ڕەوان ناسان و کۆمەڵ ناسان ڕێك دەکەون کاتێ بۆ وێنە دەگوترێ مرۆڤی هاوسەردار بەختەوەرتر لە مرۆڤی بە تەنیا یاخود سەڵتن؟ لێرەدا باس لەسەر گۆڕانی پەیوەندایەتییە، ڕەنگە پسپۆران و زانایان زۆر بە ساکاری هۆکار و بەرهۆیان لێ تێك چووبێ. دیارە ئەوە ڕاستە کە مرۆڤی هاوسەردار بەختەوەرترن بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مرۆڤی سەڵت، بەڵام ئەوە نابێ هاوکاتیش بەو مانایە بێ کە هاوسەرگیریی مرۆڤ بەختەوەر بکا یاخود نەکا. یا ئەگەر باشتر ڕوونی کەینەوە، ئەوە ماکە کیمیاییەکانی وەك سرۆتۆنین "Serotinin"، دۆپامین "Dopamin" و ئۆکسی توسین "Oxytocin"نن، کە دەبنە هۆی بەختەوەری مرۆڤ. مرۆڤ بە هۆرمۆنی بیۆکیمیاییەوە بەردەوام بەختەوەرتر و ڕازیترن. ئەو چەشن مرۆڤانە سەرنجڕاکێشتر لە مرۆڤەکانیتر دەنوێنن، هەر بەو هۆیەشەوە شانسێکی باشتریان هەیە هاوسەرێکی باش بۆخۆیان بدۆزنەوە یا لە کۆمەڵگادا سەرکەوتوو بن. ئەو چەشن مرۆڤانە زۆر کەم لە هاوسەرەکانیان جیا دەبنەوە، چونکە ژیانکردن لەگەڵ مرۆڤی ڕازی گەلێك ساکارترە هەتا لەگەڵ مرۆڤی تووڕە و دپرسیڤ. دیارە هۆرمۆنەکان تەنیا فاکتەر بۆ بەختەوەری مرۆڤ نین و هۆکاری ڕەوانی و کۆمەڵایەتیش کارتێکەرییەکی زۆریان هەیە.

ئەگەر مرۆڤ ناسان ڕاست بکەن و هۆرمۆنەکان دەبنە هۆی بەختەوەری مرۆڤ، ڕووداوەکانی مێژوویی لە باشترین حاڵەتیدا کارتێکەرییەکی درێژخایەنی ئەوتۆی لەسەر بەختەوەری مرۆڤ نابێ. چونکە ڕووداوە مێژووییەکان کارتێکەری ڕاستەوخۆیان لەسەر هۆرمۆنە کیمیاییەکانی ئێمە نییە. ڕەنگە ڕووداوە مێژووییەکان کارتێکەرییان لەسەر هاندەرە بیانییەکانی لەشی مرۆڤ هەبێ کە سرۆتۆنین

www.rojhalat.de / www.bokan.de

"Serotinin" لە مێشكماندا وەرێ دەخەن، بەڵام كارتێكەری لەسەر هۆرمۆنی دیاریكراو دانانێن و ناتوانن پلەی بەختەوەری ئێمە بەرزتر كەنەوە.

وەرزێرێكی سەردەمی سەدەی ناوەڕاستی فرەنسا لەگەڵ تاجرێكی پاریسی سەردەمی ئەورۆ هەڵدەسەنگێنین. وەرزێرەكە لە چوارداخێكدا دەژیا و پانۆڕاماكەی تەویلەی پڕ لە ئاژەڵ بوو، تاجرەكە لە كۆشكێك دا ئاسوودە دەژی و پانۆڕاماكەی شەقامی شانزەلیزە و بورجی ئایفلە. بە شێوەی ئوتوماتیكی مرۆڤ دێتە سەر ئەو بڕیارە كە تاجرەكە دەبێ ژیانیكی بەختەوەرانەتری هەبێ. بەڵام بەختەوەری هەردووك مرۆڤەكان لە مێشكیاندا پێك دێ و مێشك جیاوازی نێوان چوارداخ و كۆشك نازانێ. ئەو شتەی مێشك دەیناسێ ڕادەی هۆرمۆنی سرۆتۆنینە. كاتێ وەرزێرەكە چوارداخە گڵیەكەی دروست كردووە مێشكی پلەیەكی دیاریكراوی سرۆتۆنینی پێك هێناوە، هەروەها كاتێ بازرگانەكە قیستی كۆتایی كۆشكەكەی بە بانك داوەتەوە، مێشكی پلەیەكی دیاریكراوی سرۆتۆنین پێك هێناوە. مێشك ئاگای لەوە نییە كۆشكەكەی بازرگان ڕاحەت تر و خۆشتر لە چوارداخی مامەی وەرزێرە. ئەو كارە تەنیا چوارچێوەی ژیانی كەسی ئێمە ناگرێتەوە، بەڵكوو ڕووداوە گشتییە مەزنەكانی جیهانیش دەگرێتەوە. بۆ وێنە شۆڕشی فرنسا دەیهەویست شای سەردەم هەڵواسێ، زەوی بەسەر وەرزێراندا دابەش بكا، مافی مرۆڤ بە فەرمی بكا و مافی تایبەتی ماقووڵەكان لەناو بەرێ. ئەو ئەركانە هیچ كارتێكەرییەكیان لەسەر ماكەی بیۆكیمیایی مرۆڤی فرەنسی نەبووە. بەو مانایە كە سەرەڕای هەموو وەرچەرخە سیاسی، كۆمەڵایەتی، ئیدیۆلۆژی و ئابوورییەكان شۆڕشی فەرنسا هیچ كارتێكەرییەكی لەسەر بەختەوەریی درێژخایەنی مرۆڤی فەرنسی دانەناوە.

بەڵام شۆڕشی فەرنسا چ شتێكی لەگەڵ خۆی بۆ مرۆڤ بە دیاری هێناوە؟ مانای ئەو هەموو بێنە و بەردە، باس و لێكۆڵینەوە، كێشە و كوشتنانە چی بووە ئەگەر مرۆڤی بەختەوەر نەكردووە؟ ئایا بوونەوەر ناسان نەیانتوانیوە، یا نەیانویستووە لە هێرشكاریی بە زیندانی باستیل بەشداری بكەن؟ ئێمە دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین، كە مرۆڤ بە هۆی شۆڕش یاخود ڕیفۆرمەوە بە شێوەی كورتخایەن بەختەوەرتر دەبن، بەڵام سیستەمی بیۆ كیمیایی دوای ماوەیەك مرۆڤ دێنیتەوە سەر پلەی پێشووی خۆی. بەهۆیەی ئێمەی مرۆڤ ئێستا دەزانین كە سیستەمی بیۆكیمیایی كلیلی بەختەوەری بۆ مرۆڤە و ڕووداوی وەك سیاسی، ڕیفۆرمی كۆمەڵایەتی، شۆڕش و ئیدیۆلۆژی كارتێكەریی ئەوتۆیان نییە، خۆمان بەو كارانەوە خەریك بكەین كە دەبنە هۆی

بەختەوەریمان: مانیپولیرەکردن یاخود گۆڕانکاری بەسەرداهێنانی سیستەمی بیۆکیمیایی. ئەگەر ئێمە بە ملیارد پارە بۆ کردنەوەی کۆدی سیستەمی بیۆکیمیایی تەرخان بکەین و بە بێ پێکهێنانی هیچ شۆڕشێك ڕێگاچارەیەك بۆ گۆڕانبەسەرداهێنانی بدۆزینەوە، ئایا دەتوانین مرۆڤ بەختەوەر بکەین؟

پارە، بارودۆخ، نەشتەرگەریی جوانکاریی، ژیانی لوکس، هێز، کارتێکردن – هەموو ئەوانە مرۆڤ بەختەوەر ناکەن. بەختەوەریی ڕاستەقینە تەنیا لە دەروونی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ. واتە لە سرۆتۆنین "Serotinin"، دۆپامین "Dopamin" و ئۆکسی توسین "Oxytocin"ەوە.[٣٩]

---

[٣٩] Wenn Sie sich für die Psychologie und Biochemie des Glücks interessieren, sind die folgenden Bücher und Artikel ein guter Einstieg: Jonathan Haidt, *Die Glückshypothese: Was uns wirklich glücklich macht. Die Quintessenz aus altem Wissen und moderner Glücksforschung* (Kirchzarten: VAK, ٢٠١١); Robert Wright, *Diesseits von Gut und Böse: Die biologischen Grundlagen unserer Ethik* (München: Limes, ١٩٩٦); M. Csikszentmihalyi, »If We Are So Rich, Why Aren't We Happy?«, *American Psychologist* ٥٤:١٠ (١٩٩٩): S. ٨٢١–٢٧; F. A. Huppert, N. Baylis und B. Keverne (Hrg.), *The Science of Well-Being* (Oxford: Oxford University Press, ٢٠٠٥); Michael Argyle, *The Psychology of Happiness*, ٢. Ausgabe (New York: Routledge, ٢٠٠١); Ed Diener (Hrg.), *Assessing Well-Being: The Collected Works of Ed Diener* (New York: Springer, ٢٠٠٩); Michael Eid und Randy J. Larsen (Hrg.), *The Science of Subjective Well-Being* (New York: Guilford Press, ٢٠٠٨); Richard A. Easterlin (Hrg.), *Happiness in Economics* (Cheltenham: Edward Elgar Pub., ٢٠٠٢); Richard Layard, *Die glückliche Gesellschaft: Kurswechsel für Politik und Wirtschaft* (Frankfurt: Campus, ٢٠٠٥).

## مانای ژیان

هەموو زانایان لەسەر ئەو بۆچوونە نین کە بەختەوەری بە تەنیا ئەزموونی پرۆسەی بیۆکیمیاییە. سەرەڕای ئەوەیکە "ژێن"ەکان و هۆرمۆنە کیمیاییەکان دەبنە هۆی میزانکردنی هەستپێکرنەکانی وەك خۆشحاڵی و ژان، بەڵام بەختەوەری زیاتر وەك هەستێکی خۆش و دڵخوازە بۆ مرۆڤ. لە تاقیکارییەکی ناودار دا کە لە لەیەن دانیەل کانمن "Daniel Kahneman" وەك زانایەکی بواری ئابووری خەڵاتی نۆبیل بەڕێوەچووە، چەند کەسی لە تاقیکارییەکەیدا خستۆتە بارودۆخێکی ئاسایی ڕۆژانەی ژیانیان و هەنگاو بە هەنگاو هەڵس وکەوتەکانیانی تۆمار کردوون. ئەزموونەکەی بۆتە هۆی دۆزینەوەی جیاوازییەکی سەیر و سەمەرە: وەك نموونە چەند منداڵی داناوە، ئەگەر مرۆڤ بە شێوەی جیاواز سات ژمێریی کاتە بەختەوەرییەکایان و کاتە لەژێر سترسەکانیان تۆمار بکا، بۆ ئەو کەسانەی منداڵیان هەیە و ڕەنگە هەموویان ئەزموونێکی هاوچەشنیان بووبێ، بە ئەزموونێکی گەلێك سەیر دەگا. منداڵداری زیاتر لەسەر ئەو ئەرکانە ساغ بۆتەوە پەڕۆی لێ بگۆڕی، قاپ و کەوچکی بۆ بشۆی و گوێت لە گریانی بێ – هەموو ئەو ئەرکانەی کە هیچ کەس بە مەیلەوە بەڕێوەیان نابا. سەرەڕای ئەوەش زۆربەی دایك و باوکان دەڵێن کە منداڵ مەزنترین بەختەوەری ژیانیانە و بەر و میوەی ژیانە. بڵێی ئەو مرۆڤانە تێ نەگەن چ شتێك بۆ ئەوان باشە؟

ڕەنگە وابێ، بەڵام دەتوانێ بەو مانایەش بێ کە بەختەوەری ئەزموونی کۆتاییە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ کاتە ناخۆشەکانی ژیان. بەختەوەری زیاتر بەو مانایەیە کە ژیان بە پتوونی وەك شیاو و خەڵاتێك دابنرێ. ئەوە بەها ئینسانییەکانی ئێمەن بڕیار دەدەن ئایا ئێمە خۆمان وەك "کۆیلەی چارەڕەشی دیکتاتۆرێکی بچووك" دابنێین، یا لەسەر ئەو باوەڕە بین کە ئێمە "بە دڵفەراوانی و عەشقەوە ژیانێکی نوێ درێژە پێ بدەین".[٤٠] یا هەر وەك نیتچە دەڵێ: **"ژیانێکی بە مانا دەتوانێ گەلێك ڕازیکەر بێ سەرەڕای دژوار**

---

[٤٠] Kahneman u. a., »A Survey Method for Characterizing Daily Life experience: The Day Reconstruction Method«, *Science* ٣ (٢٠٠٤): S. ١٧٧٦–١٧٨٠; Inglehart u. a., »Development, Freedom, and Rising Happiness,« S. ٢٧٨–٢٨١.

**بوونی، هەروەها ژیانێکی بە مانا دەتوانێ ئازارێکی سامناک بێ سەرەڕای دڵگیر بوونی".**

باوەکوو مرۆڤی هەر فەرهەنگ و سات و کاتێکی ئەم جیهانە لێرە و لەوێ هەستیان بە خۆشحاڵیی و ئازاری وەك یەك کردووە، بەڵام ئەزموونەکانیان بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە گری داوە. هەر بەوهۆیەشەوە مێژووی بەختەوەری گەلێك یاخیترە لەویکە بوونەوەرناسان وێنای دەکەن. چرکە بە چرکە مرۆڤی سەردەمی سەدەی ناوەڕاست ژیانێکی پڕ لە ئازاریان تێپەڕ کردووە. بەڵام کاتێ باوەڕیان بە ژیانی دوای مردن هەبووە، ئەوکات بەهۆی بەڵێنی ژیانێکی بەختەوەری هەمیشەیی لە داهاتوودا ڕەنگە مانای ژیانیانی پڕبەهاتر لە ژیانی مرۆڤی سکۆلاری مودێرن کردبێ کە هەست بە بێ مانا بوونێکی بەهێز لە ژیانیاندا دەکەن. لەسەر پرسیاری "ئایا بە گشتی لە ژیانتان ڕازین؟"، ڕەنگە وەرزێرێکی سەدەی ناوەڕاست لە سەرووی مرۆڤی ئەوڕۆیی جێی گرتبێ.

ئەوە بەو مانایەیە پێشینیانی ئێمە لە سەردەمی سەدەی ناوەڕاست بەختەوەرتر لە ئێمە بوون چونکە سەبارەت بە ژیانی دوای مردن خەونێکیان لەسەردا بووە؟ بەڵێ. بەڵام ئەوە چ کێشەیەکە؟ ئەگەر لە ڕوانگەی زانستییەوە سەیری ژیان بکەین، ژیانمان هیچ مانایەکیتری نییە. ئێمە شتێك زیاتر لە بەرهەمی پرۆسەی گەشەسەندن نین، کە بە بێ ئامانج بەڕێوە دەچێ. ژیانی ئێمە بەشێك لە پلانی ئیلاهی بۆ گشت ئونیوێرسام نییە و ئەگەر بە هۆیەکی سرووشتی سبەینێ زەوی بتەقێتەوە، ئونیوێرسام سەرەڕای نەبوونی زەویش درێژە بە خولاندنەوە و ژیانی دەدا. کەس بەدوای هۆکاری لەناوچوونماندا ناگەڕێ. هەر بەو هۆیەوە هەر مانایەك ئێمە بە ژیانمانی بدەین لە خەونێك زیاتر هیچ شتێکیتر نییە. ئەوە هەم بۆ مانای ژیانی هۆمانیستی واتە مرۆڤ خۆشەویستی، هەم بۆ مانای ژیانی سەرمایەداری مرۆڤی مودێرن یا ماناپێدان بە ژیانی مرۆڤی ئایینی، هەر هەموویان وەك یەك وان. مرۆڤی مودێڕنی زانستی، سەرباز یا کارخانەکان کە ژیانیان بە مانای قووڵەوە دەلکێنن چونکە پەرە بە زانستی مرۆڤ دەدەن، ژیانیان بۆ نیشتمانیان بەخت دەکەن یا جێی کار بۆ مرۆڤ دابین دەکەن، وەدوای هەمان خەون کەوتوون کە مرۆڤی سەردەمی سەدەی ناوەڕاست بە خوێندنەوەی کتێبە ئایینییەکانیان مانای ژیانیان تێدا دەدۆزییەوە. لەوانەیە ئێمەی مرۆڤ بەختەوەرتر بین ئەگەر خەونە کەسییەکانمان

www.rojhalat.de / www.bokan.de

لەگەڵ مرۆڤەکانی سەردەمی ئێستای خۆمان هاوئاهەنگ بکەین. تا ئەو جێگایەی وێناکردنی من لەسەر مانای ژیان لەگەڵ مرۆڤی دەوروبەرم سازگار بێ، دەتوانم بڵێم ژیانم مانای هەیە و دەتوانم بە بەختەوەریمەوەی بلکێنم.

ئەوکارە ئاکامبەندییەکی گەلێك وێرانکەرانەیە، ئەگەر لە ڕاستیدا بەختەوەری تەنیا بەهۆی فریودانی خۆمانەوە بەرهەم بێ.

## خۆت بناسە

ئەگەر بەختەوەری بە مانای هەست بە خۆشی کردن بێ، ئەوکات دەبێ دەسکاریی بیۆکیمیایی بەسەر هەستەکاندا بێنین. ئەگەر بەختەوەری مرۆڤ بە مانای ژیانەوە لکاندرابێ، ئینجا دەبێ مرۆڤ گومانی خەونێکی کاریگەر بکا. ئایا جیا لەوانە ئالترناتیڤێکیترمان هەیە؟ هەر دووک ڕوانگەکان لەسەر ئەو بۆچوونەن کە بەختەوەری هەستێکی زەینییە و بۆ ئەوەی ئیمە بتوانین بڕیار لەسەر بەختەوەری مرۆڤێك بدەین، زۆر بە هاسانی دەبێ تەنیا پرسیاری لێ بکەین. ئەگەر بە وەڵامەکەی بتوانێ ئێمە قانع بکا، پەیوەندیی بە ئایینی ڕۆژانە و هەستی مرۆڤخۆشەویستی لیبڕاڵیی ئیمەوە هەیە. بۆ ئەو کارە هەستپێکردنی زەینی لە سەرووی هەموو شتێکیترەوە دادەنرێ. بەو هۆیەوە ئەوە هەستەکانی ئیمەن بە تەنیایی بڕیار دەدەن چ شتێك باش و چ شتێك خراپە، چی جوانە و چی ناحەز، چ دەبێ ببی و چی نا.

سیاسەتی لیبرالی تەواو لەسەر ئەو چەشن سیستەمە ساغ بۆتەوە و دەنگدەرانیش لەسەر ئەو ڕاواڵە دەنگی خۆیان بە سیاسەتوانان دەدەن. بارودۆخی ئابووری لیبڕالی بەو دروشمەوە بەستراوەتەوە: "حەق هەمیشە بە مشتەرییە". هونەری لیبرالی ڕوونی دەکاتەوە، "جوانیی شتێکی ڕادەییە و پەیوەندی بە ڕوانگەی کەسەکانەوە هەیە". لە قوتابخانە و زانستگا لیبراڵییەکان قوتابیان فێر دەکرێن: "مرۆڤ دەبێ خۆی بیر بکاتەوە!" ملیۆنان پۆستی تەبلیغاتی گوشارمان بۆ دێنن: "Just Do It" تەنیا ئەوکارە بەڕێوە بەرە! فیلمی سینەمایی، شانۆ، ئۆپێرا، ڕۆمان و گۆرانیبێژان بەردەوام بە گوێماندا دەخوێنن: "گوێ لەخۆت ڕاگرە!" و "وەدوای ویستی دڵت کەوە!" لەسەر ئەو هەڵس و کەوتانە ژان ژاك رۆسۆ بە شێوەیەکی کلاسیکی فۆرمۆلەی دەکا: "هەموو ئەو هەڵس و کەوتانەی هەستەکانم پێم دەڵێن باشە، لەڕاستیشدا باشن؛ هەموو ئەو شتانەی هەستەکانم بە باشی نازانن، خراپن."

www.rojhalat.de / www.bokan.de
هەر کەس لە منداڵییەوە لەگەڵ ئەو چەشن زانیارییانەوە گەورە دەبێ، دەشبێ بێتە سەر ئەو بۆچوونە کە بەختەوەری هەستپێکردنێکی زەینییە و هەر مرۆڤێك خۆی بە باشی دەزانێ کە ئایا بەختەوەرە یا نا. بەڵام لیبرالیزم لەسەر ئەو بۆچوونە بە تەنیا ماوەتەوە. زۆربەی ئایین و ئیدیۆلۆژییەکانیتری ڕابردوو لەسەر ئەو بۆچوونەن ستانداردی زەینی بۆ چاکی، جوانی و چەمکە کانیتر هەن.

هەر وەك زۆرینەی زانایانی ئایینی مەسیحی وەك "Apostel Paulus" و ئاوگوستینی پیرۆز زانیویانە کە مرۆڤ نیزیکی سێکسی وەپێش هەر دوعاکردنێك دەخەن، بەڵام ئایا ئەوکارە ئوتۆماتیك بەو مانایەیە کە نیزیکی سێکسی کلیلێك بۆ گەییشتن بە بەختەوەرییە؟ بەڵام بە ئەرخەیانییەوە لە ڕوانگەی ئەو مرۆڤە پیرۆزانەوە وای تێ نەگەییون. بۆ ئەوان زیاتر بەو مانایەیە کە ئینسانییەت لە شێوەی سرووشتی خۆیەوە وەك بوونەوەرێکی خراپ دەناسرێ و لە لایەن شەیتانەوە فریو دراوە. لە ڕوانگەی ئایینی مەسیحییەوە کەم یا زۆر مرۆڤ بارودۆخی وەك هۆگری هێرۆئینیان هەیە. مرۆڤ تەنیا ئەوکات بەختەوەرە کە کەڵکی لەو مادەسڕکەرە وەرگرتبێ. ئایا لێرەدا مرۆڤ دەبێ وای بۆ بچێ هێرۆئین کلیلێك بۆ گەییشتن بە بەختەوەرییە؟

ئەو وێناکردنە کە هەستپێکردنی زەینییە ناتوانێ زانیاریی کۆتایی بێ بۆ بەختەوەری مرۆڤ و تەنیا بە ئایینی مەسیحییەوە نالکیندرێ. لەو خاڵەدا تەنانەت چارلز داروین و ڕیچارد داوکینسیش ڕەنگە حەقیان بە "Apostel Paulus" و ئاوگوستینی پیرۆز دابایە. لەژێر گوشاری هەڵبژاردەی سرووشتی مرۆڤیش وەك زۆربەی بوونەوەرانیتر بڕیار بۆ ئەو هەڵبژاردنە دەدا کە "ژێن"ی خۆی لە سرووشتدا بپارێزێ سەرەڕای ئەگەری زیان پێگەیاندن بە کاسایەتی خۆی. بە جێ ئەوەیکە چێژ لە ژیانمان بەرین، خۆمان بە خەمی ناپێویستەوە خەریك کردووە تەنیا بەو هۆیەی "ژێن"ی خۆپەرەستانەی ئێمە پێش بە ئارەزووەکانمان بگرێ. "د. ن. ئا"ی مرۆڤ وێچوونێکی ترسهێنەری لەگەڵ شەیتان هەیە.

زۆربەی ئایینەکان و فیلەسۆفییەکان بە جێی هۆمانیزم یاخود مرۆڤ خۆشەویستیی لیبڕالی، تێگەیشتوویەکیتریان لەسەر بەختەوەربوون هەیە.[٤١] لەو پەیوەندایەتییەدا ئایینی بوودایی زۆر سەرسووڕهێنەرە. وێدەچێ ئایینی بوودایی گرنگایەتییەکی گەلێك زۆر بە بەختەوەری بدا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئایینەکەنیتر. زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵە ئەو ئایینە بە شێوەی سیستماتیك خۆی بە بوونەوەران و هۆی بەختەوەری مرۆڤەوە خەریك کردووە. هەر بۆیەش زانایانی ئەمڕۆیی تامەزرۆییان بۆ فیلەسۆفی و ڕاهێنانی مێدتیشێنی بوودابییەکان هەیە. ئایینی بوودایی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بەختەوەری نە هەستێکی زەینییە و نە بەستراوە بە مانای ژیانەوەیە. بە پێچەوانە بەخت و شانس بە مانای وەدواکەوتنی هەستەکان و ئارەزوو و خەونە زەینییەکانی مرۆڤ نییە. لەسەر ڕوانگەی بوودابییەکان زۆربەی مرۆڤ بە هەڵە بەختەوەری بە هەستە خۆشەکان و ئازارکێشان بە هەستە ناخۆشەکانەوە دەلکێنن. بەوهۆیەوە تامەزرۆییان بۆ هەستی خۆش هەیە و دەیانەوێ دووری لە هەستە ناخۆشەکانیان بکەن. بەڵام ئەوانە سەریان لی شێواوە. لە ڕاستیدا هەستە زەینییەکانی ئێمە هیچ بوونیکیان نییە. ئەوانە تەنیا لەرینەوەی ڕاکەرن وەك شەپۆلی ئاوی دەریا. ئەگەر ئیمە مانایەکی گەورە بەو شەپۆلانە بدەین، ماڵ و حاڵمان داگیر دەکەن، ژیانمان لێ دەشێوێنن و ناڕازیمان دەکەن. بەردەوام ئەگەر ئیمە هەستێکی ناخۆشمان هەبێ، ئازار دەکێشین. تانەنەت ئەگەر هەستی خۆشیشمان هەبێ، ناڕازین، چونکە دەمانەوێ هەستە خۆشەکەمان بەهێزتر بێتەوە یا چونکە ترسمان هەیە هەستە خۆشەکەمان لە دەست بدەین. ڕاوکردن بەدوای هەستە زەینییەکان بە هەمان ڕادە کە بێ مانایە، بەو ڕادەیەش ماندووکەرەیە و تانیا هەستی ناخۆش لە مرۆڤدا دروست دەکا. هۆکاری ڕەنج و ئازارکێشان هەستە زەینییەکانی هێش، ئازار، تازێتی یا بێ مانایی نین، هۆکارەکە تەواو ئەو ڕاوکردنەیە بەدوای هەستە زەینییەکانەوە، چونکە ئێمە دەخاتە بارودۆخی گوشار، سەرلی شێواوی و ناڕازیبوون.

بەو هۆیەوە ئیمە تەنیا دەتوانین بەسەر ئازارکێشاندا زاڵ بین ئەگەر ئیمە تێ بگەین هەستە زەینییەکانمان تەنیا لەرینەوەیەکی کاتین و ئەگەر دەست لەو ڕاوکردنە هەڵگرین

[٤١] D. M. McMahon, *The Pursuit of Happiness: A History from the Greeks to the Present* (London: Allen Lane, ٢٠٠٦).

www.rojhalat.de / www.bokan.de

ئینجا هێش و ئازارمان بۆدروست ناکا و خۆشحاڵیش ئاشتی دەروونیمان لێ ناشێوێنێ. ڕۆحمان ئارام، شەفاف و ڕازی دەبێتەوە. ئایینی بوودایی تا ڕادەیەك لەگەڵ جووڵانەوی نوێی بیۆلۆژی سازگاریی هەیە کە بەختەوەری بە بارودۆخی دەرەوەی مرۆڤەوە نەبەستراوەتەوە. هەروەها ئەو ئایینە ناسیویە کە بەختەوەری ڕاستەقینە هیچ پەیوەندایەتییەکی لەگەڵ هەستە زەینییەکانی ئیمە نییە. بە پێچەوانە هەرچەند زیاتر گرنگایەتیان پێ بدەین بەهەمان ڕادەش خۆمانیان پێوە هەڵدەواسین و بە هەمان ڕادەش ئازار دەکێشین. بەو هۆیانەوە ئەو ئایینە پێشنیار بە مرۆڤ دەکا نەك هەر دەست لە تامەزرۆیی نیشاندان بۆ ئەو هاندەرە بیانیانە هەڵگرین بەڵکوو دەست لە ڕاوکردنی هەستەکانیشمان هەڵگرین.

زانست ماوەیەکی زۆر نییە خۆی بە چەمکی بەختەوەریەوە خەریك کردووە و هێشتا هەر بەدوای دۆزینەوەی مێتۆدێکی تاقیکارییەوەیە. هێشتا زۆر زووە ئەزموون بەندی بکەین و دەست لە پشکنینی ڕاگرین. بە جێی ئەو کارە دەبێ ئێمە ژمارێکی گەلێك زۆر ڕوانگە تاقی کەینەوە و پرسیاری دروست داڕێژین. زۆربەی کتێبە مێژووییەکان ڕێز لە ژیریی بیرمەندانی مەزن، ئازایی شەڕکەران و بلیمەتیی هونەرمەندان دەگرن. ئەوان لەسەر زۆربەی ئەزموونەکانی پێکهاتن و هەرەسهێنانی کۆمەڵگاکان، هاتنە سەر کار و ڕووخانی ئیمپراتۆرییەکان و دۆزینەوەی زانستیی و تێکنۆلۆژی هەواڵمان پێ دەدەن، بەڵام باس لەوە ناکەن چ کارتێکەرییەکیان لەسەر بەختەوەری یا بەد شانسی مرۆڤ هەیە. ئەوە یەك لە مەزنترین بۆشاییەکانی تێگەییشتوویی مێژووییە. ئێمە دەبێ قۆڵی لێ هەڵکەین و ئەو کێشەیە چارە بکەین.

## کۆتایی پێهاتنی سەردەمی مرۆڤی هۆمۆساپیەن

لە سەرەتای کتێبەکەدا وەك هەنگاوی دوایینی زنجیرەیی لەگەڵ مێژووی فیزیك، بۆ کیمیا و بیۆلۆژی واتە بوونەوەرناسیی ناسیاویمان پەیدا کرد. بەو هۆیەی ئێمەی مرۆڤ هەر وەك ئاژەڵانیتر لەژێر کارتێکەریی هێزی وەك یەکی فیزیکی، دژکردەوەی کیمیایی و پرۆسەی هەڵبژاردەی سرووشتیی داین، لە نەهایەتدا ڕووداوە مێژووییەکانیشمان لە لایەن گەشەسەندنەوە هیدایەت دەکرێ. ڕەنگە وا بێ، کە مرۆڤی هۆمۆساپیەن مەیدانێکی یاری گەورەتری بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ بوونەوەرانیتر لە بەر دەست دابێ، بەڵام ئەو مەیدانی یارییەش سنووری خۆی هەیە. سەرەڕای هەموو چالاکیی و دەستکەوتەکان، ماوەیەکی زۆرە نەمانتوانیوە لەو سنوورانەی لە لایەن بوونەوەرناسانەوە بۆمان دیاری کراوە، خۆمان تێپەڕ کەین.

بەڵام ئەو بارودۆخە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەوە، مرۆڤی هۆمۆساپیەن لە سنوورە بیۆلۆژییەکانی خۆی تێپەڕ بووە، هەڵبژاردەی سرووشتی و گەشەسەندنی وەدوای خۆی داوە و بە جێی ئەوان بڵیمەتی چێکراوی لە جێیان داناوە.

بە درێژایی نیزیکەی چوار ملیارد ساڵ تەنیا گەشەسەندن توانیویە کۆنترۆڵ بەسەر پەرەسەندن و گۆڕانبەسەرداهاتنی هەر چەشن بوونەوەرێکی سەر ئەم هەردە دا بێنێ بە بێ ئەوەی خولقێنەری بلیمەت بتوانێ کەمترین کارتێکەرییان لەسەر دابنێ. زەڕافە، بەهۆی ملە درێژەکەیانەوە زۆر باشتر لە پێشینیانیان کە ملێکی گەلێك بچووکتریان بووە، دەتوانن گیاو گژی دارەکان بۆخۆیان ڕاگرن و وەچەی داهاتوویانی پێ گەشە پێبدەن. تێئۆری گەشەسەندنی داروین بۆیە وا ژیرانەیە، پێویستی بە خولقێنەری ژیر نییە، بۆ ئەوەی بتوانێ ڕوونی کاتەوە بۆچی بە پێی کات ملی زەڕافە درێژتر بۆتەوە.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

بە درێژایی ملیاردان ساڵ خولٌقێنەری ژێر تەنانەت بۆ جارێکیش بیری لێ نەکراوەتەوە، چونکە هیچ بوونەوەرێك لەو بارودۆخەدا نەبووە بتوانێ شتێك یاخود کەرەسەیەکی بلٌیمەت بخولٌقێنێ. بوونەوەری میکرۆبیی کە ملیاردان ساڵ بە تەنیا لەسەر ئەم پلانێتە ژیاون، توانایی و دەسکەوتی سەیر و سەمەرەی خۆیان هەیە. چەشن بوونەوەرێکی میکرۆسکۆپی دەتوانێ "ژێن"ی چەشنێکیتر کۆپی بکا، خۆی کەڵکی لی وەرگرێ و لەو ڕێگایەوە فێڵ و فەنی نوێی ژیان بناسێ و بەڕێوەی بەرێ، بۆ وێنە بەرگریی لەهەنبەر ئانتی بیۆتیکەکان. بەڵام تا ئەمڕۆ میکرۆئۆرگانیزمێك نەبینراوە بلٌێ: "ئارەزووم ئەوەیە لە هەنبەر ئانتی بیۆتیکەکان بەرگری بکەم. بۆچی بە هاسانی بەدوای باکتێرییەکدا نەگەڕێم و تایبەتمەندییەکانی بۆ خۆم کۆپی نەکەم!" تا ئەو جێگایەی ئێمە لە ڕوانگەی مرۆڤەوە بتوانین لەسەر ئەو تەوەرە بڕیار بدەین، میکرۆئۆرگانیزمەکان نە هەستی خۆناسینیان هەیە و نە ئامانجێکیان بۆ پلان داڕشتنی داهاتوویان هەیە.

سەردەمێك دەستی پێ کردووە کە بوونەوەری وەك زەڕافە، دولفین، شەمپانزە و نئاندرتاڵەکان توانیویانە هەستی خۆناسینیان پەرە پێ بدەن و بە هۆی لێهاتووییەکانیان پلان داڕێژن. بەڵام سەرەڕای ئەوەیکە ڕەنگە تاقمێك لە نئاندرتاڵەکان بەدوای باڵندەی قەڵەو و تەپلۆسدا گەڕاون بۆ ئەوەی ساکارتر بتوانن ڕاویان بکەن، لەو بارودۆخەدا نەبوون بتوانن بە ئارەزووەکەیان بگەن. ئەوان دەبوو تەنیا ئەو ئاژەڵانە ڕاو بکەن کە پڕۆسەی گەشەسەندن بۆی دیاری کردبوون.

بۆ یەکەم جار نیزیکەی ١٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا هاوکات لەگەڵ شۆڕشی وەرزێڕی مرۆڤ هەوڵی کونترۆڵی بەسەر سرووشتدا داوە. تەنانەت هۆمۆساپیەنیش ئارەزووی باڵندەی قەڵەوە و تەپلۆسی کردووە. لەو ڕێگایەوە هەستی کردووە ئەگەر قەڵەوترین مریشك لەگەڵ تەپلۆسترین کەڵەشێر نیزیکی سێکسیان هەبێ، چەشن مریشك و کەڵەشێرێکی نوێی پێك دێ کە دەتوانێ بە بێ ئەرکێکی زۆر لای خۆی ڕایانگرێ و هەر کات پێی خۆش بێ بە شێوەی خۆی کەڵکیان لێ وەرگرێ. لێرەوە تاقمێك ئاژەڵی نوێ پێکهاتن کە بوونیان لە بلٌیمەتی مرۆڤی هۆمۆساپیەنەوە سەرچاوە دەگرێ.

لێهاتوویی خولٌقاندنی مرۆڤی هۆمۆساپیەن زۆر زوو بە سنوورەکانی خۆی گەییشت. سەرەڕای دۆزینەوەی گەشەسەندن و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردەی سرووشتی ئاژەڵان، بەهۆی نیزیکبوونەوەی جینسی، دەستی دە کاری سرووشت وەردا و خۆی بووە هۆی

پێکهێنەری ئاژەڵانی دەستەمۆکراو. بەڵام ئەو جیا لەو تایبەتمەندییانەی لە د. ن. ئایاندا پاشەکەوت کرابوون، نەیدەتوانی تایبەتمەندیی نوێیان بۆ دیاری بکا. مرۆڤی هۆمۆساپیەن تەواوی توانایی خۆی بۆ ئەوە بەکار هێنا، قەڵەوترین و چەورترین مریشك و ئاژەڵانی دەستەمۆکراویتر پەرە پێبدا.

لەمرۆدا زیاتر لە چوار ملیارد ساڵ چالاکیی هەڵبژاردەی سرووشتی ڕەقەبەرێکی تەواو جیاواز لە خۆی لەسەر ڕێگای قوت بۆتەوە. لە هەموو تاقیگاکانی ئەم جیهانەدا زانایان ڕۆژانە بوونەوەری نوێ دەخوڵقێنن. تەخمین و ئەندازیاریی یاساکانی هەڵبژاردەی سرووشتی دەکرێ و بەهۆی ناسینی تایبەتمەندیی پێشووی بوونەوەرانەوە گۆڕانی ژێنێتیکیان بەسەردا دێنن. ساڵی ٢٠٠٠ مرۆڤێکی برزیلی بە ناوی ئیدواردۆ کاك "Eduardo Kac" کارێکی هونەری نوێی خوڵقاند: کەروێشکێکی سەوز ڕەنگ. ئیدواردۆ کاك لە تاقیگایەکی فەرنسا داوای لە زانایان کرد کەروێشکێکی سەوزی بۆ بخوڵقێنن. زانایان "ژێن"ی گیایەکی تایبەتیان لەگەڵ منداڵی کەروێشکێك گۆڕییەوە و بەو شێووەیە کەروێشکێکی سەوزیان خوڵقاند. ئیدواردۆ کاك ناوی کەروێشکەکەی نا ئالبا "Alba".

ناکری بوون و ژیانی ئالبا بە یاساکانی هەڵبژاردەی سرووشتیەوە ڕوون بکرێتەوە. ئەو ئاژەڵە بەرهەمێکی بلیمەتی چێکراوە و کارێکی قەدەغەکراوە بۆ داهاتوو. ئەگەر ئەو کارە بەشێوەی گشتی بەڕێوە بچێ، ئەوکات شۆڕشی زانستیی لە چوارچێوەی شۆڕشی مێژوویی دەردەچێ بەو مەرجەی تا ئەو کاتە مرۆڤ خۆی نەبووبێتە هۆی تووناکردنی خۆی. ئەو کارە دەتوانێ گرنگترین شۆڕشی بیۆلۆژیکی لێ دەربێ کە لە پێکهاتنی ژیانەوە لەسەر ئەم هەردەوە نموونەی نەبووبێ. دوای ئەوەیکە ژیان بە درێژایی چوار ملیارد ساڵ لەژێر یاساکانی هەڵبژاردەی سرووشتیدا بووە، ئاژەڵێکی وەك ئالبا سنووری ژیان و یاساکانی هەڵبژاردەی سرووشتی دەشکێنی و سەردەمێکی سەیر و سەمەرە دەست پێدەکا کە ژیان بەستراوە بە بلیمەتی چێکراوەوە بێ.

بەتایبەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مرۆڤ شەڕێکی ماڵوێرانکەریان دژ بە تاقمێك کە ناوی پیکهێنەریان لەسەر خۆیان داناوە بەڕێوە دەبەن، دەیانەوێ تێئۆری داروین لە قوتابخانەکان قەدەغە بکەن و دەڵێن خوڵقێنەری بلیمەت هەموو بوونەوەرانی

www.rojhalat.de / www.bokan.de

پێك هێناوه. لەمرۆدا سێ ناوەندی مەزنی پشكێنەری زانستی دروست بووه كه جێی هەڵبژاردەی سرووشتی گرتۆتەوە:

1. بیۆتكنۆلۆژی

2. تێكنۆلۆژی سایبۆرگ (سایبۆرگ ئەو بوونەوەرانن كه له ئەندامی ئورگانیك و غەیری ئورگانیك پێك هاتوون)

3. پەرەسەندنی ژیانی غەیری ئۆرگانیك

## مشك و مرۆڤ

زانستی بیۆتکنیك دەستێوەردانێکی بە ویستەوەیە لەسەر بواری بیۆلۆژیکی (بۆ وێنە بەهۆی چاندنی "ژێن"ەکان) بە مەبەستی گۆڕینی لێهاتوویی، نیاز و ئارەزووەکانی تایبەتی بوونەوەران. لەڕاستیدا زانستی بیۆتکنیك کارێکی نوێ نییە، مرۆڤ هەزاران ساڵە کەڵك لەو کارە وەردەگرن، بۆ ئەوەی گۆڕان بەسەر خۆیان و بوونەوەرانیتردا بێنن. نموونەیەکی گەلێك ساکار یەختەکردنی بوونەوەرانە. زیاتر لە ١٠ هەزار ساڵە مرۆڤ گامێش یەختە دەکەن. بەو کارە ئاژەڵەکان کەمتر هەڵس و کەوتی تووڕەیی لەخۆیان نیشان دەدەن و مرۆڤ دەتوانێ بە بێ کێشە و لە ئارامیدا بۆ بەڕێوەبردنی ئامانجەکانیان هەڵس و کاوتیان لەگەڵدا بکەن و کەڵکیان لێ وەرگرن. مرۆڤ تەنانەت هاوڕەگەزانی نێری خۆشیان یەختە کردووە، بۆ وێنە کێشکچی یاخود نگابانی حەرەمسەراکانیان.

لە لایەکیشەوە ئەو شتەی نوێ یە، پەرەسەندنی زانستی پزیشکی بەرچاوی دەیەی ڕابردووە، دەرفەتێکی نوێی بۆ پێکهێناوین کە لە ڕابردوودا نەماندەتوانێ بەڕێوەی بەرین. بۆ وێنە پزیشکان لەمڕۆدا نەك هەر دەتوانن یەختە بکەن بەڵکوو بە یارمەتی زانستی نەشتەرگەریی و کار لەسەر هۆرمۆنەکان پیاو بکەن بە ژن. ئەو لێهاتووییە کە دەتوانن سیرتی کوڕ یا ئالەتی تەناسولی کیژێك بگۆڕن، کرانەوەی دەرگایەکە لەسەر ڕەخسانی هەلی نوێ بۆ داهاتووی مرۆڤ: ترانسێکسوئێل "Transsexual" پێشڕەوی داهاتووی نوێ.

دیارە ئەو پێشکەوتووییە بەوەش کۆتایی پێ نایە، ساڵی ١٩٩٦ هات و هاوار لە سەراسەری ئەم جیهانە بەرز بۆوە کاتێ مێدیاکانی جیهان ئەم وێنەیەیان بڵاو کردەوە:

www.rojhalat.de / www.bokan.de



مشکێك، کە زانایان لەسەر پشتی، گوێیەکیان پەیوەند داوە[٤٢]

ئەو وێنەیە کارێکی وێنەگەریی چێکراو و مونتاژی وێنە نییە، بەڵکوو مشکێکی ڕاستەقینەیە. زانایان لەسەر پشتی مشکەکە سلوولی غوزڕووفی گایان چاندووە. بەهۆی دارەڕای پلاستیکی دەتوانرێ فۆڕم و بیچمی چانراوەکە بە شێوازی جۆراوجۆر دەرهینرێ. بە یارمەتی ئەو پڕۆسەیە زانایان دەتوانن لە داهاتوویەکی نزیکدا گوێ یا هەر ئەندامیکیتری مرۆڤ بە شێوەی چێکراو دروست کەن و لە جێی خۆیان بیانچێنن.[٤٣]

ئەو چوارچێوە پشکنینەی لەمڕۆدا سەرنجی مرۆڤ بۆلای خۆێ ڕادەکێشێ، تکنیکی ژنێتیکییە. ئەو تکنیکە بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازیی لەگەڵ پرۆسەی پەروەردەکردنی ئاژەڵ و شەقڵی گیا و گوڵ هەیە کە مرۆڤ لە سەرەتای شۆڕشی وەرزێرییەوە بەڕێوەی بردووە. هەڵبژاردنی شێوازی گۆڕان لە چەشنە کۆنەکەدا بەهۆی "ژێن"ی مەوجوودی بەشدارانی بوونەوەران سنووردار دەکرێتەوە، بەڵام تێکنیکی ژێنێتیکی ئەو هەلە بۆ مرۆڤ دەڕەخسێنێ بە تەواویی بوونەوەرێکی نوێ بخوڵقێنێ. لە ڕێگای تێکەڵاو کردنی ماکەی "ژێن"ی بوونەوەرانی جیاواز کە دەبێتە هۆی دروستکردنی "ژێن"ی نوێ، و لە هیچ بوونەوەرێکیتردا نابینرێ، گیاندارێکی نوێ پێك دێ.

سەرەڕای ئەوەش تێکنیکی ژێنێتیکی هاندەری کۆمەڵێك نارەزایەتیی لە بوارەکانی ئەخلاقی، سیاسی و ئاییننییە. باوەڕدارانی ئایینی و تەنانەت تاقمێك لە ئاتێئیستەکانیش شۆکە بوون کە مرۆڤ لەپڕێکدا ڕۆڵی خوڵقاندن بەدەستەوە دەگرێ و بوونەوەری نوێ

[٤٢] Eine Maus, auf deren Rücken Wissenschaftler aus Knorpelzellen ein »Ohr« wachsen ließen. © Charles Vacanti

[٤٣] Keith T. Paige u. a., »De Novo Cartilage Generation Using Calcium Alginate-Chondrocyte Constructs«, *Plastic and Reconstructive Surgery* ٩٧:١ (١٩٩٦), S. ١٦٨–٧٨.

دەخولقێنێ. پارێزەرانی ئاژەڵ لەسەر ئازاری ئاژەڵان لە تاقیگاکان هەواڵ دەدەن و نەك هەر ئاماژە بە ئەشكەنجەی ئەو ئاژەڵانە دەكەن، بەڵكوو ڕوونی دەكەنەوە ملیاردان ئاژەڵ بەبێ لەبەرچاوگرتنی نیازەكانیان لەسەر ئیشتیای مرۆڤ پەروەردە دەكرێن. پارێزەرانی مافی مرۆڤ مەترسییان تێكەوتووە كە بە یارمەتی تێكنیكی ژێنێتیكی بتوانرێ مرۆڤی سەرووی مرۆڤی ئاسایی پەروەردە بكرێ و خۆیان بكەنە سەروەری هەموو مرۆڤێكی سەر ئەم هەردە. ئامۆژگەرە كاتییەكان پێشبینی لەدایكبوونی دیكتاتۆری ئۆرگانیك دەكەن كە سەربازانی مەترسیدار و كرێكاری چێكراو كە هەرگیز ماندوو نابن، كلۆن بكرێن. بە گشتی ترسێك لە ناو هەموو كۆمەڵدا پێكهاتووە كە تێكنیكی ژێنێتیكی زۆر بەگورجی گەلێك بار و دۆخ و دەرفەتی نوێ بۆ مرۆڤ دروست دەكا، باوەكوو هێشتا نازانین چ هەڵس و كەوتێك دەتوانین لەگەڵ ئەو دەرفەتانەی بۆمان پێك هاتوون، بكەین.

تێكنیكی ژێنێتیكی لەمڕۆدا زیاتر خۆی بە گیا، كارگ، باكتری و مێرووەكانەوە خەریك كردووە. بۆ وێنە لەو باكتریانەی "Coli bacteria" لە ناو ڕیخۆڵەی مرۆڤدا ژیان دەكەن لە ڕوانگەی ژێنێتیكییەوە ئاڵ و گۆڕێكی ئەوهایان بەسەردا دێنن كە بتوانرێ بۆ بەرهەمهێنانی سووتەمەنییەكان كەڵكیان لێ وەرگیرێ.[٤٤] باكتری " Coli bacteria" گۆڕدراو و كارگەكان بۆ بەرهەمهێنانی ئینسۆلین "Insulin"یش كەڵكیان لێ وەردەگیرێ بۆ ئەوەی نەخۆشانی تووش بوو بە نەخۆشیی شەكر بە پارەیەكی كەمتر دەرمان بكرێن.[٤٥] "ژێن"ی ماسییەك یان لە جەمسەری باكووری زەوی لە پەڕەڵماسی پەیوەند داوە بۆ ئەوەی خۆراگریی لە هەنبەر سەرمای بەهێز بكەن.[٤٦]

لێرە و لەوێ لە ڕوانگەی ژێنێتیكییەوە گۆڕانیان بەسەر ئاژەڵی شیردەردا هێناوە. ساڵانە پیشەسازییی شیر و بەرهەمی ئاژەڵ بەهۆی نەخۆشییەك بە ناوی ماستیتیس

---

[٤٤] David Biello, »Bacteria Transformed into Biofuels Refineries«, *Scientific American*, ٢٧. Januar ٢٠١٠, abgerufen am ١٠. Dezember ٢٠١٠, http://www.scientificamerican.com/article.cfm?id=bacteria-transformed-into-biofuel-refineries.

[٤٥] Gary Walsh, »Therapeutic Insulins and Their Large-Scale Manufacture«, Applied Microbiology and Biotechnology ٦٧:٢ (٢٠٠٥), S. ١٥١-٥٩.

[٤٦] James G. Wallis u. a., »Expression of a Synthetic Antifreeze Protein in Potato Reduces Electrolyte Release at Freezing Temperatures«, Plant Molecular Biology ٣٥:٣ (١٩٩٧), S. ٣٢٣-٣٠.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

"Mastitis" یاخود چڵك كردنی مەمكی ئاژەڵی شیردەر بە میلیارد دۆلار زەرەر لەو ڕێكخراوانە دەكەوێ. زانایان بە دەستێوەردانی ژێنێتیكیی مانگاكان كە لە شیرەكەیاندا ماكەیەك بەناوی لیزۆستافین "Lysostaphin" ی تێدایە، و دەبێتە هۆی هێرشكردن بۆ سەر نەخۆشییەكە چارەی كێشەكەیان دۆزیوەتەوە.[٤٧] هەروەها زانایان بۆ ئەو كەسانەی بەراز پەروەردە و قەڵەو دەكەن، لە تاقیكارییەكاندا هەوڵ دەدەن لە "ژێن"ی كرمێكی تایبەت كەڵك وەرگرن بۆ ئەوەی بە یارمەتیی جەستەی ئاژەڵەكە ئەسیدی چەوری بەكارنەهاتووی ئۆمێگا ٦ بكەن بە ئەسیدی چەوریی ئۆمێگا ٣ كە گەلێك بەكەڵكە.[٤٨]

بۆ وەچەكانی داهاتووی پەروەردەكردنی بەرازەكان بە ئەسیدی چەوریی بە هۆی تێكنیكی ژێنێتیكیی نوێ وە ڕەنگە كارێكی ساكار و گەلێك منداڵانەی لی بێ. ئەوان نەك هەر توانیویانە تەمەنی كرمێكی تایبەت شەش بەرابەر كەنەوە، بەڵكوو "مشكی ئانشتاین" پەروەردە بكەن كە بیر و توانایی زەینی گەلێك باشتریان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مشكە ئاساییەكانیتر هەیە.[٤٩] تەنانەت دەكرێ هەڵس و كەوتەكانیشیان بە ئاشكرایی بەهۆی زانستی ژێنێتیكییەوە مانیپولیرە، یاخود گۆڕانكاری بكرێ. زانایان "ژێن"ێكیان دۆزیوەتەوە كە بەرپرسە بۆ پێزانین و بە ئەمەك بوونی ئاژەڵان. بێتوو "ژێن"ێكی ئەوتۆ مرۆڤی ئەمەك نەزان و پێنەزان بكاتە مرۆڤێكی بە ئەمەك، ئیتر لە ڕوانگەی كاتییەوە هێندە دوور نابێ كە نەك هەر تایبەتمەندییەكانی جەستەمانی پێ بگۆڕین، بەڵكوو گۆڕان بەسەر باها و ئارەزووەكانی كۆمەڵایەتی ئاژەڵان و مرۆڤدا بێنین.[٥٠]

---

[٤٧] Robert J. Wall u. a., »Genetically Enhanced Cows Resist Intramammary *Staphylococcus Aureus* Infection«, *Nature Biotechnology* ٢٣:٤ (٢٠٠٥), S. ٤٤٥–٥١.

[٤٨] Liangxue Lai u. a., »Generation of Cloned Transgenic Pigs Rich in Omega-٣ Fatty Acids«, *Nature Biotechnology* ٢٤:٤ (٢٠٠٦), S. ٤٣٥–٣٦.

[٤٩] Ya-Ping Tang u. a., »Genetic Enhancement of Learning and Memory in Mice«, Nature ٤٠١ (١٩٩٩), S. ٦٣-٦٩.

[٥٠] Zoe R. Donaldson und Larry J. Young, »Oxytocin, Vasopressin, and the Neurogenetics of Sociality«, *Science* ٣٢٢:٥٩٠٣ (٢٠٠٨), S. ٩٠٠–٩٠٤; Zoe R. Donaldson, »Production of Germline Transgenic Prairie Voles (Microtus Ochrogaster) Using Lentiviral Vectors«, *Biology of Reproduction* ٨١:٦ (٢٠٠٩), S. ١١٨٩–١١٩٥.

## گەڕانەوەی نئاندرتاڵەکان

پسپۆرانی ژێنێتیکی لە خۆڕاوە گۆڕان بەسەر چەشنی زیندووی بوونەوەراندا نایەنن. تەنانەت ئەوان خەونی گەورەیان ئەوەیە کە چەشنی بوونەوەرانی لەناوچووش هەمیسان زیندوو کەنەوە – نەك هەر تەنیا دایناسۆرەکان، وەك لە فیلمی جۆراسیك پارك "Jurassic Park" دا. گرووپێکی زانستیی ژاپۆن- رووسیا - کورەیی "ژێنۆم"[51]ی فیلی ماموتیان کردۆتەوە کە لەناو سەهۆڵبەندەکانی ناوچەی سیبیریدا دۆزراونەتەوە. ئەو زانایانە پلانیان ئەوەیە هێلکەی ئاوسی فیلێکی مودێرنی ئەمڕۆیی لا بەرن و "د. ن. ئا"ی فیلی ماموتی لە جێ دانێن و ئەو هێلکەیە لە منداڵدانی فیلێکی مێ دا داچێنن. دوای ماوەی ٢٢ مانگ دەبێ فیلێکی ماموت لە دایك بێ کە زیاتر لە پێنج هەزار ساڵە وەچەیان لەناو چووە.[52] بەڵام ئەو تاقیکارییانە بۆچی دەبێ بە فیلی ماموت کۆتایی پێ بێ؟ پرۆفسۆر جورج چۆرش "George Church" لە زانستگەی هارواردەوە ڕایگەیاندووە دوای کردنەوەی بە تەواویی "ژێنۆم"ی مرۆڤی نئاندرتاڵ دەیانەوێ "د. ن. ئا"ی نئاندرتالەکە بەیارمەتی کەرسەی مودێرن یاخود منداڵدانی ژنێکی مرۆڤی هۆمۆساپیەن کە زیاتر لە ٣٠ هەزار ساڵە وەچەیان لەناوچووە، زیندوو کەنەوە. پرۆفسۆر جورج دەڵێ بۆ ئەو کارە پێویستی بە ٣٠ ملیۆن دۆلار هەیە. چەند ژن ئامادەگی خۆیان بۆ هاوکاریی ئەو پرۆژەیە لای پرۆفسۆر جورج ڕاگەیاندووە.[53]

بۆچی ئێمەی هۆمۆساپیەن دەمانەوێ مرۆڤی نئاندرتاڵ هەمیسان زیندوو کەینەوە؟ تاقمێك لە زانایان لەسەر ئەو باوەڕەن کە بە تاقیکاریی ڕاستەوخۆ لەسەر مرۆڤی

---

[51] کۆدی ژێنێتیکیی بوونەوەران.

[52] Terri Pous, »Siberian Discovery Could Bring Scientists Closer to Cloning Woolly Mammoth«, *Time*, ١٧. September ٢٠١٢, abgerufen am ١٩. Februar ٢٠١٣.

[53] Nicholas Wade, »Scientists in Germany Draft Neanderthal Genome«, *New York Times*, ١٢. Februar ٢٠٠٩, abgerufen am ١٠. Dezember ٢٠١٠, http://www.nytimes.com/٢٠٠٩/٠٢/١٣/science/١٣neanderthal._r=٢&ref=science; Zack Zorich, »Should We Clone Neanderthals?«, *Archaeology* ٦٣:٢ (٢٠٠٩), abgerufen am ١٠. Dezember ٢٠١٠, http://www.archaeology.org/١٠٠٣/etc/neanderthals.htm

www.rojhalat.de / www.bokan.de

نئاندرتاڵ دەکرێ گەلێك پرسیاری سەبارەت بە ڕەچەڵەك و تاقانە مانەوەی مرۆڤی ساپیەن وەڵام بدرێتەوە. بۆ وێنە دەتوانین بزانین لە شۆڕشی خۆناسیندا چ گۆڕانکارییەك پێك هاتووە و کام جیاوازیی بەڕێوەبەریی مێشکمان بۆتە هۆی پێکهاتنی خۆناسینی مرۆڤی هۆمۆساپیەن. تاقمێکیش لەسەر ئەو باوەڕەن ئەگەر مرۆڤی مودێڕنی ئەمڕۆیی بەرپرس بۆ تیاچوونی نئاندرتاڵەکان بوون، ئەرکێکی ئەخلاقییە و دەبێ ئەگەر بتوانین زیندوویان کەینەوە.

ئیدەیەکی تر ئەوەیە کە کارەکە خۆی لەخۆیدا لێهاتوویی خوڵقاندن بە مرۆڤی هۆمۆساپیەن دەدا. لێهاتووییەکان، نیازەکان و ئارەزووەکانی لە بنەڕەتێکی ژێنێتیکی سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام سەیر ئەوەیە "ژێنۆم"ی هۆمۆساپیەن زۆر ئاڵۆزتر لە هی مشکێك نییە. ("ژێنۆم"ی مشکێك لە ٢،٤ ملیارد جۆت یەکە پێکهاتووە و "ژێنۆم"ی مرۆڤی هۆمۆساپیەن لە ٢،٩ ملیارد جوت یەکە واتە ١٤ لە سەد درێژترە لە هی مشکێك)[٥٤]. لە داهاتوویەکی نەك دووردا ڕەنگە بتوانین بە یارمەتی زانستی ژێنێتیکی و فۆرمی تری بیۆتێکنۆلۆژی نەك هەر گۆڕان بەسەر جەستە و سیستەمی ئیمەنی لەشماندا پێکبێنین و تەمەنمانی پێ درێژ کەینەوە، بەڵکوو دەشتوانین لێهاتوویی سۆزداری و ڕۆحیشمانی پێ بگۆڕین. ئەگەر ئیمە بە یارمەتی زانستی ژێنێتیکی دەتوانین مشکی ئەنشتاینی پێك بێنین، بۆچی نەتوانین مرۆڤی وەك ئەنشتاین بخوڵقێنین؟

شۆڕشی ناسیاوی یاخود خۆناسین کە مرۆڤی هۆمۆساپیەنی لە مەیموونەوە کرد بە حاکمی ئەم جیهانە، پێویستی بە پێکهێنانی جەستەیەکی نوێ و گەورەبوونەوە و جیاوازییەکی ئەوتۆی مێشکی نەبووە. وا دیارە چەند جیاوازی بچووك لە ستروکتووری مێشك بۆ ئەو کارە کافی بووە. لەوانەیە لە داهاتووشدا بەهۆی گۆڕانکارییەکیتری بچووك بتوانرێ شۆڕشێکیتری خۆناسین وەڕێخسترێ و فۆڕمێکی نوێ لە خۆناسین بخوڵقێندرێ و مرۆڤی هۆمۆساپیەن بکاتە بوونەوەرێکی تەواو نوێ.

لە ڕوانگەی تیکنیکییەوە ڕەنگە هێشتا خاو بین بەڵام کارێکی نامومکین نییە. لەمپەرەکانی سەر ڕێگای پشکنینی ئارەزوو و خەونەکانمان زیاتر ئەخلاقی و سیاسین هەتا تێکنیکی سرووشتی. نادیارە کە بەربەندی ئەخلاقی مرۆڤ تا کەنگێ دەتوانێ

---

[٥٤] Robert H. Waterston u. a., »Initial Sequencing and Comparative Analysis of the Mouse Genome«, =*Nature* ٤٢٠:٦٩١٥ (٢٠٠٢), S. ٥٢٠.

خۆڕاگری بکا، بەتایبەت کاتێ تێکنۆلۆژی نوێ بەڵێنی ژیانی هەمیشەیی، دەرمانی نەخۆشییە بێدەرمانەکان و نوێکردنەوەی لێهاتوویی خۆناسین و سۆزدارییمانی پێ دەدا. بۆ وێنە چ دەقەومێ ئەگەر ئیمە دەرمانێك بۆ نەخۆشی خەمووکی بدۆزینەوە کە نەك هەر ئەو نەخۆشانە دەرمان بکا بەڵکوو هاوکاتیش توانایی هۆشی مرۆڤیش باشتر کاتەوە؟ کێ دەیهەوێ لە هەنبەر پێشکەوتوویەکی ئەوها ڕاوەستێ و پێشی پێ بگرێ؟ کێ دەتوانێ پێش بە زانایانی ئەو بوارە بگرێ کە بتوانن لە مرۆڤێکی ئاساییەوە مرۆڤێکی ژیر و بلیمەت بخولقێنن؟

هێشتا نادیارە کە بتوانرێ مرۆڤی نئاندرتال بە یارمەتی زانستی ژێنێتیکی هەمیسان زیندوو بکرێتەوە، بەڵام بە ئەگەری زۆر دەبێتە هۆی کۆتایی پێهاتنی مرۆڤی هۆمۆساپیەن. گۆڕانبەسەرداهاتنی ژێنێتیکی ڕەنگە مرۆڤی هۆمۆساپیەن توونا نەکا، بەڵام دەتوانێ گۆڕانیکی ئەوتۆی بەسەردا بێنێ کە ئیتر نەتوانێ خۆی بناسێتەوە.

## ژیانی بیۆنیك

دەرەتانێکی دووهەم بۆ نووسینەوەی نوێی یاساکانی ژیان، تێکنیکی سایبۆرگە. سایبۆرگ بوونەوەرێکن کە لە بەشی ئورگانیك و غەیری ئورگانیك پێکهاتوون. بۆ وێنە مرۆڤ کاتێ دەستی چێکراوی ماشێنی (ڕۆبۆت) بۆ دروست کراوە. لە ڕاونگەیەکی تایبەتەوە ئیمە خۆشمان دەبینە سایبۆرگ کاتێ چاویلکەمان لە چاو کردووە، دڵمان لەگەڵ کەرەسەی لێدانی ئوتوماتیکی گری داوە یا بە هەر شێوەیەك جەستەمان لەگەڵ هەر کەرەسەیەکی جیا لە گۆشت و خوێن پەیوەند داوە. لەمرۆدا لەوە نیزیك بوینەوە جەستەی خۆمان بە پتوونی بکەینە سایبۆرگ، کاتێ ئەو بەشە غەیری ئۆرگانانەی لە جەستەماندا جێ سازیی دەکەین لێهاتوویی، خەونەکان، کەسایەتیی و ناسنامەمان بگۆرن.

تاقیگا نیزامییەکان کە بوونە هۆی خولّقاندنی ئینترنێت، خەریکن سیستەمێکی نوێ بخولّقێنن بۆ دروستکردنی سایبۆرگی مێرووان. ئامانجی ئەو خولّقاندنە ئەوەیە مێشوولە و قالۆنچە و مێرووی بچکۆلەی تر بە زێنزۆر(چاوی ئەلکترۆنی) و مێشکی کامپیۆتری تەیار کەن کە بە یارمەتییان بتوانن زانیاریی زیاتریان لەسەر کۆ کەنەوە.[٥٥] ساڵی ٢٠٠٦ یەکەی هێزی دەریایی ئەمریکا ڕوونی کردەوە بۆ شەڕی ژێر ئاو دەیانەوێ کۆسەماسی سایبۆرگ دروست کەن: "ئیمە خەریکی کار لەسەر دروستکردنی سیتەمیکی دەمارین کە دەتوانین بە یارمەتی ئەوان هەڵس و کەوتی هەندێك لە بوونەوەرانی پێ کونتڕۆڵ کەین." بە هۆی ئەو کەرەسانەوە زانایان دەیانەوێ لە هێزی

---

[٥٥] »Hybrid Insect Micro Electromechanical Systems (HI-MEMS)«, Microsystems Technology Office, DARPA, abgerufen am ٢٢. März ٢٠١٢, http://www.darpa.mil/Our_Work/MTO/Programs/Hybrid_٢٩.aspx. Siehe auch: Sally Adee, »Nuclear-Powered Transponder for Cyborg Insect«, *IEEE Spectrum*, Dezember ٢٠٠٩, abgerufen am ١٠. Dezember ٢٠١٠, http://spectrum.ieee.org/semiconductors/devices/nuclearpoweredtransponder-for-cyborg-insect? utm_source=feedburner&utm_medium=feed&utm_campaign=Jessica Marshall, »The Fly Who Bugged Me«, *New Scientist* ١٩٧:٢٦٤٦ (٢٠٠٨), S. ٤٠ ٤٣; Emily Singer, »Send In the Rescue Rats«, *New Scientist* ١٨٣:٢٤٦٦ (٢٠٠٤), S. ٢١–٢٢; Susan Brown, »Stealth Sharks to Patrol the High Seas«, *New Scientist* ١٨٩:٢٥٤١ (٢٠٠٦), S. ٣٠–٣١.

ئاستەمی مغناتیسی ئاژەڵان کەڵك وەرگرن بۆ ئەوەی مەیدانی ئەلکترۆمغناتیسی ژێر ئاوی پێ بدۆزنەوە.[٥٦]

بەڵام بەرە بەرە ئیمەی مرۆڤیش دەکرێین بە سایبۆرگ. بۆ وێنە ناودارترینان کەرەسەی گوێ یە کە "گوێی بیۆنیك" یان ناو ناوە. ئەو کەرەسەیە لەسەر جەستەی مرۆڤ پەیوەند دەکرێ کە دەنگی دەرەوە بەهۆی میکرۆفۆنێکەوە هەست پێ دەکرێ. ئەو پەیوەندە دەنگەکان وەردەگرێ، دەنگی مرۆڤ دەناسێتەوە و وەریدەگێڕێتە سەر سیگنالی ئەلکتریکی کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەماری گوێ پەیوەند دراوە و لەوێوە وەك حاڵەتی سرووشتی خۆی دەنێردرێ بۆ مێشك.[٥٧]

ڕێتینا "Retina" شەریکەیەکی ئاڵمانییە بەهۆی دۆزینەوەی کەرەسەیەك بە ناوی پرۆتێزی پێستی چاو بەشێك لە هێزی بینایی مرۆڤی کوێر چاك دەکاتەوە. بۆ ئەو کارە دەبێ میکرۆچیپێك لەناو چاوی نەخۆشەکە دامەزرێنرێ. میکرۆچیپەکە ڕووناکایی وەردەگرن و دەیکەنە سیگنالی ئەلکتریکی و دەدرێن بە دەمارەکانی چاو و ئەوانیش سیگنالەکان هیدایەت دەکەن بۆ مێشکی مرۆڤەکە و مێشکیش هەر وەك حاڵەتی سرووشتی خۆی دەیانکاتە وێنە. ئەو تیکنۆلۆژیە لەمرۆدا هێندە پێشکەوتووە کە مرۆڤە کوێرەکان دەتوانن بە یارمەتی ئەو کەرەسەیە خۆیان لە ژورێکدا بە ڕاحەتی و بێ کێشە بجووڵێننەوە، پیتەکان بخوێننەوە و تەنانەت وێنەی مرۆڤەکانیتریش بناسنەوە.[٥٨]

بەهۆی تەسادوفێکەوە کە لە ساڵی ٢٠٠١ ڕووی دابوو مرۆڤێکی ئەمریکایی بە ناوی جسی سالیوان "Jesse Sullivan" هەر دووك دەستی لە دەست دا. بە یارمەتیی ئەنستیتۆی شیکاگۆ ئەمڕۆ دوو دەستی بیۆنیکیان بۆ دروست کردووە. خاڵی تایبەتیی ئەو دوو دەستە ئەویە کە بەهۆی بیرکردنەوەی مرۆڤەکە دەستەکانی هیدایەت دەکرێن. سیگنالی دەماریی لە مێشکییەوە لە لایەن میکرۆکامپیۆترەوە وەردەگیرێن و دەکرێن بە ڕێچکەی ئەلکتریکی کە دەبنە هۆی جووڵانەوەی دەستەکانی. ئەگەر جسی بیەوێ دەستی

[٥٦] Bill Christensen, »Military Plans Cyborg Sharks«, Live Science, ٧. März ٢٠٠٦, abgerufen am ١٠. Dezember ٢٠١٠, http://www.livescience.com/technology/٠٦٠٣٠٧_shark_

[٥٧] »Cochlear Implants«, National Institute on Deafness and Other Communication Disorders, abgerufen am ٢٢. März ٢٠١٢, http://www.nidcd.nih.gov/health/hearing/pages/coch.aspx

[٥٨] Retina Implant, http://www.retinaimplant. de/en/doctors/technology/default.aspx.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

ڕاستی بجووڵێنێتەوە بە ویستەوە هەمان ئەو کارە دەکا کە هەر مرۆڤێکی ئاسایی بە بێ ویستی خۆی بەجێی دێنێ. دیارە جیاوازیی لەگەڵ دەستی سرووشتی هەیە بەڵام لای کەم ئەندامی دەستی هەیە و دەتوانێ زۆر کاری ڕۆژانەی پێ بەرێوەبەرێ.

زانایان هیوادارن لە کاتێکی گەلێك زوودا ئەو دەست و ئەندامە چێکراوانە نەك هەر لە مێشکەوە سیگنال وەردەگرن بەڵکوو سیگنال بۆ مێشك بنێرن و بەو شێوەیە بتوانن دەستێکی تا ڕادەیەك سرووشتی دروست بکرێتەوە.[٥٩] سەربازێکی ژن بە ناوی کلاودیا میچل "Claudia Mitchell"یش دەستی چێکراوی بۆ دروست کراوە.



کلاودیا میچل و جسی سالیوان لە حاڵی دەست لێدانەوەدا، خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدایە کە بەهۆی بیرکردنەوە دەستەکانیان وەجووڵە دەخەن.

لەوانەیە ئەو دەستە چێکراوانە هێشتا نەتوانن جێی دەستی سرووشتی بگرنەوە، بەڵام پەرەسەندیان لە داهاتوودا بێ سنوورە. دەستی بیۆنیکی دەتوانن لە داهاتوودا بەهێزتر لە دەستی بۆکسۆرێکی حیرفەیی بن. خاڵێکی باشیشیان ئەوەیە کە بە هەر چەند ساڵ جار دەکرێ بگۆڕدرێنەوە و نوێ بکرینەوە یاخود لە جەستە جیا بکرێنەوە.

زانایانی زانستگەی دوك لە باشووری کارۆلینا توانیویانە ئەلکترۆد لەگەڵ مێشك پەیوەند بدەن و سیگناڵەکانی مێشك وەربگرن و لە کەرەسەیەکی دەرەوەی جەستەدا

---

[٥٩] David Brown, »For ١st Woman With Bionic Arm, a New Life Is Within Reach«, *The Washington Post*, ١٤. September ٢٠٠٦, abgerufen am ١٠. Dezember ٢٠١٠, http://www.washingtonpost.com/wpdyn/content/article/٢٠٠٦/٠٩/١٣/AR٢٠٠٦٠٩١٣٠٢٢٧١.html? nav=E٨.

پاشەکەوتی بکەن. تەنانەت مەیموون فێر کراون بە یارمەتی بیرکردنەوەیان دەست و قاچی چێکراو هیدایەت بکەن.

بوارێکی تر کە دەکرێ لەو چەشن کەرسانە یارمەتی وەرگرترێ نەخۆشییەکە بە ناوی سندۆرۆمی قفڵکراو "Locked-in-Syndrom"، کە دەبێتە هۆی ئیفلیج بوونی جەستە، بەڵام توانابیە ناسراوەکان دەست لێندراو و وەك خۆی دەهێڵێتەوە. تا ئەمڕۆ ئەو مرۆڤانەی لەژێر ئەو نەخۆشییەدا ئازار دەکێشن، تەنیا لە ڕێی جووڵانەوەی چاویانەوە دەیانتوانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە پەیوەند بگرن. ئێستا ئەلکترۆد لە مێشکی تاقەمێك لەو نەخۆشانە پەیوەند دراوە کە دەتوانن سیگنالی دەماریی لە مێشك وەرگرن. هەوڵ دەدرێ لە داهاتوودا ئەو سیگناڵانە نەك هەر بۆ جووڵانەوە کەڵکی لێ وەرگرن بەڵکوو بتوانن بە شێوەی گوتن واتە زمان دەرببڕن. بێتوو ئەو تاقیکارییانە سەرکەوتووبن نەخۆشەکان دەتوانن ڕاستەوخۆ لەگەڵ جیهانی دەوروبەریان پەیوەندیی بگرن.[٦٠]

---

[٦٠] Chris Berdik, »Turning Thought into Words«, *BU Today*, ١٥. Oktober ٢٠٠٨, abgerufen am ٢٢. März ٢٠١٢, http://www.bu.edu/today/٢٠٠٨/turningthoughts- into-words

## ژیانێکی جیاواز

سێهەم دەرەتان بۆ لابردن یاخود لەبەرچاونەگرتنی یاساکانی ژیان، نوێژەنکردنەوەیانە لە لایەن بڵیمەتی چێکراوەوە. نموونەیەکی نیزیك بۆ ئەو بۆچوونە ئەو پرۆگرامە کامپیۆتێریانەن کە سەربەخۆ پەرە دەستێنن. شوێن و مەیدانی پرۆگرام نووسینی بواری ژێنێتیکی یەك لە هەرە سەرسووڕهێنەرترین بوارەکانە. لەوێدا هەوڵ دەدرێ لاسایی شێوازی هەڵبژاردەی سرووشتی بکرێتەوە. زۆربەی پرۆگرام نووسان خەونی مەزنیان ئەوەیە بتوانن پرۆگرامێك بنووسن کە بە بێ کارتێکەریی پرۆگرام نووسەکە، لە داهاتوویاندا بۆخۆیان سەربەست پەرە بستێنن. دیارە پرۆگرامێکی ئەوتۆ دەبێ مەمنوونی بڵیمەتی مرۆڤ بێ چونکە بەهۆی مرۆڤەوە بوونی هەیە ، بەڵام دەتوانێ لە داهاتوودا خۆی وەها پەرە بستێنێ کە ئیتر هیچ نیازێکی بە یارمەتی مرۆڤەکەوە نەمێنێ.

نموونەی ساکار بۆ ئەو چەشن پرۆگرامانە: "ڤایرووسی کامپیۆتری"ین. لە سەر رێی خۆیان و لە ئینتێرنێتدا بە بێ یارمەتی مرۆڤ ملیۆنان جار خۆیان کۆپی دەکەنەوە و هاوکاتیش لە لایەن ڕاوکەرانی ڤایرووسەوە ڕاودەنرێن و لەگەڵ ڤایرووسەکانیتر بۆ دابینکردنی شوێنی ژیانیان لە فەزای زەینی "Cyberspace" دا کێبەرکێ دەکەن. ڕۆژێك دێ کە لە خۆ بڵاوکردنەوە و خۆ کۆپیکردنیاندا هەڵەیەك پێك بێ – موتاسیۆنێکی دیجیتاڵی. ئەو موتاسیۆنە بۆ وێنە دەتوانێ پێك بێ، کاتێ پرۆگرامنووسی مرۆڤ، ڤایرووسەکە بە ویستەوە وا بنووسێ و بەرنامەی بۆ دانێ کە لە کاتی خۆ بڵاوکردنەوە و خۆ کۆپیکردنیدا هەڵەیەکی بچووك پێك بێ. ئەو مۆتاسیۆنە دیجیتاڵییە دەشتوانێ هەڵەیەکی بە هەڵکەوت بێ. ئەگەر ئەو ڤایرووسە گۆڕدراوە (مۆتانت) نەکەوێتە داوی ئانتی پرۆگرامەکانەوە و بتوانێ خۆی باشتر و کاراتر لە فەزای زەینی "Cyberspace" دا بڵاو کاتەوە، واتە مۆتانتەکان زیندوو بمێنن و خۆیان بڵاو کەنەوە. بە پێی کات ناو ئینتێرنێت پڕ دەبێ لە ڤایرووس کە لە لایەن هیچ کەسەوە بەرنامەی بۆ نەنووسراوە و سەربەخۆ پرۆسەیەکی گەشەسەندنی غەیری ئۆرگانیك وەرێ دەکەوێ.

ئایا دەتوانین ئەو ڤایرووسانە بە بوونەوەر دانێین؟ دیارە ئەو بۆچوونە بەوەوە بەستراوەتەوە کە مرۆڤ لە چ ڕوانگەیەکەوە سەیری بکا و بوونەوەر بە چی دابنێ. لە هەر حاڵدا لێرە ئەو کارە پەیوەندیی بە پرۆسەیەکی گەشەسەندنەوە هەیە کە بە بێ بەستراوەیی بە یاساکان و سنوورەکانی گەشەسەندنی ئۆرگانیکییەوە دەتوانێ خۆی وەرێخا. لەبەر چاوی خۆتان بارودۆخیکیتر وێنا بکەن: دای دەنێین ئێوە دەتوانن ناوەرۆکی مێشکتان بە هەموو کردەوەکانییەوە لەسەر هارددیسکێکی کامپیۆتری پاشەکەوت بکەن و هارددیسکەکە لە ڕێی"USB"وە بە کامپیۆتێرێکەوە پەیوەند بدەن. ئایا کامپیۆتێرەکە ئێستا وەك مرۆڤی ساپییەن بیر دەکاتەوە؟ ئەگەر ئا، کامپێۆترەکە ئێوەن یا کەسێکیترە؟ دابنێن، پرۆگرام نووسان بتوانن مێشکیکی بە تەواویی نوێی دیجیتاڵی بە هەستی خۆ پێناسی و بیرکردنەوەی سەربەخۆوە بەرنامەڕیزی بکەن. ئەگەر ئەو پرۆگرامە لەسەر کامپیۆتێرەکەتان دامەزرێنن ئایا مرۆڤ دەتوانێ بڵێ ئەوە بوونەوەرێکی زیندووە؟ ئایا ئەگەر فایل و هەرچی لەسەر هارددیسکەکەتانە، پاك کەنەوە، دەکرێ لەسەر تاوانی کوشتن دادگاییتان بکەن؟ یا بە پێچەوانە ئەو بوونەوەرە نوێیە دەتوانێ شکایەتتان لێ بکەن کاتێ زوو زوو ئاگاتان لە هارددیسکەکەی نەبێ و پێێ ڕانەگەن؟ ڕەنگە لە داهاتوویەکی نەك دووردا خۆمان بە پرسیاری لەو چەشنەوە خەریك بکەین. پرۆژەی "Blue Brain" کە ساڵی ٢٠٠٥ وەرێ کەوتووە، دەیانەوێ ئەرکەکانی مێشکی مرۆڤ بە پتوونی لە کامپیۆترێکدا جێ کەنەوە و بە یارمەتی ئەوەوە خولگە سەرەکییەکانی مێشك وەك ئۆریگینالەکەی دروست کەنەوە. سەرۆکی ئەو پرۆژەیە دەڵێ لە یەك یا دوو دەیەی داهاتوودا دەتوانین یەکەم مێشك لە کامپیۆتردا زیمولیرە بکەین کە ئاخافتن و بیرکردنەوەی وەك مرۆڤ بێ. زۆریەك لە زانایانی ئەو بوارە قسەکەی ناسەلمێنن چونکە ئەوان دەڵێن مێشکی مرۆڤ ناتوانێ لەسەر پرەنسیپی دیجیتاڵی کامپیۆتر کار بکا، بەڵام ئێمە ئەو دەرەتانە نابێ لەدەست بدەین و تاقی نەکەینەوە. ساڵی ٢٠١٣ یەکیەتیی وڵاتانی ئورووپا پشتیوانی ئەو پرۆژەیەی کرد و پارەیەکی زۆر (یەك ملیارد ئۆیرۆ) ی بۆ تەرخان کردن.[٦١]

---

[٦١] Jonathan Fildes, »Artificial Brain ›١٠ years away‹«, *BBC News*, ٢٢. Juli ٢٠٠٩, abgerufen am ١٩. September ٢٠١٢, http://news.bbc.co.uk/٢/hi/٨١٦٤٠٦٠.stm

## "یەکتا بوون" Singularity[٦٢]

تا ئێستا تەنیا بەشێکی گەلێك بچووکی ئەو دەرەتانەمان بۆ بەڕاست وەرگەڕاوە. بەڵام ئەمڕۆ کولتور و داب و نەریت ناتوانێ ئیتر لە هەنبەر کێوی بیۆلۆگی خۆڕاگریی بکا و بەرە بەرە لێك هەڵدەوەشێتەوە. بە گۆرجییەکی لەڕادەبەدەر بەردەوام لێهاتوویی نوێ پەرەدەستێنێ کە بەهۆی ئەوانەوە نەك هەر ژینگە، بەڵکوو جیهانی دەروونیشمانی پێ دەگۆڕین. بەردەوام ژینگەی دەوروبەرمان بەرتەسك دەکرێتەوە، دادپەروەران دەبێ بەردەوام گۆڕان بەسەر یاساکانی سنووری کەسیی و ناسنامەییماندا بێنن، حکوومەتەکان دەبێ بەردەوام بیر لە یاسای نوێ بۆ سلامەتی و بەرابەریی مرۆڤ بکەنەوە، بەرپرسانی وەرزشی و ڕێکخراوەکانی ڕاهێنانی مرۆڤ بەردەوام دەبێ توانایی و لێهاتوویی مرۆڤ بەشێوازێکی نوێ هەڵسەنگێننەوە، بیمەی خانەنشینی و بازاڕی کاریی دەبێ وا هەوتەریب بکرێن کە مرۆڤی سەرووی ٦٠ ساڵە بتوانن هەڵس و کەوت لەهەنبەر بارودۆخی نوێی کۆمەڵگا بکەن. هەر هەموویان دەبێ خۆیان لەگەڵ بیۆتێکنۆلۆژی و تێکنۆلۆژی سایبۆرگ واتە ئەو بوونەوەرانەی لە ئەندامی ئۆرگانیك و غەیری ئۆرگانیك پێك هاتوون، خەریك بکەن.

کرانەوەی یەکەم ژێنۆمی ئینسانی ١٥ ساڵ درێژەی خایاند و نیزیکەی ٣ ملیارد دۆلاری خەرج بووە. لەمڕۆدا بە پارەیەکی چەند هەزار دۆلاری و لە ماوەی چەند حەوتوودا دەکرێ ژێنۆمی مرۆڤێك دیاری بکرێ و ئەو پرۆسەیە لە داهاتووشدا بە دڵنیاییەوە گەلێك هەرزانتر و باشتریش بەڕێوە دەچێ.[٦٣] ئەوکات چارەی نەخۆشییەکانی

---

[٦٢] زینگۆلاریتی لە ڕوانگەی زانستی فیزیکەوە ئەو شوێنەیە کە هێزی کێشیی زۆر بەهێزە و خواربوونەوەی شوێنی کاتیی بێ کۆتاییە.

[٦٣] Radoje Drmanac u. a., »Human Genome Sequencing Using Unchained Base Reads on Self- Assembling DNA Nanoarrays«, *Science* ٣٢٧:٥٩٦١ (٢٠١٠), S. ٧٨-٨١; Complete Genomics-Website: http://www.completegenomics.com; Rob Waters, »Complete Genomics Gets Gene Sequencing under ٥٠٠٠$ (Update ١)«, *Bloomberg*, ٥. November ٢٠٠٩, abgerufen am ١٠. Dezember ٢٠١٠; http://www.bloomberg.com/apps/news? pid=newsarchive&sid=aWutnyE٤SoWw; Fergus Walsh, »Era of Personalized Medicine Awaits«, *BBC News*, ٨. April ٢٠٠٩, abgerufen am ٢٢. März ٢٠١٢, http://news.bbc.co.uk/٢/hi/health/٧٩٥٤٩٦٨.stm; Leena Rao, »PayPal Co-Founder And Founders Fund Partner Joins DNA Sequencing Firm Halcyon Molecular«, *TechCrunch*, ٢٤. September ٢٠٠٩, abgerufen am

هەر مرۆڤێك بە شێوەیەکی لێ دێ، کە هەر کەس لەڕووی د. ن. ئای خۆیەوە هەڵس و کەوتی لەگەڵدا بکرێ. دوکتورەکان دەتوانن پێشبینی بکەن چلۆن ئاگامان لە پڕۆسەی ژیانمان بێ، کە تووشی نەخۆشییەکان نەبین و بتوانین باشتر بەربەرەکانیان لەگەڵدا بکەین. لە داهاتوودا دەتوانین بزانین دەرمانێك کە ڕەنگە بۆ ٩٢ لەسەدی نەخۆشەکان کارتێکەریی ئەرێنی هەبێ، بۆ ئێمە هیچ کارتێکەرییەکی نەبێ و دەرمانێکیترمان بدەنێ کە زۆربەی نەخۆشەکانیتر ئالێرژیان پێی هەبێ و نەتوانن کەڵکی لێ وەرگرن، بەڵام بۆ ئێمە باشترین دەرمان بێ و ڕێگاخۆشکەر بۆ پێکهاتنی مێتۆدێکی سەداو سەد دروست بۆ هەر کام لە نەخۆشەکان ئامادە بکرێ.

لەوانەیە لە داهاتوودا بەهۆی دۆزینەوەی زانستیی نوێی ئێمەی مرۆڤ گەلێك بەختەوەر و لەخۆبایی بین و شانازیی بەخۆمانەوە بکەین کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا هەوڵی پێکهێنانی بارودۆخێکی بەرابەر و وەك یەکمان بۆ مرۆڤی سەر ئەم هەردە دابێ. لەوانەشە کۆمەڵگایەکی نابەرابەر پێک بێنین کە تا ئەمڕۆ لە مێژوودا نموونەی نەبینرابێ.

فیزیکزانان ئەو چرکەیەی تەقینەوەی مەزنی تێدا پێك هاتووە ناوی زینگۆلاریتیان "Singularity" لەسەر داناوە – واتە ئەو چرکەیەی هیچکام لە یاسا سرووشتییەکان هێشتا کارتێکەرییان لەسەر ئەم جیهانە نەبووە. تەنانەت هێشتا کاتیش لە دایك نەبووە چونکە لەسەر زانستی ئەمڕۆ بێ مانا دەبێ ئەگەر باس لەسەر کاتی پێش تەقینەوەکە بکەین. لەوانەیە ئێمە لە ڕێی پەرەسەندن بۆ گەییشتن بە "Singularity"ی داهاتوودابین: ئەو چرکەیەی کە هەموو شتێك، واتە ئەو یاسا و مانایانەی ئێمە لەمڕۆدا بە جیهانی خۆمان داوە – من و ئێوە، ژنان و پیاوان، خۆشەویستیی و رق لێبوون - ، هیچ مانایەکیان ئیتر بۆ نەمێنێتەوە.

ساڵی ١٨١٨ ماری شلی "Mary Shelley" ڕۆمانێکی بە ناوی "Frankenstein" نووسیویە، چیرۆکی زانایەکە بە هەمان ناو واتە (فرانکنشتاین) کە بوونەوەرێکی چێکراو دەخوڵقێنێ بەڵام لەژێر کۆنترۆڵی خۆی دێتە دەرێ و دەبێتە هۆی کاولکاریی.

---

١٠. Dezember ٢٠١٠, http://techcrunch.com/٢٠٠٩/٠٩/٢٤/paypal-cofounder- and-founders-fund-partner-joins-dnasequencing- firm-halcyon-molecular.

www.rojhalat.de / www.bokan.de
لە دووسەد ساڵی ڕابردووەوە ئەو چیرۆکە بە شێوەی جۆراوجۆر گێردڕاوەتەوە و بە پێی کات بۆتە کۆڵەکەیەکی بەهێز بۆ چیرۆکی خەیاڵیی زانستی. لە یەکەم چاولێکردندا وێدەچێ ئەو چیرۆکە وشیارکەرەوەی مرۆڤ بێ: ئەگەر ئێمە ئەرکی خولّقاندنی خودا بەدەستەوە گرین و ببینە هۆی پێکهاتنی ژیان، تاوان دەدرێین. بەڵام ئەو چیرۆکە مانایەکی قووڵیتری لە پشتە. ئەو چیرۆکە خەیاڵی – زانستییە مرۆڤی هۆمۆساپییەن دەخاتە بارودۆخێکەوە کە مێژووی ژیانی بە زوویی کۆتایی پێ دێ. ئەگەر شەڕێکی ئەتۆمی یا کارەساتێکی سرووشتی پێك نەیە، تێکنۆلۆژی نوێ کە بە گورجییەکی یەکجار زۆر لەڕێدایە، بە شێوەیەك گۆڕان بەسەر مرۆڤی هۆمۆساپیەندا دێنێ کە نەك هەر شکڵ و جەستەیەکیتری پێ دەدا بەڵکوو ژیانی لە جیهانێکیتری ناسیاوی و سۆزداریدا وێنا دەکا. زۆربەی مرۆڤ ئەو چەشن بیرکردنەوەیە بە هەستێکی نیگەران و پەرۆش دەبەستنەوە. ئێمەی مرۆڤ بە مەیلەوە باوەڕ دەکەین لە داهاتوودا بە کەشتی فەزایی لەم پلانێتەوە بۆ ئەویتر بفڕێین. بەڵام بیر لەوە ناکەینەوە لە داهاتوودا مرۆڤی سۆزداری وەك ئێمە ئێتر بوونی نەمێنێ و فۆرم و ژیانێکی تەواو بێگانە و نوێ بەڵام بە لێهاتوویی باشتر جێمان بگرنەوە.

ئێمە هەستێکی هێدیکەرەوە و دامرکاومان تێدا پەروەردە دەبێ کاتێ دوکتور فرانکنشتاین هەیولایەکی وەحشەتناك لە ڕۆمانەکەیدا دەخولّقێنێ و دەتوانین خۆمانی لە دەست ڕزگار بکەین و بیکووژین. ئەو چیرۆکە بۆیە هێدیکەر و ئارامکەرەوەیە چۆنکە ئێمەی مرۆڤ لەو گێڕاوەیەدا هێشتا وەك تاجی سەری بوونەوەران سەیر دەکرێین. نە پێش ئێمە و نە دوای ئێمە هیچ بوونەوەرێك نەیتوانیوە و ناتوانێ جێی ئێمە بگرێتەوە. هەر تاقیکارییەك بۆ خولّقاندنی مرۆڤێکی ژیرتر لە خۆمان بە پڕۆژەیەکی هەرەس هێنراو دادەنێین: سەرەڕای ئەویکە لەمڕۆدا دەتوانین جەستە و ئەندامانی مرۆڤ نوێژەن کەینەوە، لە ڕوانگەی دابو نەریتەوە ناکرێ و نابێ وەسەر ڕۆحی ئینسانی بکەوین.

ڕەنگە بۆ تاقمێك مرۆڤ ڕاستییەکی تاڵ بێ کە زانایان لەمڕۆدا نەك هەر توانایی دروستکردنی ئەندامانی جەستەیان هەیە بەڵکوو دەشتوانن ڕۆحێکی نوێش بخولّقێنن و ئەو لەخۆباییەی دوکتور فرانکنشتاین لەڕۆمانەکەیدا بەهۆی سەیرکردن و هەڵسەنگاندن لەگەڵ مرۆڤی نئاندرتاڵ هەیبووە، ئەو بوونەوەرە نوێیەش بەهەمان شێواز سەیری مرۆڤی هۆمۆ ساپییەن بکا.

بەو هۆیەی ئێمە ناتوانین سەیری داهاتوو بکەین، ناشتوانین بزانین دوکتور فرانکنشتاینی ئەمڕۆیی ئەو پەیامە بە جیددی دەگرن یا نا. کارێکی سەیر و سەمەرە دەبێ ئەگەر ئەو پێشگوویيانەی پێشتر لەو نووسراوەیەدا باسمان لێوەکردووە بەڕاست وەرگەڕێن. لە ئەزموونە مێژووییەکانڕا دەزانین ئەو گۆڕانکارییانەی وێدەچێ پێك بێن زۆربەیان بەهۆکاری پێشتر چاوەڕوان نەکراو هیچکات بە ڕاست وەرناگەڕێن و دەرەتانی نوێ بۆ ڕووداوەکان پێك دێنن. کاتی لە ساڵانی ١٩٤٠ەکاندا سەردەمی نوێی هێزی ئەتۆمی هاتە گۆڕێ کەس نەیدەزانی بۆ وێنە داهاتووی لێڵی ساڵی ٢٠٠٠ چلۆن دەبێ. تەنیا بەشێکی بچووکی گومان و پێشبینییەکانی ئەو سەردەمە بە ڕاست وەرگەڕان. لەو سەردەمەدا هیچ زانایەك بیریشی لە ئینتێرنێت نەدەکردەوە.

ئەو خەونە خۆش و ناخۆشانەی لاپەڕەکانی ئەم نووسراوەیە باسیان لێوە دەکا دەبێتە هۆی گەشانەوەی فانتازیای مرۆڤی داهاتوو. بەڵام ئەو کارە گرنگەی ئێمە دەبێ بە جیددی بگرین، وێناکردنێکی داهاتووە کە نەك هەر چاوەڕوانی شۆڕشی تێکنۆلۆژی نوێی لێ بکرێ بەڵکوو ئەگەری ئەوە بکرێ خۆناسینی مرۆڤ و بوونیشی لە بنەڕەتەوە گۆڕانی بەسەردا بێ. ئەو گۆڕانکارییە، بنەڕەتێکی ئەوتۆی سرووشتی لێ دروست دەکرێ کە ئیتر پەیوەندیی لەگەڵ "مرۆڤایەتی" نامێنێتەوە. تا گەیيشتن بەو قۆناخە چ کاتێکی پێویستە؟ زۆر دژوار دەکرێ بگوترێ. لێرە و لەوێ باسی لێوە دەکرێ، ڕەنگە لە ساڵی ٢٠٥٠ بەولاوە یەکەم مرۆڤ بتوانن ژیانێکی هەمیشەییان هەبێ. تاقمێکیش دەڵێن ڕەنگە هێشتا زوو بێ و هەزار ساڵیتر درێژە بکێشێ. بەڵام لە ڕوانگەی مێژووی درێژی مرۆڤی هۆمۆساپییەن کە نیزیکەی ٧٠ هەزار ساڵ بەسەریدا تێپەڕ دەبێ، ئایا سەد یا دووسەد یاخود هەزار ساڵیش کاتێکی گەلێك کەم نییە؟

ئەگەر مێژووی مرۆڤی هۆمۆساپییەن کۆتایی پێ بێ، ئێمە وەك وەچەی کۆتایی ئەو چەشن مرۆڤە دەبێ کاتێکی زۆر تەرخان کەین بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی کۆتایی: ئێمە دەمانەوێ ببین بە چی؟ ئەو پرسیارە وەسەر تەواوی ئەو باسانە دەکەوێ کە فیلەسۆفان، سیاسەتوانان، عالمان و خەڵکانی ئاسایی خۆیان پێوە ماندوو کردووە، چونکە لەگەڵ مرۆڤی هۆمۆساپییەن هەموو ئەو باسانەی نێوان ئایین، ئیدیۆلۆژیی و نەتەوەکان دەخرێنە ژێر گۆڕەوە. ئەگەر نەوەکانی داهاتووی ئێمە لەڕاستیدا ناسنامە و خۆناسینێکی جیاواز لە ئێمەیان هەبێ (یا شتێك کە ئێمە لەمرۆدا ناتوانین وێنای بکەین)،

www.rojhalat.de / www.bokan.de
ئەوكات ڕەنگە خۆیان وەك مەسیحی، موسوڵمان، كۆمۆنیست یا سەرمایەداری ژن و پیاو هەست پێ نەكەن. سەرەڕای ئەوەش ڕەنگە هێشتا وەچەكانی یەكەمیان لە باس و لێكۆڵینەوەی باو و باپیرانیان ڕزگارییان نەبووبێ. بڵێی ئەوانیش خودای نوێ لە چەشنی ئایین، فمنیزم یا سەرمایەداری بۆ خۆیان دروست نەكەن؟ پەرەسەندنی داهاتووی كۆمەڵگاكەیان بەستراوەتەوە بەو پرسیارە كۆتاییەی باسمان لێوەكرد.

## گوتەی کۆتایی "لە ئاژەڵەوە بوون بە خودا"

نیزیکەی ٧٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا مرۆڤی هۆمۆساپییەن ئاژەڵێکی گەلێك بێ قیمەت بووە کە لە گۆشەیەکی قوڕنەی ئافریقا ژیانی کردووە. لە چەند هەزارساڵی دواییندا بۆتە حاکمی تەواوی پلانێتەکە و وەك مەترسیدارترین بوونەوەر دژ بە ژینگە و بوونەوەرانیتری سەر ئەم هەردەی لێ دەرهاتووە. لەمڕۆدا هێندەی نەماوە بە پلەی خودا بگا، نەك هەر تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە بەڵکوو بە جێنشینیی هێزی خودایی بڕیار لەسەر ژیان و مردنی بوونەوەرانیتر بدا.

بەداخەوە ئەو حکوومەتکردنەی مرۆڤی هۆمۆساپییەن ئەزموونێکی ئەوتۆی لەخۆی بەجێ نەهێشتووە، کە ئێمەی مرۆڤ لەمڕۆدا شانازی پێوە بکەین. ئێمە ژینگەمان کردۆتە یەخسیری خۆمان، بەرهەمە خواردەمەنییەکانمان پەرە پێداوە، ئیمپراتۆریی و تۆڕی کڕین و فرۆشی جیهانیمان پێك هێناوە و ...، بەڵام ئایا توانیومانە کۆتایی بە ئازارکێشان بێنین؟ بەردەوام گیرۆدەی هێزداری بوین و هێز بەدوای هێز سەرووەری جیهانمان کردووە، بەڵام هیچکات بە شێوەی جیددی هەوڵی بەکۆتایی گەیاندنی ئازاری مرۆڤ و ئاژەڵەکنیترمان داوە؟

سەرەڕای توانایی بێ وێنەمان هەر وەك پێشتریش، هێشتا نازانین بەرەوکوێ لێ دەخوڕین و ئایا ڕازین لەو ژیانەی هەمانە یا نا؟ بە پێیان، بە سواریی، بە بەلەمی هەڵم و کەشتی فەزایی لەڕێداین و هێشتا نازانین ئەو سەفەرەمان بەرەو کوێیە و ئامانجمان کوێیە؟ هێزدارییمان لەمڕۆدا لە هەموو سەردەمێکی مێژوویی زیاترە، بەڵام هێشتا نازانین چ کارێکی دەتوانین پێ بەڕێوە بەرین. لەوەش ناخۆشتر وێدەچێ بەرپرسایەتیی مرۆڤ لەمڕۆدا لە هەنبەر ژینگە و بوونەوەرانیتر لە هەر سەردەمێکیتر کەمتر بێ. خودایەکی ڕازاوەی ڕەواڵەتییمان لە خۆمان ساز کردووە کە تەنیا گوێ بۆ سنوورەکانی زانستی فیزیك ڕادەگرین و خۆمان لە هەنبەر هیچ کەسدا بە تاوانکار دانانێین. بەدوای خۆشگوزەرانی خۆماندا ژینگەمان توونا کردووە و شوێن و چلۆنایەتیی ژیانی

www.rojhalat.de / www.bokan.de

بوونەوەرانیترمان لەم جیهانەدا تەنگ کردووە و هێشتاش نەمانتوانیوە خۆمانی پێ ڕازی ڕاگرین.

چ شتێك لەم جیهانەدا دەتوانێ لە خودایەکی ناڕازی کە هیچ بەرپرسایەتییەك نەخاتە سەر ئەستۆی خۆی، مەترسیدارتر بێ؟

تەواو






www.rojhalat.de - www.bokan.de

redaktion@rojhalat.de